هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆڵەکان

46

سالّی/ 2008 – بەرگی چل و شەش

چاپی یەکەم/ سالّی 2008

پێڕیست

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2008/2/10 ل5

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/2/26 ل13

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی دەستپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/3/10 ل51

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/3/17 ل69

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2008/3/30 ل83

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/3/31 ل145

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/4/2 ل197

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/4/7 ل257

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2008/4/13 ل297

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/4/14 ل317

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/4/16 ل373

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/4/21 ل443

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (10) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/4/22 ل515

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (11) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/4/23 ل561

کردن به خوێندنەوەی پرۆژە یاسای خاڵی یەکەم، کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراقە. کاك غفور فەرموو.

بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە ئەو پرۆژە یاسایانەی کە بۆ پەرلەمان هاتوون و ئێستاکە لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ دا هەیە، بە حوکمی ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەمیش بۆ ئەوەیە ئەندامانی پەرلەمان لێی ئاگادار بن، جەماوەری کوردستانیش بزانن چ پرۆژە یاسایەك لە بەرنامەی کاری پەرلەمان دا هەیە، کە پرۆژە یاسای بودجەمان لانیە کە ئەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت ئەوانی تر تەنها ئاماژەیان پێ بکرێت وا بزانم باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، ئێمەش لە سەرۆکایەتی وامان قەرار داوە، مولاحەزەکەت بە جێ یە و ئیقراحی ئەوەلیان کاك فرسەت بوو و گوتی هەر پرۆژەی بودجە باس بکرێت، ئێمە دوو خاڵمان هەیە، کە یەکەم: خوێندنەوەی یەکەمی بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراق، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، فەرموون بۆ خوێندنەوەی بە زمانی کوردی، ئێستا کە دەخوێندرێتەوە تەنها پێشکەشتان دەکرێت، دواتر ئاراستەی لیژنەکان و ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت بۆ ئەوەی خۆیان ئامادە بکەن بۆ ڕۆژی موناقەشە کردن. کاك دلێر فەرموو.

بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراق. بۆ ماوەی 2008/1/1 تاکو 2008/12/31

بەپێی ئەو دەسەلاتەی لە برگە(1) ی ماددەی (10) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق)ی ژمارە (1) ساڵی 2005 ی هەموارکراو پێمان دراوە و بە پاڵپشتی ئەو یاساکاریەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق کردوویەتی لە دانیشتنی ژمارە ( ) لە / /2008 بڕیارمان دا بە دەرکردنی:

یاسای ژمارە ( ) ی ساڵی 2008

یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان - عیراق، بۆ ماوەی 2008/1/1 تاکو 2008/12/31

ماددەی یەکەم: گوژمەی تەنیا (7628783) (حەوت ترلیۆن و شەش سەدو و بیست و هەشت ملیارو حەوت سەدو هەشتاو سێ ملیۆن دینار) بۆ ساڵی دارایی / 2008 تەرخان دەکرێ و بەم جۆرە دابەش دەکرێ.

یەکەم: گوژمەی (2879079)(دووترلیۆن و هەشت سەدو و حەفتا و نۆ ملیار و حەفتاو نۆ ملیۆن دینار) بۆ پرۆژە سەرمایە گوزاریەکان.

دووەم: گوژمەی (4694796) (چوار ترلیۆن و شەش سەدو نەوەدو چوار ملیارو حەوت سەدو نەوەد شەش ملیۆن دینار) بۆ خەرجیەکانی کارپێکردن.

سێیەم: گوژمەی تەنیا (54908) (پەنجاو چوار ملیارو نۆ سەدو هەشت ملیۆن دینار) خەرجیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق.

ماددەی دووەم: داهاتی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2008 لە سەرجەم خەرجییەکانی بودجەی فیدراڵی تەنیا (6472704)(شەش ترلیۆن و چوار سەدو حەفتاو دوو ملیارو حەفت سەدو چوار ملیۆن دینار) دەخەملێندرێت.

ماددەی سێیەم: وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان - عێراق پارەی حیسابات وەزارەتەکان و فەرمانگەکان بە پێ ی داهاتی دارایی دەسکەوتوو دەگرێتە ئەستۆ.

ماددەی چوارەم: سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق بۆی هەیە گوێزانەوە لە ناو بودجەی تایبەت بکات.

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: وەزیری دارایی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە گوێزانەوە لەنێوان پارە تەرخان کراوەکانی یەك دەروازەدا بکات، جگە لە فەسڵی مووچەکان، کە دەشێت بۆی بگوێزرێتەوە، نابێت لێی بگوێزرێتەوە.

دووەم: نابێت گوێزانەوە لەنێوان تەرخانکراوەکانی گەشەپێدان، لە نێوان پارێزگاکان دا بکرێت.

ماددەی شەشەم: وەزیری دارایی بۆی هەیە گوێزانەوە بکات لە نێوان پارەی تەرخان کراو بۆ مەبەستی فەراهەمکردنی توانای خەرج کردن بۆ ئەو فەرمانگانەی کە بڕیاری لێ کردنەوەیان لە وەزارەتێك و خستنیان بۆ سەر وەزارەتێکی تر دەدرێت، وەزیری پەیوەندار بۆی هەیە گوێزانەوە لە چوارچێوەی یەك فەسڵ و یەك یەکەی خەرجکردن بکات.

ماددەی حەوتەم: وەزیری دارایی دەسەڵاتی پێ دەدرێت بۆ خستنە سەری پارەی تەرخانکراوی گشتی پەسەندکراو بۆ بودجەی ساڵی دارایی 2008 بە ڕێژەی 1٪ لە سەرجەم تەرخانکراوە پەسەندکراوەکانی بودجە، بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

یەکەم: تەرخانکردنی گوژمەی پارەی پێویست بۆ بودجەکانی فەرمانگە نوێیەکان لە ماوەی ساڵی دارایی 2008 دا.

دووەم: تەرخانکراوی نوێ بخاتە سەر بودجەی وەزارەت و فەرمانگەکان بۆ حاڵەتە لە ناکاویەکان کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.

ماددەی هەشتەم: وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتەکانی تردا وردەکاری میلاکەکانی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان - عیراق بۆ ساڵی دارایی 2008 ڕێك دەخات و لەبەر ڕۆشنایی کۆی مووچە پەسەندکراوەکانی بودجەدا پەسەندیان دەکات.

ماددەی نۆیەم: دەبێت وەزارەتی دارایی ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ دانانی سنووردێك بۆ دەسەڵاتی خەرج کردن بۆ فەرمانگەکانی حکومەت لە ماوەیەك کە دوو هەفتە لە میژووی دەرچوونی ئەم یاسایە.

ماددەی دەیەم:

یەکەم: وەزیری پەیوەندار دەسەلاتی خەرج کردنی گوژمەیەك لە 150 ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، بۆ هەر حالەتێك هەیە و بۆیشی هەیە دەسەلات بداتە سەرۆکی فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت بۆ خەرجکردنی گوژمەیەك لە(50) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

دووەم: سەرۆکی فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت دەسەلاتی خەرجکردنی گوژمەیەکی هەیە لە 60 ملیۆن دینار زیاتر نەبێت بۆ هەر حاڵەتێك لە گەڵ ڕەچاوکردنی خۆ نەخستنە ناو هیچ ئیلتیزامێك کە پشتیوانی تەرخانکراوی لە بودجەدا نەبێت.

ماددەی یازدەم: گوژمە پارەی تاکەکان، بە وەزارەتەکان و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت بەخشراون دوای ئەوەی کە لەلایەن وەزیری داراییەوە قەبوڵ دەکرێت، بە داهاتێکی کۆتایی بۆ بودجەی گشتی تۆمار دەکرێن، بە مەرجێك وەزیری دارایی لە پشتیوانی تەرخان کراوی وەزارەت، یان لایەنە نەبەستراوەکان بۆ وەزارەت تەرخانی بکات بۆ ئەو مەبەستەی کە لە پێناوی دا بەخشراوە خەرج بکرێت.

ماددەی دوازدەهەم: وەزیری دارایی بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکاری حوکمەکانی ئەم یاسایە.

مادەی سێزدەهەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە و لە ڕۆژی 2008/1/1 کاری پێ دەکرێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لێژنەی دارایی و لێژنەی یاسایی دەکەم، هەروەها ئاراستەی هەموو ئەندامانی پەرلەمانی دەکەم، دەمەوێت ئاماژە بە شتێك بکەم، ئەویش ئەوەیە ئەمڕۆ پێش ئەوەی ئەو دانیشتنەمان دەست پێ بکات، کۆبوونەوەیەکمان ئەنجام دا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە گەڵ لێژنەی دارایی و لێژنەی یاسایی بە ئامادەبوونی هەردوو وەزیر، وەزیری دارایی و ئابووری، وەزیری پلاندانان، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری هەردوو بریکاری وەزارەت، لەگەڵ ئەواندا تێبینیە سەرەتاییەکانمان باس کرد، لەسەر ئەو میزانیەی کە هاتووەتە پەرلەمان و پرۆژە یاساکەی و چەند خاڵێکی گرنگمان ڕووبەڕوو کردنەوە، یەکێکیان ئەوە بوو کە زیاتر پێویست دەکات لەو ماوەیەی کە تاوەکو ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی و لێژنەی یاسایی حازر دەبێت، گفتوگۆیەکی تێروتەسەل بکرێت لە گەڵ ئەو دوو لێژنەیە، و لە ڕێگای ئەم دوو لێژنەیەش بیرورای هەموو ئەندامانی پەرلەمان بخرێتە ڕوو بۆ ئەوەی ئەو ڕاپۆرتەی کە ئامادە دەکرێت بۆ ڕۆژی موناقەشە کردن ڕاپۆرتێك بێت، تێبینیەکانی هەموو تێدابێت، ئەو خاڵانەی کە حکومەت چارەسەری دەکات پێشی کۆبوونەوەکان موافەقەتی لەسەر دەکات، ڕوونی دەکاتەوە و ئەو خاڵانەشی کە تەحەفوزیان هەیە بۆ ئەوەی لێرەدا بڕیاری کۆتایی بۆ ئێوەیە، ئەوانە مەسائیلی گرنگ بوون کە ئاماژەمان پێ کرد، کە وەزارەتی دارایی و ئابووری پێویستە ببێتە یەك وەزارەت بە شێوەیەکی فعلی، تەبعەن ئەوە لە میزانیەش، چاوەڕوانی گۆڕانکاری دەکەین لە کابینەی تازەدا بەڵێن دراوە کە ئەو سێ وەزارەتە یەکبگرنەوە، ئەوەی بیستمان لە هەردوو وەزیر، وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم، کە لە ڕووی تەکنیکیەوە هەموو

کارەکانیان حازرە بۆ یەکخستنی ئەو دوو وەزارەتە، ئەمەش بەڕاست خەبەرێکی دڵخۆشکەرە و ئومێد دەکەین لە رووی ئیعلان کردنی وەزارەتەکان، ئەو وەزارەتانە یەکبگرنەوە، ئاماژەمان پێ کردن و گوتمان ئێمە یاسای ئەنجومەنی قەزامان دەرکردووە، لەو یاسایەدا هاتووە کە ئەنجومەنی قەزا دەبێت بودجەی تایبەتی خۆی هەبێت لەو میزانیەی کە ئێوە ناردووتانە تێیدا نیە، موافەقەتیان کرد گوتیان تکایە لەو دوو هەفتەیەدا ئەوە ئیزافە دەکەین، مەجلسی قەزا بە پێی ئەو یاسایەی کە بۆی دەرچووە بودجەی تایبەتی خۆی دەبێت، وەکو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، ئەوەش دەخرێتە دەنگدانەوە، خاڵێکی تر باسمان کرد کە داوا کارین دیراسەتی ئەوە بکەن و بەشێك دابنرێت لەو میزانیەیە بۆ سولفەی عەقار کە ویستێکی خەڵکە، نەك تەنیا ویستی خەڵك بێت، بەڵکو تەئسیرێکی گەورەی دەبێت بۆ بووژاندنەوەی بازاڕو حەرەکەتی کڕین و فرۆشتنی زەوی و چیمەنتۆ، کار زیاد دەکات، بۆیە داوامان کرد بە جدی وەری بگرن، ئەگەر پێویستیشی کرد بە قەرزیش ئەو پارەیە پەیدا بکەن و ئەو سولفە عەقاریە بدەن، هەروەها ئاماژەمان بە زەریبەی عەقارو زەریبەی دەخل کرد، کە خەڵکێك داوا دەکات، پێداچوونەوەیەك هەبێت، لەم ڕۆژانەی داهاتوو دا دانیشتن دەبێت لە نێوان لیژنەی دارایی و وەزارەتی دارایی، بۆ ئەوەی بە تەفسیل چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، ئێمە رەئیەکەمان سەبارەت بەو ڕێژەیەی کە لە زەریبەی دەخل دەیبڕن، ئێمە وەکو یاساکە تەنیا لە مووچەی ئەسڵی دەبڕدرێت، نەك وەکو تەعلیماتی وەزارەتی دارایی هاتووە، نووسراوێکی ڕەسمیشمان بۆ وەزارەتی دارایی کردووە و موناقەشەشمان کردووە لە گەڵیان، پێویستە پێیدا بچنەوە، ئەوەشیان سەلماند، مەبەستم ئەوەیە لەو ماوەیەشدا هەموو ئەندامانی پەرلەمان حەقیان هەیە ڕەئی خۆیان ئاراستەی لیژنەی دارایی بکەن و لە کۆبوونەوەکانیان دا، ئەگەر ویستیان حازر بن بە بێ ئەوەی حەقی دەنگدانیان هەبێت بۆ شتەکان، بەڵام ئەو بیروبۆچوونانە دەتوانن لە کۆبوونەوەش لێرەدا تەرحی بکەن، بەڵام بۆ ئەوەی شتەکانمان بە بەرنامە بێت، هەموومان وا بکەین ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی دارایی دەوڵەمەند بێت و حازر بکرێت، هەموو لایەنەکانی کە پێویستە تەعبیر لە ڕەئی هەموتان بکات، بۆ ئەوەی لە کۆبونەوەی موناقەشەی میزانیەدا شتەکانمان دیار بێت و نەکەوێتە ئەوەی ڕەدو بەدەلێکی بێ سوود، دیارە تەبعەن هەمووشمان داوامان وایە کە شتەکە بە شەفافیەت بێت، ئێوەش لەو بەیەنەدا دەتوانن تەبعەن ئیستیفادە بکەن لە خەڵکی پسپۆرو خەبیر، بۆ ئەوەی بۆتان شەرح بکات، ئێمەش حازرین هەر کاتێك کە هەر پرسیارێکتان هەبوو لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی و سەرۆکایەتی، ئاراستەی ئێوە بکەن و لە خزمەت داین.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کوێستان خان فەرموو.

بەڕێز کوێستان محمد عبالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕێزان، لەسەر مەسەلەی بودجەی 2007 زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان پرسیارێکیان لە لا دروست بووە، ئایا سەرفی بودجەی 2007 هاتووە بۆ پەرلەمان یان نا؟ پێشمان وایە پێویستە کە پێش ئەوەی

موناقەشەی ساڵی 2008 بکرێت، ئەو بودجەی ساڵی 2007 چۆنیەتی سەرفیەکەی ئەندامی پەرلەمان ئاگاداری ببن و بزانن چۆن سەرف کراوە، ئەگەر بکرێت داوا لە حکومەت بکرێت کە بە زووترین کات ئەوەمان پێ بگات بۆ ئەوەی بیبینین تا لەسەر ئەساسی ئەوە موناقەشەی بودجەی ساڵی 2008 بکەین و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێمە داوامان لێ کردن، کە ئەوە پێ ی دەڵێن حیساباتی خیتامی، حیساباتی خیتامی حازر بکەن، کەچی حازریان نەکردووە، بەڵام دەکرێت، میزانیەش لەسەرئەوە ڕانەوەستێت، لە بەغداش هەر وابووە، زروفی ئێرەو بەغداش لە کاتی حیساباتی خیتامی تۆزێك وردەکاری زۆری تێدایە، بۆیە ئەوان خەریکن، بەڵام شتێکی تریشمان لێ داواکردن و گوتمان پێویستە ڕاپۆرتتان هەبێت، شەش مانگ لە ساڵێك دا دوو ڕاپۆرتتان هەبێت، شەش مانگی یەکەم ڕاپۆرتێك بنووسن، ئەو میزانییەی کە خەملێندراوە و لێرە تەسدیق کراوە، کە چۆن سەرف کراوە، بۆ ئەوەی ئەگەر بزانین پێویست دەکات تەدەخول بکەین، کەموکوڕی هەبێت موناقەشەی بکەین لە گەڵتان، ئەوەشیان سەلماند یەعنی لە کۆتایی مانگی حوزەیران دا پێویستە ڕاپۆرتێکمان پێشکەش بکەن لەسەر چۆنیەتی سەرف کردنی میزانیەی 6 مانگی ساڵی 2008 ئەوەشیان سەلماند، حیساباتی خیتامیش وەکو قانونی دەبێت حازر بکەن لەسەر بودجەی 2007 ئەمە کەی حازر دەبێت؟ ئەوەش بەندە بە هەنگاوی خۆیان و کاری خۆیان، تەبعەن ئەوانیش باسی کێشەکانی خۆیان کرد لە گەڵ بەغدا کە چۆن کۆسپ بووە لەبەردەم دواکەوتنی هاتنی بودجە بۆ هەرێمی کوردستان، چەند پێویست دەکات، کە مەشاکلیان هەیە بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بە حەقیقەت تەفسیلاتی زۆرەو مەجال نیە ڕەنگە لە کاتی خۆیدا کەوتینە موناقەشەی میزانیە، وەزیری دارایی و پسپۆرانی دارایی خۆیان بتوانن زیاتر ئەو مەسەلەیە باس بکەن، پێویست ناکات زیاتر کاتتان بکوژین، ئەو کات دەتوانن پرسیاریان لێ بکەن و ئەوانیش زیاتر تەفسیل بدەن، ئێستا دەچینە سەر خاڵێکی تر.

خاڵی دووەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای دەزگای فرۆکەخانەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن حکومەتەوە پێشکەش کراوە، پێم وایە ئەوەش ئەگەر زۆر نیە؟ وەکو ئیقتراحەکەی کاك فرسەت و کاك غفور کردیان وا دەکەین، کە 29 ماددەیە و ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی گواستنەوە و ئەندامانی پەرلەمانی دەکەین، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی خۆیان و بۆچوونی خۆیان حازر بکەن بۆ ڕۆژی موناقەشە.

خاڵی سێیەم: خوێندنەوەی یەکەمی وتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەربارەی کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان، ژمارە (35) ساڵی 2007. من حەز دەکەم، ئەو نامەیەی بەرێز سەرۆکی هەرێم کە ئاراستەی ئێمە کراوە بخوێندرێتەوە، فەرموو کاك عەونی.

بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پێویستە هەموو دەزگاکانی ئەو وەزارەتانەی کە تاکو ئێستا یەک نەخراونەتەوە بەزووترین کات یەک بخرێن تابتوانن ئەرکەکانیان بەباشی ببینن 0

3- لیژنەکەمان پێشنیار دەکات ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەنگبدەن بۆ یەکخستنی بودجەی وەزارەتەکانی دارایی و ئابووری و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری ،وەزارەتی ناوخۆ و هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ، دەزگاکانی ئاسایش و دیوانی چاودێری دارایی کە بودجەکانیان یەک بخرێت و داواش لە حکومەتی هەرێم بکرێت کە پێش کۆتایی مانگی حوزەیرانی (2008) ئەو وەزارەت و دەزگایانە یەکبخات و پەرلەمانیش بەدواداچوونی خۆی بکات

4- لیژنەکەمان سالی 2007 ئاماژەی بەوەکردبوو کەکارو فەرمانی هەندێک لەوەزارەتەکان نزیکەو دەکرێت هەندێک لەو وەزارەتانە یەکبخرێن ، بۆئەمەش داوامان لەئەنجومەنی وەزیران کردبوو کە لێکۆڵینەوە لەو بوارەدابکات و نەخشە و پلانێکێش بۆ یەکخستنی ئەو وەزارەتانە دابنێن کە هاوکارو هاوشێوەن، بەڵام تاکو ئێستا لە پراکتیکیدا هیچ نەکراوە 0

5- لیژنەکەمان داوای کردبوو کەوەزارەتی دارایی بەشێوەیەکی وەرزی ڕاپۆرتێک پێشکەش بەپەرلەمان بکات سەبارەت بەباری دارایی و ئابووری هەرێم ، لەکاتێکدا جەخت دەکەینەوە سەرپێشکەش کردنی ئەو ڕاپۆرتە داوادەکەین کەوەزارەتی دارایی (ژمێری کۆتایی) (الحسابات الختامية) پێشکەش بەپەرلەمان بکات لەماوەی مانگێکدا لەڕۆژی بڕیاردان لەسەر بودجەی هەرێم بۆ سالی 2008 0

6- سالی 2007 بڕە پارەیەک لای حکومەتی مەرکەزی مابۆوە لەپشکی سالانی ڕابوردووی هەرێم ، لیژنەکەمان داوای لەئەنجومەنی وەزیران کردبوو کە هەوڵبدات بۆ وەرگرتنەوەی ئەو بڕە پارەیەو لەپرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەدا بەکار بهێنرێت ، تا ئێستا هیچ زانیاریەک نەدراوەبە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لەوبارەیەوە 0

7- لە کاتی ئامادە کردن و تاوتوێکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لەبودجەی عێراقدا، پێویستە حکومەتی هەرێم و نوێنەرانی هەرێم پەراوێز نەخرێن ، کەتا ئێستا ئەمە ڕوویداوە و دەبێتە هۆی بەشخواردنی خەڵکی کوردستان 0

8- وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند جارێک داوای لە وەزارەتەکان کردووە، کە بودجەکانیان پێشکەش بە وەزارەت بکەن ، هەندێ لەو وەزارەتانە دواکەوتوون لە ئامادە کردنی بودجەکانیان. دەبێ حکومەتی هەرێم لێپێچینەوە لەو وەزارەتانە بکات و ئاگادارمان بکاتەوە لە ئەنجامەکەی0

9- دەبوایە لە پرۆسەی ئامادە کردنی بودجەی ئەنجومەنی نیشتمانیدا لیژنەی دارایی و ئابووری ئاگادار بوایە، نەک لەڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوەو لە چوار چێوەی بودجەی هەرێمدا ئەو زانیاریانەمان پێ بگات0

10- لەپرۆسەی ئامادەکرنی بودجەی هەرێمدا ئەوەی تێبینی دەکرێ ، جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان بودجەی پێشنیار کراو و ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر دەکرێ ، کەهەندێ جار زیاتر لەدوو هەندە یە ،ئەمەش

جێگای پرسیارەونیشانەیەکەبۆ زێدەڕۆیی دەزگاکانی حکومەت لەو بوارەدا لەلایەك بێتوانایی هەندێ لەکارمەندانی ئەو بوارە لەلایەکی تر 0پێویستە میکانیزمێك دابنرێت و چارەسەری ئەو کێشەیە بکرێت 0دیارە ئەم دیاردەیە جگە لەهەڵئاوسانی دەزگاکان و بەفیڕۆبردنی سەروەت و سامانی گشتی، ڕێگایەکیشە بۆ دروست بوون و گەشە کردنی گەندەڵی 0

11- ئەوەی تێبینی دەکرێ ڕێژەی خەرجیەکانی بەکار خستن لەساڵی 2007 دا (70,87٪)ی هەموو بودجەی هەرێمی پێکدە هێنا ، لەکاتێکدا خەرجیەکانی وەبەرهێنان (29،13٪) ی پێککهێنابوو 0لەساڵی (2008) دا ڕێژەی خەرجیەکانی بەکار خستن دا بەزیوە بۆ (62،3٪)ی بودجەو ڕێژەی خەرجیەکانی وەبەرهێنانیش بەرز بۆتەوە بۆ (37،7٪) . هەر چەندە ئەمە نیشانەیەکی پۆزە تیڤە لە پێکهێنانی بودجە و خەرجیەکاندا ، 0بە پێویستی دەزانین سەرنج ڕاکێشین بۆ ئەو ڕاستیەی کەدەبێت بودجەی وەبەر هێنان لەزیادبووندا بێت لەسەر حسابی بودجەی بەکارخستن و، لەهەمان کاتیشدا بودجەی وەبەرهێنان گرنگیەکی تایبەت بدات بەکەرتە بەرهەم هێنەکانی وەك کشتوکاڵ و پیشەسازی 0

12- ساڵی 2007 لێژنەکەمان تێبینی هەبوو سەبارەت بەوەی کە سەرچاوەی سەرەکی بودجەی هەرێمی کوردستان بریتیە لەو بڕە پارەیەی لەلایەن حکومەتی مەرکەزیەوە تەرخان دەکرێ و داوای کردبوو کە پێویستە سەرچاوەکانی داهات فرە چەشن بکرێن لە ڕێگەی زیادکردنی پرۆژە بەرهەمهێنەکان 0کەچی بەداخەوە بودجەی ساڵی 2008 یش هەمان دۆخی بەخۆیەوە گرتووە 0

13- لەبودجەی ساڵی 2007 دا قەرەبووکردنەوەی فەرمانبەران (54،5 ٪) ی هەموو بودجەی بەکار خستنی پێکهێنابوو. داوا کرابوو کەحکومەت پلانێك دابنێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەڵئاوسانی دەزگا حکومیەکان و چارەسەر کردنی بێکاری شاراوە لەوڵاتدا . ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەو ڕێژەیە لەبودجەی ساڵی 2008 دا بەرز بۆتەوە بۆ (59،2٪)، واتە بەزیادەی نزیکە لە (5٪)، ئەمەش نیشانەیەکە کە ئەو بارودۆخە نەك چارەسەر نەکراوە، بەڵکو خراپتر بووە 0

14- ئاشکرایە یەکێك لەکێشە کانی خەڵکی کوردستان کێشەی نیشتە جێ بوونە کەزۆر جار زیاتر لەنیوەیداهاتی بەشێکی هاوولاتیان بۆ کرێ خانوو دەچێ . پێویستە حکومەتیهەرێمی کوردستان چارەسەری بنەڕەتی بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە بەناوی سندوقی نیشتەجێکردن، یان قەرزی خانووبەرە بدرێت بە هاوولاتیان . پێویستە وەزارەتی دارایی لەو ڕووەوە هەنگاوی بەپەلە و پراکتیکی بنێ.

15- ئێمە لە کاتێکدا ئەو تێبینیانە دەخەینە ڕوو سەرنجی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو خەڵکی کوردستانیش بۆ ئەو ڕاستیە ڕادەکێشین کەبودجە هۆکارێکە بۆ پیادەکردنی سیاسەتی ئابووری و چارەسەر کر دنی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی وڵات و هەنگاو نان بەرەو گەشەکردنی ئاستی ژیانی خەڵك، بۆیە دەبێت لەبودجەی ساڵانی داهاتوودا هاو ئاهەنگیەکی چاکتر هەبێت بۆ دابینکردنی ژیانێکی هێمن و ئاسوودە و لەپێناوی ئایندەیەکی گەشەکردووداو بۆ نەوەکانی داهاتوو .

16- پێویستە نۆێنەرانی هەرێم لەحکومەتی مەرکەزی هەوڵ بدەن بۆ زوو جێبەجێکردنی بودجەی تەواوکەر (المیزانیە التکمیلیە) وپشکی هەرێم بنێردرێت و لەبواری گەشەکردنی ئابووریدا سوودی لێ وەربگیرێت .

17- حکومەتی هەرێم لەکاتی ناردنی بودجە دا دەستەلاتی دادوەری لەچوارچێوەی وەزارەتی داددا حساب کردبوو، بەلأم لێژنەکەمان داوای کرد کەپێویستە بودجەیەکی سەربەخۆی بۆتەرخان بکرێت بەپێی یاسای ئەنجومەن دادوەری کەلەلایەن پەرلەمانەوە بڕیاردراوەو پێویستە بودجەی سەربەخۆی هەبێت ، دواتر سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەوکەموکورتیەی چارەسەرکرد 0

سەبارەت پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانیش لەکاتێکدا کەلێژنەکەمان پشتگیری لەپرۆژە یاساکە دەکات، بەشێوەیەکی گشتی ئەم سەرنج و تێبینیانەش دەخەینە بەرچاوی بەڕێزتان :0

1- مادەی (9) بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت و بکرێتە بڕگەی (2) دووەم بەم جۆرە بخوێندرێتەوە .

دووەم: وەزیری دارایی هەرسێ مانگ جارێك ڕاپۆرتێك لەسەر باری دارایی پێشکەش بەئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق بکات .

2- مادەی (10) بڕگەی یەکەم لەپرۆژە یاساکەدا جیاوازی هەیە لەنێوان وێنە (نسخە) ی عەرەبی و کوردیدا لەو بڕەپارەیەی کەوەزیری پەیوەندیدار دەستەلاتی خەرجکردنی هەیە لەنوسخەی کوردیدا بڕی (150) ملیۆن دینار دیاری کراوەو لەنوسخەی عەرەبیەکەدا بڕی (100) ملیۆن دینار دیاری کراوە .

زۆرینەی ئەندامانی لێژنەکەمان پێی چاکە مادەی دەیەم بەم شێوەیە دابڕێژێتەوە .

مادەی دەیەم :

یەکەم : وەزیری پەیوەندیدار دەسەلاتی خەرجکردنی گوژمەیەك لە (250) دووسەد پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت و بۆ هەر حالەتێك ،دەکرێ دەسەلاّت بداتە سەرۆکی فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەت بۆ خەرجکردنی گوژمەیەك لە (50) پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت . لەگەڵ ڕەچاوکردنی خۆنەخستنە ناو هیچ ئیلتیزامێك کەپشتیوانی تەرخانکراوی لەبودجەدا نەبێت .

دووەم : سەرۆکی فەرمانگەکانی نەبەستراو بەوەزارەت دەسەلاّتی خەرج کردنی گوژمەیەکی هەیە (100) سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر حالەتێك لەگەڵ ڕەچاو کردنی خۆنەخستنە ناو هیچ ئیلتیزامێك کە پشتیوانی تەرخانکراوی لەبودجەدا نەبێ .

لەگەڵ ڕێز ماندا

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەم، کاك کەریم بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق

ب / ڕاپۆرتی لیژنەی یاسا

لیژنەی یاسایی ,لەرۆژی سێ شەممە ﴿19ی نەورۆزی / 2708ی کوردی ﴾و ڕێکەوتی﴿ 8 / 4 / 2008﴾ دا کۆبوونەوە بۆ لێکۆلینەوەی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی (2008)ی هەرێمی کوردستان ـ عیراق کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆکرا لە پەرلەمان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (1)ی ڕۆژی (2008/3/17)یدا بۆ لیژنەکەمانی ناردبوو، دوای گفتوگۆکردن و ڕاگۆڕینەوە لەسەر پرۆژەکە، لیژنە ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکانی خۆی دەربارەی پرۆژەکە بەم شێوەی خوارەوە پێشکەش دەکات:ـ

1ـ بەپێی ماددەی (79)ی پێڕەوی ناوخۆیی پەرلەمان، دەبوا ، بودجەکە لەسەرەتای تشرینی یەکەم بەر لەساڵی دارایی بگەیشتبایە پەرلەمان.

2ـ دەبوایە حساب وحسابکاریی کۆتایی ساڵی دارایی (2007)یش بدرایە بە پەرلەمان بۆ ئەوەی ئاگای لە چۆنێتیی خەرجکردنی داهاتی ساڵی پێشتر ببوایە .

3ـ لیژنە پێشنیازدەکات کە سیاسەتی (تەرشیقی ئیداری) بەجۆرێك بنیات بنرێ کە ئەرکو مەسەرەفی (نفقات)ئیش پێکردن کەم بکاتەوە.

4ـ هەروەها، پێشنیازدەکەین کە ئەرکو مەسەرەفی (نفقات) بودجەی سەرمایەداریی (وەبەرهێنان) زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی گەشەپێدان بێتەدی.

5ـ لیژنە, بەباشی دەزانێ کەلە تەرخانکردنی خەرجەکانی وەبەرهێناندا، بنەمای هاوسەنگی لەنێوان کەرتە جۆربەجۆرەکاندا ڕەچاوبکرێت، هەروەها لەسەر ڕۆشنایی هاوسەنگی نێوان پەرەپێدانی بینای ژێرخان و پرۆژەکانی بەرهەمهێناندا بنەمای لەبەرترەکان (الاولویات) ڕەچاوبکرێن.

6ـ بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان، پێویستە هاودەنگی لەنێوان وەزارەتەکاندا هەبێت .

7ـ لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو بڕگانەی سەرەوەدا، لیژنە، سەرەتا تەئییدی پرۆژەکە دەکات و, پێشینازیش دەکات کە دیباجەکەی بگۆڕدرێت، چونکە ئەو دیباجەیەی لەپرۆژەکەدا هاتووە تایبەتە بەو دەرچواندنەی کەلەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە دارێژراوە نەك لەلایەن پەرلەمانەوە، کە دەبوا بەپێی حوکمی بڕگە(1)ی ماددەی (56) لەیاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 ی هەموارکراو هەرێم تەخویل بکرێت دارشتن و تەبویبکردنی هەندێ لەماددەکانی پرۆژەکە بەپێی ڕەوشی یاسا تەشریعکراوەکانی پەرلەمان دووبارە بکاتەوە.

8ـ دەربارەی ماددەی یەکەمی پرۆژەکە , لیژنە پێشنیازدەکات کە بڕگەیەکی بەژمارە (چوارەم) بۆ زیادبکرێت تایبەت بێت بە ئەرکو مەسرەفی دەسەڵاتی دادوەری، چونکە ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە و، بەپێی حوکمی ماددەی چوارەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ((یاسای ژمارە (23)ی ساڵی 2007)) بودجەی تایبەتی خۆی لە چوارچێوەی بودجەی گشتیدا هەیە..... بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: .....

دووەم: .....

سێیەم: .....

چوارەم: تەنیا بڕی ( ) بۆ ئەرکو مەسرەفی (خەرجی) دەسەڵاتی دادوەری.

9ـ لیژنە پێشنیازدەکات، دووماددە، بەزنجیرەی ماددەی سیازدەم و ماددەی وچواردەم بۆ پرۆژەکە زیادبکرێن و، زنجیرەی ماددەی سیازدەمی پرۆژەکەش ببیتە ماددەی پازدەم، بەم شێوەیەی خوارەوە:ـ

أ ـ ماددەی سیازدەم: یاسایەك بۆ جێبەجێکردنی یاسایی بودجە دەردەچێت، بۆ ڕێکخستنی سەڵاحییاتی سەرفکردن.

ب ـ ماددەی چواردەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ـ تکایە فەرموون سەیری بکەن و, ئەسڵی پرۆژەکە و رای لیژنەکەشمان لەسەر پرۆژەکە، بخەنە پێش چاوی ئەنجومەن بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکات و رای لەباری خۆی دەربارەی دەربڕێت.

لەگەڵ ڕێزماندا

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، بۆ هەردوو لیژنەی، لیژنە ی دارایی و لیژنەی یاسایی، بۆ ڕاپۆرتەکەیان من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی دارایی، ئایا ئەو ڕاپۆرتەیان کە پێشکەشکرد سەرنج و تێبینیەکانی لیژنەکانی تر وەرگیراوە، یان تەنها تێبینی لیژنەکەی خۆیانە.

بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی، ئێمە ئەو تێبینیانەی لیژنەی سەرچاوە ئاوییەکان، لەگەڵ کشتوکاڵ دواتر پێمان گەیشتن دوای ئەوەی لیژنەکەمان ڕاپۆرتەکەی خۆی ئامادە کردبوو، لەبەر ئەوە بەداخەوە نەمانتوانی سوود لەسەرنج و تێبینیەکانیان ببینین، هەرچەندە هەندێ تێبینیمان هەیە سەبارەت بەڕاپۆرتەکانیان، بۆ نموونە ئەو ڕاپۆرتانەی ئەوان ئامادەیان کردووە، ئیعتیمادیان کردووەتە سەر بودجەی بەکارهێنان، بودجەی تەشغیلی لەحاڵەتێکدا کە هەردوو وەزارەتەکە بودجەیەکی تریان هەیە، کە بودجەی ئیستیسماریییە، ئەو داوایانەی ئەوانیش کردوویانە زیاتر ئەچێتە چوارچێوەی بودجە ئیستیسماریییەکەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەی لیژنەکانی تر، پەیوەندیەکان وئەوانی تر، زۆر لە لیژنەکان سەردانی وەزارەتەکانیان کردووە، گفتوگۆیان لەگەڵ وەزارەتەکان کردووە، سەبارەت بە بودجەی تایبەت بە وەزارەتەکان، ئایا مولاحەزاتەکانیان پێشکەش بە ئێوە کراوە، ئێوە تەسبیتتان کردووە یان نا؟.

بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە، تەنها ڕاپۆرتێك کەپێمان گەیشتبێ، لەلایەن لیژنەی پەیوەندییەکانەوە پێمان گەیشتووە، ئەویش سەبارەت بەو کۆبوونەوەیەی کە لەگەڵ وەرزش ولاواندا کردوویانە، تێبینیەکەشیان سەبارەت بەوەیە کە هەندێك تەمومژاوییە، مەسەلەی بودجەکەو تێی نەگەیشتوون، هیچی ترمان پێنەگەیشتووە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

موناقەشەکە لەگەڵ لیژنەی داراییدایە، کاك کەریم تۆ ئەتوانی بچیتەوە جێگای خۆت، نوقتەی نیزامیت هەیە کاك بارزان، فەرموو.

بەڕێز بارزان محمد قادر:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وەزیری دارایی هەرێم کاك سەرکیس ئاغا جان، لێرە نیە موناقەشەی چی ئەکەن.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

وەزیری دارایی وئابووری لێرە نیە لەدەرەوەی هەرێمە، ئەمە یەك: دووش: وەزیری هەرێم جێگای ئەو ئەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کاك رەشیدیش بریکاری وەزارەتە، ئێمە پاش ئەوەی لەگەڵ سەرۆکی حکومەت قسەمانکرد، بڕیارماندا کۆبوونەوەکەمان دوا نەخەین، لەبەر ئەوەی ئەو لێرە نیە، هەم هەردوو وەزیر لێرەن، کاك عوسمانیش وەزیری پلاندانان، کاك سعدیش وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، هەردوو وەزیر لێرەن دەتوانن قسە بکەن، دوایی ئەگەر پێویستی کرد ئەتوانین لێرە ئیجازە وەربگرین و ئەتوانێت ئەویش قسە بکات، لەبەر ئەوەی مەسەلەکە گرنگە، کاك شێخ بایز وەزیرە.

بەڕێز بارزان محمد قادر:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

کاك شێخ بایز وەزیری دارایی نیە، ئەو قائیمەی خۆی ئەدات، من ئەزانم لە شوێنێك بودجەی ساڵی(2007) هاتووە، لە هەولێر نەهاتووە، وەکیل وەزیر ئەبێ لێرە بێت، هیچ شتێك لەمە گرنگتر نیە، وەزیر بڕوات خۆی لێ بشارێتەوە، وەزیر ئەبوایە لێرە بوایە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

لێرە نیە لەگەڵ وەفدی حکومەت چووەتە بەغداد، لەگەڵ کاك نێچیرڤان چووەتە بەغداد، خۆ شاردنەوە نیە، مەسئولیەتێکە پێشتر قەرار درابوو، وەفدەکە پێك بێت لە یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج، کەس، ئەگەر کێشەیەك هاتە پێش نەیانتوانی جواب بدەنەوە، پێویستی کرد وەزیری دارایی وئابووری جواب بداتەوە، ئەو وەختە ئەو گلەییە بکە.

بەڕێز بارزان محمد قادر:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بۆچی شەش مانگە بۆتان ناردووە جوابی نەداوەتەوە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

لەکاتی موناقەشەدا ئەو پرسیارە بکە، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی، وەزیری پلاندانان، هەموویان تەمسیلی حکومەت ئەکەن، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، هەر سێکیان ئەتوانن بەناوی حکومەت قسە بکەن، دەتوانن بەناوی وەزارەتی دارایی و ئابووریش قسە بکەن، کاك کەمال قسە ئەکات.

بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کەمال کەرکووکی):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

راستە وەزیری دارایی لێرە نیە، ئێرە پەرلەمانی کوردستانە، ئەم بەڕێزانە ئەتوانن هەموو بڕیارێك بدەن، لەبەر ئەوەی وەزیرێك لێرە نەبێت، ئێمە جەلسەی خۆمان تەئجیل ناکەین، قەرار ئەدەین، ئەوەی پێتان باش نیە قبوڵی مەکەن، ئەوەی موناسب نابینن رەزامەندی لەسەر مەدەن، خۆتان ویژدانتان بەکار بهێنن، وا کار بکەن وەزیر ئەمڕۆ لێرە نیە، جەلسەیەك تەئخیر ئەکەین، بەیانی وەزیرێکی تر نیە جەلسەیەك تەئخیر بکەی ئەوە عەمەلی نیە، لەبەر ئەوە پەرلەمان کاری خۆی ئەکات، بەڕێز کاك بایز لێرەیە، ئاگای لە وردەکارییەکانە، ئەگەر شتێك قەناعەتتان پێی نەهات هەروەکو خۆتان بڕیار بدەن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

فەرموو سۆزان خان.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە هەموومان خۆمان ئەزانین ئەوە نا یاساییە، وەزارەتی دارایی وەزارەتە، ئەوەی تریان وەزارەتی هەرێمە، بۆ ئەمیان ئەبێ وەزیرەکە حازر بێت، سااڵی پاریش هەر جەنابی حازر بوو، بەاڵم بۆ ئەمی تریان کە وەزارەتی داراییە وەزیر حازر نیە، ئەگەر بڵێین سەفەری کردووە ئەیتوانی سەفەر نەکات، چونکە وابزانم ئیقراری بودجەی هەرێمی کوردستان لەوە گرنگترە، وەزیریش بۆی نیە قسە بکات لەناو پەرلەماندا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

خەمان خان فەرموو.

بەڕێز خەمان زرار اسعد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕێز دکتۆر کەمال کە ئەڵێت ئێوە، با بچینە ناو موناقەشەکەوە من ئەبینم دوو سەبەبی زۆر سەرەکی هەن، کە ئێمە هەر نەتوانین بچینە ناو موناقەشەکەوە یەکەمیان: نەبوونی بودجەی سااڵی 2007کە وەزیری دارایی ئەبوایە خۆی لێرە بوایەو باسی بکردایە بۆمان، پار ئەو بودجەیەی کەئێمە دەنگمان بۆدا، ئەوان چۆن سەرفیان کردووە، حسابی خیتامی سااڵی 2007 ئەبوایە لێرە بوایە، ئێستاکە لێرە نیە دووەمیان: کاتێك وەزارەتی دارایی لێرە نەبێت، ئێمە چۆن بچینە ناو موناقەشەیەك، خۆی ئەبێت وەزیری دارایی لێرە بێت بۆ ئەوەی سیاسەتی مالی ئەمسااڵمان بۆ باس بکات، پار چی کردووە ئەمسااڵ بەتەمای چیە بیکات، ئەی ئێمە چۆن بچینە ناو موناقەشەیەکەوە کە نەزانین پار چی کراوە و ئێستاش بەتەمای چین،

بەڕاستی ئەم وەرەقەی ئەمسالْ بۆمان هاتووە، دیسان جارێکی تر هیچ بنەماکان و هیچ میعیارەکانی تێدا دیار نیە، لەبەر ئەوە بەڕاستی من پێم وایە هەر چوونە ناو موناقەشەی ئەم بابەتە ئەمڕۆ کارێکی دروست نابێت، ئەبێ چاوەڕێ بکەین وەزیری دارایی با بێتەوە، زۆر دووریش نیە ئەتوانین چاوەڕێی بکەین، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك شێردلْ فەرموو.

بەڕێز شێردلْ عبدالله حەوێزی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

عادەتەن کەوەزیرێك ئەچێتە ئیجازە بۆ هەر شوێنێك وەزیرێك دا ئەندرێت وەکالەتەن، من پرسیارێکم هەیە ئایا هیچ جارێك وەزیری هەرێم لەو چەند جارەی کەوەزیری مالیەی هەرێم غائیب بووەو سەفەری کردووە، وەزیری هەرێم کاك بایز هیچ جارێك بووە بەوەزیری مالیە وەکالەتەن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك غفور فەرموو.

بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەباوەڕی من مادام بەڕێز وەزیری پلاندانان ئامادەیە، ئەو ئاگاداری چۆنیەتی دابەشکردنی بودجەکەو رێکخستنی بودجەکە بووە ئەوە یەك: دوو: بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی ئەویش ئاگاداری ووردەکارییەکانە، بەڕێز کاك رشیدیش کە ئامادەیە بریکاری وەزیری دارایی و ئابووریە، کەواتە ئێمە ئێستا ئەتوانین لەڕێگەی ئەو بەڕێزانەوە چۆنیەتی دانانی ئەو بودجەیەو ووردەکارییەکان گوێبیست بین ئەو خاڵێك، خاڵێکی تریش ئێمە ئەگەر ئەمڕۆ ئەم دانیشتنە تەئخیر بکەین جارێکی تریش تەئخیری بکەین، خۆمان گلەییمان هەیە ئەڵێین: بودجەکە تەئخیر بووە بۆ پەرلەمان، لەلای خۆشمانەوە تەئخیری بکەین، بەڕاستی من بەڕەوای حەقی نازانم کە دوا بخرێت، بۆیە پێویستە گفتوگۆ بکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

پێش هەموو شتێك عەفوم ئەکەن ئەگەر ئیجازە هەبێت، کەسێك ئەگەر قسە بکات ڕەچاوی واقعی پەرلەمان وپێکهاتەی پەرلەمان، وەزعی حکومەت وئەوانەی لەپێش چاونەبێت، تەنها وەکو پەرەنسیپ قسە بکات، دووڕە لەواقیع و پێم وایە خزمەت ناکات، یەك: ئێمە لەهەموو شت گرنگتر ئەوەیە کە ئێمە بەشێوەیەکی ڕوون و شەفافیەتەوە دەمانەوێت موناقەشەی هەموو بودجەکان و هەموو بابەتەکان بکەین، ئەوە لەلامانە هەر بۆیەش لەو ماوەی ڕابردوودا کاری باش کراوە، لیژنەی دارایی وئابووری بەدواداچوونی کردووە، فراکسیۆنەکان کۆبوونەواتی تایبەتیان کردووە، خەڵکی پسپۆڕ هاتوون، بودجەیان بۆ شەرح

کردوون، تەفسیلاتیان بۆ داوە، گۆڕانکاریشمان کردووە لەسەر بودجەکە، پێتان بڵێم چ گۆڕانکارییەك کراوە، یەکەم: بودجەکە هاتووەتە ئێرە، بودجەی دەسەڵاتی دادوەری تێدا نەبووە، کە ئەمە خیلافی قانونە پێش ئەوەی بگاتە لای ئێوە، ئێمە خۆمان کۆبوونەوەمان لەگەڵ کردوون داوامان کردووە، کە ئەبێت بودجەی تایبەت بێت و قبوڵیان کردووە، چۆن گۆڕانکارییان کردووە، بودجەی دادوەرییان ناردووە، جارێکی تر بودجەی دادوەری مولاحەزاتی لەسەر بووە لەگەڵ وەزارەتی دارایی، لیژنەی دارایی وئابووری قسەیان کردووە، خەملاندوویانە بەشێوەیەك لەبەر ڕۆشنایی ڕەئی لیژنەی دارایی پەرلەمان دووبارە بودجەکەی دەسەڵاتی دادوەری چاککراوەتەوە، دوو: داوامان کردووە کە پێشینەی سولفەی عەقار بداتە خەڵك، میزانییەیەك دابندرێت پێش ئەوەی بێتە ئێرە کۆبوونەوەمان کردووە لەگەڵ وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی وتوومانە ئەمە ویستێکی خەڵکە، دەبێ ڕەچاوی بکەن و خۆشبەختانە ئەمە خەریکە ببێتە قەرار، ناتوانم بڵێم بووەتە قەرار چونکە قەراری حکومەتە، بەڵام مەنتقی پەرلەمان کە مەنتقی خەڵکە ویستی خەڵکە، ئاراستەی حکومەتی هەرێم کراوە ئومێدم وایە کە ببێتە قەرارێك ئەمەش قبوڵکراوە، سێیەم: چاوەڕوان دەکرێت کە بودجەیەکی تەکمیلی تەواوکراو لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، یەعنی لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە کە بڕیار دراوە بدرێتە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ قەرار دانی، ئەو بودجەیەی تەواوکراوە زۆر گرنگە بۆ ئێمە، چونکە ئەو میزانیەی کەهاتووە عەجزی هەیە، یەکەم: بۆ پڕکردنەوەی ئەو عەجزە، دووەمیش: ڕێژەی ئاوەدانکردن لەناو بودجەی هەرێمدا زیاد بکرێت، ئەبێ حکومەت لەو فەترەیەدا بودجەیەکی تەواوکراو حازر بکات، پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وحکومەتی عێراقی بکات، بۆ ئەوەی ئەو میزانیە تەکمیلییە وەربگرین، جا لەبەر ئەوە من پێم وایە ڕاستە وەزیریش لێرە نیە، ناتوانین موناقەشاتمان دوابخەین لەبەر ئەوەی وەزیر لێرە نیە، ئەوە گلەییەکانتان پێی گەیشت، بەڵام ئەویش بە قەرارێك ڕۆیشت، وەفدێك تەشکیل کراوە بچێت بۆ بەغداد، وەفدەکە بریتی بووە لەو ناوانەی کەڕۆیشتن، ئەمڕۆ جێبەجێ کراوە ناتوانین کۆبوونەوەکەمان دوابخەین، یەك: دووش: دوو وەزیر لێرە حازرن ئەتوانن تەعبیر لە حکومەت بکەن نەیانتوانی بریکاری وەزیریش لێرەیە، هەر ڕەئیەکی هەبوو ئەیداتە وەزیر، ئەگەر ڕێگاشمان نەدا خۆی قسە بکات، کاك شێخ بایز و کاك عوسمانیش ئەتوانن ڕەئیەکە پێمان بڵێن، لەبەر ئەوە من پێم وایە موناقەشە کردنەکەمان تەبیعیە و دەبێ بەردەوام بین، بەعەکسەوە ڕەئیەکەی تر من پێم وایە ناقانونیە کە دەڵێن، با دوای بخەین لەبەر ئەوەی وەزیر نەهاتووە، هەر وەزیرێك نەیەت و موناقەشەمان دوابخەین مانای وایە، ئێمە دەبینە تابعی ئەوەی وەزیر دێت یان نا، ئەبێ قەرارەکەمان وا بێت وەزیر بێت یان نەیەت موناقەشەمان دوانەخەین و، ئەگەر دەرچوو بەویستی خۆی یان بەبڕیارێك نەهاتووە، یان بەویستێك نەهاتووە، بۆ ئەوەی دوا بخرێت ئەو وەختە خراپە دەبێ موحاسەبەی بکەین لەسەر ئەوە، کاك هیوا فەرموو.

بەڕێز هیوا صابر امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سوپاست ئەکەم بۆ ئەو وەصفە، یەعنی ئەوەی داوای شەفافیەت بکات، بە موشاغیب بناسرێت ئەوە باشە، وەڵڵا من هەر پرسیارێك بکەم باشە، ئێمە تاکەی بە ناوی ریعایەت بۆ واقیع بابەتەکان یەکلایی نەکەینەوە، ئەو پەرلەمانتارانە قسەیان کرد بابەتی بودجە، بابەتێکی زۆر گرنگە، رۆژێك تا دوو رۆژ تا سێ رۆژ یان هەفتەیەکیش دوای بخەین، بۆ ئەوەی هەردوو وەزیرەکە ئامادە بن لەجێگای خۆیایەتی، من وەکو پەرلەمانتارێك وەکو ئەندامێکی لیژنەی دارایی ئەم قسە ئەکەم، بەپێی ئەوەی کەحکومەت لە ساڵی ڕابردوودا هیچ یەك لە بڕیارەکانی پەرلەمان و مەرجەکانی بۆ قبوڵکردنی بودجەی 2007 جێبەجێ نەکرد، پێم باشە سەرۆکی حکومەت بێت لێرە هەندێك قسەی لەگەڵ بکەین، بۆ ئەوەی بڕیارەکان وداواکانی ئەمسالێشمان بە ئاقاری ساڵی پاردا نەڕوات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك عوسمان بانی مارانی فەرموو.

بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەوەی جەنابت باستکرد، ئەوە شتێکی نوێیە بەنیسبەت ئێمەوە، ئەبێ ئەگەر وەزیریش لێرە نەبێت، ئێمە قەراری خۆمان ئەسەپێنین بەڕاستی شتێکی زۆر دڵخۆشکەرەیە، دەستخۆشیت لێ دەکەین، هیوادارین ئەوە درێژەی هەبێت، بەڵام من پرسیارێکم هەیە ئایا؟، ئەوە دوو ساڵە بودجەی هەرێمی کوردستان لێرە پەسەند دەکرێت، وەزیرەکەی لێرە نیە، ساڵێك قەیناکە، بەڵام دوو ساڵ ئەمە پرسیارێمان بۆ دروست ئەکات، مەسەلە ئەوە نیە کە دەکرێت یان نا، بەڕاستی ئێمە بڵێین یان نەڵێین لەدەرەوە خەڵکی قسەی نەوعێکی تر ئەکات، دوو ساڵ لەسەر یەك وەزیری ڕاستەقینەی مالی نەیەتە پەرلەمان کە بودجە تەخمین دەکرێت، ئەوە بەڕاستی جێگای پرسیارە، لە ڕووی یاسایشەوە نازانم دەبێت یان نا، حەقە جوابم بدەنەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك محمد رفعت فەرموو.

بەڕێز محمد رفعت عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پێم وایە تا ئێستا وەزارەتی دارایی دوو وەزارەتە، لەبەر ئەوەی میزانیەکانی سلێمانی و هەولێر جیایە، بۆیە کاك شێخ بایز تەنها ئەتوانێ دیفاع لەمیزانیەی سلێمانی بکات کە چۆن سەرف بووە، هی هەولێر کەس نازانێت، لەبەر ئەوە ئەبێ وەزیر ئامادە بێت لێرە بۆ ئەوەی جوابی ئەو پرسیارانەمان بداتەوە، کە لێی ئەکەین، ئەمە یەك: دوو: پێویست بوو لە ناردنی بودجە تەفاصیلی سەرفی بودجەی 2007 یان بۆ بناردینایە، لەو حاڵەتەدا ئەگەر خۆشی ئامادە نەبوایە قەیناکە موناقەشەمان ئەکرد، بەڵام ئێستا هیچمان لەبەردەستدا نیە، شەفافیەتێك لەناردنی ئەم بودجەی ئێستا بۆ پەرلەمان نیە، بودجەش شتێکی زۆر گرنگە ئەگەر تەئجیلی بکەین تا حازر ئەبێت وەزیر ئەوە شتێکی باشە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك محمد حکیم فەرموو.

بەڕێز محمد حکیم جبار:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وەڵڵاهی من چاوەڕێ بووم یەك وەزیری دارایی لێرە بێت، چونکە ئێمە میللەتەکەمان هەموو چاوەڕێ بوو، لەماوەی ساڵێکی کابینەی نوێی حکومەتی یەکگرتوودا ئەو وەزارەتانە یەك بگرنەوە، یەك وەزارەتی دارایی‌مان هەبێت، چونکە ئەوەندەی من زانیبێتم زۆر بەی ئەو تێبینیانەی هەیە، چونکە ئێمە دوو وەزارەتی دارایی‌مان هەیە بودجەش بەشکراوە، پێش ئەوەی بێتە بەردەستمان وەکو ئەوترێت، ئەگەر واش نیە با ئەو برادەرانەی کەوا لێرەن و پەیوەندیان بەو قەزییانەوە هەیە با ئینکاری بکەن، چونکە وەکو زانراوە لە بەرپرسی باڵاتر کە پێشتر وتوویەتی بودجەی کوردستان لەنێوان هەردوو لادا دابەشکراوە، بۆیە پێش هەموو شتێك کەداوای وەزیری دارایی بکەین و بریکارەکەی کە لێرەیە، ئێمە دەبێ ئەو پرسیارە بکەین ئایا بۆ میللەتەکەی ئێمە لاوازی نیە، کابینەیەك نەیتوانی سێ وەزارەت یەك بخات لەماوەی ساڵێکدا، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

یەك: ئێمە هەموومان لەگەڵ ئەوەداین کە پێویستە میزانیەکە، میزانیەیەکی شەفاف بێت، کراوە بێت، مەجالی موناقەشەو قسەکردنێکی زۆری تێدا هەبێت، دوو: ئەو دوو ڕاپۆرتەی کە خوێندرایەوە لەلایەن لیژنەی دارایی و مالیەوە بەدەیان ڕەخنەی تێدایە کەئاراستەی حکومەت کراوە، کە ئەبێت لەم جەلسانەدا موناقەشە بکرێت، سێ: میزانیە پەیوەندی بەژیانی هەموومانەوە هەیە، پەیوەندی بە مەشاریعی حکومەت و خزمەتگوزارییەوە هەیە، بۆیە قەت من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە تەئجیل بکرێت، موناقەشە بکرێت، لەکاتێکدا ئێمە لە ناو پەرلەمان داوا ئەکەین، وەزارەتەکان یەکتری بگرنەوە لە هەمان کاتیشدا ئێمە ئیستیعدادمان نیە لەگەڵ وەزیرێکی مالیە موناقەشە بکەین، کە وەزیری هەرێمە بۆ کاروباری مالیە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە موناقەشەکە بەردەوام بێت، کراوە بێت، هەمووشمان ڕاو قسەو موناقەشەمان لەسەر میزانیەکە بدەین بەڕاشکاوانە، بەبێ هیچ تەحەفوزاتێك بۆ ئەوەی موناقەشەکە مەجرای خۆی وەربگرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

تکایە لەخۆتانەوە قسە مەکەن دوایی ناوتان دێنم، لە موشاغیب بڕێك قورستر بەکار ئەهێنم، ئەوەی لەخۆیەوە قسە بکات، من ئومێدم وابوو لەجیاتی ئەوەی کە ئیعتراز بگرن، پێشتر بتان وتایە ئێمە داوا ئەکەین، یەك وەزیر تەعبیر بکات لە هەمووی، یەك وەزیر، یەك میزانیە خۆزگە ڕەئیتان وابوایە، فەرزتان

بکردایە لەسەر حکومەت کە ئێمە تەنها لەگەڵ یەک وەزیر موناقەشە ئەکەین، نەک ئێستا بڵێن دوو وەزیر دابنیشێت، ئێوە تەرسیخی تەقسیمەکە ئەکەن، کاك شێخ بایز فەرموو.

بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی ئێمە کە ئامادە بووین لێرەدا مەفروز بوو هەتا پێرێش جەنابی کاك سەرکیس ئامادە بێت، کاك دڵشادیش ئەبوایە بوایە لەگەڵمانا، بەڵام کۆبوونەوەکانی ئەوێ وای کرد، من ئاگادار بووم لە نزیکەوە بە ئیلحاحەوە کاك سرکیسیان برد، ئەم شەویش لەشەودا تەلەفۆنیان کرد وتیان ئەبێ بەیانی هەرچۆنێك بێت کاك دڵشادیش بگاتە ئەوێ، چونکە دیارە مەوزوعەکە یەك، دوو مەسەلەی زۆر گرنگە، خۆشتان ئەزانن چیە؟، پێویستی بەوان ئەکرد کەئامادە بن، بەنیسبەت میزانیەوە کە ئێستا ئەم خوشك وبرایانە ئەڵێن بەڕاستی ئەم میزانیە بە موشتەرەکی دانراوە، لیژنەی موشتەرەك داینراوە، سێ کەس لە ئێمە لەوەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی وە سێ کەسیش لەوەزارەتی دارایی و ئابووری، موختەسەری ئەو شتانەش پاش چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتەکاندا ئەوە بەتایبەتی میزانیەی تەشغیلی بەنیسبەت میزانیەی وەبەرهێنان، ئەوە جەنابی کاك عوسمان نوێنەرەکانی لەوێ بووە لەگەڵ ئەو لیژنەیە ئەوانیش دانیشتوون، ئەو ئیشانەیان تەواو کردووە و پاشان ئەوە هاتووەتە بەردەم کاك سەرکیس و کاك عوسمان و خۆشم، بە ئامادەبوونی وەکیلی وەزارەتەکان، ئێمە ئەوەمان موناقەشەکردووەو ئیمزامان لەسەر کردووە، هاتووەتە ئەنجومەنی وەزیران و پاشان هاتووەتە پەرلەمان، دیارە ئەوەی کە لەناوچەی ئێمەدایە وەختی خۆی وەزارەتی مالیە فیعلەن بووە بەدوو بەشەوە، فیعلەن وایە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و وەزیری دارایی و ئابووری، بۆ مەعلوماتی هەموو لایەکتان من هەموو دەسەلاتەکانی وەزیری دارایم هەیە، بەپێی ئەو تەخویلەی کە کراوم، خۆشی لە سەرەتاوە هەر بەو شێوەیە هاتووە، دەست و دائیرەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری ئیدارەی سلێمانی، ئێستا لەژێر دەسەلاتی وەزارەتی هەرێمە بۆ کاروباری دارایی، هەموو مامەڵە داراییەکان ئەکات و ئیشە داراییەکان ئەکات، بەپێی ئەو تەخویلەی کەکراوە، ئێستاکەش من بەڕاستی ئەگەر بێت وڕاپۆرتەکەی خۆم وەکو جەنابت فەرموت، من بیخوێنمەوە زۆر زیاترم دەوێت، بەڵام ئەوە تەفسیلە لەسەر چۆنیەتی میزانیە کەهاتووە، وە چۆن بووە، چۆنە، چەندە، لەدوای حاکیمە چەندە، لەدوای ئەوانە هەر هەمووی بەتەفسیلی و بەژمارە، ئێمە نووسیومانە، دوورو درێژە، بەڵام ئەوەی لە ڕاپۆرتی بەڕێزان هاتووە، لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی، بەڕاستی ئێمە وەکو وەزارەتی مالیە تەئیدی ئەکەین، ئومێدەوارین ئەمساڵ زۆر بەباشی جێبەجێبکرێت، لەلایەن وەزارەتی مالییەشەوە إنشاء الله هەر یەك وەزارەتیش ئەبێت، ئەوەی کەهاتووە لەناو فەقەرەکاندا بەڕاستی، ئێمە مولاحەزەیەکی ئەوتۆمان لەسەری نیە، ڕەنگ هەیە یەك مولاحەزەمان لەسەری هەبێت، وەختی خۆی ئیتیفاقمان کردبێ وتوومانە سێ مانگ کەمە بۆ ڕاپۆرتە داراییەکان، با شەش مانگ بێت، بەڵام لیژنەی دارایی سێ مانگی تەئید کردووە، ئێمەش وا لەگەڵیاندا ئەبین بۆ ئەو مەوزوعە وجێبەجێی ئەکەین، بەنیسبەت ئەوەوە کەیەك بودجە هەبێت، بۆ ئەم سێ وەزارەتەی کە ئێستا یەکیان نەگرتۆتەوەو ئەبێ یەکبگرنەوە، من لێرەوە ئەیڵێم وەکو

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی، ڕاستە حکومەت قەت یەکگرتوو نابێت، ئەگەر وەزارەتی مالییەکان یەک نەگرن، ئەمە حەقیقەتە، بەڵام ئەمە لە دەسەڵاتی وەزیری مالیەدا نیە، کە ئێستا هاتووە لێرەدا دانیشتووە، یان لەدەسەڵاتی وەزیری هەرێمدا نیە، کە ئێستا هاتووە لێرەدا دانیشتووە، ئێمەش تەئیدی ئەوە ئەکەین، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین، هیچ کۆسپێکی ئەوتۆش نابینین لەڕووی تەکنیکی و فەنیەوە کە یەک نەگرێتەوە، پێشم وایە ئەوەی کەمن خۆم گوێم لێ ئەبێت، یەک ئەگرێتەوە إنشاء الله وە کۆتاییشی پێ دێت، بەڵام باسی شتێکی سەیر ئەکرێت، باسی ئەوە ئەکرێت، وەلەو عەفوم بکەن کەئەڵێم سەیر ئەڵێن ئێستا ئەبێت بودجەکان یەک بگرێت، من پرسیارێکم هەیە، ئەی ئەگەر بەیانی فەرەزەن وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی ئاودێری یەکی گرت، بودجەکانیان ئەوەندە زەحمەتە یەک بگرێت، نەخێر بەیەک ئەمر تەنها ڕەقەمە ئیزافەی ڕەقەم ئەکرێت، هیچ موشکیلەیەک نیە، ئێستا ئیزافە بکرێت یان دە رۆژی تر ئیزافە بکرێت، ئەمە بەڕاستی نابێ ببێت بەکۆسپ، خۆی ئەمە وایەو هەموو وەختێك وابووە، جاری وا هەیە وەزارەتیش هەر ئەمێنێت، ئەنجومەنی وەزیرانیش هەر ئەمێنێت، ئیحتیفاز بەوەزعی خۆیەوە ئەکات، بەڵام حکومەت قەراری دەمجی دوو وەزارەت ئەدات، کە ئەو قەرارە ئەدات، لەدوای ئەوەش یاساکە ئەبێ دەربچێت، دوای ئەوەش هەر خۆی ئیعتیادی میزانیەی ئەم ئەچێتە سەر ئەوی تریان، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، کاك عوسمان شوانی وەزیری پلاندانان، فەرموو.

بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من تەئیدی هەموو ڕایەکانی لیژنەی دارایی ئەکەم، بەتەواوەتی زۆر شتی باش و مولاحەزاتی باشیان داوە، بەس یەك جواب بۆ ئەو برادەرانە کە ئەڵێن، موناقەشە با نەکرێت، ئێمە لێرە دانیشتووین سێ وەزیرین، وەکیل وەزیرێکیش دانیشتووە، با موناقەشەکە دەست پێبکات، ئەگەر بێتو قەناعەتیان پێنەکرد وەکو کاك کەمال فەرمووی، ئەکرێ ئەمە تەئجیل بکرێت بۆ ڕۆژێکی تر، بۆ کاتێکی تر، بەڵام کات زۆر درەنگە ئێستا خۆی لەمانگی 4 دایە، بەتایبەت من لەسەر بودجەی وەبەرهێنان قسە ئەکەم، مەشاریع تەئخیر ئەبێت، سێ مانگ و نیومان لەسەر ڕۆیشتووە، کوردستان خۆی لە فەصڵی زستاندا ئیشی بۆ ناکرێت، هەمووی شەش تا حەوت مانگی بۆ ئەمێنێتەوە، تا میزانیە موصادەقە دەکرێت لەلایەن بەڕێزتانەوە، تا ئەچێتە سەرۆکایەتی هەرێم تا دەگەڕێتەوە، تا تەعلیماتی پێ دەرئەچێت، خۆی تەئخیر تر ئەبێت، بەڕای من با موناقەشەکە دەست پێ بکەین، ئەو موناقەشاتانەو ئەو مولاحەزاتانەی کە ئێوە هەتانە، دەکرێ جەنابی کاك بایز وەکو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و منیش یارمەتی ئەدەم، لەبەشی وەبەرهێناندا، بۆ جواب دانەوەش کاك ڕەشید مەوجودە، ئەگەر ڕەئیتان و قەناعەتتان نەبوو، ئێوە مخەوەلن، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش پەرلەمانی کوردستانە، حەقی هەیە موصادەقە نەکات، حەقی هەیە گۆڕانکاری تێدا بکات، حەقی هەیە هەرچۆنیەك داوا ئەکات وابێ، بەڵام تەئخیر کردنی ئەوە بەبەهانەی ئەوە کە وەزیری دارایی کە ئەبوایە لێرە بوایە بەهۆی مەسەلەیەکی ڕەسمیەوە کە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، کە گرنگ ترە، بەڕەئی من ئەویش

مەسەلەی قانونی تەوزیعی واریداتی دەوڵەتە لەعێراقدا، کە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، کە چۆن بتوانێ کورد بەشداری لەو موناقەشەیەدا بکات، بەشدارن برادەران لەبەغدا، بۆیە من داوا لە ئەندامانی پەرلەمان ئەکەم، لەجەنابیشتان ئەکەم، کە موناقەشەکە دەست پێبکرێت بۆ ئەوەی مولاحەزاتەکان چی هەیە، دەتوانین وەڵام بدەینەوە، ئەوەشی کە نەمانتوانی ئێوە حەقی خۆتانە ئەتوانن هەر کەسێك دەعوەت بکەن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر کەس دەستی بڵند کرد و داوای کرد کە قسە بکات، بەڵام من تەنها حەقم دا بەچەند کەسێك لەبەر ئەوە گلەیی مەکەن، بیست وقسور کەس دەنگم نەداوەتێ کە قسە بکات، لەبەر ئەوە موحەددد موشەخەص نیە، فەرموو کاك بەڵێن.

بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

مومکینە، گلەییەکەی من بەدەستی جەنابت گەیشتبێ، بۆیە ئەو مەسەلەی هاتە گۆڕێ، من هەر ئەوەندە دەڵێم لە جەلسەی ڕابردوو، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان داوای کرد، بۆ موناقەشەی میزانیە مەفروزە وەزیر ئامادە بێت، دەبا سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو شتە لەبەرچاو بگرێت، یان ئەوەتا ئەو کۆبوونەوەی ئەمڕۆی دوا بخستایە تا وەفدەکە دەگەڕێتەوە، یان ئەوەتا وەکو کاك شێردڵ باسیکرد وەکالەت بەڕەسمی بدرایە، جەنابی سەرۆك چەندینجار ئێمە لێرە موناقشەمان کردووە کە مەسەلە هاتە سەر مالیە، پەیوەندی بە مالیەوە هەبێت، یاسایەك، پرۆژەیەك، پەیوەندی بەمالیەوە هەبووە، ئێمە ڕامان گرتووە وتوومانە ئەبێ ئەو پرۆژەیە بدرێتە حکومەت، چونکە پەیوەندی بەمالیەوە هەیە، ئەوە پەیوەندی بە میزانیەی تەواوی سەرتاسەری کوردستانەوە هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەگەر دوو وەزیرمان نیە قبوڵمانە، جەنابی شێخ بایز کە وەزیری هەرێمە بۆ کاروباری دارایی قبوڵمانە، بەڵام ئێمە دوو وەزارەتی مالیەمان هەیە، لەبەر ئەوە بەڕاستی مەفروزە کە وەزیری مالیە لێرە ئامادە بێ، بۆ موناقەشە کردنی میزانیەکە، مومکینە برادەران زۆر داخلی موناقەشە بوون، حەق نیە داخلی موناقەشە بن، یەعنی ئێمە ئەگەر بڕیار بدەین کە موناقەشەی بکەین ئەو وەختە، داخڵی تەفاصیل ئەبین ئەو برادەرانەی کەباسیان کرد، ئەو دوو وەزارەتە بۆ یەك ناگرێتەوە، بۆ حساباتی 2007 دیار نیە، ئەمە لەکاتی موناقەشەدا باس ئەکرێت، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی هەیە، کەوا ڕاپۆرتێکی ڕێکوپێکە، مولاحەزاتی جدی تێدایە، هەروەها ڕاپۆرتی لیژنەکانیش هەموویان هەیە، من بۆ خۆم لە لیژنەی کشتوکاڵ و پەیوەندیەکاندام تا ئێستا ئێمە لەگەڵ چوار وەزارەت موناقەشەمان کردووە، ڕاپۆرتیشمان هەبووە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ڕەخنەکەت بۆ سەرۆکایەتی ڕەدی ئەکەمەوە، لەجێدا نیە، لەبەر ئەوە خۆتان پێشتر داوای وەزیرێکتان کردبوو، دوو جار دواخرا، لەبەر ئەوەی وەزیر ڕۆیشتوو سەفەری کرد، گلەیتان لە ئێمە کرد وتتان با سەفەریشی کردبێ لێرە با موناقەشەی بکەین بەغیابی ئەویش، ئێمەش لێرە ئیعلانمان کرد بوو سێ ڕۆژ

دەبێت، وتومانە دەعوەتی ئێوەمان کردووە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، بەرنامەی کارمان ئیعلان کردووە، بە وەزیرەکانمان ڕاگەیاند دوایی لەپڕ ئیجاب کراوە کە وەفدی حکومەت بچێتە بەغدا، جارێکی تر ئێمە بەرنامەی کارمان ئیعلان بکردایە بلێین دوامان خستووە، لەبەر ئەوە دیسان ئەهاتن بەنەوعێکی تر ڕەخنەتان ئەگرت، لەبەر ئەوە ڕەخنەکەت لەجێگای خۆی نیە، دوو کەسی تر قسە ئەکات، دوایی ئەیخەمە دەنگەوە، کاك خورشید وکاك ئارام، فەرموو کاك خورشید، ئەزانن چیە دوو کەس قسە بکات، یەکێك موئەید، یەکێك موعارز، با بزانین کاك خورشید چ قسەیەك ئەکات، موقابیلەکەی قسە بکات، فەرموو.

بەڕێز خورشید سلیم شێرە:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەوەی خوشك وبرایان وتیان زۆر ڕاستە، بەڵام وەکو جەنابیت ئیشارەتت پێدا، ئامادە نەبوونی وەزیری دارایی بەڕەغبەتی خۆی نیە، وەکو ئیشارەتتان پێکرد بۆ شتێکی گرنگ ڕۆیشتووە، مادام وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و وەزیری پلاندانان لێرە ئامادەن، و ئامادەشن جوابی هەموو شتەکان بدەنەوە، خۆشیان ئیستیعدادیان هەیە، دەشڵێن ئێمە ئاگادارین، بۆیە تەئجیل کردنەکە هیچ پێویست ناکات، ڕەئم وایە کە بەردەوام بین لەسەر موناقەشەکە و تەئجیل کردنی ناوێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

برادەرێکی تر بیەوێت بەردەوام نەبین لە موناقەشەکە، یان داوای دواخستنی بکات، کێ داوای دواخستنی ئەکات لەبەر ئەوەی وەزیر لێرە نیە، کاك محمد فەرەج، فەرموو.

بەڕێز محمد فرج احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وەڵاّ من وا ئەزانم ئەم موناقەشەیە درێژە ئەکێشێت، بەئەنجامیش ناگات، بەڵام پێشنیارێك ئەکەم، ئێمە لە یاسای ڕاوێژکاریدا کەوتینە بەر ئاو ئەرێ و نەرێ، یاساکەمان دواخست، ئێمە ئێستا هەر لە ئەساسەوە دوو گرفتی زۆر گەورەمان هەیە، هیچ بواریك، هیچ وەزارەتێك لە هیچ حکومەتێکدا، دوو کەس نیە تەنها یەك کەسە، کەوا بوو ئێمە هەر لەئەساسەوە کەوتینە بەر گرفتێکی گەورە، ئەمە یەك، دوو: لە هەموو ئەو دوو ڕاپۆرتانە ئەوە وەزیری هەرێمیش بۆ کاروباری دارایی شێخ بایز دانی بەوەدا نا، کە ئەبوایە فیعلەن بودجەی 2007 باسێکی لێوە بکرایە، کەوا بوو ئێمە ئێستا دوو گرفتی زۆر گەورەمان هەیە، ئەم دوو گرفتە ئێستا پەرلەمان بەر لەوەی بچینە ناو موناقەشەکانەوە، قەسەی لەسەر ناکات، بیداتەوە بە ئەنجومەنی وەزیران، حسابات خیتامی 2007 بێتە ناو ئەم یاسایە، بەر لەوەی ئێمە موناقەشەی 2007 بکەین، دوو: ئێمە بۆچی هەر لە ئێستاوە نەڵێین یەك وەزارەتی مالیە با ئەوان هەر بۆخیان حەتا یەك ئەگرنەوە، با خۆیان بەشی بکەن، بەڵام ئێمە ئێستا لەناو ئەو بودجەیەدا تەنها یەك وەزارەتی مالیە هەبێت، تەنها یەك وەزارەتی ناوخۆ هەبێت، یەك وەزارەتی پێشمەرگە هەبێت، یەك ئاسایش هەبێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر کەستان قسەتان کرد، دوو رەئی جیاوازە، رەئیەك داوا ئەکات کە مادام وەزیری دارایی و ئابووری لێرە نیە، با دانیشتنەکە دوا بخرێت، ڕەئیەکیش کە هەردوو وەزیریش تەئکیدیان کردەوە، کە بەردەوام بین، حەز ئەکەم لیژنەی مالیش ڕەئی خۆیان بڵێن لەسەر ئەوە، فەرموو کاك دکتۆر دلێر.

بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی و ئابووری، پێمان چاکە گفتوگۆ لەسەر بودجە دوا نەخرێت، بەمەرجێك ئەگەر بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری، بتوانێت جوابی پرسیارەکانمان بداتەوە و کێشەی نەبێت لەو مەسەلەیەدا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەتوانی جواب بدەیتەوە کاك شێخ بایز، فەرموو.

بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی هێنانی میزانیە بۆ پەرلەمان و تەقدیم کردنی و هاتنی بەم شێوەیە، بەنیسبەتی ئێمەوە بەتایبەتی ئێستا هەر سێکمان دانیشتووین، شتێکی غەریب نیە، هەر سێکمان ئەوە چەندەها ساڵە ئێمە لەو بوارەدا ئیش ئەکەین، حەتاکو بەنیسبەتی خۆشمەوە وەکو وەزیر ئەم ئیشانە ئیشی خوارەوەی وەزیرە، بەڵام قانونەکەی پەرلەمان وایە ئەبێ وەزیر لێرە جواب بداتەوە، ئیلا مەفروزە ئەمە لیژنەیەکی فەنی ولیژنەیەکی تایبەتی کە ئەوانەیان ئامادە کردووە، بێت وەڵام بداتەوە، بەس بەداخەوە هەر لێرەشەوە ئەو ئیقتراحە ئەکەم بەڕاستی حەقە، ئەوە بگۆڕدرێت، چونکە ئەگەر ببوایە لیژنەکانی دانانی میزانیە لەگەڵ لیژنەی دارایی پەرلەماندا، ئەم مەوزوعانەیان پێشتر هەمووی شتێکیان باس بکردایە، رەنگ هەیە زۆر لە داواکاریی و شتەکانیش حەزف بکرایە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێستا گوێتان لە رەئی کاك شێخ بایزیش بوو، هی کاك عوسمانیش بوو، رەئی لیژنەی دارایش بوو، بەتایبەتی ئاماژە بە رەئیەکەی کاك عوسمان دەکەم، کە وتی زۆر لە پرۆژەکان ڕاوەستاون، هەتا بودجە پەسەند نەکرێت ناکرێت ئەو شتانە بکرێت، واتە پارەکە سەرف بکرێت، غەیری مەعاشات و شتنی زەروری نەبێت، ئێستاکە مادام بودجەکە نەهاتووە بۆ پەرلەمان سەرف ناکرێت، ئەو موقتەرەحەی کە چەند ئەندامێکی پەرلەمان داوایان کرد لەبەر ئامادە نەبوونی وەزیری دارایی و ئابووری لێرە، دوابخرێت کێی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بکات تکایە؟، یەعنی بۆ تەئجیل کردنی ئەم دانیشتنە، 42 کەس، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بەردەوام بین لە دانیشتنەکەمان 40 کەس، دانیشنەکەمان دوا دەخرێت تا وەزیر ئامادە دەبێت، کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دێنین بەخێربێن سەرچاوان.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)
جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

عدنان رشاد مفتی
سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان - عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10)

سێ شەممە رێکەوتی 2008/4/22

کاتژمێر (10ر30)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2008/4/22 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (10)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2008/4/22 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق, کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەناوی گەلی کوردستان، کۆبوونەوەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی

کاری دانیشتنی (10)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2008/4/22دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق و یاساکەی، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز کاك سەرکیس ئاغا جان وەزیری دارایی و ئابووری، شێخ بایز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری، کاك عوسمان شوانی وەزیری پلاندانان، کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، کاك رەشید بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەم، زۆر بەخێر بێن سەرچاو، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، لە دانیشتنی پێشوو راپۆرتی دارایی خوێندرایەوە، ئەگەر جەنابی وەزیر قسەیەکی هەبێت پێش ئەوەی بچینە سەر خاڵەکان لەسەر بودجە بەشێوەیەکی گشتی هەر لە شوێنی خۆت دەتوانی قسە بکەیت.

بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی ئەگەر لەسەر بودجە رووبن کردنەوە بکەین، تۆزێك کاتی دەوێت، ئینجا ئەگەر حەز بکەن دێمە سەر مەنصە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

فەرموو کاك سەرکیس، پێش ئەوەی قسە بکەیت، بیریان خستمەوە کە ئەمڕۆ رۆژی رۆژنامەگەرییە، ئینجا دوو قسە لەسەر ئەوە بکەین، سوپاس ئەوەی دەکەم کە بیری خستمەوە، کاك ئاریزە بەو ئیعتیبارەی لێپرسراوی لیژنەی رۆشنبیرییە، حەقی خۆیەتی هین بکاتن، ئەمڕۆ رۆژی رۆژنامەگەرییە، بە حەقیقەت بۆیە لە بیرم چوو لە کۆنفرانسی کە تایبەت بە سەربەخۆیی دەسەلاتی دادوەری لەوێوە دێم، لەوێ پیرۆزباییم بۆ ناردن، باسیشم کردەوە کە ئەمڕۆ رۆژی دامەزراندنی رۆژنامەیە لە کوردستان، یەکەم جار رۆژی رۆژنامەنووسانە پیرۆزبایی گەرمیان لێ دەکەین و باسیشم کرد کە وەختی ئەوە هاتووە، کە ئەو دەسەلاتە وەکو دەسەلاتی چوارەم، دەسەلاتی میرییە مەبەستمە بە هەموو بەشەکانیەوە دەوری کاریگەری ببینن لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا بۆ خستنەڕووی راستیەکان، بۆ دەسەلاتی جێ بەجێ کردن و پەرلەمان و دەسەلاتی دادوەری، هوشیار کردنەوەی خەڵك، بەشدار بوون لە پێشخستنی ئەو کۆمەڵگایە.

بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من هەوڵدەدەم ئەرقامەکان بۆ ئەندامانی پەرلەمان باشتر رووبن ببێتەوە بە دۆلار بیخوێنم، نەك بە دینار.

یەکەم/ بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی 2008 بریتیە لە (49884977957) دۆلار بەم شێوەیە:

بودجەی تەشغیلی (36825622003) دۆلار.

بودجەی پلان (13059355954) دۆلار.
عیجزی بودجە (7572410296) دۆلار.
عیجزەکان لە پارەی مودەوەری ساڵی 2007 پڕ دەکرێتەوە.
داهاتەکانی بودجەی گشتی عێراق بە بڕی (42312567661) دۆلار خەملێنراوە، کە لەمەش (35368425000) داهاتی نەوتە کە رۆژانە (1700000) بەرمیلە، بۆ هەر بەرمیلێك (57) دۆلار حیساب کراوە، بەپێی ماددەی (17) خاڵی شەشەم لە یاسای بودجەی ساڵی 2008 هەر زیادەو کەمییەك کە رووبەڕووی خەرجیەکانی بودجەی گشتی ئیتیحادی ببێتەوە ڕێژەی 17٪ لەم زیادەیە، یان کەمیە هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان لە یاسای بودجەی فیدراڵی بۆ ساڵی 2006و بەپێی ماددە (13) (ج) تەنیا باس لەوە کرا بوو کە هەر زیادەیەك لە بودجەی گشتی فیدراڵ پەیدا ببێت ڕێژەی 17٪ ئەم زیادەیە دەدرێتە هەرێمی کوردستان، لە بودجەکانی ساڵانی پێشووتریش بە هەمان شێوە هاتبوو، بەڵام لە ساڵی 2007 ئەم خاڵە گۆڕانکاری تیا کرا بەشێوەیەك کە هەردوو لایەنی کەمی و زیادە لە بودجەی گشتی فیدراڵ ڕێژەی 17٪ی هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە.
دووەم/ خەرجیەکانی سیادی واتا سەرۆکایەتی کۆمارو ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دەرەوەو وەزارەتی بەرگری و بەڕێوەبەرایەتی سەفەرو ڕەگەزنامەو فەرماندەیی هێزەکانی سنوور قەرەبوو کردنەوەی شەڕی کوێت و خەرجی ناردنە دەرەوەی نەوتی خام و ئیلتیزاماتی عەرەبی و نێو دەوڵەتی، تەسویەی نەقدی قەرزەکانی دەرەوەو فەوائیدی قەرزەکانی بانقی نێودەوڵەتی و هی تر دەکاتە (11863963722) دۆلار لەم مەبلەغە (5072961130) دۆلار بۆ وەزارەتی بەرگری و (1379626203) دۆلار بۆ خەرجیەکانی تەشغیلی بەڕێوەبەرایەتی سەفەرو ڕەگەزنامەو فەرماندەیی هێزەکانی سنوور تەرخان کراوە.
خەرجیەکانی سەروەری لە ساڵی 2007 (8446183398) دۆلار بووە، لە ساڵی 2008 زیاد کراوەتەوە بۆ (11863963722) دۆلار، کە ئەم زیادەیە زیان بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت، چونکە ڕێژەی 17٪ی بۆ حیساب ناکرێت، ڕێژەی 17٪ی زیانەکەش دەکاتە (581022655) دۆلار، بەپێی ماددە (17) خاڵی شەشەمی یاسای بودجەی گشتی ئیتیحادی ئەگەر موناقەلەی خەرجیەکانی سیادی کرا بۆ سەر خەرجیەکانی گشتی لە بڕی موناقەلە کراو ڕێژەی 17٪ دەکرێتە سەر بودجەی هەرێمی کوردستان، هەروەها لە خاڵی هەشتەمی ماددەی (17)ی هەمان یاسادا هاتووە، کە سەرۆك وەزیرانی ئیتیحادی بۆی هەیە لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەسەر خەرجیەکانی هێزەکانی پاسەوانی هەرێم ڕێك بکەوێت کە لەگەڵ دەستووردا بگونجێت.
سێیەم/ خەرجیەکانی حاکیمە: بەپێی یاساکانی بودجەی گشتی فیدراڵی لە ساڵانی 2004 و 2005 و 2006 و 2007 نابێت ئەم خەرجیانە تەسەروفیان پێ بکرێت، مەگەر پاش ڕاوێژو هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتەکانی ناوەندی و وەزارەتە هاوچەشنەکان لە هەرێمی کوردستان، بەڵام نەك تەنیا وەزارەتەکانی ناوەندی ڕاوێژو هەماهەنگیان نەکردووە، بەڵکو تەنانەت لە چۆنیەتی و چەندایەتی خەرجکراوی ئەم

خەرجیانەش حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادار نەکراوەتەوە، لە یاسای بودجەی گشتی 2008 ئەم ماددەیە گۆڕاوە بەشێوەیەك هاتووە، کە تەرخان کراوی حاکیمە نابێت تەسەروق تیا بکرێت مەگەر دوای راوێژو هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتی دارایی لە بەغداو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستاندا، خەرجیەکانی حاکیمە بۆ ساڵی 2008 لەمانە پێك دێت:

کەلوپەلی خۆراك رێژەی 17٪ی هەرێمی کوردستان دەکاتە (556466667) دۆلار.

خەرجیەکانی حەج (5100000) دۆلار.

کرێنی کارەبا (53613750) دۆلار.

هەیئەی دەعاوی مولکداری (42500000) دۆلار.

کرێنی سوتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا (29325000) دۆلار.

کرێنی دەرمان (116705992) دۆلار.

سەرژمێری دانیشتوانان (17878333) دۆلار، کۆی گشتی رێژی 17٪ی خەرجیەکانی حاکیمە دەکاتە (821589742) دۆلار، رێژەی 17٪ی هەرێمی کوردستان، ئەو شێوەیەی کە بۆ دەست نیشان کردنی رێژەی 17٪ لەلایەن حکومەتی فیدراڵی بەکار دێت بەم جۆرەیە، کە پاش کەم کردنەوەی خەرجیەکانی حاکیمە لە تەرخان کراوی 83٪ی بودجەی گشتی فیدراڵ، ئەوەی کە دەمێنێتەوە 17٪ی بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان دەکرێت، لەڕاستیدا چۆنیەتی ئەژمار کردنی رێژەی 17٪ یەکێك بووە لە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، سەرەتا 100٪ی بودجەی گشتی فیدراڵی بە هەرێمی کوردستانەوەش خەرجیەکانی سیادی و حاکیمە کەم دەکران و پاشان رێژەی 17٪ی بۆ هەرێم دادەنرا، لە ساڵی 2006دا جگە لە سیادی و حاکیمە رێژەی 17٪ی هەرێمی کوردستانیشیان لە رێژەی 100٪ی بودجەی عێراق کەم کردەوە، ئینجا رێژەی 17٪ بۆ هەرێمیان دانا، کە بەمەش (726558)ملیۆن دینار زیان بە بەر هەرێم کەوت، بەلاّم لە سەردانەکەی بەڕێز سەرۆکی حکومەت و وەفدی یاوەری بۆ بەغدا 2006 ئەم کەموکوڕیە چارەسەر کرا، هەروەها بابەتێکی تر پێویستە ئاماژەی پێ بدەین، ئەویش لەسەر دیار کردنی ئەم رێژەیە لەسەر داهات و خەرجیەکان، ئەگەر بودجەی هەرێمی کوردستان لەسەر داهاتی سالاّنەی عێراق حیساب بکرێت رێژەکەی کەم دەبێتەوە، هەروەك بۆ ساڵی 2008 بە بڕی (3546) ملیار دینار دانرا بوو، کە پاش سەردانی وەفدی دارایی هەرێم بۆ بەغداو پشتگیری بەڕێز دکتۆر بەرهەم ئەم ئیحتیساب کردنە لەسەر داهات گۆڕدرا بۆ خەرجیەکان، هۆی ناڕازی بوونمان لەسەر ئەژمار کردنی رێژەی بودجەی هەرێم لەسەر داهات زۆرتر بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە بەغدا ئامادە نەبووە مودەوەری ساڵی 2007 بخاتە سەر داهاتی سالاّنەی 2008، لە مانگی یازدەی 2006 تا مانگی دووی 2007 چوار جار بڕی تەرخان کراوی هەرێم رووبەڕووی گۆڕانکاری بووە، ئەویش بەهۆی دەستکاری کردنی بودجەی عێراقی فیدراڵ، لە ماددەی (19)ی بودجەی فیدراڵی هاتووە کە گۆڕانکاری لە رێژەی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان دەکرێت، لە کاتی ئامادە کردنی بودجەی ساڵی 2009داو پشت بە دەستوور دەبەسترێت، بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی فیدراڵی سەرژمێری گشتی

دانیشتوانان له عێراق ئەنجام دەدات، کە ئەم سەر ژمێریەش نابێت ماوەکەی لە 2008/12/31 دەرباز ببێت.

بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2008

بەپێی نووسراوی ژمارە (17438) لە 2007/8/31 بودجەی هەرێمی کوردستان بە بڕی (11733333333) دۆلار پێشکەش بە وەزارەتی دارایی عێراقی فیدرالێ کرا، بەڵام ئەمسااڵیش وەزارەتی دارایی فیدراڵی بەبێ بەشداری کردنی نوێنەری هەرێم لە ئامادە کردنی بودجەی گشتی عێراقی فیدراڵی بڕیاری دەست نیشان کردنی بڕی بودجەی بۆ هەرێم دا، هەروەها هەردوو وەزارەتی دارایی بە هاوکاری وەزارەتی پلاندانان لە 2007/10/9 خشتەی ئامادە کردنی بودجەی گشتی ساڵی 2008یان بۆ گشت وەزارەتەکان ناردووە، تا لەماوەی پازدە رۆژدا بۆ وەزارەتی دارایی بنێرن، لە 2007/11/19) و (2007/11/25) دوو جار لە وەزارەتەکان و بە نووسراوی ڕەسمی تەئکید کرایەوە، کە پەلە بکەن لە ناردنی خشتەکانی بودجەدا، لە رۆژی 2007/12/3 خشتەی گفتوگۆ کردن لەنێوان هەردوو وەزارەتی دارایی و پلاندانان لەگەڵ وەزارەتەکان بلاّو کرایەوە، کە ئەم گفتوگۆیانە لە 12/5 تا 2007/12/17 درێژەی خایاند، لە ئاکامدا گەیشتینە ئەم ئەنجامە:

بڕی داواکراو لە لایەن وەزارەتەکان (13663479167) دۆلار، بڕی کە لەسەری رێککەوتووین (6357319167) دۆلار، بڕی تەرخان کراوی 17٪ لە بودجەی فیدراڵی (5483986667) دۆلار، عیجزی بودجەی ساڵی 2008 (873332500) دۆلار.

خەرجیەکانی بەکارخستن (62٪)و پرۆژەکانی سەرمایەداری وەبەرهێنان رێژەی 37,7٪ی سی حەوت و حەوت لە سەدی بودجەی هەرێم پێك دەهێنن، لەسەر ئاستی خەرجیەکانی بەکار خستن قەرەبوو کردنی فەرمانبەران رێژەی 59.2٪ پەنجاو نۆو دوو لە سەد، لەسەر ئاستی بودجەی گشتی هەرێم رێژەی (43٪) پێك دەهێنێت، بڕی تەرخان کراوی 17٪ لە بودجەی فیدراڵی بۆ ساڵی 2008 لە بەراورد کردنیدا لەگەڵ بڕی تەرخان کراوی ساڵی 2007دا بڕی (498690000) دۆلار زیاد بوونەوەی هەبووە، لەسەر ئاستی وەزارەتەکان بابەکان جگە لە وەزارەتی دارایی ئەم وەزارەتانە زۆرترین تەرخان کراویان هەیە، کارەبا (764169167) دۆلار، پەروەردە (747805000) دۆلار، شارەوانی (746741667) دۆلار، ناوخۆ (549728333) دۆلار، ئاوەدانکردنەوە (346519167) دۆلار، خوێندنی باڵا (294113333) دۆلار، تەندروستی (277383333) دۆلار.

ئەگەر تەرخان کراوی 17٪ی خەرجیەکانی حاکیمە جگە لە وەزارەتی بازرگانی لەسەر وەزارەتە پەیوەندارەکان زیاد بکەن، پلەکان بەم شێوەیە دەگۆڕێن:

کارەبا (847107917) دۆلار.

پەروەردە (747805000) دۆلار.

شارەوانی (746741667) دۆلار.

ناوخۆ (549728333) دۆلار.

تەندروستی (394089325) دۆلار.

ئاوەدانکردنەوە (346519167) دۆلار.

خوێندنی باڵا (294113333) دۆلار.

لە بودجەی ساڵی 2008ی هەرێم پێشنیاری دانانی (29800) پلەی وەزیفی نوێ بە مەبەستی دامەزراندن دانراوە.

زنجیرە بەندی وەزارەتەکان، کە زۆرترین پلەی وەزیفیان هەیە بەم شێوەیە:

پەروەردە (9153) پلە.

تەندروستی (5050) پلە.

ناوخۆ (3530) پلە.

ئاسایش (3445) پلە.

شارەوانی (2015) پلە.

خوێندنی باڵا (1194) پلە.

کشتوکاڵ (1125) پلە.

ئەوقاف و کاروباری ئاینی (1000) پلە.

باقی پلەکان بەسەر سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی رۆشنبیری و شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و دارایی و دادو گواستنەوەو بازرگانی و وەرزش و لاوان و سەرچاوەکانی سروشتی دابەش کراون.

بەپێی ماددەی (28) بودجەی گشتی فیدراڵی وەزارەتی دارایی فیدراڵی لە ناوەڕاستی ساڵی 2008 دەبێت بودجەی تەکمیلی پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکات، پاش ئەوەی کە دڵنیا بێت لە بەردەوامی نرخی ئێستای نەوت و ئاستی بەرهەمهێنانی ئێستایدا، هەروەها لە ماددەی (25)دا هاتووە ئەو قەرزانەی نێودەوڵەتی کە پێشکەش بە حکومەتی ئیتیحادی دەکرێن بە چاوێکی یەکسان بەسەر هەرێمەکان و پارێزگاکانی عێراق و بەپێی ژمارەی دانیشتوانیان دابەش بکرێن لەگەڵ رەچاو کردنی پرۆژە ئیستیراتیجیەکانی کە تەنیا لەسەر ئەم قەرزانە تەمویل دەکرێن.

داهاتەکان:

داهاتەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2008 بە بڕی (186340833) دۆلار لە بودجەی هەرێم خەملێنراون، بەڵام لە بودجەی گشتی فیدراڵ داهاتەکانی هەرێم بە بڕی (464095000) دۆلار دانراوە، ئەمەش بەبێ راوێژ کردن لەگەڵمان، یاخود ئاگادار کردنەوەمان، بەڕێزتان ئاگادارن کە یەکێك لەو بابەتانەی لە بەغدا باسی لەسەر دەکرێت داهاتی هەرێمی کوردستانە، بەپێچەوانەی ئەو پرۆپاگەندانەی کە لە بەغدا لەسەر داهاتی هەرێمی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە، تەواوی داهاتەکانی هەرێم بە ژمارەو بە نووسراوی ڕەسمی لە لایەن هەردوو وەزارەتی دارایی پێشکەش بە بەغدا کراوەو بە بەردەوامی لەم داهاتە ئاگادار کراونەتەوە، ئەو لایەنەی کە بودجەی هەرێم تەمویل دەکات وەزارەتی دارایی فیدراڵیەو دەبێت

لەسەر ئەو بڕە داهاتەی کە بە ژمارە پێیان رادەگەیەنین عەمەلیەی موقاصە ئەنجام بدەن و لە تەمویلەکە کەم بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ ساڵی 2006 و 2007 تەئکیدمان لەسەر ئەو بابەتە کردۆتەوەو تەنانەت داوامان کردووە لێیان کە دیوانی چاودێری دارایی بەغدا بە تەنسیق لەگەڵ دیوانی چاودێری هەرێم دەتوانن تەئکید لەم داهاتانە بکەنەوە، بە مەرجێك دەبێت ئەم مافەش بە هەرێم بدرێت کە دیوانی چاودێری هەرێم بە تەنسیق لەگەڵ دیوانی چاودێری لە بەغدا لە داهاتەکانی عێراق دڵنیا ببێتەوە، رەنگە یەکێك لەو هۆیانەی کە زۆر باسی لەسەر داهاتی هەرێم دەکرێت، بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەردەوام هەرێم تەئکید لەوە دەکاتەوە کە ئاگادار نییە لە داهاتی نەوت و لە داهاتەکانی تری عێراق و غەدری لێ دەکرێت، تەنانەت وەزارەتی دارایی فیدراڵی (192) ملیار دیناری لە ساڵی 2006 لەبەرامبەر داهاتی هەرێم لە بودجەی هەرێمی بڕیوەتەوە، لە ماددەی (18)ی یاسای بودجەی ساڵی 2008دا هاتووە، کە دیوانی چاودێری دارایی ئیتیحادی بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان داهاتەکانی ئیتیحادی کە لە هەرێم وەردەگیرێت دەژمێردرێت و دەست نیشانیان دەکات و وەزارەتی هەرێم دەبێت مانگانە بۆ وەزارەتی دارایی فیدراڵی بنێرێت، هەروەها دەبێت موستەحەقاتی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتیحادی بۆ سالانی 2004 تا 2007 و سالانی دواتریش پاش وردبینی کردنیان لە لایەن دیوانی چاودێری دارایی ئیتیحادی بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان تەسویە بکرێن، ئەگەر بێتو داهاتەکانی هەرێم رەوانەی بەغدا نەکرێن، ئەو کات وەزارەتی دارایی ئیتیحادی بەپێی ئەو بڕە خەملێنراوەی کە لە داهاتی هەرێم لە بودجەی گشتیدا تۆمار کراوە لە تەمویل کردنی بودجەی هەرێم کەم دەکاتەوە.

بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەران، ئەم فەسڵە بریتیە لە قەرەبوو کردنی فەرمانبەران مووچەو پاداشت و کرێی خانەنیشینان و وانە گوتنەوەو تاقی کردنەوەو خەرجی لیژنەکان، ئەوانەی مۆڵەتی خوێندنیان وەرگرتووە، دەرمالێی مەترسی، زیادەکی، نیشتەجێ بوون، مێواندارى، ئیستیسنائی، چاودێری، پلە، خزمەتی زانکۆ، مووچەی خانەنیشنی مەدەنی و سەربازی، بڕی ئەم فەسڵە (2341369167) دۆلار، فەسڵی کالاکان و خزمەتگوزاری و پاراستن، کە بریتییە لە قورتاسیەو چاپ کردنی کتێب و گۆڤار، بەلگەنامە، دەستنووس، کرێی ئاوەڕۆ، کارەبا، هاوردنی وزەی کارەبا، سوتەمەنی، هاوردنی سوتەمەنی، جل و بەرگ و دەرمان، مەوادی قەلاچۆ کردنی زەردەواڵەو ئافات، مەوادی پارێزگاری، مەوادو پێویستیەکانی قوتابخانەو کتێب، داو و دەرمان، کەرەستەی شووشتن، چەك و کەرەستەی سەربازی، ئامێری ژمێریاری، چاپکەر، وێنەگرتن، دەرمالێی سەفەر بۆ ناوەوەو دەرەوەی عێراق، خەرجی بلاّو کردنەوەو راگەیاندن، هاوبەشی لە رۆژنامە، بەکرێ گرتنی مەکینەو کەرەستەو حاسیبەو کەلوپەل، کرێی تری وەك کرێ گرتنی هۆیەکانی گواستنەوەو مێواندارى، شاندو پەیوەندی گشتی، پولی پۆستە، گەیاندن، کرێی پسپۆڕی راوێژ، چاپکردن، خاوێن کردنەوەی دەزگا، هاوکاری وەرگێڕان و دانان، کرێی چوونە پاڵ دەزگاکانی زانکۆیی و پرۆپاگەندەیی، پارێزگاری لە رێگاوبان، پرد، دانانی تۆری ئاو و کارەبا، هۆیەکانی

گواستنەوە، شووشتنەوەی زەوی خوێواوك و پرۆژەکانی ئاودێری، کەلوپەل، باڵەخانە، ئامێرو دەزگا، کارگە، باخچە، کتێب، تۆمارو بەڵگەنامە.

بڕی تەرخان کراوی ئەم فەسڵە، کە بۆ ئەم خەرجیانە دێت، بریتیە لە (724602500) دۆلار باربوو، هاوپشتی کردنی خانەنیشین کردنی حکومی، پشتیوانی کردنی جوتیاران لە کڕینەوەی بەروبووم و دانەوێلەی نەخۆشی لێدراو، پەلەوەڕگا، تۆی دانەوێلە، فرۆشتنی پەین بە نرخی داشکاو، داشکاندنی نرخی دانەوێلە، باربووی تری کشتوکاڵی، بڕی تەرخان کراو بۆ ئەم فەسڵە بریتیە لە (47500000) دۆلار.

بەخشینەکان:

واتا مینحەی زانکۆکان، رێکخراوەکانی شارستانی، یەکێتیەکانی وەرزشی، مینحەی یەکەکانی حکومی گشتی، ئەنجومەنی پارێزگاکان، رێکخراوەکانی زانستی و کەلتوری، کۆڕی زانیاری، بڕی تەرخان کراو بۆ ئەم فەسڵەش دەکاتە (155833333) دۆلار.

سوودە کۆمەڵایەتیەکان:

خەرجیەکانی ئەم فەسڵە بۆ هاوکاری، باربوو، مووچەی خانەنشینی بۆ دامودەزگای کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بەهاناچوون و باربوو کردنی کۆمەڵایەتیانەی لێقەوماوان، بڕی تەرخان کراو (84108333) دۆلار.

خەرجیەکانی تر:

واتا کرێی زەوی و زار، پاداشت بۆ خەڵکی نا فەرمانبەر، پاداشتی پەیامنێران و هاوکاران، دەرماڵەی شاندگەلی قوتابیان، دەرماڵەی قوتابیانی زانکۆ، قەرەبوو و پڕ کردنەوەی زیان، زیان بژاردن بۆ قوربانیان، هێنانەوەو هاوەردن، گێڕاوەی جۆراوجۆر، مینحەی رێکخراوی خێرخوازو ئاینەکان، چالاکی دیدەوانی، یەدەگی کتوپڕ، زیانی گۆڕینەوەی پارە، کوژاندنەوەی قەرز، چالاکی وەرزشی و قوتابخانەیی و دیدەوانی، بڕی تەرخان کراو بۆ ئەم خەرجیانە دەکاتە (310419167) دۆلار.

هەبووەکانی غەیری دارایی:

کە بریتین لە خانووبەرەی نیشتەجێ بوون و غەیری نیشتەجێ بوون، ئامێرو کەرەستەو هۆی گواستنەوە، ئامێرو کەرەستەی تر، کەلوپەل، ئاژەڵ، زەوی، بڕی تەرخان کراو (294254167) دۆلار.

کۆی بودجەی ڕەوا (3958086667) دۆلار، کۆی بودجەی وەبەرهێنان (2399232500) دۆلار، کۆی گشتی (6357319167) دۆلار.

بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ بودجەی هاتوو لە بودجەی گشتی فیدراڵی، قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەران، پێشنیار کراو (2809643) ملیۆن، ئەوەی کە لە بودجەی فیدراڵی (1800) ملیار دینار، کاڵاکان و خزمەتگوزاری و پاراستن (869523) ملیۆن (9461)ملیۆن، باروبووەکان (57) ملیار، خەملێنراو (235) ملیار، بەخشینەکان (187) ملیار، خەملێنراو (200) ملیار، سوودە کۆمەڵایەتیەکان (1930) ملیۆن، خەملێنراو (429170) ملیۆن، خەرجیەکانی تر پێشنیار کراو (372503) ملیۆن، خەملێنراو (300073) سێ سەد ملیارو حەفتاو سێ ملیۆن، هەبووەکانی غەیری

دارایی پێشنیار کراو (353105) ملیۆن، خەملێنراو (385) ملیار، کۆی بودجەی رەوا پێشنیار کراو (4749704) ملیۆن، خەملێنراو (4249704) ملیۆن دینار، کۆی بودجەی وەبەرهێنان (2879079) ملیۆن، خەملێنراو (2223) ملیار دینار، کۆی گشتی بودجەی پێشنیار کراو (7628783) ملیۆن، خەملێنراو (6472704) ملیۆن دینار، عیجزی بودجە (1156079) ملیۆن.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پاش ئەوەی کە بڕیار درا مووچەی فەرمانبەران زیاد بکرێت لەعێراق مەبلەغێکی تر هاتە سەر بودجەی هەرێمی کوردستان، بەلأم ئەمە دوای ئامادە کردنی بودجە بوو، بۆیە عیجزەکەی بودجە جا ئەگەر ئەو زیادەیە لەسەری حیساب بکەین، عیجزی بودجەکە دادەبەزێت بۆ (1047999) ملیۆن دینار.

داهاتەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەملێندرێن:

باجەکان ئەوەی کە خەملێندراوە هی هەرێمی کوردستان (152981) ملیۆن.

داهاتەکانی تر (403933) ملیۆن، کۆی گشتی (556914) ملیۆن.

رێژەی فەسلەکانی بودجە بەم شێوەیەی خوارەوەیە لەسەر ئاستی گشتی بودجە:

قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەران (43٪).

کالأکان و خزمەتگوزاری و پاراستن (12,5٪).

باربووەکان 0.8٪.

بەخشینەکان 2،7٪.

سوودە کۆمەلأیەتیەکان 1،4٪.

خەرجیەکانی تر 5،3٪.

هەبووەکانی غەیری دارایی 5،1٪.

پلانی وەبەرهێنان 31،9٪.

رێژەکانی فەسلەکانی بودجەی ئاسایی بەم شێوەیەی خوارەوەیە، ئەوە لەسەر بودجەی یاسایی:

قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەران 2،59٪.

کالأکان و خزمەتگوزاری و پاراستن (18,3٪).

باربووەکان 1.2٪.

بەخشینەکان 9،3٪.

سوودە کۆمەلأیەتیەکان 1،2٪.

خەرجیەکانی تر 8،7٪.

هەبووەکانی غەیری دارایی 5،7٪.

دیار کردنی ئەم بڕانەی خوارەوە وەك دابین کراوێك لە بودجەی وەبەرهێنان بۆ گەشە پێدانی پارێزگاکان بەم شێوەیە:

پارێزگای هەولێر (180) ملیار دینار.

پارێزگای سلێمانی (200) ملیار دینار.

پارێزگای دهۆك (115) ملیار دینار.

کۆی گشتی (495) ملیار دینار بۆ پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکانە.

وەزارەتی پێشمەرگە لە بودجەی پێشنیار کراوی هەرێم نەهاتووە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەپێی ماددەی (110) دەستووری عێراقی رەسمی سیاسەتی دارایی و گومرگی و چاپ کردنی دراو و رێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لە سنوورەکان و پارێزگاکانی ناو عێراق و دانانی بودجەی گشتی دەوڵەت و رەسمی سیاسەتی دراو و دانانی بانکی ناوەندی و ئیدارە کردنی و رەسمی سیاسەتی ئابووری و بازرگانی دەرەوە لە دەسەلاتی حەصری حکومەتی ئیتیحادییە، هەروەها هەر بەپێی ئەم ماددەیە دانانی پرۆژەی گشتی و ئیستیسماری لە دەسەلاتی حەصری حکومەتی ئیتیحادی دانراوە، تەنانەت بەپێی ماددەی (114)ی دەستوور رەسمی سیاسەتیگەشە پێدان و پلانی گشتی دەبێت بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی دابنرێت، بەڵام ئەوە ئەمە ناگەیەنێت، کە ئێمەش هیچ هەنگاوێك لە چوارچێوەی توانای خۆمان لە هەرێم ناهاوێژین، هەروەکو بەڕێزتان ئاگادارن لە سالانی رابردوو بەپێی پێداویستی زەروری و بە پەلە هەڵسوکەوت لەگەڵ بودجەدا دەکرا، بودجەی هەرێم کەوتبووە ژێر فشاری دابین کردنی ئەم پێداویستیە زەروریانە، بەبێ ئەوەی پلانێکی ستیراتیجی درێژخایەن هەبێت، بەڵام ئێستا بەبوونی وەزارەتی پلاندانان و ئەنجومەنی بالای ئابووری هەرێم و دەستەی وەبەرهێنان دەتوانین بەو ئیتیجاهە بڕۆین، بۆ ئەوەی بتوانین پلانێکی ستیراتیجی بۆ هەرێم دابڕێژین و پیادەی بکەین، بودجەی گشتی هەرێم لە دوو بەشەوە پێك دێت، یەکێکیان/ بودجەی تەشغیلی و ئەویتریان بودجەی پلان، یان ئیستیسماری، سەبارەت بە بودجەی تەشغیلی زۆرترین رێژەی بودجەکە بۆ موچەو دەرماڵەی فەرمانبەران و پاداشتی خانەنشنیان دەچێت، بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە پێویستە دامەزراندن لە فەرمانگەکان رابگیرێت، تەنیا بۆ کەرتەکانی زەروری وەك پەروەردەو خوێندنی بالاو تەندروستی بکرێت، دەبێت وەزارەتەکان پێداویستیەکانی خۆیان لە کەوادیر دەست نیشان بکەن، هەر لە هەمان کاتدا فائیزەکان لە هەر وەزارەتێکدا ئیحصا بکرێن، ئینجا ئەو فائیزانە بەشێوەیەکی زانستیانە تەئهیل بکرێن بۆ ئەوەی ئەو میلاکانە پڕ بکرێنەوە، کە وەزارەتەکان پێویستیان پێیان هەیە، نەك فەرمانبەری نوێ دابمەزرێنن، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بە دانان و تەفعیل کردنی ئەنجومەنی راژەوە هەیە، بۆ بەرەنگار بوونەوەی بێ کاری دەبێت شێوەیەکی دی پەیڕەو بکەین، ئەویش بە هاندانی وەبەرهێنان و پێشکەش کردنی تەسهیلاتی بۆ کەرتی تایبەت، بۆ ئەوەی چالاکی ئابووری خۆی مومارەسە بکات، بەمەش بازارێك بۆ ئیستیعابی پەروەردەو خوێندنی بالاً پەیدا ببێت، سەرەڕای ئەمەش ئەرکی دەزگاکانی پەروەردەو خوێندنی بالایە کە پرۆگرامەکانی خۆیان بەشێوەیەك دابڕێژن تا کەوادیر پێداویستی بازاڕی کار پەروەردە بکەن، ئەگەرنا پاش چەند ساڵی تر بودجە تەنیا بریتی دەبێت لە موچەو دەرماڵەو کرێ و ئیلتیزامێکی بەردەوام بۆ حکومەت دروست دەبێت، هەروەکو ئێستا دەبینن بە زیاد بوونی موچەی فەرمانبەران و پاداشتی خانەنشینان ئەم ئیلتیزاماتانەمان لەسەر زیاد بووە، دەبێت ئیعتیماد بکرێتە سەر چەند

بنەمایەکی عیلمی لە سیاسەتی دامەزراندنداو، نابێت دامەزراندن وەك ئیعانەیەك، یان بۆ رازی کردنەوە بەکار بهێنین، بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەژاری و رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بێ کاری تۆڕی کۆمەڵایەتی بەهێز بکرێت، لە هەمان کاتدا بانکەکانی کشتوکاڵی و پیشەسازی زیندوو بکرێنەوە، بۆ ئەوەی بەدانی قەرز ئەم کەرتە بەرهەمهێنەرانە پێش بکەون و هەلێکی کارکردن بۆ هاوواڵتیان پەیدا ببێت، ئەوەش لەبیرمان نەچێت کە پشتیوانی حکومەت لە هاوواڵتیان بارگرانیەکی گەورەی خستۆتە سەر بودجەی گشتیدا، وەکو کەلوپەلی خۆراك و کەرینی سووتەمەنی و پشتیوانی لە جوتیاران و خەرجی حەج و کەرینی دەرمان و کارەباو کەرەستەکانی تر، حکومەت ناچارە بەردەوام بێت لەم پشتیوانی کردنە، لە دوای رووخانی رژێم روسومات و باج هەڵوەشێندرانەوەو یاخود دەستکاری کران، ئەمەش بووە هۆی دابەزینی بە تەواوەتی داهاتی ناوخۆی هەرێم، بانکی ناوەندی عێراقیش بەردەوامە لە سیاسەتی دانانی نەقدی، ئەویش بریتیە لە بەهێز کردنی دیناری عێراقی، لە ساڵی 2006 هەر دۆلارێك بەرامبەر بوو بە (1500) دیناری عێراقی، لە ساڵی 2007 کرا بە (1260) دینار، بۆ ساڵی 2008 بە (1200) دینار دانراوە، وا پێ دەچێت کە بانکی مەرکەزی بەردەوام بێت لەم سیاسەتەی بۆ ساڵانی داهاتووش، راستە ئەم سیاسەتەی بانکی مەرکەزی رەنگدانەوەی ئیجابی هەبووە لە دابەزاندنی زاهیرەی تەزەخوم، بەاڵم لە هەمان کاتدا تەئسیری کردۆتە سەر داهاتەکان بە دیناری عێراقی، ئەگەر ئەم بەردەوام بوونە هەبێت، ئەو کات نرخی دیناری عێراق بەقوەت دەبێت بەرامبەر بە دۆلارو کاریگەری دەبێت لەسەر داهاتی نەوتی و دەبێتە هۆی دابەزینی ئەم داهاتە بە پارەی عێراقی، لە کاتێکدا کە ئیلتیزاماتی ئێمە وەك موچەو دەرماڵەو پاداشتی خانەنشینی و هی تر بە دیناری عێراقییە، بۆیە دەبێت بیر کردنەوەمان بگۆڕین لەسەر دانان و وەرگرتنی روسومات و باج، بەتایبەتیش بە دەرچوونی یاسای مەواریدی مالی، هەرێم بەشی هەیە لە تەواوی داهاتە ناوخۆییەکانی عێراق و بە هەمان شێوەش دەبێت موشارەکەیان لەگەڵدا بکەین، بەرنامەمان وایە پێداچوونەوە بە روسومات بکەین و هەروەها روسوماتی نوێ دابنێین و بەتایبەتی ئەو فەرمانگانەی کە خەدەمات پێشکەش دەکەن داهاتەکانیان بە رێکوپێکی وەربگرن، چەندی بتوانین ئاستی داهاتی نەوتی و غەیری نەوتی لە هەرێمی کوردستان بەرز بکەینەوە، بە هەمان ئاست توانیمان لەسەر بودجەی گشتی عێراق بەهێزتر دەبێت، لە لایەکی تریشەوە ئەم مەترسیەمان بۆ نامێنێت، کە هەمیشە چاومان لە بەغدا بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، زۆر زۆر سوپاس بۆ ئەو وتارەی کە پێموایە هەنگاوێکی گرنگ و پێویستە، بۆ ئەوەی موناقەشە کردن و پەسند کردنی بودجە بچێتە سەر سکەی خۆی، ئومێد دەکەم کە هەنگاوەکانی تریش لە داهاتوودا وەکو ئەم هەنگاوە، واتا خستنەڕووی راستیەکان و تەفسیلاتی و ئەوانە، جگە لەو داواکارییانەی کەوا لیژنەی دارایی لە راپۆرتەکەیدا نووسی بووی، من داوا دەکەم کە ئەو وتارەی کە خوێندیەوە کاك سەرکیس بیدات بۆ ئەوەی فۆتۆکۆپی بکەین و نوسخەیەك بدەینە ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی لەبەر چاویان بێت، ئەوەی بە دەستی نووسیووە دەکرێت ئەوە چاپ بکرێت و بدرێتە ئەندامانی پەرلەمان، چونکە

وا تەسەور نەکەن بە دوو سەعات تەواوی دەکەین، ئێمە دەچینە سەر موناقەشات، بەپێی نیزامی داخیلی پەرلەمان سەرەتا ئەو راپۆرتەی کە خوێندرایەوە لە لایەن لیژنەی دارایی موناقەشە دەکرێت، دواتریش دەچینە سەر ئەو بابەتەکان، یەعنی یەکە یەکە، بەشەکانی بودجە کە موناقەشە کراوە بە هەموو تەفسیلاتی، دیارە راپۆرتی لیژنەی دارایی بە ئوسول وایە لەبەر رۆشنایی راپۆرتەکانی لیژنەکانیش نووسرا بێت، بەلآم لەوە دەچێت هەندێ لە لیژنە راپۆرتەکەی نەدابێتە لیژنەی دارایی، بۆیە ئەگەر لە کاتی موناقەشە ئەگەر سەرۆکی لیژنەکانی تر راپۆرتەکەیان نەدا بێت، دەکرێت لە جیاتی مودا‌خەلەی خۆی راپۆرتەکەی خۆی بخوێنێتەوە، ئەگەر لە بیرتان مابێت راپۆرتی لیژنەی دارایی بۆ کردنەوەی موناقەشە، ئەگەر داواش دەکەن جارێکی تر بیخوێنێتەوە، ئەگەر خۆتان حازر کرد بێت، پێویست ناکات بیخوێنێتەوە، بەڵێ کاك بارزان.

بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە هەموو لیژنەکان ئەو مەعلومات و وتارەی بەڕێز وەزیری مالیە لە لای هیچ ئەندامێکی پەرلەمان نەبووە تەفاسیلەکە، بەڕاستی ئێمە کە راپۆرتەکانمان نووسیووە، لەوانەیە پێچەوانەی وتارەکەی بەڕێزیان بێت، دەبوو زۆر زووتر ئەو مەعلومات و ئەو وردەکاریانە لە لای ئەندامانی پەرلەمان بوایە، بۆ ئەوەی ئێمە لە راپۆرتەکانماندا زۆربەی پێشنیارەکانمان لەوێ چارەسەر کراوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەو وتارەی وەزیری دارایی پێویستە لە هەموو هینەکان پاش ئەوەی راپۆرتی لیژنەی دارایی دەخوێندرێتەوە، ئەو وتارە پێشکەش دەکاتن، رووون کردنەوە پێشکەش دەکاتن، بەلآم ئەو تەفسیلاتەی نێردراوە بۆ بودجە، ئەوە ئێمە موناقەشەی دەکەین، ئەو پێشنیارانەی خۆی پێشنیارێکن بۆ حکومەتیش، بۆ ئێمەش، ئەو تەفسیلاتە، ئەگەر نەنێرێت باسی بکاتن، بەلآم ئێمە لەسەر بودجەکە دەڕۆین کە بۆمان هاتووە، پرۆژەی یاساییەکە بێجگە لە بودجەکەی، لە دانیشتنەکانی داهاتووشدا سوود وەردەگرن لەو راپۆرتەی کە هەیەتی، دەتوانن لە موناقەشەدا ئیسارەی ئەو نوقاتانە بکەن کە پێویستە، ئێستا من راپۆرتی لیژنەی دارایی کە خوێندرایەوە هەر لە دانیشتنی پێشوودا، ئەگەر کەسێك لەسەری قسەی هەبێتن، حەز دەکەم و ناوتان دەنووسم، بەڵێ کاك سەرکیس فەرموو.

بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بە پێویستم دەزانی چەند وەلآمدانەوەیەکمان هەبێت لەسەر ئەو خالآنەی کە بەڕێز لیژنەی دارایی پەرلەمان پێشکەشی کردووە، بەنیسبەت خالّی یەکەم/ ئامادە کردنی زووتری بودجە، کە ئیشارەت درا لە خالّی یەکەم، ئومێدمان زۆرە کە لە مانگەکانی داهاتوودا یاسای مەواریدی مالی لەسەری رێك بکەوین لەگەڵ بەغدا، ئەم یاسایە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسند بکرێت، یەکە یەکە لە مولحەقەکانی یاسای

نەوت و غاز، ئەو کاتە دەتوانین باشتر تەقدیری داهاتەکان بکەین، ئازاتر دەبین لە دانانی بودجەدا، چەند راستیەك هەیە کە پێویستە عەرزی بەڕێزتان بکەین.

یەکەمیان/ ئەو بودجەیەی کە لە عێراقدا دادەنرێت لەلایەن سندوقی نەقدی دوەلییەوە بەرنامەی بۆ دادەڕێژێ و لەو چوارچێوەوە عێراق بودجەکەی خۆی رێك دەخات، نابێت لەو زەوابتانەی کە سندوقی نەقدی دوەلی دادەنرێت تەجاوز بکات، بۆیە ئێمەش پێویستە پابەندی ئەو زەوابتانە بین، ئەگەر لەلایەن سندوقی نەقدیەوە رەخنەمان لێ دەگیرێت و رووبەڕووی کێشەی تریش دەبینەوە، یەعنی مەبەستم ئەوەیە هەر بودجەیەك لێرە ئەگەر بمانەوێت زووتریش دایبێنین پێویستە رەئی سندوقی نەقدی دوەلی لەسەر ئەو بودجەیە وەربگرین، چونکە بودجە عێراق بۆ خۆی دانانێت، پێشتر دەبێت حازر بکات هەتا صندوقی نەقدی دەولی تەئیدی نەکات بەپێی ئەو زەوابتانە نەبێت میزانیەی گشتی عێراق ئامادە ناکات.

دووەم/ ئەو بودجەیەی سالانە کە دەدەینە بەغدا لە رووی ژمارەوە بودجەیەکی گەورەیە، یەعنی پێشتر کە هەموو جارێ لە بەغداوە دەکرێت بۆ ئێمە بودجەیەك بۆمان بنێرن، ئێمە بودجەیەکیان دەدەینێ، بەڕاستی ئەو بودجەیە هەولێ دەدەین کە زۆر بە ژمارەوە گەورە بێت، چونکە ئەگەر وریا نەبین لەو خاڵە بودجەیەکی وا دەکرێت، ئەو وەختی ئیحتیمالی هەیە دوای ئەوەی کە بودجە کەوتە دەستیان، عێراق بێت بودجەیەکی زۆر زەخم بۆ خۆی دروست بکات بە ئێمە بڵێت ئێوە ئەوەندەتان تەقدیم کرد بوو، فەرموو من ئەوەی کە داواتان کردووە پێتان دەدەم، ئێمە دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین بزانین تەقدیراتی ئیرداتیان چەندە؟ ئەو بودجەیەش کە دەدەینە ئەوان پێویستە هەولێ بدەین لە حەددی 30٪ی بودجەی عێراق بێت، چونکە بەڕێزتان دەزانن هەموو جار کێشەمان هەیە لەنێوان 17٪ و 14٪ ئەمەش خاڵێکی تری کە دەبێت وریا بین بزانین ئەوان بودجەکانیان بە چ شێوەیەك دادەڕێژن لە رووی داهاتەوە، ئینجا ئێمە بودجەی خۆمان لێرە پەسندی بکەین، بەڵام ئەگەر بێتو یاسای مەواریدی مالی هەروەکو عەرزی بەڕێزتانم کرد پەسند بکرێت، ئەو کاتی ئەو ترسەمان نامێنێت، چونکە یەکسەر هەموو ئیراداتی نەوتی دێنە سندوقێك، ئیراداتی مالیش دێتە ناو سندوقێك ئێمە دەسەڵاتمان دەبێت تەقدیرێکی موشتەرەك بۆ داهات دەبێت و دەسەڵات کە بە کەیفی خۆمان بودجەکەی خۆمان تەنزیم بکەین، مەبەستم لە دەسەڵات ئەوەیە یەعنی هیچ ترسێکمان لە بەغدا نابێت، کە لە بودجەیەکی وا کەم تەقدیم کردووەو ئەوە بودجەکەت و ئەومت داوا کردووە، ئینجا ئەو دوو خاڵانە حەزم دەکرد هەر عەرزی بەڕێزتان بکەین لەسەر تاخیر بوونی بودجەو کە بۆچی تاخیر پێشکەش کراوە.

خاڵی دووەم/ داوا کراوە هەردوو وەزارەت بە زووترین کات یەك بگرنەوە، لەماوەی ئەم ساڵە، سالٌ و نیوەی رابردوو بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، هەردوو وەزارەتی دارایی زۆر هەوڵیان داوەو زۆر لیژنەشمان دروست کردووە، وابزانم نۆ لیژنەیە لە هەموو بوارەکان، بۆ ئەوەی هەموو روسومات یەك بن، هەموو تەعلیماتی دارایی تەوحید بکرێن، یاساکان کە هەمووی یەك یاسا بن، لەو ناحیانەوە ئێمە هەنگاوی زۆرمان هاوێشتووە، جگە لەوەی دەستەیەکی هاوبەشمان دروست کردووەو هەر تەعلیماتێکیش کە بمانەوێت دەربکەین لیژنەی تایبەتیمان هەیە تەعلیماتەکان بە هاوبەشی دەریدەکەین، یەعنی لەناحیەی تەعلیمات و

کاری دارایی ئێمە بەڕاستی پێشوەچوونێکی زۆر بەباشیمان هەبووە، تەبیعی پشتگیری لە داوایەکە دەکەین لەسەر یەکگرتنەوەی.

خاڵی سێیەم/ لەسەر یەکخستنی بودجەکانە، بەنیسبەت یەکخستنی بودجەکانی ئەو وەزارەتەی کە یەکیان نەگرتۆتەوە یەك بخرێن شتێکە، هەتا ئەگەر یەکیش نەخران خۆ ئەو کاتە هەردوو وەزارەتەکان دەبنە یەك بە بڕیارێك دەکرێت هەردوو میزانیەکان دەمج بن، بەڵام هەر بڕیارێك لەم بارەیەوە بدەن ئێمە پشتگیری لێ دەکەین، بەڵام یەك شتی تریش هەیە ئەوەش حەز دەکەم لەبەرچاوی بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان بێت، کە بڕیارە زۆر لە وەزارەتەکانی تریش دەمج ببنەوە، یەعنی لەو حاڵەتە خۆ ئەو وەزارەتانەی تریش وەزارەتی فیعلین کە دەمج ببنەوە، ئەو کاتیش خۆ دەبێت بە بڕیارێك بودجەکانیان یەك بخرێت، یەعنی تەنیا حاڵەتی ئەو سێ وەزارەتە ناگرێتەوە.

خاڵی چوارەم/ داوا کراوە کە هەندێك لە وەزارەتەکان کارو فەرمانیان نزیك یەکە، ئەم وەزارەتانە یەك بخرێن، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان حەتمەن ئاگادارن لیژنەیەکی تایبەتی دروست کرا بوو لە بەڕێزان دکتۆر عماد ئەحمەدو کریم سنجاری و دکتۆر فوئاد حوسێن، ئەم لیژنەیە دیراسەتی تەواوی کردووە لەسەر دەمج کردنی وەزارەتەکان، پاش ئەوەی کە راوێژی کردووە لەگەڵ پسپۆڕان و لەگەڵ وەزیرەکان، ئینجا راپۆرتی خۆیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی کردووە، بەڵام ئەوەی من ئاگادارم لەبەر بەشداری کردنی لایەنە سیاسیەکانیش لەوانەیە هەندێك گۆڕانکاری تریش لە ژمارەی وەزارەتەکان کرا بێت، ئەوەی کە زانیاری هەمە وەزارەتەکان لەسەر ئەساسی ئەم شێوەیە بن: پێشمەرگە، ناوخۆ، دارایی، وزە کە کارەباشی لەگەڵ دەبێت، پەروەردە، ئاوەدانکردنەوە، شارەوانی، تەندروستی، شەهیدان و کۆمەڵایەتی، ئەوقاف، وەبەرهێنان، کشتوکاڵ و ئاودێری، خوێندنی باڵا، پلاندانان، رۆشنبیری و لاوان، ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، بازرگانی و پیشەسازی، ژینگە، گواستنەوەو گەیاندن، داد، لەگەڵ دوو وەزارەتی هەرێم، یەکێکیان بۆ کاروباری پەرلەمان، ئەویتریان بۆ کۆمەڵگای مەدەنی، رەنگە وەزیری تریش وەك وەزیری هەرێم دابنرێت، بەڕاستی دەکرێت هەتا ژمارەی ئەو وەزارەتانەش کەم بکرێتەوە، چونکە هەتا ئەو لیژنەیەی کە راپۆرتی خۆی پێشکەشی کرد بوو، ژمارەی ئەو وەزارەتانەی کە پێشنیاری کرد بوو دەمج بکرێن زۆرتر بوون، ئێستا لە دوای گۆڕانکاری کە زۆرتر تەئسیراتی سیاسی رەنگە بوو بێت بۆ بەشداری سیاسی، ژمارەی وەزارەتەکان رەنگە یەك، دوو وەزارەت زیاتر بووە.

خاڵی پێنجەم/ داوا کراوە کە وەزارەتی دارایی ژمێریاری کۆتایی و راپۆرتی سێ مانگ جارێك پێشکەش بکات، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بەپێی یاسای ئیدارەی مالی رەقم (95) ساڵی 2004 لە ماددەی (38) پاش ئەوەی وەزارەتی مالیە، پاش ئەوەی کە خیتامی حیسابات ئامادە دەکات دەداتە ئەنجومەنی وەزیران، کە ئەنجومەنی وەزیران موافەقەتی لەسەر کرد لەسەر موسوەدەی حیسابات خیتامی لە کۆتایی مانگی ئایار، ئەم خیتامی حیسابات دەداتە ئەنجومەنی نیشتمانی لە کۆتایی مانگی حوزیران، ئەوە بەپێی یاسای ئیدارەی مالی، ئێمە هیچ کێشەمان لەو بابەتە نییە، بەبێ رەچاو کردنی کاتیش ئێمە پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین، بۆ ئەوەی بۆ بەڕێزتان بنێرێتەوە، بەنیسبەت راپۆرتی سێ مانگانە، بەڕاستی

ئەوەی کە ئێمە داوامان کردووە راپۆرتەکان دەبێت هەر شەش مانگ جارێك، مەسەلەکە زۆرتر مالیە، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، چونکە کە شەش مانگ بێت دەزانی لە نیوەی ساڵ سەرفیاتت چۆن بووە، تەسفیەی سلف دەکەیت، پێت دەکرێت دوای شەش مانگ لە خیلالی مانگێك راپۆرتێك ئامادە بکەین و پێشکەش بکەین، بەڵام لە خیلالی سێ مانگ چ راپۆرتێکی وا شامل دەکرێت پێشکەش بکرێت، بۆیە ئێمە پێشنیارمان کرد بوو کە شەش مانگ بێت، بەڵام ئەگەر هەر بڕیاری ئێوە لەسەر سێ مانگە، زۆر باشە، بەڵام لە هەمان کاتیش دەبێت چاوەڕێ بکەین سێ مانگ تەواو بێت بزانین سەرفیات چۆنە، ماوەیەك دیراسە بکرێت، ئینجا راپۆرتەکە پێشکەش بکرێت، موهیم ئێمە لەگەڵ بەڕێزتانین چۆن بڕیار دەدەن.

خاڵی شەشەم/ باسی ئەوە دەکرێت کە ئەو پارەیەی لە بەغدا مابوو، پەیوەندی هەبوو بە بودجەی ساڵی 2006، لە ساڵی 2006 لەگەڵ بەغدا دوو کێشەی سەرەکیمان هەبوو، یەکێکیان/ شێوەی ئیحتیساب کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان بوو، ئەو کات بە پێچەوانەی ساڵانی 2004 و 2005 بودجەی هەرێمی کوردستانیان حیساب کرد بوو، یەعنی عێراق وا حیسابی کرد بوو، کە سەرەتا هات بودجەی گشتی خۆی دانا بوو، بودجەی هەرێمی کوردستانی لە بودجەی عێراقی کەم کرد بۆوە، پاشان هاتبوو خەرجیەکانی سیادی و حاکیمەشی دابەزاند بوو، ئینجا 17٪ بۆ هەرێمی کوردستان دانابوو، لە نەتیجەی ئەو شێوە ئیحتیساب کردنەی بودجەی هەرێمی کوردستان (726556) حەوت سەدو بیست و شەش ملیارو پێنج سەدو پەنجاو شەش ملیۆن دینار زیان بە بودجەی هەرێم کەوتبوو.

کێشەی دووەممان/ هی ساڵی 2006 لەگەڵ بەغدا ئەوە بوو، کە هاتبوون بۆ ئەوەی نیسبەی 17٪ی ئێمە کەم ببێت، (5300) پێنج تریلیۆن و سێ سەد ملیار دیناریان هێنا بوو لە جیاتی ئەوەی لە بودجەی پلانی عێراق دابنرێت، ئەوانە مەشاریعی ئیستیسماری نەوت بوون، هاتوونە بایی پێنج تریلیۆن و سێ سەد ملیار دینار بردبوویانە سیادی، بۆ ئەوەی 17٪ هیچی شمولی ئێمە نەکات، ئەمەش کێشەی دووەممان هەبوو لەگەڵ بەغدا لەسەر بودجەی 2006، ئەو گواستنەوەی مەشاریعی ئیستیسماری نەوت بۆ سیادی بووە سەبەبی ئەوەی کە نۆ سەدو یەك ملیار دینار زەرەر بە ڕێژەی 17٪ی هەرێمی کوردستان بکەوێت، ئێمە هەردوو وەزارەتی دارایی لە سەرەتای ساڵی 2006ەوە بە ڕەسمی و بێجگە لە سەردان و ئەوانە ئیعتیرازاتی ڕەسمیمان پێشکەش کرد لەسەر هەردوو ئەم بابەتە، پاشان ئەو کاتە گەیشتینە نەتیجە کە وەفدێکی باڵا بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران چووە بەغدا هەمووشمان لەگەڵی بووین گەیشتینە ئەو حەلە پاش ئەوەی کە دیوانی چاودێری دارایی عێراقیش هاتە ناو مەوزوعەکەو مواداخەلەیان کرد، ڕێککەوتنێك لەگەڵیاندا کرا، بەپێی ئەو ڕێککەوتنە بڕیار درا ئەو شێوە ئیحتیساب کردنە بۆ هەرێم کراوە شێوەیەکی ڕاست نەبووە، بۆیە بڕیاریاندا کە ئیعادەی نەزەر بکەنەوە، یەعنی بیدایەت سیادی و حاکیمە دەربکەن لە بودجەی گشتی عێراق، ئەوەی کە دەمێنێتەوە 17٪ی بدرێتە هەرێمی کوردستان، لە نەتیجەدا سێ سەدو پەنجاو سێ ملیارو سەد ملیۆن دینار درایە هەرێمی کوردستان، بەڵام سەدو نەوەد و دوو ملیارو نۆ سەد ملیۆن دیناریش لە بابەت داهاتەکانی هەرێم کەم کرایەوە، یەعنی لە لای خۆیان گلیان دایەوە، بەڵام

بەنیسبەت مەشاریعی ئیستیسماری نەوت کە باسم کرد، گوتیان لەبەر ئەوەی هیچی سەرف نەکراوە مودەوەر بۆتەوەو میزانیەی عێراق عیجزی هەیە، بۆیە هیچی شمول ناکات.

خاڵی حەوت/ داوا کراوە لە کاتی تاوتۆ کردنی پشکی هەرێم، یەعنی لەکاتی موناقەشە کردنی بودجەی عێراق نوێنەری هەرێم لەوێ ئامادە بێت، ئێمە بەردەوام ئەو داوایەمان کردووە، ئەمسااڵیش هەموو لایەک بەڵێنیان بە ئێمە داوە، سندوقی نەقدی دوەلی، هاوپەیمانان، هەتا حکومەتی ئیتیحادی لە بەغدا، کە ئەمسااڵ بەشداری تێدا بکەین لە ئامادە کردنی بودجە، بەس نازانین ئەو بەڵێنەیان جێ بەجێ دەکەن، یان نا، یان دیسان خەبەرمان دەدەنێ دەڵێن ئەوە بودجەی عێراقەو ئەوەش نیسبەی ئێوەیە، بەاڵم ئێمە بەردەوام موتابەعەی دەکەین.

خاڵی هەشتەم/ گلەیی کراوە کە وەزارەتەکان بودجەکانیان پێشکەش نەکردووە لەکاتی خۆی، لە 2007/10/9 ئێمە خشتەی بودجەمان بۆ وەزارەتەکان نارد بوو، هەندێك لە وەزارەتەکان درەنگ خشتەکانیان بۆ ئێمە ئیعادە کردەوە، بۆیە گفتوگۆ کردن لەسەر بودجە کەوتە مانگی دوازدەی سااڵی 2007، بەڕاستی رەنگە هەندێك ئەسبابی تریش هەبوو بێت، چونکە ئەگەر بەڕێزتان بە بیرتان بێت هەرچەندە نابێت نە هیچ وەزارەتێك، نە هیچ وەزیرێکیش بەو شێوەیە بۆی بچێت، بەس رەنگە کە باس لە گۆڕانکاری حکومەت و ئەوانە دەکرا، رەنگە ئەوەش سەبەبێك بوو بێت کە سیستیەك کراوە لەلایەن ئەو وەزارەتانە، بەاڵم دڵنیاین ئەمسااڵەکە دووبارە نابێتەوە.

خاڵی نۆیەم/ لە پرۆسەی ئامادە کردنی بودجەی ئەنجومەنی نیشتمانی لیژنەی دارایی و ئابووری دەبوایە ئاگادار بوایە، نەك لە رێگای ئەنجومەنی وەزیران، لە چوارچێوەی بودجەی هەرێم ئەو زانیارییانەمان پێ بگات، ئەوە راستە پێشتر سیستەمێك ئێمە لە هەرێمی کوردستان موتەبەع بوو، هەموو جارێ پەرلەمانی کوردستان میزانیەی خۆی ئامادە دەکرد، پاشان پەسندی دەکرد، پاش پەسند کردن دەبووە فەقەرەیەکی موستەقیل لە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستاندا، بەاڵم عێراق ئەوەی لە بودجەی گشتی عێراق حازر دەبێت، بەو شێوەیە کە وەزارەتی دارایی لەگەڵیان موناقەشە دەکات و هەمووی بە یەك شێوە بە شێوەی ئەبواب لە بودجەی گشتی عێراق دادەبەزێت، رەنگە ئەوەش زۆرتر بۆ ئەوەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر هەموو فەسلەکانی سەرف بودجە، بەاڵم بەنیسبەت ئێمە وەکو وەزارەتەکانی دارایی ئێوە چۆن بڕیار بدەن بەنیسبەتی ئێمە هیچ مانعێك نییەو پشتگیری دەکەین، ئێوە بە پەسندی دەزانن کە بودجەی پەرلەمان هەموو جارێك خۆتان پەسندی بکەن وەکو فەقەرەیەکی موستەقیل لە یاسای بودجە بڕیاری بدەن، دەتانەوێت بەو شێوەیەی کە ئێستا کراوە بەردەوام بین، ئەویش بڕیارەکە بۆ بەڕێزتان دەگەڕێتەوە، چۆن بڕیار بدەن بەنیسبەت ئێمە تەسبیت کردنی ئەرقامەکانە، ئەوەی کە لەسەری بڕیار دەدەن، یەعنی دەسەاڵتی ئێوەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

خاڵی دەیەم/ لەسەر ئەوە باس کراوە کە فەرقێکی زۆر هەیە لەسەر ئەو رێژەیەی کە وەزارەتەکان داوایان کردووە، لەگەڵ ئەو رێژەیەی کە پێشنیار کراوە لە بودجەدا، باس لە سیستەمی ئامادە کردنی بودجە کراوە، یەعنی گلەیی کراوە کە دیارە وەزارەتەکان زۆریان تەقدیم کردووە، کە ئەوەش پیشان دەدات

زێدەڕۆیی، یەعنی پیشان دەدات کە زێدەڕۆییەکی زۆر کراوەو لە داوا کردنی وەزارەتەکان، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان ئەو بودجەیە، یان ئەو رەقەمانەی کە لە بودجە دادەبەزن شێوەیە موناقەشە کردنی وەزارەتی دارایی لەگەڵ وەزارەتەکان تەبیعی فەنیەکانی ئێمە هەرچەندە ئێمە فەنی نینە، بەو شێوەیە دەبێت لە هەر ماددەو جۆری هەر فەسلێك دێت فەرەزەن ئەگەر وەزارەتێك داوای سووتەمەنی دەکات، مەبلەغێکی دەوێت بۆ سووتەمەنی لەناو بودجەدا تەسبیت بکات، دێن لێی دەپرسن وەزارەتیش مەعلوماتی هەیە، چەند سەیارەی هەیە؟ چەند مۆلیدەی هەیە؟ حیساب دەکرێت کە چەند سەعات دەوامی رەسمی هەیە؟ لە فەرمانگەکە، یان ئەو سەیارەیە چەند بە واجیب دەردەچێت؟ سعری ئەو بەنزینە، یان ئەو گازوایلە وەردەگیرێت مەعەدەلێك دادەنرێت، ئەو مەعەدەلە تەقریبیە تەسبیت دەبێت لە ماددەو نەوعەکە، ئینجا بۆ هەموو شتەکانی تریش بە هەمان شێوەیە تەقدیر دەکرێت، تەقدیرەکان هەمووی لەسەر ئەو نەوعە پێوەرانەنە، بەڵام ئەوەی کە دەدەینە بەغدا بەڕاستی خارج ئەوەی ئێرەنە، بەس ئەوەی کە دەدرێتە بەغدا چواردە ملیار دۆلارو سێزدە ملیار دۆلار ئەمە سالانە بودجە پێشکەش بەوان دەکەین ئەونا، ئەو لەبەر وەزعی سیاسی هەرێمە، هەرچەندە ئێستا لەوانەیە گوێشیان لێ بێت، کە بچینە ئەوێ نەقدمان بگرن. شتێکی تریش سیستەمێکی تریش بۆ ئامادە کردنی بودجە بەکار دێت، دەگەڕێینەوە شەش مانگی خەرجی فیعلیش دەکەینە پێوەر بۆ دانانی ئەو بودجەیە تەخمینیە.

خاڵی یازدەم/ سوپاسی لیژنەی دارایی دەکەین، کە باسیان کردووە بەکار خستنی ئەو رێژەیە پێکی هێناوەو بودجەی وەربەرهێنانیش بەرز بۆتەوە بەشتێکی ئیجابیان لە قەڵەم داوەو سوپاسیان دەکەین.

خاڵی دوازدەم/ لەسەر پرۆژە بەرهەمهێنەکانە، بەڕاستی سیاسەتی حکومەت زۆرتر بەو ئیتیجاهەوە دەچێت کە ئێمە دەعمی قیتاعی خاص بکەین، دەعمی ئیستیسمارات بکەین، بۆ نموونە داوامان کردووە لە وەزارەتی پیشەسازی بەتایبەتی ئەنجومەنی بالای ئابووری، بۆ ئەوەی دیراسەتی هەموو کارگەکان بکات، چونکە بەڕێزتان دەزانن ژمارەیەکی زۆری کارگەی قیتاعی خاص راوەستاوە، بزانین ئەم کارگانە کامیان ئامادەیە جیهازی موتەوەر بێنێت، مۆدێرن بێنێت تەتویر بکات بە کارگەکانی خۆی، پێشنیارەکانی خۆی پێشکەش بە ئەنجومەنی بالای ئابووری بکات، بۆ ئەوەی لەم بارەیەوە تەسهیلاتیان بۆ بکرێت، یاسای ئیستسماریش بەخۆی هاندەرێکە بۆ ئەوەی دەعمی موستەسمرین بکات، بێین مەشاریعی بەرهەمهێنەر لە کوردستان دابنێین وەکو کارگەکانی چیمەنتۆ، کارگەی ئاسن و ئەنواعی کارگەکانی تر، بەڵام ئێمە وەکو حکومەت، وەکو بزانم هیچ بەرنامەیەکی وامان نییە، کە جارێکی تر بێین و داخیلی کارگەکان بین و کارگە دابمەزرێنین، چونکە لە نەتیجەی نیهائی حکومەت هەموو جار زەرەری کردووە، نەیتوانیوە مونافەسەی قیتاعی خاص بکات، بار گرانیەك بووە لەسەر حکومەت، بەڵام ئەوەی کە حکومەتی هەرێم سیاسەتیەتی پێویستە بایەخێکی زۆر بە کەرتی کشتوکاڵی بدات، ئێمە دەمانەوێت لەو ساڵە کە هەردوو بانکی زراعی و صناعی زیندوو بکەینەوەو تەرکیزێکی زۆریش دەکرێت بۆ دەعمی کشتوکاڵ، چونکە هەروەکو بەڕێزتان ئاگادارن ساڵ بە ساڵ مەواد گران دەبێت و تازە هەرزانی نەماوە، ساڵ بەساڵ بەرەو گرانتر دەڕوین، دەبێت بگەینە خود کەفائی، یەعنی کەفائەتی زاتی.

خالّی سێزدەم/ پەیوەندی هەیە بە قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەران، بەڕێز لیژنەی دارایی و ئابووری ئاماژەی بەوە داوە کە 5٪ لە ڕێژەی ئەو فەسەلە بەرز بۆتەوە لە بەراورد کردنی لەگەڵ ساڵی رابردوودا، کەچی دەبوایە ئێمە هەوڵمان دابوایە وەکو وەزارەتەکانی دارایی ئەو ڕێژەیە کەمتر مان کرد بوایە، تەبیعی وەکو مەبلەغی پارە ئەگەر سەیری بودجەی بکەین و موقارەنەی بکەین لەگەڵ ساڵی 2007 فەسلی قەرەبوو کردنی فەرمابنەران کەمترە وەکو مەبلەغ، بەس وەکو ڕێژە 5٪ بەرز بۆتەوە، لێرە بەڕاستی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، پێویستە هەندێك ڕوون کردنەوە بدەین لەسەر ئەو بابەتە:

یەك/ ئەو زیادەیە کە لە ڕێژەی قەرەبوو کردنی فەرمانبەران هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك، یەکێکیان/ دەرچوونی یاسای نوێیە بۆ زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەران، هەروەها یاسای خانەنشینیە، جگە لەوەش ئەگەر سەیری میلاکات بکەن (29800) پلەی نوێ هی میلاکات بۆ ساڵی 2008 دانراوە، بەڕێزتان ئاگادارن کە یاسای وەزارەتی شەهیدان پەسند کراوە لەو پەرلەمانە، بەپێی ئەم یاسایە مووچەی خانەوادەی شەهیدان دانراوە، ئەوەش بۆتە سەبەبی زیاد بوونەوەك لەسەر فەسلی قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەران، لە لایەکی تریشەوە بەڕێزتان ئاگادارن ئێمە هەتا دەرچوونی یاسای خانەنیشینی فەرمانبەران بە 80٪ی مووچە تەقاعودیان دەکەین، کە زۆربەیان لە 2007ەوە بەڕاستی داوای تەقاعودیان کردووە، ئەمانە هەمووی ئەسبابن بۆ ئەوەی ئەو ڕێژەیە بەرز بۆتەوە، بەڵام یەك شت حەز دەکەم عەرزی بەڕێزتان بکەم ئەوەش خاڵێکی گرنگە، هەموو جارێ ئەو مەسائیلانەی کە ئێمە لەناوخۆ باسی دەکەین لە بەغدا بەشێوەیەکی سلبی وەریدەگرن، بۆ ئەوەی لە گفتوگۆ کردن وەکو نوقتەیەکی سلبی لە ئێمە وەربگرن لە گفتوگۆیەکانی بودجەدا، یان هەموو موناقەشاتی تر کە لەسەر وەزعی دارایی دەکرێت، تەبیعی ئەوە گرنگە هەموو لایەکمان بزانین لە ماوەی ئەو سێ ساڵە عێراق یەعنی ناوچەکانی تری عێراق، چونکە ئێمەش بەشێکین لە عێراق، هەشت سەدو شەست و شەش هەزارو نەوەد سێ کەس تەعینیان کردووە، لە ساڵی 2005 ڕێژەی فەرمانبەرانی هەرێم لە بەراورد کردنی لەگەڵ فەرمانبەرانی ناوچەکانی تری عێراق 32٪ بوو، بەڵام لە ساڵی 2008 بەم میلاکە نوێیەش، کە ئێستا ئێمە داوامان کردووە لە بیست و نۆ هەزارو هەشت سەد ڕێژەی هەرێم لە بەراورد کردن وەکو میلاك نەوەکو مەبلەغ، هی مەبلەغ باس دەکەم بۆتان، بەس وەکو میلاك 23٪ە سالّ بەسالّیش هی ئێمە بەرەو دابەزین دەچێت، هی ئەوان بەرەو بەرز بوون دەچێت، بەڵام ئەوان چۆن حیساب دەکەن، یەعنی ئەو کەمو کوڕیەی خۆیان چۆن دەشارنەوە؟ من لەو سەفەرە زۆر بە سەراحەتیش باسم کرد لەگەڵیان تەنانەت بە وەزیری داراییشم گوت، ئەومان بودجەی سیادی دەردەکەن، بودجەی خەرجیەکانی حاکیمەش دەردەکەن، ئینجا حیساباتی خۆیان دەکەن حیساباتی هەرێم، دەڵێن ئەوە 17٪ی ئێوەیە، کە 17٪ەکە بۆ ئێمە دانراوە جارێکی تر دێن هەموو خەرجیەکانی سیادی و حاکیمەش دەخەنە بودجەی خۆیان، ئیعتیادی ئەو ڕێژەی مووچەخۆران، ئەو پارەیەی کە سەرف دەکەن بۆ قەرەبووی فەرمانبەران لە لای ئەوان دادەبەزێت، کەچی 17٪ لە خەرجیەکانی سیادی، 17٪ لە خەرجیەکانی حاکیمە هی بودجەی هەرێمی کوردستانە کە لای ئەوان ماوەتەوە، ئەگەر بێتو ئەو شێوە ئیحتیساب کردنە کە ئێمە لێرە عەرزی بەڕێزتانمان کرد، عێراق بەو شێوەیە ئیحتیسابی مووچەخۆرانی

خۆی بکات، زیاتر لە 75٪ لە بودجەی تەشغیلی ناوچەکانی تری عێراق بۆ مووچەخۆرانیان دەچێت، ئینجا بۆیە نابێت ئەو مەجالە بە ئەوان بدەین، تەبیعی ئێمە لەناو خۆمان هەروەکو باسمان کرد لەگەڵ ئەوەینە، من تەئیدی ئەوە ناکەین نەخێر ئێمە بەردەوام بین، ئێمە هەر دەڵێین دەبێت ئیسلاحات بکەین، نابێت بەردەوام بین لە دامەزراندن، دەبێت کەوادیر موئەهل بکەین، یەعنی ئەوانە ئێمە لەسەر ئەو سیاسەتە بەردەوام دەبێن، بەڵام زەرورەتی هەبوو ئەوەش عەرزی بەڕێزتان بکەین، کە ئەگەر موناقەشەك لەگەڵ یەکێك لە دەرەوەی هەرێم بکرێت، بەو ئیسلوبە ئێمە موناقەشەی لەگەڵ دەکەین، بەڵام لەناوخۆمان ئێمە هەر داوای ئەو ئیصلاحاتە دەکەین، ئەگەر ئێستا ئێمە دوو بابەتی گرنگ هەیە 17٪ی سیادی کە لە بودجەی ئێمە دەبڕدرێت، 17٪ی خەرجیەکانی حاکیمە، ئەگەر ئێوە 17٪ حاکیمەو 17٪ی سیادی بێنن لەگەڵ بودجەی تەشغیلی کە حەقیەتی لە حیساب کردن بەو شێوەیە بێت، لەگەڵ بودجەی تەشغیلی حیساب بکەین، رێژەی قەرەبوو کردنی فەرمانبەران دەکاتە 34٪ هی هەرێمی کوردستان، ئێستاش کە مەواریدی مالی ئێمە لەسەر یاسای مەواریدی مالی رێککەوین، خۆ ئیحتیساب کردنی قەرەبووی فەرمانبەرانیش بەم شێوەیە دەکرێت، ئێوە بڕیار دەدەن ئەوە حاکیمەیە، ئەمەش سیادی دەدرێتە ئەوان بەس حاکیمە بۆ ئێمە دێت، ئەو کاتە نیسبەی قەرەبوو کردنی فەرمانبەرانیش دادەبەزێت، تەبیعی بەڕێزتان ئاگادارن کە کوردستان مەحرومیاتێکی زۆری هەبووە لە سالانی رابردوو، ئینجا فەترەیەك هات دامەزراندن زۆر بووە، بێجگە لەوە بە دەیان هەزار خانەنیشن هەبوو، ئەگەر بەبیرتان بێت هەمووی لە دەرەوەی هەرێم مووچەیان وەردەگرت، لە دوای رووخانی رژێم هەموویان گواستراندوە بۆ سەر بودجەی هەرێم، یەعنی ئەوەش هەموو ئەسباب بووینە قەرەبوو کردنی فەرمانبەران بەو رێژەیە بەرز ببێت، پاش ئەوە خاڵێکی تریش هەیە هەرچەند با ئەوەش گوێیان لێ بێت، ئەمە تەنیا بۆ سێ پاریزگا نییە، بەڕێزتان دەزانن ئەو پارێزگایانە، ئەو ئەقزیەو ناحیانە کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن، ئێمە حیسابیان دەکەین ناوچەکانی موتەنازع و حیسابیان دەکەین لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان، ئینشائەللا بەو دوو، سێ مانگە حەل دەبێت، بە هەزاران فەرمانبەری هی ئەوانیشن کە هاتوونەتە سەر فەسلی قەرەبوو کردنی فەرمانبەران، ئەگەر مادەی 140 جێ بەجێ ببێت، یەعنی ئەو رێژەیەش گۆڕانکاری لەسەر دەکرێت، چونکە ئەو کاتە بودجەی ئەو ناوچانەش دێتە سەر هەرێم.

خاڵی چواردەم/ لەسەر کێشەی نیشتەجێ بوون و دانانی سندوقی نیشتەجێ کردنە، بەڕاستی لەو رووبەوە چەند سیاسەتێکی جیا هەبووە، ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان سیاسەتێك هەبووە کە پێویستە قەرزی خانووبەرە بدرێت، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کار پەیدا ببێت، هاوولاتیش دەست دەکات بە خانوو دروست کردن، بەمەش کێشەی نیشتەجێ بوون چارەسەر دەکرێت، سیاسەتێکی تر/ هەبووە کە حکومەت بێت و شوقە دروست بکات و بە قست بیداتە هاوولاتیان، چونکە مەبەریراتی ئەوە بوو خەدەمات باشتر بە هاوولاتیان دەگات، سیاسەتی سێیەم/ ئەوەیە کە نەخێر باشترە ئێمە دەعمی موستەسمرین بکەین، کە ئێستا موستەسمرین زۆر دێن و یەکێك لەو شتانەی کە زۆر تەرکیزی لەسەر دەکەن دروست کردنی

شوقەیە بەو شەرتە کە هەیئەی ئیستیسمارات سعریڵك لەسەریان فەرز بکات کە موناسب بێت بۆ هاوواڵتیان.

ڕەئی چوارەم/ ئەوەیە کە نەخێر وەکو ئێستاکە بەغدا دەیەوێت پەیڕەوی بکات دانانی سندوقی نیشتەجێ کردنە، ئێمە لەگەڵ ئێوەین ئەو بڕیارەی کە دەدەن پەیڕەوی لەو سیاسەتە دەکرێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بەڕێز کاك سەرکیس بزانین نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەندێك لەو خاڵانەی ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی تەوصییەو پێویستی بە وەاڵم نییە، هەندێك لە وەاڵمەکان زۆر دوورو درێژە، کە شەرحی دەکات پێموایە زۆربەمان دەزانین ئەگەر بکرێت جەنابی وەزیر مەمنونی دەبین کورتی بکاتەوە، چونکە ئەوە سەعات دووە ئێمە پرسیارمان زۆرە، پێشنیارمان زۆرە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کوێستان خان ئەوە ڕاپۆرتی مالیە، لە هەموو ڕاپۆرتەکان گرنگترە، پێویست دەکاتن بەو ڕوون کردنەوەیە، بە پێچەوانەوە ئەو تەفسیلاتە زۆر پێویستن، ئەگەر خۆت لەبەر ئەوەی دەزانم چەندین کۆبوونەوەو کۆنفرانستان کردووە، پسپۆڕی بڕێك شارەزاییتان پەیدا کردووە، مانای ئەوە نییە هەموومان دەیزانین و خەڵکیش تەماشامان دەکات، لەبەر ئەوە ئەو تەفسیلە گرنگە، سوپاس بەردەوام بە.

بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خاڵی پازدەم/ من پێشنیار دەکەم تەنانەت کە بودجەی ساڵی ئایندە ئامادە دەکرێت، ئەم بودجەیە ئێمە موشارەکەی لیژنەی دارایی و ئابووریش بکەین هی پەرلەمان، بێن موشارەکەمان لەگەڵدا بکەن بۆ ئەوەی سیاسەتێك دابڕێژرێت کە هەموو لایەك رازی بین پێی، ئینجا نوێنەرێکیان دێت، دوو نوێنەریان دێت لە کاتی موناقەشەی بودجە لەگەڵ ئێمە بەشداری بکەن زۆر باش دەبێت بۆ خاڵی پازدەم.

خاڵی شازدە/ کە داوا کراوە بودجەی تەواوکەر لە عێراق موتابەعە بکەین، ئێمە لەو سەردانەشمان موتابەعەمان کردووە، ئێستا خەریکە وەزارەتی دارایی ئیتیحادی لە بەغدا بودجەی تەکمیلی کە ئێمە لەوێ بووین خەریك بوون ئەو بودجە تەکمیلیە ئامادە دەکەن، بۆ ئەوەی بیدەنە ئەنجومەنی وەزیران لەوێوەش بچێتە پەرلەمانی عێراق و لەوێ تەسدیق بکرێت، بەڕاستی ئێمە هەوڵێکی تریشمان دا، هەوڵماندا بابەتەکە بە دوو شێوە لێك جیا بکەینەوە، یەك/ بودجەی تەکمیلی داهاتی 17٪ی ئیزافی، یەعنی بەپێی یاسای بودجەی عێراق هەر داهاتێکی ئیزافی کە پەیدا ببێت 17٪ی ئەم داهاتە دەبێت بدرێتە هەرێمی کوردستان، ئێمە لەگەڵ برادەرانی خۆمان لە بەغدا ئەو هەوڵەمان داوە، ئەگەر ئەوان پێیان بکرێت جارێ هی ئەو شەش مانگە 17٪ی داهاتی بووە ئەوە بدرێتە هەرێمی کوردستان، بودجەی تەکمیلیەکە، چونکە

دەگەڕێتـەوە بـۆ شـەش مـانگی داهـاتووی سـاڵی 2008یـش، ئـینجـا نـازانین چـەند سـەرکەوتوو دەبـین، ئایـا هەمووی بەشێوەی بودجەی تەکمیلی دەبێت؟ یان دەکرێتە دوو بـەش، بودجـە تەکمیلیەکـەش بـۆ ئاگـاداری بەڕێزتان بۆ هەموو پرۆژەکان تەرخان دەکرێت.

خاڵی حەڤدەم/ راستە ئێمە دەسـەلاّتی دادوەری لـە چوارچێوەی وەزارەتـی دادمـان دانـا بـوو، پاشـان بـەڕێز لیژنەی دارایی داوای کرد بوو، ئەمەشمان راست کردەوە.

ئەو خاڵانەی کە لەسەر یاسای بودجە بوو سێ مانگ بوو، ئەو باسم کرد، بەڵام بەنیسبەت دەسەلاّت کـە داوا کراوە، کە بدرێتە وەزیرەکانی سەرف، مەسەلەن (250) بێت، بەڕاسـتی ئێمـە ئـەو دەسـەلاّتە هـەر عـەرزی بەڕێزتان بکەین مەوزوع ئەوە نییە، کە بمانەوێت دەسەلاّتێك لە وەزیر کەم بکەینەوە، یان زیـاد بکەینـەوە، وەزیـری ئیتیحاد لـە بەغـدا کـە 83٪ی بودجـەی لـەبن دەسـتە دەسـەلاّتەکەی (250) ملیۆنـە، باشـە 17٪ وەزیرێـك کـە لـە هەرێمـە 17٪ بودجـەی لەبـەر دەسـتە، ئـەوە پەیوەنـدی بـە کەمیـەی پارەکـە هەیـە، بـە مەبلەغەکە هەیە، ئێوە چـەند بڕیـار دەدەن دەسـەلاّتی هـەبێت، لێـرەش ئێـوە بڕیـار بـدەن، چ بڕیـار دەدەن ئێمە وا دەکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس بۆ ئەو روون کردنەوەیە، ئەو راپۆرتەی لیژنەی دارایـی خـاڵ بـە خـاڵ جـەنابی وەزیـر وەلاّمـی دایەوەو زۆر روون کردنەوەی پێویستی دابوو، ئومێد دەکـەم وەلاّم دانـەوە بێـت بـۆ ئـەو پرسـیارانەی لـەلای ئێوەش دروست ببوو لەسەر راپۆرتەکە، من تەنیا پێش ئەوەی هین بکەم یەك، دوو مولاحەزەی خۆم هەیـە عەرزتان دەکەم، یەکێکیان/ لەسەر مەوزوعی ماوەی پێشکەش کردنی بودجە، کـە موبەریراتەکـەی جـەنابی وەزیر ئەوە بوو لە بەغـدا دەخەملێنـدرێت، سـندوقی نەقـد موتابەعـەی دەکـات و ئەوانـە، ئێمـە پێشـتریش ئەوەمان موناقەشە کردووە، لەلایەن خۆشمانەوە موتابەعە دەکرێت، تـەوەقوعاتیش رەچـاو دەکرێـت، خـۆی بودجە خەملێنراوە، داهاتی عێراقیش هەروەها دەخەملێنرێت، تەوەقوعات چیە لە زیادە کردنـە؟ هـەر لـە ئێستاوە تەوەقوعات بۆ بودجەی 2009 دەستی پێ کردووە، هەر لە ئێستاوە، بـەپێی تـەوەقوعات بـە (57) حیساب کراوە بـەرمیلی نـەوت، ئێستا گەیشتۆتە (110)و بـە چـەند حیساب دەکرێـت، رەنگـە بـە نـەوەد حیساب بکرێتن، چونکە عقودەکان جێ بەجێ دەکرێن هی ساڵی پارەکەیە، بە هەر حـاڵ ئێمـە داوا دەکـەین کە بودجەی خـەملێنراو، یـەعنی کـە دەڵێین خـەملێنراو هـەردووکی بخـەملێنن، یـەعنی هـەم وەزارەتـەکان پێداویستیان و نەفەقاتیان و ئەو پرۆژانەی پەرەپێدانی پێش ئاوەدانکردنەوەو هەر هـەمووی دەیخـەملێنن، ئەو خەملێنراوە تەبعەن رەچاوی ئەوە دەکاتن تەوەقوعات چیە بۆ داهاتوو، ئێمە نالێین ئەو بودجەیەی کە دێتە ئێرە کۆتاییە، بە تەئکید کۆتایی نییە، بەلاّم لێرە پێش ئەوەی بچینە بەغدا، داواکاری ئێمـە ئەوەیـە لێرە ئەوەی باس بکەین و داوای زیاد بکەین، داوای گۆڕینەوە بکەین، بەلاّم کـە چووینە بەغـدا بـە تەئکیـد کۆتاییەکە لەوێیە، رێژەکە چەند دەبێت؟ زیاد دەبێت، کـەم دەبێـت دەتـوانن ئـەو کـاتی کـە گەڕانـەوە بڵێن بەغـدا لەسـەر ئـەوە موافەقـەتی نـەکرد بـە جەلسـەیەك هـەموارى دەکەینـەوە، یـاخود دەتـوانین ئالیـەتێك بدۆزینەوە، بەلاّم بەپێی نیزامی داخیلی پەرلەمان دەڵێت لە پێش کۆتایی ئۆکتۆبەر دەبێت بودجە تەقدیم

بکرێت، جا لەبەر رۆشنایی ئەو وەزعەی ئێستا تازە لەگەڵ بەغداو ئەوانە، دەبێت صیغەیەك بدۆزینەوە كە هەنگاو بێت، بەنیسبەت ئەو كێشانەی لەگەڵ بەغدا هەیە، بەڕاستی حەق نییە لێیان قەبول بكرێت، لەو بەشەی كە دەیانەوێت غەدر لە ئێمە بكەن، ناكرێتن قەبول بكرێتن، ئێمە دەستوورمان هەیە، دەسەلاتمان هەیە لە بەغدادا، لێرە حكومەتی هەرێم هەیەو سەرۆكی حكومەت هەیە، لەبەر رۆشنایی ئەو حەقەی قەبول نەكاتن، نەفەقاتی سیادییە رەجعی بێتن، عەدالەتی تێدا بێت، ئەگەر نەبوو ئەوە مەحكەمەی عولیا هەیە، مەحكەمەی دەستووری هەیە، دەتوانین لەوێ شكایەت بكەین، بەنیسبەت سندوقی نیشتەجێ بوون، سولفەی عەقار، داواكارییەكی گەورەیە لە لایەن لیژنەی دارایی نووسیویەتی و هەموو لیژنەكانیش ئاماژەیان پێ كردووەو هەموو ئەندامان ئاماژەیان پێ كردووە، دەبێت رێژەیەك دابنرێت بۆ سولفەی عەقار، ئینجا ئەگەر سندوقی عەقاریەكە دابنرێت، ئەوە مامناوەندییە، یەعنی هەم رێگاش دەكاتەوە بۆ ئەو شتانەی كە ئاماژەم پێ كرد، ئیستیسمار ئەوانەی لە دەرەوە دێن، حكومەتیش دەتوانێت شوقە دروست بكاتن، یەعنی دەكرێتن هەرسێ بەرنامە پێكەوە بێت، هەم سولفەی عەقار بدەیت، هەمیش بەرنامەت هەبێت بۆ دروست كردنی شوقەو ئەوانە، هەم رێگاش دەدەیت بۆ ئەوانەی كە دێن لێرە ئیستیسمار دەكەن، كێشەی نیشتەجێ بوون كێشەیەكی گەورەیەو بەردەوامیش دەبێت، دەبێت تەوەقوعمان هەبێت ئەو مەوزوعە قەت كۆتایی پێ نایەتن، لەبەر ئەوە دەكرێت هەوڵ بدەین كەمی بكەینەوە بە بەرنامەیەكی هەمە لایەنانە، پێش ئەوەی قسە بدەم بە ئێوەی بەڕێز، داوا لە جەنابی كاك عوسمانیش دەكەم، دواتر پاش كاك عوسمان جەنابیشت قسەی بكەیت، كاك عوسمان فەرموو.

بەڕێز عثمان شوانی/ وەزیری پلاندانان:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

تەنها من هەندێك مولاحەزەی ئیزافیم هەیە لەسەر قسەكانی جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری بە سوپاسەوە كە هەموو شەرحەكانی كرد، مەسەلەی میزانیەی تەكمیلیەكە ئێستا كتابی رەسمیمان بۆ هاتووە لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە، كە میزانیەی تەكمیلیە حازر بكەین، ئێمە خۆشمان بۆ حازر كردووە، بۆ ئەوەی لە پێشی 5/1 پرۆژە داواكارییەكان لەسەر ئەو سیاسەتەی كە جەنابی وەزیری دارایی فەرمووی داواكاری بەپێی ئەو رێژەیەی كە تەقدیر دەكرێت چەند بێتن، زیاتر تەقدیم دەكەین، بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر حصە بە دەست بێنین، نەوەك ئەو سوڵتەیە تەقدیر بكەین پێنج ملیار دۆلار بێتن تەبعەن هەمووی بۆ مەشاریعە نیسبەی زیاتر دەربچێتن، كە زیاتر دەربچێت مەسەلەن پێنج ملیارم تەقدیم كرد، حصەی هەرێمی كوردستان دەڕوات جارێكی تر تەعویزم ناكاتەوە، بۆیە بە تەماینە زیاتر تەقدیم بكەین لەسەر ئەمە، دووبارەش كە میزانیەی تەكمیلیەكە هاتەوە دێتە بەردەستی بەڕێزتان و بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو پرۆژانە، لەسەر مەسەلەی ئەوەی كە یەكێ لە مولاحەزەكانی لیژنەی دارایی بە سوپاسەوە راپۆرتێكی زۆر باشیان نووسیبوو، كە مولاحەزەی زۆر جددی تێدایە لەسەر مەسەلەی سیاسەتی عامی، میزانیە چۆن دادەڕێژرێت، لەسەر مەسەلەی بەڕێوەبردنی بودجەو سەرمایەی ولاّت چۆن دەبێتن؟ چۆن تەوەجوە دەبێت بۆ كەرتە ئابووریەكان، تەبعەن كاك سەركیس شەرحی كرد، بەلاّم بە تەفسیلتر

ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەعمی تایبەت دەکاتن، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت بۆ کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی و رێگای بانکەکان بکاتن، لە رێگای ئیستیسمارەوە بیکاتن، ناکرێت حکومەت خۆی پرۆژەی ئیستیسماری بکاتن، چونکە سیاسەتی عام لە هەرێمی کوردستان داڕێژراوەتەوە، کە بریتییە لەوەی حکومەت نابێت خۆی کار بۆ ئەو کارخانەو ئەوانەی هەبێتن، بە پێچەوانەشەوە سیاسەتەکە ئەوەیە کار لەو کارخانە هەیەتی بەرەو خەصە خەصە ببەتن، بیداتە دەست کەرتی تایبەت، چەندین نموونەش هەیە، هەمووتان دەزانن لە کوردستاندا مەعمەلێکی چیمەنتۆمان هەبوو لە تاسوجەیە ئینتاجەکەی رۆژی نەدەگەیشتە هەشت سەد تەن، ئێستا ئینتاجەکە رۆژی شەش هەزارو پێنج سەد تەنە، یەعنی هەموو کرێکارەکانیش تێدا ئیش دەکەن، کە حکومەت هەزار تەن بەلاشیش وەردەگرێتن، ئینجا سەرمایەدارەکەش قازانج دەکات، لەسەر مەسەلەی پرۆژە ئیستیسماریەکان حەزم کرد هەندێك مولاحەزاتی عام لەسەر ئەمە کە کاك سەرکیس بەس بە ئەرقام خوێندیەوە، ئێمە میزانیەی ئیستیسماریمان دابەش کردووە، کە خۆی کۆی گشتییەکە دوو تریلیۆن و هەشت سەدو حەفتاو سێ ملیار دینارە، کە دەکاتە دوو ملیارو چوار سەد ملیۆن دۆلار، ئەم رەقەمە تەسەور دەکەین ئەمسالّ کە بکەوێتە بازاڕی هەرێمی کوردستانەوە حەرەکەیەکی ئیقتیصادی گەورە لە کوردستان دروست دەبێت لە بواری گواستنەوە، لە بواری بیناسازی، لە هەموو بوارەکانی دابین کردنی کەرتی بیناسازییە، ئەمە بە تەئکید ئێستاکە کێشەیەکە، کێشەی بەتاڵە هەیە، کێشەی رکودی ئیقتیصادی هەیە، ئەمانە تەسەور دەکەین لە ئەنجامی دابین کردنی ئەو بودجەیە بکەوێتە بازاڕەوە لە ماوەی سالّێکدا لە چەند شارێکی هەرێمی کوردستان لەو مەساحە جوگرافیەدا بە تەئکید دەوری ئیجابی زۆر باشی دەبێت، میزانیەکەمان دابەش کردووە بەسەر سێ بەشدا، بەشێکیان بۆ ئەو پرۆژانەی کە بەردەوام بووینە لە سالاّنی رابردووەو ئەمسالّ تەواو دەبێتن، هەر مولاحەزەیەکم خوێندەوە لە رۆژنامەیەك دەلّێت پرۆژە هەیە رۆژی دوو جار پارەی بۆ دابین کراوە، بە تەئکید جامیعەی سلێمانی عومرەکەی پێنج ساڵە، لە ساڵی 2005ەوە دەستی پێ کردووە، 2006یش بەردەوام دەبێت، 2007یش بەردەوام دەبێت، 2008یش بەردەوام دەبێت، ساڵی 2009ش بەردەوام دەبێت، بۆیە سالاّنە مەبەستمان لە شەرح کردنی پرۆژە بەردەوامەکان کە ئەو پارەی بۆیان تەخصیص کراوە تریلۆنەك و دوو سەدو نەوەد نۆ ملیارو هەشت سەدو شازدە ملیۆن دینارە، کە دەکاتە ملیارێك و هەشتاو هەشت ملیۆن دۆلار، کە دابەش کراوە شەش سەدو هەژدە پرۆژەیە بەسەر هەموو پارێزگاکان و بەسەر هەموو وەزارەتەکان، بەلاّم کۆی گشتی ئەو پرۆژانە کولفەکانیان دوو تریلیۆن و شەش سەد ملیار دینارە، بەلاّم بۆ ساڵی 2008 هەزارو دوو سەدو نەوەد و نۆ ملیاری دەوێتن، ئەمە بۆ پرۆژە تازەکانە کە پێشنیار کراوە، پرۆژە بەردەوامەکان خۆیان حەفت سەدو شەست و شەش پرۆژەیە کە ملیارێك و حەفتاو هەشت دیناری دەوێت، کە دەکاتە هەشت سەدو نەوەد هەشت ملیۆن دۆلار، بەشی سێیەمیان لە پرۆژەکان، کە پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکانە، کە دابەش کراوە بەسەر هەرسێ پارێزگا، پارێزگای هەولێر سەدو هەشتا ملیاری بەرکەوتووە، سلێمانی دوو سەد ملیاری بەرکەوتووە، دهۆك سەدو پازدە ملیاری بەرکەوتووە، کە ئەوانیش شەش سەدو شەست و حەوت پرۆژەیە، دابەشیان کردووە بەسەر خەدەماتەکان، هەموو سەکتەرەکانمان دەرهێناوە، ئێمە بەپێی

جەداول هەمووی عەرزی سەر برادەرانیشمان کردووە، کە رێژەی زۆری بۆ ئەو خەدەماتانەیە، بۆ ئەو پرۆژە سەریعانەیە کە پێداویستی هاوولاتیانە، یەکێك لە مولاحەزاتەکانی لیژنەی دارایی و ئابووری ئەوە بوو میزانیە زۆر زیاتر تەقدیم کراوە بۆ وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان، حەقیقەتەکەی پێداویستی هەرێمی کوردستان لە بودجەی ئیستیسماری زیاتر لە بیست ملیۆن دۆلارە، بۆیە هەر وەزارەتێك دەیەوێت زۆرترین کەمیە پارەی دەستکەوێت، بۆ ئەوەی بتوانێت زۆرترین خەدەمات تەقدیم بکات، وەزارەتی کارەبا تەقدیمی سێ ملیاری کردووە، ناحەقی نییە بیەوێت سەکتەری کارەبا چاك بکاتن، پێویستی بەو پارەیە هەیە، بەلأم ئەو پارەیەی کە لەبەر دەستی ئێمەدا هەیە چەندی بۆ تەخصیص دەکەین، تەبعەن ئەولەویات لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەمسالّ بۆ پرۆژەکان بەم شێوەیە دابەش کراوە، یەکەم/ وەزارەتی کارەبایە، کە سەکتەری کارەبا ئەولەویەتی رەقم یەکی دراوەتێ لە پارە تەخصیص کراوەکاندا.

دووەم/ وەزارەتی شارەوانییە، بەتایبەتی کەرتی ئاو و خەدەماتی شارەوانییە.

سێیەم/ مەسەلەی ئاودێرییە، ئاودێری زۆر بە حیسابمان کردووە، لەبەر ئەوەی یەکێك لە تەوەجوهەکان دەلّێت بۆ کەرتی کشتوکالّی پێش ناکەوێت، هەموو ئێوەی بەڕێز دەزانن کەرتی کشتوکالّی کێشەی ئەساسی کوردستان نەبوونی سێ شتە:

یەکەم/ نەبوونی ساغ کردنەوەی مولّکیەتی زراعییە، نەبوونی مەکرەمەی زراعییە، نەبوونی ئاوە، بۆیە تەرکیزمان کردووەو پارەیەکی باشمان تەخصیص کردووە بۆ پرۆژەیەکی یەکجار زۆر لە پرۆژەکان تەخصیص کراوە بۆ وەزارەتی سەرچاوەی ئاو، لە دوای ئاو رێگاوبان دێت، لە دوای ئەوانە قوتابخانە دێت، ئەمسالّ بە تەنها کێشەی قوتابخانەکان ئێمە زیاتر لە سەدو حەوت قوتابخانەمان بۆ دروست کردوون و جگە لەوەی لە میزانیەی پارێزگاکانیشدا هەیە ئەویش بیست و حەوت قوتابخانەی تێدا هەیە، یەعنی تەقریبەن دەکاتە سەدو سی و چوار قوتابخانە، بەس ئەمسالّ دروست دەکرێت، مەراکیزی صحی و تەندروستی، ئینجا دێینە سەر کشتوکالّ و ئینجا دێینە سەر خەدەماتی صحی، ئینجا دێینە سەر خەدەماتی لاوان و وەرزش و جیهەتەکانی تری وەکو خوێندنی بالاّو ئەوانە هەمووی بە نەزەرِی ئیعتیبار وەرگیراوەو پرۆژەکانیان بەسەر دابەش کراوە، موراعاتی ئەولەویەتی ئەوە کراوە کە لەناو وەزارەتەکەدا خۆی باسی کردووە، ناکرێت من لە جیاتی وەزارەتێك بیر بکەمەوەو موناقشەی لەگەلّ دەکەین، موناقەشەکە بە ئامادە بوونی نوێنەری هەردوو وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان لەگەلّ وەزارەتەکان کراوە، دوای ئەوە دووبارە لەگەلّیان دانیشتنەوە کە گەیشتونەتە ژمارەی کۆتایی پێشکەش بە بەڕێزتان کراوە، ویستم ئەم تێبینیانە بۆ جەنابتان و بۆ خوشك و برا ئەندامە بەڕێزەکان روون بکەینەوەو زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس بۆ ئەو روون کردنەوەیە، نەفەقاتی ئیستیسماری زۆر تەفسیلاتی باشی تێدا بوو، کاك شێخ بایز هیچ قسەیەکت هەیە، تێبینیەك، کەواتە پشتگیری دەکەیت، فەرموو کاك دلێر.

بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی زۆر سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم، بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان بۆ ئەو رووون کردنەوانەی کە دایان، لەڕاستیدا هەردووکیان بەشێوەیە پشتگیری راپۆرتەکەی ئێمەیان کرد، پێش ئەوەی بێمە سەر وەلأمدانەوەی هەندێك خاڵ، کە بەڕاستی پێم چاکە لەسەری بوەستم، دەمەوێت تێبینیەك لەسەر برا پەرلەمانتارەکان بڵێم، ئێمە لە راپۆرتی لیژنەکەماندا کاك ئیحسان ئامێدی ئیمزای نەکردووە هەڵەیەکە، بەڕاستی بەشداریەکی چالاکی کردووەو یەکێکە لە ئەدامە چالاکەکانی لیژنەکەمان، داوای لێبوردنی لێ دەکەم لێرەوە، لەبەر ئەوەی کەم تەرخەمیەك هەبوو، بۆیە ئیمزای نەکردووە، سەبارەت بە یەکگرتنەوەی.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

عەفو کاك دلێر وەلأمی دایەوەو جەنابیشت نووسیووتە، ئەوانەی کە سیاسینەو موقتەرەحاتن نەچینە سەری، جەنابت پێشنیارت کرد بوو، ئەویش وەلأمی دایەوە، باشە فەرموو.

بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سەبارەت بە یەك نەگرتنەوەی وەزارەتەکانی دارایی و ناوخۆ و پێشمەرگە بەڕاستی ئەمە مەسەلەیەکی چارەنووسسازە بەنیسبەت خەڵکی کوردستانەوە، دڵە راوکێیەکی لە لای خەڵك دروست کردووە، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی دارایی پێ دادەگرین بە زووترین کات ئەو وەزارەتانە یەك بگرێتەوەو ئەو دڵە راوکێیە لە لای خەڵك نەهێڵن، چونکە جیاوازی هەیە لەنێوان یەکگرتنەوەی ئەو وەزارەتانەی لە یەکتری دەچن، ئەمە تۆزێك مەسەلەیەکی جیاوازە، بۆیە ئێمە پێمان چاك بوو لەسەری بوەستین.

سەبارەت بە راپۆرتی وەرزی، هەموو دائیرەیەك راپۆرتی رۆژانەی هەیە، رۆژانە حیساباتی خۆی چەك دەکات، هەموو هەفتەیەك و دە رۆژو پازدە رۆژو مانگێك شتێك دەکات، هەموو سێ مانگیش شتێك دەکات، هەموو وەزارەتەکانیش ئەو حیساباتانەی هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە پێمان چاکە بەشێوەیەکی سێ وەرزی، هەموو سێ مانگ جارێك، هەموو شەش مانگ جارێك، هەموو سالێکیش جارێك وەزارەتی دارایی چۆن سەرۆکایەتی حکومەتی لێ ئاگادار دەکات، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش ئاگادار بکاتەوە لە چۆنیەتی سەرف کردن و لە چۆنیەتی بارودۆخی دارایی، ئێمە لە خاڵی هەشتدا بەڕاستی داوامان کردووە، دیارە میزانیەو بودجە یەکێکە جگە لە ئەرکەکانی تری، ئامرازێکە بۆ چاودێری کردنی کاری حکومەت، ئامرازێکە بۆ حیساب کردن و مەقیاس کردنی ئەدای حکومەت و پێوانە کردنی ئەدای حکومەت، چۆن حکومەت ئەدای خۆی دەکات؟ بۆیە لەسەر ئەو ئەساسە ئێمە لێرەدا داوامان کردووە، بۆچی ئەو وەزارەتانەی دواکەوتوون لە پێشکەش کردنی بودجەکانیاندا حکومەتی هەرێمی کوردستان موحاسەبەی نەکردوون، بەڕاستی چۆن ئافەرین و دەست خۆشکەری و سوپاس کردن هەیە لە دامودەزگاکاندا، دەبێت بە هەمان شێوەش لێپێچینەوەو موحاسەبە کردنیش هەبێت لەو بەرپرسانەی کە کارەکانی خۆیان ناکەن و کەم تەرخەمی دەکەن لە کارەکانیاندا، بۆیە ئێمە لێرەدا داوامان کردووە ئەو وەزارەتانەی کە دواکەوتوون لە هێنانی بودجەکانیان، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لێ پێچینەوەی نەکردووە، هیوادارین وەزارەتی دارایش

هاوکار بێت لەو مەسەلەیەدا، ئێمە لە خاڵی دە باس لە زێدەڕۆیی دەکەین، ئەو تەقدیرانەی کە وەزارەتەکان و هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی ئێمە دەیکەن بۆ بودجەکانیان دائیمەن زێدەڕۆیی، موبالەغەی تیا دەکەن، دیارە ئەو موبالەغەیە کۆمەڵە هۆکارێکی هەیە، یەکێك لەو هۆکارانە ئەوەیە لە وەزارەتی دارایی و لە دامودەزگاکانی سەرووی خۆیانەوە بەڕاستی زۆری دەقرتێنن، ئەو زۆر قرتاندن و ئەو زێدەڕۆییە لە قرتاندنەکەشدا باش نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زێدەڕۆیی هەبێت، لە هەموو ئەم زێدەڕۆیشدا بەڕاستی دەرگایەك دەکرێتەوە بۆ گەندەڵی، دەرگایەك دەکرێتەوە بۆ شتی نارەوا، بۆیە ئێمە پێمان چاکە هەوڵ بدرێت میکانیزمێك بدۆزرێتەوە لەو مەسەلەیەداو چارە بکرێت، ئێمە تەئکید دەکەینەوە لەسەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت ستراتیجیەتی هەبێت، سیاسەتێکی وازیحی هەبێت لە بواری دارایی و لە بواری ئابووریدا، دەبێت بودجەی وەربەرهێنان، دەبێت گرنگیەکی تایبەتی پێ بدرێت بۆ وەبەرهێنان، دەبێت ئیهتیمامێکی تایبەتی بدرێت بە ئاوەدانکردنەوەی ولاّت و بەتایبەتی کەرتەکانی کشتوکاڵ و هەست دەکرێت کە شتێك و هەنگاوێك هەیە لە بودجەی ئەمساڵدا، بەڵام ئومێدەوارین لە بودجەکانی سالاّنی ئایندەدا، ئەو هەنگاوە بەهێزتر بێت و پتەوتر بێت، لە خاڵی دوازدەدا، بەڕاستی ئێمە دژی ئەوە نین کە دەرگا بکرێتەوە بۆ کەرتی تایبەت، ئەم سەردەمە سەردەمی کەرتی تایبەتە، سەردەمی چالاکیە تایبەتیەکانە، بەڵام ئەمە هیچ کاتێك رێگر نابێت دەرگا کردنەوە لەبەردەمی کەرتی تایبەت، هیچ کاتێك رێگر نییە لەبەردەمی ئەوەی کەوا، یاخود نابێت ببێتە هۆی ئەوەی کەوا حکومەت بە تەواوەتی پایدۆزی لێ بکات، هیچ چالاکیەکی ئابووری نەمێنێت و پەراوێز بکرێت لە چالاکی ئابووریەکاندا، لە ولاّتە پێشکەوتووەکانی جیهان، لە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، فەرەنسا، بەریتانیا، ئەڵمانیا..... لە هەموو ولاّتانی پێشکەوتووی دنیا دەوڵەت بەپێی ئەوە بەشداری دەکات، چالاکییە ئابووریەکانە، لەبەر ئەوە حکومەتی ئێمەو دەسەلاّتی هەرێمی کوردستانیش نابێت پایدۆز بکات بەڕاستی لە چالاکییە ئابووریەکاندا، ئێمە مەبەستمان لێرەدا تەنها ئەوەیە، ئێمە دژی ئەوە نین کە سیاسەتی خەص خەصە، بەتایبەتی کردن بکرێت، ئێمە پشتگیری لە سیاسەتی بەتایبەتی کردن دەکەین، بەڵام سیاسەتی بەتایبەتی کردن، خەص خەصە بەڕاستی دەبێت لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو دیراسەتێك بکرێت و بە پلانێکی تۆکمە بێت، بەداخەوە سیاسەت و پیادە کردنی سیاسەت لە ولاّتی ئێمە، لە هەرێمی کوردستاندا تا رادەیەك بۆتە هۆی شێواندن و بۆتە هۆی کاول کردنی کەرتە ئابووریەکان، ئەو بوار و ئەو پرۆژانەی کە بەتایبەتی کراوە زۆریان، من نامەوێت لێرە بکەومە سەر وردەکاریەکانی، بەڵام زۆر لەو پرۆژانە مردوون و لەناوچوون و بەرهەمیان نەماوەو بوونیش بە باریٚك بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بە حوکمی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارو فەرمانبەریان هەیە، ئەمرۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەکانیان دەدات، لەبەر ئەوە دەبێت سیاسەتێکی وازیحتر و تۆکمەترمان هەبێت بۆ بەتایبەتی کردن، بۆ خەص خەصە، ئەو پرۆژانەی دەدرێت بە کەرتی تایبەت، دەبێت بەڕاستی ئاوەدان بکرێنەوەو لە بواری بەرهەمهێنان کاری خۆیان بکەن، نەك بوەستن، من ئامادەم ئێستا ناوی ژمارەیەك لەو پرۆژانە بڵێم کە لە کار کەوتوون و دراون بە کەرتی تایبەت، ئەمە بەڕاستی دەبێت لەسەری بوەستین، ئێمە بەڕاستی جەخت دەکەینە سەر ئەوەی کە دەبێت

سولفەی عەقاری بدرێت، ئەمە رێگر نییە لەگەڵ ئەوە، هیوادارم برا پەرلەمانتارەکان ئەو تەوصیانەی ئێمە کە دەکرێت، بکرێت بە بڕیارێك و حکومەت ئیلزام بکرێت، بۆ ئەوەی جێ بەجێ بکرێت، ئێمە داوا دەکەین کە سولفەی عەقار جێ بەجێ بکرێت، لەو رێگەیەوە بەشێك لەو کێشەی نیشتەجێ کردن چارەسەر بکرێت، ئەمە رێگا لەوە ناگرێت کە حکومەتیش پڕۆژەی خۆی هەبێت، کەرتی تایبەتیش هان بدرێت، کۆمپانیاکانیش هانبدرێت، کەرتی تایبەتی خۆمالّی و دەرەکیش کە هانبدرێن و پرۆژەی نیشتەجێ بوون لە هەرێمی کوردستاندا جێ بەجێ بکەن، لەبەر ئەوە تەئکید دەکەینەوە لەسەر ئەو لایەنە.

سەبارەت بە بودجەی دەسەلاّتی دادوەری، بەداخەوە ئێمە داوامان لە دەسەلاّتی دادوەری کرد کە بودجەی خۆی بێنێت، تا ئەمڕۆش پرۆژەیەکی بودجەی پەرپوتی هێنا بوو، بەلاّم پرۆژەکەی خۆی نەهێنا بە هاوکاری ئێمە سوپاسی وەزارەتی دارایی دەکەین، ئەوان بەڕاستی پرۆژەیەکیان بۆ ئامادە کردین و هێنایان، تا ئەمڕۆکەش بەداخەوە دەسەلاّتی دادوەری خۆیان وەلاّمیان نەدابۆوە.

سەبارەت بە دەسەلاّتی وەزیر، ئێمە پێشنیازێکمان کردووە لە راپۆرتەکەمان و تێبینیەکمان هەیە لەسەر یاسای بودجە کە دەبێت دەسەلاّتی وەزیرو سەرف کردن، سەرف (250) ملیۆن دینار بدرێت بە وەزیر، بەڕاستی ئەمە بۆ کار ئاسانی حکومەتی ئێمەیە، بۆ کار ئاسانی ئەوەیە کە ئیشەکانی ئێمە بڕوات بەڕێوە، هیوادارین ئەمە نەبێتە هۆی ئەوەی لەبەر ئەوەی بودجەی عێراقی زیاترە لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەبێت دەسەلاّتی وەزیری ئێمە لە 17٪ی دەسەلاّتی حکومەتی مەرکەزی بێت، بەڕاستی دەبێت پۆلیسێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مامۆستایەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزیرێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانتارێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پزیشکێك، ئەندازیارێك دەبێت کەمتر نەبێت، پلە دوو نەبێت، دەبێت سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە قەد سەرۆکی حکومەتی عێراقی حقوق و واجیباتی هەبێت، لەبەر ئەوە ئێمە پێمان وایە دەسەلاّتی وەزیرێك لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەفسەرێك، مامۆستایەك نابێت کەمتر بێت لە دەسەلاّتی هاوشانەکەی لە حکومەتی ئیتیحادیداو، زۆر زۆر سوپاستان دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، ئێستا ئێمە ئەمڕۆ تەنیا موناقەشەی راپۆرتی لیژنەی داراییە، سێ چارێگمان لە پێشە، بەیانی ئینشائەللاّ دەست پێ دەکەین بە موناقەشەی بەشەکان، یەعنی وەزارەتەکان، وەزارەت بۆ وەزارەت و ئەو راپۆرتەی، ئەو وتارەی جەنابی وەزیریش نوسخەتان پێ دەداتن، کە نەگەیشتووە تاکو ئێستا، ئێستا شتەکە روونە، راپۆرتەکە زۆر وازیحە، وەلاّمی وەزیریش زۆر لایەنی وابزانم پرسیاری ئێوەشی وەلاّم دایەوە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەر کەسێك پرسیاری هەبێت و نەهاتبێت لە راپۆرتەکەو لە وەلاّمەکەی، تکاشم وایە مەچنە سەر تەفسیلاتی بەشەکان، کە بەیانی و دوو بەیانی موناقەشەی دەکرێتن، هەر شتە عامەکان، بەیانی سەعات دەو نیو کۆ دەبینەوە، کاك ئارام نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

بەڕێز ئارام رسول مامند:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی دانیشتنەکان بابەتی بودجەیە، بابەتی بودجە گرنگە، ئێمەی ئەندامان زۆر دەمێکە چاوەڕوانی ئەو رۆژە دەکەین، زۆر پرسیارو تێبینیمان هەیە، بەڕێزان زۆریان داوای قسە کردنیان کردووە، جەنابیشتان باسی (45) دەقیقەتان کرد، ئەگەر بڕیار بدەن دەقیقەیەك، یان دوو دەقیقە قسەمان پێ بدەن، بەڕاستی ئێمەش ناتوانین هەموو بۆچوونەکانی خۆمان بڵێین، بۆیە من داوای ئەوە دەکەم جەنابت ناوەکانت نووسیووە، ئەگەر بکرێت لە سەرەتای جەلسەی بەیانی دەست بکرێت بە قسە کردن، بۆ ئەوەی مەجالی زیاتری ئەندامان بدرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك رەشاد فەرموو.

بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەمە ئەو راپۆرتەی لیژنەی دارایی کە خوێندرایەوە لە لایەن بەڕێز وەزیری دارایی رووون کردنەوەیەکی زۆر درا، زۆر خاڵی موشتەرەکە لەگەڵ ئەو راپۆرتانەی کە ئێمە نووسیمانە، ئەو خاڵانەی موشتەرەکە با دووبارە نەکرێتەوە، چونکە هەر لیژنەو راپۆرتێکی هەیە، وەختێکی زۆرمان بە فیڕۆ دەڕوات، من بەش بە حاڵی خۆم تەئشیرم کردووە، لە دوازدە، سێزدە نوقتە تەقریبەن سێ بەشی رۆیی، دوو، سێ نوقتە ماوە، بۆ هەمووی بخوێنمەوە وەختەکەش دەڕوات، با هەموو لیژنەکانیش بە هەمان شێوە ئەو نوقاتانەی وەلاّم دراوەتەوەو موناقەشە کراوە تەئشیر بکەن و نەیخوێنەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

مولاحەزەکەت جێی خۆیەتی، ئەوانەی راپۆرتیان هەیە گوێتان لێ بوو، بە هەر حاڵ ئێمە دەست پێ دەکەین، هەر یەکەو دوو دەقیقەی هەیە، تا دەگەینە سەعات دوو، دواتر ئەوانی تر بەیانی قسەی خۆیان دەکەن، ئەوەلەن/ ئەوانەی کە ناویان نووسیووە لە 80٪یان ئەندامن لە لیژنەکان، یان لیژنەی دارایی، یان لیژنەی ئابووری، یان لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لێرەیە، یەعنی مانای ئەوەیە موناقەشەیان کردووەو لە راپۆرتەکەیان نووسیووە، یەعنی دەتوانن هەر قسەی نەکەن، بڵێن راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی تەعبیر لە من دەکات، ئەندامی لیژنەی دارایی چ پێویست دەکات ئێستا قسە بکاتن، ئەو راپۆرتە دوورو درێژە نووسراوە، وەزیر وەلاّمی دایەوەو خۆی رووونی کردەوە، لێرە ناوی نووسیووە، تێ ناگەم موناقەشەش موناقەشەی راپۆرتی خۆیانە، کاك زرار نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

بەڕێز زرار طاهر امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من ئەندامی لیژنەی داراییم، بەلاّم لە کاتی نووسینی راپۆرتی لیژنەی دارایی شەرت نییە ئێمە بەکۆی دەنگ لەسەر هەموو پێشنیارەکان رازی بوو بین، بۆیە من ناوی خۆم نووسیووەو، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئومێد دەکەم کە قسەت کرد نوقتەیەك هەبێت لە راپۆرتەکەدا نەهاتبێت و لە وەلأمەکەشدا نەهاتبێت، کاك ئارام فەرموو.

بەڕێز ئارام رسول مامند:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سەرەتا من سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەم بۆ ئەو روون کردنەوەیەی لەسەر ئامادەکاری بودجە دای، بەلأم من لە سەرەتای قسەکانمەوە حەز دەکەم تەئکید لەوە بکەمەوە، ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان کە سالأنە بودجەی حکومەت دێتە پەرلەمان و لێرە موناقەشەی لەسەر دەکرێت، بەڕاستی من زۆر بە گرنگی دەزانم کە ئێمە حیسابی خیتامی سەرفیاتی بودجەی سالّی پێشووشمان لەبەر دەست بوایە، کە بتوانین لەسەر ئەو ئەساسە موناقەشەی بودجەی سالّی داهاتوو بکەین، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم هەر چەندە تەسەوری ئەوەم هەیە موناقەشاتی بودجە چەند رۆژێك زیاتریش بخایەنێت، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە پەرلەمان ئەمڕۆ داوا لە وەزارەتی دارایی بکات کە بە زووترین کات حیساباتی خیتامی بێنێت بۆ پەرلەمان، بۆ موناقەشە کردن، ئەمە یەکەم.

دووەم/ من حەز دەکەم تەئکید لەسەر خالّێك بکەم، کە جەنابی وەزیر خۆی ئیشارەتی پێدا، کە ئێمە لە هەرێمی کوردستانیش ناکرێت دەستە وەستان بوەستین لەسەر هەندێك شت کە پێمان دەکرێت لەسەر حیسابی خۆمان، بۆیە من تەئکید لەسەر ئەو پێشنیارە دەکەمەوە کە پەرلەمان کردوویەتی، کە لیژنەی دارایی و ئابووری کردوویەتی بۆ دابین کردنی پێشینەی نیشتەجێ بوون، ئیتر بە هەر شێوەیەك کە پەرلەمان، یاخود بە شێوازێکی یاسایی بتوانن جێی بکاتەوە، بەلأم من داوا دەکەم ئەو برگەیە لە یاسای بودجە جێی بکرێتەوە.

پرسیارێکم هەیە، باس لەو خەملأندنە کرا کە وەزارەتەکان داوایان کردووە بۆ بودجەی تەشغیلی وەبەرهێنان لە لایەك ئەوەی کە پێیان دراوە، بەلأم ئێستا جێگای پرسیارە هەندێك وەزارەت ئەوەی کە داوایان کردووە زۆر کەمتریان بۆ دەست نیشان کراوە، بۆ نموونە بۆ سالّی 2007 لەوەی کە کەمتریش بۆیان دەست نیشان کراوە، هەندێك وەزارەت هەیە دەرسەدێکی پارەکەشی سەرف نەکردووە، یەعنی من پێم خۆشە ئەو پرسیارە ئاراستەی جەنابی وەزیری دەکەم، پێم خۆشە ئەگەر بکرێت لەسەر ئەوە وەلأمێکمان بداتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، کاك ئاریز فەرموو.

بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەرچەندە راپۆرتی دارایی تێرو تەسەل بوو، وەلأمەکانی وەزیریش بەڕاستی بەرچاوی روون کردینەوە، جێی دەست خۆشییە، بەلأم هەندێك شت هەیە من دەمەوێت لێرە باس بکەم، قەناعەتی خۆمەو رەنگە هەندێك زانیاریش بێت قسە دەکەم، من ناتوانم بڕوا بەوەی بکەم بودجەی هەرێمی کوردستان ئەوسالّ

کورتی هێناوە، یەعنی عەجزی هەبێت، لەبەر ئەوە پێمان باشە ئەو مەسەلەیە بەڕاستی باشتر روون بکرێتەوە، چونکە ئێمە هەست دەکەین لە زۆر جاردا، هەتا لەو ئیستیمارانەی وەزارەتەکانیش لەبەر چاوممانە زیاتر مەبەست پڕ کردنەوە بووە، کاك دکتۆر دلێر باسی بودجەی دەسەلاتی دادوەری کرد ئەو رۆژە، بەڕاستی هەندێك شتی تێدا بوو هی پێکەنین بوو کە گەڕاندرایەوە، بەلاّم دەسەلاتی دادوەری بۆ یەکەم جارە بودجەی سەربەخۆ بێت و یاسای بۆ دادەنرێت، نووسراوە چاك کردنەوەی واحە، کە لە کوردستان واحە نییە، پەنجاو پێنج ملیۆن دینار، یەعنی هەست دەکەیت ئەو بۆشاییانە پڕ بکەیتەوە، چۆنی پڕ دەکەیتەوە زۆرترین پارە لە حکومەتدا ببات بۆ حکومەت، بەداخەوە لە وەزارەتی دارایش زۆر جار سەودا هەیە لەنێوان ئەوەدا، بە ئەوەندە دەکرێت، بە ئەوەندە ناکرێت، ئێمە نموونەمان هەیە لە بەشەکان دێینە سەری، یەعنی شت هەیە بۆ نموونە بە شەش سەد هەزارە، پێویستە بکرێت، ئەوان (250) هەزار دۆلاریان بۆ موافەقەت کردووە لە وەزارەتی رۆشنبیری کە داوا کراوە، لەبەر ئەوە پێمان باشە ئەو مەسەلەیە لەبەرچاو بێت، کورت هێنانەکە، پارەی پار گەڕایەوە چی لێکراوە؟ یەعنی ئەوەی کە لە وەزارەتەکان گەڕاوە، ئەو برادەرەی پێشی منیش باسی کرد، بە هەر حاڵ شتێکی تر هەیە ئەوە لە سیاسەتی گشتییە، پێم خۆشە باسی بکەم، هەندێك جار هەندێ پارە دێتە هەرێمی کوردستان لە 17٪ەکە نییە، لە داهاتی هەرێمی کوردستان دێتن، بۆ نموونە پار بەهۆی لافاوەکەی سمێلانی باڵەکایەتی و گوندی بلێی ناحیەی خەلیفان وەکو زانیمان (42) ملیۆن دۆلار لە لایەن حکومەتی فیدراڵی عێراق و ئەمریکاوە هات، ئایا ئەو پارەیە خرایە سەر بودجەکە؟ ئایا نەخرایە سەر بودجەکە؟ چۆن سەرف کرا؟ چۆن سەرف نەکرا؟ سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، دوایێ قسەی لێ دەکەینەوە لە هەموو بابەکان و بەشەکاندا، بەش بە بەش موناقەشەی دەکەین و قسەی لەسەر دەکەین، ئەمە مەبادئی عامە زۆر ئەو قسانەی کە دەکەیت عیلاقەی بە بەشێکەوە هەیە، ئێمە باسی مەبادیئەکان دەکەین کە لە راپۆرتی دارایيدا هاتووە، جەنابی وەزیریش وەلاّمی دایەوە، جەنابی وەزیری پلاندانانیش روون کردنەوەی لەسەر کرد لەسەر ئەوە موناقەشە دەکەین، کاك مەلا ئەنوەر فەرموو.

بەڕێز ملا انور محمد غفور:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

تەبیعی ئەمڕۆ رۆژێکی زۆر گرنگە لە پەرلەمانی کوردستان کە بە یەکێك لە ئەرکەکانی خۆی هەڵدەستێت بە مەسەلەی تەوزیع کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان، کە خەڵکیش لە دەرەوە زۆر ئینتیزاری ئەوە دەکات، بزانێت بودجەی هەرێم چۆنە، هەروەکو دەزانین مەسەلەی مالّ مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، هەتا لە دوا رۆژیشدا دوو پرسیاری لەسەرە، هەموو شتێك یەك پرسیاری لەسەرە، بەس ئەوە دوو پرسیاری لەسەرە (من این یکتسبته فیما انفقت) چۆنت پەیدا کردووەو چۆنت سەرف کردووە؟ وەکو دیارە وازیحە، لە راپۆرتی جەنابی وەزیر زۆر تێرو تەسەلە، بەلاّم دەیگێڕانەوە سالّی 2004 و 2005 و 2006 تا گەیشتە

ئەوە، ئێستا ئێمە باسمان لە حیسابات خیتامی کردو پشتگیری لە رەئیەکەی کاك ئارام دەکەم، کە حیسابات خیتامیمان لەبەر دەستدا نییە، نازانین ئەو وەزارەتە پار چەندی سەرف کردووەو چۆنەو چەندی ماوەتەوە بۆ ئەوەی لەسەری زیاد بکەین و کەمی بکەینەوە، ئینجا باسی مەسەلەی مەسرەفی حەجی کرد، یەعنی بۆ حەج خەڵك پارە دەدات، نازانم مەبلەغێکی زۆر دانرا بوو، ئەوە چۆنە؟ ئەو مەسروفاتانە چۆن دەبر دەکرێت؟ لە راپۆرتەکەدا باس لە باسی دوو شتی گرنگ نەکرا، کە بەڕاستی ئەمڕۆ ئەزمەیە لە کوردستان، یەکێکیان سولفەی عەقارە، حەق وایە خەمێکی گەورەی لێ بخورێت، لەبەر ئەوەی ئەزمەی سەکەن هەیە، دووەمیشیان سولفەی زەواج، یەعنی حەق وایە یارمەتی گەنجان بدرێت لەوە، نازانم جا من لێی حاڵی نەبووم، یان باس نەکرا، یەك لەوانە شتێکە، ئینجا لە راپۆرتەکە باسی شتێك کرا کە بەرمیلی نەوت بە (57) دۆلارەو رۆژانە ملیۆنێك و پێنج سەد هەزار بەرمیل دەڕوات، ئێستا بەرمیلی نەوت بە (110) دۆلارە، یەعنی ئایا ئەو پارەیە دەگەڕێتەوە بۆمان؟ هەروەها دوو ملیۆن و نیو دەردەچێت، یەعنی ئەوە هەمووی پێویستی بە تەوزیحات هەیە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك ئیسماعیل فەرموو.

بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پشتگیری لەو سێ برادەرەم دەکەم، بەڕاستی ئەگەر حیسابی خیتامیمان لەلا بوایە، ئێستا دەمانتوانی زۆر شت هەیە رەنگە باسمان نەکرد بوایە، بەڵام کە لەبەر دەست نییە، رەنگە زۆر شت هەیە بیوروکڕاتین و قسەی لەسەر بکەین، مەسەلەن من پرسیار لە هەردوو وەزیر دەکەم، ئەو سەڵاحیەتەی کە دراوە بە هەردوو سەرۆکی حکومەت کە سەرفیان کردووە، یان سەرۆکی حکومەت، هیچمان لەبەر دەست نییە، نازانین چی سەرف کردووە؟ سەرۆکی حکومەت دەبینین رۆژانە خانوو بۆ خەڵك دەکڕی، سەیارە بۆ خەڵك دەکڕی، پارە دەداتە خەڵك، دەڵێن ئەوەندە ملیۆنەی دەدەنە خەڵك بە چ قانونێك، بە چ دەسەڵاتێك، کێ ئەو قانونەی پێ بەخشیووە، جگە لە پارەی پرۆژەکان، مەسەلەن ئەوەی کە بۆ حاڵەتی تایبەتی سەرفی کردووە، ئەگەر ئەوەمان لەبەر دەست بوایە، رەنگە ئێستا من ئەو پرسیارەم نەکرد بوایە، شت زۆرە دەمەوێت قسە بکەم، مەسەلەن پرسیارێکی تر لە جەنابی وەزیری دارایی دەکەم لە ساڵی 2007 هەتاکو ئێستا چەند گەورە بەرپرس لە حکومەت لەسەر ئەوەی کە ئەو میزانیە لەبەر دەستی بووە لە خراپ بەکارهێنانی، چەند کەس رەوانەی دادگا کراون، مەسەلەن ئێمە شتێکمان لەبەر دەستدا نییە تاکو ئێستا، هەر بەخۆمان دەڵێین میزانیەك هەیەو هاتیەو رۆییە، چۆن هاتووەو چۆن سەرف کراوە؟ هیچی لێ نازانین، رەنگە وەزارەتەکان بزانن، هەر وەزارەتێك میزانیەی چەند بووەو چەندی سەرف کردووەو چەندی ماوەتەوە؟ ئەویش هەموو وەزارەتەکان گلەییان هەیە، ئێمە چووینە لەگەڵ چەند وەزیران قسەمان کردووە، دەبینین میزانیەك بۆ وەزارەتەکە دانراوە، بەڵام لە کاتی دەیەوێت سەرفی بکات، یان دەردەچێت کە سەرفی بکات کراوەتە چەك، دەبینین پارە نەماوە، پارەکە سەحب کراوەو هیچی نەماوە، من گوێم لە وەزیر

بووە کە خۆی وا قسەی کردووە، دەڵێت پارە لەسەر حیسابی من بووە لە وەزارەتەکەی من بووە، دانراوە کردومەتە تەندەر، بەڵام کە دەچم دەینووسم و سەحب بکەم دەبینین پارەکە سەحب کراوە، جەنابی سەرۆك چوار، پێنج خاڵم ماوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

دەبێت عەدالەتمان هەبێت، بۆ ئەوەی لە کاتەکە هین بکەین دوو دەقیقەکە، مەسەلەن ئێستا کاك ئاریز هەندێك قسەی کرد، کاك ئیسماعیل گوتی پشتگیری قسەکەی کاك ئاریز دەکەم، ئەو نوقاتانەی کە ئاریز نەیگوتووە بیڵێت، دواتر ئێستا یەکێك بڵێت پشتگیری لە قسەی فلان و فلان دەکەم قسەی نەما بۆی تەواو دەکەین، ئاخیری تەماشا دەکەین هەرچی قسەیەك بۆ نەکراوە هەموو کردوویانە، کاك بارزان فەرموو.

بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پێشنیار دەکەم، ئێمە مافێکی یاسایی خۆمانە، لە پەیڕەوی ناوخۆ ئیشارەتی پێ دراوە، هەموو هەندام پەرلەمانێك بۆی هەیە دە دەقیقە قسە بکات، بەڕاستی ئەمە یاسایەکی گرنگە، بۆمان هەیە ئەگەر لە دە دەقیقە زیاتر بوو بە نووسین قسە بکەین، لەبەر ئەوە ئەمە یاسایەکی گرنگە، بەڕاستی حەقە بوار بۆ ئەندامان بڕەخسێنرێت کە قسە بکەن و ئەو پێشنیارانەی کە هەیانە بیخەنە روو، من سەرەتا زۆر سوپاسی هەردوو بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان دەکەم، کە کۆمەڵێك روون کردنەوەیان کرد، لەڕاستیدا ئێمە پار ساڵ، پرسیارەکە بۆ بەڕێزتانە، پار ساڵ کۆمەڵێك تەوصیات درا بە ئەنجومەنی وەزیران بۆ جێ بەجێ کردنی لە کاتی موناقەشە کردنی بودجەی 2007دا، من دەپرسم کام لەو تەوصیاتانە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیران و کاریان پێ کرا؟

دوو/ برادەرانم باسی بودجەی خیتامی 2007یان کرد، من لە وەزیری دارایی دەپرسم بودجە کە دادەنرێت لە دنیا، لە زۆربەی ولاتانی دنیا لەسەر دوو بنەمای ئەساسی، کە ئەویش گرنگی دان بە سێکتەرەکان، دووەم/ مەنتیقەی جوگرافی، بودجەی 2007 کە سەرف کراوە تا چەند کاریگەری هەبووە لەسەر بووژاندنەوەی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو رێژەیە چەندە؟ ئەوەتا لە عێراقدا دەڵێت لە 7٪ کاریگەری هەبووە لەسەر بووژاندنەوەی ئابووری عێراق و نیسبەی هەڵاوسانی لە 77٪ بۆ 31٪ دابەزاندووەو کاریگەری هەبووە لەسەر کەم کردنەوەی هەڵاوسان، ئەو رێژانە حەز دەکەم هەردوو وەزیرانی بەڕێز ئیشارەتی پێ بدەن، بزانن ئەمە تا چەند کاریگەری هەبووە لەسەر ئەو بووژاندنەوەی ئابووری کوردستان، ئەگەر وا نەبێت بەڕاستی ئێمە ساڵ بەساڵ بەم شێوەیە ئەگەر موناقەشەی بودجە بکەین، من پێموا بێت فەجوەیەکی زۆر گەورە لەنێوان ئابووری هەرێم و ئابووری مەرکەزدا دروست دەبێت، کە ئەوە بە زەرەری هەرێمی کوردستان تەواو دەبێت، بەگوێرەی ئەو ئیحصاو داتایانەی کە لەبەر دەم ئێمەدا هەن و لە کەسانی پسپۆڕو شارەزاو وەزارەتەکانمان وەرگرتووە، ئەو بودجەیە بودجەیەکی تەزەخومییە، چونکە دخول ئەگەر بەم شێوەیە جێ بەجێ بکرێت بەڕاستی نەك هەر کاریگەری بۆ بەستنەوەی ئاستی مەعیشی نابێت بەشێوەیەکی ئیجابی، بەڵکو خراپتریشی دەکات، ئەوەتا رێژەی لە عێراقدا لە 18٪ نەفەقات زیادی

کردووە، بەلأم لە 28٪ واریدات زیادی کردووە، ئەمە موئەشیرێکی ئیجابیە، ناوی بنێیت سالّی تەنیمەی ئابووری لە عێراقدا، بەلأم ئایا لە هەرێمی کوردستاندا هەمان رێژەو هەمان نیسبە هەیە؟ من حەز دەکەم هەردوو وەزیرانی بەڕێز ئیشارەی پێ بدەن.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، کاکە دوو دەقیقەکەت تەواو بوو، فەرموو، ئەوەلەن ئەوە نیزامی داخلیشم لە لایە دە دەقیقەی تێدا نییە، کوا لە کەمەیانە ئیدارەی جەلسات، کاکە زیاتر نەبێت شتێکە، (42) کەس داوای قسەیان کردووە، بەس لەسەر راپۆرتی دارایی، دەکات حەوت سەعات، ئێستاش بە چەند جەلسە تەواو دەبێت، بەلأم یەك راپۆرت حەوت سەعات، مانای وایە بە دوو هەفتەش تەواو نابین، شتی وا نابێت، لەکوێ شتی وا هەیە؟ ئەگەر بەسەردا تێپەڕی ئەو وەختی حەقتە، بەسەردا تێ ناپەڕێت قەت، بەلأم ئێستاکە دوو دەقیقە، دوو دەقیقەیە قەرارمان داوە، کاکە ئێستا تەنزیمی جەلسە ئێمە لێی مەسئوولین، دەڵێ دە دەقیقە زیاتر لێی تێنەپەڕێت، ئەگەر چوار کەس داوایان کرد بوایە با دە دەقیقە قسەی بکەن، ئەوە ناکرێتن، کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

بەڕێز محمد حکیم جبار:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من یەکەم جار دەڵێم ئێمە جاری پێشوو جەلسەکەمان تەئجیل کرد، چونکە نەختێك ئەو راپۆرتەی وەزیری دارایی لەبەرچاومان رۆشن بوو تا رادەیەك، بۆ راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی پشتگیری دەکەم، بەلأم پێم باشە بۆ هەندێك لە خاڵەکان ئالیەت و میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەر کردنی هەندێك لەو خالأنە تەقدیمی وەزارەتی دارایی بکەن، بۆ نموونە ئەمە خالّی سێزدە بۆ چارەسەر کردنی ئەو زیادەیەی لە قەرەبوو کردنی فەرمانبەران کە 5٪ زیادی کردووە، ئەوان چارەسەریان چیە؟ لە کاتێکدا حکومەت خۆی دەڵێت 40٪ی فەرمانبەرانی من نەخوێندەوارن، لە زۆر بەڕێوەبەرایەتی مەسەلەن هەندێك بەڕێوەبەری تەنفیزی و ئەوانە کە دانراون، یان موستەشارن، یان راوێژکار، هەر زیاتر دانراون بۆ ئەوەی دواتر تەقاعود بکرێن وەکو منحەیەك، هەندێك لە خاڵەکانی لیژنەی دارایی پێویستی بە دەنگدان هەیە، مەسەلەی سولفەی عەقار ئێمە بیخەینە بەرنامەی کار وەکو بڕیارێك لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدەین، ئەوەی من تێبینیم کردووە لە وەزارەتەکان، لە بەڕێوەبەرایەتیەکان، لە هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان حکومەت خۆی لەنێو خۆیدا گلەیی هەیە، یەعنی گلەیی حکومەتە دەگەینێتەوە ئەندامان و پەرلەمان، وەزیرەکان تێبینیان هەیە لەسەر بودجە، لەسەر ئەوەی لەسەر سەلأحەتیان، لەسەر ئەوەی کەوا ئەو بودجەیەی لە وەزارەتەکان دەمێنێتەوە بۆ سالّی ئایندە چی پێ دێت، مەسەلەن موناقەلەکەی لەکوێ دەکرێت؟ کۆمەلێك لەو خالأنەش کە من پێم باشە وەزارەتی دارایی داوای شەفافیەت لە وەزیرەکان بکات و لە جەلسەی ئەنجومەنی وەزیراندا ئەو کێشانەی نێو خۆیان لەنێو خۆیاندا چارەسەر بکرێت، ئەوەی بەخۆیان چارەسەریان نەکرا، دەکرا هەر یەکە لە رێی فراکسیۆنەکانی خۆیەوە وەزیرەکان لەو گفتوگۆیە لەسەر

بودجەی وەزارەتەکان دەکرێت چارەسەر بکرێت، تەبعەن خاڵ زۆرن، بەڵام من هەر ئەوەندە دەڵێم، چونکە دیارە دوو دەقیقەکەم تەواو بوو، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس، بۆ ئەوەی ئیلتیزامت بە کاتەکە کرد، کاك بەکر فەرموو.

بەڕێز بکر فتاح حسین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پێموایە خەڵەڵێك هەیە لە ئالیەتی موناقەشە کردنی ئەم مەشروعەیە، ئەم مەشروعە زۆر گرنگەو حەقە ئەندامانی پەرلەمان وەختی کافیان هەبێت بۆ موناقەشە کردنی، قەیدی چ دەکات با جەلسەیەك نەبێت، دوان و سێیان بێت، بەڵام ئالیەتەکەش لەوە دایە کە مەجموعە لیژنەیەکمان هەیە راپۆرتیان هەیە، حەقی وا بوو راپۆرتەکان بخوێندرایەوە، دوای ئەوە زۆر شت هەیە دووبارە دەکرێتەوە، لەناو راپۆرتی هەموو ئەو لیژنانە دووبارە دەکرێتەوە، لە موناقەشە کردنی مەشروعی قانونەکە دەتوانین ماددە بە ماددە، ئەندامانی پەرلەمانیش بۆیان هەبێت هەر چیان هەیە قسە بکەن لەسەری، نەك ئەوەی کە لەسەر هەموو راپۆرتێك لە راپۆرتەکانی تریشدا دووبارە بێتەوە، ئەوانەی کە ئەو برادەرانە باسیان کرد من زۆربەی زۆری پشتیوانی لێ دەکەم، بەتایبەتی بودجەی ساڵی 2007 تاکو ئێستا هین نەبووە، ئەرکی سەرشانی ئێمەیە، واجیب و ئەرکی سەرشانی ئێمەیە، حەقی خۆشمانە وەکو پەرلەمان بزانین ئەو پارەیە، ئەو بودجەیە چەندە؟ چۆن سەرف کراوە؟ ئێمە تاکو ئێستا بودجەی ساڵی 2007مان لەلا نەبووە، چۆن بزانین سەرف کراوە؟ جگە لەوە لە مەسەلەی نرخی نەوت مەسەلەن ئێستا لە راپۆرتەکەدا گوێم لێ بوو (57) دۆلار تەقدیر کراوە، لە ساڵی پار رەنگە ئەوە هەشتا دۆلار تەقدیر کراوە، ئەمسال بە (57) دۆلار تەقدیر کراوە، ئەوە بەپێی عقودی نەوتی کە دەیکەن بۆ شەش مانگی ترو ئەوانە، پێموایە پاریش (57) دۆلار نەبووە، پاریش زۆر زیاتر بووە لەوە، جگە لەوە لەناو مەشروعەکە بودجەی سیادی دەست نیشان کراوە، بودجەی دەسەلاتی دادوەری دەست نیشان نەکراوە، بودجەی نیشتەجێ کردن کە زۆر گرنگە بەلای منەوە حەق وابوو دەست نیشان کرا بوایە، بودجەی ئیحتیات بۆ رووبەڕوو بوونەوەی کەواریسی ناموتەوەقیع و نا تەبیعی، هەروەها بودجەیەك بۆ هاوکاری رێکخراوەکانی موجتەمەعی مەدەنی کە ئەوانە هەمووی جێگای موناقەشەیە، زۆر سوپاستان دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، بەڵام تۆ زۆر باسی بودجەی میزانیەی خیتامی دێت، میزانیەی خیتامی لەگەڵ میزانیە تەقدیم ناکرێت، شەش مانگ دواتر یەڵڵا بتوانین، جەنابی وەزیر ئاماژەشی پێ کرد، گوتی ئێستا ئێمە خەریکین تەواوی بکەین و تەقدیمی دەکەین بۆ ئەنجومەنی وەزیران، پێش 6/30 پێشکەشتان دەکەین، هەر ئەوەندەیان پێ دەکرێت، بەڵام پێویستە لەبەرچاومان بێت ئەوە راستە، ئەوە بە تەئکید دەبێت لەبەرچاومان بێت، بزانین چۆن سەرف کراوە؟ چۆن بووە؟ تەفاسیلی و ئەوانە شتێکە، بەڵام پێمان وابێتن لە هەمان کات میزانیەش دەنێرن، میزانیەی خیتامیش دەنێرن بۆیان ناکرێت، هەر بۆ نموونە میزانیە

خەملێنراوە لە کۆتایی مانگی دە دەبێت پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز بکرێت، چۆن دەتوانین میزانیەی خیتامیە هێشتا سێ مانگی ماوە، بزانین سەرفیاتی چەندە؟ چۆن دەتوانێت تەقدیمی بکات؟ دەبێت سەرۆ بکات، ئێنجا تەقدیمی بکات، کاك جەعفەر فەرموو.

بەڕێز جعفر مصطفى معروف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من چەند خاڵێکم هەبوو، هەندێکیان گوتران، تەنیا یەك، دوو پرسیارم هەیە بەکورتی، پرسیاری ئەوە دەکەم ئەو پارە زیادانەی کە لە حیسابی نەوت دێتە عێراق، یان ئەو قەرزانەی کە دەدرا بە عێراق، یان ئەو پارانەی کە مونەزەماتی دەرەوە دەعمی عێراق دەکەن، ئەمریکا، یان هەر کەسێکی دیکە، حصەی کوردستان کە دەدرێت، ئایا جەنابی وەزیر ئیزافەی سەر ئەو میزانیەی ئێستا دەکەن؟ ئەمە یەك پرسیار.

پرسیارێکی ترم هەیە، ئەو میزانیەی کە دەدرێت بە وەزارەتەکان، ئێمە بەیانی کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ کرد لە یەکێك لە کێشەکان ئەوەیە داوای مەبلەغێك پارە دەکەن، حەقە وەزارەتی دارایی کە وەزارەتەکان داوای ئەو مەبلەغە پارەیە دەکەن بۆیان تەئمین بکات، بەڵام داوای سەرفیان لێ بکات، نەك ئەوە زۆر مەبلەغی قورس داوا دەکەن و دوایی سەرفەکەشی بەنیوە چڵی دەبێت، شتێکی تریش من پێشنیاری ئەوە دەکەم قانونی موناقەلە بگەڕێتەوە، یەك، دوو ساڵە قانونی موناقەلە هەڵگیراوەو ئەو قانونی موناقەلەیە بۆتە کێشە بۆ وەزارەتەکان، لەبەر ئەوە ناتوانن لە بابێکەوە بچنە بابێکی دیکە، ئەوە موشکیلەکیان بۆ دروست بووە لە ئیش و کارەکانیان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس بۆ ئیلتیزامت بە وەختەکە، کاك جەمال فەرموو.

بەڕێز جمال محمد قاسم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من یەکسەر دەچمە سەر مەوزوعەکە، تەبیعی من هیوام وابوو لە راپۆرتی جەنابی وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان باسی باری ژیانیان کرد بوایە، کە مەفروزە لە هەموو میزانیەیەکدا هەبێت، بە هەر حاڵ ژیان زۆر گران بووە، شت لە بازاڕ زۆر گران بووە، مەعاشمان هەر عەینی شتە، لە کاتێکدا بە داخەوە دەڵێم ئەو بڕە پارە زیادەی کە لە مەرکەز دیاری کراوە بۆ فەرمانبەران ئەوەش خراوەتە پڕ کردنەوەی عیجز، من نازانم ئەو عیجزە لە کوێیە؟ لە کاتێکدا ئیعتیمادی موصەدەق ئەوەی کە کراوە بۆ وەزارەتەکان لە مەسروفی فیعلیان زۆر کەمتر، مانای پارە گەڕاوەتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، ئینجا دوو خاڵی زۆر گرنگ هەیە بەڕاستی، یەعنی ناحیەی ئەمن و کارەبا کە ئەمڕۆ موشکیلەیەکی گەورەیە لە کوردستاندا، بەڕەئی من ئەم دوو خاڵە دەبێت زۆر گرنگی پێ بدرێت و، ئەو داوایەی کە وەزارەتی ناوخۆ کردوویانە پڕاو پڕ دەبێت بۆیان تەئمین بکرێت لەگەڵ هی وەزارەتی کارەبا، چونکە ئێستا خەڵك هەڵدەستێت لێمان بە هیچ شێوەیەك کارەبامان نییە، بە چ حەقێك وەزارەتی کارەبا داوای (143 و 452) کرد بێت کە ئەوە پێویستیەتی بۆ ئەوەی ئیدامەی کارەبا بکات و ئیش و کاری خەڵك و ئەم فشارە گەورەی کە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانەو

خەڵکی کە هەڵدەستێت رۆژانە لەسەرمان بە چ حەقێك کەمی دەکەیتەوە، مەفروزە ئەسڵەن لە داوایەکەی خۆیان زیاتر بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك حاتەم فەرموو.

بەڕێز حاتم محمد جان حسن:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

منیش زۆر بەکورتی و موختەسەر قسە دەکەم، لەبەر ئەوەی زۆر لە خاڵەکانم باس کران و دووبارەی ناکەمەوە، بەس دوو خاڵ دەڵێم، یەکیان/ من زۆر دەستخۆشی لە وەزیری دارایی دەکەم، بە حەقیقەت زۆر بە رووبی و زۆر بە جوانی راپۆرتی خۆیان پێشکەش کرد، بە حەقیقەت ئەوە شتێکی زۆر جوانەو زۆر بە رووبی دەستمان کەوت.

دووش/ پشتگیری لەو راپۆرتەی لیژنەی دارایی دەکەم، کە داوای کردووە سندوقی سولفەی عەقاری بکرێت، ئەوە زۆر شتێکی گرنگە بەنیسبەت هاوولاتیانەوە.

سێ/ پرسیارە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لەچاو عێراقی فیدرالٌ، ئەمە ئایا هیچ حەلێکی بۆ دۆزراوەتەوە؟ یان پشتگیری کراوە، یان خەمخۆرییەکی بۆ کراوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من هەمان پێشنیاری برادەرانی پێشترم هەیە، کە حیساباتی خیتامی بەڕاستی دەبوایە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2007 حیساباتی خیتامی مەجود بوایە، ئەگەر یەك ساڵیش کامل نییە، بەڵام شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2007 دەبوایە حیساباتی خیتامی لەبەر دەستی ئەندامەکانی پەرلەماندا بوایە، سەبارەت بەوەی یەکگرتنەوەی وەزارەتەکان، من پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئێمە بەڕاستی مەسەلەی یەکگرتنەوەی وەزارەتەکان بۆتە کێشە، ئەو میزانیەی ئەوساڵەکە ئەگەر پەسند دەکەین با بە مەرج پەسند بکەین، یەعنی سەقفێکی زەمەنی پێشنیار بکەین لە پەرلەمانی کوردستان بۆ حکومەت ئیلزام بکەین بەو سەقفە زەمەنیە ئەو وەزارەتانە تێکەڵ بکاتەوە، ئەگەرنا هیچ پرۆژەیەکی یاسا لە پەرلەمان دەرباز نەبێت، یەعنی مەرجدار بێت، ئەوە پێشنیارمە داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم بەڕاستی پشتگیری ئەو پێشنیارەم بکەن، سەبارەت بە عیجزی میزانیە، من داوا دەکەم عیجزی میزانیە لەکوێیە، ئایا مووچەی فەرمانبەران عیجزی میزانیەی دروست کردووە؟ یان عیجزی میزانیە لە پرۆژە بەرهەمهێنەرەکانە؟ ئەگەر لە پرۆژە بەرهەمهێنەرەکانە بەڕاستی من پشتگیری دەکەم، چونکە خێرەکەی لە ئایندە بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە، سەبارەت بە بودجەی پارێزگاکان، ساڵی پار هەر نەمان دیت هی 2007، ساڵی 2008یش لەبەر دەستمان نییە، بەڕێز وەزارەتی پلاندانان ئێستا باسی کرد کە بودجەکە مەوجودە، مەفروزە پرۆژەی پارێزگاکان مەوجود بێت لەبەر

دەستمان، بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان چاودێری بکات، بزانێت ئەو پرۆژانە چۆن جێ بەجێ دەکرێن؟ بزانین چۆن تەوزیف کراوە؟ سەبارەت بە داهاتی کوردستان، ئەوەی کە وەزارەتی دارایی پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە (186) ملیۆن دۆلار بوو بەسەرەوەیە، ئەوەی حکومەتی عێراقیش تەخمینی کردووە (464) و بەسەرەوەیە فەرقەکەی یەکجار زۆرە، بەڵام گوێم لە بەڕێز وەزیری دارایی نەبوو، کە بزانین لەسەر کامەی پەسند کراوە، ئەوەی خۆمان کە تەقدیمان کردووە، یان ئەوەی ئەوان تەخمینیان کردووە، داوا دەکەم گوێم لە وەڵامی ئەوەش بێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس کاك بەڵێن، کاك خەلیل فەرموو.

بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەو قسەی دەمویست بیکەم کرا، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

منیش سوپاست دەکەم، کاك دلێر فەرموو.

بەڕێز دلێر محمد شریف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

برادەرانی پێش من زۆربەیان قسەیان کرد، تەئکید لە قسەکانی کاك ئیسماعیل و کاك جەمال قاسم دەکەم، پشتگیریان دەکەم و بەس تەنها یەك خاڵ دەمەوێت باسی بکەم، لەگەڵ راپۆرتەکەی لیژنەی داراییشم بە گشتی، بەنیسبەت ئەو بودجەیەی لە ساڵی 2008 دیاری کراوە خۆی زەرورەت وایە بەڕاستی تەشخیصی هەندێ مەجالاتی گرنگ بکرێت تیایدا بودجەی زیادی بۆ دابنرێت، بەتایبەتی مەسەلەی ئینتاجی، یەعنی قوەی ئینتاجی ئیقتیصادی ئێمە، یەعنی چی بۆ کراوە؟ من هەستم نەکرد لەو بودجەیە بەڕاستی بیر لەوە کرا بێتەوە چۆن قوەی ئینتاجی ئیقتیصادیمان دەکرێت، مەسەلەی بێ کاری و مەسەلەی ئەوەی کە کاك جەمال قاسم باسی کرد، کە ئێستا بەڕاستی قوەی شیرائی فەرد لە ولاتی ئێمەدا بەرامبەر بە سعر لە بازاڕدا زۆر لە وەزعێکی خراپە، ئەمە ئەزمەیەکی قورسی لە تەزەخومی ئیقتیصادی کردووە، کە پێموایە ئەمە بیدایەتی دروست بوونی سەرهەڵدانێکی قورسە لەلایەن کۆمەلگا بەرامبەر بە دەسەلاتی سیاسی لە کوردستاندا، ئەگەر لەم بودجەیە بیر لەوە نەکرێتەوەو چارەسەر بۆ ئەم حالاتانە نەدۆرزێتەوە، من پێموایە ئەوە بەوادری دروست بوونی، یەعنی دەتوانین بڵێین موعارەزەیەکی گشتییە لە لایەن کۆمەلگاوە، چونکە هەست بە دروست بوونی فقرێکی عام دەکرێت، لەم بودجەیە ئەم دوو حاڵەتە پێویستی پێ نەدراوە، کە زەرورەت وایە گرنگی پێ بدرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بەس مولاحەزە بکەن، کە ئیعتیرازتان کرد لەسەر سندوقەکە، یەعنی یەکێك دەیەوێت لە جیاتی هەمووان قسە بکات، ئەوە وردە وردە روون بۆوە کە هەر یەکە مولاحەزەیەکیداو دەوڵەمەندی کردو پێشم وایە دەگەینە کۆتایی و تەعبیر لە هەمووان دەکاتن، خەمان خان فەرموو.

بەڕێز خەمان زرار اسعد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

جارێ من پێش هەموو شتێك یەعنی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، بەڕاستی پێموایە ئەو نەوعە دانیشتن و ئەو نەوعە قسە کردنە دەبێت سەرۆکایەتی یەعنی نازانم مەبەستان چیە، ئەگەر مەبەستمان هەر ئەوە بێت تەنیا موجامەلەی حکومەت بکەین و هەر مەسەلەکە بودجەکە تێ بەپەڕێندرێ، پێموا نییە بەڕاستی موناقەشە کردن بەو جۆرە بکرێت، ئەوە کۆمەڵێك برادەرانمان هەڵستان کۆمەڵێك پێشنیاریان کرد، مەسەلەی زۆر گرنگیشن ئەمانە هەموویان پەیوەندیان بە دانانی فەلسەفەو ستیراتیجیەتی دارایی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، یەعنی پێویستە ئەمانە خاڵ بە خاڵ قسەی لەسەر بکرێت لەگەڵ جەنابی وەزیردا، بەڵام ئێستا دەبینین هەر یەکەو قسەیەك دەکات و تێ دەپەڕێ، ئیتر لە دوای ئەوە مەبەست چی دەبێت؟ بەڕاستی ئەوە دەبێت روون بکرێتەوە.

دووەمیان/ من نازانم بەڕاستی خاڵەکانی ئێمە ئەوەندەیە نازانین لە کامیانەوە دەست پێ بکەین، تەنیا هەر ئەوەندەمان پێ دەکرێت بڵێین تەئیدی برادەرانی تر دەکەین و هیواداریشم بۆ بەیانی بەڕاستی سەرۆکایەتی میکانیزمێکی وا دابنێت کە دانیشتنەکان باشتر بەڕێوە بچێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك رەشاد فەرموو.

بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە وەکو لیژنەی شارەوانی و گەیاندن و گواستنەوە پشتگیری راپۆرتی لیژنەی دارایی دەکەین، پشتگیری لە قسەکانی کاك ئیسماعیل و کاك بەڵێن دەکەم، زۆربەی خاڵەکانی ئێمە باس کران، لە راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی هاتووە، دوو، سێ خاڵ ماوە ئەگەر رێگام پێ بدەیت بیخوێنمەوە، یەکیان/ پرسیارە، ئەو نووسراوەی لە نوێنەرایەتی بەغدا هاتووە رێژەکەی فەرقی هەیە لەوەی لە پرۆژەکەی ئێمەدا هاتووە، ئەوەی لە نووسراوی بەغدا هاتووە شەش تریلیۆن و حەوت سەدو حەفتا ملیارو سێ سەدو حەفتاو نۆ ملیۆن دینارە، ئەوەی لە پرۆژەکەی ئێمەدا هاتووە (6472704)شەش تریلیۆن و چوار سەدو حەفتاو دوو ملیارو حەفتاو چوار ملیۆن دینارە، فەرقەکەی دوو سەدو نەوەد و حەوت ملیارو شەش سەدو حەفتاو پێنج ملیۆنە، ئەوە روون کردنەوەیەك ئەگەر بکرێت.

دووەم/ بەنیسبەت وەزارەتی شارەوانی، ئەو بڕە پارەی تەشغیلی کە داوای کردووە پێنج سەدو شەست و پێنج ملیارو شەش سەدو شازدە ملیۆن دینارە، ئەوەی موافەقەی بۆ کراوە دوو سەدو حەفتاو یەك ملیارو شەش سەدو پەنجاو هەشت ملیۆن دینارە، فەرقەکە زۆر زۆرە، یان واتە لەو پرۆژەی لە وەزارەت هاتووە

دەقیق نییە، ئەگەر دەقیقە ئەو پارەیە زۆر کەمە بۆی تەرخان کراوە، ناتوانێت ئیش و کاری خۆی پێ بەڕێوە ببات.

سێیەم/ بەنیسبەت وەزارەتی گەیاندن (مواصلات).

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

وەزارەتەکان، یەکە بە یەکە موناقەشە دەکرێت و دەچینە ناو تەفسیلات، بۆیە زۆر سوپاس، کاك حەمە رەشید فەرموو.

بەڕێز رشید کریم رشید:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەکاتی ورد کردنەوەی بودجە باسی دوو شت کرا، حەزم کرد تەعلیقێك لەسەر ئەوە بدەم و روون کردنەوەیەکیشم دەوێت، باسی مەسەلەی حەج کرا کە پارەی بۆ سەرف کراوە، مەلا ئەنوەریش ئیشارەتی پێدا، من وا دەزانم زەرورە بۆ حکومەت خۆی ئەوە روون بکاتەوە، چونکە خەڵك پارە دەدات بە حەج، ئەمیش دەڵێت لێرە پارەم سەرف کردووە، ئەمە روون کردنەوەیەکی دەوێت عەلەقەل بۆ جەماوەر، ئەمە خاڵێکیان.

خاڵێکی تر/ باسی نەفەقاتی ئوخرا دەکات، میقداری پارەیەکی زۆر دانراوە، نزیکەی سێ سەد ملیۆنە، یان شتێکی ئاوایە، ئەو نەفەقات ئوخرایە هەمیشە قسەی لەسەرەو رەنگە هەموو لیژنەکانیش قسەیان لەسەر بێت، لە دەرەوەش قسەی لەسەرە، روون کردنەوەی زەرورە، ئەگەر جەنابی وەزیر ئەوەش روون بکاتەوە باشە، پشتگیری راپۆرتەکەی دارایی دەکەم، تەئکیدیش لەسەر مەوزوعێك دەکەم کە مەوزوعی سندوقی سولفەی عەقارە، هەموو ئەندام پەرلەمانەکان و دەرەوەش بەڕاستیەکەی چاوەڕێی ئەوەن شتێکیان بۆ بکرێت، لێرەشدا لە میزانیە دیاری بکرێت، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك هیوا فەرموو.

بەڕێز هیوا صابر احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی من دەستخۆشی لە وەزیری دارایی دەکەم بۆ ئەو روون کردنەوەیە، بەڵام پێم خۆشە چەند پرسیارێك بکەم، بەڕێزیان زۆر بە جوانی وەڵامی راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی دایەوە، بەڵام ئایا من دەڵێم پەرلەمان هەروا بەسەر ئەم داواکاریەی لیژنەی دارایی تێ دەپەڕێت؟ چونکە ئێمە هەروا بە ئاسانی تێپەڕین بەسەر ئەمانەو ئیتیفاق بکەین سااڵی داهاتووش ئەو بڕیارانەی کە پەرلەمان دەیدات بۆ پەسند کردنی یاسای بودجە، حکومەت دێتەوە جێ بەجێی ناکات و هەندێ پاساو دەهێنێتەوە، لەبەر ئەوە من

هەتا لەو کاتەی هەندێك پەرلەمانتار گلەییمان کرد، کە حکومەت بۆچی بودجەکەی لە کاتی خۆیدا نەینارد، وتەبێژی حکومەت لە جیاتی ئەوەی پاساوێك بێنێتەوەو داوای لێبوردن بکات بڵێت هۆکارەکانی ئەمە بوو، پەرلەمانتارانی تۆمەتبار دەکرد، ئەوە خاڵێك.

دوو/ من لە ئەنجامی موتابەعەم بۆ هەندێك وەزارەت، گوێ بیست بوونی وەزیرو وەکیل وەزیرو مودیر عامەکان هەست دەکەم سیاسەتێکی بێ دەسەلاّت کردن، بێ ناوەڕۆك کردن لە لایەن وەزارەتی دارایی و حکومەتەوە بەرامبەر بە وەزیرەکانمان بەکار دەهێنرێت، من داوا دەکەم بەڕاستی ئەوە زۆر زۆر مەترسیدارە، ئێمە کە لێرە قەرار دەدەین فلان وەزارەت بودجەکەی ئەوەندە بێت، ئەو وەزیرەو ستافی خۆی لەماوەی ساڵەکەدا سەلاّحیەتیان هەیە لە بودجەکەی خۆیان خەرج بکەن و بەکاری بێنن بۆ پرۆژەکان، ئێمە پرسیار دەکەین بۆ چی ئێوە نەتانتوانیوە ئەم بودجەیە بەکار بێنن لە بوارەکاندا، دەڵێت وەزارەتی دارایی گژومەکانمان بۆ سەرف ناکات بەدگومانە بەرامبەر بە خەرجیەکان.

خاڵێکی تر/ ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەو بودجەی کە هەیانە بەگوێرەی دەستوور سەلاّحیەتی پارێزگارە، وەزارەتی دارایی حەقی تەدەخولی نییە، ئێستا بڕۆ بیاندوێنە، گلەییان هەیە دەڵێن تەدەخولات لەملاو لەولا هەیە، سوپاستان دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس، کاك زرار فەرموو.

بەڕێز زرار طاهر امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی من ئەو بەدواداچوون و ئەو وردە کارانەی کە کردوومە بە دوو دەقیقە تەواو نابێت، لەبەر ئەوە ئەوەی پێویستە تەنها باسی دەکەم، ئەوەی تر باس ناکرێت، چونکە ئەوانەی پیشانتان دەدەم ئەوە هەمووی نووسراو و بەدواداچوونە، یەعنی بەڕاستی ئەگەر باسیان بکەم بە نیو سەعاتیش تەواو نابێت، بەس من ئەو پرسیارە لە جەنابی وەزیر دەکەم، پێشەکی دەستخۆشی لێ دەکەم لەو راپۆرتەی کە خوێندیەوە، بەڕاستی ئەوەی ئەوان باسیان کرد شتێکی زۆر راستە، ئەوەی لە بەغدا باسیان کرد چیان لەگەڵ دەکرێت، سیاسەتی بەغدا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان چۆنە؟ 100٪ لەگەڵیاندایین، ئەوە تەواوە، بەڵاّم من پرسیارێك لە جەنابی وەزیر دەکەم، ئایا ئەو عیجزەی کە هەمانە لە میزانیە کە تریلیۆنێك و سەدو پەنجاو شەش ملیارو حەفتاو نۆ ملیۆنە، ئایا بە داهاتەکانی ناوخۆ دەتوانین ئەو عیجزە پڕ بکەینەوە؟ بێگومان نەخێر، کە نەتوانین پڕی بکەینەوە سوڵتەی دارایی لە هەرێمی کوردستان سفرە، ئێمە سەنەداتی خەزێنەمان نییە، کە بتوانین بفرۆشین لە کاتێکدا کە عیجزی میزانیەمان هەبێت، بۆ ئەوەی عیجزی میزانیەی پێ پڕ بکەینەوە.

دووەم/ ئێمە لەبەر ئەوەی سەر بە حکومەتی ناوەندین، ناتوانین بە هیچ شێوەیەك پارە چاپ بکەین.

سێیەم/ ئێمە ناتوانین بە هیچ شێوەیەك پارە لە دەورو بەرەکەمان قەرز بکەین، کەواتە سوڵتەی دارایی لە هەرێمی کوردستان یەکسانە بە سفر، ئەگەر سوڵتەی دارایی لە هەرێمی کوردستان سفر بێت، پێشنیار

دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان داهاتەکانی خۆی بە حکومەتی ناوەندی بدات، ئەگەر داهاتەکانی بە حکومەتی ناوەندی نەدات میزانیەی تەکمیلی بۆمان نانێرێت بە تەئکید، هەروەکو لەگەڵ جەنابی جێگری وەزیری دارایی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری دارایی و ئابووری دانیشتین پێیان راگەیاندین ئەگەر ئێمە داهاتەکانی خۆمان نەنێرین، بەڕاستی ئەوان لە میزانیەی تەکمیلی بۆمان نانێرن، میزانیەی تەکمیلیش هەروەکو جەنابی وەزیر ئاماژەی پێ کرد، ئێستا ئەو میزانیە ساف کراوە، رۆژانە ملیۆنێک و حەوت سەد هەزار بەرمیل نەوت دەڕوات، ملیۆنێک و حەوت سەد هەزار نارِوات، دوو ملیۆن و قصور دەڕوات، بەرمیلێک شکاوەتەوە بۆ (57) دۆلار، بەرمیلێک بە سەد دۆلارە، بە نەوەد دۆلارە، بە (99) دۆلارە، کەواتە لە میزانیەی تەکمیلی من حیسابم کردووە بە تەقدیری نزیکەی دوو تریلیۆنمان بەر دەکەوێت، ئەگەر بۆمان بنێرن، ئەی باشە بۆ ئێمە داهاتەکانی خۆمان نەنێرین، پێشنیار دەکەم داهاتەکانی خۆمان بنێرین، بۆ ئەوەی ئەوان میزانیەی تەکمیلیمان بۆ بنێرن، من پشتیوانی لە قسەکانی جەنابی وەزیر دەکەم، بەڕاستی لە بەغدا هیچ حیسابێک بۆ هەرێمی کوردستان ناکەن، ئەو بودجەی کە بۆشمان دەنێرن وەکو راتب بۆمان دەنێرن، ئینجا بەڕاستی ئێمە ناتوانین ئەگەر خەرجیەکانمان لەلای بوایە، خەرجیەکانی بودجەی ئاسایی، بودجەی وەربەهێنانی ئیستیسماری، بودجەی بووژاندنەوەی پارێزگاکان، پێشینەی فەرمانگەکان کە تاوەکو ئێستا پاکتاو نەکراوە، ئەگەر خەرجیەکانمان لەلا بوایە، داهاتەکانیشمان لەلا بوایە دەمانزانی لە وەزارەتی دارایی و لە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری ئایا عیجزی میزانیە هەیە؟ یان نا؟ بەڵام کە لەلامان نەبێت خۆ ئێمە عیلمی غەیبمان نییە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، مولاحەزاتی بە هەند دا، بەڵام کاك زرار جەنابت ئیمزات کردووە لە راپۆرتەکە بێ تەحەفوز، مولاحەزاتی باشتدا، دەبوایە بڵێی تەحەفوزم هەیە، لێرە لە راپۆرتی دارایی ئیمزات کردووە، باشە مولاحەزاتەکانت لە جێی خۆی بوو، قسەکانت باش بوو، چاوەڕوانی وەڵامی جەنابی وەزیر دەکەین، سارا خان فەرموو.

بەڕێز سارا خضر پیرۆت:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سەبارەت بە بودجەی گەشەپێدانی پارێزگاکان ساڵی 2007 زیاتر بەپێی پێوەری رێژەی دانیشتوان دیاری کرا بوو، بەڵام لە یاسای بودجەی عێراقدا بێجگە لە پێوەری رێژەی دانیشتوان مەحرومیەتی ناوچەکانیش دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، گەشە پێدانی پارێزگاکان.

خاڵێکی دیکە/ باس لە دانانی بودجە دەکرێت بۆ زۆر لە بوارەکان، بەڵام حاڵەتێکی تایبەت هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئەویش ئەو هێرشانەی تورکیاو ئێرانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئایا هیچ

بودجەیەك تەرخان دەكرێت بۆ قەرەبوو كردنەوەی زیان لێكەوتووەكانی ئەو هێرشانە؟ ئایا ئەوە لەسەر حكومەتی عێراقە، یان دەكەوێتە سەر بودجەی هەرێمی كوردستان؟ لێرەدا پرسیارەكەمان ئەوەیە، ئەگەر لەسەر عێراقە، عێراق وەفدی نارد، وەفدی پەرلەمان هات و سەردانی ناوچەكانی كرد، بەلأم هیچ ئەنجامێكی نەبووە تاكو ئێستا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

سوپاس، كاك سەردار فەرموو.

بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

پێموایە پێش هەموو شتێك باسی ئەوە بكەین ئەو یاسایە یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان سەرپێچیەكی زەقی یاسایی تێدایە، لەبەر ئەوەی دەبوایە لە مانگی تشرینی یەكەم بەپێی ماددەی 79 نیزامی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەبوایە بهاتبوایە پەرلەمانی كوردستان، شەش مانگە تاخیر بووە، ئەگەر لە بیرتان بێت لە گفتوگۆیەكانی میزانیەی 2007 یەكێك لە تەوصیات و كە دەنگیشمان بۆدا بەو مەرجە بوو، كە بۆ ساڵی 2008 لە وەختی خۆیدا بێت، بەداخەوە جێ بەجێیان نەكرد.

پرسیارێكی موحەدەدم هەیە بۆ جەنابی وەزیر، جەنابی وەزیر باسی ئەوەی كرد داهاتی كوردستان یەعنی ئەگەر بە تەفسیل نەنووسین (114) ملیۆن دۆلارە، بەغدا (440)و قصوری داناوە، باسی حاڵەتێكی بۆ دەكەم شەریكەی دی ئێن ئۆ، ئەوەی نەفتی زاخۆی دەردەهێنێت لە سایدی خۆی بلاّوی كردۆتەوە، كە رۆژانە بیست هەزار تا بیست و پێنج هەزار بەرمیل نەوت دەردەچێت، ئەگەر بە سەد دۆلار حیسابی بكەین دەكاتە نۆ سەد ملیۆن دۆلار، ئینجا ئەگەر سعرەكە وا نەبێت بە هەر حاڵ جگە لە گومرگ، یەعنی لێرەدا پرسیاری من بۆ هەردوو وەزیرە گومرگ، ئبیراهیم خەلیل ئەوەی سلێمانی دێتەوە ناو خەزێنەی حكومەت، یان نا؟ ئەوەی زەڕائیب بەڕاستی ئێستا هەموو عالەم دەنالێنن لە دەستی، پرسیارەكەی من بۆ هەردوو جەنابی وەزیر بوو، نەك بۆ ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی زەرائیب، زەرائیب ئێستا یەكجار زۆرە لەسەر خەڵك، ئێمە قانونەكەمان موناقەشە كرد، پێمان وابوو كە كەم كراوەتەوە، بەلأم بەداخەوە دەرچوو زیاد بووە، دەبێت ئەو قانونە لێرە دەرنەچێتن، ئیلا لە دوو حاڵەت، چەند حاڵەتێك ئەو خالأنە رەچاو بكرێن.

دووش/ مەعاشی فەرمانبەران دەبێت زیاد بكرێت، وەكو عێراق.

سێ/ سولفەی عەقاریش زیاد بكرێت، جەنابی سەرۆك، لەبەر ئەو هەموو خالأنە بەڕاستی من هیچ هاندەرێك نابینم دەنگ بۆ ئەو یاسایە بدەم و سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

سوپاس، بەڕاستی خالێكی گرنگت ئیسارە كرد، كە كەسیان ئیسارەیان نەكرد، ئەویش مووچەیە، مووچە لە عێراقدا زیاد بووە، جەنابی وەزیریش ئاماژەی پێ نەكرد، ئایا هەموارى دەكەن؟ یان نا؟ بەو شێوەیە نەتكرد، ئەمە داواكاری هەموو خەڵكە، لێرە ئەگەر لە قازانجی فەرمانبەران بێت دەبێت زیاد بكرێت، بەو وزوحە نەیگوت، گوتی ئەو رێژەیە كە زیاد كراوە ئەوەندەی بۆ مووچە دەچێتن، كاك سەعدەدین فەرموو.

بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لە بودجەی ساڵی 2008 لە ڕێژەی بودجەی تەشغیلی، نەفەقاتی تەشغیلی کەم بۆتەوە لە (70)دوە بۆ (62) یەعنی لە 2007 تاکو ئێستا بۆتە (62)، یەعنی کەواتە هاتۆتە خوارێ، من یەك پرسیارم هەیە لە بودجەی ساڵی 2007 داهاتووە ژمارەی فەرمانبەران پێنج سەدو هەشتاو شەش هەزارو پێنج سەدو دوو فەرمانبەر هەیە، وەکو فەرمانبەر ئەوە کە تۆمار کراوە، لە بودجەی ساڵی 2008 هی حکومەتی هەرێم، ژمارەی فەرمانبەرانی 2007 چوار سەدو شەست و چوار هەزارو سی و یەك فەرمانبەر هەیە، فەرق لەنێوان بودجەی ساڵی 2007 و 2008 چەندە؟ سەدو بیست و دوو هەزارو چوار سەدو حەفتاو یەك فەرمانبەرە، ئەو فەرقە چیە؟ لەنێوان بودجەی 2007 و 2008، ئایا ئەو فەرقە لەکوێ پەیدا بووە؟ ئێمە لە لایەك باسی ئەوە دەکەین کە دەبێت نەفەقاتی تەشغیلی کەم بکرێتەوە، تەماشا بکەن لە ساڵی 2006 هەر بەس تریلیۆنەکان باس بکەین دوو تریلیۆن، لە ساڵی 2007 تریلیۆنێك زیادی کردووە بۆتە سێ تریلیۆن، لە ساڵی ئێستاکە 2007 و 2008 چوار تریلیۆنە، ئەمە چۆن دەبێت؟ مانای هەر ساڵێك تریلیۆنێك زیاد بکات ئاخیری زۆر زۆر زیاد دەکات، مانای وایە نەفەقە تەشغیلیەکەش ئیستیسماریەکەی دەخوات، باشە ئێمە باس لەوەی دەکەین کەوا تەعین نەمێنێت، چونکە ئەو تەعیناتە زۆربەی زۆرە تەئسیر لەسەر ئەوەی دەکاتن ئیلا لە مەجالی صحە، یان لە مەجالی تەربیە تەعینات هەبێتن، باشە هەتاکو ئێستاکە تا ساڵی 2008 (29800) فەرمانبەر تەعین کراون، ئەوە مەعقولە، ئەوە هەر نەفەقاتی پێ زیاد دەبێتن، یەعنی دەبێت فیکر لەوە بکرێتەوە، زیاد کردنی ئەو نەفەقاتی تەشغیلی کەوا تەئسیر لەسەر ئەوەی دەکات لەسەر نەفەقاتی مەشاریعی ئیستیسماری، یەعنی راستە ئەو دەستخۆشکەریە کە لە 7٪ نەفەقاتی ئیستیسماری زیادی کردووە، ئەوە جێگای خۆش حاڵییە، بەس دەبێت حیسابێك بۆ ئەو نەفەقاتی تەشغیلی بکرێت بەو شێوازە زیاد نەبێت، حەددێکی موحەددی بۆ دابنرێت، نەك هەر ساڵێك تریلیۆنێك زیاد بکات. جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، لە غەیری خەرجی وەبەرهێنان من دوو مولاحەزەی ترم هەیە، خەرجی کشتوکاڵ + خەرجی صناعی، تەماشای ئەو نەخشەی پلاندانان بکەین یەك زەرە ئەوەی تێدا نییە، کەوا خەرجی کارگەی تێدا بێت، هی صناعی تێدا بێت، ئەمە چۆن دەبێت؟ دەبێت خەرجی صناعی گرنگی پێ بدرێت، یەعنی ئەو بودجەی بۆ صناعە دانراوە چیە؟ ئەو کشتوکاڵیە، کە کشتوکاڵ داوای کردووە دوو ملیار فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی کەوا کە کەم کراوەتەوە، باشە ئەوە جەفافە، دوو پرسیارم هەیە، من حەز دەکەم مەجالم بدەن.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

دەزانی بە نووسین بیدە، هەموو دەڵێن بۆ ڕێگە زیاتر بەو دەدەیت، زۆر سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من سوپاست دەکەم کۆمەڵێك شتم داناوە بڵێم، بەڵام مادام دەکەومە ئەخیر یەك تۆز زیاتر قسە دەکەم لە برادەرانم ئەگەر مەجالم بدەیت، یەکەم شت/ من زۆر پێ خۆشحاڵ بووم کە بەڕێز وەزیری پلاندانان من پرسم پێ کراوە بۆ بودجەی ئیستیسماری، بەڵام ئەگەر خۆی بێتە سەر راست و واقیع، دەبێت سیاسەتی مالی وڵات بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان دانرێت، چونکە بودجە ئاوێنەی وڵاتە، ئاوێنەی سیاسی و ئابووری وڵاتە، بەس بۆ تەنها لە بودجەی ئیستیسماریدا پرسی پێ کراوە، کە دەبوایە لە دانانی هەموو بودجەکە پرسی پێ کرا بوایە.

دووەم/ ئەوەیە لە 17٪ هی دەسەڵاتی وەزیر، لە 17٪ لە دەسەڵاتی ئاو و هەواو وابزانم هەمووی دەکەین بە لە 17٪، مادام ئێوە قەرارتان داوە هەموو شتەکان لە 17٪ بێت، داوا لە هەردوو وەزیری دارایی دەکەم نوسخەی تەدقیقی شەریکەی ئەرنیست یۆنگ و لیژنەی خوبەڕائی مالی کە لەسەر سالانی 2005 و 2006 و 2007 کراوەو پارەمان لێ رۆیشتووە، ئەوان هاتوون تەدقیقیان کردووە، خۆ ئێمەش حەقی خۆمانە ئەو تەقریرانە ببینین، پشتگیری لە قسەی هەموو برادەران دەکەم، هینی لیژنەی دارایی، بەڵام لیژنەی دارایی پێویستە داوای چەند شتێك بکات، کە دەبێت لەناو یاسای بودجەدا هەبێت، کاتێك کە بودجە دێتە پەرلەمان:

1- **دەرخستنێك کە خەملاندنی داهات و خەرجیەکانی ساڵی داهاتوو و کورتەیەك لە بەرنامەی پێشنیارکراوی حکومەت بگرێتە خۆی، بۆ ئەوەی لە بودجەدا تۆمار بکرێت، ئێمە ئێستا نازانین حکومەت بە تەمای چیە، ئەی سیاسەتەکەی چۆن لێك بدەینەوە، کە ئەو دەرخستنانەمان پیشان دەدات.**

2- **خشتەیەك بە کورتی باری خەزێنەی دەوڵەت نیشان بدات.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بیرت دێت کاتێك داروێ شێخ نوری وەزیری مالیە بوو، ئەو ساڵە بۆ یەکەم جار ئیعلانی کرد کە ئەو سیولەی نەقدی لەناو خەزێنەی کوردستاندا چەندێکە، ئیعلانی کرد شەفافیەت زۆر زۆر گرنگە، بۆچی ئێمە ئێستا نازانین خەزێنەکانمان چەندی تێدایە؟ بۆچی بووە بە بڤەو حەرام، نابێت بزانین؟ کاتێك دەزانین لەناو جەریدەکاندا باس دەکرێت، دەڵێت خەڵك چووە بۆ پارە وەرگرتن لە بانکەکان، بانکەکان گوتوویانە فلسمان نییە، داوای لێبوردن دەکەین، ئەوە نازانم ئەوە چ سیاسەتێکە.

خاڵی دووەم/ کە داوای دەکەم لەناو راپۆرتی لیژنەی دارایی بێت خشتەیەك بە کورتی داهات و خەرجیەکانی ساڵی رابردووی تیا تۆمار بکرێت.

3- **خشتەیەك کە داهاتی خەملێنراوەکانی ساڵی داهاتوو بەسەرچاوەی ئەو داهاتانەش دیاری بکرێت، کە بەپێی یاساو پەیڕەوەکانی.**

4- **کە ئەمە بەلای منەوە زۆر گرنگە، بە کورتی حکومەت باس لە بەرنامەی کارو ئامانجەکانی خۆی بکات و دەرئەنجامە چاوەڕوان کراوەکان و ئەو تەرخان کردنانەی کە بۆ دامەزراوەکان دیاری کردوون بەپێی بەشەکان، قسەکانی ترمان هەڵدەگرین بۆ بەیانی، سوپاس.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، پرسیاری زۆر کران بەڕێزان، جەنابی وەزیران، وابزانم تەرکیش نییە، جا ئەگەر پێتان باشە بۆ بەیانی خۆتان حازر بکەن بۆ وەلأمەکان، بەیانی وەلأمی ئەوانەی کە قسەیان کرد بدرێتەوە، دواتر ئەوانەی کە قسەیان نەکردووە، فەرموو کوێستان خان.

بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وەزیرە بەڕێزەکان قسەیان زۆر کرد، ئەگەر سبەینێش ئەوەلەکەی وا بێت، ئێمە پێمان باشە ئێمە هەموو قسەکانی خۆمان تەواو بکەین، ئەوان یەك رەد هەمووی وەلأم بدەنەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

لیژنەکان، وەکو کاك رەشاد مولاحەزەیەکیدا گوتی راپۆرتیان نووسیووە، بەلأم زۆر لە خالّەکان وەلأم درایەوەو روون کرایەوە، ئەو خالأنەی کە وەلأم نەدراوەتەوەو ماونەتەوە لەبەر رۆشنایی ئەو وتارەی وەزیر، دەکرێت پوختی بکەنەوە، کورتی بکەنەوە، بەیانی کە نۆرەیان هات دەقیقەیەك زیاتریان دەدەینێ، باشە ئەو مولاحەزەی کوێستان خان ئیعتیادیە باشە، بەیانی بەردەوام دەبین هەموو قسەی بکەن دواتر رێگە دەدرێت بە بەڕێزان جەنابی وەزیر، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، تاکو بەیانی سەعات دە، بۆ ئەوەی بتوانین زۆر سوپاس.

فرست احمد عبدالله	**محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)**	**عدنان رشاد مفتی**
سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی	**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**	**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
کوردستان – عێراق	**کوردستان – عێراق**	**کوردستان - عێراق**

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (11)

چوار شەممە رێکەوتی 23\4\2008

خولی دووەمی هەڵبژاردن

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11)

چوار شەممە رێکەوتی 2008/4/23

کاتژمێر (10ر30)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2008/4/23 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى) جێگرى سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێرى ئەنجومەن, دانيشتنى ژمارە (11)ى خولى دووەم, سالّى (2008) ى خۆى بەست.

بەرنامەى كار:

بەپێى حوكمەكانى بڕگە (1)ى ماددە (20) لە پێڕۆى ناوخۆى ژمارە (1)ى هەموارکراوى سالّى 1992ى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستانى عێراق, دەستەى سەرۆكايەتى ئەنجومەن بڕياردرا دانيشتنى ژمارەى (11)ى خولى دووەمى هەلّبژاردن لە كات (10ر30)ى پێشنيوەڕۆى رۆژى چوارشەممە رێكەوتى 2008/4/23 دا بەم شێوەيە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنى بودجەى هەرێمى كوردستان – عێراق و ياساكەى، كە لەلايەن ئەنجومەنى وەزيرانەوە پێشكەش كراوە.

بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:

بەناوى خواى گەورەو ميهرەبان.

دانيشتنەكەمان بەناوى گەلى كوردستان دەست پێ دەكەين, بەرنامەى كارى ئەمڕۆمان بريتى يە لە بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆكردنى بودجەى هەرێمى كوردستان – عێراق و ياساكەى, كەلەلايەن ئەنجومەنى وەزيرانەوە پێشكەش كراوە. سەرەتا بەخێرهاتنى وەزيرە بەڕێزەكان و وەزيرى دارايى دەكەين كە ئەمڕۆش لەگەلّمان بەردەوامن, داوا لە ليژنەى ياسايى و ليژنەى دارايى دەكەين كە بێن لە شوێنى خۆيان دابنيشن, دوێنێ ليژە ژمارەيەك لەو ئەندامانەى كە ناويان نووسرابوو قسەيان كرد, ئەمڕۆش ژمارەيەكى تر ماوە, ئێمە دوێنێ گوێبيستى بەڕێز وەزيرى دارايى و ئابووری بووين, دواتر ئەندامانى پەرلەمان زۆريان قسەيان كرد, ئێستاش ژمارەيەك ماوە كە قسە بكەن, دەكرێت لەو كەسەوە دەست پێبكەين كە كۆتايى پێ هات دوێنێ, فەرموو كاك شێخ الله.

بەڕێز شێخ الله ابراهيم شێخ الله:

بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.

پێشەكى بەخێرهاتنى وەزيرە بەڕێزەكان و ميوانە بەڕێزەكان دەكەم, سوپاس بۆ ئەو رووبەڕووبونەوەى كە جەنابى وەزير كردى لەبارەى چۆنيەتى وەرگرتنى ميزانيە وسەرفكردنى وكەموكورتيەكانى باس كرد, من بەراستى پشتگيرى لە راپۆرتى ليژنەى دارايى و ئابووری دەكەم و لەگەلّ چەند تێبينيەك, تێبينيەكانم, يەك: دەربارەى سيستەمى دابەشكردنى موچەيە, پێم وايە لە هەرێمى كوردستان جياوازييەكى زۆر هەيە لەگەلّ پارچەكانى ترى عێراق, بە پێويستى دەزانم ئەو سيستەمە رێك بخرێت وەكو ئەوێ مەعاشات دابەش بكرێت, دوايى مولاحەزە دەكەين كە ئەو پرۆژانەى كە لە بەرنامەى كارى حكومەتى هەرێم لەميزانيەى 2008 دانراوە, وەكو پێويست نين كە ببێتە هۆى پەرەپێدانى بووژاندنەوەى ئابووری لە هەرێمى كوردستان, بەتايبەتى لە قەتاعەكانى كارەبا, لەبەر ئەوە پێم باشە لەكاتى موناقەشەى وەزارەتەكان دەكرێت, هەرچەندە من لە ليژنەى زراعە ئەندامم, پشتگيرى لە راپۆرتەكەيان دەكەم, بە دووروودرێژى باس لەو كەموكوڕيانە بكرێت, يان ئەو ميزانيە كەمەى كە لەبۆيان تەرخان كراوە, كە هەردووكيان دوو

وەزارەتـی زۆر گـرنگن کـە بەتـەواوی ژیـانی خـەڵکی بەسـەر بەسـتراوەتەوە, دەربـارەی وشـکە سـاڵی کەلەراپۆرتەکە هیچ باس نەکراوە, من هەرچەندە دەزانم لـە ئەنجومـەنی وەزیـران دێـت, بـەڵام ئـەو وشـکە ساڵیە پێویستی بە هەوڵی بەپەلەو تەقەلای جدی هەیە, هی ئەوە نییە کە رابگیرێ بۆ چـەند مـانگێکی تـر, یـان بـۆ هەفتەیـەکیش, رەنگـە زۆر درەنگـیش بێـت, خەریکـە هەنـدێ مەنتیقـە هـەر چـۆڵ دەبێـت و حەیواناتیش نەما, لە بۆ ئایندە و ساڵی دادێ چ دەکرێت لە بۆ ئەو جوتیارانە و پێویستە ئیشی بەپەلەی بۆ بکرێت, ئیشی لەسەر بکرێت, سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بەڵێ قسەت هەبوو دوێنێ کوێستان خان فەرموو.

بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە ساڵی پار کۆمەڵێك تەوصیاتمان نارد بۆ حکومەت, بەداخەوە تەوصیاتەکەمان جێبەجێ نەبوون, بۆیـە ناکرێت ئەمسالیش کۆمەڵێك تەوصیات بدەین و وەڵاممان نەدرێتەوە, بۆیە من پرسیارەکانم لەسەر بودجـە هەیە بۆ ئەم کۆبوونەوە و پەرلەمان, هاوڕێکانم ئەندامانی پەرلەمان قسەکانی خۆیان تـەواو کـرد, راپـۆرتی لیژنەکان خوێندرایەوە, پاش چەند رۆژێك بێینەوە و ئەو سێ بەڕێزە وەزیری دارایی و وەزیری پلان دانان و وەزیری هەرێم, ئەو چەند رۆژە تەئجیلی بکەین, دواتـر بێینـەوە سـەر موناقەشـە کردنـی, مـن دوو هـۆم هەیە بۆ ئەم مەسەلەیە, دوێنێ بەڕێز وەزیری دارایـی راپـۆرتێکی خوێنـدەوە لەسـەر بودجـە کـە تـازە بـوو, ئێستا ئەمڕۆ راپۆرتەکەمان پێگەیشتووە, کە پێویستی بـەوە هەیـە ئێمـە بەدواداچـوونی بـۆ بکـەین, وتمـان جارێکی تر لەسەر ئەساسی ئەو زانیاریە تازانە دایبڕێژینەوە, ئەو سێ بەڕێزە جـارێکی تـر چـاو بـە بودجـە بخشێننەوە لەسەر تەوصیاتی راپـۆرتی لیژنـەکان, پێشـنیاری زۆربـەی ئەنـدامانی پەرلـەمان کـە پێشـنیاری کۆمەڵانی خەڵکە, ئەوەی لـەو بودجەیـە دەستنیشـانکراوە لـە راپۆرتـەکان و داواکـاری خەڵکـە, بودجـەی بـۆ دەستنیشان بکرێت, نەك بودجەیەك کە کارمان پێی هەیەو یـان پلانـی بـۆ دەکـەین, نـەخێر کـە بودجەکـە هاتەوە, ئەم مەسەلانەی تێدا دەسنیشان کرابێت, لەو چەند رۆژەش, دیـارە دوو رۆژە, ئێمـە پرسـیاری وردو گرنگمان کردووە, بەڕێزیان خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی کەوا وەڵامەکانمان باشتر دەست بکەوێت, مـن دوو پرسیارو سێ پێشنیارم هەیـە, پرسـیاری یەکـەم دیـارە پێشـتر بودجەکـە بودجـەی مەجلیسـی قـەزای تێـدا نەبووبێ, دوایی بـۆی دانـراوە, ئـەم بودجەیـە لـەکوێ موناقەلـە کـرا بـۆ ئێـرە, بودجـەی پێشمەرگە دوێـنێ جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێ کرد کە تێیدا نییە, ئەی پێشمەرگە لەکوێ بودجە وەردەگرێت, ئایا موافەقەت کراوە کە لەبەغداوە بودجە بـدرێت بـە پێشـمەرگە, پێشـنیاری یەکـەمم ئەوەیـە کـە ئـەم پێشـنیارە پـاریش کردمان و پێشنیاری زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان بوو، کە لە 5٪ بودجـەی پەرلـەمان بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی هەڵەبجە و شوێنە کارەسات بارەکان بوو کە بەتایبەتی ئەنفالیان تێدا ئەنجام دراوە, پێشنیارێکی تـرم هەیـە بودجەی رووداوی لەناکاو, لەبەر دەستی پەرلەمان دابێت, بـۆ ئـەوەی لـەکاتی رووداوێکـی لـەناکاو پەرلـەمان ئەو بودجەیە صەرف بکات, مەسەلەی موناقەلەی بەینی وەزیرەکان, من پێشنیار دەکەم یان لە صەلاحیەتی

پەرلەمان بێت, یان بە ئاگاداری پەرلەمان ئەو موناقەلەیە بکرێت بەینی وەزارەتێك و وەزارەتێك کە بودجەکە دەگۆزرێتەوە, ئەخیر پێشنیارم ئەوەیە کە تکایە بودجەی سالی 2009 با ئەمجارە لە مانگی 11 بگاتە دەست پەرلەمان، بۆ ئەوەی باشتر بەدوایدا بچین و باشتر دایبڕێژین, سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس, وەڵلا قسەکانت شتی تازەی تێدایە, ئەویش ئەوەیە کە دوابخرێت, هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمانیش موناقەشەیان کردووە, لەبەر ئەوەی قسەکانی جەنابی وەزیری دارایی و راپۆرتەکەی شتی تازەی تێدابوو, بڕیاربوو کۆپیەکە بدرێتە هەموویان, من پێش ئەوەی ئەو پێشنیارەی کوێستان خان کە سەرۆکی فراکسیۆنی سەوزە, رەئیی بەڕێزتان وەربگرم, دوایی رەئیی هەردوو وەزیری بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی, هەروەها جەنابی بەڕێز کاك عوسمان وەزیری پلان دانان, بەتایبەتی دوێنێ کە راپۆرتەکەی پێشکەش کرد, ئەو پێشنیارە لەبەر رۆشنایی ئەو راپۆرتە بوو، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان بیخەنە بەرچاویان, بۆچوونی خۆیان و راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی و لیژنەکانی تر کە راپۆرتیان هەیە, دوێنێ داوامان لێکردن, ئینجا داوا دەکەم لە وەزیری دارایی رەئیەك بدات لەسەر ئەوە, پێش ئەوەی ئێوە قسە بکەن, فەرموو.

بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

مادام بۆ دیراسەت کردنی زۆرترە، بودجە بابەتێکی گرنگە ئێمە مانعمان نییە لەسەر تەئجیل کردنی، بەڵام پێم باشە وەڵامی ئەو پرسیارانەش بدەینەوە کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کردوویانە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

وابزانم ئێستا دوو پێشنیار هەیە، یەکێکیان دوابخرێت و یەکێکی تر ئەو پرسیارانەی کە دوێنێ کرابوون ئەمڕۆ بەڕێز وەزیری دارایی وەڵامیان بداتەوە یان ئەویش دوابخرێت، باشە ئێستا سێ، چوار کەس قسە دەکات, دوایی دەیخەینە دەنگەوە, سێ چوار کەس دەنووسم لە سەرۆك فراکسیۆنەکان دەست پێ دەکەم, ئەوە بۆ موناقەشە کردن نییە, ئەو ناوانە بۆ ئەو دوو موقتەرەحەیە, موقتەرەحی دواخستنی ئەم دانیشتنە، بۆ ئەوەی هەم ئێوەی بەڕێز راپۆرتەکەی دوێنێی وەزیری دارایی ئەرقامی تێدایە وشتی تێدایە, بەهەند وەربگیرێت، هەم وەڵامی وەزیر بۆ ئەوە, ئایا ئێستا وەڵامی بداتەوە, دوو رەئیە و رەئیی سێ، چوار ئەندام وەردەگرین کە قسەی لەسەر بکات، ئەوەلەن کاك دکتۆر دلێر بە ئیعتیباری رەئیسی لیژنەی داراییە, دوایی کاك محمد حەکیم، کاك عوسمان بانی مارانی، کاك شێروان حەیدەری، کاك محمد فرج، کاك دیلمان، کاك رومیۆ، کاك کرخی، ئەوەندە قسە دەکەن, کاك دلێر فەرموو.

بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوێس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی پێمان باشە ئەو بابەتە زیاتر دەوڵەمەند بکرێت, تاوتوێ بکرێت و قسەی لەسەر بکرێت، بەڵام بەچاکی دەزانین ئەگەر هاتوو تاوتۆ کردن و گفتوگۆ کردن لەسەر بودجە و پرسیاری

ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان بەردەوام بێت، بەڕێزان ئەو وەزیرە بەڕێزانە لێرە ئامادەن ئەو جەوابانەی کە هەیانە بیدەنەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان ئەو زانیارییانەی بەڵای هەندێکیان نوێیە دیراسەی بکەن و تاوتوێی بکەن, بەڵام مەرج نییە ئیقراری بودجە ئەمڕۆ بکەین یان سبەی بکەین, سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس، کاك محمد حەکیم فەرموو.

بەڕێز محمد حکیم جبار:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پشتگیری ڕەئیەکەی کوێستان خان دەکەم, بەڵام پێم باشە بەڕێز جەنابی وەزیر وەڵامی پرسیارەکانی ئەندامان بداتەوە, چونکە لەڕێی پرسیارەکانی ئەندامان دەبینین شتی نوێ دێتە پێشەوە, پێویست دەکات و ئیستیفادەی لێ دەکەین بۆ داهاتوو, سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس, فەرموو بەڕێز کاك عوسمان.

بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وەڵاّ من پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەو هەشت, نۆ ئەندامانەی پەرلەمان ماون قسەی خۆیان بکەن، جەنابی وەزیر بە تێکڕای پرسیارەکان وەربگرێ, ئینجا سەرجەم پرسیارەکان وەڵام بداتەوە, ئەگەر بۆ دواخستنیش، بۆ زیاتر دیراسە کردنی ئەو بودجەیە, نازانم رۆژێك، دوو رۆژ دوا بخرێت، بۆ ئەوەی پەسندی بکەین باشە، ئینجا ئەمن ئێستا ڕێگە هەیە پرسیارەکانم بکەم، یان ئەوە درێژەی دەبێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس, کاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

دوو مەوزوع لەگۆڕێیە، یەکەمیان، دواخستنی موناقەشەکەیە بەبێ ئەوەی جەنابی وەزیر وەڵامی بداتەوە، ئەوەی تر بە پێچەوانەی دەبێت، من لەگەڵ ئەوەم ئەو برادەرانەی کە ناویان نووسیە با حەقیان نەفەوتێ و قەتعی موناقەشە نەکرێت وئوصولەکەش بەو شێوەیە موناقەشە بەردەوام بێت، هەر کەسەو قسەی خۆی بکات، پاشان جەنابی وەزیر وەڵامەکان بداتەوە، دوایی تەصویت بکرێت لەسەر تەئجیل کردنی لە بۆ رۆژی دیاری کراو، بەتایبەتی جەنابی وەزیر راپۆرتی خوێندۆتەوە و دابەش کراوە بەسەر ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر مولاحەزەیەکی تازەش هەبوو بۆ زیاتر دیراسە کردنی لە جەلسەی ئایندە موناقەشە بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

كاك محمد فەرموو.

بەڕێز محمد فرج احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وابزانم ئەو جەلسەیە کۆمەڵێك بڕیارو تەوصیاتی لێ دێتەوە، هەمووشمان قەناعەتمان بەوە هەیە ئەو بڕیارو تەوصیاتانە نابێت بۆ ساڵی ئایندە بێت, لەبۆ ئەمسال بێت، لەبەر ئەوە شتێکی سروشتیە بودجە جارێکی تر سەرلەنوێ دابڕشتنەوەی بکرێت، چونکە پەرلەمانیش مافی ئەوەی هەیە لەماددەی (83) ی پێڕەوی ناوخۆ هەر خەرجێکی نوێ بە زەروور بزانرێ دەتوانێ ئیقرارى بکات، لەبەر ئەوە پێم وایە کۆمەڵێك ئیقتراحاتمان هەیە، ئەوە هەڵدەگرن بڕیارى لەسەر بدرێ خەرجى نوێ دروست ببێت، لەبەر ئەوە شتێکى سروشتیە ئەم بودجەیە جارێکى تر ئیزافەى پێ بکرێت, شتى نوێى پێ بکرێت, دوا خستنەکە دەبێتە شتێکى سروشتى، بەڵام ئێستا ئەو قسانە تەواو بکرێت، ئەگەر وەڵامەکە ئێستاش نەبێت، بەڕاستى وەڵامێ بدەن ببێ بە بڕیار و پێشنیار، یانى شتێك نەبێت هەر بوترێ و بڕوات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

كاك ديلمان فەرموو.

بەڕێز محمد احمد صالح(ديلمان ئامێدی):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

منیش لەگەڵ ئەوەم گفتوگۆکان بەردەوام بن، لەبەر ئەوە تەبیعیە و بە پەسندی دەزانم کە بودجەکە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، ئەو نەواقصانە پڕ بکەنەوە و بێتەوە بۆ پەرلەمان، دووبارە موناقەشەى لەسەر بکەینەوە، وەزیریش پاش ئەو گفتوگۆیە وەڵامەکان بداتەوە, سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس، كاك روميۆ فەرموو.

بەڕێز روميۆ حزيران نيسان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەوەى راستى بێت وەختێکى زۆر درا بەو برادەرانە ئەندامانى پەرلەمان کەجەلسەیەکى تەواویان برد، بۆ ئەوەى کە قسەکانیان تەواو کرد، من پێم باشە ئەوانەى کە ماون، بێجگە لەوەى کە بەشێکى زۆرى قسەکانیشیان تیکرار دەبێتەوە، بەڵام پێم باشە ئەوانیش ماوەیان پێ بدرێ قسەکانى خۆیان تەواو بکەن، خاڵى دووەم من لەگەڵ ئەوەم دوابخرێت، بەڵام سەقفى دوا خستنەکەش دیارى بکرێت هەر لەم جەلسەیەدا، پێم باشە لەسەرەتا هەفتەى داهاتوو بێت، سێ خاڵێکى تر هەبێت دواى تەواو بوونى جەلسەى کۆتایى کە پەیوەستە بە کارپێکردنى بودجەى هەرێمى کوردستان، بەڕاستى هەندێ بڕیارو تەوصیات بکرێت بۆ حکومەت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس، كاك كرخى فەرموو.

بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی ئێمەش هەروەکو ئەو برادەرە بەڕێزانە، راپۆرتێکی پازدە لاپەڕەیی، سەد لە ئەرقام و واتای زۆر گرنگی تێدایە، کە ئێستا گەیشتۆتە دەستمان، بێگومان پێمان ناکرێت ئێستا موناقەشەی ئەو راپۆرتە بکەین، بۆیە سەبەبێکی زۆر وەجیهمان هەیە کە ئەوە دوا بخرێت، بۆ ئەوەی دیراسەت بکرێت لە هەردوو لایەنەوە، لایەنی حکومەت و پەرلەمانیش بۆ خۆی دیراسەتی خۆی بکات ئەندامە بەڕێزەکان، بەڵام بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، پرسیارەکانیش زۆربەی زۆری دوێنێ کراون، ئەمڕۆ نەکراوە، کەواتە من پێم وایە جەنابی وەزیر ئامادەیە، بە قەناعەتی من دەبێت ئامادە بێت بۆ وەڵام دانەوە، ئێمە بۆچی ڕێی لێ بگرین، با وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە و سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك غفور فەرموو.

بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەنیسبەت پێشنیارەکەی برادەران بۆ دواخستنی یاسای بودجە، لە جێی خۆیدایە بە حوکمی ئەوەی کە تازە گەیشتۆتە دەستمان وگفتوگۆ بکرێت، ئەوە یەك، دووەمیش ئەمن پێم باشە ئەوانەی کە ماون قسەی خۆیان بکەن، کە قسەی خۆیان کرد لە زمنی ئەوە لەوانەیە هەندێ پێشنیار و هەندێ شتی تریش بێتە پێشەوە، لێرەوە بەڕێز وەزیری دارایی دەتوانێ سوود لەپێشنیار و ڕەئی برادەران وەربگرێت، لە جەلسەکانی داهاتوودا گفتوگۆیەکان دەوڵەمەند تر بکرێت، ئەوە خاڵێك و سەقفە زەمەنیەکە پێم باشە بۆ دووشەممە بێت، یانی لە دووشەممە تێپەڕنەبێت، دووشەممە جەلسەی ئاسایی خۆی دەست پێ بکاتەوە، پەرلەمان دەست بە گفتوگۆ بکاتەوە، بەو شێوەیە ئێمە دەگەینە ئەنجامێکی باشتر، پڕۆژەی یاساکە دەوڵەمەند تر دەبێت، لە هەمان کاتدا حکومەتیش پێویستی بەو چەند ڕۆژە هەبێت، بەتایبەت مەسەلەی پێشینەی خانووبەرە، کە لە بودجەکە نییە و بیخاتە ناو بودجەکە، هەندێ داخوازی تر هەبووە، بۆیە منیش لەگەڵ ئەوەدام کە تا دووشەممە جەلسەکان دوابخرێت، بەڵام لە دووشەممە تێنەپەڕێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

منیش پیشتگیری تەئجیل کردنی دانیشتنەکە دەکەم، بەڵام وەکو مامۆستا محمد فرج ئیشارەی پێدا، لەگەڵ ئەوەم کە بە هەندێ تەوصیات بێت، ئەو بەڕێزانەی کە ماون قسە بکەن، ماوەیان بدرێتێ قسە بکەن، دوای ئەوە پەرلەمان بە هەندێ تەوصیات دانیشتنەکە تەئجیل بکات بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو، بۆ ئەوەی

حکومەت هەندێ تەوصیاتی پەرلەمانی لابێت، کە دێنەوە موناقشە دەکەین هەندێ ئیجرائات وەرگیرابێت، سەبارەت بە چاکردن و پێداچوونەوەی بودجەی ساڵی 2008، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك باپیر فەرموو.

بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

منیش وێڕای برادەران لەگەڵ تەئجیل کردنم، بەڵام بەردەوام بوونی کۆبوونەوەکە بە زەرووری دەزانم، بۆ ئەوەی لەبەرچاو گرتنی کات، هەم بەرچاو بوونی جەنابی وەزیر و هەردوو وەزیرە بەڕێزەکان، وەزیری پلاندانان، هەموو بەرچاویان بێت بۆ وەڵامەکانیان، چ لەو جەلسەیە بێت، یان جەلسەیەکی تر بەیەکجار وەڵام بدرێتەوە، بۆ لەبەرچاوگرتنی من بەباشی دەزانم بەردەوام بێت، کۆبوونەوەکە تەئجیل بکرێت، بەڵام ئەوانەی کەماون بەردەوام بن، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

خاتوو نەسرین فەرموو.

بەڕێز نەسرین حمە صالح:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

منیش پشتگیری برادەران دەکەم، لەگەڵ ئەوەم کۆبوونەوەی ئەمڕۆ دوابخرێت، بۆ ئەوەی وەزیرە بەڕێزەکان جارێکی تر بودجە کە دابڕێژنەوە، داواکار و پێشنیار و پرسیارو راپۆرتەکانی ئەندامانی پەرلەمان دیاری بکرێت، بودجەی تایبەتی بۆ ئەو داواکارییانە دابنرێت پێش ئەوەی بودجەکە بێتە پەرلەمان، داوا دەکەین شێوە و صەرفیاتی 2007 بهێنرێت بۆ پەرلەمان، بودجەی تەکمیلەی لە 17٪ ش مینحە و قەرزەکانی تێدا دابین بکات، لەگەڵ ماوەی بودجەکە لە ساڵی 2007دا بووە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کەواتە ئێستا شتەکە دیارە، ئەو ناوانەی کە دوێنێ ویستیان قسە بکەن، جەنابی وەزیر داوای کرد وەڵامیان دەداتەوە، پاش ئەوەی کە وەڵام دەداتەوە، موقتەرەحەکەی کوێستان خان دەیخەینە دەنگەوە، ئایا بەردەوام بین لە قسە کردن و ئەوانە، فەرموو کوێستان خان.

بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پێشنیارەکەم وابوو کە ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان نەکردووە لەگەڵ ئەو راپۆرتانەی کە هەیە ئەوانەش تەواو بکرێت، چونکە کۆمەڵێك پرسیارو پێشنیارو داواکاری تازەشی تێدایە، ئەوانە باس بکرێت، ئینجا

دەنگدان لەسەر بودجەکە تەئجیل بکرێت، بۆ ئەوەش کە وەزیر ئەمڕۆ وەڵام بداتەوە یان نا، ئەوە ئاساییە ئەمڕۆ بێت یان رۆژێکی تر، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کەواتە موقتەرەحی تەئجیلەکەت ماوە، باشە دەڵێ بەردەوام بوون لەسەر قسە کردن، مانای قسە کردن ناکات.

بەڕێز کۆیستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من مەبەستەکەم تەئجیل لەوە نییە کە ئەم بودجەیە ئەگەر ئاوا بڕوات، بەڕاستی ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان دەنگی بۆ نادەین و تەصدیق ناکرێت، جا بۆ ئەوەی ئەم بودجەیە ئەوەی کە لیژنەی دارایی، لیژنەی یاسایی، لیژنەکانی تر کە کۆمەڵێك تەوصیاتیان هەیە، کۆمەڵێك پێشنیار و داواکاریان هەیە، تکایە جیا بکرێتەوە، ئێمە چەند رۆژێك بێین بەو سێ بەڕێزە چاوخشاندنەوەیەك بە بودجەکە بکەین، ئێمەش لەسەر راپۆرتەکەی جەنابیان کۆمەڵێك زانیاری تر وەربگرین، بەڵام قسەکانیان کە نەکراوە بەردەوام بن و دوای ئەوە تەئجیلی بکەین بۆ هەفتەی داهاتوو، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەردوو موقتەرەح هەمان شتە، بەڵام حەق نییە بەناوی هەموو ئەندامانی پەرلەمان بڵێین بودجە پەسند ناکەین ودەنگ بۆ بودجە نادەین، هەر ئەندامێکی پەرلەمان مافی سروشتی خۆیەتی موناقەشەی بودجە بکات، رەئیی خۆی بدات، بەڵام کەس بۆی نییە بەناوی مەجموعی ئەندامانی پەرلەمان قسە بکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك غفور ئەگەر نوقتەی نیزامیت هەبێت، منیش نوقتەی نیزامیم لەسەر تۆ هەیە، فەرموو.

بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

نوقتەکەی من نیزامیە، ئێمە شتەکانمان تێکەڵ کرد، لەبەر ئەوەی دوو رەئیت هەبوو جەنابت کە گوتت، یەك بۆ تەئجیل کردن، دووش ئایا ئێستا وەزیر وەڵام دەداتەوە، یان گفتوگۆیەکان بکرێ، لە وەڵامی برادەرانیشدا هەموو گوتیان لە تەئجیل کردنەکە دا لەگەڵداین کە بۆ سەقفێکی زەمەنی تەئجیل بکرێت، ئەوە یەك، دووش ئەو برادەرانەی ماون بەردەوام بن لە گفتوگۆ کردن، پاشان وەزیری بەڕێز وەڵامی هەموویان بداتەوە، ئا بەو شێوەیە بوو پێشنیارەکە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەوە تەئجیل نییە، با منیش نوقتەی نیزام لە تۆ بگرم و لە هەندێ برادەری تریش، یانی خۆیان دەزانن کێنە، هەندێ جار پشوویەك وەردەگرن بۆ پێنج دەقیقەیەك و نایەنەوە، من ناوەکانیشم نووسیوە، یەك و دوو نینە، یەکیان خۆتی، لەبەر ئەوە ئەوە نوقتەی نیزامیە لەسەر تۆ و لەسەر چەند برادەرێکی تر، کاك د. کمال قسەی هەیە فەرموو.

بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خوشکە کوێستان سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز، داوای دواخستنی دانیشتنەکەی کرد، دوایی تێکەڵیەك هەیە، موناقەشە و دواخستن کە موناقەشە کرا بۆ سەعات دووش تەواو نابێت، مانای دواخستن نییە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو راپۆرتە تازەی بەڕێز وەزیری دارایی کە هاتووە لەلای ئەندامانی پەرلەمان روون نییە، نازانم چی تێدایە، ئەوە تەوزیع بکرێت لەسەر گشت ئەندامانی پەرلەمان، وەکو قەرار بوو ئیمڕۆ بکرێت، بڕۆن بە وردی بیخوێنن، خۆیان حازر بکەن، خۆ ئێمە شەڕ ناکەین لێرە، هەموومان بەو بۆچوونە ئەچین کە میزانیەکی ڕێك وپێك بۆ کوردستان دابندرێت و لەبەرژوەندی خەڵکی کوردستان بێت، بۆیە دوێنێکە بڕیار بوو کە جەنابی وەزیر ئەمڕۆ جەواب بداتەوە، جەوابەکانی خەلاس کرد، بڕیاری تەئجیل بخەینە پێش ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەنگ بدەن، ئەگەر بڕیاریان دا بۆ هەفتەی داهاتوو، ئەوجا هەر هەموو با قسە بکەن و خۆیان حازر بکەن لەسەر ئەو وەڵامانەی کە ئێستاش جەنابی وەزیر دەیدا، ئەو راپۆرتانەی لەبەر دەستیاندایە، ئەو شتانەی کە بەگرنگی دەزانن لەسەری موناقەشە بکەن، من ئەم پێشنیارە دەکەم بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك کمال موقتەرەحەکەی خۆی کرد، ئینجا ڕێگە دەدەم بە جەنابی وەزیر بەکورتی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە دوێنێ کراوە، نوقتەی نیزامی چییە کاك تەلعەت.

بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

دوێنێ ناوەکانت نووسیبوو، ئەوانەی دوێنێ قسەیان کرد ئەوە ڕۆیشت، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە مەجموعەیەك ماوەتەوە، من داوا دەکەم قسە بکەین، ئەوجا جەنابی وەزیر وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە, سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

پێش ئەوەی ڕێگە بدەینە ئەو برادەرانە کە قسەی خۆیان بکەن، هەندێ شتتان بۆ روون بکەمەوە، یەکەم، داوا دەکەم لە دوو دەقە زیاتر نەبێت کاتی قسەکردنتان، داواش دەکەم ئەو قسانەی کە دوێنێ کران دووبارە نەبێتەوە، بە مەسئولیەتەوە قسە بکرێت، شتێکتان بۆ روون دەکەمەوە ئەو راپۆرتەی دوێنێ کە وەزیری

دارایی و ئابووری تەقدیمی کرد، ئەگەر ئیتیفاقتان نەکرد، داوام لە کاك شێخ بایز کرد کە رەئیی بدات، وتی ئەو راپۆرتە هی هەردووکمانە، هی هەردوولایەنە، یانی تەعبیر لە هەردوو لایەن دەکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر قسەیەك کرا، من ئیعتیبار دەکەم تەوجیە کرایە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری، کەسێکی تر خیلافی هەبێت روونتر بڵێت، ئەم تەوزیحە هەم بۆ ئێوەیە و هەم بۆ رەئیی گشتیشە، بۆ ئەوەی خەڵك وا تێنەگات ئەو رەخنانەی کراوە تەنها موەجەهە بۆ وەزیری دارایی وئابووری ، چونکە ئەوان لەبەر داوای ئێمە بودجەکەیان تەوحید کردووە بە رەقەم، ئەگینا لە واقیعدا وەزارەتی دارایی و ئابووری تەوحید نەکراوە، لەبەر داواکاری ئێمە کە چەندین جار باسمان کرد راپۆرتەکەیان ومیزانیەکەیان بە شێوەیەك تەقدیم کرد کە موەحەد بێت، بە ئومێدی ئەوەی بەرنامەی کاری حکومەت، تەوەجوهاتی حکومەت لە یەکخستنەوەی هەرسێ وەزارەتەکان و ئیعلانی کابینەی تازە ئاسانکاری بۆ بکرێت، بۆیە ئەو نوقتەیە گرنگە، دووش، دوو، سێ شت هەیە زۆر جار باسی حساباتی ختامی دەکەن، هەندێك برادەر نازانێ لە رووی حیسابیەوە حساباتی ختامی پاشی کۆتایی ساڵ دێت، واتە 12/31 تەواو دەبێت، ئەوجا حساباتی خیتامی تەقدیم دەکرێت، لەگەڵ میزانیە تەقدیم دەکرێت، لە عورفی هەموو دونیا، لەبەغداش چوار مانگیان بۆ داناون، حکومەت میزانیەی ختامی تەقدیم بکات، تا کۆتایی مانگی پێنج، ئەوە لاتان روون بێت، لەبەر ئەوەی کە باسی حساباتی خیتامی دەکەن ئەو حەقیقەتان لا بێت، لیژنەی دارایی داوای راپۆرتی سێ مانگەی کردووە، لە خۆتانەوە قسە مەکەن تکایە، داوای راپۆرتی سێ مانگەی کردووە، ئێمە لەگەل جەنابی وەزیر بۆ کاروباری دارایی قسەمان کردووە، راپۆرتی سێ مانگانە عەمەلی نییە، بەڵام راپۆرتی شەش مانگانە عەمەلیە، لە کۆتایی 6/30 کۆتایی نیوەی ساڵ دێت، لە بیدایەی حەوتەوە دەتوانن راپۆرتەکە حازر بکەن هی شەش مانگی پێشوو تەقدیم بکات، لە 12/31 کە تەواو دەبێت، پێش ئەوەی میزانیەی خیتامی کە دەکەوێتە دواتر سێ چوار مانگ، دەکرێت لەو راپۆرتەی شەش مانگیدا بیخاتە بەردەم پەرلەمان، لە خیلالی دوو، سێ حەفتە حازری بکات، دواتر حساباتی خیتامی رێگەی خۆی هەیە، بەلای کەمی دەبێت سێ، چوار مانگ مەودای هەبێت، بۆ تەقییمی سالّی پێشوو داهاتەکان و هەموشتەکان، خەرجییەکان، هەموو بابەتەکان وەکو پێویست، وەکو شتێکی حسابی تەقدیمی بکات، ئێستا دوو دەقە دانراوە، کاك شێردڵ فەرموو.

بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من چەند سوئالێکم لە وەزیرە بەڕێزەکان هەیە, بە پێی ماددەی 30 لە دەستووری عێراق، هەموو هاوولاتیەکی عێراقی حەقی ئەوەی هەیە خانووێکی موناسبی هەبێ و تێیدا بژی، لەبۆ ئەوە وەزارەتی ئیشغال و ئیسکانی بەغدا کە وەزیرەکەشی هی خۆمانە، صندوقی ئیسکانیان داناوە لەلایەن وەزارەتی مالیەی ئەوێوە تەمویل دەکرێت، هەندێ ئێستا بەرنامەیان هەیە کە دەوڵەتانیش یارمەتیان دەدەن، ئەوانە بە پێی تەقدیری نرخی کەل و پەلی ساڵی 2004 شتێکیان دانایە 18 ملیۆن دینار دەدەن، ئێستا بەتەمان بیکەنە 25 ملیۆن، هەتا ئێستا 5500 وەحدەی سەکەنیان دروست کردیە، ئێستاش بەردەوامن و خوتەی

ئیستراتیجیان هەیە تا ساڵی 2012، ئایا ناکرێ وەزارەتی مالیەی ئێمەش ئەو شتە لە وەزارەتی دارایی خۆمان یان وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەی خۆمان بەو کارە هەڵستێ؟ کە لەوێ وەزیرێکمان هەیە هەر ئی خۆشمانە بەو کارە هەڵدەستێ بۆ 15 موحافەزە هەر بەغدا دوو بە هەندی کوردستانە، هی ئێمە سێ موحافەزەیە، ئەگەر بدرێتە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەی خۆمان نابێ؟ ئەوە یەک، دووەم: هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە زیراعەت و ئاژەڵدارییان لەسەر ئاو و هەوایە وەکو ئێمەیە، یەعنی چاویان لە ئاسمانە، کۆمیتەکی بااڵی هیشک سااڵیان هەیە، ئێستا لە ئێران هەیە کۆمیتەی بااڵی هیشکە ساڵی، هەموو ساڵێک میزانیەی بۆ دادەنێن، لە هەر ناوچەیەک لە ئێران کە تووشی هیشکە ساڵی دەبێ ئەو پارە داندرایە یەکسەر حازرە و زیادیشی دەکەن بۆیان و یارمەتیان دەدەن، بەاڵم لە ڕاپۆرتەکان نە لە ئی لێژنەی مالی و نە لە ئی جەنابی وەزیر ئەو شتە نەهاتووە، ئۆمێدەوارم شتێکی ئەوها بکەن، بەنیسبەتی شاری کۆیە، شاری کۆیە لە بەینی سلێمانی و هەولێرە، میزانیەکەی لەسەر سلێمانیە و ئیدارەی لەسەر هەولێرە، ئایا نەموزەجی ئەوها لە دونیادا هەیە؟ هەر موەزەفەکان قائیمقام و شارەوانی هەر بە هیالك دەچن لەو ڕێیەی، یەعنی دێنە ئێرە، دەڵێن بڕۆنە سلێمانی، دەچنە سلێمانی، دەڵێن بڕۆنە هەولێر، یەعنی هیوادارم چۆن جەنابی وەزیر گوتی دەتوانین میزانیەی وەزارەتەکان یەک بخەینەوە بەیەک قەرار، ئەگەر ئەوەش بکەین ئەو سێ وەزیرە بەرێزە شتێکی باشە، سوئالی سێیەمم لە لەسەر بودجەی حەجە .

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس کاك شێردڵ، کاك شێروان.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پێشەکی من پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەی لێژنەی دارایی دەکەم و، سوپاسی جەنابی وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی دەکەم، بەنیسبەت ئەو ڕاپۆرتەی کە پێشکەشیان کرد کە زۆر نوقتە هەبوو وزوحی نەبوو بەراستی بۆ ئێمە، ئێستا هەرە زۆری لە لای ئێمە روونە، بەاڵم من دێمە سەر شێوەی موناقەشە کردن، من لەو ئەندامانەمە کە 15 ساڵە لێرەمە، ئەو شێوە موناقەشەی کە دوێنێ دیومە بەراستی بەم شێوەیە 10 بودجە موناقەشە کرایە، بەو شێوەیە موناقەشە نەکرایە، ئەندامی پەرلەمان مافەکی سروشتی خۆیتی و ئەرکێشیتی داوای شەفافیەت بکات، داوای چۆنیەتی خەرج کردنی سەرفیەکان بکات، داوای ڕەخنە بکات، داوای هەر شتێك بکات سەبارەت بە بودجە واریدە، پاشان کە مەسەلەکە گەاڵڵە دەبێت، پەرلەمان و حکومەت ئەبنە تەواوکەری یەکتری بۆئەوەی بە باشترین شێوە خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەن، ئەمە صیغەی عامی ئەو موناقەشاتانە نەبوو کە مومکینە دە موناقشە حازر بوو، هی بودجە، ئەمە یەک، هی دوو: تێکەاڵوێك کراوە لە بەینی گەندەڵی و بودجە، مەسەلەی گەندەڵی مەسەلەیەکی جیاوازە و خانەی خۆی هەیە کە حیسابی خیتامی تەقدیم کرا، ئیمکان هەیە لەوێندەرێ بزاندرێ چۆن خەرجیەکان کرایە؟ لەوێندەرێ گەندەڵیەکان دەست نیشان بکرێت، سەرەڕای ئەوە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان دوو ساڵ لێرەینە و 14 لێژنەمان هەیە، هەتا ئێستا بەڵگەیەکی زیندوو پێشکەش

نەکرایە سەبارەت بە گەندەڵی، بۆیە مەسەلەی گەندەڵی ئەبێ جیا بکرێتەوە لە مەسەلەی میزانیە، مەسەلەی میزانیە من تەوەقوعی ئەوەم دەکرد هەندێك لە بەڕێزان ئیشارەت بەوە بدەن، بڵێین: ئەم بوارە پێویستە ساڵی 2008 زیاتر بایەخی پێ بدرێ وەکو بواری کشتوکاڵ مەسەلەن کە ئێمە تووشی وشکە ساڵی هاتینە، ئەو بوارە زیاتر بایەخی پێ بدەین نەك مەجالی صیناعە کە ئێستاکە سیفرە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام بەراستی ئەو جۆرە تەصریحاتە نەدرێت کە هەندێ برادەران بەناوی کۆمەڵ دەیدەن و دەڵێن ئێمە موافەقەت لەسەر بودجە ناکەین ئەگەر هاتوو هەر سێ وەزارەت دەمج نەکرێت، مەسەلەی هەر سێ وەزارەت مەوزوعێکی تر مەسەلەی بودجە عیلاقەی بە گوزەرانی خەڵکەوە هەیە، عیلاقەی بە مەشاریعی ئیستسماری هەیە نابێ دوابخرێت لەگەڵ ڕچاو کردنی هەموو ئەو تێبینیانەی کە ئەندامی پەرلەمان مافی خۆیەتی لەناو بودجەدا دیاری بکرێت، باسی مەصرەف عەقاری کرا باسی مەسەلەی تەوحید رواتب کرا، هەموو لەگەڵ ئەو بۆچونانەیە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بە لەیەك تێگەیشتن بە مونەزەمی لەناو بودجە جێگای خۆی بکرێتەوە و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، بەڵام زۆر باسی سێ وەزارەتەکە کرایە، ئەمە بەرنامەی حکومەت خۆیەتی، خۆ بەتەحەدا ئێمە نامانەوەێ چارەسەری کێشەکان بکەین، ئەگەر حکومەت نەگاتە قەناعەت بۆ چاکسازی، چاکسازی ناکرێت، ئەگەر حکومەت نەێتە قەناعەت بۆ تەوحیدکردنی ئەو سێ حکومەتە ناکرێت، بۆیە ئێمە هەدەف لە لامان دەبێ مەبەست بێت، چ هەناگاوەك بنێین بۆ ئەوەی موحارەبەی گەندەڵی بکەین؟ حکومەت هاوکارمان نەبێت گەندەڵی موحارەبە ناکرێت، حکومەت بەرنامەی نەبێت بۆ تەوحید کردنی ئەو سێ وەزارەتە، ئەو سێ وەزارەتە تەوحید نابێ، لەبەر ئەوە قسەکانمان یەکگرتنەوە بێت لەگەڵ ئیرادەی حکومەت کە دەیەوێ موحارەبەی گەندەڵی بکات، کە دەیەوێ ئەو سێ وەزارەتە یەك بگرێت، دەیەوێ وەزارەتەکان کەم بکاتەوە، دوایی قسەکانی کاك شێروان تەئید دەکەم، کاك طارق فەرموو.

بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من چەند پێشنیارێکم هەیە کە لە بودجە جێی خۆی بکاتەوە، یەکەم: دەعمی راگرتنی گرانی خۆراك لە بازاڕ، بەراستی گرانیەکە وەکو ئەوەی مونەزەمەی عالەمی دەڵێت لە 56٪ زیادەی کردیە، دەبێ حکومەت دەعمی بکات لەبەر ئەوەی ئەو گرانیە رابوەستێ، دووەم: لەتەك سولفەی عەقاری، سولفەی زەواج بۆ گەنجان بۆ ئەوەی ژیانی هاوسەری پێك بێنن، حیسابی خیتامی هی ساڵی 2007 نەهاتیە، دەبێ بگاتە پەرلەمان و پاش ئەوە، من باسی شتێك دەکەم، ئێمە داوا دەکەین کە مووچەی فەرمانبەران وەك عیراقی لێ بێ، وەك ناوچەکانی تر، بەڵام بەداخەوە نە وەك ئەوانە نە زیادەکەش، نموونەیەك دەینمەوە: ئەندامانی پەرلەمان حیمایەکانیان لە کوردستان، بانێك و دوو هەوا، لێرە 207 هەزارە و لە سلێمانی 320 هەزارە، ئەوەی لێرە هەیە لە هیچ شوێنێك نیە و من لە جەنابی وەزیر دەپرسم ئەوە چۆن چۆنیە و؟ من پێشنیار دەکەم کە مووچەی پاسەوانەکانمان بکەوێتە سەر بودجەی پەرلەمانی کوردستان وەك ئەوەی بەغدا کە

500 هەزار پتر وەردەگرن، هیچ جیاوازیەکیان نیە، خاڵێکی تر ئەوەیە: ئێمە دەڵێین کەرتی کشتوکاڵی دەبووژێنینەوە، بانکی کشتوکاڵی دەکەینەوە، بەڵام دەپرسم لەماستەر پلانی هەولێر 182 هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵ دەبەن، ئەوە 32 گوند دەگرێتەوە، ئایا ئەوە بووژانەوەی کشتوکاڵە، یان پووکانەوەی کشتوکاڵە؟ ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، کاك عبدالرحمن.

بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

دیارە رۆژی یاسای بودجەکە هاتووە بنەمای یاسای ئابووریەکە ناتەواوە و لاسەنگە و، ئەو تێبینی و ئەو پێشنیارانەی کە کران شتێکی باشە بۆ چاکسازی، من هەندێك پێشنیازم هەیە بۆ بەرێز وەزیری دارایی بۆ ئەو پرۆژەی کە پێداچوونەوەی دەکرێت، تەتبیقی ئێمە یەك بودجە بکرێت بۆ یەك وەزارەت، بۆ یەك رەقابە و بۆ یەك ئاسایش، ئەمەش شتێکی باشە بۆ ئەو پرۆژەیەی کە بۆمان دێت، بۆ ئەو نەخشە و پلانەی تایبەت بەرێزان ئاماژەیان پێ کرد، بۆ نموونە لە بەغدا گرنگی دراوە بە دوو، سێ بوار وەك پەروەردە و تەندروستی و کشتوکاڵ، لە موازەنەی بەغدا لە ماددەی سی هاتووە: بەراسپاردەی سەرۆك وەزیران 600 ملیار دینار تەرخان کراوە بۆ کەرتی کشتوکاڵ، ئەمە شتێکی باشە دیارە شمولیشە بۆ هەموو عیراقە ئێمەش داکۆکی بکەین و لە هەرێمی خۆشماندا گرنگی بدەین بەو کەرتە، ئەوە لە ماددەی سی هاتووە، بەڵام وەزیری دارایی ئاماژەی بە عیجز کرد کە 763 ملیون دۆلار عیجزمان هەیە، دەپرسین ئایا داهاتی ماوەی ساڵی 2007 کە هەندێ وەزارەت دەڵێین 12/1 ی بودجەی ساڵی 2007 سەرف کردووە ئەو ئەو حیساباتە خۆمان بیکەین و ئەو وردکاریانە شتێکی باشە و هەروەها مەسەلەی مووچە کە هەڵسان و گرانی بازاڕ و هەندێ شت هەیە، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە بێن پلانێك دابڕێژین بۆ خانەنشین کردن و تەشجیعی خەڵك بکەین کە خۆی خانەنشین بکات و کەرتی تایبەت هان بدەین و یاسای کار دەرکەین و چاکسازی بکەین لە مووچە وەك کاك طارق ئاماژەی پێکرد، ئەوە هەمووی خاڵی باشن بۆ ئێمە، هەروەها تەقدیری بودجە کەکراوە، وەزارەتی دارایی لەگەڵ وەزارەتەکانی تر رۆتینێکی زۆری تیا بووە کە وەزارەتەکان بێتاقەتن، ئەوەیە بێ متمانەیی دروست دەکات، ئەویە کە گەندەڵی دروست دەکات، کە ئەڵێ ئێمە موناقەشەمان کردووە و گوتوویانە بڕۆن خواحافیزتان بێت، دوایی وەزارەتی مالیە خۆی تەقدیری بودجەی کردووە، ئەو پرۆژەیەی کە دانراوە بە عیلمی دانەندراوە بۆ وەزارەتەکان، داوا دەکەم لە پێداچوونەوەی پرۆژەی بودجە وەزارەتی دارایی گرنگی بدات بە وەزارەتەکان و بۆ ئەوانەی کە مەعنین بە شێوەیەکی تایبەت، بۆ چاکسازی و بووژاندنەوەی دارایی و ژێرخانی ئابووری ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، شیرین خان.

بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سوپاس، ئاخافتنێ من هەمووی هاتە کرن.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، صبریە خان.

بەڕێز صبریە غفار امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەڕاستیدا ئەو ژمارانەی کەوتە بەردەست خۆزگە زووتر بوایە، چونکە ئێمە لەسەر سیاسەتێکی گشتی قسە ئەکەین، خاڵی یەکەمم: گرفتی نادیاربوونی میلاکی پێویستی وەزارەتەکان کە ئەوە گەورەترین گرفتە لە ناو کوردستاندا، هەڵاوەسانێکی غایە دەرەجە لە فەرمانبەر و مووچە خۆر هەیە، کە ئەمە بوویتە رێگرێکە لەبەردەم ئەوەی کە گەورەترین گرفتی خەڵکی کوردستان و مووچە خۆری کوردستان ئەوەیە کە ناتوانێ پێی بژێ و، ئێمەش لە رووی یاساییەوە پێویستە ئاستی مووچە لە ئاستی بژێوی ژیان بێ و بە پێی ساڵ تەغیراتی پێ بکرێت، بەڵام ئەو رێژە زۆرەی مووچە خۆر کە بنەمایەکی ئەساسی دیار نیە لەسەر چیە؟ دوای سااڵنێکیش کە پار گەورەترین گرفت بوو، رێژەیەك دیاری نەکرابوو کە چاکسازی تیاکرابوو و ئەو دووبارە بووانە بەراستی تا رادەیەك چارەسەریان بۆ دیاری کرابێ، خاڵێکی ترم: بەراستی دوێنێ لە قسەکانی جەنابی وەزیر ئاماژەی بە نیسبەی لە 17٪ دا، ئەمە بوویتە دەتوانم بڵێم سیاسەتێك یان تەسقیف کردنێکی باگراوندی هەموو تاکێکی کوردستان کە پلە دوومان بۆ هەموو ئاستە سیاسیەکان، بە وەزارەت، بە پەرلەمان داناوە بەرامبەر بە مەرکەز کە ئەمە بەراستی مەتەرسیدارە، ئێمە خۆمان تەلقین بکەین بەو حاڵەی کە پلە دووین لە دوای مەرکەز لە رووی صەڵاحیات و لە رووی ئیمتیازات، حەق وایە پێداچوونەوەیەکی پێدا بکرێت، خاڵێکی تر کە زەروورە، قسە لەسەر هین کرا، ئەو میزانیەی تەکمیلی لەگەڵ ئەو ماوەیە کە هەیە مودەوەر کە لە عیجزدا سەرف دەکرێت، ئێمە سێ ساڵە لێرە داوای بودجەیەکی تایبەت دەکەین بۆ شوێنە زەرەر لێکەوتووەکان، شوێنانی ئەنفال، کیمیاباران بە شێوازێکی یەکسان تەوزیع کردن دادپەروەرانە نابێ بەراستی، یەعنی نیسبەیەك بۆ شارێك کە هیچی لێ نەقەوماوە لەگەڵ نیسبەیەك بۆ شارێك لە رووی جوغرافیەوە بەس حیسابی بۆ بکرێ، ئەمە جارێکی دیکە نا یەکسانی و نادادپەروەریە بەرامبەر بەو شوێنانەی کە تا ئێستا ئاسەواری ئەنفال و کیمیاباران بەردەوامە تێدای، دوا خاڵێشم : ئێمە قسە لەسەر حیساباتی خیتامی ئەکەین، یەعنی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان راستە دەبێ لە 12/31 حیساباتی خیتامی هەبێ، بەڵام ئایا ئێمە وەکو پەرلەمان حیساباتی خیتامیمان بینیوە لە مانگی 12ی کۆتایی 2007 تاوەکو ئێستا، تا بڵێین لەسەر بنەمای ئەوە ئێمە قسە لەسەر بودجەی 2008 دەکەین، بۆیە تەئکید دەکەین، ئەو حیساباتە بۆ جەلسەی داهاتوو کە قسە زیاتر لەسەر بودجە دەکرێت ئامادە بێت لەبەر دەستمانەوەو، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك طلعت فەرموو.

بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وەللاّ پێشنیارەکەی من هەندێکیان باس کرا بەراستی، بەڵام پێشنیاری یەکەممان: داوا دەکەین ماوەیەك دیاری بکرێت بۆ پێشکەش کردنی حیسابات خیتامی لە لایەن وەزارەتی دارایییەوە ، دووەم: مەسەلەی وشکە سالّی وەك کاك شێخ الله باسی کرد، ئێمەش لە تەقریرەکەی وەزارەتی کشتوکالّ و سەرچاوە ئاوییەکان بە درێژی باسی ئەو کەم و کورتیەمان کردیە، کە لە بودجەی وەزارەتەکانەوە هاتیە لێرە باسی ناکەین، بەڵام لە وشکە سالّیدا ئێمە پێشنیارێکی دیکەمان هەیە: ئەو جوتیارانەی کە قەرزیان وەرگرتیە لە حکومەت قەرزەکانیان لەبەر بوونی وشکە سالّی لە هەرێمی کوردستاندا، داوا دەکەین قەرزی ئەم سالّەیان دوا بخرێت بۆ سالّی داهاتوو لێیان وەربگیرێتەوە، سەبارەت بە گواستنەوە کاك طارق باسی کرد، سەبارەت بە بانکی کشتوکالّی تەئکید لەسەر راپۆرتەکەی جەنابی بەرێز وەزیری دارایی دەکەین کە بانکی کشتوکالّی، پشتیوانی لەسەر راپۆرتەکەی بەرێز وەزیری مالیە دەکەین کە ئەویش پشتیوانی لێکردبوو داوای دیاریکردنی پارە دەکەین بۆی و، پرسیارێکی تریشمان هەیە: گومرکەکانی هەرێمی کوردستان هەمووی بە پێی ماددەی 110ی دەستووری عیراقی ئەوە تابیعی حکومەتی فیدرالّن، بەڵام زەریبە و رەسم تا ئێستا وازیح نیە ئایا عایدی حکومەتی مەرکەزینە یان لە لای خۆمانەوەیە؟ داوای لە بەرێزیان دەکەین کە رووونکردنەوەیەك بدەن، لەگەلّ رێزمدا.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك عبدالرحمن.

بەڕێز عبدالرحمن اسماعيل سليم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لە پێشەکی زۆر سوپاسی وەزیری دارایی دەکەین بۆ ئەو رووونکردنەوەی کە دوێنێ کردی، بە حەقیقەت زۆر شتی بۆمان دیار کرد ئێمە نەماندەزانی، هەروەها پشتیوانی لە راپۆرتی لێژنەی دارایی دەکەین، زۆر شت هەیە لە ناو ئێرە نوێیە بە نیسبەت ئێمە، تەبعەن ئەو قسەی کە من دەمویست بیکەم برادەران زۆر باسیان کرد، تەنها من باسی ئەوەی دەکەم، ئێمە کە میزانیە لە عیراق وەردەگرین لە حکومەتی مەرکەزی لە 17٪ تەبعەن بە پێی ئەم راپۆرتە لە داهاتی عیراق لە 90٪ زیاتر نەفتە، کە میزانیە تەحدید دەکرێتن لە 17٪ بۆ کوردستان لەسەر حیسابی بەرمیلی نەفت بە 57 دۆلار، مەعەلعیلم دوێنێ ئێوارێ یەك بەرمیل گەیشتە 119 دۆلار، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی تر: ئێمە لەبیدایەتی تەشکیلی حکومەتی عیراقی تازە داوامان کرد مەرکەزی سیادیمان هەبێ و داوامان کرد لە قەراری سیاسی لە عیراقدا بەشدار بین، ئەوە الحمدلله هەندێك دروست بوو بە تایبەتی بە نیسبەت مەوقیعی سیادی، رەئیس جومهوریە لە خۆمانە، جێگری رەئیس وزراء لە خۆمانە و وەزیر خارجیە لە خۆمانە و گەلێك وەزیری تریش لە خۆمانن، ئێمە بۆ لەوێ ئەو فشارە ناکەین؟ ئێمە کە میزانیە وەردەگرین دەکاتە نیوەی کەمتر لە حەقی خۆمان، پاشان برِە پارەی کە بۆ مەراکیزی سیادی و بۆ وەزارەتی دیفاع و پەرلەمان و ئەوانە، بۆ ئێمە لەویش بەشدار نەبین؟ خۆ دەبێ لە

سەدا هەندێك لە ئەویش بدرێتە ئێمە، ئێمە هەروا خۆمان کڕ کەین یەعنی چی؟ ئەوە لە مولکی میللەت، لە مالی ئەو میللەتە دەڕوات و ئێمە زەرەردارین و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك عثمان احمد.

بەڕێز عثمان احمد محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئۆمێدەوارم ئیحساس بە نوری ویژدانی زیندوو، لەگەڵ ئیحساس بە رەقابەی خوایی کە خودا سەمیع البصیرە، فاکتەری هەرە کاریگەر بن لە دانانی بودجە و دیاریکردنی ستراتیجیەتی سیاسەتی بودجە بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2008 ، بێگومان بودجە وەك میحوەری ئەساسی سیاسەتی دروست و نا دروستی حکومەت و کۆمەڵگا دیاری دەکات و بەختەوەری و رەفاهیەت تەسبیت و رچاو دەکات، چونکە ئەگەر تەماشای ئەو هەمووترلیۆن و بلیۆن و ملیار و ملیۆنە لەگەڵ بێ ئۆمێدی گەنج و لاوی کوردستان بکەین و نەبوونی خەدەماتی وەکو پێویست بۆ هەموو جەماوەری کوردستان، سەرت لەو نا هاوسەنگیە سوڕ دەمێنێ، هەردوو وەزارەتی دارایی و تەختیت پێویستە لەسەریان بە رۆشنی و بە رێژەی لە سەدا سالانەی شوێنەواری ئەو بودجەیە لە پێشکەوتنی ولات لە هەموو بوارەکانی گەشە کردن و خزمەت گوزاریەکان و مەحکەم کردنی بونیەی ولات و کوردستان، بە جەماوەری کوردستان رابگەینن، تا جەماوەر بە گشتی و نوخبەی رۆشنبیری بە تایبەتی بەرچاو روون بن لە سیاسەتی دیاریکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەگەر سیاسەت و ستراتیجیەتی بودجە لە کوردستان نەیتوانێ ئامانجە سەرکیەکانی خۆی کە سێ شتی سەرەکین، ئەویش: بەختەوەرکردنی تاك، ئاشتی و ئارامی کۆمەڵایەتی و رازیکردنی کۆمەڵگا و دڵخۆشکردنی گەنجان لە کوردستاندا، دەبێ بەراستی ئیعادەت نەزەر لە دیاریکردنی ئەو سیاسەتە بودجەیەدا بکرێ، چەند پرسیارێکیش، یەکەم: ئایا بودجەی گشتی ساڵی 2007 گەشەی ئابووری و گەیاندنی خزمەتگوزارییە سەرەکیەکانی بە جەماوەر بەدی هێنا؟ ،دوو:ئایا رێژەی گفت و قەیرانەکانی بازاڕ و گەنج و جەماوەر بەرێژەی لەسەدا روو لە زیادبوونن، یان بەرەو کەم چوون؟ ، چونکە ئەگەر روو لە زیاد بوون بن، هەمووشمان دەزانین گرفتەکان لە کوردستان زیادیان کردووە، ئەوەش دەلیلی ئەوەیە بودجە لە هەرێمی کوردستان بە پێی سیستەمێکی مۆدێرنی زانستیانە دانەنراوە .

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك عثمان بانی مارانی، فەرموو.

بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من لە مێژە قسەم نەکردیە، حەقە مولاحەزەکانی خۆم هەمووی باس بکەم، سەرەتا دەبوایە حیساباتی خیتامی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2007 بهاتبایە پەرلەمان، ئەو کاتە موناقەشەی بودجەی ساڵی 2008 بکرابایە، ئێستاش پشتگیری ئەو رایانە دەکەم کە دەڵێین موناقەشەکان دوابخرێن، ئەوە منیش هەر ئەوەم

نووسیە بۆیە نایخوێنمەوە، دووەم: ئەم بودجەیە لە جیاتی ئەوەی بودجەیەکی ئابووری بێت، بودجەیەکی موحاسیبی رەقابیە، ئەرقامە زیاتر، زۆر قورسە مرۆڤ قەناعەت بە خۆی بکات کە ئەم ژمارانەی جەنابی وەزیر خوێندویەوە حەقیقەتن، سێیەم: ئەم سالّ چاوەروانی ئەوە بووین یەك وەزارەتی دارایی و یەك وەزیر هەبێ موناقەشەی بکەین، لەولا قسەی ئەوەی دەکرا کە حکومەت سیقە بە هیچ وەزارەتێك نادات دوو وەزیری هەبێت، بەلّام ئەوەش تەنها هەر قسە بوو و نەبوو بەکردار، بوودجەی کوردستان شەفافیەتی تێدا نیە، چ ئەم 17٪ی لە بەغدا وەریدەگرین و چ ئەم رسومات و گومرکەی کە لە کوردستان وەریدەگرین، بە نیسبەت 17٪ی بەغدا وەریدەگرین چەندین پارەی پتر هەن نادیارن وەکو: پارەی بودجەی تەکمیلی، پارەی نەفەقاتی سیادی، پارەی مینحە کە پارەیەکی خەیالّیە دەگوترێت ئێمە پارەی ئیجاری موبایل و گومرك نادەین بە بەغدا، بۆیە ئەوان ئەم پارە زۆرە دەگێرنەوە کە فەرقێکی کەمی هەیە لەگەلّ 17٪ ی کامیلەکەی کە وەریدەگرین، ئەوە لە چاوپێکەوتنێکی وەزیری دارایی عیراق لەگەلّ گۆڤاری لڤیندا وا دەلّێ، ئەگەر وابێ نابێ پەرلەمان لەمە بێدەنگ بێت، دەربارەی داهاتی هەرێمی کوردستان بودجەی دەبوو چۆن سەرفیاتەکان بابیان بۆ داندرا ئەوهاش بۆ داهاتەکان باب هەبوایە، پارەی گومرك چەندە؟ پارەی باب چەندە؟ پارەی ئیجار چەندە؟ پارەی ئاو چەندە؟ پارەی کارەبا چەندە؟ پارەی تاپۆ و زەریبە و مرور و ئیتر تا دوایی ئەو پارانە بۆ ئەوەی بەر چاومان روون بایە داهاتی کوردستان چەندە؟ ، ئێستا وەکو ئەوەی لە بازاڕ و لە زاری کۆمپانیا بلّاودەکرێتەوە کە لە زاخۆ رۆژانە 25 هەزار بەرمیل نەوت دەڕوات،نازانم لە سنووری سلێمانیش دەڕوات یان نا؟

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

دوو دەقەکەت تەواو بوو کاك عثمان، با من جوابی مولاحەزەکەت بدەمەوە، لە قسەکانی کاك سەرکیس تێنەگەیشتی دوێنێ، لە 34٪ ڕەبت کرد بە رێژە لە موقارەنەکە لە بەغدا، وتی ئەوە هەر رەبتی نەبوو بەوە، 34٪ هکەی باسی کرد بۆ ئەوەی برادەرانی تریش تێبگەن و جارێکی تر تیکراری ئەو مولاحەزەی نەکەنەوە، وتی: قیاسەن بۆ بەغدا، بەغدا ئەوەندەی تەعین کردووە، ئێمە کەممان کردووە، ئێمە لە 34٪ کەمتریش دەبینەوە لەبەر ئەوەی ئێمە تەعیناتمان راگرتووە و لە بەغدا بەردەوامە، 800 هەزار وەزیفەیان زیادکردووە، لەبەر ئەوە زۆر فەرقی هەیە، عەرزیشم کرد وتم حیساباتی خیتامی لە کۆتایی سالّ، پاش کۆتایی سالّ بۆ ئەوەی لە 12/31 هی یەك سالّە، شەش مانگ ناکرێت، تکام وایە تیکراری مەکەنەوە، کاك عومەر فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پێشەکی سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەم بۆ ئەو تەوزیحەی کە دایێ دوێنێ، هەر چەندە تەوزیحەکە هەندێ نوقصانی تێدابوو من پێم وایە جەنابی وەزیر بتوانێ لە داهاتوودا بۆمان روون بکاتەوە، یەکێك لەوانە: هەدەف و غەرەز چیە لە میزانیە؟، ئایا ئەو میزانیەی کە دانراوە لە 2007 هەدەفەکانی خۆی

پێك هێنا له تەنمیەی تاکی کورد له ناحیەی ئیقتیصادی و مالی؟ ئەگەر پێکی هێنابێ با بۆمان تەوزیح بکات، ئەگەر نا با ئەسبابەکانی بزانین و بتوانین حەلێکی بۆ دابنێین، ئەمە له لایەك، لەلایەکی دیکە: من سەرتاسەری تەئیدی تەقریرەکەی لێژنەی دارایی و لێژنەی یاسایی دەکەم، بەتایبەت ئەو نوقاتانەی کە باسیان لەسەر کردیە، خصوصەن نوقتەی تەحدید کردنی بڕێك له میزانیە بۆ سولفەی عەقاری، بۆ نیشتەجێ بوونی هاوولاتیان له کوردستاندا، هەروەها بۆ تەحدید کردنی صەلاحیەتی وەزیرە بەڕێزەکانی ئێمە، وەزیرە بەڕێزەکانی ئێمەش له وەزیرە بەڕێزەکانی بەغدا و ئەو شوێنانە کەمتر نینە، ئەگەر قیاسیشی بکەین میزانیەی کوردستان بەقەدەر میزانیە ولاتێکی سەربەخۆ و جیاواز بێت، وەزیرەکانی صەلاحیاتی کامیلیان هەبێ بۆ سەرف کردن، ئەمە نابێتە هۆی کە وەزیرەکانمان کەمتر بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی موافەقاتی زۆرتر وەرگرن و پرۆژەکانی درایە زووتر جێبەجێ بکرێن و تەئخیر نەبن، بەنیسبەت جەنابی وەزیرەوە هەندێ تەوزیحم لەسەر قسەکانی هەبوو دوێنێ: باسی له نەقصی میزانیەی کرد کەوا بەتەمایە له تەوصیەکانیان لەسەر رسوم و زەرایب پێی پر بکرێتەوە، ئێمە له کاتێکدا پێمان وایە سەرشانی تاکی کوردی سووك بکەین له زەرایب، یەعنی پێمان وایە لەبەر گرانی بازار و وەزعی ئیقتیصادی خەڵك خەراپە، پێویستە رسوم و زەرایب کەم بکرێتەوە نەك زیاد بکرێتەوە، من پێم وایە جەنابی وەزیر ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرێ باشە له مەصلەحەتی هەموو لایەکە، بێ لەوە جەنابی وەزیر باسی لەوە کرد له سەر میزانیەی 2007 توانیویانە هەندێ پارە له حکومەتی عیراقی وەرگرنەوە، بۆ میسال 353 ملیار بە حیساب وەریانگرتۆتەوە، باقی تری کە هێشتا ماوەتەوە تەوزیحی نەکرد بۆمان ئەو بڕە چەندە ماوە و، کەی ئەدرێ و چۆن ئەخرێتە سەر میزانیەی هەرێمی کوردستان؟ له لایەکی دیکە جەنابی وەزیر تەوزیحێکمان بۆ بکات ئینشاءالله لەداهاتوو لەسەر ئەو رسوم و زەرائیبانەی کە له کوردستانەوە وەرگیراوە، ئایا داخیلی میزانیەی ئیقلیمەوە دەبێت یان داخیلی میزانیەی ئیتیحادەوە دەبێ؟ ئەوە ئەڵێم عەدا رسومی گومرکیەوە له دەستوری عیراقی باسی لەسەر کراوە، بەڵام له زەرائیب و ئەو رسومانەی کە له کوردستانەوە وەردەگیرێ، بۆ میسال رسومی عەدلی لەم فەترەی ئەخیردا رسومی عەدلی زیادی کردووە بە بێ ئەوەی قانونی رسومی عەدلی ئیلغا کرابێت و قانونێکی دیکەی بۆ دەرچووبێ، ئایا ئەوە لەسەر چ بنەمایەك ئەو رسومە عەدلیە زیاد کرایە؟ له کاتێکدا دەوائیری عەدلی دوائیری خەدەمین نەك دوائیری ئینتاجی؟

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس کاك عومەر ببووره، کاك غفور.

بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بە نیسبەت ئەو بابەتەی کە ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین ئەمڕۆ، من پشتگیری تەواوی راپۆرتی لێژنەی دارایی دەکەم و له هەمان کاتدا بەراستی چەند شتێك هەیە پێویستە باسی بکەین، من لەگەڵ ئەوەدام کە بودجەیەك لەناو بودجەی گشتی مەبلەغێك دیاری بکرێت بۆ هاوکاری کردنی ئەو ناوچانەی کە تا ئێستا

نەگەڕاونەتەوە سەر کوردستان، من هەر بۆ نموونە داوا دەکەم لێرەوە بەراستی هاوکارییەك بکرێت، ئەگەر وەکو حاڵەتێکی تەواریئیش بێت بەهانای مەخمورەوە بچن، لەبەر ئەوەی مەخمور لە حاڵەتێکی زۆر خەراپ دایە، هەتا ئێستاکە نەخۆشخانەیەکی نیە، ئەو بنکە تەندروستیەی هەیتی لەو پەڕی بێ توانیدایە، لە رووی بیناکردنەوەی ناوچەکەش، ناوچەکە بە تەواوی وێران بووە و رێگا و بانەکانی زۆربەی خەراپ بووینە، یەعنی بەراستی پێویستی بەوەیە کە حکومەتی کوردستان بە خێراترین کات بەهانای ئەو خەڵکەوە بچێت و شاندێکی حکومەت بە سەرۆکایەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت سەردانی دەڤەرەکەی کرد، کۆمەڵێك وەعدیشیان بە خەڵك داوە و جێبەجێش نەکرا، هیوادارم کە حکومەتی کوردستان لە بودجەی ئەمڕۆدا هەندێك بڕە پارەیەك بۆ ئەوێ تەرخان بکات، ئەوە خاڵێك، خاڵی تر: نیشتەجێبوون، بەراستی ئەوە گرفتێکی ئەساسی خەڵکی کوردستانە، ئەو شوقانەی کە دروستیش کراون لە لایەن حکومەتەوە تا ئێستاش جێبەجی نەکراوە، ماوەیەك پێش ئێستا کە پرۆژە یاسای نیشتەجیبون درایە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئامادە کرا دراوەتەوە حکومەت، دیارە شارەزایان بینرا، کەرتی تایبەت گوتیان لەسەر 160 م هەر شوقیەك مەساحەکەی 160م بێت، بە دوو دەفتەر و 15 وەرەقە

یەعنی دەکاتە 21 هەزار و 500 دۆلار تەواو دەبێت دەدرێتە هاوواڵاتی، ئەوە حاڵەتێکی زۆر باشە ئەگەر حکومەت هاوکار بێت لەگەڵ کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی موعاناتی خەڵك لە رووی نیشتەجێبوون و خانووبەرە کەم بکاتەوە، مەسەلەیەکی تر ئەوەی کە تێبینی دەکرێ مەسەلەی زیادکردنی باج، زیادکردنی باجیش بەراستی کاتێك دەکرێت کە تۆ هەموو خەدەماتت بۆ هاوواڵاتیان تەوفیر کردبێ، بۆیە لەو حاڵەتە ناکرێ، مەسەلەیەکی تر دانەمەزراندنیش بەراستی ئەو خەڵکەی کە هەمووی تەخەروج دەکات، ئەگەر دانەمەزرێن بەتاڵەکی زیاتر دروست دەبێ، حەقە چارەسەری ئەو گرفتە بکەین، ئەو گەنجانەی کە خوێندن تەواو دەکەن روو لە کوێ بکەن؟ بواری دامەزراندنیش نەبێ تەنها لە چەند کەرتێك هەبێ، دەبێ هەوڵ بدرێ تەوازونێك لەو مەسەلەیە رابگیردرێت، خاڵێکی تر کە لە هەمووی گرنگترە من پێم باشە بەشێك لەو میزانیە زیاد بکرێت بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، لەبەر ئەوەی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە ئەگەر تێبینی بکەین لە زمنی ئەولەویات نەهاتووە ئەو 17٪ی کە هاتووە، پێشمەرگە جاری وا هەیە بە دوو مانگ و سێ مانگ راتب وەردەگرێ لە حاڵەتێکی زۆر خراپ دانە و بەتایبەت ئەو پێشمەرگانەی کە لە سەنگەرەکاندانە، ئەمنیەت و ئاسایش ئەوان دەپارێزن، پێویستە هاوکاری زیاتر بکرێن، پێویستە لە کاتی خۆیاندا مووچەیان پێ بدرێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس کاك غفور، کاك د.فؤاد.

بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من لەبەر ئەوەی کە راپۆرتێکی تایبەتیمان هەیە بەراستی هەموو شتەکان باس ناکەم، بەلام هەندێ تێبینی و پرسیارم هەیە، یەکەم: پرۆژە بەردەوامەکان، هەر چەندە جەنابی وەزیر جوابێکی وای داینەوە لە راستی تێنەگەیشتم کەوا بودجەی ئەم ساڵیش پارەیان بۆ تەرخان کراوە بۆ پرۆژە بەردەوامەکان، ئایا ساڵانی پێشوو پارەیان بۆ تەرخان کرابوو؟ دووبارەیە یان خراوەتە و گەڕواتەوە بۆ سەر بودجەی ئەم ساڵ؟ بۆ نموونە لە وەزارەتی تەندروستی لە پارێزگای سلێمانی 45 ملیۆن دۆلار تەرخان کرابوو بۆ دروست کردنی خەستەخانەیەکی تازە، ئەم ساڵیش بەهەمان شێوە 28 ملیار و 400 هەزار دیناری دووبارە بۆ تەرخان کراوە، نازانم سەبەبی چیە؟ تێبینیەکی تر ئەو راپۆرتەی کە لە وەزارەتی دارایی عیراقەوە دەرچووە ئەوانەی لە پلەی 20 لە بەندی مووچە خۆرانن، لە بەندی ا و ب و یەك ودوون لە هەرێمی کوردستاندا، رێژەکانیان ئەگاتە لە 52٪ی هاوتاکانیان لە عیراقدا ئەوەش دەردەخات کەوا دامەزراندن هەر هەژارەکانی نەگرتووتەوە وپلە بەرزەکانیشی بە رێژەیەکی زۆر گرتووتەوە کە ئەمە بەراستی زەنگێکی خەتەرە، پرسیاریشم هەیە کەوا لە عیراقدا لە چەند ساڵی رابووردودا چەندەها ملیار دۆلار بۆ هێنانی سووتەمەنی تەرخان کرابوو، بەڵام ئەوەی کە ئەبینرێ سووتەمەنی لە کوردستاندا لیترێك بەنزین بە هەزار دینارە، بەڵام لەبەشەکانی تری عیراقدا بە 450 دینارە نازانم هۆیەکەی چیە؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، خاتوو رمزیە.

بەڕێز رمزیە احمد رشید :

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من سوپاسیا لێژنە دارایی دەکەم، تەئیدا دەکەم بۆ سولفە عەقاری، بەس ئەز داخوازا وەزیرا دارایی دکەم بۆ ئەوەی یەك، دووێژێ: میزانیە هەرێمێ سالا 2007 دیگوت عەجزەك هەتیە، 2008 عەجزەك هەتیە، چ پلان دانایە بۆ 2009 کو ئەڤ عەجزە ئەڤ میزانیە کو حالەتێکی سەلبی بۆ حالەتێکی ئەن موتەعادەل و ئەن ئیجابی، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك جمال یوسف.

بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

حەقیقەت شانازیە بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ ساڵی دووەم بودجە موناقەشە دەکات و پەسندی دەکات، وا دیار دەبێ هەندێ جار ئێمە و حکومەت دوو تەرەفی دژ بەیەکین، ئەوە نەفەسێکی بە رەئی من زۆر خەراپە، ئەو دڵسۆزیەی لە پەرلەمان هەیە لە حکومەتیش هەیە، هەموو لایەکمان دەبێ هەوڵ بدەین ئەو میزانیەی کە هەیە 20٪ بەرەو پێش بچێ کارێکی باشە، واقیع بینانە سەیری مەسەلەکان بکەین، پێش هەموو شتێك دوو مەبدەئە ئەساسیەکە، یاسا سەروەر بێت، بەیاسا داهاتەکان وەربگرین و بەیاساش خەرج بکرێت، یەعنی داهاتەکان و خەرجیەکان بە یاسا بێت، جگە لە مەبدەئی سەواب و عیقابیش، لێپرسینەوە

هەبێت كە ئەوەی گەندەڵی دەكات یاخود ماڵی عام بە خەراپی بەكار دێنێ یان تەبزیر دەكات یان هەدر دەكات عیقاب بدرێ، لێپرسینەوە هەبێت، ئەوەی چاكەش دەكات دەبێت سەوابی هەبێت، من چەند نوقتەیەك حەز دەكەم ئیشارەتی پێ بدەم ئەویش ئەویە: نەفەقاتی تەشغیلیە، هەموومان دەزانین بە هۆی زوروفی سیاسی و ئابووری تەزەخومێكی جیهازی ئیداری هەیە لە كوردستان، 62٪ زیاتر لە بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ نەفەقاتی تەشغیلی دەڕوات، ئا لێرە حكومەتی هەرێمی كوردستانیش چ بەرنامەیەكی هەیە بۆ تەرشیح كردنی جیهازی ئیداری بە سوود وەرگرتن لە پسپۆرە بیانیەكان، بە سوود وەرگرتن لە پسپۆرە ناوخۆییەكان، بە فائیدە وەرگرتن لە تەكنەلۆجیا، لە نیزامی ئەلیكترۆنی هەوڵ بدەین ئەم جیهازی ئیداریە وا لێبكەین كە بگونجێ لەگەڵ بودجەی هەرێمی كوردستان كە هەمووی دەڕوات بۆ نەفەقاتی تەشغیلی؟ موعاناتی هەموومانە، حەقە لەوە رابوەستین و هەوڵێكی جیدی بۆ بدەین، بۆ ئەوەش پێشنیار دەكەم هەیئەتێكی خوبەراء ، هەیئەتێكی پسپۆر بۆ ئەو مەسەلە دابندرێت، نوقتەی دووەم: نەفەقاتی ئیستیسماری، نەفەقاتی ئیستیسماری دیارە ئەم سالّ چاكترە لە سالّی پار، هیوادارم سالّی 2009 باشتریش بێ، بەڵام حەقیقەت لە بودجەی ئیستیسماری كەم و كورتی هەیە، ئەم كەم و كورتیانە بۆ زیاتر ژێرخانی ئابووری ئەو وەزارەتانەی كە هەوڵ بدرێ ژێرخانی ئابووری دروست بكرێت، كەچی ئێمە لە پرۆژەكانی تەجمیلی زیاتر سەرف دەكەین، وەكو زیراعە ، ئاو ، صیناعە، هتد، ئەمە حەقیقەت زیاتر ئیهتیمامی پێبدەین.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

كاك جمال زۆر سوپاس، ببورە دوو دەقەكەت تەواو بوو، دەتوانی وەرەقەكەت بدەیە لێژنەی یاسایی، قسەی زۆر وردت كرد، گێلاّس خان.

بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

من زۆربەی قسەكانم كراوە، بەڵام تەئكید لەسەر هەندێ خاڵی گرنگ دەكەمەوە، یەكەم: وەك یەك كردنی بڕی مووچەی مووچە خۆرانی هەرێم لەگەڵ مەركەزدا، دووەم: خستنە رووی داهاتی هەرێم لە بودجەكەدا بەتایبەتی بەرهەمی گرێبەستە نەوتیەكان، سێ: لە راپۆرتی وەزیری بەرێز كە هاتبوو بودجەی پێشمەرگە دیاری نەكرابوو، بۆ چی؟ و لە كوێ جێبەجێ ئەكرێ؟ خاڵێكی ترم: داواكارم صەلاحیاتی وەزیرە بەرێزەكان صەلاحیاتی صەرفیان زیاد بكرێ بۆ ئەوەی لە رۆتینیات نەمێنێ، ئەو رۆتینە وای كردووە كە بەشێك لە بودجە ئەمینێتەوە و ئەگەڕێتەوە و پرۆژەكان جێبەجێ ناكرێ، پشتیوانی لە پێشنیارەكەی كاك طارق ئەكەم بۆ گەڕانەوەی بودجەی پاسەوانەكانی پەرلەمانتاران بۆ سەر بودجەی پەرلەمان، داواكارم ئەمانەی خوارەوە لە بودجەی ئەرقام دیاری بكرێ:سولفەی عەقار، پشتیوانی كەرتی كشتوكاڵ، گەشەپێدانی پیشەسازی، تۆری كۆمەڵایەتی، كەرتی تایبەت،ئەمانە هەمووی بەئەرقام دیاری بكرێت، یەك پرسیاریشم لە وەزیری بەرێز هەیە: ئەو مەوزوعەی كە وەزیری دارایی عیراق تەصریحێكی داوە لە هینەكە كۆمپانیایەكی

ئەهلی ئەقساتی رسوماتی نەداوە گوایە لە بودجەی هەرێم بڕاوە، ئایا ئەمە تا چەند راستە؟ و، ئەوان ئەتوانن ئی ئەو کۆمپانیا ئەهلیە لە بودجەی هەرێم ببڕن؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك دیلمان.

بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

دوێنێ بەرێز وەزیری دارایی ئیشارەتی بەوە دا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئیراداتی ئیتیحادی رەوانەی بەغدا دەکات، ئەگەر ئەوە وابێت چۆن ماددەی19 لە موازەنەی ئیتیحادی لە سەر تەحالوفی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەران دەرباز بوو؟ چۆن لە مەجلیسی ویزەرائی بەغدا موافەقەتی لەسەر ماددەی 19 کرد؟ کە دەڵێیت: یتم تسویة المستحقات بین الاقلیم و الحکومة الاتحادیة للخزانة حیث للسنوات 2004 الی 2007، کە دەڵێت: ئەگەر تەسدید نەبوو ئەو ئیراداتی ئیتیحادی ئیستیقتاع دەبێت لە موازنەی 2008، بمعنا ئەو ئیراداتانە تەسدید نەبووینە، ئیتر لە کێندەرە ئەو ئیراداتانە؟ نە لەسەر موازەنەی هەرێم کە نەچوویتە بەغدا، ئایا ئەو پارەیە لە کێندەرینە؟ چۆن حیساب دەبێت؟حەز دەکەم جەنابی وەزیر ئەوە جواب بداتن؟دووەم: لە بەغدا ئەوە سێ ساڵە سندوقی دەعمی ئیسکان هەیە، قوروزی عەقاری هەیە، سولفە هەیە، قوروز مویەسەرە هەیە، بۆ ئەوانەی بەتاڵە بۆ خەریجینی کولیە، بۆ ئەوانەی کە پرۆژە ئامادە بکەن، ئەوە لە هەرێم نیە، ئێستا لەو موازەنەش هیچ پارە تەرخان نەکراوە بۆ ئەو مەجالە، دەبێ ئیعتیمادێکی مالی بۆ ئەو مەجالە هەبێت، خاڵێکی دیکە باسی لە پرۆژەی بەرهەم هێنان کرد بەرێز وەزیر ئێمە کە حکومەت بەرەو بازاری ئازاد دەچێت ئەوە هەموو بۆ کەرتی تایبەتە، پرسیارەکەم ئەوەیە:دەبێ لە موازەنە هەندێ ئیعتیماداتی مادی هەبێ بۆ کەرتی تایبەت هەتا بتوانێ بە ئیشەکە هەڵسێ، ئێمە مەعمەل جگارەمان فرۆشت، ئێستا ئەو موەزەفینی مەعمەلەکە، کرێکارەکانیان یان موتەقاعیدن لەسەر بودجە پارەی وەردەگرن یان لە مااڵن و راتبەکە وەردەگرن، دوو: وەزارەتی پەروەردە چاپخانەیەکی هەیە، کەچی مەناهیجی دیراسی دەبەنە ئوردن تەبعی دەکەن، بەسەدان ملیۆن دۆلار ئەو مەناهیجە تەبع دەبێت، لەبەر ئەو ئەجهیزانە ناهێنن و مەتبەعەکە تەتویر بکەن بۆ ئەوەی کە مەنهەج لێرە تەبع بکەین، بە سەدان ئیشی تر هەیە کە ئیلتیزاماتی حکومەتن، بەکارخستن دەڵێن دابەزیوە بۆ 62، من دەڵێم ئەو دابەزینە زۆر بەقەسری بووە، چونکە تەوەسوعی ئیداری هەیە، تەعویزاتی موەزەفین زیادبوو هەموو شتەك زیاد بووە چۆن ئەوە دابەزیە؟ بەس پرسیارێکی بچووکتر دەکەم: کە بەرهەم هێنەرەکان رەئس مالیان زیادە بە 17٪ دەبا بە 60٪ زیاد با، چونکە ئیعتیماداتی وەزارەتی پێشمەرگە چوویتە سەر بەغدا و ئەمە ئێستا فایزە ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس، کاك محمد فەرەج.

بەڕێز محمد فرج احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پێشنیارێکم هەیە لە سەرەتاوە وەزارەتی پلان دانان پێم باش بوو ئەو پلانەی کە هەیەتی بۆ وەزارەتەکان بۆ ساڵی 2008 لەگەڵ ئەم ڕوون کردنەوەی وەزارەتی مالیە بدرێ بە هەموو پەرلەمانتارەکان، خاڵی دووەم: بودجەیەك هەیە لە مینحەی عەقاری بۆ پارێزگاکان و هەروەها دەعمێکی بیانیش هەیە، ئەجنەبی، بەردەوام دەوڵەتە گەورەکان ئەیدەن بە پارێزگاکان، هیوادارم ئەوانیش حیساباتێکی خیتامیان هەبێ بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێ لەگەڵ پرۆژەی وەزارەتەکانەوە، ئەو بڕە پارە زۆرەی کە بۆ تەشغیل داندراوە پێم وایە زۆرێك لەو خەڵکە زیادە، ئایا ئەوە تەئسیر ناکات لەسەر خنکاندنی کەفائەت و دروست کردنی بەتاڵەیەکی پسپۆر؟ یەعنی ئەگەر بڵێین هەر خەڵکمان زۆرە ناتوانین خەڵك تەعین بکەین، ئەخەر پێویستیشمان بە خەڵکێکی زۆر و دەرچووی زانکۆکان هەیە، مەعنای وایە لەبەر خەڵکێکدا لەسەر ئەساسێکی سیاسی یان شتێکی تر هاتووە، ئەمە ئەخنکێ و دەبێتە بەتاڵەیەکی پسپۆر و زۆر مەترسیداردەبێ، وەزارەتی دارایی پێم خۆشە بۆ هەرێمی کوردستانیش بڕێك پارە لە میزانیە دیاری بکات، ئێمە حاڵەتێکی تەواریئمان نیە، بەڵام بۆ خۆراك، بۆ دەرمان، بۆ سووتەمەنی مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، ئەمانە حاڵەتێکن بەردەوام لەبەرزبوونەوەن و هەڕەشە لە هاووڵاتیان دەکەن بەو داهاتە کەمەی کە هەیەتی، دوێنێ باسی گومرك و باسی شتی تر کرا کە نایەتە سەر بودجەی هەرێمی کوردستان، بەهەر حاڵ من پرسیارم لێرە ئەوەیە: ئەگەر ئەوە نایێت، ئەبێ ئێمە بڕین و بیدەین بە بەغدا، ئەوە لە بودجەی ئەم خەڵکە ئەبڕین و ئەیدەین بە بەغدا بۆ شتێکە لە خەڵك ئەبڕێ، لەبەر ئەوە هیوادارم وەزیری دارایی وەکو ڕوونکردنەوەکەی شەفاف بوو ئەمەش بە شەفاق وەڵامداتەوە، لە وەزارەتی مالیە تەخصیصاتێك هەیە بۆ ئەحزاب، ئەوە چۆن و بە چ ئالیەتێك سەرف دەبێ؟ هەر چەند بە نیازین یاسایەك لەم بارەیەوە دەرچێ، خاڵێکی تر زۆر موهیمە لای من بەراستی پێم خوشە ئەندامانی پەرلەمانیش پشتگیریم بکەن، ئەو بڕە پارەیەی میزانیەی 2007 دیارە مدەوەر نەکراوە بۆ 2008 ، ئەوە هەر وەکو خۆی بمینێتەوە بۆ ئەو ناوچانەی کیمیاباران کراون، هەر وەکو ئەو دوو و سێ برادەرانە گوتیان بۆ کیمیاباران و ناوچەکانی ئەنفالکراو، یەعنی ئێمە هەموو جارێ ئەمانەوێ ئەمانە چارەسەر بکەین، هیچ چارەسەرێکمان بۆ ناکرێ، بەڵام ئەمە شتێکی زۆر باشە، نە مدەوەر کراوە با عجزی پێ تەدبیر نەکەین بە شتەکی تر عجزی چاك بکەین، بەڵام ئەمە تەخصیص بکەین بۆ ئەو ناوچانە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، نەسرین خان.

بەڕێز نسرین محمد صالح:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پێشنیار دەکەم من لەگەڵ بودجەی خانووبەرەم ئەوە یەك: بودجەیەك بۆ تەنمیەی ئیقتیصادی و ئابووری دیاری بکرێ زیاتری بدرێ بۆ بودجەی کارەبا و سووتەمەنی ئەو کێشەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا زۆرە، دوو: ئەو یارمەتیانەی کە دێنە ناو هەرێمی کوردستان لە ناو راپۆرتەکەدا هیچ دیاری نەکرابوو و، زیادبوونی مووچەی فەرمانبەران ئایا کاتێك کە مەعاشی فەرمانبەران زیاد ئەکات لە بودجەی 2008دا، ئایا هی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانیش زیاد ئەکات؟ پشتگیری ئەوەش دەکەم مووچەی پاسەوانەکانیش زیاد بکرێ وەکو ئەوەی بەغدا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، د. نوری.

بەڕێز د.نوری جمیل تالەبانی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەراستیدا لە دوو دەقیقە ناتوانم تێبینیەکانی خۆم سەبارەت بە ناوەرۆکی بودجەی ئەم ساڵ بخەمە بەرچاو بە تایبەتی پاش ئەو راپۆرتەی کە وەزیری ئابووری و وتەکانی وەزیری پلان دانان دوێنێ کە خستیانە بەرچاو، لێرەدا تەنیا هەندێ تێبینی گشتی دەخەمە بەرچاوی پەرلەمان سەبارەت بە بودجە بە گشتی، تاوتۆ کردنی پرۆژەی قانونی بوودجەی هەرێمی کوردستان پرۆسەیەکی گرنگە وەك پرۆسەی متمانە دان بە حکومەت، چونکە حکومەت لەسەر ئەو بەرنامەی کە دەیخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ متمانە وەرگرتن لە رێگای بودجەوە کاری پێ دەکات، ئەگەر ئێمە نەتوانین بە شێوەیەکی گونجاو تاوتۆی ئەو بودجەیەی بکەین، ئێمە ناتوانین رای خۆمان دەربارەی ئەو کارانەی کە حکومەت ئەنجامیداون و متمانەی بە دەست هێناوە دەربڕین، ساڵی پار لێکۆڵینەوە لەسەر بودجەی 2007 نەکرا لەبەر کۆمەلێك هۆ کە پێویست ناکات ئێستا بچینەوە سەری، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە کەوا ئێمە لە کاتی تاوتۆکردنی بودجەی ساڵی 2008 دا ئەو تێبینیانەی کە ئێمە وەختی خۆی خستمانە بەرچاو دووبارە داوا لە حکومەتی هەرێم بکەین ئایا جێبەجێ کردن یان نا؟ ئەگەر نەیکردن هۆی جێبەجێ نەکردنیان چیە؟ تاکو ئەوە نەبێ بە ریتم و هەموو ساڵێك دووبارە و سێ بارە ببێتەوە، هەندێ کار هەن لە دەسەڵاتی ئەو وەزیرە بەرێزانە نین کە لێرەن دەتوانم بڵێیم هەتا لە دەسەڵاتی حکومەتیشدا نین، وەك یەکخستنەوەی ئەو چەند وەزارەتە، چەندین کۆبوونەوە لەسەر ئاستی حیزبە سیاسیەکان کراوە، بەڵام نەگەیشتوون بە ئەنجام، کەواتە ئەو لە دەسەڵاتی نە پەرلەمان و نە حکومەت دایە، هەتا کەی ئەو پەرلەمانە ئەوها بێ دەسەڵات بمێنێتەوە؟ زۆر سوپاستان دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، د.هالە.

بەڕێز د.هالە سهیل وادی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

جێی دڵخۆشیە کە بودجەی تایبەت تەرخان بکرێت بۆ سولفەی عەقار، بەڵام ئەوە بەتەنیا کافی نیە، چونکە حەسەب تەوەقوعاتی ئابووریناسان ئەگەر سولفەی عەقار بدرێت متەوەقعە ئەسعاری کەرستەی بیناسازی دوو قات و سێ قات بەرز بێتەوە و هەروەها نرخی زەوی، بۆیە پێویستە حکومەت بودجەیەکی تایبەت تەرخان بکات بۆ ئەوەی دەعمی کەرستەی بیناسازی بکات و کونترۆڵی سیعری زەویش بکات، ئەوە یەك: خاڵی دووەمم: بەراستی لە تەقریری جەنابی وەزیر هاتبوو کە دەعمی کەرتی تایبەت بکرێت، بەڵام ئەوە ناگەینێ دەعمی کەرتی تایبەت لەسەر حیسابی قیتاعی حکومی بێت، بۆ نموونە ئێستا لە کەرتی تایبەت دەزگای تایبەت هەیە فەرمانبەری بۆ تەرخان دەکرێت لە فەرمانبەرە حکومیەکان لە ئەو فەرمانبەرانە هەڵدەبژێرن کە ساحیب ئەزموون و خیبرەکی زۆرە و مووچەیان لەسەر حکومەتە، بەراستی ئەگەر وا بڕوات ئەوە فەشەل بە قیتاعی حکومی دێنێت، یەعنی کەرتی تایبەت با تایبەت بێت و موەزەفیش هی نوێ دابنێن و خیبرەی نوێ پەیدا بکەن، چونکە ناکرێ لە خیبرەی حکومی وەریبگرین و فەشەل بە قیتاعی حکومی بکرێ و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

نازناز خان.

بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وەکو سەرۆکی لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا من تەنها تیشك دەخەمە سەر ئەو بوارە گرنگە کە سەرەڕای ئەو هەموو خزمەت گوزاریانەی کە پێشکەشی خەڵك کراوە و کۆمەڵێك مەشاریع لە بواری شارستانی و دروستکردنی پارکەکان و ئەو جۆرە شتانە کراوە، بەراستی من وەکو نموونە نیشانی بەرێزتان دەدەم، هەرچەندە جەنابی سەرۆکایەتی پەرلەمان نایبینن ئەگەر ئێستا کامیراکان نیشانی بدەن، بەڵام زیاتر سەرنجی وەزیری پلان دانان رادەکێشم بۆ ئەم مەوزوعە، بۆ نموونە لە پارێزگای هەولێر سەرەرای دەستخۆشی کردنیان بۆ ئەو هەموو پرۆژە گرنگانەی کە لە هەولێر کراوە، بەڵام ئەو بەشە زۆرە گەورەکەی کە دەبێنین ئەگەر هێشتا زیاتر بێتە پێش، بەشێکی یەکجار زۆری بۆ دروست کردنی پارکەکان سەرف کراوە، میزانیەکی یەکجار زۆر لە پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ دروست کردنی مەشاریعی ئاو و ئاوەڕۆو شەقامەکان و پارکەکان خەرج کراوە، کەچی کەرتی تەندروستی لە سەدا نیوە و کەرتی پەروەردە لە 1٪، من لەو شتانەی کە بەدەست لێژنەکەمان گەیشتووە، تەنها نۆژەن کردنەوەی دوو قوتابخانەی تێدایە لە ساڵی 2007 ، مەبەستم کەم کردنەوەی کارە بەنرخەکانی پارێزگاکان نیە هەر سێ پارێزگا، بەڵام حەقی خۆیەتی بە کاك عثمان شوانی دەڵێم بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەو مەوزوعە بێت وەکو وەزیری موختەص بۆ ئەو مەوزوعە، گرنگییەکی تایبەت بدرێت بە بەشێکی چاك لەو مەسروفاتی موحافەزە زائیدەن میزانیە، هەرچەندە بەشی میزانیە بۆ پەروەردە لە 16٪ و جێگای دڵخۆشیە، بەڵام ئەویش بەشێکی یەکجار زۆری بۆ تەشغیلیەکە دەڕوات تەنها 102 ملیار دینار بۆ مەشاریعە، لە مەشاریعەکەش بەداخەوە ئێمە بە شتێکمان گرتووە ئەویش زیاتر نۆژەن کردنەوە و پینە و پەرۆکردنی قوتابخانەکانمان و

موئەسەساتەکانمانە، کە هەر ساڵ ئەوە دەکەین و هەر ساڵیش دووبارە هەمووی تێك دەچێتەوە، با کارێك بکەین لە رێگای وەزارەتی پلان دانان بە هاوکاری کۆریەکان کە دەستیان خۆش بێت تا ئێستا 60 قوتابخانەیان لە کوردستان دروست کردووە و هەروەها هەموو ئەو سەرچاوە داهاتەکانی تر لە بانکی نیودەوڵەتی بێت ، لە دوەلی مانیحە بێت و زائیدەن میزانیەی خۆمان کە دەڵێن میزانیەیەکی باشمان هەیە، زۆر وڵاتانی دەور و دراوسێی خۆمان رەنگە میزانیەیان بەقەدەر میزانیەی هەرێمی کوردستان بێت، ئەگەر بە چاکی ئێمە بۆ بواری ئیستیسماری بەکاری بێنین زۆر چاك دەبێ.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، کاك کەرخی.

بەڕێز کرخی نجم الدین نور الدین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من بەراستی دەست خۆشی لە هەردوو وەزارەتی دارایی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، ئینشاء الله ئەو دەستەواژە ناخۆشەی هەردوو وەزارەت نامێنێ و دەبێتە یەك وەزارەت، من بەراستی دەمەوێ باسی شوێنەوارەکان بکەم کە پێم وایە لە هیچ یەکێك لە ئەندامە بەرێزەکان ئیهتیمامیان نەدا پێی، هەموو گەلانی دونیا شانازی بە رابووردووی خۆیان دەکەن، ئێمەش مافی خۆمانە شانازی بە رابووردووی خۆمان بکەین کە شوێنەوارەکانمان رەنگدانەوەی رابوودوومانە، قەڵای هەولێر یەکێکە لەو سەد شوێنەوارە گرنگەی هەموو دونیا کە ئێستا تۆمار کراوە، لە شوێنەوارە گرنگەکانی دونیا سەد شوێنەوار تۆمار کراون، قەڵای هەولێر یەکێکە لەو سەد شوێنەوارە، ئێستا سەیری قەڵای هەولێر بکەیت دانیشتوانی تێدا نەماوە لە وەزعێکی زۆر خەراپ دایە، من ئاگادارم پارێزگای هەولێر بە سوپاسەوە کە زۆر خەریکن لە گەڵ قەڵای هەولێر شتێك بکەن لەگەڵ چەند لایەنی دەرەکیش گفتوگۆیان کردووە، بەڵام من داوا دەکەم لێرە لە بودجەی ساڵی 2008 بڕێك تەرخان بکرێت بۆ نۆژەن کردنەوەی لە لایەنی گەشتیاری و شوێنەواری بۆ قەڵای هەولێر، هەتا ئێمەش شانازی پێوە بکەین و لە هەموو دونیاوە بێن بۆ سەیری ئەم قەڵایە کە رەنگدانەوەی رابووردوومانە و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس بۆ هەموو ئەو ئەندامە بەرێزانە، هەموو ئەوانەی ناویان نووسیبوو قسەیان کرد و ڕا و بیر و بۆچوونیان دەربارەی پرۆژەی بودجەی کوردستان و هەروەها راپۆرتی لێژنەی دارایی دەربڕی و، گوێبیستی جەنابی وەزیریش بووین، وەزیری دارایی و ئابووری و هەروەها دوێنێ جەنابی وەزیری پلان دانانیش قسەی کرد، ئەو رەئیانە کە ئێوەی بەرێز نیشانتان دا بەشێکی هەرە زۆری پەیوەندی بە هەردوو وەزارەتەکە هەیە کە خۆشبەختانە بەیەك میزانیە هاتوون بۆ ئێرە، ئومێد دەکەین لە ڕووی عەمەلیشدا وەکو ئێوە داواتان کرد لەم میزانیەدا یەك بگرێتەوە و من داوا لە جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری دەکەم کە بە پوختەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، دواتریش وەزیری پلان دانان دوو پرسیاری روو بە روو بووەوە وەڵامیان بداتەوە، فەرموو.

بەڕێز سرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی وئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بە نیسبەت پرسیاری کاك ئارام، بە پێی ماددەی 38 لە یاسای ژمارە 95 ی یاسایی کارگێڕی و دارایی، ئەنجومەنی وەزیران هەڵدەستێ بە ڕەزامەندی کردن لەسەر حیساباتی خیتامی حکومەت، یەعنی کاتێك کە وەزارەتی دارایی حیسابات خیتامی تەواو دەکات، دەیداتە ئەنجومەنی وەزیران و لەوێ ئەنجومەنی وەزیران پەسەندی ئەو حیساباتە خیتامیە دەکات پاش ئەوەی کە دیراسەتی دەکات، ئەمە ئەنجومەنی وەزیران لە مانگی ئایار دەریدەکات و لە کۆتایی مانگی حوزەیرانیش دەبێ بیداتە پەرلەمان، ئێمە هەر وەکو تەئکیدمان کرد و عەرزی بەڕێزتانمان کرد حیسابات خیتامی دەگاتە دەستتان و بەرچاوتان ڕوون دەبێ لەم بارەیەوە، یەعنی لەوە دڵنیا بن، بە نیسبەت دانانی بودجە، بودجە خۆی لە خۆیدا بریتیە لە خەرجیەکان و داهاتەکان، یەعنی دەبێ لە بودجە هەردوو لا دیاری بکرێ، خشتەکان دەنێردرێت و ئەم خشتانە زەوابتی بۆ دادەنرێت، بە پێی ئەو زەوابتانە پڕ دەکرێنەوە و گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ، بودجە فەرقەکەی لەگەڵ حیساباتی خیتامی لەوە دایە، بودجە بۆ ساڵی داهاتوو دێ، بەڵام حیساباتی خیتامی بریتیە لەو خەرجیە فیعلیانەی ساڵی پێشووتر، هەر وەکو لێژنەی دارایی و ئابووری لە ڕاپۆرتەکەیاندا ئاماژەی پێداوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تەئکیدی کردەوە زۆربەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان پشتگیریان لەو بریارەدا، وەزارتی دارایی سندوقی نیشتەجێبوون دادەمەزرێنێ کە ئەمەش هەموو بابەتەکان بە قەرزی خانوو بەرەش دەگرێتەوە، ئەوە بەراستی بودجەیەکی زۆری دەوێ، ئێمە وەکو بڕیار وەریدەگرین و دیراسەی دەکەین بۆ ئەوەی زەوابت لەم بارەیەوە دەربکەین، هەردوو وەزارەت، پرسیارێکی تر لەسەر بودجەی پەسند کراو بوو، بودجەی پەسەند کراوی ساڵی 2007 ی هەرێمی کوردستان یەك ترلیۆن و 865 ملیار و 304 ملیۆن دینار عیجزی هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە وەزارەتەکان ناتوانن سەدلە سەدی بودجەی تەرخان کراویان سەرف بکەن، بەڵام ئەگەر بودجەی تەکمیلی لە لایەن حکومەتی ئیتیحادی بۆ ساڵی 2007 دانرابا ئەو کات وەزارەتەکانیش دەیانتوانی سەد لە سەد بودجەی پەسند کراوی خۆیان خەرج بکەن، لە حاڵەتی کورت هێنانی بودجە حکومەت ناچارە ئەولەویات بۆ خەرجیەکانی خۆی دابنێ کە بریتیە لە مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و شەهیدان و مووچە خۆرانی تر و پاشان پرۆژەکانی تری ئیستیسماری تەموویل بکات، ئینجا ئەوەی کە دەمێنیتەوە لە کولفەکانی تری بودجەدا کۆنترۆل بکات، یەعنی کاتێك کە سەد لە سەد نەتوانی داهاتت هەبێ بۆ تەئمین کردنی میزانیەی هەر وەزارەتێك بە تەئکید لەو حاڵەتە ئەو وەزارەتە ناتوانێ سەد لە سەدی بودجەکەی خۆی سەرف بکات، ئینجا ئەوەی کە باس کرا پارە دادەنرێ و سەحب دەکرێ لە وەزارەتەکە، لە ڕاستیدا پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە، بەڕێز کاك ئاریز: ئەگەر بێت و بودجەی هەرێم تەنیا لەسەر ئەو داهاتەی کە بۆی دێت ڕێك بخرێت و چالاکیەکانی حکومەت بە پێی ئەو داهاتە سنووردار بکرێن، ئەو کات منیش پشتگیری لە ڕای بەڕێزتان دەکەم، کە بودجەی هەرێم عیجزی نابێت، ئەگەر سەیر بکەن ئێستا موتەئکیدم هەموو لێژنەکان، هەر لێژنەیەك لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیداری خۆی دانیشتووە، ئێستا دڵنیام ئەگەر لێژنەکانی ئەنجومەنی

پەرلەمان ئەو داوایانەی وەزارەتەکان کردوویانە لەسەر یەك کۆیان بکەنەوە، دەبێنن کە حەجمی عیجز چەند زۆر پەیدا دەبێ، هەتا زیاترە لەوەی کە ئێمە پێشکەشی پەرلەمانمان کردووە بە قەناعەتی من، مەبەست پڕکردنەوەی فۆرمەکانە جا ئەوەی پرسیارکراوە، هەر وەکو عەرزی بەڕێزتانم کرد بودجە پێك هاتووە لە کۆمەڵێك خشتە، پێشتر دانانی بودجە بەو شێوەیە دەکرێ، وەزارەتی دارایی بۆ بودجەی تەشغیلی تەعلیمات دەردەکات و وەزارەتی پلان دانان بۆ بودجەی دانان تەعلیمات دەردەکات، لێژنەیەکی باڵای ئامادە کردنی بودجە پێك دێت، جگە لەوە لە هەر وەزارەتێکیش لێژنەیەکی تایبەت دروست دەکرێت کە عادەتەن بە سەرۆکایەتی بریکاری وەزارەتەکانە، ئەوانە هەڵدەستن بە پێی ئەو تەعلیماتەی کە بۆیان دەچێ و بە پێی ئەو خشتانەی کە بۆیان ڕەوانە دەکرێ، لەگەڵ هەموو فەرمانگەکانی خۆیان گفتو گۆ دەکەن و میزانیەی خۆیان ئامادە دەکەن و دەینێرن بۆ وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلان دانان، پاشان ئەو لێژنە باڵایە وەزارەت بە وەزارەت لەگەڵ ستافی هەر وەزارەتێك دادەنیشن و گفتو گۆ دەکەن وە دەگەنە ڕێککەوتنێك بۆ ئەوەی بودجەی ئەو وەزارەتە لەسەر ئەرقامەکانی ڕێ بکەون، ئینجا کە ئامادە بوو دەدرێتە ئەنجومەنی وەزیران و لەوێش گفتوگۆی لەسەر دەکرێ، پاشان ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێ، ئەگەر بێت و بودجە عیجزی نەبێ ئیعتیادی مودەوەری دەبێ و ئەو پارەیەی کە بمێنێ جارێکی دی مودەوەر دەبێ بۆ ساڵی داهاتوو، بەڵام بودجەی ئێمە لە ساڵی 2007 خۆی عیجزی هەبووە، یەعنی هیچی نیە کە مودەوەر بکرێ بۆ ساڵی 2008، بە نیسبەت پارەی لافاو وئەوەی بەرێزیان پرسیاری کرد، پارەی لافاو ئەوەی لە بەغدا هاتووە 43 ملیار و 901 ملیۆن دیناڕە، بە دوو وەجبە هاتووە، ئەم پارەیەش دابەش کراوە بەسەر هەر سێ پارێزگای هەولێر وسلێمانی و دهۆك، تەبیعی بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەسەر ئەوەی کە ئایا بودجە عیجزی هەیە یان نا؟ ئەوە موتەئکیدم کە حیساباتی خیتامی کەوتە بەرچاوی بەرێزتان ئەو کات دڵنیا دەبنەوە کە وەزعی بودجە چۆنە؟ ، چونکە بێجگە لە ئەو بودجەیەی کە ئێمە عەرزی بەرێزتان دەکەین هەندێك مەبالغیش هەیە کە ئێستا وەکو ئاماژەم پێدا، مەسەلەن پارەی لافاو وئەوانە، ئەوانەش هەر لە حیساباتی خیتامی بۆتان دەردەکەوێ، بەرێز مەلا ئەنوەر محمد: بە نیسبەت حیساباتی خیتامی عەرزی بەرێزتانم کرد، بە نیسبەت خەرجیەکانی حەج کە بۆی دانراوە، بەراستی خەرجیەکانی حەج لە چوارچێوەی مەساریفی حاکیمە دانراوە، ئەمەش بڕیارێکی حکومەتی ئیتیحادی بووە و، هەر ساڵێك لە بودجەی گشتی عیراق، حکومەتی ئیتیحادی لە بەغدا، هەندێك بابەت هەن کە وەکو خەرجی حاکیمە دادەنێ و ڕەنگە ساڵ لەگەڵ ساڵیش ئەو خەرجیە حاکیمانە بگۆردرێن وەکو فەقەرات وەکو مەبلەغیش، خەرجیەکانی حاکیمە لە زمنیان خەرجی حەج: 17٪ پارەکەی نادرێتە هەرێمی کوردستان، بەڵکو ڕاستە و خۆ لە لایەن وەزارەتی پەیوەندیدار لە بەغداوە سەرف دەکرێ، بەڵام هەروەکو عەرزی بەرێزتانیشم کرد پێشتر، مەرج دانراوە کە دەبێ ئەم جۆرە خەرجیانە ئەو وەزارەتەی کە لە بەغدایە ئەم جۆرە تەنسیقە لەگەڵ وەزارەتە هاوچەشنەکەی لە هەرێمی کوردستان خەرج بکات، بەڵام ئەم ساڵە بە پێی یاسای بودجەی عێراق، وەزارەتە هاوچەشنەکان لە بەغدا گوڕدران بە وەزارەتی دارایی ئیتیحادی، یەعنی وەزارەتی دارایی ئیتیحادی لە بەغدا لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمدا تەنسیق دەکات بۆ سەرف کردنی

خەرجیەکانی حاکیمە، پێشتریش عەرزم کرد خەرجیەکانی حاکیمە زۆرن،وەکو : کڕینی کەل و پەل، کرینی وزەی کارەبایە، کڕینی دەرمانە، سەرژمێری دانیشتووانە، هەیئەی دەعاوی مولکیەیە، ئەمانە هەمووی لە زمنی خەرجیەکانی حاکیمەن کە 17٪ بۆ هەرێم دانراوە، بە نیسبەت سولفەی عەقار باسم کرد، بۆ سولفەی زەواج، حکومەتی هەرێم ئەو سولفەیە سەرف دەکات، بەڵام یەك ملیۆن دینار ئێمە سولفەی زەواج دەدەینە فەرمانبەران، بەڵام بۆ کەس وکاری شەهیدان ئەم یەك ملیۆنە وەکو مینحە دەیدەین نەك وەکو سولفە، بۆ سیعری نەوت کە بەرێزان پرسیان ، من باسم نەکرد کە سیعری نەوت 57 دۆلارە و رۆژانە یەك ملیۆن و حەوت سەد هەزار بەرمیل صادر دەکرێ، بەڵکو من وتم کە بودجەی 2008 لەسەر ئەو ئەساسە تەقدیر کراوە، تەبیعی هەم سیعری هەر بەرمیلەکی نەوت بە تەئکید زۆرترە و هەم رێژەی ناردنەوەی رۆژانەی نەوتیش بەرزترە، کەواتە داهاتی تەکمیلی و داهاتی ئیزافی کە ئێمە داوای دەکەین لە عیراق لە نەتیجەی ئەو بەرز بوونەوەی ئەسعارانەیە، خۆ ئەگەر هەر بە 57 دۆلار و بەو کەمیەی یەك ملیۆن و حەوت سەد هەزار بەرمیل رۆژانە حیساب بکرێ، ئەو وەختی عیراق بودجەی تەکمیلی دانانێ، بەڵام ئەو بودجە تەکمیلیلە لە نەتیجەی بەرز بوونی نرخی نەوت و زیاد بوونی ناردنەوە دەرەوەی نەوتە کە لە دوای مانگی شەش ئەو فەرقی ئەسعارانە وەکو بودجەیەکی تەکمیلی لە 17٪ هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە، بەرێز کاك ئیسماعیل بە نیسبەت حیساباتی خیتامی عەرزی جەنابتانم کرد، دەدرێتە پەرلەمان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، بە نیسبەت خانوو و سەیارە بەراستی تەنیا بۆ فەرمانبەرەکانی حکومی دەکرێ لەسەر بودجەی حکومەت، بە نیسبەت موحاسەبە کردن هەتا ئێستا موحاسەبەی چەند کەس کراوە بەراستی ژمارەکەم لا نیە دەبێ لە دیوانی چاودێری دارایی بپرسم کە هەتا ئێستا چەند کەس موحاسەبە کرایە؟ بۆ میزانیە کە دانراوە و پاشان لە حیسابی وەزارەتەکە سەحب کرایتەوە، بەراستی ئەوە پەیوەندی بە عیجزی میزانیەوە هەیە، ئەگەر میزانیە عیجزی نەبێ ئەو کاتە ئەو بڕەی کە تەرخان کراوە بۆ وەزارەتەکە هەمووی دەچێ و سەرف دەکات، بەڵام کە عجزت هەبێ مەسەلەن 100 دینارە پێت دەکرێ 80 دیناری بدەیە وەزارەتەکە بۆ ئەوەی عیجزی میزانیەی خۆت سەرف بکەی، لەو حاڵەت 20 دینار لە وەزارەتەکە کەم دەبێ لە نەتیجەی ئەوە ناتوانێ سەد لە سەد ئەوەی کە پێویستە جێبەجێی بکات، بەرێز کاك بارزان: بەراستی خەرجکردنی بودجە خۆی لە خۆیدا و بە تایبەتی بودجەی ئیستیسماری بووژانەوەی ئابووری دروست دەکات، بەڵام بە نیسبەت بەراوردکردنی نەفەقات و ئیراداتی بەغدا و هەرێمی کوردستان، خۆ بودجەی هەرێمی کوردستانیش لە چوارچێوەی بودجەی عێراق دایە، یەعنی هەر بەزری و نزمیەك کە بودجەی عێراق دەگرێتەوە بودجەی هەرێمیش لە زمنی ئەو بودجەیە دایە، بەڵام ئەگەر سەیری ئەرقامیش بکەین، داهات بە پێی ئەو بودجەی ئێستا هەمانە، داهات لە رێژەی 11,1٪ بەرز بوویتەوە لە چاو پارسانْ و خەرجیەکانیش 2,8٪ کەمترە لە پار سانْ، دڵنیا بن لەوەی کە ئێمە پشتگیریمان کردووە لە جوتیاران، بۆ نموونە کە ئێمە پشتگیریمان کردووە: دەعمی جوتیارمان کردووە بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی خۆیان بتوانن بگەیننە بازار، دەعمی گازوایلمان کردووە بۆ پەلەوەر و ئامێرەکانی کشتوکاڵ، سەماد و دەرمانی قەڵاچۆکردنی ئافات و سن وکیسلەڵە تەئمین کراوە، خانووی پلاستێك و شتڵی میوە و بە تایبەتی

زەیتون بۆ جوتیاران تەئمین کراوە، ئەو ئۆتومبیلانەی بۆ جوتیاران دێنین بە ئەقسات لەلای بانکی ئەهلیەوە و بەزەمانەتی حکومەتی هەرێم دەدرێ بە جوتیاران لە گومرك ئیعفا دەکرێن، بە پێی ماددەی 30 لە بودجەی عیراقدا، 600 ملیار دینار خراوەتە ژێر دەسەلاتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق بۆ دەعم کردنی کەرتی کشتوکاڵی بۆ سەرتاسەری عێراق کە هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە، بەرێز کاك محمد حکیم: بە نیسبەت میلاکات کە بەرێزیان ئیشارەتیان پێدا، ئێمە 10 پلەی وەزیفیمان هەیە لەگەڵ دوو پلەی باڵا: ا و ب، ئەوەی خوێندەوار بێت یان نەخوێندەوار بێت لە پلەی 10 دادەمەزرێ، بەڵام نەخوێندەوار بە 140 هەزار دینار و خوێندەوار بە 144 هەزار دینار تەعین دەکرێ، نەخوێندەوار دوو بەشن: بەشێکیان فەنینە و تا پلەی پێنج لە مەرتەبە دە بەرز دەبن، بەڵام ئەوە کە فەنی نینە تا پلەی 7 مەرتەبە 10 ،دەتوانن بچنە پێش، ئەگەر بەرێزتان سەیری میلاکاتی بودجە بکەن، ئێمە ئەگەر بێت و پلە دە هەموویان بە نەخوێندەوار حیساب بکەین؟ 16,4٪ دەبنە نەخوێندەوار، بە نیسبەت بابەتی تر کە جەنابتان ئیشارەتتان پێدا، ئێمە لە پاش ئەوەی کە بودجە پەسند کرا لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، کۆبوونەوەیەك دەکەین و بە ئامادە بوونی گشت وەزیرەکان و بڕیارە پاش ئەوەی تەعلیماتی جێبەجێکردنی بودجە دەربکەین، ئینشاءالله ئەو گلییانەش خۆمان لە بەینی خۆمان نامێنێ، زۆر سوپاس، بە نیسبەت بەرێز کاك بەکر، بە نیسبەت ئالیەتی مەناقەشە کردنی بودجە پێشتر عەرزم کرد کە بە چ شێوەیەك بودجە ئامادە دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان، بودجەی 2007 چەند بووە و چەند سەرف کراوە؟ ئەوە پرسیاری دووەمی بەرێزیان بوو، بودجەی 2007 ئەوەی کە لە ئەنجومەنی نیشتمانی بەرێز پەسند کراوە، 7 ترلیۆن و 847 ملیار و 660 ملیۆن دینار بووە، بەڵام خەرجی فیعلی بودجەی 2007 ئەوە تەنیا لە حیساباتی خیتامی بە دیار دەکەوێ ، کە عەرزی بەرێزتانم کرد ئەو کات بۆ بەرێزتان روون دەبێتەوە کە فیعلەن لە 2007 چەند پارە خەرج کراوە؟ بە نیسبەت پرسیاری تر کە پەیوەندی بە نرخی نەوتەوە هەبووە، من عەرزی بەرێزتانم کرد لەسەر ئەو بابەتە، بەڵام یەك شتی تر حەز دەکەم بۆ بەرێزتان روون بێتەوە، هەتا ئەو ژمارەی 57 دۆلار کە لە بودجەی عێراقدا تۆمار کراوە، لە سەردانێك کە ئێمە بۆ بەغدا هەمان بوو لەگەڵ بەرێز وەزیری پلان دانانی هەرێم، چووینە لای وەزیری پلان دانانی ئیتیحادی، ئەوان بەتەما بوون 52 دۆلار دابنێن، ئێمە ئیصرارمان کرد بە پشتگیری وەزیری پلان دانان و بەرێز کاك د.بەرهەم، یەعنی وەکو جەبهەکمان دروست کرد بۆ ئەوەی ئەو سیعرە بەرز کەینەوە، ئێمە داوامان کردبوو 65 یان 60 دۆلار بێت بۆ هەر بەرمیلێك، بەڵام لە نەتیجەی ئەو موداخەلاتانەی ئێمە وەکو وەفدی هەرێمی کوردستان، بە 57 دۆلار سیعری تەقدیری دانرا لە بودجەی 2008 دا، بە نیسبەت پرسیاری تری بودجەی سیادی، بودجەی سیادی: خەرجیەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانە، ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی بەرگری، تەعویزی شەری کوێت، مەصاریفی ناردنی نەوت بۆ دەرەوە، ئەم جۆرە خەرجیانە دەگرێتەوە، کە هەمووی 11 ملیار و 863 ملیۆن و 963 هەزار دۆلار دەکات، پرسیاری بەرێز شێخ جەعفەر: عەملیەی موناقەلە لە بودجەی تەشغیلیدا هەیە، بە پێی یاسا وەزیری دارایی بۆی هەیە لە نێوان ئیعتیماداتی یەك وەزارەت موناقەلە بکات، لە ئەسنای فەصلی یەکەم، یەعنی

دەکرێ لە هەموو فەصلەکانی بودجەی تەشغیلی موناقەلە بۆ فەصلی یەکەمی مووچە بکرێ، بەڵام لە فەصڵی مووچەوە ناکرێ بۆ فەصلەکانی تر موناقەلە بکرێ، هەر وەزیرێکیش دەتوانێ موناقەلە بکات لە چوارچێوەی یەك فەصڵدا لە زمنی وەحدەی صەرفدا، سەبارەت بە پارەی زیادەی نەوت، بڕیارە رێژەی 17٪ لە میزانیەی تەکمیلی بدرێتە هەرێمی کوردستان، بۆ مینحە و قەرزەکان، بە پێی ماددەی 25ی یاسای بودجەی گشتی عێراقی، پێویستە ئەو قەرزانەی نێودەوڵەتی کە دەدرێنە عێراق بە شێوەیەکی عادیلانە بەسەر هەرێمەکان و پارێزگاکان دابەش بکرێ، تەنیا ئەوانە ئیستیسنا کرانە کە ئەگەر بێت و قەرزێك تایبەت بە پرۆژەیەکی ئیستراتیجی حەصر کرابێ، ئەوە ناکرێ پارەکە دابەش بکرێ، چونکە حەصرەن بۆ ئەو پرۆژە ئیستراتیجیە بەکار دێت، بەرێز کاك جمال قاسم، ئەو زیادەیەی کە بۆ مووچە کراوە، هەرێمیش دەگرێتەوە، هەر وەکو پێشتریش باسم کرد ئێمە لەگەڵ ئەوە داین کە تەواوی مووچە و دەرماڵەکانی هەرێمی کوردستان دەبێ کەمتر نەبێ لە بەغدا، ئێمە بایەخمان داوە سەبارەت بە ئیهتیمام بە وەزارەتی ناوەخۆ و وەزارەتی کارەبا، بایەخ بە هەردوو وەزارەت دراوە، ئەگەر بەرێزتان سەیری بودجەش بکەن دەبێنن کە کارەبا لە پلەی یەکەم هاتووە و ناوخۆش لە پلەی چوارەم هاتووە کە ئەمە نیشانەی ئیهتیمام دانی حکومەتە بە بەردەوام بوون لە ئەمن و ئاساییشی هەرێمی کوردستان و بایەخدان بە گرنگترین کەرتی خزمەت گوزاری کە کارەبایە، کە رۆڵێکی گەورە دەبێنێ بۆ پێشخستنی ئابووری و دەعمی ئیستیسمار و هەتا بژێوی هاوواڵتیانیش تەئسیری لەسەر دەبێ، بۆیە بودجەی ئێمە بە پلەی یەکەم بایەخی داوە بە کارەبا، بەرێزێکیش پرسیاری کرد لەسەر جیاوازی مووچە لە نێوان هەرێم و ناوچەکانی تری عێراق، بەراستی مووچەی بنەڕەتی هەمووی وەکو یەکە، بەڵام لە دەرماڵە ئێمە جیاوازیمان هەیە هەرێم لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراق، ئێمە دەرماڵەی پێشەیی بۆ ئەندازیاران و پزیشکان و ژمێریاران وئابووری ناسان و زۆر لە شەرائیحی تر ئەو نەوعە دەرماڵەیە لە هەرێمی کوردستاندا دەدرێ، بەڵام لە وەسەت و جنووبی عێراق ئەو دەرماڵەیەیان نیە، جگە لەوە ئێمە دەرماڵەی تەعلیمی لە کوردستان خەرجی دەکەین لەبەر ئەوەی کە موزاهەراتێکی زۆر لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا کرا، حکومەتی ئیتیحادی لە بەغدا مەجبوور بوو بێت ئەویش ئەو دەرماڵەیە سەرف بکات بۆ ئەو شەریحانە، یەعنی لە نەتیجەی ئەو دەرماڵەیە بوو کە ئێمە لێرە دەماندا بەغدا هات جێبەجێی کرد لێرە لە ناوچەکانی وەسەت و جنوب، بەڵام لەیەك شت جیاوازیمان هەیە بەراستی ئەویش دەرماڵەی پۆلیس و ئاسایشە، ئەوەی کە ئێمە لە هەرێم سەرف دەکرێ 130 هەزار دینارە، بەڵام لە وەسەت و جنوب 500 هەزار بەسەرەوەیە ئەویش زۆربەی لەبەر ئەوە دەگەڕێننەوە، چونکە وەزعی ئەمنی لەو ناوچانە موستەقیر نیە، بەرێزێك پرسیارێکی کرد لەسەر عیجزی بودجە: عیجزی بودجە هەردوو لایەنی بودجەی تەشغیلی و بودجەی ئیستیسماری دەگرێتەوە، یەعنی تەنیا یەك لایەن ناگرێتەوە هەردوو بودجە عیجزیان هەیە، بودجەی پێشنیارکراوی ساڵی 2008 ، 500 ملیار دینار عیجزی هەیە، ئەوە بە نیسبەت تەشغیلی، بە نیسبەت عیجزی بودجەی ئیستیسماری 656 و 700 ملیۆن دینارە بە پێی ئەو بودجەیەی کە ئێمە عەرزی بەرێتانمان کرد، بە نیسبەت بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان لە چوار چێوەی بودجەی پلان دایە، سەبارەت بە داهاتی کوردستانیش: ئەو داهاتەی کە

وەزارەتی دارایی لە بەغدا لێمان دەبڕێ لەسەر ئەساسی ئەو داهاتەیە کە لە بودجەی عیراقدا تەسبیت کراوە، واتا 556 ملیار و 914 ملیون دینار، نەك لەسەر ئەساسی ئەوەی کە ئێمە تەقدیرمان کردبوو، ئەوان لەسەر ئەو ئەساسە لە میزانیەی ئێمە کەم دەکەنەوە، چونکە بەو شێوەیە تەسبیت کراوە لە بودجەی پەسند کراوی ئەوان لە بەغدا، بە نیسبەت پرسیارەکانی سۆزان خان، ئامادە کردنی بودجەی تەشغیلی لە زمنی ئەرکی وەزارەتی دارایی دایە، بەڵام بودجەی پلان لە دەسەڵاتی وەزارەتی پلان دانان دایە، وەزارەتی دارایی زۆر خۆش حاڵ دەبێ کە وەزارەتی پلان دانان لەگەڵ نوێنەرانی لێژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمان بەشداریمان بکەن لە دانانی بودجەی تەشغیلی، مادام نیازمان وایە بودجەیەك بە پێی معیارەکانی زانستی و ئابووری دابڕێژین، بە نیسبەت راپۆرتەکانی ئەرنێست، تەواوی راپۆرتەکانی ساڵانەی کۆمپانیای وربێنی ئەرنێست بڵاوکراونەتەوە، ئەگەر سەیری راپۆرتەکان بکەن، هەرێمی کوردستان لە تەواوی ناوچەکانی تری عێراق باشترە و ئەوان ئیعتیراف لەسەر ئەمە دەکەن، سەبارەت بە خشتەی داهات و خەرجیەکان ئەم خشتەیە لە چوارچێوەی بودجەی ساڵی 2008 کە پێشکەشمان کرد هەیە، هەمووی تێدا تۆمار کراوە، لە داهات و خەرجی ساڵی رابووردووش، تەواوی لە راپۆرتی حیسابات خیتامی بەڕێزتان بە دیار دەکەوێت، بە نیسبەت سیولەی نەقدی: ئەگەر سەیری راپۆرتەکانی ئەرنێست بکەین، یەکێك لەو خاڵانەی کە ئەرنێست گلەیی کردووە لە حکومەتی ئیتیحادی، بە تایبەتی لەسەر ئەوە بووە کە کەم تەرخەم بووە لە ناردنی سیولەی نەقدی بۆ هەرێمی کوردستان، ئێمە چەندین جار ئەم بابەتەمان موناقەشە کردووە بە تایبەتی لەگەڵ بانکی مەرکەزی بەغدا، کە ئەو دەسەڵاتە چۆن بانکی مەرکەزی هەیتی بدرێتە هەردوو لقی بانکی ناوەندی لە هەولێر و سلێمانی بگۆرن بە دینار وسیولە هەبێ لە لایان، ئەوان وەعدیان داوە، بەڵام هەتا ئێستا ئەو وەعدە جێبەجێ نەکراوە، ئێمە بایەخمان بە کارەبا و پەروەردە و شارەوانی و ناوەخۆ و ئاوەدانکردنەوە و خوێندنی باڵا و تەندروستی داوە، سیاسەتی حکومەتیش بەردەوام بوونە لە پاراستنی ئەمن و ئاسایشی هەرێم و پێشکەش کردنی پێداویستیە ئەساسیەکانی هاوولاتیان و هەروەها کەمکردنەوەی بێکاری لە رێگای جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی ئیستیسماری، بە نیسبەت پرسیاری بەرێز کاك حەمە رەشید، ئەو پارەیەی کە بۆ حەج سەرف دەکرێت وەکو دەعمە بۆ حەج، ئەگەر نا پارەی حەج زۆر زیاتر لەوە سەرف دەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر بۆ ساڵی 2008 بە پێی ئەو مەعلوماتەی کە هەمە، ئەگەر دەعمی حەج نەکرێت لەلایەن حکومەتەوە، مەصاریفی چوونە حەج بەلای کەمەوە 3000 تا 3500 دۆلار تەکلیف دەکات، بەڵام بەو دەعمەی کە حکومەت بۆ حەج دەیکات، رەنگە ئەو مەصاریفە لە 2200 بۆ 2300 دۆلار کەم ببێتەوە بۆ ئەوانەی کە بە فڕۆکە دەچن و ئەوانەی کە بە سیارەش دەچن 1500 تا 1600 دۆلار تەکلیف دەکات، جگە لەمەش ساڵانە 1300 تا 1400 کەسیش بە ئیفاد رەوانە دەکرێن وەکو پیاوانی ئایینی یان لێژنەی توبی، ئەوانەی دەچن بۆ خەیمە یان ئەوانەی دەچن عەقد ئیمزا دەکەن لە هەرێمی کوردستان، ئەوانە هەموو لە زمنی ئەو خەرجیەیە، یەعنی ئەوەی کە باسمان کرد لە خەرجی 17٪ی حەج بە مانای ئەوە نیە کە هەموو مەصاریفەکان بگرێتەوە، تەنیا وەکو دەعمێکە بۆ عەمەلیەی حەج، ئەوەی تر هەر حاجیەك کە مەصاریفی تری هەیە بە خۆی دەبێ تەحەمولی

بکات، بە نیسبەت نەفەقاتی تر بەرێزتان کە ئیشارەتتان پێدا، نەفەقاتی ئوخرا کە 300 ملیار دەکات، نەفەقاتی ئوخرا بریتیە لە چەند خەرجیەك، ئەوە عەرزی بەرێزتان بکەم، کرێی زەوی وزار، پاداشت بۆ خەڵکی نافەرمانبەر، پاداشتی پەیامنێران و هاوکاران، دەرماڵەی قوتابیان، دەرماڵەی قوتابیانی زانکۆ، قەرەبوو و پڕکردنەوەی زیان، زیان بژاردن بۆ قوربانیان، مینحەی رێکخراوە خێرخواز و ئایینیەکان، چالاکی دێدەوانی، یەدەکی کت وپڕ، یەعنی ئیحتیاتی تەوارىء ، چالاکی وەرزشی و قوتابخانەیی و دێدەوانی و زۆر مەصاریفی تر لە زمنی ئەو فەصڵەیە کە پێی دەڵێن(نەفەقات ئوخرا)، هەر وەزارەتێکیش دیارە کە لەو فەصڵە چەند بەبەری کەوتووە، ئەوە لە تەفاصیلی بودجە کە لەبەر دەست بەرێزتان دایە، بەنیسبەت بەرێز کاك ڕەشاد کە من پێی دەڵێم مام ڕەشاد، ئەوەی کە من تێگەیشتم باس لە ئەوە کرابوو کە فەرقێك هەیە لە بەینی بودجەدا، ئێمە کە بودجەمان پێشکەش کردبوو ئەوەی کە تەقدیر کرابوو بۆ ئێمە بێت: 6 ترلیۆن و 472 ملیار و 704 ملیۆن دینار بوو، ئەوە ئێمە تەقدیممان کردبوو، بەڵام پاش ئەوەی کە بڕیاری زیاد کردنی مووچە لە لایەن بەغداوە درا، ئەوە گوڕانکاری لەسەر رێژەی ئێمەش کرا،، 108 ملیار و 80 ملیۆنیش زیاد کرا لەسەر بودجەی ئێمە لە هەرێم، ئینجا بۆیە ئەو فەرقە لەو هینە پەیدا بووە، بەرێز کاك سعدالدین، ژمارەی میلاکی پەسندکراوی ساڵی 2007 ، 464 هەزار و 31 فەرمانبەر بووە، بۆ ساڵی 2008یش ئەوەی کە پێشنیار کراوە 493هەزار و 831 فەرمانبەرە، یەعنی ئەو جیاوازیەی لە بەینی 2007 و 2008 دا هەیە 29 هەزار و 800 کە ئەویش بریتیە لە میلاکی نوێی دامەزراندن، بە نیسبەت جیاوازی لە نێوان بودجەی تەشغیلی و ئیستیسماری کە بەرێزتان فەرموتان ئیحتیماڵە ساڵ بە ساڵ بودجەی تەشغیلی بودجەی ئیستیسماری بخواتەوە، بودجەی ئیستیسماری زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێت، ئەگەر سەیری ساڵانی 2005 و 2006 بکەین، ساڵانە بودجەی ئیستیسماری 500 ملیۆن دۆلار بوو لە 2005 بۆ 2006، بەڵام ساڵی 2007 ئەوەی کە لێرە لە ئەنجومەنی نیشتیمانی پەسندکراوە، یەك ملیار و 565 ملیۆن و 317 هەزار دۆلاریش بەرز بوویتەوە، بۆ ساڵی 2008یش گەیشتووتە یەك ملیار و 852 ملیۆن و 500 هەزار دۆلار، ئینشاء الله بە تەواو بوونی بودجەی تەکمیلی لە 3 ملیار دۆلار دەرباز دەبێ، یەعنی لێرە ئەگەر سەیر بکەن ئەو گۆڕانکاریەی کە لە بودجەی پلاندا هاتیە، شەش بەرامبەر زیاترە لەوەی کە لە 2006 دا هەبوو، بەڵام ئەگەر بودجەی تەشغیلی سەیری بکەن لە 2005 ، یەك ملیار و 957 ملیۆن و 752 هەزار بووە، لە 2006دا 2 ملیار و 349 ملیۆن و 242 هەزار دۆلار بووە، بۆ ساڵی 2007 گەیشتووتە 4 ملیار و 414 ملیون و368 هەزار دۆلار بووە، ئەگەر سەیری ئەو ئەرقامانە بکەین، بودجەی تەشغیلی دوو زیادەی بەرامبەر هەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە بودجەی ئیستیسماری شەش بەرامبەرە یان 600٪، بە نیسبەت زیاد بوونەوەی مووچە، ئەو بڕیارەی کە لە بەغدا دەدرێ ئێمەش لێرە دیراسەی دەکەین و جێبەجێی دەکەین، ئێستا بە ڕەسمی هیچ بە دەستی ئێمە نەگەیشتووە بۆ مەعلوماتی بەرێزتان، چونکە دەبێ بە ڕەسمی ئەوان ئاگادارمان بکەنەوە، بەرێز کاك زرار چەند پرسیارێکی هەبوو کە گرنگ بوون بەراستی، بودجەی ساڵی 2008 لەسەر ئەساسی خەرجیەکان دانراوە، بۆیە حکومەتی هەرێم نەتەنیا لە داهاتی نەوت بە لکو لە هەموو ئەو داهاتە ناوخۆییەکانی تریش کە عێراق هەیتی رێژەی 17٪

خۆی وەردەگرێ، بۆیە ناکرێ ئێمە ئەو داهاتانەی کە لێرە وەردەگرین نەدەینە بەغدا، چونکە ناگونجێ ئێمە بچین بەشداری بکەین لە رسوماتی عەدل و زەرایب و ئەوانەی کە لە شارەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و لە ناوەڕاست و باشوور وەردەگیرێ، ئێمە 17٪ موشارەکە دەکەین لە وەرگرتنیان کەچی ئێمە لە هەرێمی کوردستان داهاتەکانی خۆمان ناخەینە ناو بودجەی گشتی، بۆیە دەبێ ئێمە بدەینە ئەوان، لەگەڵ وەزارەتی دارایی بەغدا زۆر جار تەئکیدمان کردووە و ئەم جارەش تەئکیدمان کردووە، تەبیعی لە یاسای بودجەی گشتی ئیتیحادیشدا هاتووە، ئێمە تەئکیدمان کردووە کە دیوانی چاودێری دارایی بەغدا هی عێراق بە هە ماهەنگی لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی هەرێم بێن لە هەر شوێنێك کە ئەوان دەیانەوێ دڵنیا بن لە داهات، بێنە ئەو شوێنە و دەتوانن پێداچوونەوە بکەن و دڵنیا بن لەو ئەرقامانەی کە وەکو داهات وەردەگیرێن، هەتا ئێمە بە رەسمیش داوامان کردووە و بەشەفەهیش پێمان گوتن کە بێن، بۆ نموونە وەزارەتی دارایی فەرمانبەر بنێری بۆ گومرکی ئیبراهیم خەلیل مەسەلەن، پێمان گوتن بنێرن، شەش مانگ و حەوت مانگ ، چەند مانگێك لەگەڵ فەرمانبەرانی ئێمە لەوێ بن بۆ ئەوەی بزانن ئیرادات چەندە و چۆنە؟ موهیم ئێمە دەمانەوێ شەفافیەت هەبێ و ئەو سیقەیە هەبێ لە بەینی ئێمە و بەغدا، چونکە بەراستی لەو بەینە ئەوەی کە زەرەر دەکات هەرێمی کوردستانە نەك ئەوان، چونکە ئەوان نەوت دەنێرن، داهاتی نەوتیان زۆرە، بۆیە چەندی ئێمە لەو ناحیەوە شەفاف بین باشترە، بە نیسبەت عیجزی بودجە، ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین کە عیجزی بودجە پر بکەینەوە، ئەگەر بێت و داهاتی ئیزافی بدرێتە ئێمە لەو فرۆشتنی نەوتە ئەگەر هات و 17٪ بدرێتە ئێمە لە داهاتی ئیزافی ئەوە یەك، دوو: بودجەی تەکمیلی کە عێراق ئامادەی بکات ئەویش تەئسیر لە عیجزەکە دەکات، سێ: ئەگەر بێت و هیچمان پێ نەکرا لەم دوو بابەتەوە دەبێ خۆمان بەرنامەیەك دابنێین بە پێی ئەولەویاتی خەرجیەی حکومەت بەرنامەی بۆ دابڕێژین بۆ ئەوەی ئەو عیجزە پڕ بکەینەوە، بەرێز کاك هیوا پرسیاری کرد: دەسەلاتەکانی خەرج کردن ئەوەی کە ئێمە دەرمان کردووە بۆ وەزارەتەکان بە پێی تەعلیماتی ژمارە 3 لە 13|1|2008، دەسەلات دراوە بە وەزارەت و فەرمانگەکان و ئەوانەی کە نەبەستراون بە وەزارەتەکان رێژەی 12|1ی خەرجیەکانی فیعلی ساڵی 2007 خەرج بکەن تا بودجەی 2008 پەسند دەکرێ، ئەو تەعلیماتەش بە هاوبەشی لە لایەن هەردوو وەزارەتی داراییەوە دەرچووە، بەرێزیك لەسەر گەشەپێدانی پارێزگاکان پرسیاری کرد ئەمە لە بودجەی پلان دایە، بەڵام لە بەراوورد کردن لەگەڵ ساڵی 2007دا بەرزبوونەوەی هەبووە، بە نیسبەت قەرەبوو کردنی ئەو کەسانەی کە زیانیان پێ دەکەوێ لە شەڕی تورکیا یان شەڕەکانی تر، ئێمە لە فەصڵی خەرجیەکانی تر لە وێندەری لەسەر ئەو فەصڵە ئەو نەوعە حاڵەتان چارەسەریان دەکەین و قەرەبوویان دەکەینەوە، بەرێز کاك سەردار پرسیاری هەبوو لەسەر داهاتی کوردستان و NOو ئەوانە، کۆمپانیای NO تاقەی ئینتاجی ئێستای دەتوانێ 25 هەزار بەرمێل نەوت رۆژانە ئینتاج بکات، مانگێك تا دوو مانگی تریش رەنگە ئەو تاقەیە بتوانێ بە 50 هەزار بەرمیل رۆژانە بگەینێ، بەڵام ئێستا بە فیعلی ناتوانێ بە عەمەلی ئەو ئیشە بکات، چونکە ئەو نەوتە بە بۆڕی نەوتی جیهان نەبەستراوە، ئەوەی کە ئێستا دەیکات عادەتەن دەیسوتێنن ئەو نەوتە، بەڵام لە جیاتی ئەوەی بیسوتێنن رۆژانە 5 هەزار بەرمیل دەدرێتە کەرتی

مەحەلی و دەفرۆشرێ، پێشتر بەراستی عەقدێك هەبوو لەگەڵ ئەم کۆمپانیایە، بەڵام لە 3|13 ئیعادەت نەزەر کراوە لەو عەقدە، ئێستا لە 3|13 بەولاوە لەو 5 هەزار بەرمیلە 2 هەزار بەرمیل دەبێ بۆ هەرێمی کوردستان بێت، تا ئێستا هیچ پارەیە نەهاتووتە سەر حیسابی وەزارەتی دارایی، بەڵام پارە هەیە لە نەتیجەی فرۆشتنی ئەو نەوتە لە 3|13 تا ئێستا، بەڵام پارەکە بە پێی ئەو ئیتیفاقەی کە لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عیراقەوە کراوە بە تایبەتی کە کێشە هەیە لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراقی، ئیتیفاقەکە وایە داهاتەکە یەکسەر ئەوان ئیستیلامی بکەن، دووش: هەروەها رێکەوتنێك لەگەڵیان کراوە کە ئەو نەوتەی کە لەوێ دەردەچێ یەکسەر بە بۆری جیهانی ببەسترێتەوە، ئەو بۆرییەی کە ناوی جیهانە و بە تورکیا دادێ، ئەو کاتە ئەو سیعرەی ئەو بەرمیلەی کە بیفرۆشێ بە سیعری عالەمی دەفرۆشرێ، بەڵام ئەوەی بزانم کە ئێستا ئەوەی کە هەیە لە بازاڕی مەحەلی دەفرۆشرێ رەنگە سی دۆلار بێت یان 35 دۆلار بێت بۆ هەر بەرمیلێك، بە نیسبەت داهاتی گومرکەکان هەمووی داخیلی خەزینە دەبێ، لە زمنی ئەوانیش ئیبراهیم خەلیلە، ئەگەر بتەوێ تەئکیدیش بکەی راپۆرتەکان لای منە، یان هەتا دەتوانن سەردانیان بکەن و بیبینن کە عەمەلیەکە چۆنە و چۆن داخیل دەبێ و چۆن دەگاتە هەر شوێنێك؟ بە نیسبەت یاسای باجی دەرامەت، بەراستی لێرە لە لایەن ئێوەوە پەسەند کراوە، ئینجا هەر بەرێزتان دەتوانن دەستکاری ئەو یاسایە بکەن، بەڵام ئەو یاسایەی کە لێرەش دەرچووە زۆر جیاوازە لەگەڵ ناوچەکانی وەسەت و جنوب، ئەگەر سەیر بکەن لێرە ئێمە ئیعفامان کردیە بۆ ئافرەت، 2 ملیۆن و نیومان هەیە لە یاسای زەریبەی عیراقی 2 ملیۆنە، بۆ هەر منداڵێك 200 ئێمە 300مان داناوە، یەعنی تەسهیلاتی زۆر هەیە و زۆر جیاوازە ئەو یاسایەی کەلێرەیە، بە نیسبەت بودجەی پێشمەرگە پرسیارێك کرا ، ئەم میزانیە راستە وەکو وەزارەتی پێشمەرگە لە بودجەدا نەهاتووە، ئێمە ئەو پارەی کە بۆ پێشمەرگە سەرفی دەکەین بە شێوەی سولفە سەرفی دەکەین بۆیان، چونکە تا ئێستا نەگەیشتوونە نەتیجە لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی لە بەغدا، رێکەوتنێك لەم دواییە لەگەڵیان کراوە ئۆمێدمان وایە ئەو دوو فرقە لێژنەیەکیان بێتە ئێرە، دوو فرقەی عەسکەری دروست بکرێت، وەکو حەرەس ئیقلیمیش دیسان ئەوان لە بودجەی خۆیان دەعمی ئێمە بکەن، ئێمە دەبێ ئەو دەرگایە دانەخەین، ئەگەر بێت و وەکو وەزارەتی پێشمەرگە لە بودجەی خۆمان دامانناو، رەنگە لەو موناقەشاتانەی لەگەڵ ئەوان دەیکەین لە بەغدا مەوقیفی ئێمە لاوازتر بێت، بۆیە ئێمە هەر بەو ئومێدەین کە دەبێ ئەوان بەشداری بکەن لە یارمەتی دانی پێشمەرگە، بە نیسبەت کت وپڕ لە دەست پەرلەمان بێت، موناقەلە لە دەست پەرلەمان بێت نەك وەزیر، ئەوە نازانم خۆتان بریار دەدەن بەراستی، ئێوە چ بڕیار دەدەن ئێمە ئەوی تەنفیز دەکەین، بەڵام لە هیچ شوێن وا نیە، بەڵام ئەگەر ئەو بڕیارەی دەیدەن کە ئەو دەسەڵاتە تەنفیزیە وەربگرن بۆ دەسەڵاتی تەشریعی کە ناگونجێ بەراستی، ئەو دەعمەی کە ئێمە پێشکەشی دەکەین لە خەرجیەکانی حاکیمە خەرج دەکرێ، راستە بودجەکە لەلای عێراقە خۆ ئەوە 17٪ هی هەرێمی کوردستانە، خۆ دەبێ ئێمەش بەوە وەربگرین کە ئەوە دەعمێکە کە حکومەتی هەرێم بۆ خۆراك دەیکات، پارەکە وەردەگرین وسیستەمێك دادەنێن ئێمە وای لێدەکەین، بە نیسبەت سولفەی زەواج باسم کرد، حیسابی خیتامی باسمان کرد، مووچە وەکو عیراق دەبێ، خەریکین کۆمەڵێك یاسا دەردەکەین لە زمنی

ئەوان یاسای کارە، لێژنەیەك هەیە تایبەتە من و بەرێز وەزیری بازرگانی و سەرۆکی هەیئەی ئیستیسمار و مەجموعەیەك برادەر لەو لێژنەیەینە، ئەوە خەریکین کۆمەلێك یاسا بۆ ئەو بابەتە تەنزیم بکەین، بە نیسبەت وشکە سالّی کە باس کرا، خۆ ئێمە ئەو کاتەی بودجەمان ئامادە کردبوو ئەو بابەتە لە گۆڕێ نەبوو، بەلاّم ئێستا ئەو حالّەتە هاتووتە پێش، دەکرێ ئێمە لەسەر بودجەی وەزارەت یان لەسەر بەشی تەوارێء ئەو حالّەتانە کە دێنە پێش ئێمە دەتوانین لەکاتی پێویست بریارێك بدەین بۆ تەئمینی پارەی پێویست بۆ ئەو حالّەتە و هەر حالّەتێکی تری تەوارێء تەئمین بکەین، گەمارك و زەرایب و هەرچی کە وەردەگیرێ تا ئێستا و تا ئەو کاتەی کە رێك نەکەوتووین لەگەلّ عیراق لەسەر مواردی مالی ئەو یاسایە لە بەغدا دەرنەچووە لە پەرلەمانی بەغدا، هەموو ئەو ئیراداتانە دەبێ بچێتە بەغدا، یەکێك لە شەرِەکانی بەردەوامی ئێمە ئەوەیە نەك بەس 17٪ سیادیەکە کە بڵێین نابرِێن، ئێمە ئەوەی کە سالاّنە لەگەلّ بەغدا موشکیلەمان هەیە دەڵێ نابێ مەبالغی سیادی زیاد بکەن بۆ بێ تەنسیق کردن لەگەلّ ئێمە، ئەگەر سەیری 2007 لەگەلّ 2008 بکەین و بەراورد بکەین، زیاتر لە چوار ملیۆن دۆلار لە سیادی زیادکراوە، خۆزگە بتوانین لەسەر ئەوە رێك بکەوین ئەوە دەستکەوتێکی زۆر دەبێ، بەلاّم هەتا لە یاسای مەواریدی مالی ئینشاء الله لەو سالّە رێك بکەوین، لەوێ تەحدید دەکەین کە ئالیەت چۆن بێ بۆ دانانی خەرجیەت بۆ خەرجی سیادی، دەبێ سەقفێك هەبێ، ئالیەتێك هەبێ بۆ ئەوەی هەموو سالّێك بە کەیفی خۆیان مەجموعە شتێك بکەنە سیادی و مەبلەغێکی زۆر لە سیادی دابنێن و تەئسیر لە رێژەی هەرێمی کوردستان بکات، بە نیسبەت ئەوەی مۆبایل باس کرا، ئی نەوت باسم کرد ئێستا ئی مۆبایل و ئەوانە، بۆ ئاگاداریتان یەك دۆلاریش لە میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوە نەچووە، ئەوە رێککەوتنێك هەبووە لە بەینی کۆمپانیای کۆرەك تلیکۆم و وەزارەتی دارایی بەغدا کە بە وەجبات پارەکە بۆیان تەحویل بکات مەجموعەیەك پارە لێرە ئەوان تەحویلی ئێمەیان دەکرد کە بنێرین بۆ بەغدا، جەنابتان دەزانن هەر تەمویلێك کە دێ لە بەغداوە بۆ ئێمە دێت، لە جیاتی ئەوەی کە لە بەغدا ئەو مەبلەغە کە بودجەی هەرێمی کوردستانە بێتە هەولێر، لە موقابیلی ئەوە ئەوان لێرە تەسلیمی ئێمەیان دەکرد لەوێ لێیان دەبردرا، یەعنی موناقەلە بوو عەمەلیەکە نەك حکومەتی هەرێم پارەی لە جیاتی ئەوان دابێ، ئەوە نەبووە، ئینجا وەزارەتی دارایی لە بەغدا پارەکەی بری لە موقابیلی ئەوەی ئەوان لێرە تەسلیمی ئێمە بکەن، یەك دۆلاریش لە جیاتی ئەوانی نەداوە، ئەوەی کە باسی 62٪ و 34٪ کرا مەبەستم ئەوەبوو کە ئەگەر بێت و سیادی و حاکیمەش 17٪ رێژەی ئێمە لەوێیە، ببێن داخیلی ئەو بودجەی کە ئێمە داخیلی ئەوەمان کردووە بۆ 2008 زیادی بکەینە سەری رێژەی مووچە خۆرانی ئێمە 34٪ دادەبەزێ، یەعنی ئەگەر بەو شێوەیەی کە عێراق بۆ خۆی رێژەکە دیاری دەکات ئێمەش بەو شێوەیە دیاری دەکەین، ئێمە لەگەلّ ئەوینە صەلاحیاتی هەموو وەزیرەکان وەکو هی بەغدا بێت و ئەوەی ئەندام پەرلەمانە وەکو هی بەغدا بێت، بەراستی ئێمە لەگەلّ ئەوە داینە هەموو وەزایفەکان وەك یەك بن، من دوێنێ باسم لە مەوزوعێك کرد بەرێزان رەنگە هەندێکیان وایان هەست کرد کە مەبەستم کەم کردنی صەلاحیات بوو، ئەوەی 250 بۆ 100 یان 150، بۆ ئاگاداری بەرێزتان ئەوە عیلاقەی بە بودجە پلانەوە نیە، یەعنی مەشاریع دەچێ و ئەو صەلاحیاتەی تر کە دەدرێ

پەیوەندی بە بودجەی تەشغیلی هەیە، دێتەوە فەرەزەن هەزار دینارت هەیە ئەگەر صەلاحیەتت 250 دینار بوو، بە چوار وەجبە ئەو هەزارە تەواو دەبێ، بەڵام ئەگەر تۆ دە هەزار دینارت هەبێ حیساب بکە بە چل جار تەواو دەبێ، مەبەستم ئەو موقارەنە مالیە بوو نەك کەمکردنەوەی صەلاحیات، ئێمە موصیرین لەوە دەبێ هەیبەتی خۆمان بپارێزین، وەزیری ئێمە وەك ئەوانە و ئەندامی پەرلەمانی ئێمە وەك ئەوانە و موستەشاریشمان وەکو ئەوانە، ئەوە زۆر گرنگە لە ناحیەی سیاسی و مەعنەویەوە، تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو سالانی رابووردوو خزمەتێکی گەورەی کردووە بۆ ئەو ناوچانەی کە لە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستانن، بەراستی سەرەرای ئەو کێشانەی کە لەسەر بودجە هەمانە، من دەتوانم بڵێم بە بێ موبالەغە نەك دەیان ملیۆن بەڵکو سەدان ملیۆن دۆلار سەرف کراوە بۆ هەموو ئەو ناوچانە، هەزاران کەس مووچەیان لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان وەردەگرن، موستەمریشە حکومەتی هەرێم بۆ پێشکەش کردنی ئەو خەدەماتانە، دڵنیاشم پاش ئەوەی ئەو کێشەیانە چارەسەر دەکرێ تا ماددەی 140 بودجە ئەوانیش مەفروزە بە پێی ژمارەی دانیشتووان زیاد بکرێتە سەر هەرێم، ئەو کات بودجەی هەرێم زیاتر دەبێ و باشتریش دەتوانین ئێمە خزمەتی ئەو ناوچانە بکەین، بە نیسبەت تەرخان کردنی پارە بۆ سووتەمەنی راستە، تا سێ پێشتر لە زمنی مەصاریفی حاکیمە پارە بۆ کڕینی سووتەمەنی و دابەشکردنی بەسەر هاوولاتیان لە لایەن وەزارەتی ئیتیحادی لە بەغداوە جێبەجێ دەبوو، بەڵام ئەو دوو سالّ دەعم بۆ کڕینی سووتەمەنی نەماوە، ئەوەی کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان دەیکەین لەسەر بودجەی تەشغیلی خۆمانە کە سووتەمەنی دەکڕین و بە سیعرێکی هەرزان دەدەینە هاوولاتیان و زیانەکەی حکومەتی هەرێم تەحەمولی دەکات، حەتا لە بەغدا بە ئێمەیان گوت نابێ ئەو دەعمە بکەن، یەعنی یەکێك لە ئیرشاداتەکانیان، لە رێنمایە ئابووریەکانی ئەوانە ئەوەبوو ، بەڵام ئێمە هەر جێبەجێمان کرد، بەنیسبەت شوێنەوارەکان کە باس کرا پێنج ملیار دینار بۆی تەرخان کراوە، لێژنەیەکیش تایبەتی بۆ قەڵای هەولێر دانراوە، حکومەتی هەرێم بۆ ئیستیملاك کردنی خانووەکان بودجەیەکی زۆری سەرف کردووە، ئینشاء الله ئیهتیمامێکی زۆری پێ دەدرێ و پێی دراوە بەراستی، فەرمانبەرمان نیە لەسەر بودجەی حکومەت مووچە وەربگرێ و بچێ لە کەرتی تایبەت ئیش بکات، بەڵام هەیە فەرمانبەر بووە و شارەزاییەکی زۆری وەرگرتووە رەنگە ئیجازە بۆ چەند سالێك وەربگرێ بۆ یەك ، دوو سالّ وبچێتە کەرتی تایبەتی کار بکات، حاڵەتی وا دەبێ هەبێ، ئەوەش زۆرتر رەنگە ئەو فەرمانبەرانە دەچن کادری بە قابیلیات و خیبرەیان هەیە، چونکە ئەگەر بزانن شوێنێکی باشتر هەیە مەعاشی باشتریان دەداتێ رووەکەنە ئەو شوێنانە، وەزارەتی تیجارەی ئیتیحادی عادەتەن بەرنامەی وابووە کە دەعم بکات بۆ کەل وپەلی بیناسازی و ئەم جۆرە شتانە لە بەرنامەی دایە، بۆ خۆراك و دەرمان ئەمانە هەموو باسم کرد بۆ بەرێزتان هەمووی لە بودجەی ئیتیحادی لە فەقەرەی خەرجیە حاکیمەکان بودجەی بۆ دانراوە و راپۆرتەکەش هەمووی عەرزی بەرێزتانم کرد، بە نیسبەت چاپ کردنی کیتابەکانی وەزارەتی پەروەردە لە دەرەوە چاپخانەش لێرە زیاد بوونە، بە قەناعەتی من ئەگەر لێرە چاپ بکرێ باشترە، بەڵام ئەگەر ئەوانەی ئێرە گرانتر چاپ نەکەن لەوانەی دەرەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك سەرکیس وەزیری دارایی بۆ ئەو هەموو رووونکردنەوەیە، جوابی زۆربەی زۆری پرسیارەکانتانی داوە، یەك پرسیار مابوو ئەویش ئایا حکومەت پێی دەکرێ قەرزی کشتوکاڵی ئەم ساڵ وەرنەگرێت لەبەر وشکە ساڵی؟

بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی وئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پاش ئەوەی ئەو وشك ساڵیە هاتە پێش سەرۆکی حکومەت باسی لەوە کرد کە دەبێ ئیهتیمامێکی گەورەی ئێمە بۆ ئەم ساڵە وەکو بەرنامجێکی ستراتیجی بۆ داهاتووی کوردستان، بایەخدان بە کەرتی کشتوکاڵ بێت، من دڵنیام لەسەر ئەو ئەساسە ئەوەش جێبەجێ بکەین.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك عثمان شوانی وەزیری پلان دانان.

بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلان دانان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

زۆر سوپاس سەرۆکی پەرلەمان و زۆر سوپاس بۆ پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، بەراستی کۆمەڵە مولاحەزەیەکی زۆر گرنگیان دا، بەڵام ئەمەوێ بە کورتی جوابدەمەوە، چونکە کاك سەرکیس جوابی زۆر لە پرسیارەکانی داوە، سەبارەت بە کۆمەڵێك پرسیاری برادەران سەیرم کرد کە هەموویان لەسەر سەکتەرێك قسەی دەکرد و هەمووی راست بوو، هەر کەسێك لەسەر ناوچەیەك قسەی دەکرد و ئەویش راستبوو، بۆیە ئێمە میزانیە بەڵانس دەکەین لە بەینی ناوچە و نێوانی سەکتەر، خاتوو نازناز باسی سەکتەری پەروەردەی کرد من 100٪ تەئیدی دەکەم و زیاتری پێویستە وەزارەتی پەروەردە، باسی موحافەزە دەکەن بە تەئکید موحافەزە ئیشی خۆی دەکات، موحافەزەش خەدەماتی بەلەدیەی لەسەر شانە پێویستە ئیهتیمام بە خەدەماتی بەلەدیە بدات، بۆیە 53٪ مزانیەی خۆی تەخصیص کردووە بۆ خەدەماتی بەلەدیە، کە ژیانی رۆژانەی هەموو هاوواڵتیان و هەموو ئەو کەسانەی کە داوای لێدەکات جادەی بۆ قیرتاو بکات، ئاوی بۆ رابکێشرێ، کارەبای بۆ بێتن و شۆستەی بۆ بکرێت، حەدیقەی بۆ بکرێ، ئەویش پێویستی ژیانە، باسی وێرانی کوردستان کرا ئیهتیمام بە هەندێ ناوچە بدرێ، بە تەئکید ئێمە لەگەڵ ئەوەینە ئیهتیمامی تایبەت بە هەڵەبجە بدرێت و بە شوێنی ئەنفالکراوەکان بدرێت، بەڵام هەمووتان دەزانن کوردستان هەمووی وێران کرا، سەر لە نوێ ئیعادە دەکرێتەوە لە دوای راپەڕینەوە، تۆ ناکرێ بڵێیم تەنها ناوچەی خۆشناوەتی بە نەزەر ئیعتیبار وەردەگرم و ناوچەی باڵەکایەتی ئیهمال دەکەم و ناوچەی سیندی بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرم و ناوچەی دەشتی کۆیە ئیهمال دەکەم، هەموو ناوچەکان بە یەکەوە پێویستیان بە ئیهتیمامی وەکو یەکە، بەڵام بودجە یەعنی رەقەم و ئەو ژمارەیە چۆن تەعامولی لەگەڵ دەکەین لە نێوانی سەکتەرەکان و لەگەڵ ناوچەکاندا؟ یەکێك لە ئیشە ئەساسیەکانی ئێمە کە موناقەشەمان کردووە لەگەڵ وەزارەتەکاندا موراعات کردنی ئەم سێ خاڵە بووە: ئەبێ موراعاتی ناوچەی مەحروم، بە پێی سەکتەرەکان

تەوازون بکەین و چۆن بتوانین بەردەوامی بدەینە پرۆژەکان؟ باسی دەعمی ئابووری کرا، بە تەئکید ئێمەش پێمان خۆشە دەعمی ئابووری بکرێت بۆ هەرێمی کوردستان و بودجە بەشێکی گرنگی تەخصیص بکرێت، بەڵام ناکرێ ئاوت نەبێ وکارەبات نەبێ و بە تەنها بڵێ ئەوەی دەکەم، رەغمی ئەوە مولاحەزەی ئەوەم کردووە لە میزانیەی 2008دا تەصحیحی هەندێك لە هەڵەکانی رابووردوو کراوە بیکەین، بە تەئکید ئێمە لەگەڵ ئەوە داینە دەعمی کشتوکاڵ بکەین و میزانیەیەکی باشیش ئەم ساڵ تەرخان کراوە بۆ ئاودێری و کشتوکاڵ، ئاودێری و کشتوکاڵ وەك یەك سەکتەر سەیری دەکەین، چونکە ناکرێ کشتوکاڵ پێش بخرێت لە ناوچەیەکی گەرم و وشکدا کە بارانی تێدا مەزمون نیە تۆ باسی ئاودێری نەکەی، ژمارەی ئەو پرۆژانەی کە ئەم ساڵ بە نیازین بیکەین لە وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان 61 پرۆژەیە ئەم ساڵ بۆمان تەخصیص کردووە، لە ساڵ 2008دا کە لە ساڵی 2007دا چوار پرۆژەی هەبووە، کە باسی لاوان و بێکاری دەکەین، ئەوانیش حەقی خۆیتیان بەشیان هەبێ لەو بودجەی کە لە هەرێمی کوردستاندا داندراوە ، لاوان بەشیان هەبێ، گواستنەوە و گەیاندن بەشیان هەبێ، هەموو سەکتەرەکانی تری کوردستان پێویستی بە ئیهتیمامی تایبەتی هەیە، بەڵام ئەولەویاتی حکومەت چ بووە؟ ئەولەویاتی حکومەت بریتی بووە لە پرۆژەکانی کارەبا و پرۆژەکانی ئاو وخەدەماتی رێگاوبان و قوتابخانە و تەندروستی و کشتوکاڵ دێتە خوارەوە بۆ لاوان، هەتا لە بواری کۆمەڵایەتی لەم ولاتەدا تۆ سەیری وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی یەك کۆمەڵ پرۆژەی گرنگی داوا کردبوو و ئێمە نەمانتوانی جێبەجێی بکەین، باس دەکات خانەی پیر و پەککەوتە لە هەموو شارەکان و قەزا گەورەکانی کوردستان بکرێتەوە، دروست کردنی شوێنی گەنجان لە هەموو شوێنەکاندا، حەقێتی و پێویستیشە بۆی بکەین، بەڵام هێشتا ئاوم بۆ ناوچەی شۆڕش لە چەمچماڵ دابین نەکردبێت ناکرێ ئەوە بکەم، دەبێ جارێ ئەولەویەتەکە بدەمە ئەم سەکتەرە، باسی پرۆژە بەردەوامەکان کرا کە پارە دووبارە دەبێتەوە، کاك د.فؤاد نموونەی خەستەخانەکەی هێنا کە بەداخەوە چەندین ساڵە لە ساڵی 2004ەوە دەستی پێکردووە، بەڵام تا ئیستا تەواو نەبووە بوویتە کەسەری سەر دڵی هەموو خەڵکی سلێمانی وئێمەش کە داوا دەکەین ئەو موستەشفایە تەواو ببێ، بەڵێ بودجەی ئەو پرۆژەیە ساڵانە دابین دەکرێ، مەسەلەن ئەم ساڵ لە وەزارەتی تەندروستی دەپرسین چەند پرۆژەت هەیە؟ دەڵێ مەسەلەن 44 پرۆژەم هەیە، ئەم 44 پرۆژەیە یەك بە یەك تۆ ساڵی پار چەندت سەرف کردووە و ئەم ساڵ چەندت پێویستە؟ بۆیە ئەم پرۆژەیە دووبارە دەبێتەوە، هەر وەکو دوێنی نموونەم هێناوە لەسەر زانکۆی سلێمانی، زانکۆی سلێمانی مودەکەی 5 ساڵە، لە ساڵی یەکەمدا 20٪ ی جێبەجێ دەکرێ، لە ساڵی دووەم 24٪ جێبەجێ دەکرێ و لە ساڵی سێیەمدا دەبێتە 28٪ جا ساڵ بە ساڵ جێبەجێ دەکرێ، دوێنێ یەکێك لە پرسیارەکان ئەوەبوو کە موحافەزات ئەم پارەیەی بۆیان تەخصیص دەکرێ ئێمە نایزانین، خۆی کاك سەرکیس ئەمڕۆ لە رەقەمەکانی کە خوێندیەوە هی بودجەی ئیستیسماری ئیشارەتی بە بودجەی تەنمیەی ئەقالیم نەدا، چونکە ئەوە لە مودەی سێ ساڵی رابووردوودا لە عێراقدا میزانیەك تەرخان کراوە راستەوخۆ دەدرێتە موحافەزەکان و لە رێگای ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە پرۆژەکان ئیختیار دەکرێت، بۆیە ئیشی ئێمە تەنها تەنسیق کردنە، ئەگەر هەڵەیەکی تێدا هەبێ راستکردنەوەیەتی، ئەگەر نا زیاتر ئەنجومەنی

پارێزگاکان بۆ ئەو پرۆژە مەحەلیانەی کە لە مودەی یەك ساڵدا تەواو دەبێ، پرۆژەی زۆر گەورە و ستراتیجی تێدا نیە، پرۆژەی بچووکی تێدایە و خەدەماتەکانیشی هەموومان ئەیبنین لە سلێمانی، لە هەولێر، لە دهۆك، لە قەزاکاندا و بەر دەرگای پەرلەمان ئەبینن و ئەو جادانە تەوەسوع دەکرێ و پارکێك دروست دەکرێ، ئەمە ئەو ئیشانە کراوە، باسی مەسەلەی قەرزی نێودەوڵەتی کرا، قەرزی نێودەوڵەتی یەکێکە لە ئیختیصاصاتەکانی وەزارەتی پلان دانانە، لەوەتی وەزارەتی پلان دانان داندراوە بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی پلان دانانی عیراقی، هەیئەیەك هەیە بە ناوی هەیئەی ISRB ، کە هەیئەی تەوەسوعی ستراتیجی پێ دەوترێت لە کوردستانی عیراقدا، ئێمە عوزومان هەیە و نوێنەرێکی ئێمە لەو هەیئەیە دەوام دەکات، هەموو ئەو پارانەی کە تەخصیص کراون ئەبێ 17٪ بۆ هەرێمی کوردستان تەخصیص بکرێ، بەڵام ئالیەت و ئوسلوب و شێوازی قەرز پێدان لە لایەن وڵاتانەوە زۆر سیستەمێکی رۆتینی بیرۆکراسی زۆر درێژ خایەنە، ئێمە لە قەرزی یابانیە کە 3 ملیار ونیو دۆلارە کە 600 ملیۆنی بەر کوردستان دەکەوێ، ئێمە تەنها بۆ دوو سەکتەرمان تەرخان کردووە، بۆ سەکتەری ئاو وکارەبا کە دوو پرۆژە ئاوی پێ دەکرێ، پرۆژەیەکی زۆر گەورەیە کە ناوچەی هەڵەبجە بە کامیلی دەگرێتەوە، هەڵەبجەیە و سەید صادقە و سیروان هەمووی یەك پرۆژەی موتەکامیلە کە ئاوی بۆ بکرێ، مەشروعی ئاوی دووەم ئیفرازە و بەشەکەی تری دروست کردنی مەحەتەی کارەبایە لەگەڵ چەند پرۆژەیەکی تر، قەرزی بانکی نێودەوڵەتی هەیە کە 500 ملیۆن دۆلارە لەوە 85 ملیۆنی بەر کوردستان کەوتووە، دوو سێ پرۆژەی ستراتیجی پێ دەکرێ، یەکێکیان رێگای هەولێر_ پردێ و ئەوی تریان پرۆژەکانی چاککردنی هەردوو سەدی دۆکان و دەربەندیخانە، بەو شێوە قەرزی ئێران ئەگەر بدرێت چوار پرۆژەی لەسەر جێبەجێ دەکەین کە بە ئومیدین، بەڵام هیچیان ئەو پارانە نەهاتووە، ئەم پارانە زیاتر بە موناقەشات و موفاوەزات و حازر کردنی پرۆپۆزەڵ و دیراسات و لەمانە دانە، من لەسەر مەسەلەی خانوو دروست کردن بە تەئکید ئێمە تەئیدی مەسەلەی پێدانی سولفەی عەقار دەکەین یاخود سندوقی ئیسکانەکەی، بەڵام بە مەرجێك بە ئالیەتێك و بە نیزامێك بکرێت کە بتوانن هەموو هاووڵاتیەك وەك یەك ئیستیفادەی لێبکەن، دروست کردنی خانوو کاك شێردڵ حەوێزی ئیشارەتی بەوە دا کە لە عێراقدا بەرنامەیەکی گەورە هەیە بۆ ئەوە، من لێتان ناشارمەوە عێراق نەیتوانیوە بودجەی خۆی سەرف بکات وەکو هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان بە حوکمی ئەو ئەمنیەتە و ئەو ئیدارە موناسیبە کە تێدا هەیە توانیوەتی پارەی خۆی زۆر بە باشی سەرف بکات موقارەنەتەن بە ناوچەکانی تری عێراق، سااڵنە عیراق ئەو پارانە خەزن ئەکات و ئەو پارانە کە ئەمینێتەوە ئەتوانێ دەعمی صندوقی ئیسکانی پێ بکات زۆر زیاتر لەوەی کە ئێمە دەتوانین بیکەین، ئێمە رەغمی ئەوەش کۆمەڵێك خانوو و شوقە دروست کراوە، ئەنجامی ئەو شوقە و خانووانە ئەنجامێکی ئەوتۆی نیە لە چاو یان موقارەنەتەن بە پێداویستی خەڵکی کوردستان لە دروست کردنی خانوو، بە پێی ئیحصائیاتی ئەوەلی لای ئێمە 150 هەزار خانوو و وەحدەی سەکەنیمان پێویستە بۆ ئەوەی بتوانین لە مودەیەکی زەمەنی دوو ساڵیدا یان سێ ساڵیدا بکرێتن، ئیمکانیەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێ ئەوە هەمووی جێبەجێ بکات، چونکە موقابیلی ئەوە تەربیەم هەیە، خەستەخانەم هەیە، رێگا وبانم هەیە،

کارەبامان پێویستە، ئێمە ئەم ساڵ بەتەنها لە کارەبادا مەجموعی پرۆژەکانی کە بۆیانمان ئیعلان کردووە 701 ملیار دینارە، کە ئەوەی تەقدیر دەکەین سەرفی بکاتن 427 ملیار دینارە، ئەوەی لە مەشروعە بەردەوامەکانە تا ئێستا 507 ملیار دینارە، تۆ ئەم رەقەمانە ئەگەر سەیری بکەین، ئەوە هەموو رەقەمە تەفصیلیەکانە ئەیخەمە بەر دەستی خوشك و برا ئەندامە پەرلەمانتارەکان بۆ ئەوەی ئیتیلاعی کاملیان لەسەر هەبێت و لەگەڵ لێژنەی دارایی موناقەشەمان کرد، ئێمە بەنەزەری ئیعتیبار هەموو ئەو قسەی ئەوانە وەردەگرین، چونکە هەموو مولاحەزاتی راستن، بەڵام چۆن بەڵانس دروست دەکەین لەگەڵ ئەو رەقەمانەی لە لای من هەیە؟ رەقەمەکە بریتیە لە 2 ملیار 400 ملیۆن تەقریبەن، 495 ملیاری رۆیشتووە بۆ تەنمیەی عەقاری، ترلیۆنەك و 78ی رۆیشتووە بۆ پرۆژە بەردەوامەکان، ترلیۆنەك و 3,299ملیار و رۆیشتووە بۆ پرۆژە بەردەوامەکان، چۆن بەڵانسەکەی لە نێوان پرۆژە بەردەوامەکان و لە نێوانی پرۆژە تازەکانی و لە نێوان تەنمیەی ئەقالیم،و لە ناو پرۆژە تازەکاندا چۆن بەڵانس بکەین لە نێوان سەکتەرەکاندا و لە ناو ئەوانیش حەتا مولاحەزەی ئەوەمان کردووە ئێمە چیمان لەناو نووسیوە و لە موحافەزەی هەولێر چەندە و لە دهۆك چیە و لە سلێمانی چیە؟ سەبارەت بە کێشەی کۆیە راست دەکات کێشەیەك بوو، بەڵام زوو کێشەکەمان حەل کردووە، کۆیە، لەسەر هەولێرە و لەناو تەنمیەی ئەقالیمدا لە موحافەزەی هەولێردا جێگای کراوەتەوە و ئیستیحقاقی خۆی بە پێی رێژەی دانیشتوان وەریگرتووە و ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس بۆ ئەو رووونکردنەوە و وەڵامدانەوەت، سوپاسیش بۆ ئێوە کە واتان کرد کۆبوونەوەکە دوا نەخرێت بە پێی بەرنامەکە رۆیشت و هەروەکو دامانناببوو ئەمرۆ تەواوکردنی قسەکان بوو لە راپۆرتی لێژنەی دارایی، و وەڵامدانەوەی لە لایەن جەنابی وەزیری دارایی و وەزیری پلان دانان، بەڵێ کاك عادل نوقتەی نیزامیت چیە؟ فەرموو.

بەڕێز عادل محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

زۆر لە ئەندامە پەرلەمانە بەڕێزەکان باسی ئەوەیان کرد هەندێ ناوچە کە زۆر کاول کراوە لەبەر چاو بگیرێت، لە ماددەی 112ی دەستووری عێراقی و لە ماددەی 3ی میزانیەی ئەم ساڵی بودجەی عێراق هاتووە و ئەڵێ: ئەو ناوچانەی کە زۆر کاول کراوە ئەبێ لەبەر چاو بگیرێت لە بودجە سەرفکردندا بۆی، من ئەپرسم ئایا ئەو کاولکارییەی کە لە ئەنفال و لە گەرمیانەوە بووە و ئەو کیمیابارانەی کە لە هەڵەبجە ئاسارەکەی بووە، ئایا هەموو کوردستان وەکو یەکە لەم کاولکاریە؟ بۆیە پێویستە بەراستی یەعنی من لەگەڵ ئەو رەئیەی جەنابی وەزیر نیم ، کوردستان راستە هەمووی کاولە، بەڵام کاول کردنەکە وەکو یەك نیە، هەر ئەو مەبدەئە لە دەستوردا هاتووە و حەقە ئێمەش لەو میزانیە لەبەر چاوی بگرین.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

که هاتینه باسی کۆبوونەوەی داهاتوو و وەزارەتەکان و وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە، تەماشا بکە بزانە چەندبوو ئەو ناوچانەی داندراوە؟ و تەقیمی پار سالّیش بکە ، هەر پار سالّ لەسەر داوای ئێمە حکومەت 5 ملیۆن دۆلاری زیاتر تەرخان کرد لە بودجە بۆ سەرف کردنی بۆ ناوچەی هەڵەبجە و شوێنەکانی تر و ئەم سالّیش کە هاتینە سەر ئەوە باسی دەکەین، کۆبوونەوەی داهاتوومان رۆژی سێشەممە دەبێت، هەموو بابەتەکان یەکە یەکە دێینە سەری، ئینجا ئەو وەختی ئەو راپۆرتەی لوجانانی فەرعی هەر یەکە راپۆرتەکەی خۆی هەموار بکاتەوە، ئێستا نووسیویەتی، بەڵام لەبەر رۆشنایی رووبەرووبونەوەکانی جەنابی هەردوو وەزیر کە پێویست دەکات راپۆرتەکانی خۆیان کورتر بکەنەوە، چونکە زۆر شت وەڵام درایەوە و کە هاتینە سەر وەزارەتەکە دەتوانێت راپۆرتەکەی خۆی بخوێنیتەوە بۆ دەوڵەمەندکردنی و ئیقرارکردنی پاش موناقەشە، رۆژی سێشەممە سەعات 10,30 ، بەڵام پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکەمان بێنم بەیانی 4|24 یادی بۆردومان کردنی قەڵادزێیە، دامنابوو بەیانی قسەی لەسەر بکەم، بەڵام کە بەیانی دانیشتنمان نەبوو حەقی خۆیەتی ئەمرۆ ئاماژەی پێ بدەین، لێرەوە سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قەڵادزە بنێرین کە لە نەتیجەی بۆردومان کردنی شارەکەیان لە ساڵی 1974 وەکو سبەینێ ، کە بووە هۆی ئەوەی دەیان خوێندکار و قوتابی و هاووڵاتی شەهید بن لە سایەی سیاسەتی رژێمی بەعس کە شەڕی بەرپاکردبوو دژی هەرێمی کوردستان، قەڵادزێ نەك هەر لەو رۆژەدا، بەڵکو لە ژیانی خۆیدا وەکو شارێکی خۆ راگر، خۆنەویست، هەمیشە باجی ئەوەی داوە لەبەرگری کردنی گەلی کوردستان لە دژی هەموو ئە سیاسەتانەی کە رووبەرووبوونەوە، سەدان شەهیدی داوە و لە شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی تازەشدا هەمیشە لە پێشەوە بووە لە خەبات و بەشداری کردووە لە هەموو بوارەکاندا، بۆیە رێز و سڵاو بۆ هەموو خەڵکی قەڵادزی و ئەو دەوروبەرە و هەموو خەڵکی کوردستان دەنێرین و گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردستانیش ئارام بێت و جێگایان بەهەشت بێت، بەڵێ کۆیستان خان.

بەڕێز کۆیستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

جەنابتان سەرۆکایەتی داواتان کرد لە لێژنەکان کە پێداچوونەوە بە راپۆرتەکانیان بکەن، ئایا بودجە لەسەر ئەو تەوصیات و ئەو شتانەی کە کرا و، ئەم ماوەیەش کە دانراوە تا سێشەممە، چاوخشانەوە بە بودجە ناکرێ وەکو ئیشارەتمان پێداوە و داوامان کرد؟ یان دوای ئەو کۆبوونەوانە، چونکە هەفتەی داهاتوو دەبێ تەصدیقی بودجە بکەین، ئەوە چۆن عیلاج دەکرێ؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

خۆی مولاحەزەکەت رامان دەکێشێت بۆ زۆر شت، لە نەتیجەی ئەو موناقەشاتانە تێکەڵاوی زۆر شت کرا کە لە موناقەشەی بودجە زیاتر بوو، جێی خۆی بوو و حەقی خۆیەتی هەموو ئەندامانی پەرلەمان پرسیاری پێویست بکات و هەندێ جار پرسیاریشی راستەوخۆ پەیوەندیشی نابێت، بەڵام ئاراستە کرا لە موناقەشە کردندا، بەڵام موناقەشەکردنی بودجە بەو شێوەیە دێت کە راپۆرتەکان هاتووە، راپۆرتی لێژنەی دارایی بەتایبەتی بە تێر وتەسەلی بوو و زۆربەی زۆری ئەندامان پشتگیریان لە راپۆرتی دارایی و ئابووری کرد

سەبارەت بەوە، کەواتە راپۆرتی دارایی و ئابووری دەبێتە ئەساسێك بۆ تەقیم کردنی بودجە، زۆربەی زۆری نوقاتەکان لە راپۆرتی دارایی و ئابووریدا هاتووە و رووڕکردنەوەی لە لایەن جەنابی وەزیرەوە کرا و زۆر داواکاری لە لایەن ئەو لێژنەیەی کە هاتبوو و ئێوە پشتگیریتان لێکرد پەسند کرا، لەوانە بودجە تایبەت بۆ دەسەڵاتی قەزا داندرا لەسەر داوای ئێوە بوو، لەوانە موافەقەت کرا لەسەر سولفەی عەقار کە داواکاری ئێوە بوو، لەوانە زۆر پرسیاری تر کە بۆ ئاوەدانکردنەوە ڕەچاوی کرد و دوا بریاریش وتی بۆ ئێوەیە، بەڵام هەندێ شت هەیە دەبێ ئەوانیش موافەقەت بکەن کە دەڵێ: دوا بریار بۆ ئێوەیە، ئەگەر بێینە موناقەشە مەنتیقی تێدا نیە ئەو بڕیارە، مەسەلەن ، ئەگەر بێتە ئێرە موناقەشەکردن لە نەقلی ئەبواب، ئەوە دەسەڵاتی تەنفیزیە، ئیشی ئێمە نیە جەنابی وەزیر لوتفی کرد دەڵێ: ئەگەر بڕیار دەدەن مانیعمان نیە، بەڵام ئەگەر بێتە سەر حەقیقەت ئەوە تەدەخولە لە ئیش وکاری جێبەجێ کردن وەکو ئەوەیە حکومەت بێت و تەدەخول بکات لە دانانی یاسا و بگۆڕێ بە هینی خۆیەوە، زۆر مولاحەزاتی تریش وەڵام درایەوە و ئەوەی تر دەمێنێتەوە کە لەسەر ئەبواب و سەرفەکە خۆ ئەوە ئەرقامە و پارەیەکە تەحدید کراوە لە بەغداوە و ئەوەندەیە، لێرەشەوە حکومەت وەفدی چوویتە بەغدا ومونەقەشەی کردووە و سەرفیاتی داناوە و نەفەقاتی خۆی دیاریکردووە و نەفەقاتی ئیستیسماری دیاری کردووە و ڕێژەکەی هین کراوە وعەجزەکەشی تەحدید کردووە بۆ چی عەجزی هەیە؟ حیساباتی خیتامی کە وەعدی دا بۆمان بنێرێ ئەوە داوایەکی ئێوە بوو و لە راپۆرتی لێژنەشدا هاتبوو، ئەوەش کەواتە ئیقرار کرا، لەو حیساباتە خیتامیە دەردەچێت سەرفیاتەکان چی بووە؟ ئەو عەجزەش لەبەر چی هەیە؟ ئەوە هەمووی ڕوون دەبێتەوە لە داهاتوودا و ئێستاش حکومەتی عێراق ئەو میزانیە تەکمیلە دەکات، هەم عیجزەکە کەم دەبێتەوە و هەمیش بەشێك لە ئیستیسمار و پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوە زیاتر دەکات، من نوقتەکم ڕەنگە زۆر باس کرا، بەڵام پێم وایە زیاتر ڕوونی بکەینەوە، مەسەلەی نرخی نەوت 57دۆلارە، جەنابی وەزیریش وتی ئێمە ئیختیارمان کردبوو 65 دۆلار بێت و کەم بوویتەوە، نرخی نەوت کە ساڵی پارەکەوە بوو 2007 داندرا، ئەو عەقدانەی کە حکومەتی عێراق لەگەڵ شەریکاتی نەوت کردوویەتی لەبەر ڕۆشنایی عەقدەکان خۆ یەکسەر پارە نادرێت، ئێستا ئەمڕۆ نووسراوە بەرمیل بە 118یە، خۆ ڕەنگە پارەی ئەو 118ەیە ساڵێکی تر بێتە سەر خەزینە، ئەو عەقدانەی کۆنترە جێبەجێی دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پارەی کە دێتن لە نەتیجەی زیادبوونی نەوت بۆ کوێ دێ؟ ئێمە حصەمان تێدایە و دێتە حکومەتی فیدراڵ، ئەو سی ملیار یان چل ملیار دۆلارەی کە ئێستا زیاد هەیە لە بانکی مەرکەزی عێراقی، ئەوە هی هەموو میللەتی عێراقە لە نەتیجەی زیادبووندا هاتیە، ئەوە 57ی دانا بێ یان 80 ی دانابێ، زیادەکە نافەوتێ، بەدەلیلی ئەوەش کە نافەوتێ، چەندین جار حکومەتی فیدرال ئیعلانی کردووە ئەوەندە پارەمان زیادە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو زیادەیەش ئەو میزانیە تەکمیلیە خۆ هەموو پارەکە ناخەنە ناو میزانیەی تەکمیلی، هەموو دەوڵەتێك پێویستی بە پارەی ئیحتیات هەیە، ئیحتیاتی مەرکەزی و ئیحتیاتی ئیتیحادی، ئەو پارەیە بەشێکی دەچێتە ئیحتیاتی ئیتیحادی بەشێکیش لەبەر پێداویستی میللەتی عێراق و هەرێم و پارێزگاکان و بەغدا دەیخەنە سەر میزانیەی تەکمیلی، لەبەرئەوەی ئەوەلەن تەزەخوم هەیە، تەزەخوم لەوەدا هەیە نرخی دۆلار کەم

pهەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆڵەکان

47

سالّی/ 2008 – بەرگی چل و حەوت

چاپی یەکەم/ سالّی 2008

پێڕیست

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (12) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/4/29 ل5

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (13) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/4/30 ل65

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (14) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/5/5 ل171

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (15) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/5/6 ل231

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (16) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/5/12 ل275

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (17) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/5/13 ل339

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (18) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/5/19 ل431

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (19) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/5/20 ل493

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (20) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/5/26 ل499

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (21) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/5/28 ل517

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (12)

سێ شەممە رێکەوتی 2008/4/29

کاتژمێر (10ر30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2008/4/29 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (12)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (10ر30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ رێکەوتی 29/ 2008/4 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق و یاساکەی، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بە ناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە. بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی مادە 20 لەپەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1) ی هەموار کراوی ساڵی 1992 ی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان_عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات 11,10 ی پێشنیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2008/4/29 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق و یاساکەی, کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

سەرەتا زۆر بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان و بریکاری وەزارەتی دارایی دەکەم, زۆر بەخێربێن سەرچاو, بەردەوام بن لەگەڵمان لەسەر گفتوگۆکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان, داوا لە لیژنەی دارایی دەکەم بێن لەشوێنی خۆیان دابنیشن, خوشك و برایانی بەڕێز ئێمە لە دانیشتنەکانی پێشوو راپۆرتی لیژنەی دارایی خوێندرایەوە, دواتر رای وەزارەتی دارایی و ئابووری و لەبەر رۆشنایی موناقەشاتی ئێوە و مودا‌خەلاتتان, ئەمە چەند هەفتەیەکە ئەم پڕۆژەیە لە موناقەشەکردندایە, لەبەر رۆشنایی ئەو گفتوگۆیە و ئەو دانیشتنانەی کە کرا لە هۆڵی پەرلەمان, قسەکانی بەڕێز وەزیری دارایی و بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی, هەروەها بەڕێز وەزیری پلاندانان, زۆر مەسەلە لای ئێوە روون بۆوە, پاش ئەو هەموو

گفتوگۆیە چەند مەسەلەیەکی گرنگ تەسبیت کرا لەلایەن حکومەتەوە, کە لەلایەن ئەو وەزیرە بەڕێزانە تەمسیلیان دەکەن, تەسبیت کرا, بوو بەبەشێك لە میزانیەکە, یەکەم مەسەلە, مەسەلەی قانونی دەسەلاتی دادوەری بوو, کە بەپێی یاساکەی دەبوایە سەربەخۆ بێت, ئەوە قبوڵ کرا و, جێبەجێش کرا, واتە دەسەلاتی بودجەی دادوەری, بودجەیەکی تایبەتیان هەیە, دووەم مەسەلە, کە ئێوە داواتان کرد سولفەی عەقار بوو, کە دەبێ عەقار بدرێت, ئەوەش قبوڵ کرا و, پارەیەکی دیاری بۆ تەرخان دەکرێ و جێبەجێ دەکرێ لەلایەن حکومەت, سێیەم مەسەلە, کە گفتوگۆی لەسەر کرا یەکسانی مووچە بوو, مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و فەرمانبەرانی هەموو عێراق, کە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە یاسای تایبەتی بۆ دەرچووە بۆ بەرزکردنی مووچەی فەرمانبەران, ئەوانی کەم مووچەن, ئەوەش لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە لەگەڵ نوێنەرەکانیانەوە کە لێرە دانیشتوون هاتە قبوڵکردن و, لەزووترین کاتدا لەگەڵ بەغدا تەنسیقیان هەیە بەو پارە زیادەی کە بودجەی تەکەمیلیە رەچاوی ئەوە دەکرێت, ئێرەش مووچەی فەرمانبەرەکان دەبێ هەمووی وەکی مووچەی فەرمانبەرانی عێراق بێت, چوارەم مەسەلە, مووچەی خانەنشینی کوردستانە, کە بەشێکی زۆر لە خانەنشینانی کوردستان کێشەیان هەیە, هەم ئەوانەی پێش راپەڕین خانەنشین کراون کە کێشەکانیان زۆر زیاد کراون, زۆر کەم مووچەیان بۆ دیاری کراوە, زۆر گرفتی دیکەیان هەیە, هەم ئەوانی تریش کە فەرقی هەیە لە مووچەی خانەنشینیەکانیان, حکومەت موافەقەتی کرد هەردوو وەزیری دارایی لێرە کە ئەوەش وەکو بەغدا بێت لێرە لە پەیوەندی بن, یەکسان دەبن, خانەنشینەکانی لای خۆمان یەکسان دەبن, خانەنشینی گشت عێراق یەکسان دەبن, بۆ ئەوەی ئەو زوڵمەی کە هەیە لەسەریان نەمینێ, پێنجەم/ مەسەلەیەك هەیە ئێوە باستان کرد, وشکەسالێیە, ناوچەیەکی زۆری کوردستانی گرتۆتەوە, کە بۆتە هۆی ئەوەی کە خەڵکانێکی زۆر لەلادێیەکان, گوندەکانیان چۆڵ بکەن و رووبکەنە شار, لەسەر کێشەی ئاو, ئەمەش حکومەت لەو میزانیەی کە پێی دەڵێن میزانیەی تەوارئ رەچاوی دەکات, هەروەها لەو پارەی کە لە میزانیەی تەکمیلی دیاری کراوە بۆ کوردستان, ئیهتیمامێکی زۆری پێدەدات, ئیعلان کرا لەلای حکومەت, بەڵام دوێنێ لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت و جێگیرەکەی ئاماژەیان بەوە کرد, کە هەرچیان بۆ بکرێ بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەو وشکە سالێیە و هاوکاری کردنی ئەو خەڵکەی کە دەیکەن, چ لە بودجەی تەواری, چ لە بودجەی تەکمیلەیی کە دێتن, ئەگەر بەشیشی نەکرد ئەوکات ئێمە رووەکەینە حکومەتی عێراق, داوای هاوکاری لەوانیش دەکەین, چونکە مەسئولیەتی ئەوانیشە, بەڵام ئینشاالله حکومەتی خۆمان دەتوانێت بەو ئیمکانیەتییەی کە هەیەتی رووبەڕووی ئەوە ببێتەوە, بەشێکی گرنگی میزانیەکە تەواو بوو بە موافەقەتی حکومەت لەسەر ئەو مەسەلە گرنگانە کە ئاماژەم پێکرد, بەشەکەی تری میزانیە کە بریتیە لە میزانیەی وەزارەتەکان, سەرۆکایەتی هەرێم, سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران, وەزارەتەکان, پەرلەمانی کوردستان, ئەمەش ئەمڕۆ گفتوگۆی لەسەر دەکەین, ئەو مەبدەئانەی کەباسم کرد, ئەگەر رەبتی هەبێت بەمیزانەی هەر یەك لەو بابەتانەی کە باسی دەکەین رەنگی دەداتەوە, کەمی دەکات و زیادی دەکات, بۆیە ئێستا من داوا لە لیژنەی دارایی دەکەم دەست

پێبکات به موناقەشەکردنی ئەو بەشە, پێشم وایە ئەوەی تایبەتمەندە بە مەسەلەکە قسەی بکات, مەسەلەن وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە, لیژنەی ئاوەدان کردنەوە مەفروزە راپۆرتیان هەبێ, ئەوانەی کەبەدواداچوون لەسەر قسەکانیان بکەن, قسەکانیان لە حدودی میزانیەی ئاوەدان کردنەوە بێت, نەك بێتە سەر مەسەلەیەکی تر ئەوە دوێنی باس کرا, ئەوە پێری باس کرا, یەعنی تەحدید بێت, کاتمان بۆ بمێنێ, یەك نوقتەی ترم هەیە, تەبعەن مەسەلەیەك هەبوو کە پێویستە باس بکرێ, زۆر لە برادەران باسیان لەوە کرد کە ئەو میزانیەی کە لە عێراق تەرخان کراوە بۆ ئێرە, هەمان میزانیە نییە کە حکومەتی هەرێم تەقدیمی کردووە, ئەرقامەکانیان فەرقی هەیە, پێیان وابوو ملیارێك دۆلار فەرقی هەیە, من بەش بەحاڵی خۆم بەسەریدا چوومەوە کە وانییە, بەاڵم داوا دەکەم ئەگەر وەزیری پلاندانان ئەو شتەتان بۆ روونبکاتەوە, بۆ ئەوەی لاتان روون بێت کە هیچ فەرقێك نییە, ئەگەر هەبێت ئەوە ئەو کات پرسیارەکان ئاراستەیان دەکەین, هەرسێ وەزیر لێرەنە, بەاڵم پێشتر کاك عوسمان ئەگەر ئەوەی شەرح بکات, پێش ئەوەی دەست بەبەرنامەکەمان بکەین, سوپاسی دەکەین, فەرموو.

بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

مواڵحەزەکە لەسەر ئەوەی کە لە میزانیەی عێراقەوە هاتووە, لە وەقائیعی عێراقی تەبعەن نەشر کراوە, فەرقێك هەبوو برادەران تەصوریان کرد ئەمە خەلەڵێکە, ئەوەی کاك سەرکیس خوێندیەوە ئەو رۆژە میزانیەی هەرێمی کوردستان 6 ترلیۆن و 580 ملیار و 784 ملیۆن و 714 هەزار دینارە, ئەو رەقەمە بەپێی میزانیە کە لە الپەڕەی 16 هاتووە, ئەو رەقەمە بزەبت تەواوە, یەك ئیشکال هەیە, ئیشکالەکە لە مادەی 17 فەقەرەی 4 کە هاتووە ئەڵێ (تحدد كل الحصص من اقليم كردستان بنسبة 17٪ من إجمال النفقات مبينة في جدول (د) النفقات الحاكمة, الملحقة من هذا القانون الذي تمثل مبلغاً مقداره 5 ترليون و 799 مليار و 457 مليون على ان يتم الصرف بهذه الحصة إلا بعد التشاور و التنسيق بين الوزارة المالية و الوزارة المعنية في اقليم كردستان), ئەمە باسی جەدوەلێك دەکات جەدوەلی (د)ە کە نەفەقاتی حاکیمەیە, تەحدیدی کردووە نەفەقاتی حاکیمە چییە؟ نەفەقاتی حەجە, نەفەقاتی ئیستیرادی تاقەی کارەبایە, نەفەقاتی دەعاوی حەلی نیزاعاتی مولکیەیە, ئیستیرادی وقودە, عەدەدی سوکانە, کە هەمووی 5 ترلیۆن و 799 ملیارە, حەصەی ئیقلیم 985 ملیارە لەم مەبلەغە, برادەران وایان حیساب کردووە کە ئێمە ئەو 985 مان حیساب نەکردووە, فیعلەن ئێمە وامان کردووە, چونکە لەلایەن عێراقەوە سەرف دەکرێ, موادیی غیزائی خۆتان دەزانن دەرمان و ئەوانەی کە باس کرا هەر هەمووی لە عێراقەوە سەرف دەکرێ, بەاڵم بەشی هاوواڵتی کوردستانی تێدایە, ئەم پارەیە داخیلی میزانیە نابێت, ویستم ئەمە بۆ برادەران و ئەندامانی پەرلەمان روون بکەینەوە, کە ئەم رەقەمەی کە هاتووە 6 ترلیۆن و 580 ملیار ئەوە میزانیەی حەقیقی کوردستانە, کە ئەو میزانیە لە بیدایەت هاتووە, یەك ئیشکال هەبووە, ئەویش کەئەو رۆژە میزانیەمان ئامادە کردووە لەسەر ئەساسی ئەو میزانیەی کە موصادەقەکرا لە مەجلیس وزەرای عێراقەوە,

کە ڕەوانەی پەرلەمان کرا, لەناو پەرلەمان میزانیەکە تۆزێ زیادی کردووە, 108 ملیار فەرقی کردووە, 108 تەعدیل کردەوە کە ئەویش بۆ زیادەی مووچەیە لەلایەن برادەرانی وەزارەتی داراییەوە, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك دلێر, ئەگەر ئەو بابەتانەی کە خوێندرایەوە لیژنەی تایبەت ڕاپۆرتی نەبوو, لیژنەی دارایی مولاحەزاتی خۆی بڵێت پێش ئەوەی کەس مولاحەزاتی بڵێت, فەرموو.

بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە پێمان چاکە دەزگا بەدەزگا, یاخود وەزارەت بە وەزارەت بیخوێنینەوە بزانین چەندی بۆ تەرخان کراوە, بەنسبەت بودجەی تەشغیلی و بودجەی ئیستسماری, باش.

(سەرۆکایەتی هەرێم/ 45222 کە دەکاتە 0,95٪ ی بودجەی تەشغیلی), (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ 54908 کە دەکاتە 1,16٪ بودجەی تەشغیلی), (ئەنجومەنی نشتیمانیی کوردستان/ 54908 کە دەکاتە 1,16٪ بودجەی تەشغیلی).

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك دلێر ئەو سێیە بەیەکەوە بێت, ڕەنگە ڕاپۆرتیان نەبێت لیژنەکان, ڕیئاسەتی هەرێم و ئەنجومەنی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران), ئەگەر خۆتان ڕەئیەکتان هەیە لەسەری, مولاحەزەتان هەیە وەکو لیژنەی دارایی لەسەر ئەو سێ بابەتە, بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێك مولاحەزەی هەبێت موناقەشەی بکەین.

بەڕێز دلێر اسماعیل حقی شاویس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی جگە لەو تێبینیانەی کە لەڕاپۆرتەکەمان هەیە, هیچ تێبینی ترمان دەربارەی ئەمانە نییە, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کەس مولاحەزەی هەیە لەسەر ئەو میزانیەی, کاك بارزان, فەرموو

بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پێشنیار دەکەم یاسایەکی تایبەت لەپەرلەمانی کوردستانەوە دەربچێت کە تەحدیدی صلاحیات و زەوابتی سەرفی بودجەی هەرچوار دەسەلاتەکە لەهەرێمی کوردستان بکات, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەوکاتەی هاتینە سەر قانونی میزانیە, ئەوە تەرح بکە, کاك شێروان.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەسەر میزانیەی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان, هەندێك مولاحەزەم هەیە, ئەگەر مەجال بێت باسی بکەم, بەنسبەت, حەرسی شەرف, مەعلومی جەنابتانە, ئێمە لەو پەرلەمانە حەرس شەرفێکمان هەیە, کە سیمای کوردایەتی و خەبات و تێکۆشانیان پێوەدیارە, بەجلی کوردی ماوەیەکە خزمەت دەکەن لە پەرلەمان, بەلاّم تا ئێستا ئەوەی مەعلوماتم هەیە میلاکیان تەسبیت نەکراوە لە پەرلەمان, لەبەر ئەوەی ماوەیەکی دوور و درێژیشە لێرەن, ئیشەکەشیان قوڕسە داوا دەکەم کە ئەو میلاکە تەسبیت بکرێ لە پەرلەمان, ئەمە یەك, دوو/ ئەوەی من مەعلوماتم هەیە, لەو رۆژەی کە تەعیین بووینە راتبێك وەردەگرن کە ئێستاش هەمان راتب وەردەگرن کە هیچ زیادەیەکی بەسەر نەکراوە, بۆیە حەز دەکەم لە میزانیەی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان ئەو مەسەلەیە تەسبیت بکرێ, بۆ ئەوەی ئەوانیش وەکو خەڵکانی تر مەشمول بەو زیادەیە بن, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ناو دەنووسم, ئەوەی دەیەوێ قسە بکات, کاك کریم فەرموو.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سەبارەت بە میزانیەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان, زۆربەی پەرلەمانتاران لەگەڵ ئەوەداین, سەبارەت بە مووچە و دەرماڵەی پاساوانانی پەرلەمانتاران کە لەوەزارەتی داخلیە بۆیان سەرف دەکرێ, وەکو پەرلەماناتی دونیا لە میزانیەی وەزارەتی داخلی بگواستڕێتەوە بۆ سەر بودجەی پەرلەمانی کوردستان, بەڕاستی ئەو پەرش و بلاّویەی ئێستا هەیە سەبارەت بە وەرگرتنی مووچە لەلایەن پاسەوانانی ئەندامانی پەرلەمان, بۆ ئەوەی تەلافی بکرێن و مەسەلەکە جێگای خۆی بگرێتەوە, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

هەر مولاحەزەیەکە دەیدەم, بۆ ئەوەی ئەو قسانەی کە دەکرێ نەبێتە هۆی ئەوەی بڵێن ئەندامانی پەرلەمان بەس موهتەمن بە حەرسی شەرفی خۆیان, ئەوە موناقەشەی میزانیەی پەرلەمانە لەبەر ئەوەی زۆر تەبیعیە موحەدەدە, بچینە سەر وەزارەتی فلان باس دەکرێت, ئەوە موناقەشەی پەرلەمانە, بۆ رەئیی ئەوانەی کە موتابەعە دەکەن و دەنووسن, لەبەر ئەوەی زۆر تەبیعیە باس لەو بابەتانە بکرێتن کە لە میزانیەی پەرلەمان باس کراوە, سۆزان خان فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

یەکەم/ لەسەر هەمان رەئیی کاك کەریمم, پشتگیری لێدەکەم, پاسەوانەکانی ئێمە بەڕاستی موعاناتیان هەیە لە راتب وەرگرتن, ئەگەر بخرێتە سەر پەرلەمانی کوردستان ئەو موعاناتەیان لەکۆڵ دەبێتەوە, خاڵی

دووەم/ ئێمە گرنگ نییە باس لە رەقەمەکان بکەین, بەڵام گرنگ ئەوەیە چۆنیەتی صەرف, هەر ئەوەندە گرنگە لەلای ئێمە, زۆر سوپاس.

بەڕێز سارا خضر پیرۆت:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

قسەکەی منیش پەیوەندی بە موچەی پاسەوانەکان هەبوو, کە زیادەکە پەرلەمان دەیدات 100 هەزارەکە, بەڵام ئایا هەر بەردەوام دەبێت, یان بۆیان چاك دەکرێ؟ ئەوانیش شمولی ئەو زیادەیە بکەن کە فەرمانبەران بە گشتی وەری دەگرن, چونکە ئەوان زیادەکە شمولی نەکردبوون, زۆر سوپاس.

بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەسەر ئەو بنەمایەی کە پەرلەمانی کوردستان دەسەلاتێکی سەربەخۆیە, جێی خۆیەتی خۆی و هەموو ئەوانەی پەیوەندیان بە پەرلەمان هەیە سەربەخۆ بێت, بۆیە منیش پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم, تەنانەت ئەو هێزەی کە پاراستنی پەرلەمانیش دەکات, حەرس شەرفەکانمان, هەر هەمووی سەر بەپەرلەمانی کوردستان بێت, زۆر سوپاس.

بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

منیش پشتیگری ئەو برا و خوشکە بەڕێزانە دەکەم, کە باسیان لە مەسەلەی پاسەوانەکان کرد, شتێکی زۆر ئاساییە, ئەگەر پەرلەمان نەتوانی دیفاع لەحەقی خۆی و دیفاع لە حەقی ئەو خەڵکە بکات کە لەگەڵی دایە, ناتوانێ دیفاع لە حەقی میللەتەکەش بکات, ئەوە خاڵێك, خاڵێکی تر ئەوەی کە من تێبینی دەکەم, بەڕاستی زۆرجار وایە کە بەسێ مانگ جارێك راتب وەردەگرن, بۆیە ئێمە موعاناتەکە دەزانین, کە داوا دەکەین بگەڕێتەوە سەر پەرلەمانی کوردستان, پێشتر ئێمە پڕۆژە یاسایەکیشمان داوا کردبوو دامان بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان, وابزانم سەرۆکایەتی دایتە ئەنجومەنی وەزیران, حەقە لێرە ئێمە لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت گفتوگۆ بکەین, ئەو مەسەلەیە بکەینە واقعێك و بیگەڕێنینەوە سەر سەرۆکایەتی پەرلەمان, سەرۆکایەتی پەرلەمان دەسەلاتی ئەوەی هەبێت, هەم دایان بمەزرێنێت, گۆڕانکاریەکانیش هەمووی لەپەرلەمان بێت, ئەوەی تێبینی دەکرێ تا ئێستا ئەوانە خزمەت گوزاری ئەندامانی پەرلەمان دەکەن, بۆیە ئەگەر بێنەوە ئێرە باشە, مەسەلەی تەقاعودیش ئەو خزمەتەیان بۆ حیساب بکرێ, کە دەیکەن, لەگەڵ رێزمدا.

بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەو قسانەی کە بەنیاز بووم بیکەم, برادەرانی پێشی من کردیان, دووبارەی ناکەمەوە, ئەوەندەی تەئکید دەکەمەوە پاسەوانەکانمان مەعاشیان لە پەرلەمان وەربگیرێ, زۆر سوپاس.

بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

منیش بەهەمان شێوە تەئکید لەسەر ئەو زەمینانە دەکەمەوە کە باسیان کرد, پەرلەمان دەسەلآتێکی سەربەخۆیە مەفروزە هەموو دام و دەزگاکانی سەربەخۆ بێت, سەر بەهیچ لایەنێکی تر نەبێت, زۆر سوپاس.

بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من دەربارەی حەرسی شەرف, پشتیگری ئەو لایەنە دەکەم کە فعلەن میلاکیان یەکلایەن بکرێتەوە, خالێکی تر ئیزافە دەکەم, کە هەمەرەنگ بن, بەهەموو پێکهاتەکانی ئەو پەرلەمانە, چۆن پێك هاتووە, حەرس شەرفەکانیش فعلەن پێکهاتەکەی پێوە دیار بێت, بەهەموو رەنگەکان بێت, دەربارەی مووچەی حەرسی شەرفیش, بەپێی هاوپیشەکانی خۆیان چۆنە, خۆ ئەوانیش بەدەر نابن لە مووچە خۆرانی تری کوردستان, سوپاس.

بەڕێز د. نوری جمیل تالەبانی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من داوا لە بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم کەوا بۆ زیاتر بەرچاو روون کردنی ئەندامانی پەرلەمان, هەندێك زانیاری زیاتر بخاتە بەرچاومان, سەبارەت بە شێوەی سەرف کردنی ئەو پارانەی کە بۆ ئەم سێ دامەزراوە سەرەکییە تەرخان کراوە, سوپاس.

بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

منیش تەئیدی پێشنیارەکەی کاك شێروان و کاك کریم دەکەم, لەهەمان کاتدا داوا دەکەم حیماییەی پەرلەمان ئەوانیش میلاکیان تەسبیت بکرێ, یەعنی هەروا نەمێننەوە, پرسیارێکیشم هەیە, من لێرە نەبووم, ئەم سێ مەرفەقە, بۆ نموونە پەرلەمان, ئەو ئیعتیمادانەی کەهەیبووە 43 ملیار و کەسر, بەلآم ئەوەی کە سرفی کردووە 21 ملیار و کەسر, داوای بۆی کراوە بە 54 ملیار و کەسر, هەروەها بەنسبەت ئەنجومەنی وەزیران خۆ کراوە تەقریبەن بە سێ ئەوەندەی کە سەرفی کردووە لە 2007, عەدەدی میلاکاتەکە, ئەو زۆر نییە کە داواکراوە زیاد بکرێ, یەعنی لەسەر چ ئەساسێك ئەو زیاد و کەمیە هین کراوە, جا ئەگەر حەفتەی پێشوو باس کراوە, من داوای لێبووردن دەکەم لێرە نەبووم, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس, بەشێکی زۆری پرسیارەکانتان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە, زیاتر لەوەی ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەکان بێت, بەنیسبەت پاسەوانانی ئەندامانی پەرلەمان, خۆشم پشتگیری دەکەم لەبەر ئەوەی نووسرامان کرد بۆ حکومەت, داوامان کرد, بەلآم هەردوو وەزیر, وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم بۆ

کاروباری ناوەخۆ, مولاحەزەیان پێشاندا کە ئەوە سیستەمەکە تێك دەدات و رازی نەبوون, بۆیە من داوام لێکردن کە رۆژێك بێنە ئیرە کۆبوونەوەی بکەین, بۆ ئەوەی رێگایەك بدۆزینەوە, ئەگەر داوای هەموتان بێت, ئەوا دەکرێ بە پڕۆژەیەك, ئەو دەبێت بەقەراری ئێوە, لەگەڵ وەزارەتی دارایی ئەو میزانیەی کە خاصە بەوان دەیخەینە سەر میزانەی پەرلەمان و دەتوانین ئەبوابەکانیان تۆزێ تەنەقول پێ بکەین, بۆ ئەوەی جێیان باشتر بێت, کاك هیوا فەرموو, نوقتەی نیزامت هەیە.

بەڕێز هیوا صابر احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من شتێك ئەبینم, ئێمە پار لیژنەی دارایی ئیتیفاقمان لەسەر کرد لەگەڵ هەردوو وەکیل وەزیرەکە, کە میزانیەی پاسەوانەکانی ئەندامانی پەرلەمان خرایەوە سەر میزانیەی پەرلەمان, ئتیفاقمان کرد کە ئیتر لەمەولا لەسەر میزانیەی پەرلەمان بێت, بەڵام پاش تێپەڕ بوونی یەك ساڵ دووبارەی ئەوە دەکەینەوە, لەزمنی زیاتر بودجەی پەرلەمان لەساڵی پار, حیسابی مووچەی پاسەوانەکانیشمان کردبوو, پرسیم بۆچی جێبەجێ نەکراوە؟ سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

نازانم, پار بووبووە قەرار, یان تەوصیە بوو, ئەگەر بووبێتە قەرار ئەوە شتێکی ترە, بەڵام تەوصیە بوو کە هین نەکرایە, وا بەدوا داچوونەوە کە لە کۆبوونەوەکان باسمان کرد, ئاخیرەکەی کردمانە نووسراوێکی ڕەسمی بۆ حکومەت بەم شێوەی کە عەرزم کردن, کاك خورشید فەرموو.

بەڕێز خورشید سلیم شێرە:

بەڕێ. سەرۆکی ئەنجومەن.

منیش تەئیدی خوشك و برایانم دەکەم سەبارەت بە پاسەوانەکان, بەڵام موشکیلەیەك هەیە حەز دەکەم هەموو لایەك ئاگادار بێت, ئەو حەرەسانەی پەرلەمان و هەموو حەرەسی ئەحزاب و مەسئولین, زیاتر لە پێنج, شەش هەزار کەسن هیچیان میلاك نینە لەسەر وەزارەت, نەموستەقبەلیان هەیە, نەتەقاعودیان هەیە, نە خدمەشیان بۆ حیسابە, تا لە لای ئێمەن ئەوە ئیش دەکەن, وەکی ئێمە نەماین دەچنەوە ماڵی خۆیان, لەبەر ئەوەی ئەگەر ئێمە بتوانین ئەوانەی پەرلەمان بکرێتە میلاك, هەیە 19 ساڵە خزمەتی, ئەوە شتێکی باشە, ئەوە یەك, ئیقتیراحی دووەمم, ئەوەیە جارێکی تر ئیرسالمان کردیە بە بیر جەنابتمان هێناوەتەوە, بەڕاستی قاعەکەمان بچووکە, حەز دەکەم لە میزانیەی ئەمسالّ وابکەین کە قاعەك دروست بکرێ, چونکە ئێستا جێمان نییە, مومکینە خەڵك زیاتر بن, قاعەکەش کۆن بووە, نەهی ئەو سەردەمەیە, نە هی وەزعی ئێستاشە, ئیقتیراح دەکەم کە قاعەك دروست بکرێ, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئیقتیراحەکەی کاك شێروانیش بۆ حەرسی شەرف, ئەویش جێی خۆیەتی یەعنی حەقە پڕۆژەیەك هەبێت بۆ ئەوەی ئەوانیش خدمەیان بۆ حیساب بکرێ, بهێنن لە پەرلەمان دەسەلاتی خۆمانە, مولاحەزەی

پەخشان خان کە پێم خۆش بوو ئەو مولاّحەزەی پیشاندا, چونکە هەندێ ئەندامانی پەرلەمان پرسیاریان لەمن کرد, بۆچی تا نیوەی سالّ پەرلەمان ئەمەندەی سەرف کردووە, ئەگەر حیساب بکەین, مانای وایە دەبێ نیوەکەی تریش حیساب بکەین, کەمتر لەو میزانیەی ئێستا, شەش مانگی یەکەمی پار سالّ, تا هین ملیارێك و کەسر بووە, دوایی بۆچی ئەوها زیادی کردووە؟ زیادەکە حەقە پرسیاری بکەن, یەکەم, پێش هەموو شتێك, دوو مەصرفە لەنیوەی دووەمی سالّ پار, یەکێکیان کڕینی ئەو شوقانەیە بۆ جێ نشینی ئەندامانی پەرلەمان, کە بەناوی پەرلەمان تۆمار کراوە, مولکی پەرلەمانە, دووەمیش/ تەجهیز کردنی ئەو شوقانە, کە هەمووی لە بەشی دووەمی پار سالّ, کە لێرەدا دیار نییە, ئەوەی کە دیاری کراوە فەقەت شەش مانگی یەکەمە, بێجگە لەوەش مۆزەفینیشمان زیادی کردووە, ئەو فەرقە لەوە دایە پەخشان خان, ئەوسالّیش میزانیەمان داناوە بەهەمان شێوەیە, تەنها ئحتیاجاتە, کراوەیە هەر کەسێك ئەندامێکی پەرلەمان هەم دەتوانێت تەماشای بکات, بۆ ئەوەی تەفاصیلەکەی بزانیت, صەرفیاتیشی نەك بەس کراوە و شەفافە بۆ ئێوە, چاودێری دارایی دوو سالّە لەسەر داوای خۆمان, پێش ئەوەی دەورشمان بێت, خۆمان داوامان کردووە بێتن تەماشا بکات, من شتێکتان پێدەلّێم بۆ جوابی سۆزان خان, راست دەکات, گرنگ ئەوەیە چۆن سەرف دەکرێت, سەرف کردنەکە مەسئولیەتە, مەسئولیەتەکە یەکەم شەخص هەلّیدەگرێ, دووەم شەخص هەلّیدەگرێ, وەزیری هەلّیدەگرێ, بەلاّم یەك/ دەبێ متمانەی پێ هەبێت, دوو/ ئەو متمانەیە بە قانون رێکخراوە, جگە لەوە هیچ شوێنێك نییە بەپێی قانون موعەڕەز نەبێت بۆ دیوانی چاودێری, هەموو شوێنێك کە لەمیزانیەی حکومەتی هەرێم سەرف بکات, دیوانی چاودێری موکەلەفە بەدوای دابچێت, هەندێك شوێن نەچووە, ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندی بە رابردووە وە هەیە, بەلاّم بەپێی قانون دەبێ بچێتە هەموو شوێنێکەوە, فەرموو پەخشان خان.

بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پرسیارەکەم دوو شەتڕە بوو, هی دووەم هیی پەرلەمان ئەوەی کە داواکراوە دانراوە, بەس ئەنجومەنی وەزیران, دوایی زۆر لە وەزارەتەکان یان زیاد کراوە, یان کەم کراوە, لەسەر چ ئەساسێك, دوو/ داوای خۆشیان لەسەر چ ئەساسێك, کە صەرفیاتی سالّی پاریان لەوە کەمتر کە داوایان کردووە, یەعنی سوئالە؟

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەو سوئالەم بۆیە جواب نەداوە, چونکە پەیوەندی بە وەزارەتەکان هەیە, من جوابی ئەو پرسیارەم هەیە کە پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە, کە هاتینە سەر وەزارەتەکان دەتوانین باسی لێوە بکەین, رایەکەی کاك خورشیدیش قاعەکەمان بچووکە, ئێمە مولاّحەزەمان کردووە لەمیزانیەی ئەوسالّ مەبلەغێك تەرخان کراوە, ئومێد دەکەم گەر بۆمان بکرێ دەستی پێبکەین, بۆ دروست کردنی ئەو قاعەیە, رەچاومان کردووە و لە میزانیەش هەیە, ئەگەر بتوانین هەر لێرە دروستی بکەین, ئەگەر نا بەرنامەیەکی تریش هەیە ستراتیجێکی تری گەورەتر هەیە کە جێگایەکی گەورە بۆ پەرلەمان بۆ داهاتوو, هەم قاعەکەی گەورە بێت,

هەم ئەندامانی پەرلەمانیش, چونکە ئێستا جێگاکەی بچووکە, مۆزەفی دەوێت, کۆمپیتەری دەوێت, جگە لەوەش قاعاتی تری دەوێت, خۆ ئێمە هەر وا نامینێین, بێینە سەر هەرێم ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانیش زیاد دەکات, مانای وایە ژمارەی ژوورمان زیاتر دەوێت, بەرنامەی ستراتیجیمان هەیە ئەگەر ئەومان دەست پێکرد دەبێ تەحەمول بکەین لەگەڵ ئەو قاعەیە بۆ ئەوەی ئەو دەست پێبکەین, ئەگەر نەمان توانی ئەو قاعەیە ئینشاالله دەستی پێدەکەین پێش کۆتایی ساڵ, کاك دلێر ئەگەر بچیە سەر وەزارەتەکان, وەزارەت بە وەزارەت, رەئیی وایە دەڵێ یەك بەیەك تەصویتی بۆ بکەین, بۆ میزانیەی سەرۆکایەتی هەرێم, کێ موافیقە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ موافیق نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, بۆ میزانیەی پەرلەمان, کێ موافیقە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ موافیق نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, یەك کەس موافیق نییە, واتە بەزۆرینەی دەنگ, من دەمەوێ بزانم بۆ میزانیەی پەرلەمان بۆ موافیق نیت؟ فەرموو.

بەڕێز هیوا صابر احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە باسی ئەوە دەکەین, هەرچەندە کە هەندێ حیساباتمان لەبەردەستدا نییە, بەڵام ئەصڵ وابوو لەبەردەستمان بێت, بەم بۆنەیەوە قسە بکەین, من خۆم یەکێك بووم لە لیژنەی دارایی, ساڵی پار میزانیەکمان بۆ یارەمەتیدان و مەعاشی پاسەوانەکان خستە سەر بودجەی پەرلەمان, ئێستا دەمەوێ ئەو پرسیارە بکەم, ئایا ئەگەر ئەو بودجەی ئیزافە کراوە بە بودجەی پەرلەمان, بۆچی نەکراوە؟ ئەگەر وەزارەتی داراییە, بۆچی نەیکردووە؟ من ئەبینم بودجەی پەرلەمان بۆ ساڵی پار دەوری 20 ملیار بوو, لەسەر ئەساس لیژنەی دارایی زیادمان کرد, یەکەم/ بۆ کڕینی شوقەکان, دووەم/ بۆ مووچەی پاسەوانەکان, ئەمساڵ شووقەمان نەماوە بکڕین, تا ئێستاش وادەردەکەوێت بودجەی مەعاشی پاسەوانەکانیش نەهاتووە, بۆچی ئەبێتە 57 ملیار؟ من بەقەناعەتی خۆم وەڵامێکی ئەوانەم بدرێتەوە و ئەو زیادەیەش, سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

من جوابی سوئالەکانی ترم داوە لە شەرحەکەم, هەروەها ویستم تێبگەم بۆ دەنگت نەداوە, ئێستا بۆ میزانیەی ئەنجومەنی وەزیران, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا, دەچینە سەر وەزارەتی پەروەردە, کاك دلێر فەرموو.

بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی ئەوانەی کە خوێندمانەوە سەبارەت بە میزانیەی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی نیشتیمانی و ئەنجومەنی وەزیران, بودجەی ئیستسماریان نییە, بۆیە نەمان خوێندەوە, سەبارەت بە وەزارەتی پەروەردە, بڕی (794601 دیناری بۆ تەرخان کراوە, کە دەکاتە 16,73٪), ئەوە گەورەترین ڕێژەی بودجەی تەشغیلیە, کە بەری کەوتووە, سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

وەزارەتی تەربیە راپۆرتان هەیە؟ فەرموو بۆ خوێندنەوەی راپۆرت.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من ئیقتراحەکەم لەبەرئەوەی هەردووکی دەگرێتەوە, وەزارەتی خوێندنی بالاش دەگرێتەوە, لیژنەی دارایی باس لەو بڕە پارەیەی وەزارەتی خوێندنی بالا بکات, سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

باشە, کاك دلێر بڕۆ بۆ وەزارەتی خوێندنی بالا, چونکە لیژنەکەمان لێرە هەردووکی دەگرێتەوە, فەرموو.

بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی (بڕی 191619 دینار کەدەکاتە 4,03٪ بودجەی تەشغیلی), کاك ئیحسان فەرموو.

بەڕێز احسان عبدالله قاسم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سەبارەت نەفەقاتی رەئس مالی وەزارەتی تەربیە بڕی 2765 ملیۆن دینار, وەزارەتی تەعلیم عالی بڕی 161317 ملیۆن دینار, بۆی تەرخان کراوە, سوپاس.

بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەسەر داوای ئەو موناقەشانەی چەند رۆژە کردوومانە, هەندێك گۆڕانکاری لە میزانیەی ئیستسماری کراوە, حەقە ئاخیر نوسخە بدەینە کاك د. دلێر, بۆ ئەوەی کە دەیخوێنێتەوە, ئەوان بخوێنێتەوە لەجیاتی ئەوە, سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر باشە, دەبوایە پێشتر بدابوایە, سوپاس, سۆزان خان فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئێمە زیاتر قسەکانمان لەسەر بودجەی ئیستسماری بووە, نەك تەشغیلی, بەلام وەکو خاڵێك کە ئەمڕۆ من ئیزافەم کردووە, دیارە لەبەردەستی بەڕێزتان نییە, لەوە دەست پێدەکەم:

پێویستە بودجەی تەشغیلی هەتا ئەکرێت کەم بکرێتەوە, بۆ ئەوەی ئێمە پەرە بەبودجە ئیستسماریەکە بدەین, هەندێ بابی سەرفیش هەیە کە تکایە وەزارەتی مالیە رەچاوی بکەن, رووبکردنەوەی لەسەربکەن,

مەعقولە لە شوێنێکی وەکو وزارەتی خوێندنی باڵا نووسراوە لە بابی تەغزیە 108 ملیۆن دینار, ئەمە یەکێکە لەو مولاحەزاتە زۆر زۆر بچووکانەی کە لەسەر شێوازی پڕکردنەوەی فۆرمی بودجەی تەشغیلی هەمانە, هەزارەها مولاحەزە هەیە, بەڵام ئێمە ئەو مولاحەزەمان لەلا گرنگە, زۆر سوپاس.

بۆ/سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستان-عێراق

بابەت/ راپۆرت

سەبارەت بە بودجەی هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا، لیژنەکەمان ئەم کۆمەڵە تێبینی و پێشنیارانە دەخاتە بەردەم هەردوو وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلان دانان:-

1- بودجەی دیاری کراو بۆ وەزارەتی پەروەردە 16٪ کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی گونجاوە, هەرچەندە بەشێکی زۆری بۆ بەشی تەشغیلی دەروات نەك وەبەرهێنان ، بەڵام بودجەی دیاری کراو بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا بەشێوەیەکی ڕێژەیی کەمە (4٪) لە حالەتێك دا ئەم وەزارەتە سەرجەم زانکۆکان و پەیمانگاکان و ستافی زانستی و کارمەند و قوتابی و خوێنکارێکی زۆر دەگرێتە خۆی .

2- لە لیستی پرۆژە پێشنیار کراوەکان کە لە ساڵی 2008 جێ بەجێ دەکرێت لە پارێزگای سلێمانی 35 قوتابخانە دروست دەکرێت و هەروەها دروست کردنی نهۆمی دووەم بۆ 19 قوتابخانە کە زۆربەی ئەو قوتابخانانە لە ڕووی ئەندازەییەوە کۆنن و ئەوە بەزیانێك دەزانین بۆ بودجە ، چونکە دروست کردنی نهۆمی دووەم بەم شێوەیە سەرکەوتوو نەبووە و زۆربەی قوتابخانەکانی کە سەردانمان کردوون گلەیی و گازاندەیەکی زۆریان هەبووە بەرامبەر ئەو نهۆمە تازەیە کە بەشێوەیەکی زۆر بازرگانیانە دروست کراوە, بێ گوێدان بە مەرجەکانی ستاندارد. لە لیستەکەی پڕۆژە پێشنیار کراوەکانی سلێمانی باخچەی ساوایانی تێدانیە، لە دهۆك 17 قوتابخانە دروست دەکرێت, باخچەی ساوایانی تێدانیە، لە هەولێر 34 قوتابخانە و 7 باخچەی ساوایان هاتووە. ئەمەش جێی گلەییە کە وەزارەتی پەروەردە و پلان دانان بەجیددی سەیری نەبوونی بینایەی باخچەی ساوایانیان نەکردووە.

3- گوژمەی پێشنیار کراو لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا ، لەلایەن وەزارەتی دارایی زۆرکەم کراوەتەوە ئایا ئەمە لەسەر بنەما و پلانێکی زانستی و واقعی یە یاخود تەنها ڕاهاتنە و ڕۆتینێکە بۆ وەزارەتی پلان دانان دەگەڕێتەوە .

4- ئێمە پشتگیری لە زیاد کردنی صلاحیەتی صەرف کردنی وەزیرەکان دەکەین بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی وەزارەت, چونکە کاتێك کە ئەدای وەزارەتەکەیان خراپ دەبێت دەڵێن وەزارەتی دارایی هاوکار نیە .

5- پێدانی سەربەخۆیی دارایی و ئیداری زانکۆکان بە هەنگاوێکی زۆر گرنگ دەزانین بۆ پڕکردنەوەی کەم و کورتیەکانی زانکۆکان و بەتایبەتی لەپاش دەرچوونی یاسای چاودێری دارایی دامەزرانی دیوانی چاودێری دەتوانرێت سەرف کردنی بودجەی تەرخان کراو چاودێری بکرێت .

6- وەك ئاگادارین زانکۆی صلاح الدین چەندین ساڵە بڕێك پارەی زۆری تەرخان کردووە (4 ملیار دینار) بۆ دروست کردنی دیزاینی زانکۆیەکی نوێ, بەڵام بەداخەوە ئەمسااڵیش لە پرۆژەکاندا نەبوو، (پارەی خەرج

کراو تا کۆتایی 10595/2007 ملیار دینار و گوژمەی پێویست بۆ ساڵی 20148/2008 ملیار دینار) بەداخەوە کاری نەخشەکێشان بە 2 ساڵ هێشتا کۆتایی نەهاتووە .

بودجەی وەزارەت بۆ نۆژەن کردنەوە و بەکرێ گرتنی بینایەی تر بۆ زانکۆ دەڕوات بێ ئەوەی هەنگاو بۆ دروست کردنی کەمپی زانکۆیی بنرێت, وەك هاتووە بودجە تەرخان کراوە بۆ دروست کردنی هۆڵی ئامادەکراو لە گشت زانکۆکان بە گوژمەی 13 ملیار دینار ، کە ئەمەش بەهەدەردانی پارەیە .

7- بۆ کۆمەڵگای زانکۆی سۆران لە 2007، 144 ملیۆن دینار دانراوە کە ساڵی رابردوو هیچ نەکراوە, بەڵام بۆ 2008/ 131 ملیۆن دینار دانراوە ئەو فەرقە لە بەینی 144 بۆ 131 واتە 15 میلۆن دینار بۆ کوێ دەروات؟

ئەوەی کە تێبینیمان کردووە لەگەڵ هەردوو وەزیری خوێندنی باڵا و پەروەردە بەشێك لە سیستمی بەرێوەچوونی کاروباری ئەم دوو وەزارەتە لە دروست کردن و دابین کردن و چاککردنەوەی بەشە جیاوازەکان و کەل و پەل کە لە بودجەی وەزارەتەکان دەستنیشانیشی کردووە, بەڵام وەزارەتی دارایی لەکاتی پێویست پارەکەیان ناداتە دەست بۆ نموونە: پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە هەولێر لەسەرەتای ساڵی خوێندنی 2007- 2008 لە بینایەی نوێدا دەستیان بە خوێندن کردووە, بەڵام بێ هەبوونی کەل و پەلی پێویست لە پەیمانگاکەدا هەر لەسەرەتای ساڵەوە بەرۆتین و بەردەوام لە رێگەی وەزارەتی پەروەردەوە داوایان لە وەزارەتی دارایی کردووە کە بودجەکەیان کە تەرخان کراوە بۆ سەرف بکرێت بۆ کرێنی کەل و پەلە پێویستەکان و تەنانەت داواکاریەکان ئاراستەی لیژنەکەشمان کراوە, بەڵام تا ئەم ساتەش بڕی پارەی دیاری کراویان بۆ سەرف نەکراوە و قوتابیان لە دۆخێکی زۆر نەگونجاو ئەمسالّی خوێندنیان بەسەر برد هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان بەشێك لە پێویستیەکانیان وەك دیاری پێشکەشی پەیمانگا کرد .

8- لە لیستی پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان لە هەولێر لە بەشی پەروەردە خاڵی حەوت هاتووە دروست کردنی 10 قوتابخانەی 12 پۆلی لە قەزاو ناحیەکانی دەوروبەری هەولێر بەبێ ئاماژە کردن بە ناوی قەزاو ناحیەکان .

9- نەخشەی دروست کردنی قوتابخانەی 3 پۆلی و 4 پۆلی لە دێ و شارە دێیەکان پێویستە نەمێنێ, چونکە سیستەمی خوێندن گۆڕاوە لە سەرەتایی بۆ بنەرەتی, واتە 9 پۆلی پێویستە .

10- لە خاڵی 24 هاتووە دروست کردنی چوار پۆل بۆ بینایەی قوتابخانەی سەرەتایی دەلالان لە رانیە و پێداویستی هۆڵی بۆنەکان لە رانیە ، کە ئەمەش جێگای پرسیار و تێڕامانە بۆ ئەم دوو کەرتە لێك جیاوازە تێکەڵ کراوە .

11-بەشێکی زۆری پرۆژەکانی پەروەردەیی لە پارێزگای دهۆك بۆ نۆژەن کردنەوەیە نەك بۆ دروست کردن، لە کۆتایی لیستەکەدا بڕگەیەك هاتووە بە ناوی "پرۆژەی جۆراو جۆر" لە سەکتەری پەروەردە بەبێ ئەوەی ئاماژە بە جۆری پرۆژەکان بکات کە بەبڕی گوژمەیەکی 2 ملیار دینار.

له ليستی پرۆژەکانی دروست کردنی قوتابخانه ، بڕێکی باش گوژمه دانراوه, لەوانه دروست کردنی هەر قوتابخانەیەکی 24 پۆلی 1.600 (ملیارێك و شەش سەد ملیۆن دینار) و 18 پۆلی 1.400 (ملیارێك و چوارسەد ملیۆن دینار)، بەڵام لەوانەیە ئەم گوژمەیە زیاد دەربچێت و پێویستە بڕی زیاد تەدویر ببێتەوە بۆ خودی وەزارەت بۆ ئەوەی لە پرۆژەی تر سەرفی بکات کە بەداخەوە لە زۆربەی کاتەکان پارەی تەدویر لەخودی وەزارەت سەرف ناکرێتەوە

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس, تێبینیەکان, بەشێکی زۆری عیلاقەی بە میزانیەوە هەیە, بەشێکی تریشی راسپاردەیە و عیلاقەی بە ئیدارەوە هەیە و عیلاقەی بە یاساشەوە هەیە, ئەوەی کە عیلاقەی بە میزانیەوە هەیە, حەز دەکەم باسی لێوە بکرێ, چەند کەس مودا‌خەلەی لەسەر هەیە, تەنها پەیوەندی بە وەزارەتی تەعلیم عالی, ناوەکان دەنووسم, کاك محمد فەرموو.

بەڕێز محمد حکیم جبار:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پرسیارەکەم ئاڕاستەی لیژنەی پەروەردە دەکەم, سەرەتا دەست خۆشیان لێدەکەم لەسەر راپۆرتەکە, ئایا ئەو هەڵمەتەی بۆ دروست کردنی بینای قوتابخەنەکان بەتایبەت بۆ بواری پەروەردە, بەپێی پێویستی هەرێمی کوردستانە, چونکە ئێمە یەکێك لە گرفتە گەورەکانی شاروشارۆچکەکانی کوردستان, کەمی بینای قوتابخانەکانە, ئایا ئەو هەڵمەتەی کە من گوێم لێبوو خۆی لە 80 قوتابخانە ئەدات, جگە لەوەی پارێزگای سلێمانی کە 10 قوتابخانەیە, ئەوە دەکاتە 90 قوتابخانە, ئەوە یەك, دوو/ داوایان لێدەکەم تا ساڵی داهاتوو لیژنەی پەروەردە موتابەعەیەك بکات, ئایا ئەو قوتابخانانە دروست دەکرێن؟ یان نا؟ شتێکم هەیە حەز دەکەم بیڵێم, الحمدلله ئەمڕۆ گفتوگۆیەکان بەباشی ئەڕوا, شتێکی چاکە, یەعنی هەستی پێدەکرێ, سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس, کاك رۆمیۆ.

بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی من بۆ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا, هەرچەند بودجەیەکی گەورە و بەهێز دابنێین, من پشتیگری لێدەکەم, ئەم دوو وەزارەتە وەکو دوو وەزارەتی گرنگ و زەرور, هەم بۆ لایەنی پەروەردەیی, هەم بۆ لایەنی فێرکردن, بەڵام من دوو تێبینم هەیە, تێبینی یەکەم/ پشتگیری تەواو دەکەم بۆ نەمانی سیستەمی دوو, سێ دەوامی لە قوتابخانەکان, بابڵێین خوێندگاکانە, تێبینی دووەم/ بەڕاستی من لە موناسبەیەکی تر, هەر لەم هۆڵە لەگەڵ جەنابی وەزیری پەروەردە, جەختم لەسەر ئەوە کردەوە, بەڕاستی ئیتر کاتی ئەوە هاتووە چیتر بە دەیان ملیۆن, بەسەدان ملیۆن سەرف نەکرێت, بۆ

هەڵوەشاندنەوەی دەیان تۆنی وەرەقە و نووسراوی ڕەسمی, تەنها لەبەر ئەوەی ناوی قوتابی نووسراوە, یان خوێندکار, بۆ ئەوەی بکرێت بە قوتابی, خوێندکار, زۆر سوپاس.

بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەوەی من تێبینم کرد لەم جەدوەلە, دیارە جەدوەلەکە گۆڕاوە, لەگەڵ ڕاپۆرتەکەی لیژنەی پەروەردە, وەزارەتی پەروەردە, وەزارەتی خوێندنی باڵا, ئەوەی کە داوایان کردووە, تەقریبەن سولسی ئەوانەیان بۆ موافەقەت کراوە, مولاحەزەم نەکردن ڕاپۆرتەکەی لیژنەی پەروەردە لەسەر چ ئەساسێك ئەوە کەم کراوەتەوە, ئەمە یەك, دوو/ پرسیارێکم هەیە, 108 ملیار بۆ تەغزیە, تەغزیەی چییە؟ تەغزییەی مەدرەسییە؟ شتێکی تریشم هەیە, بەڵام لەوانەیە تەعلیق بێت, ئێمە دەڵێین میزانیەی تەشغیلیە کەم بکرێتەوە, بەڵام میزانیەی تەشغیلی چەند بواریکە, یەکێك لەبوارە گرنگەکانی مەسەلەی تەئهیلە, تەئهیلی ئەو خەڵکانەی کە لەو موئەسەسەن, ئینجا باشە ئێمە کە باسی کەم کردنەوەی دەکەین, چ بواریك بڵێین کەم بکرێتەوە, چونکە مەسەلەی تەئهیل بەشێکە لە تەنمیەی بەشەری کە زۆر موهیمە, ئەگەر من بەڕاست بۆی چووبم کە لەزیمنی میزانیەیەی تەشغیلی بێت, زۆر سوپاس.

بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەوەی من تێبینم کردیە لە ئیستمارەکەی, ئیعدادی موازنەی تەخمینی, هیچ بودجەیەکی تایبەت دانەنراوە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران, یان لەلایەن وەزارەتی دارایی بۆ پێداویستی و بەڕێوەبردنی نەهێشتنی نەخوێندەواری, کە ئەوە نەخوێندەوار و فێربوونە, کە ئەو پڕۆسەیەکی زۆر چالاکانەیە, بەشێکی گرنگە لە ژیانی خەڵکەکە کە بودجەیەکی دەبێت بۆ تەرخان بکرێ, کە هەمەچەشنەکان فێرکردن و دووبارە بودجەیەك هەر لەهەمان کاتدا تەرخان بکات بۆ چاپەمەنی و بلاوکراوەکان, کە تایبەت بێت بۆ هەڵمەتی ڕاگەیاندنی پڕوپاگەندە و پڕۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری, یەعنی ئەوە هیچی بۆ نەکراوە, نە لەلایەن وەزارەتی دارایی, نە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران, دووبارە پێشنیاری ئەوە دەکەم دابین کردنی بودجەیەکی دیاری کراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئامار, ئێمە کێشەی ئامارمان زۆرە, بەتایبەتی لەبواری پەروەردە, دووبارە نەبوونی بودجەیەکی تەواو بۆ جێبەجێ کردنی پلان, ئەوەی نەقصی هەیە لەوەی کە تەماشا دەکەم, نەقصی پلانمان هەیە, وەك لەخاڵی 4 لە تێبینیەکانی لیژنەی پەروەردە (زیاد کردنی صلاحیەتی صەرف کردنی وەزیرەکان دەکەین بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی وەزارەت, چونکە کاتێك کە ئەدای وەزارەتەکەیان خراپ دەبێت دەڵێن وەزارەتی دارایی هاوکار نیە), من زۆر پشتگیری ئەوە دەکەم, چونکە بەرای من کێشەی هەرە گرنگی ولاتەکەمان ئەوەیە کە پلان و ئیدارە و

بەڕێوەبردنمان زۆر لاوازە, کێشەی تەمویل و بودجەمان ئەوەندە نییە, ئەوەندەی کەوا ئادائی بەڕێوەبردن و پلاندانان و ئیدارە, کێشەمان لێی هەیە, زۆر سوپاس.

بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری؛

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەنیسبەت ئەو بابەی بودجەی گشتی سالی 2000, بەڕاستی بابێکی زۆر گرنگە, جێگای خۆشحالیشە کە 16٪ تەرخان کراوە بۆ کەرتی پەروەردە, بەلام ئەوەی تێبینی دەکرێ بەتایبەت ئێمە لە گشتە مەیدانیەکانمان لەسەر قوتابخانە و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان, تەماشا دەکەین بواری پەروەردە لە کوردستان دەتوانم بڵێم بەتەواوی وێران بووە, یەعنی کارەساتێکی زۆر گەورەیە, من بەکارەسات ناوی لێدەنێم, لەبەرئەوەی تەواوی ئەو خوشك و برایانەی کە سەردانی ناوچەکانی تری کوردستانیان کرد, هەمان ئەو گرفتانە رووبەڕووی هەموو لایەك بۆوە, ئێمە بەبەڵگە و چەندین راپۆرتیشمان نووسیوە کەم و کورتیەکانمان خستۆتە ڕوو, لە مانگی 2005/12 چەند ئەندام پەرلەمانێك گەشتێکی مەیدانیانمان بۆ دەشتی هەولێر و پەروەردەی مەخمور کرد, لە مانگی 12/ 2007 جارێکی تر ئێمە گەشتێکی تری ئەو ناوچانەمان کردەوە, بەداخەوە ئەو کەم و کورتیانەی کە لە 2005 هەبوون, لە 2007 هیچی چارەسەر نەکرابوو, دەتوانم بڵێم خراپتریش بوو, بینایە زۆر کەم بوو لەو ناوچەیەدا, هۆیەکانی فێرکردن لە هیچ قوتابخانەیەك نەبوو, لەهەمان کاتدا ئەو کەل و پەلەی ناو قوتابخانەکان هەمووی زۆر کەون بوون, بە کەڵکی بەکارهێنان نەدەهاتن, زۆربەی زۆری قوتابخانەکانیش ئاو و کارەبایان نەبووە, جا ئەو هەموو گرفتەی کە لە قوتابخانەکاندا هەیە پێویستیان بە رێکخستنێکی تەواو هەیە, بۆیە من داوا دەکەم لێرەوە لەو بودجەی کە بۆ پەروەردە تەرخان کراوە, ئەهمیەتی زیاتر بە دروست کردنی بینایەی قوتابخانە بدرێت, مەسەلەن بۆ هەموو پارێزگای هەولێر 34 قوتابخانە دیاری کراوە, لەگەڵ 7 باخچەی ساوایان, بەڕاستی زۆر کەمە, مەسەلەن لە پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر نسبیەکی زۆر کەم دیاری کراوە, ئایا ئەوە چەندی بەر قەزا و ناحیەکان دەکەوێت؟ لێرەدا من داواکارم کە گرنگیەکی تایبەت بەناوچە بەعەرەب کراوەکان بدەن, من لێرەوە کە خەڵکی دەڤەری مەخمورم داوا دەکەم کە ئیهتیمامی زیاتر بەو ناوچەیە بدرێت, لەبەرئەوەی ناوچەیەکە بەڕاستی زۆر مەغدورن و غەدریان لێکراوە, لەهەمان کاتدا ئەوەی کە تەماشا دەکەین لە ڕووی چاپ کردنی کتێب, حەقە وەزارەتی تەربیەی کوردستان, ئەو کتێبانە لە دەرەوەی ولاّت چاپ نەکات, چونکە رەوانی دەکات و هێنانەوەشی کولفەی زیاتری دەوێت, ئێستا لەکوردستان کۆمەڵێك چاپخانەی زۆر پێشکەوتوو هەیە, حەقە لێرە چاپ بکرێت, ئەو پارەیەش لەناو کوردستان صەرف بکرێت, نەك بچێتە ولاّتێکی تر, دواتر لە کەرتی پەروەردە بەراستی بێ پلانی هەیە, پلانی پەروەردە نییە, هەندێ قوتابخانە تەماشا دەکەیت یەك مامۆستای هەیە, 16 فەراشی هەیە, هەندێ قوتابخانەش 96

تەلەبەی لەیەك پۆل دەخوێنێ, بەلاّم لەهەندێ قوتابخانە 30 قوتابی لەیەك پۆل دەخوێنێ, یەعنی بەڕاستی بێ سەروبەریەکی تەواو لەو کەرتە هەیە, ئەو کەرتە پێویستی بەڕێکخستنی تەواو هەیە, ئەو بودجەیەش حەقە بەرنامەڕێژی بۆ بکرێ, هەم حکومەت و هەم پەرلەمان زیاتر بەدواداچوونی بۆ کەرتی پەروەردە بکەن, بۆ ئەوەی ئەو گرفتانە نەمینێت, زۆر سوپاس.

بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پشتگیری لە راپۆرتەکەی پەروەردەو خوێندنی بالاّ دەکەم, من چوار خاڵم هەیە بە کورتی باسیان دەکەم, یەکەم/ لەسەر بڕگەی دووەمی راپۆرتەکەیانە, هەرچەندە کاك غەفور بەشێکی قسەکانی منی کرد, بەس بۆ تەئکید دووبارەی دەکەمەوە, پشتگیری ئەوە دەکەم کە فیعلەن ئیهتیمامێکی تایبەتی بە باخچەی ساوایان بدرێت لەهەرسێ پارێزگاکانی کوردستان, ئەپرسم ئایا ئەو سێ ژمارەی کە دانراوە بۆ قوتابخانە, بۆ ئەو سێ پارێزگایە کافییە؟ ئەوەی مەعلوماتم هەبێت, نەخێر زۆر پێویستیمان لەوە زیاتر بە بینای قوتابخانە هەیە, بەتایبەتی لەشاری سلێمانی, لەسەر بڕگەی 4 راپۆرتەکەیان, مەسەلەی صلاحیەتی صەرفی وەزیرەکان, لە کۆبوونەوەی پێشوو بەڕێز وەزیری دارایی پشتگیری لە مادەی 10 ی راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی و ئابووری کرد, پشتگیری ئەوە دەکەم کە فعلەن ئەو صلاّحیەتە زیاد بکرێتەوە, وەکو راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی و ئابووری لێبکرێ, خاڵی سێیەم/ لە یەکگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەیە کۆمەڵێك بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لەقەزا و ناحیەکان دروست کراوە, ئەگەر ئیهتیمامێکی چاکتری پێبدرێ بودجەکەیان زیاتر بکرێ, چونکە ئەوانە تازەن, پشتگیری ئەو پێشنیارەی ڤیان خانیش دەکەم بۆ تەرخان کردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری, سوپاس.

بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

دیارە سااّی رابردوو وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا سیستەمی خوێندن بگۆڕێ, ئێمە چاوەڕیی ئەوە بووین ئەوسااّ بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمە بڕێکی پارەی زۆر تەرخان بکرێ بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە, ناکرێ ئێمە هەر بڕیارێك بدەین و پاش چەند سااّێك لێی پەشیمان ببینەوە, یان هەڵیبوەشێنینەوە, یان کۆمەڵێك مەصرەفی لێبکرێ, دوایی جێبەجێ نەکرێ, ناکرێ سیستەمی نوێی خوێندن بیهێنیە کایەوە, پاشان خوێندکار لە خانووی قوڕ و کابینەدا بخوێنن, پێویستە فیعلەن کە ئێمە سیستەمی خوێندن دەگۆڕین, هەموو شتێك بهێنینە بەرچاوی خۆمان وەکو ئەو شاشەیە, چەند خوێندنگامان دەوێ, فیعلەن باخچەی ساوا, ئێستا باخچەی ساوا لە راپۆرتەکەی لیژنەی پەروەردە هاتووە لە دوو پارێزگا هەر ئیشارەی پێنەدراوە, گەشەی بنەڕەتی لە خوێندن, باخچەی ساوایانە, ئەگەر سیستەمی نوێی پەروەردە پەرەپێدەدەی, مەفروزە باخچەی ساوایان پەرەی پێبدەی, خوێندنگایەکان گەشەی پێبدەی, پێم وایە ئەوسااّ دەرچووانی زانکۆ لەسەرتا سەری کوردستان شوێن نابێ لێی بخوێنن, ئەوانەی ئەوسااّ دەردەچن هیچ خوێندنگایەك نییە

بچن دەوامی لێبکەن, خێمەشیان بۆ بکەین هەر جێیان نابێت, بۆیە من پشتگیری ئەو لایانە دەکەم کە ئەو بودجەی وەزارەتی پەروەردە زیاد بکرێ, بۆ ئەوەی بینایەکان گەشە بکرێ و خوێندنگایەکان زیاد بکرێ, خوێندنگایەکان لەسەرتا سەری کوردستان هیچ شوێنێك نییە ڕێی تێ بچی, خاڵێکی تر کە هیچ ئیشی بۆ نەکراوە, زمانی یەکگرتووە, زمانی یەکگرتوو لە کوردستان, چۆن سیستەمی خوێندن گەشە دەکات کە زمانێکی یەکگرتوومان نەبێت؟ حەقە شان بەشانی گەشە کردنی ئەو سیستەمە نوێیە, زمانی یەکگرتووش کاری لەسەر بکرێ, سوپاس.

بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پێشەکی من دەست خۆشی لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکەم, پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەیان دەکەم, منیش لەو بڕوایەدام چی بۆ پەروەردە و خوێندن بکرێت هێشتا هەر کەمە, بەڵام لەگەڵ ئەوەش من کۆمەڵێك تێبینیم هەیە, هەندێکی برادەران باسیان کرد بەسوپاسەوە, هەندێکی هێشتا ماون ئەمەوێ خۆم باسیان بکەم, من بەش بەحاڵی خۆم چی بۆ خوێندنی باڵا بکرێت کەمە, کە دێین باسی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەکەین لەوێ من تێبینیەکم هەیە, من ئەمە بەحەلەقەیەکی زیاد دەزانم, چونکە ئەو بودجەیە بۆ ناوەندی وەزارەتی خوێندنی باڵا دابنرێت, ئەو هەر ئەصڵەن بودجەیەکی زیادە, چونکە زانکۆ فەرقی هەیە لەگەڵ پەروەردە, پەروەردە پێویستی بەوەزارەت هەیە, بەڵام خوێندنی باڵا بەقەناعەتی من پێویستی بە وەزارەت نییە, بەڵام ئەوە عیلاقەی بە بودجەکە نییە, هەر وەختێك بودجەکان بڕیاردرا کە خوێندنی باڵا وەکو جارانی لێبێت, یەعنی ئەنجومەنێکی هەبێت ئەو کات بودجەکەی دێتە سەر سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان, چونکە ئەو ئەنجومەنە پەیوەند دەبێت, یان ڕاستەوخۆ بەسەرۆکایەتی حکومەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبەستێرێتەوە, بەڵام لەگەڵ ئەوەش نوێژەن کردنەوە و تازە کردنەوە لەو پارەیە تەرخان کراوە بۆ نۆژەن کردنەوەی قوتابخانەکان, بۆ کەل و پەلی قوتابخانەکان, بەڵام دەبینین نوێژەن کردنەوەی قوتابخانەکان کاتێك کە دەکرێ کە دەوامە, یەعنی سێ دەوام لەیەك قوتابخانە دەکەن, من تێناگەم سیستەمی تازەی خوێندنی ئێمە, چۆن دەتوانێ سێ دەوام لەیەك قوتابخانە پەیڕەو بکات؟ یەعنی مەفروزە کاتێك کە نوێژەن کردنەوەکان دەکرێت لەکاتی خۆی بکرێت, یەعنی هیچ نەبێت لە پشووەکانی هاویندا بکرێت, چونکە نزیکەی چوار, پێنج مانگ هەیە بۆ ئەمە, خاڵێکی تر/ کەل و پەلی قوتابخانەکان, هەرچەندە پارەیەکی باش تەرخان کراوە, بەڵام ئەبینین بەکەس و کار و بنەماڵەی قوتابیان کەل و پەلەکان دەکڕێن, ئەمە حەق نییە, پێم وایە نابێ شتێکی ئەوها هەبێت, ئەگەر وەزارەت کەمتەرخەمە, یان بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە کەم تەرخەمە مەفروزە موحاسەبە بکرێت لەسەر ئەمە, یان چ جیهەتێك کەم تەرخەمە بەرامبەر ئەمە, چۆن دەبێ لەکەس و کاری قوتابیان داوای کەل و پەل بکرێت, لەگەڵ ئەوەش میزانیەك هەیە, چوارەمین میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەروەرە دانراوە, من بەکەمی دەزانم ئەوەی کە ئێستا هەیە, من لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیمدا لەگەڵ برایانی تورکمان و کلدان و

ئاشووریيەکان و ئەو قوتابخانانەی کە بەغیری زمانی کوردی هەن, چیان بۆ بکرێ من بەکەمی دەزانم, بەلأم بەداخەوە قوتابخانەی تورکمانی هەیە, قوتابیانیان بەقەدەر ژمارەی دەستن, باشە چۆن دەبێ؟ لە نزیکی یەکتریشن, مەفروزە ئەو قوتابخانانە یەکبخرێنەوە, زیاتر بایەخیان پێبدرێ, نەك قوتابخانە هەبێت پانزە قوتابی هەبێت, یان 25 قوتابی هەبێت, بەتایبەتیش لەنزیکی یەکترین, من پێم وایە ئەوە بایەخدان نییە بەخوێندنی تورکمانی, بەخوێندنی سریانی, یان بایەخدان بە خوێندنی عەرەبی, بەشێوەیەکی تر ئێمە دەتوانین بایەخیان پێبدەین, لەقوتابخانەکان باسی فەڕاشەکان کرا, بەڕاستی لەقوتابخانەکان فەڕاش یەکجار زۆرن, ئینجا من بەچاوی خۆم بینیمە قوتابیان لەجیاتی فەڕاشەکان ناو قوتابخانەکان پاك دەکەنەوە, ئاخر ئەمە چۆن دەبێ, کە فەڕاش دانرا, ئەوە بەژمارەیەکی زۆریش دانراوە, بەردەست هەن, فەڕاش هەن, مەفروزە فەڕاشەکان ئەو دەورە ببینن, نەك قوتابیان, خاڵێکی تر/ دەربارەی نووسەر لە قوتابخانەکان, ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە قوتابخانەکان هەیە, هەر قوتابخانەیەك جاری جاران لەسەرەتایی پێویست نەبوو نووسەر هەبێت, ئێستا قەیناکە با لەسەرەتایش نووسەر هەبێت, بەلأم نە ئەو هەموو نووسەرە, ئەمە هەمووی حیسابە لە بودجە ئەڕوا, ئێستا ئەو نووسەرانەش کەم بکرێنەوە, یەعنی لەهەر قوتابخانەیەك نووسەرێك, یان دووان هەبێت, نەك زیاتر, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس, زۆر مەوزوع تەرح دەکرێ کە پەیوەندی بە وەزیری خۆی هەیە, بۆیە لەچوارچێوەی میزانیەکە موناقەشە بکەن, مولأحەزەکان جێگای خۆیەتی, کاك هیوا فەرموو.

بەڕێز هیوا صابر احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پێشەکی پرسیارێك ئاراستەی خۆمان دەکەم, لە بودجەی ساڵی پار, وتمان ئەزموونێکی تازەیە لە یەکگرتنەوەی ئیدارەکان, بۆیە وتمان ئەگەر بەسەریا بڕۆین, ساڵی داهاتوو بەڵکو وردتر هەڵوێستە بکەین, لەبەر ئەوەی داوام وایە پەلە نەکەین لە موصادەقە کردن لەسەر بوجەی وەزارەتەکان, ئەمە یەك, دوو/ بەڕاستی ئێمە بەسەر سێ کەناڵ تێپەڕ دەبین بەبێ ئەوەی راپۆرت لەسەریان بخوێندرێتەوە, لەبەر ئەوە من دەنگم نەدا بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و بۆ ئەنجومەنی وەزیران, بەلأم مادەم تۆزێ ئاگاداری پەرلەمانی خۆمانم, ئەوا یەکسەر دەستم بەرزکردەوە کە ناڕازیم, بۆیە داوا دەکەم کە سێ راپۆرت هەبێت, لەسەر شێوازی خەرجکردنی بودجەی ئەو سێ ستافە سیادیە, بۆ ئەوەی وەکو هەموو وەزارەتەکانی تر ئێمە بیخەینە بەر پرسیار و رەخنەوە, ئێمە قسەی خۆمان بکەین لەسەریان, چونکە بودجەیەکی زیاتریان پێدراوە, خاڵێکی تر/ ئێمە لە لیژنەی دارایی لەخاڵێك سێ تەعنی گەورەمان ئاڕاستەی ئەم وەزارەتانە کردووە, لە راپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالأش ئەوە ئاماژە کراوە, من داوا دەکەم نەڕۆین بەسەریان, کابرا پسپۆڕە کە ئەمە دەخوێنێتەوە یەکسەر دەکەوێتە شك لەسەر قەزیەکە, ئێمە دەڵێین ئەو جیاوازە زۆرەی لە نێوان ئەو بڕە بودجەی کە وەزارەتی پەیوەندیدار خۆی داوای کردووە, لەگەڵ ئەوەی کە

وەزارەتی دارایی بۆی خەملاندووە, فەرقی زۆرە, جاری وا هەیە لە 50٪, جاری وا 60٪ ە, سالی رابردوو 2007 سەیر دەکەی زۆر زۆر زیادیان کردووە, لەکاتێك کە راپۆرت دەخوێندرێتەوە بەشێکی کەمی بودجەکە خەرج کراوە, خاڵێکی تر/ ئەو راپۆرتانە کەدەخوێندرێتەوە خاڵی وای تێدایە کە پێویستە وەزیری پەیوەندیدار و ستافەکەی وەلامیان بدەنەوە, ئێمە کە حیساباتی خیتامیمان لەبەردەست نییە, من هەرگیز دەنگ نادەم بە بودجەیەك کە ئەو تەعنانە وەلام نەدراوەتەوە, چونکە هەریەك لەوانە بەسە بۆ ئەوەی وەزیری و ستافەکەی بکەوێتە ژێر دەستی پرسیارەوە, داوا دەکەم لەسەرۆکایەتی کە بەسەر ئەمە تێنەپەڕێ, جەدوەل بەندیەك بکەین, چەند دەزگامان هەیە کە بودجەیان هەیە کاتیان بۆ دیاری بکەین, ستافەکانیان حازر بێت, هەر لەسەرۆکایەتی هەرێمەوە, لەئەنجومەنی وەزیرانەوە, لەسەرۆکایەتی پەرلەمانەوە چەند رۆژێکی زیاتر بدەین بە دیراسەی ئەمە, بۆ ئەوەی تەجروبەیەکی باش پێشکەش بکەین, سوپاستان دەکەم.

بەڕێز خورشید سلیم شێرە:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پێشەکی دەست خۆشی لە راپۆرتەکەی پەروەردە دەکەم, بەلام تێبینیەکم هەیە لە پارەی تەرخان کراوی بۆ گەشە پێدانی پارێزگاکان لەراپۆرتەکان باسی پارەی هەولێر و دهۆکی کردووە, چۆنیەتی صەرف کردنیشیان, بەس باسی پارێزگای سلێمانی نەکردیە کە 200 ملیۆن دیناریشی بۆ دانراوە, حەز دەکەم ئەوەی بەنەزەری ئیعتیباری وەربگرن, هەروەها تەئیدی ئەو رەئیەش دەکەم کە کتێبەکانی قوتابخانەکان لە دەرەوەی ولات چاپ نەکرێ, چونکە ئێستا لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك یەك دنیا مەتبەعە هەیە, با ئەو پارەیە بگەڕێتەوە بۆ خۆمان, باسی دروست کردنی قوتابخانەکان دەکەم لە دێهاتەکان, راستە لە دێهاتەکانمان, قوتابخانەکان زۆر کەمە, بەلام واقعێك هەیە جەنابی سەرۆك, حەز دەکەم خوشك و برایان هەموو ئەو واقعەیە بزانن, کوردستان وێران بووە, بەو چوار, پێنج ساڵەی ئێستا پێنج هەزار مەدرەسە دروست ناکرێ, بەتایبەتی کاك غەفور باسی دەشتی هەولێر دەکات, منیش خەڵکی دەشتی هەولێرم, زیاتر لە 300 گوند لە دەشتی هەولێر وێران کراوە, ئێستا گوند هەیە دوو ماڵە, گوند هەیە شەش ماڵە, گوند هەیە چوار ماڵە, ئایا دەکرێ بۆ ئەو 300 گوندەی, یان 10 مالّ و 5 ماڵە مەکتەب دروست بکرێ, من بە شتێکی زۆر زەحمەتی دەزانم, بەلام ئقتیراح دەکەم بۆ برایانی وەزیر و بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان, بیر لەوە بکەنەوە چۆن گوندەکان ئاوەدان دەکرێتەوە؟ نەك بەشکلی کۆنی, بەو شکلەی کە زیاتر چەند گوندێك بکەنە گوندێك, من دوو, سێ جاری تر لەپەرلەمان باسی ئەو مەوزوعەم کردووە, من بەتەحەداوە دەڵێم ناتوانین ئەو هەموو گوندە ئاوەدان بکەینەوە, چونکە هەر گوندێك مەدرەسەیەکی دەوێت, خەستەخانە, جادەی دەوێت, کارەبا, ئاو و بیری دەوێت, لەبەر ئەوە چەند گوندێك بکەنە یەك گوند, با حکومەتی ئێمە بەرنامەیەکی ئەوهای هەبێت باشترە, شەرت نییە بەسالێك و دوو سالّ تەواو بێت, موستحیلە بەم شێوەیە تەواو بێت, لەبەر ئەوەی دروست کردنی مەدرسە بۆ ئەو هەموو گوندانە زۆر ئاسان

نییە, ناتوانین بەتەواوەتی ئەو واجبە جێبەجێ بکەین, بەنسبەت هەولێر, 37 مەدرسە بۆ هەولێر دانراوە, بیستوومە لە زۆربەی خوشك و برایان, هەتا لە مەکتەبی گەڕەکی ئێمە قوتابخانەی کچان هەیە سێ دەوامی تێدایە, مەدرەسەی ئیبتیدائی هەیە سێ دەوامی تێدایە, پاش مەغریبێ منداڵی سەفی یەك و دووی ئیبتیدائی لە قوتابخانە دێنەوە ماڵێ, بۆیە من ئیقتیراح دەکەم مەسەلەی دروست کردنی قوتابخانەکان زیاد بکرێ و ئیهتیمامی زۆری پێبدرێ, ئەساسی هەموو موجتەماعاتی دنیاش ئەوەیە کە پەروەردە و خوێندن هەر خوێندەواری بێت, میللەتەکە بخوێنێت, بۆ ئەوەی ژیان بەرەو پێش بچێت, بۆیە زۆر بەکەمی دەزانم هەوڵبدەن جەنابی وەزیری پەروەردە زیاتر ئیهتیمام بەو مەوزوعە بدرێت, قوتابخانەکان زیاتر بکرێت, بەتایبەتی باخچەی ساوایان ئێجگار کەمە, باخچەیەکی ساوایان لە پێش ماڵی ئێمە هەیە, مومکینە ئیستیعابی 100 منداڵ بکات, مومکینە 400 منداڵی تێدابێ, زۆر سوپاس.

بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كمال كەركووكی):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەڕاستیدا ئێمە دڵنیاین لەو میزانیەی کە دانراوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم, سەرۆکایەتی پەرلەمان, بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران, بۆ هەریەك لەو وەزارەتانەی کە لەپێش دەستمانە زۆر زۆر کەمە, ناتوانین پێی ئیش بکەین, بەڵام میزانیەکە ئەوەندەیە, میزانیەکە بەم شێوەیە دابەش کراوە, لەم شێوەیە زیاتر نییە, ئەگەر زیاتر هەبوایە بەتەئکید زیاتر دائەنرا, ئێمە دەزانین وەزارەتی پەروەردە زۆر وەزارەتێکی گرنگە بەرهەم هێنەر نییە, پارە سەرف دەکات, ئایندەی کوردستان لەسەر ئەو پەروەردەیە وەستاوە, هەرچەند بۆی سەرف بکەیت کەمە, بەڵام ئەوەی لەبەردەست دایە هەر ئەوەندیە, بۆیە من بەدڵنیایەوە دەڵێم وەکو تەوصیەك ئێمە داوا بکەین میزانیەی هەرێم کوردستان (17٪)ەکە زیاد بکرێ, داوا لە عێراق بکەین بەرەسمی ئەم میزانیەی کە داتان ناوە کافی نییە بۆ ئەم هەرێمە, بۆ ئەم خەڵکە, بۆ ئەو گەشە پێدانەی کە ئێمە دەمانەوێ, یەعنی حەقیقەتیش دەریخستووە کە ئەو میزانیەی کە خۆی پێشکەشی کردووە, ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆ و تاوتوێ کردن قسمێکیمان کردۆتەوە بەموافەقەتی وەزیرەکە خۆی کە لەوێ نەبووە, چونکە میزانیەکە کافی نییە, ئەگەر کافی بوایە ئیحتیماڵە زیاتریش دەکرا لەسەری, بۆیە من ئەو پێشنیارە تیکرار دەکەمەوە, داوای لە ئێوەی بەڕێزیش دەکەم پەسندی بکەن, کە داوا لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ بکرێت میزانیەی هەرێمی کوردستان لە 17٪ زیاد بکات, هەرچەندە لەسەر 17٪ یش جاران موشکیلەیان بۆمان دەکرد, دووبارە من وائەبینم ئێمە لێرە موناقەشەی ئەوە نەکەین کەوەزارەت چۆن ئیش بکات, ئەمە مەسەلەی میزانیەکەیەتی, پاشان بەرنامەیەك دابنێین وەزیر, وەزیر لەگەڵیان بیهێنە ئێرە, بەتێر و تەسەلی بەرنامەجیان کە هەیە, ئەو قانونانەی کەهەیانە پێشنیاری لێژناکان بکەن, ئەوەی هەمانە خۆمان لەگەڵیان باسی بکەین, ئێستا لەسەر ئەو میزانیەی کە ئەو ئەرقامانە کە هاتووە من دڵنیام کە هەمووی کەمە, بەڵام میزانیەی هەموو کوردستان هەر ئەوەندەیە, لەوە زیاتر شك نابم, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس, ئێستا داوا لە وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم, وەزیری دارایی, وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی, ئەگەر چ مولاحەزەیەکیان نەبێت لەسەر راپۆرتەکە, لەسەر ئەو موداخەلاتانەی کە برادەران کردیان سەبارەت بە میزانیەیەك, چونکە زۆر مولاحەزە هەیە رەبتی بە ئێوە نییە, بەڵام ئەوەی کە عیلاقەی بە میزانیەوە هەیە, ئەگەر جوابێکتان هەبێت, فەرموو.

بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەگەر سەیری بودجەی گشتی بکەن, وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا کۆبکەنەوە زیاتر لە یەك ملیار دۆلار لە میزانیەی 2008 بۆ ئەم کەرتە دانراوە, یەعنی بەپلە یەك دێت, هەرچەندە پەروەردە بە پلەی دوو دێت لە دابەشکردنی بودجەی وەزارەتەکان, بەس لەسەر یەك ئەگەر حیسابیان بکەین, دەکەوێتە پێشەوە و دەبێتە پلەی یەکەم, ئەگەر باس لەوە بکەین کە پێداویستی هەیە, بەڕاستی پێداویستیەکان ئێجگار زۆرن لەهەرێمی کوردستان, رەنگە بە بودجەیەکی 14 ملیار و 16 ملیار دۆلاریش چارەسەری کێشەکان ناکرێت, بەڵام لێرە کە بەرنامەی دادەنێیت, پێویستە بێیت بزانین کامیان زەروری ترە, هەموویان زەروریین, بەڵام کامیان زەروریە ئەوەلیات دەبێ بدرێتە ئەو کەرتە, راستە ئەوانە هەموویان زەرورین, بۆیەش بەپلە یەکەم هاتوون, بەقەناعەتی من ئەگەر ئێمە بتوانین هەندێك کێشەی گرنگ وەکو کارەبا, وەکو ئاوی خواردنەوە, ئەو کێشانەی کە پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانی خەڵك هەیە, تەئسیر لە ئابووری کوردستان و هەموو قیتاعاتی ئیقتیصادی و کۆمەڵایەتی دەکەن, بایەخیان پێبدرێ, هاوکات لەگەڵ ئەو بایەخ پێدانە ئێمە قیتاعاتی تریش حەرەکەتیان پێبکەین, ئاوەدانی بکەینەوە, دڵنیام لەوەی کە دەتوانین بەپێی بەرنامەیەك قیتاعەکان باش بەڕێوە ببەین, هەموشمان دڵنیاین لەوەین کە کوردستان وێران کراوە کەس بایەخی پێنەداوە, 35 ساڵ لە ژێر ئەو حوکمە بووە, کاتی دەوێ بۆ ئەوەی ساڵ بە ساڵ ئێمە بتوانین ئەو کەم و کوڕیانەی خۆمان کەم بکەینەوە, بەنیسبەت موناقەشەکردن لەسەر بودجە, وەکو باسم کرد شێوەی موناقەشە ئەوەیە, تەعلیمات دەردچێت لەهەر وەزارەتێك لیژنەیەکی تایبەتی بە وەزارەتەکە دادەنرێت, ئەو لیژنەیی کە لەوەزارەتی مەعنییە, بەخۆی لە داخلی وەزارەتەکەی خۆی گفتوگۆ بکات, یەك بەیەك پێداویستیەکانی خۆی لەسەر ئەساسی بەشەکانی بودجە, لەسەر ئەساسی نەوعەکانی بودجە ئامادە بکات, پاشان بێت لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیدار کە لیژنەی باڵایە لەهەرێم, موناقەشەی بودجە بکات, تەسبیتی ئەو ئەرقامانە دەکرێ بەپێی زرورەتە و ئەولیات, راستە من دڵنیام هیچ وەزارەتێك رەنگە ئەوەی کە بۆی تەسبیت کراوە موقنیع نییە بەوە, بەڵام سەرەرای ئەو کەم و کوڕییەی کە ئێمە هەمانە ئەگەر سەیری بکەن ئێستاش حجزی بودجە هەیە, بەنیسبەت صلاحیەتی وەزیرەکان لە راپۆرتەکە لەیەکێك لە داواکانی لیژنەی دارایی و ئابووری, بۆ ئەو کاتیش ئێمە وتمان, بەڕاستی هونەرە جوانەکان ئاگادار نین, چونکە ئەگەر کەم و کوڕی وا هەبێت, یەك حاڵەت دەخرێتە پێش چاو من موتابعەی دەکەم, 108

ملیۆنەکە کە باسکرا وابزانم میوانخانەیان هەیە, رەوزەیان هەیە, هەندێك دەوراتیان هەیە بۆ کەشافە .... هتد, ئەوانە رەنگە بۆ ئەم شتە بێت, ئەوانە تەفاصیلی زۆر جزئینە, ئێمەش بۆ ئەوەی ئەو کێشانە نەمینێت, بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان, بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان, بەڕێز سکرتێری پەرلەمان, لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی یاسایش دانیشتبوون, حدودی مانگێك پێش ئێستا, باسەکە لەسەر ئەوە کرا, کە ئێمە وتمان ئەوە میزانیەی کوردستانە کە پێشکەشی دەکەین, جگەلە فەصڵی یەکەمی مووچە لیژنە پەیوەندیدرارەکان لەگەڵ وەزارەتی مەعنی دابنیشن, ئەوەی کە ویستیان گۆڕانکاری بکەن بەپێی ئەو وەزعی مالی ئێمە, بەپێی ئەو میزانیەی کە لە بەغداوە بۆمان دێت لە ئیراداتی نەفت و غیری نەفتی, ئەو بودجەیە ئێمە پێی رازین چۆن دابنرێ, بەس موجەرەد حجزەکە زۆر نەبێت, بۆمان دێت لە ساڵی 2008, بۆیە بەڕاستی زۆر لەگفتوگۆیەکان لیجانەکان دەبوایە بە قەناعەتی من لەوبوارەیەوە لەگەڵ لیژنەی مالی باسیان کردبا, ئەوەی کە زەروریبا, تەسبیت کرابا, زۆر خاڵیش باس کرا کە پەیوەندی بە ئیش و کاری وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە بووە, زۆر سوپاس.

بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

زۆر سوپاس جەنابی سەرۆك, سەبارەت بە وەلاّمی راپۆرتەکە کە بەشێکی زۆری لەسەری مەشاریعەکانی پەروەردە بوو, ئێمە پشتگیری بەشێکی زۆر لە قسەکانیان دەکەین, بەلاّم هەندێ واقیع هەیە کە هەرێمی, کوردستان و وەزارەتی پەروەردە وەکو زۆر لە برادەرانی پەرلەمانتار ئیشارەتیان پێدا کە گرنگیەکی زۆری هەیە, بەلاّم واقیعەتەکەی پێویستی بە 1600 مەکتەب هەیە تاکو بتوانێت ئەو سیستەمە بگۆڕێت, ئەو میزانیە کە وەکو کاك کمال و برادەرانی تریش ئیشارەتیان پێدا, ئەو میزانیەیە ئەو رەقەمەیە کە ئێستا لەبەردەست دایە کە ناکرێ, برادەران کە موناقەشەکەیان کرد تەنها حیسابی ئەوەیان کرد کە وەزارەتی پەروەردە و یاخود سەنتەری خوێندن و فێرکردن هەیە, حیسابی ئەوە دەبێ بکەین ئەو بودجەیە بودجەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانە بەهەموو سەنتەرەکانیەوە, بەپێی ئەو ئەولیاتەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دایدەنێت, ئێمەش گرنگی وەزارەتی پەروەردە, گرنگی ئەوە دەزانین کە پێویستە کێشە ئایندەکان کە هەریەك لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ئیشارەتیان پێدا, بەلاّم وەزارەتی پەروەردە کاتێ کە موناقەشەمان لەگەڵ کردووە, خۆی ئەولەویاتی خۆی دارشتووە بەپێی ئەو پارەیەی کە دابەش دەکرێ, ئەو حصەی بەری کەوتووە, لەپاشی وەزارەتی کارەبا و شارەوانی....هتد, موباشەرەتەن دوای ئەوان وەزارەتی پەروەردە دێت لەئەهمیەت و ئەولەوییەت, ئەو میزانیەی زۆری کە لە میزانیەی ئیعتیادی بۆی دانراوە, میزانیەی کەمتر لە ئیستیسماری بۆی دانراوە, بەحیساب و حوکمی ئەوەی میزانیەی ئیستیسمارەکەی کەمترە لە میزانیە ئیعتیادەکەی, ئێمە بەپێی ئەو ئیتیفاقیەی کە لەگەڵمان کردینە 97 پڕۆژەی بەردەوامیان هەیە, پڕۆژەی تازەیان هەیە کە بریتییە لە دروست کردنی مەکتەب, سۆزان خان ئیشارەتی بەوەی دا کە بەشێك لە مەکتەبەکان کە لە سلێمانی دروست دەکرێ هەمووی نهۆمی دووەمە, نهۆمی دووەمیش بێ سوودە, ئێمە

وەکو وەزارەتی پلاندانان و دارایی مەسئول نین لە تەنفیزی پڕۆژە, هەروەها وەزارەت خۆی بەرپرسە لە چۆنیەتی تەنفیزی پڕۆژە, لەچۆنیەتی جێبەجێ کردن و چۆنیەتی دیزاین, کێشەیەك هەیە لە ناو شاری سلێمانی, لەناو مەرکەزی شارەکە و حەلقەی داخلی شەست مەتریەکە, عەرز نەماوە بۆ بینای تازە کە تێدا دروست بکرێ, عەدەدی سوکان زیادی کردووە, عەرزە چۆڵەکان هەمووی بۆتە خانوو, یەعنی هەموو کۆڵانێك لەوسەری و ئەوسەری عەرزێکی چۆڵی تێدا نەماوە, ژمارەی منالّەکان زیاد بووە, ژمارەی پۆلەکان لەقوتابخانەکان بەش ناکات, مەجبورە قاتی دووەمی لەسەر دروست بکات, ئەبی ٔ ئەو پرسیارە لەوەزارەتی پەروەردە بکەین, بۆ بینایەی باش دروست ناکات لەسەر ئەم تابقەدا, بەلاّم لەهەولێر مەجالی زۆر فراوانتر هەیە پڕۆژەی زۆر باشتر هەیە, تەوسعی هەولێر فەرقی هەیە لەگەڵ تەوسعی ناو سلێمانی, یەکێك لە مولاّحەزەکانیان ئەوەیە کە بودجەکە کەم کراوەتەوە, فعلەن وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە یەك ملیاردۆلارە بەس بۆ بینایەی مەکتەب, توانیومانە ئێمە ئەو مەبلەغەی بۆ دابین بکەین, کە بتوانێ ئەو پرۆژانە تەواو بکات, هەروەها ئەو پڕۆژانەی تریش کە لە ساڵی رابردوو دەستی پێکردووە کە 99 پڕۆژەیە, بەشێکی تریش لەپڕۆژەکانی تر کە گلییان لێ هەیە, پڕۆژەی موحافەزاتە, ئەمەوێ ئەم راستیە روون بکەمەوە, بۆ ئەوەی پرسیارەکان دووبارە نەبێتەوە لە سەنتەرەکانی تر, وەزارەتەکانی تر کە دووبارە دەکرێتەوە, یاسای جێبەجێ کردنی پڕۆژەی ئەنجومەنی پەرەپێدانی پارێزگاکان, دەسەلاّتەکە لەدەست ئەنجومەنی پارێزگاکانە, ئێمە تەدەخول دەکەین لەبەر یەك سەبەب: لەبەر ئەوەی ئیعازەکە ئەوهایە, ئەبێ هەر موحافەزەیەك هەموو قایم قامەکان و مودیر ناحیەکان و, هەموو مودیر عام و مودیرە ئەساسیەکانی ناو پارێزگاکان کۆبکاتەوە کاتێ ئەو بەرنامەیە دادەڕێژێت, مودیری تەربیەی کە داوا دەکات مەکتەبێکی چوار پۆلی بۆ بکات, ئەو حەقە ئەویش قبوڵی نەکات, حەقە کەس قبوڵی نەکات, بەلاّم تەدەخول کردن لە ئیشی ئەنجومەنی پارێزگا بەم شێوەیە ناکرێت, چونکە دەسەلاّتەکە لای خۆیتیان, خۆیان بەرنامەکە دادەڕێژن, ئێمە تەنها بۆ موتابەقەکردنەوە و رووبەرووبوونەوە لە نێوان پڕۆژەکان ئەمە دەکرێتن, سەبارەت بە کولفەی پڕۆژەیەك بە ملیۆنە, یاخود بە ملیارێك و 400 ملیۆنە, شتێکی تەبیعییە بکرێتن, لەوانەیە ئەو پڕۆژەیە لە قەزای شەقلاّوە بێت لەبەر کولفەی نەقل گرانتر بێت, 1600000 هەزار دەربچێت ئەگەر لە دەرەوەی شار دەربچێت, بەلاّم ئەگەر لەناو هەولێر بێت لەوانەیە بە 1400000 هەزار دەربچێت, شتێکی ئاساییە هەردوو پڕۆژە بەیەك کات ئیعلان دەکرێن, لەوانەیە فەرقی سعریان هەبێت لەگەڵ ئەوەی تر, ئەوەش بەپێی سیستەمی تەندەرەکە, ئەو پارەی کە جەنابت باسی دەکەیت, تەدویری دەبێت, بەتەبیعەتی حاڵ خۆی تەدویر دەبێت, چونکە ئەو پارەیە لەهەر وەزارەتێکدا بوو, کە ئەمساڵ موافەقەتی بۆ کرا, وەزارەتی پەروەردە, وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەوەندە مەبلەغەی هەیە, حەقی هەیە کە دیتی لەئەنجامی جێبەجێ کردنی پڕۆژەکان یەکێك پارەی ئیحتیاتی دەمینێتەوە, حەقی خۆیەتی موافەقەتی وەزارەتی پلاندانان وەربگرێت, بۆ ئەوەی بڵێت ئەو پڕۆژەیە ئیزافە دەکات, باسی تەنمیەی

بەشری و تەئهیلیان کرد, یان نەهێشتنی نەخوێندەواری, برادەران جوابیان داوە یەعنی زۆر زەروورە بیکەین, ماموّستایان باشتر ئامادە بکرێن, زۆر سوپاس.

بەڕێز شێخ بایز تالّەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من ئەمەوێ بەس ئەوەندە بڵێم, وەزارەتی مالیە مەسئول نییە لە تەنفیزی مەشارع و چۆنیەتی سەرف, وەزارەتی مالیە جیهەتێکی ممەویلە, تەمویلی دەکات, بەلاّم بەداخەوە ئێستا هەموو صەرفێك تەوجیهی وەزارەتی مالیە دەکرێ, ئەوە لەشوێنی خۆی سەرف دەکرێ, ئێمە تەنها تەمویل دەکەین بەپێی ئەو دەسەلاّتەی کە بۆمان دێت لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە و داوای تەخصیصمان لێدەکات, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك غەفور فەرموو, نوقتەی نیزامت هەیە.

بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەپێی نیزامی داخلی مادەی 81 و 82, ئەو شێوازەی کە ئێمە ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین, هەر لێژنەیەك راپۆرتی خۆی لەسەر دەخوێنێتەوە, خیلافی نیزامی داخلیە, لەبەر ئەوەی لە مادەی 81 نیزامی داخلی دەڵێت (هەر لیژنەیەك بۆی هەیە تێبینیەکانی خۆی بۆ لیژنەی دارایی لەڕێگای سەرۆکەوە دەربڕێت, دەربارەی ئەو بەشەی کە تایبەتمەندی ئەوە و پەیوەندارە لەنێوان بودجەی گشتی حیسابکاریدا), مادەی 82 دەڵێ (راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری بەسەر ئەندامان دابەش دەکرێ) مەبەستم فەقەرەی دووەمی مادەی 82 ە, کە دەڵێ (راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری ئاماژەی بەو تێبینی و پێشنیارانە دەکات کە لە لیژنەکان دەربارەی پڕۆژەی بودجە پێشکەشیان کردووە, لەگەڵ ئەو ئاکامەی کە پێی گەیشتوون), بۆیە بەڕاستی بۆ ئەوەی سود لە وەختەکە وەربگرین حەقە بەپێی ئەو سیستەمە بڕۆین, ئەو راپۆرتە دراوتەوە لیژنەی دارایی, ئەگەر هەر لیژنەیەك بێت راپۆرتی خۆی بخوێنێتەوە, ئێمە هەموو پەرلەمان بێین گفتوگۆی لەسەر بکەین, لەوانەیە بەدوو هەفتەی تریش تەواو نەبین لەگەڵ پڕۆژەی بودجە, بۆیە پێم باشە بەپێی نیزامی داخلی هەڵسوکەوت بکەین, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بەپێی نیزامی داخلی راستە, بەلاّم هەندێ راپۆرت ئەمڕۆ بەیانی بۆمان هاتووە, خەتای لیژنەکانە, پاشان گۆڕانکاری بەسەر بودجەکە خۆی هات, پاشی راپۆرتی وەزیری دارایی و تەفصیلاتەکەی خۆیدا, راپۆرتەکان پێویستیان بە پێداچوونەوە هەبوو, قسەکانت راستە, بەلاّم لەگەڵ ئەوەش ئێمە هیچ زەرەرێکمان نەکردووە, لێرە لیژنەی دارایی دانیشتووە, بۆ ئێمە دەیخوێنێتەوە و بۆ لیژنەی دارایش دەخوێنێتەوە, کاك دلێر فەرموو.

بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی داوامان لەهەموو لیژنەکان کرد کە تێبینیەکانی خۆیان بۆمان بنێرن, دوێنێ ئاخیرجار بڕیار وابوو لەگەڵ سەرۆکی لیژنەکان کۆبینەوە, ئەوەیش بەداخەوە کەسیان نەهاتن, دیارە هیچ تێبینیان نەبوو, ئیتر ئەگەر شتێکی تریشیان هەبێت لێرە باسی بکەن, ئەوە شتێکی تر, زۆر سوپاس.

بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

نوقتەی نیزام حیسابە یان نا, بەڵام لەسەر قسەی کاك شێخ کە وتی وەزارەتی دارایی تەنها حیسابە لەسەر مەسەلەی تەمویل کردن, ئێمە لە ڕاپۆرتەکە باسمان کرد, برادەرانیش ئیشارەتیان پێدا, ئالیەتی پارەدانەکە موشکیلەی هەیە لێرە, چونکە ئێمە لەگەڵ هەردوو وەزیری مەعنی دانیشتووینە, هەردووکیان ئەو کێشەیان لەگەڵ ئێمە باس کردووە, بۆ نموومە ئەوی هونەرە جوانەکانمان هێناوە, لەمانگی 9 و 10 دەوامی کردووە, پارەشی بۆ تەرخان کراوە, ئەگەر بەهەڵە نەچم 49 ملیۆن دینار بووە بۆ تەجهیز کردنی, تاکو ئێستا ئەو پارەیان بۆ سەرف نەکراوە, یەعنی بۆ پارەکە نەگەیشتۆتە دەستیان, وەزیریش سەردانی کردوون, وەزیریش لەگەڵ وەزارەتی مالیە قسەی کردووە لەهەولێر, دیسانەکە بۆیان سەرف نەکراوە, مەسەلەکەی ئێمە ئەوەیە, بۆ نموونە مانگی 11 و 12 دێت, مەکتەبەکە پێویستی بە هەزار سۆپە هەیە, لەگەل ئەو ڕۆتین و بیرۆکراتیەی کە لەولاتی ئێمە بەرقەرارە تامانگی 4 و 5 سۆپەکان ناگات, باشە مانگی 4 و 5 تۆ مەجبوری سۆپەکان لە مەخزن دانێیت, بۆ ئەوەی ژەنگ بکات و بۆ سالّی داهاتووش بەکەڵك نایەت, چونکە مەخزەنیش نییە لەمەکتەبەکان, مەسەلەکە ئەوەیە لەکاتی پێویست مەسەلەکە تەعین کراوە, پارەکە دانراوە, واچاکە ئەو پارەی کە تەرخان کراوە لەکاتی خۆی بدرێت, بەو شوێنەی کە پێویستە بدرێت, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەو مەبالیغانەی کە باس کران, هەر لە صلاحیەتی وەزیرە, لە خەزینە داوا دەکات و هەر لە خزینەش بۆی سەرف دەکات, ئێمە کە میزانیە پەسەند نەکرابوو کڕینی ئامێر و کەل و پەل و ئەوانی تر تەقریبەن تەجمیدمان کردبوو, بەڕاستی بۆمنیش شتێکی نوێیە, بۆچی خەزینە سەرف نەکراوە, چونکە صلاحیەتی وەزیرە, بۆی سەرف بکات, بەبێ ئەوەی بۆ ئێمە بێت, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك هیوا و کاك ناصح نوقتەی نیزامیان هەیە, فەرموو کاك هیوا.

بەڕێز هیوا صابر احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەندێ تەرحم ئاراستەی جەنابت کرد بۆ شێوازی موناقەشەکردنی بودجەکە کە وەجهی خۆیان هەیە, پێم باشە هەڵوێستەیەکی لەسەر بکەین, چونکە بەڕاستی دوایی پەرلەمان دەکەوێتە بەر پرسیاری زۆرەوە, هەروەك وتم ئەم راپۆرتە کۆمەڵە تەعنێکی تێدایە, بەرەو گەندەڵی دەڕوات, پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان بێن, بەتایبەتی کە راپۆرتەکان نەهاتوون بۆ لیژنەی دارایی, کە لیژنەی دارایی دەبوایە پێچانەوەی لێبکات, سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە, ئەوەلەن جەنابت قسەت کرد, لە قسەکان رەئیی خۆت وت, هیچێك لەئەندامانی بەڕێز قسەکەی تۆیان دووپات نەکردەوە, تەئیدی قسەکەی تۆیان نەکردەوە, لەبەر ئەوەی ئەگەر تەنیا یەکێك قسەی بکات, ناکرێتن بیخەینە موناقەشەوە, هەر جەنابت بەتەنیا ئەو مولاحەزەیەتدا, ئەو مولاحەزەیش نامەوێ موناقەشەی بکەم, تەنیا ئەو قسەیەی سۆزان خان روون دەکەمەوە, موهیم ئەوە نییە چەند دادەنرێت, موهیم ئەوەیە چەند سەرف دەکرێ, ئێمە داوای حیسابات خیتامیمان کردووە, ئێستا خەریکە تەوحیدی دەکەین, دەینێرین بۆ ئەنجومەنی وەزیران, ئەوکات وەختی دێت و لەبەرچاویش روون دەبێتن کە چۆن سەرف کراوە, بۆیە نەموبست موناقەشەی مولاحەزەکەی بکەم, کاك ناصح فەرموو.

بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە کە باسی میزانیە دەکەین, هی هەموو وەزارەتەکان, مەفروز بوو هەموو وەزیرە پەیوەندیدارەکان ئامادە بن, نەك تەنیا هەردوو وەزیری دارایی و پلان دانان وەلاّم بدەنەوە, چونکە ئەوە ئیشی ئەوان نییە, هەندێك تێبینی لێرە هات, من تێبینیەکەم لە جێی خۆیەتی, چونکە هەموو کاتێك وامان کردووە, وەزیری پەیوەندیدار لێرە ئامادە بێت, ئەگەر تێبینیەك هەبێت, وەلاّمی تێبینیەکە بداتەوە, ئەگەر نا ئێمە دژی بودجەکە نین, بودجەکەیان چەند بۆ زیاد بکرێ هێشتا هەر کەمە, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەگەر تەماشای موازەنەکە بکەن, خاڵێکی تێدایە نووسراوە (موتەفیقە لەگەڵ وەزارەتی مالیە), ئەمە مانای چییە؟ یەعنی هەر وەزارەتێك میزانیەکەی خۆی داوەتە مالیە, پاشان کۆبوونەوە کراوە بە حزوری وەزارەتی مالیەش, ئیتیفاقیان کردووە لەسەر ئەوە, یەعنی ئەو میزانیە تەرخان کراوە بۆ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی بالاّ, لەنێوان هەردوو وەزارەت ئیتیفاق کراوە, کەواتە وەزیری موختەص موافیقە لەسەر ئەوە, مومکینە داوای زیاتری کردبێ, لەبەر رۆشنایی ئیرادەتی ئێمە, ئەو حەجمە لەوە زیاتر ناکرێ, ئەگەر نا 10 ملیار زیاترمان هەبێت, بە تەئکید هەر وەزارەتێك ختەی خۆی زیاد دەکاتن, بەلاّم ئەوە دانراوە لەبەر رۆشنایی ئەو تێگەیشتنە, لیژنەکانی ئێرەش کە راپۆرتیان نووسیوە, لەگەڵ وەزارەتی تایبەتمەند قسەیان کردووە و گفتوگۆیان کردووە, لەگەڵ وەزیر قسەیان کردووە, راپۆرتەکەیان

لەسەر ئەو ئەساسە بووە, من لێرە تەنیا یەك شت دەڵێم ئەو راپۆرتانەی كە تەقدیم دەكرێن لێرە, ناتوانین میزانیەكانیان كەم بكەینەوە, ئەوە یەك, دوو/ بۆ زیاد كردنیش دوو رێگا هەیە, یان دەبێ بە عجز زیادی بكەیت, ئەوەیش مەعلوم نییە چی دەبێت, یان دەبێ لە شوێنێكی تر كەم بكرێتەوە, ئەوەش ناكرێ چونكە ئیتیفاق كراوە, یانیش فورسەتێكمان لە پێشە ئەو میزانیە تەكمیلیە كەدێت زیادی بۆ بكەین, بۆیە من لێرە پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدان, ئەوە روون دەكەمەوە كە ئەو راپۆرتەی پەروەردەو خوێندنی بالأ, كە مولاحەزاتی بەجێی هەیە, نوسخەیەك بدرێتە وەزارەتی دارایی, نوسخەیەكیش بدرێتە وەزیرە موختەصەكان, لەو میزانیە تەكمیلیە چ ئیمكان هەیە بۆ زیاد كردنی بودجەی پلان, نەك بودجەی تەشغیلی, بودجەی پلان واتە زیاد كردنی خوێندگاكان, قوتابخانەكان, تەئهیل...هتد, هەرچی ئیمكان هەبێت لە میزانیەی پلان, یاخود هەر داهاتێكی تر كە ئیمكان هەیە میزانەكە زیاد بكات, رەچاوی بكەن, نوقتەیەكی تری كە دەمەوێ ئاماژەی پێبكەم, رەنگە لە پڕۆژەی میزانیەكە بێتە چارەسەركردن, ئەویش دەسەلأتە, دەسەلأتی سەرف كردنی میزانیە, دەسەلأتی وەزیر, دەست بەجێ بەجێ كردنی كار ئاسانكردنی ئەو میزانیە لەنێوان وەزارەتی دارایی و وەزارەتی تایبەتمەند, ئەمە زوو وەربگیرێت لە چاو سالّی پار و پێرار, كە زۆر لەوەزارەتەكان گلەییان هەیە كە وەكو پێویست دەسەلأتیان نییە, وەكو پێویست بودجەكانیان بۆ سەرف ناكرێ, سیولە ئینشاالله هەیە وەكو پار و پێرارنییە باشترە, ئەمە دەبێ لەوێ عیلاج بكرێ, هەم لە زیاد كردنی دەسەلأتی وەزیر, هەم دانانی ئالیەتێك, بۆ ئەوەی پڕۆژەكان رانەوەستێت, بەتایبەتی پرۆژی پلان, ئەگەر هیچ مولأحەزە نەبێت دەیخەمە دەنگەوە, فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

من پشتگیری لە قسەكانت دەكەم, بەلأم یەك شت هەیە, ئێمە بەس گلەییمان لە بیرۆقراتیەتی سەرف كردن هەیە, جەنابت ئەبێ بزانی لەمانگی 9 پەیمانگای هونەرە جوانەكان چوونەتە ناو بینا تازەكەوە, لەمانگی 9 داوایان كردووە, ئەوە ئەم سالّ مانگی 4 ە, خالێكی تر كە دەبێت بەڕاستی تەسبیت بكرێ, سەبارەت بەراوەستاندنی سەرفی بودجە, كە میزانیە دادەخرێ لە 12/1, بەعزێ جاریش لە 11/1, ئەوە دەبێتە هۆی كۆسپ دانان بۆ بەردەوام بوونی پڕۆژەكان, پارە تەدویر كراوەكە من ئەزانم دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەت, بەلأم كێشەكە لەوەدایە هەتا موناقەشەی ئەو بودجەیە دەكرێ و تەدویر دەكرێت, ئینجا پارەكە دەخرێتەوە بەركار, ئەوە دوو خالّی زۆر گرنگە كە ئێمە پێداگیری لەسەر دەكەین, سەبارەت بەهەموو ئەو خالّانەی كەبرادەران باسیان كرد, دەبێ بیرمان نەچێ عێراق هەڵمەتی دروست كردنی قوتابخانەی باس كردووە, كە ئەو ئەڵێ لەهەموو عێراق پێویستمان بە 4500 قوتابخانەی تازە هەیە, كەواتە ئێمەشیان خستۆتە حیساب, ئێمە دوێنێ كتابێكمان بەدەست گەیشتووە, كە باس لەو بڕە پارە تەرخانكراوەش دەكات, كە بۆ ئێمە دەبێت وەكو هەرێمی كوردستان تایبەت بەدروست كردنی قوتابخانەكان, خالّی چوارەمیش, ئەمە بۆ هەردوو وەزیر نییە, بۆ هەموو ئەندام پەرلەمانەكانە, پەرلەمان مەفروزە هەڵمەتی دروست

کردنی قوتابخانەکان لە ڕێی لیژنەی پەروەردەوە دەست پێبکرێ, چونکە حکومەت بەتەنیا ناتوانێ ئەو وێرانکاریە و ئەو کەم و کوڕییەی کە هەیە جێبەجێی بکات, بەڵکو ئێمە دەتوانین خۆمان هەڵمەتێکی نیشتیمانی بەرپا بکەین, بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە قودرەتی ماڵییان هەیە, بۆ دروست کردنی قوتابخانە, چونکە بەوە نەبێت رزگارمان نابێت, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس, یەك مولاحەزەم هەیە لەسەرقسەکانت, ئێمە تێکەڵاوی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن نابین, تەنیا چاودێری دەکەین, ئێمە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن نین, بشمان دەنێ وەری ناگرین, چونکە بۆ ئێمەش باش نییە, هەندێك ئەندامی لیژنەی پەروەردە مولاحەزەیان بۆمن نووسیوە, دەڵێن ئێمە ئاگادار نین لەو ڕاپۆرتە, تەبیعیە بەڵام دەیانتوانی داوای قسە بکەن, کە داوایان نەکرد, من ناتوانم مەجالی قسەیان بدەمێ, بەهەر حاڵ چونکە تەعبیر لە زۆرینە دەکاتن, وەکو عەرزم کردن, ئەو ڕاپۆرتە دەدرێتە وەزارەتە تایبەتمەندارەکان, بۆ ڕەچاو کردنی ئەو خاڵانەی کەهاتوون, هەروەها بۆ ڕەچاو کردنی ئەوەی ئەگەر ئیمکان هەبێت لەبواری بودجەی پلان بۆ وەزارەتەکە, لە میزانیەی تەکمیلی, یان هەر داهاتێك هەبێت ڕەچاوی بکەن, بودجەی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, یەك کەس لەگەڵدا نییە, تەنها کاك هیوا, کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا, بۆ ئەوەی ئاسان بێت, مولاحەزەکەم دووبارە دەکەمەوە, لەو وەزارەتانە لە میزانیەکانیان دوو شتی گرنگ ڕەچاو کراوە, یەکەم/ ئیمکانیەتی میزانیەی گشتی, دووەم/ ئیتفاق کراوە لەگەل وەزارەتەکە خۆی, وەزارەتی ماڵیە خۆی ئیتیفاقی کردووە, بەڵام لێرە ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند دەخوێندرێتەوە, ئەگەر شتی گرنگ هەبوو ڕەچاوی دەکەین, وەکو بۆ پەروەردە چیمان کرد, بۆ ئەوانی ترش وا دەکەین, ئەگەر لیژنەیەك ڕاپۆرتی نییە تەبیعیە, یان ئەگەر نەشخوێنێتەوە تەبیعیە, دەکرێ ئیتیفاق بکرێ بڵێ من ڕاپۆرتەکەم دەدەم بەوان, مەگەر مولاحەزەیەکی زۆر گرنگ هەبێت, فەرموو.

بەڕێز کریم مجید شەریف(جوتیار):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێکردن (62095 ملیۆن کە دەکاتە 1,31٪ی بودجەی تەشغیلی).

بەڕێز احسان عبدالله قاسم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وەزارەتی ئەعمار و نیشتەجێکردن بڕی 353728 خەرجی پڕۆژە سەرمایەکانە.

بەڕێز زرار طاهر امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەناو راپۆرتەکە چەند خاڵێك ناخوێنمەوە, چونکە ئەوەی لە ناوەڕۆکی ئەم خاڵانە هاتووە, لەسەرەتای دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی پێدا, لەزۆربەی دانیشتنەکانی پێشووش, بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و هەردوو وەزیری بەڕێز بۆ کاروباری دارایی و وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان پشتگیری خۆیان پێشاندا, بەڵام هیواداراین ئەم پشتگیرکردنە ببێتە بڕیاری پەرلەمان و لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانیش جێبەجێ بکرێ, لێژنەکەمان بریاریدا سەرۆکی لێژنەحیساباتی کۆتایی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە بۆ ساڵی (2007)وەربگرێت دوای ئەوە سەرۆکی لێژنە لە رۆژی 2007/8/22 سەردانی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەی کرد ئەم زانیارانەی خوارەوەی وەرگرت لەسەر بودجەی پرۆژەکان و ئاوەدان کردنەوە کەلەسالی (2007) بۆ وەزارت داندرابوو واتا بودجەی وەبەرهێنان ئەویش

بری ئەوپارەیەی بۆ پرۆژەکان وئاوەدنکردنەوە داندرابوو بۆساڵی (2007)بریتی بوو لە 317.526.000.00 سێ سەدوو حەڤدە ملیاروپێنج سەدو بیست وشەش ملیۆن دینار چاپی نوێی عێراق.

1- بڕی ئەوپارەیەی کەتمویل کراوە لەلایەن وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و وەزارەتی دارایی بۆوەزارەتی ئاوەدان کردنەوە (287.850.994.000)دووسەدوو هەشتاو حەوت ملیارو هەشت سەدوویەنجا ملیۆن ونۆسەدونەوەت وچوار هەزار دینارە.

2- کۆی پارەی سەرف کراو لەلایەن وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە (245.724.826 000) دوسەدوچڵ وپێنج ملیارو حەوت سەدو بیست وچوار ملیۆن وهەشت سەدووبیست وشەش هەزاردینارەلە ساڵی(2007).

کەواتە بری پارە کەماوەتەوە لەناو هەردوو وەزارەتی هەرێم بۆ دارایی و وەزارەتی دارایی ئەکاتە 317.526.000.000-287850994.000=29.675.006.000 بیست ونۆ ملیاروشەش سەدوحەفتاو پێنج ملیون و شەش هەزار دینار، هەروەها بڕی پارەی کەماوەتەوە لەوەزارەتی ئاوەدان کردنەوە ساڵی (2007) دەکاتە (بڕی تمویل کراو- بڕی پارەی سەرف کراو)= ئەو بڕەی کەماوەتەوە 245.724.826.000 - 287.850.994.000 = 42.126.168.000

7)لەسەر یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان لێژنەکەمان چەند تێبینیەکی هەیە و ئەیخەینە بەرچاوی بەڕێزتان

- لەماددەی نۆیەم بڕگەیەکی تر زیادبکرێ و بەم جۆرەی خوارەوە بخوێندریتەوە (ئەبێ وەزیری دارایی لایەنی کەم شەش مانگ جارێك راپۆرتێك لەسەر باری دارایی و کێشەکانی ئەو پارەیە کەلە بەغداوە دێت پێشکەش بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق بکرێت 0
- لەسەر ماددەی دەیەم زۆرینەی ئەندامانی لێژنەکەمان پێشنیار ئەکەن وەزیری پەیوەندیدار دەسەلاتی خەرجکردنی بری (400) ملیۆن دیناری هەبێت بەتایبەت ئەو وەزیرانەی کەبڕێکی زۆر پرۆژەیان هەیە بودجەی وەبەرهێنانیان زۆرە 0

8)لێژنەکەمان پێشنیار ئەکات بڕێك لەو پارەیەی کە بۆ وەبەرهێنان دانراوە بۆ وەزارەتەکان سەرف بکرێ بۆ راهینانی کادیری فەنی خۆمالّی لەبوارە جیاجیاکاندا 0

9)پێشنیار ئەکەین ئەو پرۆژانەی کە بچووکن راستەوخۆ وەزارەتی پەیوەندیدار خۆی جێ بەجێ ی بکات0

10)داواکارین لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە بودجەی ئەم ساڵ بڕێك پارە سەرف بکات بۆکاراکردنی بەرێوەبەرایەتیەکانی صیانە لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك0

11) لێژنەکەمان پێشنیارئەکات بۆ وەزارەتی دارایی و وەزارەتی هەرێم بۆ کاربارى دارایی بڕێك پارە سالآنە لەبودجەی هەرێم دیاری بکەن بۆ وەزارەتی ئەشغالّ و ئاوەدان کردنەوە بۆ ئەوەی لە بواری :

- نیشتەجێبوون سەرف بکەن لە هەرێمی کوردستان بۆئەوەی لە ئەزمەی نیشتەجێ بوون رزگاریان ببێت بەتایبەت بو کەس وکاری ئەنفال و شەهید و فەرمانبەر و ئەو هەژارانەی کە تاوەکو ئێستا خاوەنی نیشتەجێبوون نین 0

هەروەها لیژنەکەمان پێشنیار ئەکات مووچەی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان کەمترین مووچە بۆ زۆرترین مووچە وەك مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتی ناوەندی لێ بێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەوەی دەیەوێ قسە بکات, دەستی بەرزبکاتەوە, ناوەکان دەنووسم, کاك شێخ فەرموو.

بەڕێز شێخ بایز تالّەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەنیسبەت ئەو پارانە کە تەرخان کراوە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە پێیانداوە, ئێستا فەرقێکی هەیە لە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە, من پێم وایە ئەو فەرقە بەپێی قانون, بەپێی شروتی مقاوەلات, غەراماتی تەئخیری, ئەماناتە, تەئمیناتە کە وەرگیراوەتەوە, ئەوە ئەو فروقاتایە, فروقاتی تریشی زۆر لەگەلّدایە, بەنیسبەت ئەو فەرقانەی کە لەلای ئێمە ماوەتەوە کە لەلایەن وەزارەتی مالیە نەدراوە, خۆی ئەوە مەبلەغی موخەصەصە, ئێمە هەموو کاتێك مەبلەغی موخەصەص تەمویل دەکەین, بەپێی داواکاری وەزارەتی مەعنی, وەزارەت داوامان لێدەکات, دەلّێ ئەوە فلانە مقاولە ئەمە سلفەکەیەتی بیدەنێ, ئێمەش تەمویلیان دەکەین, مەشروعەکە موستەمیرە و پارەکەشی موستەمیر دەدرێت, سوپاس.

بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

یەك مولاّحەزەم هەیە, ئەوەیش ئەوەیە کە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە مەشاریعی ئێجگار زۆرە, یەکێك لە مەشاریعەکانی کە لە کۆنەوە لە ساڵی 2003, 2004 و 2005 دەستی پێکردووە, کێشەیەکی گەورەی هەبووە, بەتایبەتی لە بواری رێگاوباندا, کێشەکەش بریتیە لە بەرزبوونەوەی نرخی قیرتاو کردن و نرخی تێکەڵە کردن بەگشتی, بەعام ئەو کێشانەی هەبووە, بۆیە

پرۆژەکانیان زۆربەی سالّەکان تەدویر بۆتەوە, خۆتان ئاگادارن چەندین نموونەی پرۆژەی ڕێگا و بانمان هەیە, لەهەموویان بەرچاو تر پڕۆژەی ڕێگای دوکان و سلێمانییە, کە خەڵك پێی هاتوچۆ دەکات, ئەم پڕۆژانە بەهۆی زیاد بوونی کولفەکانیان زۆرجار وای لێهاتووە دووبارە تەندەر کراوەتەوە, یان مقاول جێی هێشتووە, تووشی کۆمەڵە کێشەیەك بووینە, کە داوا دەکات تەخمینی ئەوها لە بیدایەتی سالّەوە دەتوانێت 317 ملیار دینار سەرف بکات بەپێی 127 پرۆژەی کە هەیەتی, بەپێی ئەو پرۆژانە تەقدیری کردووە, بەڵام نیهایەتی سالّ کە دەکاتە مانگی 9 و 10 بەپێی ئەوەی سالّی وا هەیە مقاول دوادەکەوێت, سالّی وا هەیە باران زیاتر دەباڕێت, بۆیە پارەی موخەصەص شەرت نییە سەد لە سەد هەمووی بۆ تەمویل بکرێتن, لەهەمان کاتیش لەسالّی ڕابردوو کۆمەڵێك مەشاریعی تازەی هەبووە, مەشاریعە تازەکانیشی دەست پێکردووە, نەیتوانیوە ئەو پارەی پێویست بووە سەرفی بکات, پارەکە تەدویر دەبێت, بەڵام ئەم تەدویرە دوو بەشە, بەشێکی زۆری دێتەوە بۆ ئەوەی کە تەمویل نەکراوە, وەزارەتی دارایی و ئابووری سەرفی کردووە لەبواری پرۆژەیەکی تر, یان لەمەجالێکی تر, یان لەمیزانیە ئیعتیادیە, بۆیە من پێم وایە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە یەکێکە لە سکتەرە گرنگەکان, حەجمی میزانیەی کە بۆشی دانراوە ئەمسالّ بەس لەمشاریعی تازە لە 14,6٪ لەمیزانیەی ئیستیسمار بۆیان تەخصص کراوە, زۆر سوپاس.

بەڕێز ئارام رسول مامند:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

جێگای خۆشحالّیە لە بودجەی 2008 وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە بۆ بودجەی ئیستسماری موقارەنە کردن لەگەڵ سالّی 2007 بڕێك پارەی زیاتری بۆ دەست نیشان کراوە, لەسالی 2007 (317 ملیارە), لەسالّی 2008 (353 ملیار) دینارە, یەکێك لە سیاسەتەکانی ئاوەدان کردنەوە, ئەوەی کە ئێمە بەردەوام باسی لێوە دەکەین, هەوڵدانە بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان و لادێیەکان, بۆ ئەوە مەبەستە ئەرکێکی زۆر گرنگ لەسەر شانی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەیە, بۆیە من لێرە داوا دەکەم وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان, پلان و برنامەیەکی ستراتیجی نوێی درێژ خایەنیان هەبێت, بۆ هەنگاونان, بۆ ئاوەدان کردنەوەی زیاتری گوندەکان, لەهەمان کاتدا وەکو پێشنیارێك دەیخەمە بەردەمی وەزیرە بەڕێزەکان و ئەندامانی پەرلەمان, بودجەی تەکمیلی 2008 بڕێك پارەی زیاتر بۆ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە دابنرێت, تایبەت بە ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان, تەخمین کردنی بودجەی 2008 ڕەچاوی ئەو پێداویستەی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە بکات, داواکارم ئەوە وەکو پێشنیارێك لەلایەن لیژنەوە لێمان وەربگیرێت و کاری پێبکرێت, زۆر سوپاس.

بەڕێز محمد حکیم جبار:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من یەك پرسیارم هەیە, بۆ هەندێ وەزارەت جەنابت هەندێ قسەی چاکت کرد, ئایا ئەوانە تەوصیاتن, یان بڕیاری پەرلەمانن؟ یەعنی قوەتی قانونی چییە بۆ وەزارەتی پەیوەندیدار؟ ئەوە یەك, دوو/ بۆ ئەو

وەزارەتەی کە باسی دەکەین, من پێم باشە بڕێکی باش تایبەتمەندی خۆی بە مەسەلەی رێگا و بان بدات, ئەولەوییەتێك بدات بە پرۆژەکان, دیارە گلەیی و گازاندەیەکی زۆر هەیە لەسەر مەسەلەی ئەولەوییەت بە پرۆژەکان لەم وەزارەتە, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بۆ قسەکانی من, ئەوەی کە بڕیارە و جێبەجێ کرا بیدایەتی قسەکانم بوو کە خوێندمەوە, ئەوەی وتم میزانیەی قەزایە, سولفەی عەقارە, یەکسانی مووچەیە, مووچەی خانەنشینە کە دەبێ بکرێت و رووبەڕووبوونەوەی وشکەسالّی, ئەوانە بڕیارن, ئەوانی تر تەوصیاتە, لەبەر رۆشنایی ئیمکانیەتی حکومەت, وەزارەت ئەو راپۆرتانە بەهەند وەردەگرێت, چەندی ئیمکانیەتیان هەبوو جێبەجێ دەکەن, کاك محمد رفعت, فەرموو.

بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من تەئیدی پێشنیارەکانی لیژنەی ئاوەدان کردنەوە دەکەم هەمووی, لەگەڵ ئەوەش ئەو پارەی کە دەستنیشانیان کردووە 4226168 هەزار دینارە, ئەوە پارەیەکی زۆرە, وەکو کاك عوسمان باسی کرد, خۆ دەتوانن لە پرۆژەیەکی تر سەرفیان بکردبایە, ئەو پارەیە بۆچی لەلای خۆیان هێشتۆتەوە, لەلایەن وەزارەتی مالیە لەمیزانیەی خۆیان, ئەمە یەك, دوو/ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە پێویستە ئەهمیەتی پێ بدرێ, چونکە کوردستان وەکو ئەزانین وێرانکراوە, حەقە میزانیەکی باشی بۆ دابنرێ و صلاحیەتێکی باشیش بدرێت بە وەزیر, بۆ ئەوەی دەسەلاّتی سەرفی زیاتر بێت, زۆر سوپاس.

بەڕێز حاتم محمد جان حسن:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەحەقیقەت ئەوەی من بزانم, تێکەلاّویەك هەیە لەناو موناقەشەکان, چونکە ئەمڕۆ ئێمە موناقەشەی بودجەی وەزارەتەکان دەکەین, بەلاّم زۆر لە موناقەشەکان ئەوەیە کە ئیشارەت بە چۆنیەتی کاری پرۆژەکانی ناو وەزارەتەکان دەدرێت, چی لەبەردەستدایە, چی دەکات؟ بەحەقیقەت ئەوە خۆی بۆ خۆی تێکەلاّویەکە, ئەگەریش موناقەشەی بودجەی وەزارەتەکان بکرێت, ئەمە جێی خۆیەتی موناقەشەکە چۆن دەڕوا, ئەگەریش لەسەر پرۆژەکانە, دەبوایە وەزیری مەعنی ئەمڕۆ ئامادە بوایە کە راپۆرتەکانیان دەخوێندەوە, چونکە کۆمەڵە شتێك هەیە ئێمە رووبەڕووی دەکەینەوە, دەبوایە ئەو شتانە وەلاّمی هەبوایە, بەتایبەتی لە ڕووی ئاوەدان کردنەوە, لیژنەی دارایی ئیشارەتیان بەوە داوە کە لەڕووی ئاوەدان کردنەوە بۆ کەس و کاری شەهید و ئەنفال ئیشی باشتر بکرێت, بەرنامەی باش دابنرێت, ئەمە جێگای دڵخۆشیە, بەلاّم ئەوەی کە بیخوێنینەوە و باسی بکەین, تاکو ئێستا من شتێکی وەهام نەبینیوە کە ئێمە لە مەنتیقەیەکی زیاتری ئەنفالکراو و شەهیدانین, هیچ بەرنامەیەکی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەم نەبینوە کە دەورێکی ئەساسی هەبێت لە ڕووی ئاوەدان کردنەوەی گوندێك, شارێك, جادەیەك, بانێك بەو دەرجە, ئەگەر بووش

بێت زۆر کەمە, جا بۆیە ئەگەر ببوایە, جەنابی وەزیر خۆی لێرە ئامادە بوایە, مادەم پرسیار و وەلأمی تێدایە باشتر بوو, زۆر سوپاس.

بەڕێز جعفر مصطفى معروف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پێشەکی داوا دەکەم وەزارەت ئەو پارەیە سەرف بکات, سەرفی بکات, واتە ئیشی تێدا بکات, نەک پارەکە بمێنێتەوە, چونکە کوردستان زۆر لەوەی وێرانترە پارەی بۆ بهێڵێوە, ئەمە یەک, دوو/ ئایا لەوەزارەت حصەیەک دانراوە بۆ ئاوەدان کردنەوەی هەڵەبجە, سێ/ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە دەتوانێ گوندەکانی کوردستان هەمووی بە تێکڕا کە زۆر وێرانە ئاوەدانی بکاتەوە, بەجادە و ڕێگاو بانەکانی, من نموونەیەک دەدەم, بەرزنجە ناحیەیەک بووە لەسالی 70 کان 2 هەزار مالی تێدابووە, ئێستا بەرزنجە 20 مالی تێدایە, وەزارەتیش هیچ پلانێکی نییە ناحیەکان ئاوەدان بکاتەوە, لەڕووی شارستانیەتیشەوە پێویستە ناحیەکان ئاوەدان بکرێتەوە, مەبەستم ئەوەیە دەتوانن ئەو پارەیە سەرف بکەن بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان, ناحیەکان بەتایبەتی هەڵەبجە, زۆر سوپاس.

بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەراپۆرتی لیژەی ئاوەدان کردنەوە لەخاڵی 11 هاتووە باسی نیشتەجێبوون دەکات, جەنابی وەزیر و ئێوەش موافەقەتان کرد لەسەر سولفەی عەقاری, ئێستا لەدنیا شتێك هەیە کە زۆر ئیقتیصاد پێش دەخات, دەڵێن سوق صناعەتی ئیسکان, یەعنی بازاڕی پیشەسازی خانوو, ئەوە دەوڵەتەکانیش ئیشتیراکی تێدا دەکەن, لەبەغدا لەوەزارەتی ئیشغال صندوقی ئیسکان هەیە, ئەو صندوقە وەزارەتی مالیەی بەغدا تەمویلی دەکات, من یەک, دوویەکم بینی دەڵێ وەزیر وەعدی دایە لە پارەی سالی پاریش مەبلەغێکی زۆرمایە لەوەش تەمویلتان دەکەین, خەبیرێکی تێدابوو, وتی لەهەندێ دەوڵەت ئامادەن کە تەمویلی ئەو صندوقە بکەن, باسی پارەیەکی زۆری کرد, هەتا گوتی بە ملیار دۆلار دەدەن بە قازانجی لە 2٪, کەباسیان دەکرد, باسی ئەزمەی سەکەنی هەموو عێراقیان دەکرد, من پرسیارەکەم لە جەنابی وەزیر ئەوەیە, ناکرێ لەوەزارەتی ئاوەدان کردنەوە ئێمەش صندوقێك دابنێین, ئیستیفادە لەعێراقیش بکەین, چونکە ئەزمەکە ئێمەش دەگرێتەوە, زۆر سوپاس.

بەڕێز عادل محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وەکو هەموومان دەزانین, زۆربەی زۆری داهاتی بودجەی کوردستان لەنەوتە, مەبدەئێکی واش لە دەستووری عێراق ئیقرار کراوە کە پێویستە ئەو شوێنانەی زیاتر زەرەمەندن لەبەرچاو بگیرێن, ئاوەدان کردنەوەش خۆمان دەزانین لەسەر ئەساسی ئەوەیە چەند ناوچەکە پێویستی پێیەتی, یان چەند کاولکاری تووشی هاتووە, هەروەها لەقانونی بودجەی حکومەتی فیدرالیش دیسان لەمادەی 3 ئاماژە بەوە دەکات

دەڵێ ئەو ناوچانەی کەزیاتر زەرەمەند بووینە لەتەصروفاتی رژێمی پێشوو, دەبێ لە بودجە لەبەرچاو بگیرێن, بۆیە حەق وایە لە بودجەی ئەو وەزارەتە, یان بەشێوەیەکی سەربەخۆ, بودجەیەکی تایبەت تەرخان بکرێت بۆ ناوچەی گەرمیان و هەڵەبجە, چونکە خۆمان دەزانین تەدمیری ئەو دوو ناوچەیە لە سەدا سەدە, ئێستاش دواتر لە بودجەی کشتوکاڵ قسەی لەسەر دەکەم, دیسانەکە کاوڵکاریەکی سەد لەسەد لەنەتیجەی ئەو وشکەسالّیە تووشی بووە, جا من لەوە تەفاصیلی زیاتر قسە دەکەم, ئێمە لێرە باسی نیشتەجێکردن دەکەین, ئایا لە بودجەی ئەم وەزارەتە پارەیەکی ئەوتۆ تەرخان کراوە بە پێی ناوچەکان بۆ نیشتەجێ کردنی خەڵک لە ناوچەکان, لەناحیەکان و لە لادێیەکان؟ تکایە کێشەی سەرەکی خەڵک لە کوردستان کرێچی و نەبوونی نیشتەجێ بوونە, یان چۆن ئەمە تەنسیق دەکرێ لەگەڵ سولفەی عەقارات؟ ئایا ئەوە کە خەرج دەکات دەبێتە هاوولاّتی جیاواز دەبێت لەگەڵ ئەوەی ئەگەر بێتو لەم وەزارەتە جێگای بڕێکی پارە بکرێتەوە بۆ ئەوەی بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو لە هەموو دێهاتەکان نیسبەیەك دیاری بکری بۆ نیشتەجێبوونی خەڵك, نازانم ئەوە چۆن جیا دەکرێتەوە؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پێشەکی من تەئیدی راپۆرتی لیژنەی ئاوەدن کردنەوە دەکەم, کە خۆم ئەندامم تێیدا, بەحەقیقەت ئەم وەزارەتە ئیشی زۆرە و موهیمیشە, بەلاّم پێویستە بەهۆی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان, پلانێك دابنرێت هەموو لایەك بگرێتەوە, نەك لایەك دروست بکرێت و لایەکی تر بمینێتەوە, من چووم بۆ سەنتەری ئەنفال و کیمیابارانی دهۆك, تەبعەن ئەو گوندانەی کەلەوێ ئەنفالکراینە, کیمیارباران کرایە, ئیهمال کرایە, یەعنی هیچ بۆیان نەکرایە, نالّێم نەکرایە, کرایە, بەلاّم زۆریش ئیهمال کراینە, لەبەر ئەوە داوا دەکەم کە لەهەموو لایانێکەوە چاویان لێبێت, نەك لایەك بکرێت و لایەکەی تر بمێنێتەوە, ئەمە یەك, دوو/ ئەو نیزامەی ئاوەدان کردنەوە و دروست کردنی شوقە ئەوانە, ئەمەش بەپێی پلان لەسەر هەموواوچەکان دابەش بکرێت, کە پێویستی پێی هەیە, لەبەر ئەوەی زۆر جێگا هەیە ئەو نیزامەی شوملی نەکردووە, نموونە شاری ئاکرێ هەتانووکە یەك شوقەشی لێ دروست نەکرایە, خەڵکێك هەیە مەعاشی ئەگەر بکەینە سێ بەش, دوو بەشی هەر بۆ کرێی خانووە, بەو گرانیەی قەت ناتوانێ بژی, لەبەر ئەوە داوا دەکەم بۆ هەموو لایەك وەکو یەك تەماشا بکرێت, ئەولەوییەت بدرێتە ئەنفال و کیمیاباران پاشان ئەوانی تر, زۆر سوپاس.

بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من تەئیدی راپۆرتەکەی لیژنەی ئاوەدان کردنەوە دەکەم, بەلاّم ئەوەی کە تێبینی دەکەم بەراستی پارەیەکی زۆر کەم بۆ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە تەرخان کراوە, لەبەر ئەوەی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە ئەرکێکی زۆر گەورەتری لەسەر شانە خۆشتان دەزانن ئەم ولاّتە هەمووی داڕووخاوە, حەقە رەچاوی

ئەوناوچانە بکرێت کە بەتەواوی وێران بووینە, من لێرە جارێکی تر لەدانیشتنی پێشتریش داوام کردیە کە مەنتیقەی مەخمور کە 140 گوندی یەکجار تێکدراوە, ئەم 140 گوندە لە 2003 ەوە تاکو ئەمڕۆ 10 گوند زیاتر ئاوەدان نەکراوە لەو ناوچەیە, کەواتە 130 گوند بەوێرانی ماوەتەوە, راستە مەنتیقەکە مەشمولە بە مادەی 140, کە تا مادەی 140 جێبەجێ نەکرێ ناگەڕێتەوە سەر کوردستان, بەڵام وەکو حاڵەتێکی تارئ من داواکارم بەشێك بۆ ئەو ناوچەیە تەرخان بکرێ, هەم بۆ چاکردنەوەی ڕێگا و بانەکان, هەم بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان, لەبەر ئەوەی ئەوەی کە تێبینی دەکرێت, ئەگەر چەند ڕێگایەك چاك بکرێتەوە خەڵکەکە دەتوانێت بگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی, بەڵام ئەم ناوچەیە هیچی بۆ نەکراوە, ئەمە خاڵێك, خاڵێکی تر/ مەسەلەی دروست کردنی شوقەی سەکەنی بۆ فەرمانبەران, ئێستا لەهەولێر کۆمەڵێك شوقە دروست کراون, بەڵام تا ئێستا دابەش نەکراون, من پێم باشە ئەو شوقانەی کە دروست کراون, وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە سەرپەرشتنیان بکاتن بەشێوەیەکی دادوەرانە بیداتە فەرمانبەرانی کوردستان, لەبەرامبەر ئەوەش لە داهاتوو کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی گەورەتر دروست بکرێتن, بەنرخێکی ڕەمزی بدرێتە فەرمانبەرانی کوردستان لە مووچەکەیان بەشێك لە پارەکەیان بگێڕدرێتەوە, فەرمانبەر کە ئێستا کرێیەکی زۆر دەداتە خانووبەرە, ئەو کات ئامادە دەبێت بۆ ئەوە, ئەگەر نیوەی ڕاتبەکەشی بێت هەر ناگاتە ئەوەی کە دەیداتە کرێ, لەداهاتووش شوقەکە لەسەری تۆمار بکرێتن, بەناوی ئەو بکرێت, زۆر سوپاس.

بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەگەڵ ڕایەکەی کاك غفورم, ئەو بودجەیە کە بۆ ئەم وەزارەتە تەرخان کراوە کەمە, لەبەر ئەوەی ئەو وەزارەتە ئێستا زۆر پێویستی بەوەی هەیە کە ناوچەکان چاوەڕێیەتی, تێبینیەکم هەیە ئەم وەزارەتە بەو هەموو پێویستیەوە چۆن 42 ملیار و هەندێکی ماوەتەوە لەساڵی ڕابردوودا, من نموونەیەکم هەیە باسی ناوچەی گەرمیان دەکەم, دەست خۆشیان لێدەکەم کە پردی نێوان گەرمیان و خانەقینیان چاك کردۆتەوە, کە بەسەر ڕووباری سیروانداا دەڕوات, پردێکی زۆر ستراتیجی و گرنگە, بەڵام لە تەنیشت پردەکە, ئەو ڕێگایە کە دەگاتە پەرۆێز خان ڕێیەکی زۆر ئابووری و ستراتیجیە و زۆر بێ کەڵکە, ناوچەی گەرمیانیش تا ئێستا ڕێگایەکی قیرتاوی بۆ نەکراوە کە یەکێکە لەو ناوچانەی زۆر ڕێگاو بانی تێدا زەرورە, بەنیسبەت شوقەوە, بەداخەوە ئەو شوقانەی کە ئێستا دەکرێت هەمووی هی کەرتی تایبەتە, ئەوەندە سعرەکەی خەیاڵیە, هەژار ناتوانێت دەستی پێبگات, ئەگەر بەشێکی پرۆژەی ئەم وەزارەتە بۆ شوقە بێت و مولکی حکومەت بێت, زۆر لەوە باشترە کە کەرتی تایبەت ئەو هەموو شوێنە دەبات و نرخەکەشی ئەوەندە گرانە, کە ئەزمەکە هەر وەکو خۆیەتی, دووبارە تێبینیم لەسەر ئەوەیە ئەو وەزارەتە تەنیا وەزارەتی شار و ڕێگا و بان نییە, بەڕاستی لادێیەکان پێویستی بەوەیە ئەم وەزارەتە دەستی پێبگات, سوپاس.

بەڕێز کۆێستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من دوو خاڵم هەیە, یەکەم/ دەست خۆشی لەراپۆرتەکەی لیژنەی ئاوەدان کردنەوە دەکەم, جگە لەو خاڵەی کە داوا دەکات صلاًحیەتی وەزیر 400 ملیۆن دینار بێت, من پشتگیری ئەوە دەکەم کە دەسەلاًتی هەموو وەزیرەکان وەکو یەك بێت, جیاوازی نەبێت, خاڵی دووەمم, لەسەر بڕگەی (6)ەم, هەرچەندە هەردوو وەزیری بەڕێز, وەزیری هەرێم و وەزیری پلاندانان وەلاًمیان دامەوە, بەلاًم تازە دیارە قسەکەم دەچێتە باری تەوصیەوە بۆ حکومەت, ئێمە هەموومان باسی ئەوە دەکەین کە بودجە کەمە, باسی ئەوە دەکەین کە کوردستان وێران بووە, رێگا و بان نییە, بەلاًم ئەوەی دیقەتمان داوەتێ, زۆربەی وەزارەتەکان بودجەکەیان وەکو خۆی صەرف نەکردووە و ماوەتەوە, هەرچەندە ئەو بەڕێزانە وەلاًمیان داوەمەتەوە, ئەمە وەکو تەوصییەك وەزیری حکومەت و وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی کارێك بکەن, یەعنی ئەم وەزاراتانە چالاك تر بن, ئیشەکانی خۆیان باشتر بەڕێوە ببن, بۆ ئەوەی ئەو بودجەی لەبەردەستیانە بیخەنە خزمەتی کۆمەلاًنی خەلکەوە, نەك بیهێلنەوە, زۆر سوپاس.

بەڕێز عثمان احمد حمد امین؛

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێکردن بەڕاستی ناوەکەی بەخۆیەوەیەتی, جا کە دەڵێی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە بەڕاستی ئەو شوێنانەی لە کوردستان وێران کراون چاوەڕیی ئەو وەزارەتە دەکەن کە وێرانکراوەکەیان بۆ ئاوەدان بکاتەوە بەتایبەتی, نیشتەجێ کردنیش ئەوە گرفتی نیشتەجێ بوون باس دەکات, بەراستی ئەوەی کە پێی دەوترێت قەلاًدزێ چەندجار شەهید, یەکێکە لەو شوێنانەی کە لەسەدان سەد رژێمی بەعس وێرانی کردووە, لەسالی 1989 دوا قۆناغی وێرانکردن, کە تەرحیل کردنی قەلاًدزێ و پشدەر دوا قۆناغ بوو, لەسالی 1989 یەك خانوو, یەك بینا, یەك مزگەوت, یەك دائیرە و یەك شوێنی بەپێوە نەما لەقەلاًدزێ و پشدەر, جا ئاوەدان کردنەوەکەی کات و سات و بودجەیەکی زۆری دەوێت, من لەو شوێنە تەنها باسی جادەی قەلاًدزێ دەکەم, جادەی قەلاًدزێ کە بەرانیە دەبەستزێتەوە (30 کم)ەم, دوو بەشی تەواو بووە و کراوەتە دوو ساید, ئەو جادەیە لە دەربەندی رانیە تا قەلاًدزێ دەتوانم بڵێم هەزار تۆپی بەرکەوتووە, هەر کەسێك, هەر وەزیرێك سەردانی ئەو شوێنەی کردبێ بینویەتی, قەلاًدزێیەکان پێی دەڵێن رێگای مردن, ئەوەندە ئەحداسی تێدا رووەدات, و خەلکی تێدا دەمرێت, بەڕاستی جێی ئەوەیە کە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە بە ئیستسنائیش بێت ئەو جادەیە لەرانیە بۆ دەربەند کراوە بە دوو ساید, تەواوبووە, لە قەلاًدزێ تا ژارەوە کراوە بە دوو ساید, بەلاًم قیر نەکراوە, دەتوانم بڵێم ماوەی (10 کم) دەمینێت, یەعنی ئەوە پێویستە وەکو شتێکی ئیستسنائی وەکو هەدیە و دیاریەکی ئاوەدان کردنەوە بۆ خەلکی قەلاًدزێ و پشدەر کە لەسەدان سەدی وێرانکراوە, نەك لە 99٪, بۆیە بەراستی داوا دەکەم وەکو شتێکی ئیستسنا بەلایەنی کەمەوە رێگای نێوان قەلاًدزێ و رانیە, بەتایبەتی لەدەربەندەوە بۆ ژاراوە بۆ قەلاًدزێ وەکو شتێکی ئیستسنائی حیسابێکی تایبەتی بۆ بکرێ لە بودجەی ئەمسالًدا, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس, بەڕاستی ئێمە پلانمان هەیە کە وەزیرە پەیوەندیدارەکان بانگ بکەین, کە پەیوەندیان بەخەڵکەوە هەیە, یەك لەوانە وەزیری ئاوەدان کردنەوەیە, کە هاتە ئێرە ئەو مولاحەزاتانەی بکەن, سارا خان فەرموو.

بەڕێز سارا فقی خضر:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

زۆربەی قسەکانم ماموستا عوسمان کردی, بەڵام چەند باسی قەڵادزێ بکەین, ئەگەر ئەو کەم و کورتیانەی کە هەیەتی ئەگەر لیستێکی بۆ بکەیت, بەڕاستی نابڕێتەوە, لەبەرئەوەی وەزیری پلاندانانیش لێرەیە, بۆیە تەئکید دەکەمەوە کە گرنگی تایبەت بەو شوێنە وێرانکراوانە بدرێ, بەیەکسانی لەگەڵ شوێنەکانی تر تەماشا نەکرێ, منیش نموونەیەك دەهێنمەوە, قوتابخانەیەك هەیە بەناوی شەهێدێکی ئەم شارە, کە شەهید سنوبەرە لە 82 شەهید بووە لە راپەڕین, تەماشا دەکەی ئەو مەکتەبە پێش ئەو کات جوانترین بینای لەسەر دروست کرابوو لە رژێمی پێشوو, کە رووخاوە ئەو 17 ساڵە تا ئێستا ئەم مەکتەبە لە کابینە دەخوێنن, یەعنی بینایەکی بەسیتی بۆ دروست کردوون, چەند جارێك وەزیرەکان سەردانیان کردووە, یەعنی بەڕاستی نازانی چۆن جوابی ئەو خەڵکە بدەیتەوە, کاریگەری لەسەر معاناتی خەڵکەکەی کردووە, بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە چەندجارێك لە 4/24 یاداشتی ئەم خەڵکەمان هێناوە بۆ پەرلەمان, بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن, یەعنی خەڵك زۆر نیگەرانن کە جوابی داواکانیان نادرێتەوە, بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین کە بەلایەنی کەمەوە با بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدان کردنەوە لەو شوێنانە هەبێت, یەعنی شوێنێکی وێرانکراوی ئەوها گەورە و قەزایەکی ئەوها گەورە, بەڕێوەبەرایەتێکی ئاوەدان کردنەوەی لێنەبێت, هیوادارام زیاتر گرنگی پێبدرێ, زۆر سوپاس.

بەڕێز خضر سلیمان خلیل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەڤە دانوستاندنی سەر میزانیە دکەین, ئەڤە چەندجار جەنابێتە بێژت ئەڤ راسپاردانە وەزیری مەعنی داوا دکەین و دگەل وان باس بکەین, سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

نوقتەکەت بەحبێیە, بەڵام چی بکەم هەتا بە قسەم بکەن, ڤیان خان فەرموو.

بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پرسیارێك و پێشنیارێکم هەیە, پرسیارەکەم بۆ وەزیری ئاوەدان کردنەوە و وەزیری پلاندانانە, کە تاکو ئێستا هەندێك لە وەزارەت و فەرمانگە حکومیەکان لەکرێنە, ملیۆنەها دینار بۆ مەبەستی کرێدان دەچن, ئایا پلانیان چیە؟ بۆ دروست کردنی هەندێك بینا بۆ فەرمانگە حکومیەکان و هەندێك لەوەزارەت, پێشنیارەکەشم ئەوەیە کە زۆر لە برادەران باسیان کرد, کە لەبودجەی تەکمیلی عێراق وابکرێ کە بەشێك

له بودجەی ئاوەدان کردنەوە زیاد بکرێ, بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان, بەڕاستی کێشەی کشتوکاڵ و وشکەساڵی و خۆراك, ئەو سێ کێشەیە چارەسەر بکات, زۆر سوپاس.

بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

زۆربەی قسەی من هاتنە کرنێ, تەئیدی راپۆرتی ئافەدان کردنەوە دکەم, نسبەتی کردستان حەمی هاتە وێرانکرن, بە سۆران و قەلادزێ و هەر جیهەتێك بێت, دیارە چەندین ساڵە گوندی مە هاتینە وێران کرن, هەتا نووکە نەهاتینە ئافەدان کرن, بەڵکو چەند گوندك هاتینە ئافاکرین, پێم ئەڤ پرسیارە وەزیری مالیە دکەم, بۆچی ژمارە کەمیا گوند هاتیتە ئافا کرن, تەئیدی حەمی برادەران دکەم بۆ خواستنی ئافادانکردنی گوندان مەبلەغێك بێتە تەخصیص کرن, یان میزانیەکی تایبەت تەخصیص کرن, چونکە ئەڤ بزانم ئەڤە قوتارکرن ئەڤ گەلك بەردەستی منە و ئەڤ باسی دکەین, یان ئیجارێ, یان گرانیا بازارێ و حەمی ئەوانی تر, زۆر سوپاس.

بەڕێز فخریە مصطفی محمد علی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پشتگیری لەراپۆرتی ئاوەدان کردنەوە دەکەم, داوا دەکەم هەندێ لەو بڕە پارەیەش بۆ ئەو کەسانەی کە زەرەرمەند بووینە لەشارۆچکەی شەقلاوە و بەبەر شالاوی حزبی بەعس کەوتوون, هەندێ فندق و مالْ و خانوو رووخاینە لەساڵی 1987, یەعنی ئەو کەسانە داوای قەرەبوو دەکەنەوە, هەتا ئێستا من ناوی لیستەکانم دا بەتۆ لەساڵی پارەوە, هەتا ئێستا هیچیان بۆ نەکراوە, ئەوانیش داوای قەرەبوو دەکەنەوە, هەروەها داوا دەکەم لە حکومەتی هەرێم دائیرەی مەحکەمەی شەقلاوە و دائیرەی تاپۆ هیچ دائیریەکی وایان نییە ناو فندق ئێستا بەکرێیان گرتووە, لەسەر رێگای رەئیسیە لە شەقلاوە, یەعنی جێگایان زۆر خراپە, دائیرەی تاپۆ شوێنەکەی پێشتر موستەشفایەك بووە, یەعنی زۆر کۆنە, هەموو فایلەکان رتوبەتیان کێشاوە, سوپاس.

بەڕێز ملاسعدالدین ملاعبدالله مولود:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەر بۆ ئەوە دەڵێم, کاك زرار دەڵێت 245 ملیار لەکوردستان سەرف کرایە, ئینجا کاك زرار دەی گوت (السلطة المالية في كردستان يساوي صفر), گەلەك زۆرە ناکاتە سفر, ئەوە جێگای دڵخۆش کردنە کە ئاوەدان کردنەوەکە مورەکەزە لەسەر پارێزگای سلێمانی لە دروست کردنی پرد, لەدروست کردنی جادە و بان و لەزۆر شتی تر, من ئیقتیارحێك لەبەردەم هەردوو جەنابی وەزیر دادەنێم, کە میزانیەی نوێ دێت, ئەگەر لائیحەك بێت بەوەی کە ئەو مەشاریعانەی تەنفیز نەکرایە, یان ئەوەی مایە کە بخرێتەوە سەر میزانیەی 2008, تەصنیف بکرێت, تاکو زیاتر وازح بێت و روون ببێتەوە, هەندێك ئیشکال هەیە حەل ببێت, زۆر سوپاس.

بەڕێز رشید کریم رشید:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

دەربارەی شوقەی نیشتەجێبوون من قسەی دەکەم, کە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە دەتوانێت پلان دارێژێت بەمەجامیع, نموونەیەك ئەهێنمەوە, مەجامیع دروست بکات, ئەو مەجامیعە بەقەرز ئەتوانن شوقە بۆ فەرمانبەران بە مقداری کەم بکرێت, ئێمە سوپاسی وەزارەتی دارایی لەولا دەکەین, کە شێخ بایز ئاگاداری ئەوەی هەیە, نموونەکەشم ئەوەیە کە ئەو شوقانەی برایەتی کە برادەرانی یەکگرتوو دروستیان کردووە, کە 252 شوقەیە, 252 خێزان جێگای بۆتەوە لەسەر قتعەیەکی عەرز کە پێی دراوە, مقدارێك پارە لە خۆیان وەرگیراوە, کە بریتیە لە دەفتەر و نیوێك, باقیەکەی تر بریتیە لەشێوەی قەرز لەلایەن دارایی ئەو لایەنە دراوە, وردە وردە قەرزەکەی ئەگێڕنەوە, یەعنی ژمارەیەکی کەم, پارەیەکی کەمی تێ ئەچێ, خێزانێکی زۆریش جێگای بۆتەوە, موشکیلەیەکی باشیش حەل دەکات, ئەکرێ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە مەجامع لەشارەکان بەم شێوەیە دروست بکات, دەورێکی باشیش ببینێت, زۆر سوپاس.

بەڕێز زرار طاهر امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی زۆرم پێ خۆش بوو کاك مەلا سعدالدین ئەو پرسیارەی کرد, چونکە لەوانەیە زۆر خەڵکی تریش هەبێت لەدەرەوە لەو قسەی من نەگەیشتبێت, دەسەلاتی دارایی فەرقی هەیە لەگەڵ دارایی, حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت خەزێنە دروست بکات, بیفرۆشێت, پاشان کە پارەی پەیدابوو لە خەڵکی بکرێتەوە, کەواتە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەلاتی نییە, ئێمە حکومەتێکی سەربەخۆ نین, ئێمە سەر بەحکومەتی فیدرالین, ئێمە ناتوانین پارە چاك بکەین, کەنەتوانین پارە تەبع بکەین, دەبێ حکومەتی ناوەندی بۆمان بنێرێت, ئێمە ناتوانین پارە قەرز بکەین لە دەوڵەتانی دراوسێ, کەنەتوانین پارە قەرز بکەین, کەواتە دەسەلاتی دارایمان سفرە, ئەوە فەرقی هەیە لەگەڵ دارایی, سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

من سوپاسی مەلا سعدالدین دەکەم بۆ ئەو سوئالە, چونکە فعلەن دوێنێ قسەیەکی وات کرد زۆر کەس ئەو تێگەیشتنەی نەبوو, ئێستا بەهۆی ئەو سوئالەوە ئەو شەرحەی کەکردی روون بۆوە, کاك زرار مەبەستی دەسەلاتە, نەپارەی تەبع دەکەین, لەهەموو شتێك چاوەڕێی بەغدا دەکەین, من مولاحەزەیەکتان پێ بڵێم, ئەوەی کە لەوەزارەتەکان داوایان کردووە بۆ میزانیەی خۆیان, یەعنی هەر وەزارەتێك میزانیەی خۆی تەقدیم کردووە, خۆی ئەو داواکاریانە بەپێی پێداویستیان, بەپێی مەساریفی تەشغیلی, هەم ئەوەی کە بۆ پلانە, بۆ ئیستسماریە, 13 ملیار و قصور دۆلارە, بۆ ئەوەی بتوانن بەرنامەکانیان بۆ ساڵی 2008 جێبەجێ بکەن, داوای 13 ملیاریان کردووە, وەزارەتی مالیە کە دەزانێ ئەو پارەیە خەیاڵە, ئێستا نیەتی هاتووە بەپێی دانیشتن وەزارەت بە وەزارەت, بەپێی ئیمکانیەتی ئەو 17٪ کە لەبەغداوە بۆی دێت و بەو تەفصیلاتەی کەدایان کەمی کردۆتەوە, لەگەڵ ئەوەش ئەجرێکی هەیە, هەمووی کەم نەکردۆتەوە, هەندێك

شت هەیە ناتوانێت کەم بکاتەوە, مەصاریفی تەشغیلی ناتوانێت کەم بکاتەوە, بۆیە ئەجرێکی پەیدا کردووە 840 ملیۆن دۆلارە, کە ئێمە داوای زیاد دەکەین بۆ وەزارەتێك لەوەزارەتەکان جێی خۆیەتی, بەلاّم دەبێ رەچاوی ئەوە بکەین کە ئەوە ئیمکان هەیە, یان نا, ئێستا تۆزێ ئیمکان پەیدابووە بەوەی کە میزانیەیەکی تەکمیلی پەیدابووە, ئیمکان هەیە میزانیەیەکی تریش زیاد بێت, پێشنیارێك هەیە کە زیاد بکرێ, چەند زیاد بکرێ بەتەئکید ئەو کات دەتوانین پێداویستی وەزارەتەکان, خوتەی ئیستسماریە, میزانیەی پلانە جێبەجێ بکەین, لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو میزانیەی کە بۆ وەزارەتەکان دانراوە بە ئیتیفاق بووە, بەتێگەیشتنی واقعێك بووە, من ئیقتیراحم ئەوەیە کە تەنها راپۆرتەکان بخوێندرێتەوە, چونکە ماندوو بووینە ئاراستەی وەزارەتی تایبەتمەندەکان بکرێن, وەزارەتی دارایی, کە لەمیزانیەی تەکمیلی پارە دەمینێتەوە بەپێی ئیمکان, بەپێی پێداویستی و بەپێی ئەهمیەت ئەو پێشنیارانە رەچاوی بکەن, ئەگەر کەس مولاّحەزەی نییە, میزانیەی ئاوەدان کردنەوە دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەلّیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەلّدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, باشە ئێستا راپۆرتی لیژنەی کشتوکاڵ راپۆرتەکەی بخوێنەوە, تکایە؟ کاك فتاح فەرموو قسە بکە.

بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لیژانی موختەص, بەتایبەتی لیژنەی مالی راپۆرتەکەی ئامادە کردووە, پێویست بوو ئەوە لەگەڵ جەنابی وەزیری دارایی تاوتوێ دەکرێ, ئەگەر ئەوان موتەفیق بن, پێم وایە زۆربەی موناقەشەکانی ئێمە لە زیادەییە, پاشان ئەوەی کە لیژانەکانی تر کە باسی دەکات, لیژانی موختەص, مەسەلەن بۆ میزانی ئاوەدان کردنەوە, یەعنی هەر موداخەلەیەك ئێمە وەکو ئەندامی پەرلەمان موەجەهە بەوەزیری موختەص, نازانم ئەو موناقەشەیە بۆچییە لێرە؟ دەبێ وەزیری موختەص مەوجود بێت, من تەئیدی رەئیەکەی جەنابت دەکەم, بەلاّم حەقە تەنفیز بکرێ, چونکە لەنیزامی داخلیش وا نییە ئەوەی کە ئێستا ئێمە دەیکەین, جا بۆیە داوا دەکەم, تکام وایە کە تەقریری هەر لیجنەیەك تەوجیهی وەزیری موختەص بکرێت, پێویستە موداخەلاتی ئێمە بۆ وەزیر بێت, نەك بۆ وەزارەتی مالیە, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس, فەرموو بۆ خوێندنەوەی راپۆرتی وەزارەتی کشتوکاڵ, پێشتر لیژنەی دارایی ئیشارەتی بە رەقەمەکەی بکات, تکایە, فەرموو.

بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لیژنەی کشتوکاڵ راپۆرتەکەیان هاوبەشە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان, بۆیە خەرجیەکانی هەردووکیان دەخوێنینەوە, خەرجیەکانی کار پێکردن لەلایەن وەزارەتی کشتوکال 116212 ملیۆن کە

دەکاتە 2,45٪), خەرجیەکانی کارپێکردنی وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان 13488 ملیۆن کەدەکاتە 0,28٪.

بەڕێز احسان عبدالله قاسم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجی پرۆژەکانی سەرمایەی وەزارەتی کشتوکاڵ دەبێتە 48624 ملیۆن دینار, هی سەرچاوەیە ئاوییەکان دەبێتە 83885 ملیۆن دینار.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس, کاك تەلعەت راپۆرتی لیژنەکە بخوێنەوە.

بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەسەر رۆشنایی کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ نوێنەری هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان ئەم راپۆرتەمان ئامادە کردووە, لەگەڵ راو بۆچوونەکانی جەنابتین لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەوانەی کە تەرخان کراوە بۆ هەردوو وەزارەتەکە,

بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق

بابەت/ ڕاپۆرتی لێژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری سەبارەت بە بودجەی ساڵی 2008 تایبەت بە وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارتی سەرچاوەکانی ئاو

لێژنەکەمان ڕۆژی 2008/4/8 لەگەڵ وەزارتی سەرچاوەکانی ئاو کۆبۆوە و ڕاپۆرتی خۆی بە ژمارە (9) دەرچووی ڕۆژی 2008/4/8 , هەروها کۆبوونەوەی ڕۆژی 2008/4/2 لەگەڵ وەزارتی کشتوکاڵ ڕاپۆرتی ژمارە (5) دەرچووی ڕۆژی 2008/4/7 بەرز کردەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان, بەڵام دوای ئەوەی ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 2008/4/23 تاوتوێ کراو و دواتر ڕاپۆرتی بەڕێز وەزیری دارایی پێشکەش کرا, سەرۆکایەتی پەرلەمان داوای لە لێژنەکانی پەرلەمان کرد لە بەر رۆشنایی هەردوو ڕاپۆرتەکە پێداچونەوە بە ڕاپۆرتەکەی خۆیان بکەنەوە ,بۆیە وا لە خوارەوە ڕاپۆرتی خۆمان دوای پێداچونەوەبە ڕاپۆرتی پێشوومان دەخەینە بەردەستی بەڕێزتان :-

1 - پشتگیری لە ڕاپۆرتی دارایی و ئابووری دەکەین سەبارەت بە تێبینی و پێشنیارکانیان لە سەر بودجەی ساڵی 2008 .

2 - لە پێناو پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و هاندانی جوتیاران پێویستە بانکی کشتوکاڵ گرنگی پێ بدرێ بۆ ئەوەی جوتیاران بتوانن لە رێگەی قەرزی بانکەوە پەرە بە پرۆژەکانیان بدەن .

3 - بۆ چارەسەر کردنی وشکە سالّی هەردوو وەزارەتی کشتوکالّ و سەرچاوەکانی ئاو پرۆژەی تێرو تەسەلیان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە و گوزمەی پێویستیان پێشنیار کردووە, داواکارین بە پەلە ئەم بڕە پارانە تەرخان بکرێت .

4 - ئەو جوتیارانەی کە قەرزیان لە بانکی کشتوکالّ وەرگرتووە بە هۆی وشکە سالّیەوە ئەمسالّ بەرهەمیان نیە و ناتوانن ئەو قەرزانە بدەنەوە , بۆیە داواکارین کە قەرزەکانیان دوا بخرێ بۆ سالّی ئایندە.

5 - دوای تاوتوێ کردنی بودجەی سالّی 2008 ی وەزارتی کشتوکالّ لەگەلّ نوێنەرەکانیان, دەردەکەوێ ئەم بڕە پارەی لە وەزارتی داراییەوە پەسند کراوە زۆر کەمە بە بەراورد لەگەلّ داخوازیەکانی وەزارتی کشتوکالّ بۆ پەرە پێدانی کەرتی کشتوکالّی و جێبەجێ کردنی پلانەکانیان , وەزارتی کشتوکالّ لە پلانەکەی خۆیدا ئاماژەی بە چەند خالێکی گرنگ داوە کە پەیوەندی راستەوخۆی بە بووژانەوە هەیە لە بواری دانەوێلّە و پاراستنی سامانی ئاژەلّی و پەلەوەردا, بۆیە ناکرێ ئەم گوزمانە کە تەرخانی کردووە کەم بکرێتەوە بەرادەیەك کە نەتوانێ پلانەکانی جێبەجێ بکات وەك :-

أ- کەرستەکانی پاراستن و قەلاّ چۆ کردنی نەخۆشیەکان (مواد المکافحه و الوقایه) وەزارت بڕی (8,608) هەشت ملیارو شەش سەد ملیۆن دیناری داوا کردووە , بەلاّم وەزارتی دارایی تەنها بڕی (2,800) دوومليارو هەشت سەد ملیۆن دیناری پەسەند کردووە, کە جیاوازیەکەی دەکاتە (5,808) پێنج ملیار و هەشت سەد و هەشت ملیۆن, هەرچەندە بە هۆی وشکە سالّیەوە ئەو گوزمانە گۆڕانی بەسەردا دێت, بۆیە دەبێ لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی وەزارتی کشتوکالّ بۆ وشکە سالّی پیداچوونەوەی بۆ بکرێ .

ب- کڕینی دانەوێلّە :

بە هۆی وشکە سالّیەوە وەزارتی کشتوکالّ لە ڕاپۆرتی خۆیان بۆ ئەنجومەنی وەزیران داوایان کردووە کە بۆ سالّی چاندن بڕی (30000) تەن گەنم و (3000) سێ هەزار تەن جۆ بکردرێ و بە سەر جوتیاران دابەش بکرێ . ئێمە لە لێژنەی کشتوکالّ پشتگیری وەزارەت دەکەین بۆ تەرخان کردنی بڕی پارەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە .

ج- کەرستەی پارستنی مەڕو ماڵات (مواد مکافحه للبیطریة)

وەزارت لە پلانی خویدا بڕی (9) ملیار دیناری داواکردووە, کەچی وەزارەتی دارایی و ئابووری بڕی (2,300) دوو ملیارو سێ سەد ملیۆن دیناری پەسەند کردووە .

د- سەبارەت بە بوارەکانی (پەینی کیمیاوی, ئامێری رشاندن و دلۆپاندن, ئامێری کشتوکالّی, پاراستن و پەرە پێدانی دارستانی سروشتی و چاککردن و پاراستنی باخچە و سەیرانگا و خانووی پلاستیکی , پرۆژەی چاندنی داری زەیتون ,پاراستن و پەرە پێدانی هەنگ و ماسی) .

دیارە تەواوی ئەم بوارانە لە بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکالّی رۆلّی گرنگ دەگێڕن, بۆیە ئیمە وەك لێژنەی کشتوکالّ و ئاودێری داوا دەکەین چاوێك بە بودجەی وەزارت دا بخشێندرێتەوە و راو و تێبینیەکانی ئێمە و وەزارتی کشتوکالّ لەبەر چاو بگیرێ .

سەبارەت بە وەزارتی سەرچاوەکانی ئاو:

1- وەك لە ڕپۆرتی وەزارتی کشتوکاڵ جەختمان لەسەر وشکە ساڵی و چارەسەر کردنی کردۆتەوە, بە هەمان شێوە وەزارتی سەرچاوەکانی ئاو ڕاپۆرتی خۆیان بۆ چارەسەر کردن وشکە ساڵی بەرز کردۆتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران .ئێمە پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەیان دەکەین و داوا دەکەین ئەو بڕە پارەی کە داوایان کردووە بۆیان تەرخان بکرێ.

2- وەزارتی سەرچاوەکانی ئاو پڕۆژەی بەنداوی بچووك و مام ناوەندیان لەپلانی خۆیان پێشنیار کردووە . بەڵام ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ ئەم وەزارەتە تەرخان کراوە زور کەمە و ناتوانن پڕۆژەکەیان جێ بەجێ بکەن وبڕە پارەی تەرخان کراوی وەبەرهێنان بریتیە لە(72,940) هەفتاو دوو ملیارو نۆ سەدو چل ملیۆن دینارە,دیارە ئەو بڕە پارەیە بۆ هەموو پرۆژەکانە بەبەندواوە کانیشەوە , بۆیە وەزارت ناتوانێ بەو پارەیە پلانی خۆی جێ بەجێ بکات ,پڕۆژەی دروست کردنی بەندواوی بچووك و مام ناوەندی بۆ ئایندە کاریگەری زۆری هەیە و یەکێکە لە ڕێگە چارەسەری گیروگرفتی وشکە ساڵی ,بۆیە تەئکید دەکەینەوە کە چاوێك بە بودجەی وەزارتی سەرچاوەکانی ئاو بخشێندرێتەوە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێستا وەکو ئیتیفاقمان کرد ئەو ڕاپۆرتە دەدینە وەزارەتی دارایی و هەردوو وەزارەتەکەی تر, بۆ ڕەچاو کردنی وەکو پێشتر باسمان کرد, کاك بەڵێن فەرموو:

بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەڕاپۆرتی بەڕێز وەزیری دارایی لە لاپەرە 7 دەڵێ لەسەر ئاستی وەزارەتەکان جگە لە وەزارەتی دارایی ئەو وەزارەتانە زۆرترین تەرخانکراویان هەیە, کارەبا, پەروەردە, شارەوانی, ناوەخۆ, ئاوەدان کردنەوە, خوێندنی باڵا و تەندروستی, من پێم وانییە وەزارەتی کشتوکاڵ ئەهمیەتی لەوانی تر کەمتر بێت, ئایا سەبەبی هاوێرکردنی وەزارەتی کشتوکاڵ لە ئەوەلیاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە؟ بۆ هاوێر کراوە, بۆ ئەو بڕە پارەی کە بۆی دانراوە کەمە, نامەوێ زۆر بچمە ناو تەفاصیل, حەز دەکەم جوابەکەم لەوەزارەتی مالیە وەربگرمەوە, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك هیوا نوقتەی نیزامیت هەیە, فەرموو.

بەڕێز هیوا صابر احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەراستیدا حەز دەکەم هیچ نەخوێندرێتەوە لەو نارەزایانە, من وەکو ئەندامێکی لیژنەی دارایی هەر لەسەر ڕاپۆرتەکە تەحفوزی خۆم نووسیوە, وا ئەڵێم لەمسئوولیەت و بەرپرسیاری, هیچ شتێکی تر نییە, بۆیە دەمەوێ چەند شتێك بڵێم, ئەم موناقەشە کردنە هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد, شەرعیەتی لەت دەبینم,

چونکه هەرە بەپێی پەیرەوی ناوەخۆ هەروەك كاك غەفور خوێندیەوە بۆمان, پێویست بوو هەموو لیژنە پەیوەندیدارەكان راپۆرتەكەی خۆیان بنێرن و لەوێ موناقەشە بكرێ, ئەگەر پرسیارێك یان رەخنەیەك هەبوایە لەوێ بەدەستمان كەوتبایە, ئێستا ئەمە نەكراوە, لەبەر ئەوە پێویستە وەزیری پەیوەندیدار بێت وەلأم بداتەوە, وەكو چۆن بەڕێز وەزیری دارایی راپۆرتەكەی خوێندەوە, بەحوكمی ئەوەی پێشتر بە ئێمە نەگەیشتووە داوامان كرد كۆبوونەوەكە دابخرێ, تا ئێمە راپۆرتەكەی بە وەزیری دارایی بخوێنینەوە, هەر پرسیارێكمان هەیە لێی بكەین, لەڕووی ئەم ئەصلأوە دەبێ راپۆرتەكانی تریش هەر وابێت, لەلایەن وەزیری پەیوەندیدار و وەزیرەكانی تر, لەبەر قەزیەی سومعەی ئەم پەرلەمانە, من پاریش ئەو مەوزوعەم زۆر باس كرد.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

كاك هیوا نوقتەی نیزامەكەت گوت, ئیتر ئەوەی تر موناقەشەكە هەمووی تیكرارە, نوقتەی نیزامەكەت قبولە, وەكو هی كاك غفوریشمان وت كە قبولە, بەلأم خەتای سەرۆكایەتی نییە, بەلكو خەتای لیژنەكانە دواكەوتوونە لە تەقدیم كردنی راپۆرتەكانیان, ئێمە هەدەفەكەمان چییە, هەدەفەكەی ئێمە ئەوەیە كە بگەینە نەتیجەیەك, بگەینە باشترین موناقەشە, خۆ ئێمە لە نیزامی داخلیەكەی لامان نەداوە, بەلأم لە ئسلوبەكە تۆزێ موشكیلە هەبووە, رەخنەكە وەكو سەرۆكایەتی قبولمانە, لیژنەكانیش قبولی دەكەن, كاك عبدالرحمن فەرموو.

بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

بەڕێزتان تێبینیەكتان باس كرد, تێبینیەكتان باس كرد كە گوایە ئەم موناقەشەی دوایی دەچێتە بابی تەوصیەوە, بۆ وەزارەتی كشتوكاڵ و وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەكان, باسێكی جەوهەری و باشمان كردووە, وەكو چۆن كاك بەلێن ئاماژەی پێكرد, لە ئەوەلیاتی وەزارەتەكان كە هاتووە, كشتوكاڵ دەیەمین وەزارەتە, لەگەڵ ئەوەش تەنها وەزارەتێكی بەكاربردن نییە, تەشغیلی نییە, بەلكو بەرهەمهێنەرە, ئیستیسماریییە, ئایا ئەوە چۆن دەكرێ بچێتە بار تەوصیاتەوە, كەوەزارەتێكە پێمان وایە فەرامۆش كراوە لە دەرەوەی كەنالەكانی ئابووری, لەگەڵ ئەوەش ئێمە كاری لەسەر دەكەین و دەبێتە ئیستسماری و یارمەتی وەزارەتەكانی تریش دەدات, لەبەر ئەوە چۆن قسەی لەسەر بكەین كە نەچێتە بابی تەوصیاتەوە, تەعدیلی بۆ بكرێ, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس, من عەرزم كردن هەموو وەزارەتەكان پێدوایستی زیاتریان هەیە, رێژەی زیاتریان پێویستە, پارەی زیاتریان پێویستە, بەلأم ئەوەی كە كراوە بەپێی ئیتفاق بووە لەگەڵ وەزارەتەكان, كەدەلێن دەچێتە

بابی تەوصیە, وەکو لیژنەی کشتوکاڵ, لیژنەی کارەباش, هەندێك شوێن هەیە تەندروستییە, پەروەدەیە کە پێویستیان بە میزانیەی زیاترە, کە بەدوای راپۆرتەکەی خۆیان بچنەوە, ئەگەر میزانیەی تەکمیلی پارەی تێدا هەبوو, هەوڵ بدەن بڕێکی زیاتری بۆ تەرخان بکرێت, ئەی بۆچی ئێمە دەڵێین بیخوێندرێتەوە و ئاڕاستەی وەزیری وەزارەتەکان بکرێت, بۆ ئەوەی بەدواداچوون هەبێت, لەئایندەدا ڕەچاو بکرێت, ئەگەر جەنابی وەزیر و ئەوانە هیچ مولاحەزەیەکیان نییە, ئەگەرنا دەیخەمە دەنگەوە, فەرموو کاك سەرکیس.

بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەنیسبەت ئەو پرسیارەی کە کرا, بۆچی وەزارەتی کشتوکاڵ لە زیمنی ئەوەلیات نەبووە لەو حەوت وەزارەتەی کە ئاماژەمان پێدا, بۆ ئاگاداری بەڕێزتان مەصاریف هەیە هەر لە زیمنی وەزارەتی ماڵییە لە نەفەقاتی ئوخرا دادنرێت, هەندێکی تریش هەیە بەتایبەتی دادەبەزێت, ئەگەر سەیری بودجەی عێراق بکەن600 ملیار دەبێت بۆ کشتوکاڵ داینراوە, کە 102 ملیار بۆ ئەوانە بەڕێزی 17٪ تەقدیمی هەرێمی کوردستان دەکرێ, بەس ئەوە بەمانای ئەوە نییە کە وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق ئیهمال کرابێ, هەر بەتەواوەتی لەوێ موشارەکەی هەیە, سەرەڕای ئەوەش هەندێجار هەندێ مەبالغ لەسەر وەزارەتی مالیە تەسبیت دەبێت, وەك ڕەنگدانەوە دەعمیان هەبێت, ئەگەر تەماشای بودجەی وەزارەتی مالیەی عێراق بکەن 83٪ ئەوان دەکاتە 84823960 دینار, ئەوەی کە لەسەر وەزارەتی دارایی عێراق بۆیان دانراوە 28 ملیار و شتێکی لێ دانراوە, ئەگەر بەراوردی بکەین 17٪ وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق دەکاتە 19295, کەچی ئێمە لەهەرێم لە 116 زیاترە, یەعنی 102,39٪ میزانیەکەیە, یەعنی ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق بەبەراود لەگەڵ ئەو بودجەی کە هەیانە بکرێت لەزیمنی بودجەی خۆمان دایبنێین قەت بەراورد ناکرێ, بەڵام وەکو باسم کرد هەم لە سەر وەزارەتی مالیە, لەسەر نەفەقاتی ئوخرا ئێمە دەتوانین یارمەتی کەرتی کشتوکاڵ بدەین, هەم لەو میزانیەی 600 ملیارەی کە لە یاسای بودجەی عێراق هەیە و لەبەر دەستی سەرۆك وەزیرانی عێراقە, زۆر سوپاس.

بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

زۆر سوپاس, ئەمساڵ موقارەنەتەن بە ساڵی ڕابردوو گرنگیەکی زیاتر دراوە بە پرۆژەکانی هەردوو وەزارەت, تەبعەن من بەیەك چاو سەیری دەکەم, چونکە کشتوکاڵ و ئاودێری بەیەکەوەیە, گرنگیەکەش زیاتر بە ئاودێری دراوە, ئەمساڵ 71 پرۆژەیان بۆ دیاری کراوە کە دەکاتە 119 ملیار دینار, ئەمساڵ تەصور دەکرێ بە هەردووکیان 109 ملیار سەرف بکەن, بەهەردوو وەزارەتەکە, موقارنەی لەگەڵ ساڵی ڕابردوو کە زۆر ژمارەکەی کەمترە, ژمارەی پرۆژەکانی ساڵی ڕابردوو ناگاتە 10 پرۆژەش, ئەمساڵ گەیشتۆتە 71 پرۆژە, ئەمە گرنگی دانە بەم سەکتەرە, سەکتەری کشتوکاڵ و ئاودێری, بەڵام وەکو لەسەرەتاوە باس کرا و جەنابیشت ئیشارەتت پێدا میزانیەکە ئەوەندیە, بۆیە تواندرا ئەوەندەیان بۆ

دابنرێ, ئێمە بیریشمان لەوە کردۆتەوە, لە میزانیەی تەکمیلیەکەش گرنگی بە مەسەلەی کشتوکاڵ و ئاودێری بدەین, مەسەلەی وشکە ساڵیەکەی کە بردەران ئاماژەیان پێکرد, یەکێك لە تەوجیهاتەکانمان بۆ موحافەزەکان ئەوەبوو کە جگەلەو پارەی تەخصیص کراوە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی لیژنەی بالاێ وشکەسالّی, کە پارەیەکی زیاتر تەخصیص بکرێت بۆ موعالەجاتی دائمی لەو مەسەلانە, مەسەلەی سەرچاوە ئاوییەکان گرنگیەیەکی زۆری هەیە لە موستەقبەلی هەرێمی کوردستان, بەداخەوە نەمان توانیوە بەپێی پێویست ئەوە بکرێت, بەلاّم خۆتان دەزانن بەنداو, سیاسەتی ئاو, سیاسەتێکی موشتەریکە لەگەل عێراق, وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق پەیوەندی بەئێمەوە هەیە, تەخصیص کردنی مەبالغ بۆ پرۆژەکانی ئاودێری, مەبالغی زۆر گەورەی دەوێت, هەر سەدێك دروست بکەیت چەندین ملیار دۆلاری دەوێت, بۆیە تواندراوە بەس تەنها بیر لەوە بکەیتەوە پرۆژەی بچووك و ئاودێری زیاتر تەرکیزی لەسەر بکرێت, زۆر سوپاس.

بەڕێز خورشید سلیم شێرە:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

زۆر سوپاس, من یەك مولاّحەزەم هەیە, خوشك و برایان, سێ, چوار ساڵە میزانیەی هەرێمی کوردستان دادەنرێت, پاش نەمانی ریژیم, هەموومان هەست دەکەین بواری کشتوکاڵمان مەفروزە سالّ بەسالّ تۆزێك نیسبەتی میئەوی ئەگەر 1٪ یش بێت گەشەی پێی بکرێ, هەموومان ئیعتیراف بەوە دەکەین و لەبەرچاومانە و شاراوەش نییە, نەك 1٪ گەشەی نەکردیە, بواری کشتوکاڵمان سالّ بەسالّ بەرەو نەمان دەچێت, بەتایبەتی ئەمسالّ وشکەسالّی وا بەرەو کۆتایی دەچێت, من سەد لەسەد تەئیدی تەقریری لیژنەی مالیە دەکەم, تەئیدی رایەکەی وەزیری مالیە دەکەم, ئەو پارەیە دانراوە موشکیلە نییە, بەلاّم ئایا ئێمە بەرەو کوێ دەچین؟ ئایا وەزارەتی کشتوکاڵمان, حکومەتمان هەر بەم شێوەی واز لە کشتوکاڵمان دەهێنێ, سەروەتی حەیوانیمان نەما, دەواجنمان نەما, میوەمان نەما, دەغلّ و دانمان نەما, جەنابتان لەمن شارەزاترن یەك لە ئەسبابی نەمانی ئیتحادی سۆڤیەتی زراعەت بوو, ئێمە بەرەو کوێ دەچین؟

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

پرسیارەکەت ئاڕاستەی وەزارەتی کشتوکاڵ بکە, ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران بکە, دەبێ ئەوە لە کۆنفرانسێکی تایبەت بۆ دیراسەت کردنی وەزعی کشتوکاڵ ببەسترێ, جوابەکەی لەلای زۆرمان هەیە, بەلاّم ئێرە جێی موناقەشە نییە, فعلەن ئەوە دیاریدەیەکی خراپە لە کوردستان, دەیخەمە دەنگەوە, وەزارەتی کشتوکاڵ کێ لەگەلّ میزانیەکەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەلّیدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, یەك کەس لەگەلّدا نییە, ئەویش کاك مەلایە, کێ لەگەلّ میزانیەی وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەلّیدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, یەك کەس

لەگەڵدا نییە, ئەویش کاك هیوایە, بە زۆرینەی دەنگ هەردووکیان قبوڵکرا, بچۆ سەر وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ, وەزارەتی ناوخۆ, هەردوو ئاسایشی سلێمانی و هەولێر, فەرموو بخوێنەوە.

بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجیەکانی کارپێکردنی وەزارەتی ناوەخۆ بەیەکگرتوویی یەك میزانیە دەخوێنمەوە, واتە یەك میزانیەیان بۆ دیاری کراوە کە 62759, کە دەکاتە 13,20٪, ئاسایشی هەولێر 8050 ملیۆن, ئاسایشی سلێمانی 85835 ملیۆن.

بەڕێز احسان عبدالله قاسم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجی پرۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ 21450 ملیۆن دینار, خەرجی پرۆژەکانی سەرمایەکانی وەزارەتی ناوەخۆ دەکاتە 11165 ملیۆن, خەرجی پرۆژەکی سەرمایەکانی ئاسایشی هەولێر و سلێمانی هەردووکیان نیتیان.

بەڕێز اخر شێخ جمال انور:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕێز/ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان

ب/ راپۆرتی لیژنە لەسەر بودجە

بەمەبەستی پێداچوونەوەی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بەگشتیو بودجەی وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆو هەردووك ئاسایش، لیژنەکەمان چەند کۆبوونەوەیەکی کردو سەردانی وەزارتی ناوخۆ و پێشوازی لە شاندێکی وەزارەتی ناوخۆی کردو لەئەنجامی ئەم کۆبونەوانە تێبینیەکانی خۆمان بەم شێوە پێشکەش دەکەین:-

وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناخۆ

بودجەی تەرخان کراو بۆ ساڵی 2008 (385159) ملیۆن دینار کە لە ساڵی (2007) بودجەی تەرخان کراو بریتیبوو لە (370094) ملیۆن دینار, کەواتە بڕی (15056) ملیۆن دینار زیاد لە ساڵی 2007 تەرخان کراوە بۆ ئەم ساڵە.

وەزارەتی ناوخۆ

بودجەی تەرخان کراو بۆ ساڵی 2008 (241900) ملیۆن دینار کە لە ساڵی 2007 (115537) ملیار دینار تەرخان کرابوو، کەواتە بڕی (12636) ملیۆن دینار زیاد لە ساڵی 2007 تەرخان کراوە.

ئاسایشی هەرێم/ سلێمانی

بودجەی تەرخان کراو بۆ ساڵی 2008 (85835) ملیۆن دینار کە بودجەی تەرخان کراوی ساڵی 2007 (89500) ملیۆن دینار واتە بڕی (3665) ملیۆن دینار کەم کراوە.

ئاسایشی هەرێم/ هەولێر

بودجەی تەرخان کراو بۆ ساڵی 2008 (80050) ملیۆن دینار کە بودجەی تەرخانکراو بۆ ساڵی 2007 (96003) ملیۆن دینار بوو، کەواتە بڕی (15953) ملیۆن دینار کەمتر لەساڵی 2007 تەرخان کراوە.

راسپاردەکانی لیژنە:-

1- **سەبارەت بە یاسای بودجەی ساڵی 2007 بەگشتی**

بەمەبەستی کاراکردنی وەزارەتەکانو خۆ دوورخستنەوە لە مەرکەزیەت لە سەرف کردن، پێشنیار دەکەین کە وەزیر دەسەلاتی سەرف کردنی (150) ملیۆن دیناری هەبێت بۆ هەر حاڵەتێك..

پێشنیار دەکەین کە هەوڵ بدرێت مووچەی فەرمانبەران زیاد بکرێت, ئەگەر یەکسان نەبێت وەکو فەرمانبەرانی عێراق, بەڵام هەوڵ بدرێت جیاوازیەکە کەم بکرێتەوە.

پێشنیار دەکەین وەزارەتی پەیوەندیدار مافی دامەزراندنی هەبێت لەسنووری ئەو میلاکەی بۆی تەرخان کراوە, ئەمەش بۆ نەهێشتنی ڕۆتین.

بۆ ئەندامانو کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ پێشنیار دەکەین مخصصاتی پیشەیی بگەڕێتەوە.

2- **سەبارەت بە بوجەی وەزارەتی ناوخۆ**

پێشنیار دەکەین (تعویضات الموظفین) وەکو خۆی بمێنێتەوە کە (286.391.000.000) دووسەدو هەشتاو شەش ملیۆن و سێسەدو نەوەدو یەك ملیار دینارە کە کراوە بە (200.000.000.000) دووسەد ملیار دینار.

(سلع والخدمات والصیانه) پێشنیار دەکەین ببێت بە (90.000.000.000) نەوەد ملیار لە بڕی (64.930.000.000) شەستو چوار ملیۆن و نۆسەدو سی ملیار دینار لەبەر ئەوەی ئیفادی دەرەوەی عێراقو ناوەوەو دەرەوەی هەرێم زۆرە وەهەروەها سەردانو میواندارای زیادی کردووە, لەبەر ئەوەی وەزارەتەکە پێگەی تایبەتی خۆی هەیەو هێڵی دی دی کەیتیان هەیە کە خەرجیەکی زۆری هەیە مانگانەو هەروەها لەبەر زۆری ژمارەی ئۆتۆمبێلەکانو چاککردنیان بۆیە پێشنیار دەکەین ئەو بڕە زیاد بکرێت.

(منافع اجتماعیه) (2.689.000.000) دوو ملیۆن و شەش سەدو هەشتاو نۆ ملیار دینارە زۆر کەم کراوەتەوەو کراوە بە (900.000.000) نۆسەد ملیۆن پێشنیار دەکەین وەك خۆی بمێنێتەوە, چونکە خەرج کردنی (تعویضات شهداء) و هاوکاری پرسە بۆ کارمەندانو کەسوکاری کارمەندان خەرج دەکرێت.

(مصروفات اخری) زۆر کەم کراوەتەوە وەك خۆی بمێنێتەوە کە (2.510.000.000) دوو ملیۆن و پێنج سەدو دە ملیار دینارە.

(موجودات غیر ماليه) لەبەر ئەوەی بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (11978) لە (2007/10/25) دەسەلاتی کڕین دراوە بە وەزارەتو کەلو پەل بەردەوام دەکرێدرێت بەتایبەتی مۆلیدات بەهۆی نەبوونی کارەباوە, هەروەها کردنەوەی فەرمانگەی تازەو جێبەجێکردنی بەرنامەی (ئای تی) کە

پێویستی بە کڕینی ژمارەیەکی زۆر کۆمپیوتەرو پێداویستی هەیە, هەروەها کردنەوەی ڕادیۆی ناوخۆ کە پێویستی بە کڕینی ئامێر هەیەو کڕینی چەندین شوقەو خانوو لە هەولێرو سلێمانی, بەهۆی تێکەڵبونەوە لەوانەیە پێویستیان بە زیاتریش هەبێت هەروەها کڕینی خانوو بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندو تیژی دژی ژنان لە سلێمانی و کەلارو ڕانیە, بۆیە پێشنیار دەکەین کە بکرێت بە (65.000.000.000) شەستو پێنج ملیار دینار لەبڕی (15.000.000.000) پانزە ملیار دینار کە خۆمان داوای (54.792.000.000) پەنجاو چوار ملیۆن و حەوتسەدو نەوەدو دوو ملیار دینارمان کردووە پێش کڕینی شوقەکان.

3- سەبارەت بە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ

پاش ئەوەی کۆبوونەوەمان لەگەڵیاندا کرد هیچ تێبینێکیمان نیە لەسەر بودجەکەیان.

لەگەڵ ڕێزماندا..

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس, ئومێد دەکەین وەزارەتی پەیوەندیدارەکان دارایی, بەپێی ئیمکان ڕەچاوی پێشنیارەکانیان بکەن, ئەوانەی لیژنەی دارایی ئایا ڕاپۆرتەکە تەعبیر لە قسەکانتان ناکات؟ ئەگەر ڕاپۆرتەکە تەعبیر ناکات بۆ ئیمزاتان کردووە؟ ئەگەر تەعبیریش دەکات پێویستی بە قسەکردن ناکات, باشە ناوتان دەنووسم, سۆزان خان فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

تاکو ئێستا دیاری نەکراوە, ئێمە بەردەوام دەبین تاکو ئێوارە, یاخود پشوویەکمان دەدەنێ, چونکە مەعقول نییە ئێمە چوار سەعاتە لەم دانیشتنەیان, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

فرسەت نییە, با ئەوە تەواو بکەین, کاك دلێر فەرموو.

بەڕێز دلێر محمد شریف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ڕاستی من یەك, دوو پرسیارم هەیە داوا دەکەم هەردوو وەزیرانی بەڕێز دارایی وەلاێکیان هەبێت, خۆزگە وەزیری داخلی لێرە بوایە, هەردوو ئاسایشی هەولێر و سلێمانی, دوو دەزگا بۆ پاراستنی ئەمنیەتی خەڵکی سەر بەوەزارەتی داخلین, پرسیاری یەکەمم ئەوەیە/ چەند لەو وەزارەتانە هەن ئەندامی غیری پارتی و یەکێتین, هاوولاتێەکی سادەن؟ پرسیاری دووەمم ئەوەیە, ئایا ئەگەر هەر سەر بەوانن, چ لەو حزبانە ئەندامی یەکێتی و پارتی ئەندامیان هەیە یان کەسێکیان هەیە لەناو ئەوانە؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

هەرچەندە پرسیارەکەت دەرەوەی مەوزوعمانە سەد لە سەد, 1٪ رەبتی مەوزوعەکەمان نییە, بەلأم ئەو پرسیارە هەرکاتێك سەرۆك حکومەت هات, یان وەزیری ناوخۆ هات, یان مەسئولی ئاسایش هات لێی بپرسە, کاك جەمال فەرموو.

بەڕێز جمال محمد قاسم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەپێی ئەو تێکەلأوییەی کە لەگەڵ هەردوو وەزارەت سلێمانی و هەولێر و دانشتین لەگەڵیان, بەحەقیقەت حەز دەکەم پرسیار لە وەزیری ناوخۆ بکەم, نیسبەتەکە زۆر کەمترە لەو مەبلەغەی کە وەزارەتی ئیقلیمی شئونی داخلی دیاریان کردووە بۆ وەزارەتی داخلی, لەوەی کە هەیە, ئەمان تەقریبەن لە 6٪ داناوە, ئەوانیش لە 8٪, 11٪ یان داناوە, ئێمە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی سلێمانی قسەمان کردووە, زۆر ناڕازیبوون, باسی ئەوەیان دەکرد کەئەمە بەشی پێداویستیەکانیان ناکات, ئیشەکانیان فراوان بووە, ئەگەر ئیمکان بێت پێمان بوترێ بۆچی وا کەمە؟ لەمیزانیەی تەکمیلیش چارەسەری ئەوەیان بۆ بکرێ, زۆر سوپاس.

بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من هەرچەندە لە لیژنەی ناوخۆم, کاك ئاخر راپۆرتەکەی خوێندەوە, من پشتیوانی راپۆرتەکە دەکەم, بەلأم ویستم بۆ بەرچاوی رووئی وەزیری دارایی, فەرقێکی زۆر هەیە لەنێوان سلێمانی و هەولێر, وەزارەتی ناوخۆ لە ئیدارەی سلێمانی چەند قەزا و ناحیەك زیاد بووە, جگە لەوەش میزانیەکەیان کەم بۆتەوە , قەزای قەرەداغ, سەید سادق, تەکیە, باوخۆ, سێوسینان, سیتەك, بیارە,.....هتد, ئەوانە هەمووی بۆ ئەو میللەتە زیاد بووە, کەچی دەبوایە میزانیەیان بۆ زیاد بووە, بەلأم بەداخەوە میزانیەیان کەم کراوەتەوە, جگە لەو قەزا و ناحیانەی سنووری تازە دوای ئازادی و پەیوەندی خەرجی لەسەر ئەو وەزارەتەیە, یان هەندێ خەرجیان لەسەر وەزارەتە, پاسەوان و پێویستی تایبەت, خانەقین, بەمۆ, سلێمان بەگ, هەتا ئەو مەنتیقەیە وەزارەتی سلێمانی هەمووی خەڵکی تێدایە, پۆلیسی تێدایە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

من نوقتەی نیزامیم هەیە, وشەی ئیدارەی سلێمانی بەکار مەهێنە, وشەی سنووری سلێمانی بەکاربهێنە, وەزیری هەرێم هەیە بۆ کاروباری ناوخۆ, وەزیری هەرێم هەیە بۆ کاروباری دارایی, بڵێ سنووری سلێمانی نەك ئیدارەی سلێمانی, ئیدارەی سلێمانی هەر نەماوە, فەرموو.

بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سنووری سلێمانییە راستە, ئەوانەی کەزیاد بووە, وەکو جەلەولاو بیارە و کۆکۆز, قەرە هەنجیر, قادر کەرەم, شوان کەمەرکەزەکەی رێدارە, چەندین بەڕێوەبەرایەتی تازەیان کردۆتەوە, وەکو بەڕێوەبەرایەتیە نوێیەکان, بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان, نەهێشتنی توند و تیژی دژی ژنان, چەندین بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی بەرگری کردن و فریاکەوتن, لەهەورەمان و پێنجوین و گەرمیان, ئاکادیمیای

مەشق کە پێشتر لەژێر دەستی ئەمریکیەکان بوو, ئێستا لە لەلایەن وەزارەتەوە سەرپەرشتی دەکرێت, بۆیە پێشنیار دەکەم جەنابی وەزیری دارایی چاوێك بە میزانیەی وەزارەتی سنووری سلێمانی بخشێنێت, سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

جارێکی تر تیکرار دەکەمەوە, ئەو میزانیە بە رێك کەوتن لەنێوان وەزیری ناوخۆ و ئاسایشی سنووری سلێمانی لەگەڵ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی رێك کەوتوونە, ئێستا گۆڕانکاری لە ریژەکان ناکرێت, بەڵام ئێمە وتمان لەو میزانیە تەکمیلیە مەجال هەیە بەپێی پێویست ئەو یارمەتیان بدرێت, فەرموو یا شێخ.

بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بیزەبت وابوو کە جەنابت باست کرد, ئێمە لەگەڵ ئەوانە بە ئیتیفاقی هەردوولا ئەو میزانیە دانراوە, رەنگ هەیە هەندێك نەواحی ئیستحداس کراوە پاش میزانیەکە, من نامەوێ بچمە تەفاصیلەوە, مەسەلەن قادر کەرەم لەوەتەی ئنتیفازە هەیە عایدە بە سلێمانی, من خۆشم هەر خەڵکی ئەوێم, ئەو ناحییە و قەزایانە زۆری هەر وابووە, بەس ئەمانە عیلاجی بۆ دەکرێ, مەسەلەن لەو فەرەزەن ئەو میزانیە تەصدیق کرا و تەواو بوو, مەعقولە وەزارەتی ناوخۆ پێویستی بەپارەیەك هەبێت, پارەکە زەروری بێت, یاخود لەیەکێك لە فەصڵەکان, یان لە مادەکان بەش نەکات موناقەلەی تێدا نەکرێت, ئەگەر مەجالی موناقەلەشی تێدا نەکرێت, ئەبێ لە ئیحتیاتی وەزارەتی مالیە بۆی ئیزافە بکرێت, هەتاکو ئێستا هەموو دەوائیرەکان ئێمە بەم شێوەیە موعالەجەمان کردیە, یەعنی موعالجەی ئەم ئیشانە هەمووی سەهلە, ئەوە نەبێت زەحمەت بێت, سوپاس.

بەڕێز محمد حکیم جبار:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من دوو پێشنیارم هەیە, ئەگەر جەنابت وەکو تەوصیات بە وەزارتی بدەیت, ئەویش ئەوەیە پۆلیسی پاسەوانی لە هەولێر مووچەکەیان کەمە, هەمووی وەکو یەکە کە 200 هەزارە, بەڵام لە سلێمانی چەند گرفتی پۆلیس هەیە, ئەویش ئەوەیە کە هەندێك پۆلیس هەیە 330 هەزار وەردەگرن, کۆمەڵێکی تریش هەیە کەگرفتی چەند هەزار پۆلیسێکە, پۆلیسی پاسەوانەکان 240 هەزار وەردەگرن, ئەمە وەکو خۆشمان دەزانین کە قاعیدەیەك هەیە (التساوی بین متماثلین), یەعنی ئەوانە کە هەمان واجب دەکەن, هەمان ئیش دەکەن, بۆچی جیاوازیان هەبێت؟ پێم خۆشە وەزارەتی دارایی ئاوڕێك لە مووچەی پۆلیسی هاتوچۆ بدەنەوە, کە خزمەتێکی زۆر دەکەن, مووچەکەیان پێم وایە بەقەدەر خزمەتەکەیان نییە, پێشنیارێکم بۆ پەرلەمان هەیە, کە وەزارەتەکان یەکترییان نەگرتیتەوە, ئێمە ئەوانە کۆ بکەینەوە بە یەك مووچە دایبنێین, بڵێین بودجەی وەزارەتی ناوخۆ, بودجەی ئاسایشی گشتی, ئەوانی تر دیارە و دارایی ئاگادارە و با لەبەشی خۆیان دابەشی بکەن, سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس, بەڕاستی مولاحەزەکەت بەجێیە, کاك ئارام فەرموو.

بەڕێز ئارام رسول مامند:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەڕاستیدا من تەمەنام دەکرد ئەگەر وەزارەتی دارایی و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی بەشیان لەبودجەی وەزارەتەکانی تر بڕی سەبارەت بە وەزارەتی ناوخۆ مرونەتی زیاتر دەبێت, بەگوێرەی ئەو راپۆرتەی لیژنەی ناوخۆ کە گوێبیستی بووین, دیارە هەم بەنیسبەت ئاسایشی هەولێر و سلێمانی, هەم بەنیسبەت وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ, لەچەند شوێنێك نارەزایی ئەوە هەبووە کە لەبودجەکەیان مەبلەغێك بڕاوە, من داوا دەکەم پەرلەمان ئەو خاڵە رەچاو بکات, کە ئاسایش بەڕاستی زۆر گرنگە, من داوا دەکەم ئەگەر بکرێت, ئێمە بڕیار بدەین بەشێك لەو پارەیە کە داوایان کردووە لە رێگای لیژنەی ناوخۆ بۆیان زیاد بکرێت, ئێمە بڕیار بدەین کە بۆیان زیاد بکرێتەوە, زۆر سوپاس.

بەڕێز جعفر مصطفی معروف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پشتگیری لە راپۆرتەکەی لیژنەی ناوخۆ دەکەم, یەکێك لەوانە میزانیەی ئەمنییە, ئەوە پێویستی بەمیزانیەی سەریع و تایبەت هەیە, ئەمە لەلایەك, لەلایەکی تر ئەمانە پێویستیان بە ختووڕە هەیە, سێ/ ئەو موخەصەصاتەی کە باس کرا, کاك ئاخیر باسی کرد, من دەیکەمە پێشنیارێك بۆ وەزارەتی دارایی لەبەر ئەوەی موخەصەصاتیان هەیە, ئەوەی میهەنیەکەیان لێبڕیوون, با بۆیان ئیعادە بکرێتەوە, پێشنیارێکی ترم هەیە, ئازادی تەواو بدرێت بە وەزارەتی ناوخۆ, بۆ سەرف کردنی میزانیەکە, لەبەر ئەوەی گلەییان هەیە, زۆرجار مەشاکلیان بۆ دروست دەبێت, ئەوان وەکو وەزارەتەکانی تر نیین, ئەبێت لەوەزارەتەکانی تر زیاتر پشتگیریان لێ بکرێت, سوپاس.

بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

قسەکانی من کاك ئارام کردی, تەئیدی رایەکەی ئەو دەکەم, سوپاس.

بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من داواکارییەکەم هەیە, ئەوێ رۆژیش ئەو داواکارییەم باس کرد, موجەهیش نییە بۆ وەزیرە بەڕێزەکان, زیاتر بۆ پەرلەمانە, داوا دەکەم ئەگەر میزانیەی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی مالیە, هەردوو دیوانی رەقابەی مالی و ئاسایشی سلێمانی و هەولێریش پەسند دەکەین, تەئکید دەکەمەوە, داوا دەکەم بە مەرج ئەو میزانیە پەسند بکەین, سەقفێکی زەمنی دابنێین لەلایەن پەرلەمانەوە ئەو میزانیە دەربچێت, کە ئێمە ئەو میزانیانە پەسند دەکەین, بەو مەرجەی لەخیلالی دوو مانگی تر, سێ مانگی تر حکومەت

چەندی پێویستە بۆ یەکگرتنەوەی وەزارەتی مالیە و وەزارەتی ناوخۆ, جارێکی تر ئەو داواکارییە دەخەمە بەردەستی پەرلەمان, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك بەڵێن راستە ئەم قسەیەت کرد, بەڵام ئێمە خۆشمان قسەمان کرد, لەگەڵ لیژنەی یاسایی قسەمان کرد, لەگەڵ حکومەت قسەمان کرد, ئەو قەراردانە قورسایی دەخاتە سەر پەرلەمان خۆی, ئەگەر جێبەجێ نەکرا, ئێمە تەوجوهی حکومەت پشتگیری لێدەکەین, خۆیان بڕیاریان هەیە ئەو وەزارەتە ڕێك بخەن, لەگەڵ هەردوو وەزیری مالیە قسەمان کردیە, لەگەڵ ئیعلان کردنی کابینەی تازە, یان ڕێکخستنی هەرسێ وەزارەتەکە, بەنیسبەت ئەوانە کێشە نییە, میزانیەکە تەوحید دەکەن, ئەرقامە ڕێکی دەخەن و جارێکی تر تەوزیعی دەکەن, ئێمەش لەسەر سیقە ئیش دەکەین, کاك غەفور فەرموو.

بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەنیسبەت مووچەی پاسەوانانی زێڕەڤانی من دەمەوێ قسە بکەم, ئەوەی کە تێبینی دەکرێ, پاسەوانی زێڕەڤانی هەر کەسێك لێرە 34 هەزار دیناری مانگانە لەراتبەکەی لێ دەبڕن, ئەگەر ئەو پاسەوانانە خدمەیان بۆ حیساب نەکرێت, مەشمول نەبن بە تەقاعودی ئایا ئەو پارەیان بۆچی لێدەبڕێ؟ دەچێتە کوێ؟ ئەوە یەك, دوو/ هەر گۆڕانکارییەك لەو پاسەوانە دەکرێت, پاسەوانە نوێییەکە کە دادەمەزرێت دێتە شوێنی نوێیەکە 300 هەزارەکە راتبێتی, بەڵام 207 هەزاری دەدەنێ کە 100 هەزاری لێ کەم دەکرێتەوە, ئەوە هۆکارەکەی چییە؟ ئەوەش خاڵێکی تر, دواتر داوا دەکەم بەڕاستی پۆلیسی زێڕەڤانی مانگانە وەکو فەرمانبەرەکانی تر مووچە وەربگرن, یەعنی بەداخەوە جار هەیە دوو مانگ, سێ مانگ درێژە دەکێشێ راتبیان نییە, لەڕووی ڕەوشی دارایشەوە وەزعییان زۆر شڕە, بۆیە دەبێ هاوکاری زیاتر بکرێت, ئەوە خاڵێکی تر, لەهەمان کاتدا داواکارم مووچەی پۆلیس و زێڕەڤان و ئەوانە هەمووی یەکبخرێت, هاوشانی مووچەی پۆلیسەکانی ناوچەکانی تری عێراق بکرێت, ئەوەش حکومەتی کوردستان داوا هاوکاری زیاتر بکات لە حکومەتی عێراقی, لەڕووی مەسەلەی دابین کردنی پێداویستیەکانی دەکرێت ئێمە داوای لە وەزارەتی عێراقی بکەین لەڕووی چەك و هەندێك پێداویستی تر هاوکاری وەزارەتی هەرێم بکات, من تەئیدی برادەران دەکەم مەسەلەی یەکخستنەوە, بەڵام ئەگەر هیچ نا لێرە ئەوان یەکبخەینەوە کەدوو بودجە, وەزارەتی دارایی, وەزارەتی ناوخۆ, دیوانی چاودێری ئاسایش, ئێمە یەك دانەیان پەسند بکەن, با دواتر بۆ خۆیان بودجەکە بەش بکەن لەنێوان خۆیان, بەڵام ئێمە پەرلەمان دەبێت شەرعیەت بەم دابەش بوونە بدەین, زۆر سوپاس.

بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

دیارە لە راپۆرتی لیژنەی دارایی خاڵێك هاتووە, کە دەڵێت تەصدیقی بودجە بکەین, بۆیە لەڕووی یاساییەوە هەم سیاسیشەوە ئێمە ئیعتیمادی موازەنە دەکەین, ئەوە بکرێت زۆر باشە, ئەگەر بەشێوەیەکی تریش هین کرابێت, تەصدیقی یەك بودجە بکەین زۆرباشە, لەراپۆرتەکە هاتووە, زۆر ئەندامان باسیان لێکرد, زۆر سوپاس.

بەڕێز عثمان احمد حمد امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

دوو ئاسایشەکان, هی سلێمانی و هەولێر لەرێزبەندی وەزارەتەکان هاتووە, ئەوەی کە لەپەرلەمان بودجەی بۆ ئیقرار دەکرێ, ئەو وەزارەتانەی کە هاتوون قانونی وەزارەتەکان لە پەرلەمان ئیقرار کراوە, قانونیان هەیە دوایش بۆ بودجە بەپێی قانون, لێرەدا پرسیارێك لە لیژنە تایبەتەکان دەکەم, دەڵێم ئاسایشی سلێمانی و هەولێر قانونەکانیان لە پەرلەمان ئیقرار کراوە, قانونی ئاسایشی سلێمانی لەگەڵ قانونی ئاسایشی هەولێر وەکو قانونی وەزارەتەکان هاتووە بۆ پەرلەمان ئیقرار بکەی, تاکو بودجەکەی لە رێزبەندی وەزارەتەکان دابنرێت؟ ئەوە پرسیارێك, مولاحەزەیەکم هەیە, مامۆستا هیوا داوای کرد کە وەزیرە مەعنیەکان ئامادە بکرێن بۆ وەلأم دانەوەی ئەو مولاحەزاتانەی کە لەسەر وەزارەتەکان هەیە, من لەوەلأمەکەت حاڵی نەبووم, کە پێویست نییە ئامادە بن, یان چۆن؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

پێویستە ئامادەبن, بەنیسبەت قانونیان, قانونی ئاسایش لەهەولێر هەیە لە پەرلەمان دەرچووە, ئاژانسی پاراستنی هەرێمی کوردستان, هەروەها بەقەراری سەرۆکی هەرێم شتێك هەیە بۆ ئەم بابەتە, بەلأم پرۆژەش هەیە بۆ رێکخستنیان, لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی, مەفروزە بێتە لامان تاکو ببێتە قانون و ببێتە یەك دەزگا, ئەو کات بەپێی هینەکە, فەرموو.

بەڕێز عثمان احمد حمدامین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەگەر ئەم دوو ئاسایشە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بن, دەبوایە لەئەنجومەنی وەزیران حیسابی بۆ کرابا, نەك بەجیا, سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سەر بەئەنجومەنی وەزیران نیین, تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە, وەکو زۆر دام و دەزگاکانی تر کە پێویست دەکات قانونیەن یەکبخرێتە قالبی خۆی, هەنگاوی زۆریش نراوە, ئینشاللە تەواو دەبێت, وابزانم بەس د. ناصح ماوە, فەرموو.

بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی ئەوەی من تێبینی دەکەم, هەمووم کۆکردەوە ئەو میزانیەی کە وەزارەتی ناوخۆ بوو, هەردوو بەشەکەی دانراوە لەگەڵ ئاسایشەکانە, یەعنی دووەم بودجەیە کە بۆ وەزارەتەکان دوای وەزارەتی پەروەردە کە هی پەروەردە 16,73٪, ئەو 16,63٪ ئەمە شتێکی باشە, من پێم وایە بایەخدانە, هەرچەندە لەرووی ئەمنیەوە من پێم وایە چەند بایەخ بە وەزارەتی داخلی بدەین هەر کەمە, بەڵام دیارە بودجەکە هەر ئەوەند هین دەکات, من پێم وایە شتێکی باش کراوە بۆ بودجەی وەزارەتی داخلی, بەڵام ئەوەی تێبینی دەکەم بەنیسبەت هەردوو ئاسایش, بابڵێین ئاسایشی هەولێر و سلێمانی, بەنیسبەت ئەوەی پێشنیار کراوە لەلایەن ئاسایشەکانەوە 81720 لەلایەن هەولێرەوە, کراوە بە 80, یەعنی فەرقەکەی 100, بەڵام ئەوەی تر 126 کراوە بە 85, یەعنی فەرقەکەی گەلەك زۆرە, من لەگەڵ رێزمدا ئایا ئەو فەرقەی کەداینراوە دروست نییە, بۆ ئەوەندە کەم کراوەتەوە؟ لەکاتێك ئەگەر بەپێی میلاك حیسابیان بکەین, میلاکی ئەو سنوورەکەی کەوا دیاری کراوە هی هەولێر 12715ی ئێستا هەیە, بەوەی کە دێت دەبێتە نزیکەی 14 هەزاری هەیە, هی سلێمانی 11882ی هەیە, بە زیادەکەش کە بۆی دێت ئینجا ناگاتە 14 هەزار, بۆچی ئەو میزانیە زۆرە بۆ ئەوە دیاری کراوە؟ میلاکی وەزارەتی پەروەردە ئەگەر لەگەڵ میلاکی وەزارەتی ناوخۆ بەراورد بکەین هی پەروەردە 148832 کەس دەکات, هی وەزارەتی داخلی تەقریبەن 120 هەزار دەکات, بەراوردەکەم بۆ ئەوە کرد کەشتێکی باش کراوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ, بەس تێناگام بۆچی ئاسایشی سلێمانی میزانیەکەی لە ئاسایشی هەولێر زیاتر بێت, لەگەڵ ئەوەش بەمیلاکیش ئەوان کەمترن, زۆر سوپاس.

بەڕێز احسان عبدالله قاسم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

راستی لێرە منیش لەسەر ئەرقامەکان چەند پرسیارێکم هەیە, ئاراستەی وەزارەتی دارایی دەکەم, لەوانەیە ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆشی بکەم, ئەگەر تەماشای بەخەرج کردنی وەزارەتەکان بکەین, ئەوەی کاروباری ناوخۆیە 385159, ئەوەی وەزارەتی ناوخۆیە 241900, یەعنی فەرقەکەی 143259, یەعنی دوو وەزارەتە, یەکێك کاروباری ناوخۆیە, یەکێك وەزارەتی ناوخۆیە, یەکێك سنووری سلێمانییە, یەکێك هەولێر و دهۆکە, وەکو میلاك, وەکو سنوور, وەکو مەوقعی جوغرافی لەوانەیە مەنتیقەی هەولێر و دهۆك گەورەتر بێت لە مەنتیقەی سلێمانی, بەڵام ئەم رەقەمە بە 143 ملیار فەرق بێت, بەڕاستی مەوزوعێکە, مەسەلەکە لە چییە؟ یەعنی دەبێ ئەم حەقیقەتە بزانین, پەیوەندی بەیاساکەوە هەیە, بە سیستەمەکەوە هەیە, پەیوەندی بە فەرقی مووچەوە هەیە, دام و دەزگاکان زیاترن, چونکە رەقەمەکە زۆر گەورەیە, هەروەها بۆ پرۆژەی سەرمایەکانیش, دەبینین وەزارەتی کاروباری ناوخۆ 21450 ملیۆن دینارە, هی کاروباری وەزارەتی ناوخۆ 1165, فەرقەکە 10265 ملیۆنە, ئەوەی سەری 143 ملیار فەرقی کرد, لێرەش 10 ملیار فەرقی کرد بۆ سنووری سلێمانی, ئەوەش لە چییەوە هاتووە؟ هی ئاسایش ئەگەر هی سلێمانی تەماشا بکەین, 85845, هی هەولێر و دهۆك 8050, فەرقەکە 5775,

یەعنی ئەو رەقەمانە بە حەقیقەت چەند پرسیارێك هەڵ دەگرێت, ئەمە لە چییەوە هاتووە؟ بۆ بەم شێوەیە بێت؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

من ئەو قورسایانە ناخەمە سەر وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی, بەڵام داوا لە لیژنەی دارایی دەکەم کە کاك ئیحسان و کاك د. ناصح ئەو پرسیارەیان کرد, من لەجیاتی ئاسایشی سلێمانی ئیجازەتان دەدەمێ بچن لەوێ پرسیار بکەن, وەڵامی باشتان بدەنەوە, نامەوێ من لێرە بڵێم, رەنگە من بیزانم, بەڵام نامەوێ بەدەمی من گوێتان لێبێت, هەر کاتێك ویستان بچنە سلێمانی من تەلەفۆن بۆ بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی سلێمانی دەکەم, کە کار ئاسانیتان بۆ بکات, وەڵامی ئەم پرسیارەتان بداتەوە, کە بۆچی ئەم میزانیە زیادە؟ من دەیزانم بۆچی زیادە, بەڵام لێرە نایڵێم, چونکە ئیشی من نییە, ئەگەر هەر کاتێك ویستان بڕۆن بۆ ئەوێندەر, نوقتەی نیزام نییە, باشە ئەگەر نوقتەی نیزام نەبوو قەتعی دەکەم, فەرموو.

بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من مەبەستم گومان کردن نییە, ئەگەر بە میلاکیش بێت حیسابی هەولێر زیاترە, بۆ وای لێهات؟ من مەبەستم گومان لێکردن نییە لەمەسەلەکە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ببورە, من نەم وت گومانە, پرسیارەکە لە جێی خۆیەتی, بودجە تەنها مووچە نییە, تەنها مووچەی فەرمانبەران نییە, بودجەی ئاسایش بواری زۆری تێدایە, بۆیە دەڵێم برۆ پێشانت دەدات, ئەگینا منیش دەزانم کارمەندیان بەقەت ئێرەیە, لەوانەیە کەمتریش بێت, بەڵام بواری سەرفیاتیان زۆرە, بواری نەشاتیان زۆرە, برۆ ئەوێ زۆر تەبیعیە, تەصورم نەکرد بە گومان لێم وەرگری, ئەگەر پرسیارەکەت بۆ دهۆك کردبا هەمان وەڵامم دەدایەوە, ئاسایش جیاوازە لە وەزارەتی ناوخۆ, وەزارەتی ناوخۆ لەم زووانە تەوحید دەبێت, بۆیە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ, هەردووك پێکەوە, دەنگ بۆ هەردوو میزانیەکە بدەن, کێ لەگەڵ هەردوو میزانیەکەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەئەکسەریەت وەرگیرا, ئاسایشی سلێمانی و هەولێر, هەردووکیان دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ هەردوو میزانیەکەیە, دەستی بەرزبکاتەوە, فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بە ئەکسەریەت هەردووك وەرگیرا, من پێم وایە ئێوەش ماندوو بوونە, ئەو وەزارەتانەی کەماوە, لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی یاسایی, داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم, ئەو قسانەی کە کردمان, شێوەی بڕیاری وەرگرتووە, ئاماژەم پێکرد لە بیدایەتی قسەکانم مەسەلەی خانەنشینیە, سولفەی عەقارە, وشکەسالێیە, بیخەنە پرۆژەکەیان بۆ بەیانی بۆ ئەوەی دەنگی بۆ بدەین و هینی بکەین, بەیانی سەعات 10:30 دانیشتن دەکەین, یەك شت هەیە, کاك هیوا ئەم قسەیە بۆ جەنابتە, کاك هیوا جگە لەوەی کە قسەی کردووە, ئەو قسانەی کە کردی بەراپۆرت نووسیویەتی, بۆیە من تەئکید دەکەمەوە بۆی جارێکی

تر, ئەم دانیشتنە دانیشتنێکە بۆ بودجە, بۆ موناقەشەکردنی بودجە, بۆ پرسیار و موحاسەبەکردنی وەزیر نییە, داوامان کردیە وەزیری تایبەتمەند بێتە ئێرە, دوو, سێ جاریش باسم کرد, وەزیری پەیوەندیدار دەتوانین هەر جارێك داوای بکەین بێین لێرە موناقەشەی بکەین, جگە لەمەش لە راپۆرتەکان ئەو رەخنەی کە کرا وەلأم درایەوە, کە دەبوایە راپۆرتەکان بدرابا لیژنەی دارایی, خۆشت ئەندامی لە یەکێك لە لیژنەکان, خۆت داوات کردبا پێش وەخت, ئێستاش کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دەهێنم تا بەیانی, زۆر سوپاس, فەرموون.

فرست احمد عبدالله	محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى)	عدنان رشاد مفتى
سكرتێرى ئەنجومەنى نيشتمانيى	جێگرى سەرۆكى ئەنجومەنى نيشتمانيى	سەرۆكى ئەنجومەنى نيشتمانيى
كوردستان – عێراق	كوردستان – عێراق	كوردستان - عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (13)

چوار شەممە رێکەوتی 30\4\2008

خولی دووەمی هەڵبژاردن

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (13)

چوار شەممە رێکەوتی 2008/4/30

کاتژمێر (10ر30)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2008/4/30 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى) جێگرى سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێرى ئەنجومەن, دانيشتنى ژمارە (13)ى خولى دووەم, سالّى (2008) ى خۆى بەست.

بەرنامەى كار:

بەپێى حوكمەكانى بڕگە (1)ى ماددە (20) لە پێڕۆى ناوخۆى ژمارە (1)ى هەموارکراوى سالّى 1992ى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستانى عێراق, دەستەى سەرۆكايەتى ئەنجومەن بڕيارىدرا دانيشتنى ژمارەى (13)ى خولى دووەمى هەلّبژاردن لە كات (10ر30)ى پێشنيوەڕۆى رۆژى چوارشەممە رێكەوتى 2008/4/30 دا بەم شێوەيە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنى بودجەى هەرێمى كوردستان – عێراق و ياساكەى، كە لەلايەن ئەنجومەنى وەزيرانەوە پێشكەش كراوە.

بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:

بەناوى خواى گەورەو ميهرەبان.

بەناوى گەلى كوردستان دانيشتنەكەمان دەكەينەوە، بەرنامەى كارى خولى گرێدانى يەكەمى ژمارەى دانيشتن 13، رۆژى دانيشتن 2008/4/30، سەعات 10/35 بەرنامەى كار: بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆكردنى بودجەى هەرێمى كوردستانى عێراق و ياساكەى، كەلەلايەن ئەنجومەنى وەزيرانەوە پێشكەش كراوە، جارێكى تر زۆر بەخێرهاتنى گەرمى وەزيرە بەڕێزەكان و ئەو خوشك و برا وخوێندكارو تەلەبەى بەشى راميارى زانكۆى صلاح الدين دەكەين كە لەگەلّمان حازرن بەخێربێن بەسەر چاو، انشاء الله سوود وەردەگرن، لەئاينىدەدا بەلّكو هەندێكتان جێگاى هەندێك لە ئێمە بگرنەوە لێرە، سەركەوتووبن و بەردەوام بن لەخزمەت كردنى گەلى كوردستان، زۆر بەخێربێن سەرچاوم.

داوا لە ليژنەى دارايى دەكەم بێن لەشوێنى خۆيان دابنيشن، ئومێد دەكەم ئەمڕۆ بەهيمەتى ئێوە تەواوى بكەين.

دوێنێ هەرسێ سەرۆكايەتى و وەزارەتى ئاوەدان كردنەوە و وەزارەتى پەروەردەو وەزارەتى خوێندنى باڵا و وەزارەتى ناوخۆ وە هەردوو ئاسايشمان تەواو كرد، ئەمڕۆ دەستى پێدەكەينەوە، وابزانم وەزارەتى شارەوانييە لاى ئێوە چى ئيشارەت كراوە؟ د. دلێر فەرموو.

بەڕێز د. دلێر اسماعيل حقى شاويس:

بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.

ئەو بودجەيەى بۆ وەزارەتى شارەوانييەكان تەرخان كراوە، لەسالّ 2008 بريتييە لە (271658) دوو سەدو حەفتاو يەك مليارو شەش سەدو پەنجاو هەشت مليۆن دينار، كەدەكاتە لە 5.72٪ سەرجەم بودجەى بەكارخستن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك احسان فەرموو.

بەڕێز احسان عبدالله قاسم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجی پڕۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی شارەوانیەکان دەکاتە (576415) پێنج سەدو حەفتاوشەش ملیارو چوار سەدو پازدەملیۆن دینار، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك رشاد راپۆرتتان هەیە فەرموو، بەتەنها وەزارەتی شارەوانیە؟ بیخوێننەوە، راپۆرتەکان جیاوازن؟، یەك راپۆرتە؟ کەواتە هین گواستنەوەو گەیاندنیش بخوێننەوە، کاك دلێر فەرموو.

بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:

سەبارەت بە بودجەی وەزارەتی مواصلات بریتیە لە (2935) بیست و نۆ ملیارو سێ و پێنج ملیۆن دینار، کە دەکاتە 0,61٪ سەرجەم بودجەی بەکاربردن، وەزارەتی گواستنەوە (34895) سێ و چوار ملیارو نەوەت و پێنج ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، کە ئەکاتە 0,73٪ سەرجەم بودجەی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك احسان فەرموو.

بەڕێز احسان عبدالله قاسم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجی پڕۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی گەیاندن، دەکاتە (4932) چوار ملیارو نۆ سەدو سێ ودوو ملیۆن دینار، خەرجی پڕۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی گواستنەوە دەکاتە (27140) بێست و حەفت ملیارو سەدوچل ملیۆن دینار، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، ئێستاش راپۆرتی لیژنەی شارەوانی و گەیاندن و گواستنەوە، بخوێننەوە، فەرموو کاك رشاد.

بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

راپۆرتی پێشوومان هەشت، نۆ خاڵی خویندرایەوەو وەڵامیش درایەوە، نامەویت دوو بارەی بکەمەوە، بەڵام ئێستا دەمەوێ باس لەوە بکەم ئەو سێ وەزارەتە بەگشتی بودجەکەیان کەمە بەتایبەتی وەزارەتی گەیاندن،

لەبـەر ئـەوەی وەزارەتێکـی تازەیـەو ئامـانجی زۆرەو رۆڵـی سـەرەکی هەیـە لەبووژاندنـەوەی ئیقتیسـادی کوردسـتان بـۆ ئـەوەی رێگاوبـان تـەرتیب کـات و هێڵـی شـەمەنەفەر لەئاینـدە بێنێـت، ئـەوەی داوا دەکـەین لەبودجـەی تـەکمیلی حیسابێکی تایبـەتیان بـۆ بکرێـت، بـۆ ئـەو سـێ وەزارەتـە انشاء الله، چـونکە مەسـەلە داواکاریمان زۆرە، بەڵام مەسەلە مومکیناتە، یەعنی چی هەیە باسی ئـەوە بکـەین، ئـەو بەشـە پارەیـە هەیـە لەو سنووریدا دەتوانین داوا بکەین، بەڵام لە بودجەی تەکمیلی مەجال دەبێت ئەو سێ وەزارەتـە یارمـەتیان بدرێت و هاوکاریان بۆ بکرێت، پشنیارێکیشمان هەیە لەبودجـەی حاکیمـە خەرجییـەکانی حـەج 17٪ هـین هەرێمی کوردستانە، کە پێنـج ملیۆن و سـەد هەزار دولارە، داوا لە بەڕێزتان دەکەم دەسـەڵات بدەنـە هـەردوو وەزیری بەڕێز، ئەگەر بکرێت ئـەو پارەیـە لـە حکومـەتی فیـدراڵ وەربگیرێـت، بـەڵام بـۆ ئـەبوابی تـر لێـرە سەرف بکرێت لەبەر ئەوەی ئەگەر موقارەنە بکەرین ئەو پارەی لەحاجییان وەردەگیرێت بەراستی پارەیەکی کەم نیە، بۆ نموونە ئێستا مەسەلەن، عومرە هەیە هەر کەسێك دەچێت بۆ عومرە و دەگەڕێتەوە بە حەفت سەد دۆلار، دەچن و دینەوە تەنها خواردنی لەگەڵ نیـە، کەچـی سـەفەری حـەج هەریـەکی دوو هـەزار دۆلار دەدەن، ئەو پێنـج ملیۆن و سـەد هـەزار دۆلارە بەقەناعـەتی مـن جێـی خـۆی ناگرێـت، داوا بکرێـت هـەردوو وەزارەتی بەڕێز لەئەبوابێکی تر سەرف بکرێت، چ دەیکەنە مینحە بۆ گەنجەکان، چ دەیکەنە دروست کردنی هۆڵی بۆنـەکان لـەو جێگایانـەی کـە هۆڵ نیـە، بەتایبـەتی لەگەڕەکـە هـەژارەکان، ئـەوە یـەك، دوو: خـودای تەبارەك وەتەعالا حەجی لەسەر ئەو کەسانە فـەرز کـردووە کـە ئیمکانییـەتی خـۆی هەیـە، نـە وەك پـارەی عامی بدرێتێ و دەعم بکرێت، ئەو 17٪ هین هەموو پێکهاتەی کوردستانە، تەنها هین برا بوسڵمانەکان نیە، هـین بـرا مەسـیحێەکانە، هـین بـرا یەزیدیەکانـە، بەشـی هـەر هەمووییانـە، بۆیـە داوا دەکـەم ئـەو پارەیـە بەحیکمەت تەعامولی لەگەڵ بکرێت و وشکە سااڵیە هەزار وێەك کێشەمان هەیـە، بـا لـە بـابێکی تـر سـەرف بکرێت، سێهەم: دوێنی زۆر لەبرادەران باسی ئەوەیان کردو زەخت لەسەر ئەوە کرا ئاوەدان کردنەوە پـەرەی پێ بدرێت و ئەهمیەتی پێ بدرێت، کە چی ئێستا 44 گوند بەبەر ماسترپلانی هەولێر کەوتووەو لە 20٪ی ئیتفا کراوەو، لە 80٪ ی ماوەتـەوە، ئـەو 44 گونـدە سـرف زیـراعیـە لـەدەورو بـەری هـەولێر، ئێمـە هێشتا نەمان توانیە بەحەقیقەت 10 گوندی ئاوەدان بکەینەوە وەکو مەفهومی ئاوەدانکردنـەوە، کەچـی دێـین 44 گوندی ئیتفا دەکـەین و تێکـی دەدەیـن، داوا دەکـەم ئـەو مەشـاریعانەی هەیـە ئەگـەر ئیستیسـماراتە، ئەگـەر غـەیری ئیستیسـماراتە، ئـەو مەشـاریعانەی سـرف زیـراعین بالەعـەرزی زیراعـی بکرێـت، بـەڵام ئـەوەی مەشاریعی صناعیە بالەعەرزی غەیری زیراعی دروست بکرێت، لەهەموو جێگایەکیش ئەوە موتەبەعە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

دوێنێیش باسم کرد، با لەمەوزوعی میزانییە دەرنەچین،بۆ ئەوەی وەختەکەمان نـەڕوات، ئـەوە یـەك، دوو: ئـەو مەوزوعـەی حەجـەیش عیلاقـەی بەمیزانیـەوە نیـە، عیلاقـەی بـەوەزارەتی ئەوقافـەوە هەیـە، لـەوێ

دەکرێت باس بکرێت، وەکو وەزارەتەکانی تریش، ئێمە باسمان کرد کە بودجەی داوا کراو لە لایەنی وەزراەتەوە لەوە زیاترە کە دانراوە، ئەوەی دانراوە پاشی موناقەشەو گفتوکۆکردن لەگەڵ وەزارەتی مالیە، بۆیە بەپێی ئەو ئیمکانیەتەی هەیە دانراوە، ئەگەر کەس قسەی نیە لەسەر ئەو سێ وەزارەتە، کاك عوسمان شوانی وەزیری پلاندانان فەرموو.

بەڕێز عثمان شوانی/ وەزیری پلاندانان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەم ساڵ وەزارەتی شارەوانی لەمەشاریعی ئیستیسماری زۆرترین حسەی بەر کەوتووە، بەحوکمی ئەوەی شارەوانی 172 شارەوانی هەیە لەسنووری هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان و خەدەماتی هاووڵاتی خەڵکی کوردستان لەرێگای شارەوانیەوە دابین دەکرێت، بۆیە 326 مەشروعیان هەیە ئەمساڵ لەگەڵ مەشروعە بەردەوامەکانیان، ئەم 576 ە، 220 ملیار دیناری بۆ پڕۆژە بەردەواماکانە، 356 ی بۆ بڕۆژە تازەکانە کە لەساڵی 2008 تا جێ بەجێ دەکرێت، سەر باری ئەوەیش وەزارەتی شارەوانی حسەی ئەسەدی بردووە لە پڕۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کە تەقریبەن 53٪ی 495 ملیارەکەش هەر بۆ شارەوانی تەرخان کراوە، کە بریتیە لە خەدەماتی ئاوو ئاوە روو وریگاوبان و شوستەو حەدیقەو هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندی هەیە بە ژیانی هاووڵاتیانەوە، سەبارەت بە وەزارەتی گەیاندن، وەزارەتی گەیاندن هیچیان بۆ دانەنراوە لە بەر ئەوەی چونکە گەیاندن بەرەو خەسخەسە دەڕوات، بەرو ئەوەی کەرتی تایبەت ئیش لەم بوارەدا بکات، بۆیە پڕۆژەیان بۆ دابین نەکراوە، چونکە گەیاندن لە ئاستێکدایە کە کەرتی تایبەت باشتر بەڕێوە دەبات لە حکومەت، سەبارەت بەوەزارەتی گواستنەوە، وەزارەتی گواستنەوە تەرکیز کراوەتە سەر مەتارەکان کە دوو مەتاری ئەساسیمان هەیە لەهەولێرو لەسلیمانی، بۆ ئەوەی پرۆژەکانی مەتار خۆتان دەزانن گرنگی و ئیستراتیجییەتی ئەم دوو مەتارە زۆرە گرنگە، بۆیە تەرکیز کراوەتە سەری، سەرباری ئەو پڕۆژەیەیش پڕۆژەیەکی تریشیان بۆ داخیل کراوە کە پڕۆژەی دروست کردنی شۆینی پاسەکانە، وەزارەتی گواستنەوە داوای کۆمەڵێ شتی تری کردووە کە رەنگە بەئیمکانیەتی حکومەت نەکرێت، وەکو دروست کردنی تراما، دروست کردنی های وای، دروست کردنی ئەندەر گراوندکۆم، کۆمەڵێ لەو بابەتانە، بەڵم میزانیە کەمان ئەمساڵ نەیتوانیوە بەشی ئەم شتانە بکات و هەوڵیش دەدەین لە رێگای ئیستیسمارەوە ئەم نەوعە پڕۆژانە بکرێت، سەبارەت بە پڕۆژەیەکی کە لەوانەیە کۆمەڵێك خەڵك پرسیار بکات لەسەر دروست کردنی گەراجات، لە موناقەشەمانا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە تەرکیز کراوەتە سەر ئەوەی کە هەوڵ بدرێت گواستنەوە بەعام بەرەو تایبەت بڕوات، هەتا دروست کردنی گەراجات، لە هەموو قەزاکاندا دوو گەراج دروست بکرێت، یەکێك نەفەرات، یەکێك بارهەلگر، هەر لەڕێگای کەرتی تایبەتەوە لەناو شارە گەورەکان دوو گەراج یەك لە خوارێ شارەکە ویەك لە سەرەوە، یاخود لە رۆژ هەڵات و رۆژ ئاوای شارەکە دوو گەراجی گەورە دروست بکرێت، ئێستا حالیەن لە قۆناغی ئامادەکردنی دیزاین دانە بۆ ئیعلان کردن لە رێگای ئیستسمارەوە بۆ ئەم پڕۆژانە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن: کاك بەڵێن فەرموو.

بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پرسیارێکم لە لیژنەی شارەوانی هەیە، ئێمە ساڵی پار لێرە کێشەی نەخۆشی کولێرا لەسنووری پارێزگای سلێمانی بلاّو بوو، ئەم ساڵیش وشکە ساڵییە و پار وەزیری تەندروستی باسی لەوەکرد کە ئەگەر بۆ ساڵی ئایندە کێشەی ئاو لەسنووری پارێزگای سلێمانی چارەسەر نەکرێت مومکینە کارەساتێکی گەورە تر رووبدات، ئایا لیژنەی شارەوانی لەسەر بەدواداچوونی خۆی لەساڵی پارو لەبودجەی ئەمساڵ، هیچ شتێکم لەراپۆرتەکەدا نەبینی ئایا ئەمساڵ هیچ شتێك تەرخان کراوە؟ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بۆ ساڵی 2008، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك غفور فەرموو.

بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من تەئییدی قسەکانی کاك بەڵێن دەکەم بەراستی مەسەلەی ئاوی پارێزگای سلێمانی پار گەورەترین کێشە بوو کە ئەو خەڵکە تووشی کولێرەو رشانەوە بوو، ئێستاش ئێمە لە رۆژنامەو گۆڤارو بلاّوکراوەکان دەبینین کەحاڵەتێکی زۆری رشانەوە لەسلێمانی تۆمار کراوە، ئیحتیمالە بەرەو کۆلێرە بچێت و ئاوەکە پیس بووە، ئایا لەو بوارەوە هیچ کراوە یان نا؟ ئەوە خاڵێك، دوویش: من دیسان دەمەوی لێرەش بێمەوە سەر مەسەلەی مەخمور، ئاوی خواردنەوەی مەخمور ئاوێکە بەکەڵکی بەکار هێنان نایەت بەراستی، هەتا بەو دواییە پڕۆژەی ئاوی گاوەریان دروست کرد، ئەو پڕۆژەی ئاوی گاوەرەیش ئاوەکەی هەر تامی کبریت و شتی وا دەدات، لەهەمان کاتیشدا مەجرا لە مەخمور تاکو ئێستا هیچی بۆ نەکراوە، لە چەند شوێنێکی زۆر زۆر کەم ئیشی لەسەر کراوە، من داوا کارم کە وەزارەتی شارەوانی لێرەش بەشێك لەپارەکەی خۆی تەرخان بکات بۆ تەواو کردنی پڕۆژەی ئاوی مەخمور، لەهەمان کاتیشدا بۆ دروستکردنی مەجرا لە مەخمور، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تریش مەسەلەی گەراجەکان و شوێنی گواستنەوە، بەڕێز وەزیری پلاندانان باسی کرد، ئەگەر تەماشا بکەین لە هەموو کوردستان ئەو گەراجانەی کە بۆ کواستنەوەی بەینی شارەکان بەشێوەیەکی زۆر زۆر ناشارستانی دروست کراون و زۆر زۆر پیسن، بەراستی پێویست بەوە دەکات کەسەر لە نوێ هەمووی تازە بکرێتەوە، نەك تەنها لەشارێك بگرە لەهەموو شارو شارۆچکەکانیشدا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك عادل فەرموو.

بەڕێز عادل محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وەکو هەموومان دەزانین وەزارەتی شارەوانی بەراستی دەتوانین بڵێن ناسنامەی خزمەتگوزاریەکانی هەموو حکومەتێکە، ئەگەر وەزارەتی شارەوانی ئیمکانیەتی باشی هەبوو حەتمەن دەتوانێت خزمەت گوزاری باش پێشکەش بکات، من وای پێشنیار دەکەم، وای بە باش دەزانم بودجەی ئەمسااڵی وەزارەتی شارەوانی بەتایبەتی ئیستیسماریەکەی تەنها لەبواری ئاوا تەرخان بکرێت، لەبەر ئەوەی ئاو پێویستی ژیانی یەکە بەیەکەی تاکی کۆمەڵە، یەعنی ئەگەر هەر کێشەیەك لەبوونی ئاوا دروست بوو هەموو لایەك ئەگرێتەوە، یەعنی وەکو ئەوە نیە، رەنگە خەستەخانەیەك تەنها نەخۆشەکان پێویستیان بە نەخۆشخانە بێت، بەاڵم ئاو هەموو خەڵك پێویستی پێیەتی، بۆیە من پێم وایە وەزارەتی شارەوانی بودجەی ئیستیسماریەکەی تەرخان کات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاو وەکو برادەران ئەندامانی پەرلەمان پێش من ئاماژەیان پێ کرد، من وەکو تەجروبەو شارەزایی خۆم هەیە کە سەرۆکی یەکەی کار گێڕی بومە، یەکێك لەموشکیلەکانی تری ئاو ئەوەیە کە ئاو بەشێوەیەکی زۆر بەفیڕۆ ئەدرێت، یەعنی مقیاسێك نیە بۆ ئاو، ئەو ئاوە هەموومان دەزانین ئەوە سامانێکە بۆ ئێمەیش و بۆ نەوکانی داهاتوو، یەعنی باش وایە میزانیەك تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی چۆنێتی چارەسەرکردی ئاو، لە دروستکردنی حەوزی ئاو بۆ ماڵان، لە دانانی پێوەری ئاو کە ئاو بە فیڕۆ نەدرێت هەروەها پێویستە ئیحتیاتێکی تەواری هەبێت بۆ کێشەکانی ئاو، چونکە زۆر جار لە گەڕەکێکا ماتۆڕێکی ئاو دەشکێت، حەوزێك تێك ئەچێت، هەتا وەکو موافەقاتی بۆ وەردەگیرێت گەورەترین کێشەو مەشاکیل ئەناتەوە، بۆیە پێویستە ئحتیاتی تەواری چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاو هەبێت لەئاستی بەڕێوبەرایەتیەکان بۆ خوارەوە، نە وەکو پێوێست بە موافەقاتی سەرۆك بکات کە کاتی زۆری دەوێت، رەنگە لەهاوینا گەڕەکێك بێ ئاوبێت بە مانگێك موافەقاتی دەرنەچێت، بۆیە کێشەیەکی گەورەیە بەراستی، یەکێك لەکێشەکانی تر، من بۆ خۆم حەفتەی رابردوو لەگەڵ هەشت، نۆ سەرۆك شارەوانی کۆبوونەوەم کرد، بەراستی هەموویان بەعام باسی کێشەی ئاویان دەکرد وهەندێ شارەوانی هەیە ئەوانەی بەتایبەتی لەوسنوورەن کە لەگەڵ ناوچە دابراوەکانن، میلاکی خۆیان مۆزەق تری شوێنەکانی بۆ دامەزراوە کە خۆیان پێویستیان پێیەتی، ئەوە مەفروزە من لە وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ئەگەر رێگام بدەن باسی ئەکەم، مەفروزە میلاکی ئەو ناوچانە، ئێمە خۆمان میلاکێك لەئاستی ئەنجومەنی وەزیرانا دابنەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو فەرمانبەرانەی کە ئاوارەن و نەچوونەتەوە، لەوێ دامەزراون، ئەویش کێشەیەکە، بۆ نموونە شارەوانی کەلار دەڵێت: مانگانە 95 ملیۆن دینار مووچەی ئەوفەرمانبەرانەیە کە دەوام لای ئەو ناکەن، لەشوێنەکانی تر دەوام دەکەن، 240 فەرمانبەر هەیە لەسەر میلاکی ئەو شارەوانی یەیە لەشوێنی تر دەوام دەکەن، هەر وا شارەوانی کفری وایە، دەربەندیخان وایە، چەمچەماڵ وایە، رەنگە ئەو سنوورەی هەولێرو مەخمورو ئەولایش هەر وابێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

من ئەو مولاحەزەی کە دوێنێش دوو بارەم کردەوە، ئێمە کە باسی میزانیە دەکەین، لێرە گفتوگۆو تەرکیز لەسەر دوو شت لەمەسەلەکان بکرێت، میزانیەکە پێتان کەمە؟ بڵێن پێمان کەمە، لەبەر ئەو شتانە بۆ ئەوەی بەحکومەت بڵێین، بەوەزارەتی تایبەت مەند بڵێین، بە وەزارەتی مالییە بڵێن، رەچاوی بکەن لەئایندەدا کە میزانیەی تەکمیلی دێتن زیادی بکەن، ئەگەر میزانیەکەتان پێ زیادە، کەس تاکو ئێستا نەیوتووە شوێنێك پێتان زیادبێت، وەختی باسی دەکەین بزانە بۆ زیادە، د نوری فەرموو.

بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەراستی تاوتۆکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان بەو شێوە ناکرێت کەوا بڵێین ئەو بڕە پارەی کەوا تەرخانکراوە بۆ ئەو وەزارەتە کەمە، یان زۆرە، لێرە هەوڵی زیادکردن یان کەم کردنەوەی بدرێت، ئەوە مەسەلەیەکی گەورەیە، لەبەر ئەوەی کە وەزیری پەیوەندیدار ئامادە نابێت، ئێمە ناتوانین پرسیاریان ئاراستە بکەین تاکو بتوانن رووونکردنەوە یان وەڵامان بدەنەوە، پرسیاری من پەیوەندی راستەوخۆ بە بودجەوە نیە، بڕێك پارە چەند سالێکە تەرخان کراوە بۆ چاکردنەوەی ڕێگای هەولێر - کەرکووك، ئەوەی کە پەیوەندی بە پارێزگای کەرکووکەوە هەیە، ئەوە خەرێکە ئەو رێگاو بانە تاکو ئەگاتە پردێ چاکبکرێتەوە، بەڵام لەهەولێرەوە تاکو پردێ تاکو ئێستاکە دەستی پێ نەکراوە، ئەوە چیەو کێ وەڵامی ئەو پرسیارە ئەداتەوە؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

واللە ئەگەر ئیجازەم بدەن وەزیران من وەڵامت ئەدەمەوە، چونکە بەسودفە ئاگادارم، پێشی حەفتەیەك لە گەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت باسی ئەو مەوزوعە کرا، ئاگاداری کردین کە، موافەقەت کراوە میزانیەی بۆ تەرخان کراوە لەم نیزیکانەیش دەستی پێدەکەن و دراوەتە ئەو شەریکەیە بەینی ئیرەو کەرکووك تەواو بکات، گێلاس خان فەرموو.

بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من قسەم لەسەر میلاکاتی پێشنیار کراو بۆ تەعین هەیە، ئێمە دائیمەن سکاڵای ئەومان هەیە ژمارەی فەرمانبەران و مووچە خۆرانمان زۆرە، بەشێکی زۆر لە بودجەکە بۆ ئەوە ئەڕوات، بەڵام لێرە سەیرەکەی دیسان دوو بارە بووەتەوە ژمارەیەك دانراوە بۆ تەعین بوون، بۆیە من پێشنیار ئەکەم بۆ ئەم وەزارەتانەو وەزارەتەکانی تریش کە لەگەڵ ژمارەی حەقیقی میلاکاتی وەزارەتەکانی خۆیان تەعامول بکەن و کۆیان بکەنەوەو بەگەڕیان بخەن، چونکە زۆر کەس هەیە مووچە خۆرەو ئیشەکەی خۆی ناکات و لەشوێنێکی تر کاسبە، یەعنی بەربڵاوبوونەتەوەو لێرەیش ئێمە ئەبێ سااڵنە کۆمەڵێك خەڵکی تر تەعین بکەین، من لە گەڵ تەعیینی خەڵکی پسپۆرو خاوەن ئەزموونم، بەڵام تەعینی بەلێشاو لە گەڵیا نیم، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

كاك دلێر فەرموو.

بەڕێز دلێر محمد شریف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من یەکەمین دوای ئەوەی کە کاك بەڵێن وتی، من تەئکیدی لێ ئەکەمەوەو نامەوێ دوو بارەی بکەمەوە لەسەر پڕۆژەی ئاو کە قەرار بو چاك بکرێت، دووهەمیشیانم هەر بۆ ئەو پڕسیارە بوو کە کاك د. نوری کردی لەسەر ئەو پڕۆژەیەی کە بەڕێزت جەوابیت دایەوە، سێهەمیان بەنیسبەت دوو حاڵەتە، یەکەمیان ئەو شەریکاتەی فڕوکەوانی، ئێستا ئێمە کە دەزانین خەسخەسە زیاتر شەریکات بەڕێوە دەبەن، بەڵام داهاتی ئەوە، هیچ داهاتێکی بەنیسبەت حکومەت دەگەڕیتەوە؟ ئەگەر نا چونکە سعری پلیتی تەیارە لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ دەرەوەو لەویەوە بۆ ئێرە زۆر گرانترە لەوەی کە لە ولاتانی دەورو بەر هەن، نازانین ئەو رێژەیە چون تەعامولی لەگەڵ کراوە، دووهەمیان: لەگواستنەوە، لە ئیتیسالاّت بەس تەلەفۆنی نۆرمالّ لەپڕۆژەی شارەوانی باس کراوە، بەڵام غەیری پڕۆژەی نۆرمالّ، مۆبایلیش هەیە، شەریکاتی مۆبایلیش لەکوردستاندا داهاتێکی زۆری هەیە، پێم وایە رێژەیەك هەیە کەوا حکومەت لەگەڵ ئەو رێژانەدا وەریدەگرێت، ئەم داهاتە چون تەعامولی لەگەڵا بکرێت؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

كاك دلێر فەرموو.

بەڕێز زرار طاهر امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من دەست خۆشی لە راپۆرتەکەی لیژنەی شارەوانی دەکەم، بەڵام بەراستی ئەو قسانەی کە ئەمەویست بیانکەم کران، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

كاك رۆمیۆ فەرموو.

بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من بەراستی تۆ بتەوێ ونەتەوێ، ئەبێ پرسیار بکەی بۆ ئەوە، دەربارەی وەزارەتەکان دەبێ بەئامادە بوونی وەزیریش، راستە ئێمە موناقەشەی بودجە ئەکەین، بەڵام هەندێ پڕسیاریش خۆی فەرز دەکات مە سەلەی کولێرە سالّی پار، جەنابی وەزیری تەندروستی لێرە بوو لەگەڵ هەندی وەزیری پەیوەندیدار، وتی دوای چەند مانگێکی تر ئەگەر مەسەلەی ئاو لەهەندێك شۆین چارەسەر نەکرێت، جارێکی تر ئەم نەخۆشییە سەر هەڵدەداتەوە و ئێستا وا باس دەکرێت خەریکە سەر هەڵدەداتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەیە من دەپرسم؟ ئایا ئەو وەزارەتی شارەوانی، ئەگەر مەسەلەکە، بودجەبێت پارە بێت، ئەوەندە بودجەی نیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلە گرنگانە؟ دووهەم: پرسیارێکی تر هەر بۆ وەزارەتی شارەوانی، ئایا وەزارەتی

شارەوانی لەسەر کەمی بودجەیە کە زەوی و زار دابەش ناکات، بەڵام هیچ خزمەت گوزاری وەکو ئاوو کارەباو جادەو ڕێگاو بانیتر پیشکەش ناکات؟ سێ: مەسەلەی کۆمپانیای تەلەفونات، من نازانم لە کوێ بووە کە تەلەفۆنی نۆرمالێ یاخود تەلەفۆنی تر هەیە وەکو ئاریافۆن وئەمانە، کە تۆ ئەیکڕیت و بەکارت ئیستیعمالی دەکەیت، بەکاری دەهێنیت، بەڵام سالانە بڕە پارەیەك تەحدید کراوە دەبێت خەڵکەکە، صاحیب تەلەفۆنەکە بیدات، وابزانم لە هیچ شۆینێکی دونیا شتی وانیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

تەنها یەك نوقتە تکرار دەکەمەوە، دوێنێیش باسم کرد، وەزیری پەیوەندیدار لەموناقەشەی بودجە ئامادە نابێت، مەفروزە لیژانەکان پێش ئەوەی بێنە پەرلەمان، لیژانەکان لە گەڵ وزارەت، لەگەڵ وەزیر دابنیشن بۆ موناقەشە کردنی، کاك خورشید فەرموو

بەڕێز خورشید سلیم شێرە:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

باسی پارەی حەج و حاجیان کرا، بەپێی ئەو تەجروبەی کە من پێنج، شەش ساڵ وەکیلی وەزیری ئەوقاف بوومە مەعلوماتێکی کاملم هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە، ئەو میزانیەی 17٪ی بۆ حەجاجی کوردستان تەخسیس دەکرێت، نادریتە حکومەتی کوردستان، لیژنەی عولیای بەعسەی عێراقی، لیژنەی عولیای حەج لەویەوە، وەقفی سونی و وەقفی شیعی و کۆمەڵێك لە وەزارەتەکانی تر وەکو خاریجیەو داخیلیەو هەندێك وەزارەتی تر، ئێمە نوێنەرێکمان هەیە لە بەعسەی حەجی عێراقی، هەموو ساڵێکیش فێڵمان لێ دەکرێت لەوێندەر، لە زمنی ئەو پارەی کە تەخسیس کراوە، مومەسلی ئێمە ناتوانێت تەسەرۆق پێ بکات، ئەو پارە بۆ چیە لەوێ؟ حەقی تەیارە چوون و هاتنەوەیە، حەقی ئوتێل کردن و خانوو کردنە، حەقی ئۆتومبیل کردنە لە حەرەمەوە بۆ ئەو شوێنەیە کە نیشتەجێ بوونە لێی، حەقی نان خواردنە، حەقی سەفەرە بۆ میناو عەرەفەی، ئەو پارەیە ئەوان تەسەرۆق پێ دەکەن، بەڵام خوا هەڵناگرێت هەموو ساڵێك نیوەی پارەکە دەخۆن، بەئاشکرایش دەیخۆن، وەسیراعێکی زۆریش هەموو ساڵێك لە مەکە دروست دەبێت لەبەینی وەقفی سونەو شیعە، بەڵام لێرە شتێکی کە هەیە، ئەمە وەکو کاك رشاد باسی کرد پارەی حەجاجان وەردەگرین لێرە ساڵانی زوو زوو دوو ساڵ هەر وەرماندەگرت چەند ساڵێکیش پێنج شەش وەرقەیەکمان وەردەگرت، بەڵام پار 2000 دۆلار وەرگیرایە، ئێمە تاکو ئێستا لەپارەی کە بۆ حاجیانی کوردستانمان وەرگرت و تاکە دینارێکمان نەناردووە بۆ بەغدا، هەموومان کردوەتە ئێراداتی حکومەتی خۆمان، جا ئەوە جەنابی وەزیری مالیە دەزانی هەمووی دەدرێتە بەنك و وەزارەتی ئەوقاف یەك فلس وەرناگرێت، هەموو حاجیان دەچن لە بەنك پارەکە تەسلیم دەکەن، ئەوە مەوزوعی حەج، مەوزوعی بەلەدی جەنابتان و خوشك و برایانی تریش ئاگایان لێیەتی، جارێك جەنابی وەزیری بەلەدییات چەند مانگێك لەمەو پێش لێرە بوو، من باسی مەجاری هەولێرم کرد، لێیشم نارەحەت بوو کە مەبەستم ئەو نەبوو، مەبەستم هەموو مودیری بەلەدیات بو و نیشانیشم هێنا، من پرسیارێکم هەیە جەنابی سەرۆکی پەلەمان، یەك لە گەورە ترین موشکیلەی هەولێر،

نیوەی نەخۆشییەکانی هەولێر بە پێی قسەی دکتۆرەکانمان، نەبوونی مەجاریە، پایتەختە، عاسیمەی کوردستانە رۆژانە بە دەیان وەفد دێتەئێرە، ئەگەر ئەولەوییات هەبێت، ئەگەر موهیم هەبێت، ئەگەر مەسڵەحەتی میللەت هەبێت، ئەگەر چارەسەری نەخۆشی بکرێت مەعقولە بیر لەمەجرای هەولێر نەکرێتەوە، بۆ مەعلوماتی جەنابت کەشف و دیراسەتی مەجرای هەولێر تەواو بووە، ئەو مەعلوماتەیش لە مەسادیری مەوسوقەوە هێناومە، کەشفەکەی تەواو بووە، کولفەکەی تەواو بووە، 650ملیۆن دولار کولفەکەیەتی، مەجاری هەولێر بە سالێك ودوو سالْ تەواو نابێت، هەتا شەریکەیەکی ئەڵانی وتوویەتی دێم دەیکەم بەشەرتێك یەك مەتر لە سەر عەرز ئیشناکەم هەمووی لەبن عەرز ئیش ئەکەم، بەڵام سولفەی سەد ملیون دۆلارم دەوێ، ئەو مەشروعە پێنج شەش سالْ یەڵلا تەواو دەبێت، من رجام ئەوەیە بیر لەوە بکرێتەوە مەجاری هەولێر تەواو بکەن، بەوە نیوەی نەخۆشیەکەی تەواو دەبێت، بڕۆ راقی ترین گەرەکی هەولێر، لەبەر سیاناوی هەر ناتوانیت پێیدا بڕوێت، کۆمەڵێك نەخۆشیمان بەهۆی ئەوەوەیە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەو مەوزوعە ئیهتیمامی پێ بدرێت و بەتایبەتی خوشك و برایانی پەرلەمانتاریش ئیهتیمامی پێ بدات، مەعقول نیە عاسیمەی کوردستان، بیر لەوە نەکرێتەوە مەجاری بۆ دروست بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك عثمان فەرموو

بەڕێز عثمان احمد حمه امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەو راپۆرتە کە راپۆرتی سێ وەزراەتە، تەبعەن وەزارەتی شارەوانییەکان و گەیاندن و گواستنەوە، ئەوەی کە جێی مولاحەزەیە وەزارەتی شارەوانیەکان، ئەو بودجەیەی کە وەزارەت داوای کردووەو وەزارەتی دارایی لەسەر نیوەی موافەقەتی کردووە، ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە لیژنەی شارەوانیەکان کە دەڵێت ئەوە بڕە پارەیەکی زۆر کەمەو ناگونجێ لەگەڵ پێویستی وەزارەتەکە و پێویستە زیاد بکرێت، بەڵام ئەوەی جیێ مولاحەزەیە ئەوەیە کە لیژنە داوای دەکات، لیژنەی وەزارەت، لیژنەی تایبەت، لیژنەی موختەس، لیژنەی شارەوانیەکان لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی دەبوو لەسەر ئەو فۆرمەی وەزارەت کە پلانی وەزارەتە، مەسەلەن بۆ خزمەتی شتە ئەساسییەکانیش شارەوانیەکان، چونکە سیمای هەر شاروشارۆچکەیەك بەراستی وەزارەتی شارەوانیەکان پێشانی دەدات، ئەوەی کە برادەران لەباسی گرفتی ئاو، بەتایبەتی ئاوومەجاری،یەعنی ئەو دووە بۆ هەر شاروشارۆچکەیەك زەرور ترین شتە کە لەبنچینەی پاك و خاوێنی، وەکو ئەوەی لەسلێمانی باسی کرایەو کە بەرەو وەرزی گەرمادەڕۆین بەراستی گرفتی ئاو یان ئەوەی هەولێر کە مەجاری نیە، ئایا پلانی وەزارەتی شارەوانی بۆ مەسەلەی ئاوومەجاری چیە؟ هەتا بزانرێت ئەو بودجەیەی کە بۆی دیاری کراوە کەمە یان زۆرە، ئێمە قسە لەسەر ئەوە بکەین ئایا دەکرێت ئەو بودجەیە زیاد بکرێت لەسەر ئەساسی ئەو داواکاریە زۆر جدییەی وەزارەت یان نا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

د. کمال فەرموو.

بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

تکایە ئێمە موناقەشەی میزانیە دەکەین، پلانی وەزارەت یان وەزیری پەیوەندیدار، لیژانە بەڕێزەکان، ئەتواندرێ پێشتر یان دواتر بیانبینن لەسەر ئەو تەفسیلاتە لەگەڵیان موناقەشە بکەن، ئەمڕۆ لەسەر ئەوە ناتوانین ئێمە موناقەشە بکەین، ئەو وەزیرە چۆن ئیش ئەکات یان پلانی چۆنە، هەر ئەم نوقتەیە زۆر زۆر تکام بۆ ئەو بەڕێزانەیە مراعات بکرێت بۆ ئەوەی وەختەکەمان ئیستیفادەی لێ بکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان کرد پرسیارێکیان لە لیژنەی شارەوانی هەبوو، هەر وا یەك دوو مەسەلەیش ئاراستەی وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی هەیە، پرسیارێکیش لەلایەن کاك بەرزان محمدەوە هاتووە دەڵێت بەنیسبەت ئاوی لادێوە هیچ بودجەی بۆ تەرخان نەکراوە، لەبەر ئەوەی فەك ئەلئیرتیبات نەکراوە، هەر وا لەمۆلەق ماوەتەوە، جاران ئاوەدانکردنەوە لەسەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بوو، ئێستا خراوەتە سەر شارەوانی، بەڵام بودجەی نیە، ئایا ئەم پرسیارە جەوابی هەیە لای ئێوە؟ فەرموو کاك رشاد یەکەم پرسیار بۆ جەنابت کراوە.

بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەنیسبەت پرسیارەکەی کاك بەڵێن، کە کاك دلێریش پشتگیری لێ کرد، مەسەلەی ئاوی سلێمانی، لەسنووری سلێمانی پارەی بۆ دابین کراوە، بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت باسی لەوە کردو دووپاتیشی کرد وتی ئێمە ئیستیعداداتی کامیلمان وەرگرتووە، هەرچی پێویست بوو جێبەجێی بکەین بۆ جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیە، بەنیسبەت پرسیارەکەی کاك عادل، هەمان شت بۆ دابینکردنی بودجە بۆ ئاو، بودجە دابین کراوە و پڕۆژەی ئاوی سلێمانی ئەوەی کۆن، خەتی یەکەمی جێبەجێ کراوە و خەتی دووهەم ئێستا ئیشی تیدا دەکەن و بودجەکەیشی لەسەر بودجەی سنووری سلێمانیە کە سەرف دەکرێت، بەنیسبەت گێلاس خان من پشتگیری لێ دەکەم، بەراستی میلاکات ئیعادەی نەزەر بکرێت و میلاکاتی وەزارەت رێکبخرێت بەپێی هەیکەلی وەزارەت بێ ئەوەی فائیزەکان دیاربێت وچارەسەر بکرێت، کاك رۆمێو هەمان شت دووپاتی کردووە مەسەلەی کولێرەو ئاو، بەڕێز کاك خورشید ئیشارەتی بەوە دا مەسەلەی نەفەقاتی حەج و مەجاری بوو، بەنیسبەت نەفەقاتی حەج ئەوە باسی لێکرا بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەجێی ئەهێڵین، بۆ جەنابتان بڕیاری لێ بدەن، بەنیسبەت مەجاری ئەو مەجارییەی لەهەولێر کراوە ئەتوانم بڵێم پارەی یەك هەولێری لەسەر سەرف کراوە هەتاکو ئێستا، خاسەتەن بە قەراری 986، نەك بەملیۆن بەملیار پارەی لەسەر سەرف کراوە، بەڵام شروتی فەنی تێدا نەبووە، ئێستا داوا دەکەین بەشروتێکی فەنی پڕۆژەی بۆ

دابنرێت، ئەنجا کەی جێبەجێ دەکرێت موهیم نیە، بەقەناعەتی من ئەگەر بەشروتی فەنی جێبەجێ ناکرێت، نەکرێت باشترە، چونکە ئیستیفادەی لێ ناکرێت، بەنیسبەت ماموستا عوسمان باسی بودجەی وەزارەتی کرد، مەسەلە ئێمە دەمانەوێ دابین بکرێت زۆر زۆرە، بەلام مەسەلەکە مومکیناتە چی هەیە، هەموومان پێمان خۆش بوو بودجەی وەزارەتەکان هەمووی بەملیارات دۆرلارات بێت، بەلام کە نەبێت، خۆی مەبلەغێکی موعەیەنە لە بەغدا هاتووە و دیاریکراوە لەسنوور ئەو پارەیە ئێمە دەتوانین شت داوا کەین، ئەوەیش دەمێنێتەوە بۆ وەزارەتی پلاندانان و هەردوو وەزارەتی دارایی و ئابووری چۆن دابەشی دەکەن، بەلام بەقەناعەتی من ئەگەر دابەشیش دەکرێت پڕۆژەی گەورەو یەك جێی لێ دروست بکرێت نەوەك پارچە پارچە دروست بکرێت لەبەینی وەزارەتەکان و، داوایش دەکەم لەبەڕێز وەزیری پلاندانان ئەگەر بکرێت پلانی درێژخایان لەبۆ ماوەی پێنج ساڵ دانێن حەسەب ئەهمیەتی ورێزبەندی بکات بەئەهمیەتی پڕۆژەکان، ئەو پارەیەی کە ساڵانەدێت ئەمانەی پێ جێبەجێ بکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك عوسمان دوو پرسیار رەبتی بەجەنابتەوە هەیە یەکێکیان مەسەلەی مەجاری هەولێرە، ئەوەی تریشیان پڕۆژەی ئاوی لادێیە، لەناحییەی خۆتەوە ودواییش لەناحییەی وەزارەتی مالیەوە، فەرموو.

بەڕێز عثمان شوانی/ وەزیری پلاندانان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سەبارەت بە ئەوەی کە مام رشاد جەوابی داوە، ئەوە فیعلەن حەقیقەتە، ئێمە مەفروزە مەسەلەن ئەبوایە لەسەر یەکتر ئیشمان بکردایە، مەسەلەن مەعالەجە ئەساسییەکانی کارەباو ئاو کە وتوومانە کێشەی ئەساسیە، پارەی زۆربەیشمان بۆ ئەوە تەخسیس کراوە، بەلام هەر لەبرادەرانی تری دوێنێ و پێرێ لە موناقەشەکانی حەفتەی رابردوودا، هەموو خوشك و برا ئەندامانی پەرلمان داوایان کرد، یەك دەلێت وەزارەتی پەروەردە دەربێت حسەکەی زیاد بکرێت، یەك دەلێت وەزراەتی خۆیندنی بالاّ، بە تەئکید ئەم هەموو سەکتەرانە پێویستن، لەناو سەکتەری شارەوانیشا بە هەمان شێوە سەکتەری ئاوت هەیە، ئاوەرۆت هەیە، خەدەماتی گەڕەکەکانت هەیە، رێگاوبانت هەیە، حەدیقەت هەیە، ناکرێت ئێمە ئەو هەموو شارانە لەتەوەسع و لە فراواندانان هێچ خەدەماتێك بۆ ئەوانە نەکەین، ئەم گەڕەکە تازانە پێویستیان بە ئاو راکێشان، بە مەجاری کردنە، پێویستیان بە کارەبایە، بە شۆستەدروستکردنە، بە تێکەڵەپێش کردنە، ئینجا قیرتاوکردن، ئەو پارەی کەهەیە وەزارەتی شارەوانی خۆی ئەولەویاتی خۆی داناوە، ئەو ئەولەویاتەی کەداینناوە ئێمە بەپێی ئەو پارەی کە بۆیمان تەخسیسکردووە لەژمارەیەکەوە هەتاکو دەکاتە ژمارە 104 پڕۆژەکانی بۆ ئیختیار کراوە، سەبارەت بەکێشەی مەجاری هەولێر، هەولێر وەکو جەنابی کاك خورسید فەرمووی راست دەکات پایتەختی کوردستانە پێویستی بەوەیە، بەلام مەشروعەکە پێویستی بە 750 ملیۆن دۆلارە، پارەی میزانیەی ئیستیسماری بۆ ئەمسالّ بۆ مەشاریعی تازە تەنها ملیارێك و حەفتاوهەشت ملیۆن دۆلارە، ناکرێت بەتەنها مەجاری بکەین، ئیشەکانی تر نەکەین، ئەی ئەو هەموو کێشەی قوتابخانەمان هەیە

چۆن چارەسەری کەین، ئەی کێشەی رێگاوبانمان هەیە، کێشەی کارەبامان هەیە، وەزیری کارەبا هەموو رۆژێ قسەدەکات دەڵێت کاکە من میزانیەکەم کەمە بۆیە بەش ناکات، حەقە رۆژێك وەزیری کارەبایش بانگ بکرێت، کە ئەو هەموو پارەی بۆ تەخسیس دەکرێت تاکو ئێستا کەیشتوەتە چی، بۆ ئەوەی کە ئەو میزانیەی کە بۆ ئەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی تەخسیس کراوە حسەی ئەسەدی بردووە لەناو میزانیەی عاما، سەبارەت بە ئاوی مەخمور کەکاك غفور باسی کرد، وەزارەتی شارەوانی داخیلی کردووە بەنیازین لە میزانییە تەکمیلێکەدا ئاوی مەخمور و ئاوی ئاکرێ و ئاوی چەمچەماڵ، ئەم سێ مەشروعە داخیل بکات، هەر وەها دەست پێکردن بۆ مەجاری هەولێر، وەزارەتی شارەونی بڕیاری داوە، چۆنکە ماستڕپلانی هەمووی تەواو بووە، کە تەواو بووە قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێی دەکات، داخیلی کردووە لەمیزانیەی تەکمیلی، هیوادارین کەمیزانییەی تەکمیلی بۆ بێت، چۆنکە مەجاری هەولێر وەکو برادەران فەرموویان بەپێنج ساڵ ئینجا تەواو دەبێت، ئەوە خۆمان بۆی حازرکردووە، مەسەلەی داوای بودجەی زیاتر دەکەن بۆ وەزارەتی شارەوانی، بەراستی شارەوانی و خەدمات یەعنی ژیان، یەعنی رووی شارستانی هەرولاتێك، هەر مەملەکەتێك، بۆیە ئێمەیش لەگەل ئەوە داین کە ئەوە بکرێت، بەڵام هەندێ مەسەلە هەیە برادەران ئیشارەتیان پێدا، دەبێت ئەوە بزانن لەناو میزانییەی ئیعتیادی موعالەجەی بۆ کراوە، فەسڵی سێیان هەیە لەناوموعالەجەیا کەباس دەکەن دەڵێی: بۆڕی دەشکێت، حەوزێك دەکرێت، ئاوێکی ئیزاق رادەکێشرێت، هەموی لەفەسڵی صیانەدا پارەی بۆ تەرخان کراوەو تەسەوڕیش دەکەم لەناو ئەوەی کە من خوێندوومەتەوە لەناو میزانیەی ئیعتیادی پارەیەکی باش بۆ فەسڵی صیانەی وەزارەتی کارەبا، وەزارەتی شارەوانی، ئاوەدان کردنەوە تەرخان کراوە، بۆ سیانە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك سەرکیس فەرموو.

بەڕێز سەرکیس ئاغاجان/وەزیری دارایی وئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەر وەکو بەڕێزان ئیشارەتیان پێدا، پێداویستیەکان زۆرن و ئیمکانیاتی حکومەتی هەرێم کەمە، بەڵام هەر وەك ئێشارەت دەدین بۆ ئەوەی وەزعەکە باشتر روون ببێتەوە بۆ بەڕێزان، وەزارەتی شارەوانی عێراق کە 83٪ میزانیەکەیەتی، (51163400) پەنجاویەك ملیارو سەدو شەست وسێ ملیۆن و چوارسەد هەزارە، لەسەر وەزارەتی دارایی (322195) سێ سەدو بیست ودوو ملیارو سەدو نەوەت و پێنج ملیۆنی بۆ دانراوە، یەعنی (373458400) سێ سەدو حەفتاو سێ ملیارو چوار سەدو پەنجاو هەشت ملیۆن و چوار سەد هەزار، ئەگەر بێین سەیربکەین ئەو میزانیەی کە ئێستا هەیە بۆ وەزارەتی شارەوانی لەبودجەی گشتی هەرێم، (271658) دووسەدو حەفتاویەك مەلیارو شەش سەدو پەنجاو هەشت ملیۆن، یەعنی دەکاتە 72،74٪ نەك رێژەی 17٪ کە، بەنیسبەت گواستنەوەکە ئەوەی لەعێراق 83٪ کە بۆی دانراوە (145914362) سەدو چل و پێنج ملیارو نۆسەدو چۆاردە ملیۆن و سێ سەدو شەست ودوو هەزارە،

هەرێمی کوردستان (34895) سی و چوار ملیارو هەشت سەدو نەوەت و پێنج ملێونی بۆ دانراوە، ئەگەر موقارەنە بکەین 23,91٪ دەکات، لێرەیش ئەگەر سەیرکەن لەو حەدەی کە پێویستە لە 17٪ کە دیسان زۆر تریشە، هین گەیاندن (17329810) حەڤدە ملیارو سێ سەدو بیست و نۆ ملیۆن و هەشت سەدو دە هەزارە، 83٪ کەی عێراق، بەڵام هین ئێمە ئەوەی لەبودجەدا هەیە (2935) بیست و نۆ ملیارو سێ وپێنج ملیۆن کە دەکاتە 167٪ یەعنی موقارەنەت ئەگەر بکرێت لە گەڵ وەزارەتەکانی عێراقدا ئەو تەرخانکراوانەی کە لێرە دانراون لەسەر ئەساسی حەجمی بودجەی هەرێمی کوردستان بەراستی بەرزترە، بەڕێزان پرسیان لەسەر مەوزوعی میلاکات، ئێمە بیدایەتیش هەر ئیشارەتمان بەوە دا کە یەکێك لەکێشەکانی ئێمە ئەوەیە کە پێویستە بەرنامەیەك دابنەین، بۆ ئەوەی ئەو میلاکە زیادانەی کە هەیە هەموویان کوبکەینەوە، ئێمە ئیستیفادە لەمیلاکاتی زیاد بکەین، بۆ دابەشکردن یان بەسەر وەزارەتەکان یان بۆ ئەو شۆینانەی کە پێویستیان پێ هەیە نەك دامەزراندنی نوێ بکرێت، ئەمیش ئێمە موراعات دەکەین لە سیاسەتی حکومەتی هەرێم بۆ دامەزراندن لەساڵی 2008 دا، پرسیار کرا لەسەر داهاتی شەریکاتی مۆبایل، (3750) سێ تریلون و حەفت سەدو پەنجا ملیار دینار لە بودجەی عێراق دانراوە لە داهاتەکەی، داهاتی ئەم کۆمپانییانەیە کە 17٪ بە هەرێمی کوردستان دەدرێت، یەعنی ئەو 17٪ کە وەردەگرێن تەنها 17٪ نەوت نیە هین هەموو داهاتی غەیری نەوتیە لەزمنی ئەوانەیش شەریکاتی مۆبایل، هین نەقل، ئەوەی حوجاج بەراستی نەکرایەتە ئیراداتی نیهائی، ئێمە ناتوانین هەڵی بوەشێنینەوە، چونکە لەحاکیمە ئەوە لەزمنی ئەو سەلاحیەتانەی حکومەتی ئیتیحادیایەو بڕیاری لەسەر دراوە، لیژنەیەکی باڵا دروست دەکرێت کەنۆینەرانی هەرێمی کوردستانیشی تێدایە لەرێگەی ئەو لیژنەیەوە پارەکە خەرج دەکرێت، بەڵام نایەتە سەر وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان، وەك داهات تۆماربکرێت، بەنیسبەت بەڕێوبەرایەتی ئاو، ئێمە رەنگە بابەکان عادەتەن بەڕێوبەرایەتیە گشتییەکان لەبابەکانی بودجە تۆمار دەکرێن، ئەگەر بەڕێوبەرایەتی بێت رەبتی ئەو بەڕێوبەرایەتیە گشتیانە دەبێت، بۆیە زۆر لە بەڕێوبەرایەتە گشتییەکان دیار نەبن کەسەیری بودجە بکەین، هەر وەکو بەڕێز کاك عوسمان ئیشارەتی پێی کرد زۆر لە کێشەکانی ئاو لەسەر صیانەیە یان لەسەر بودجەی تەشغیلیە وەکو بیر لێدان بێت، تانکەری ئاوبێت، یەعنی ئەو مەسائیلانە، لەوێ جێگایان بۆ کرایەتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەو تێبینیانە ئەغڵەبی روو بەڕووی لیژنەکان دەکرێتەوە، لیژنەی شارەوانی وگواستنەوەو لیژنەی گەیاندنیش، ئەوەی کاك رۆمیۆ پرسی لەسەر مۆبایل، خۆی ئەوە خەسخەسەی شەریکاتی خاسە، ئەگەر مەرجی تێدا نەبێت کەوەختی دەیکرێت بۆ نیە، سالانە ئەوە پارەی ئیزافی وەربگرێت، دیارە لە مەرجەکانیا هەیە، رسومێك هەیە سالانە دەیدەی یان شەش مانگ جارێك دەیدەی، ئەگەر تێیدا نەنووسرابێت ئەو حەقەی نیە داوا بکات، هەندێ تەوسیاتیش هەیە ئاراستەی وەزارەتی پلاندانانی دەکەین بەتایبەتی مەسەلەی مەجاری هەولێر کە رەچاوی بکات و لەئایندەدا زروفێك ئەگەر رەخسا ئەهمیەتێکی زۆری هەیە،

ئیستاش یەك بەیەك دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ بودجەی وەزارەتی شارەوانیدایە؟ تکایە دەست بڵندکات.

بەکۆی دەنگ وەرگیرا، کێ لەگەڵ بودجەی وەزارەتی گواستنەوەدایە؟ تکایە دەست بڵندکات، بەکۆی دەنگ وەرگیرا.

وەزارەتی گەیاندن کێ لەگەڵ بودجەکەیەتی؟ دەست بڵندکات، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، تەنها کاك هیوا لەگەلدایە، بەڵام نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

بەڕێز هیوا صابر احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

شتێکی تر هەیە لەکاتی تەسویتا، لەگەڵدای، لەگەڵدا نێت، مومتەنیعە، پەرلەمانتار ئەڵێت من مومتەنیعم، قسە ناکەم، چونکە زۆر مەجال نیە، حەزەکەم ئەوەش بۆمان تەوزیح بکەی، ئەگەر بەگۆێرەی پەیڕەو هەیە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەگەر شکوکیەت بخەیتە سەر ئەوەی ئەکسەریەت تێدا بێت و رێژەیەکی زۆربن، ئەوانەی مومتەنیعن ئەوە دەکرێت، بەڵام ئەوە نەبووە لای ئێمە تاکو ئێستاکە، ئەوە مانگێکی کە دەبینە سێ ساڵ، ئیتیباعمان نەکردووە ئەوە، خولی ئێمە سێ ساڵ پێشتریش نەبووە ئەوە مەعمول نیە، بەڵام بە هەر حاڵ نوقتەی نیزامەکە نیو مەقبولە، کاك سەردار پێشنیارێکی هەیە فەرموو.

بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بۆ ئەوەی ماوەی گفتوگۆکردنەوەکە کورت بکرێتەوە، پۆختکردنەوەی راوبۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان پێشنیار دەکەم راپۆرتی لیژانەکان هەمووی بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی دوای رەئی ئەندامانی پەرلەمان بەیەك جار وەربگیرێت، بەو شێوە پوختڕە دوای وەزارەت بە وەزارەت بدرێتە دەنگ دان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاکە ئیلتیزام ناکەن، دوێنێ وامان وت، بەڵام ئیلتیزام ناکەن، وتمان راپۆرتەکان بخوێنرێتەوە، ئەگەر شتێکی زۆر گرنگ هەیە بیڵێن، ئێستا ئیلتیزام بکەن ئەوە دەیخوێنێتەوە، ئەوەی تەوسیاتی هەیە دەیدەینە وەزارەت و هەرچی لیژنەکەی خوی بەدوادا دەچێت، کاك ئاریز وەزارەتی رۆشنبیری وچی وچیە لیژنەکەتان.

بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سێ وەزارەت لای ئێمەیە وراپۆرتەکەیش هاوبەشە لە دوای ئەوەی ئێمە راپۆرتمان ئامادە کردووە، وەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی وەرزش و لاوان، وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، ئەو سێ وەزارەتەو راپۆرتەکەیش هاوبەشە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

د.دلێر فەرموو.

بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سەبارەت بەوەزارەتی رۆشنبیری ئەو بڕە پارەیەی کە لە میزانیەی تەشغیلیا بۆی دانراوە بریتیە لە (56974) پەنجاو شەش ملیارو نۆ سەدو حەفتاو چوار ملیۆن دینار کە دەکاتە لە 1,2٪ سەرجەم بودجەی تەشغیلی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە وەزارەتی وەرزش و لاوان ئەو بڕە پارەیەی کە بۆی تەرخان کراوە بریتیە لە (21210) بیست و یەك ملیارو دووسەدو دە ملیۆن دینار کە دەکات لە 0,45٪ سەرجەم بودجە، سەبارەت بە وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ئەو بڕە پارەی بۆی تەرخان کراوە بریتیە لە (5720) پێنج ملیارو حەفسەت و بیست ملیۆن دینار کە دەکاتە لە 0,12٪ ی سەرجەم بودجەی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك احسان فەرموو.

بەڕێز احسان عبدالله قاسم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجی پرۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی رۆشنبیری (11920) یازدە ملیارو نۆ سەدو بیست ملیۆن دینارە، خەرجی پرۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان (14113) چۆاردە ملیارو سەدو سیازدە ملیۆن دینارە، خەرجی پرۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوە هیچ نیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

فەرموو کاك ئاریز راپۆرتەکەت بخوێنەوە.

بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە راپۆرتەکەمان ئامادە کردووە هەندێك راوسەرنجی گشتیمان هەیە، رەنگە لەگەڵ وەزارەتەکانیش یەکتر بگرێتەوە، شەرت نیە بزەبت یەك نەگرێتەوە، بەڵام هەمووی دەخوێنینەوە، ئەوە هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزتان و برادەرانیش، من پێش ئەوەی دەست بە خوێندنەوەی راپۆرتەکە بکەم، ئێمە دوو پایتەختمان هەیە پایتەختێکی رۆشنبیری و پایتەختێکی سیاسیش، دوو وەزارەتی مالییەشمان هەیە، ئەگەر تاکو ئێستاش فۆرمەکانی ئامادەکردنی بودجە بەعەرەبیە، داوا کارین هەرچەند ئۆمید دەکەین تامانگێکی تر

هەردوو وەزارەتەکە یەک گرتنەوەکەیان رابگەیەنێدرێ، بەڵام داوا کارین ئەو برادەرانە بەزوو ترین کات ئەوە بکەنە کوردی، ئەنجا با بەتەمای یەکتریش لێ نەگەڕێن، خۆیان یەک لای بکەنەوە چ وەزارەتی لێرە چ لەسلیمانی بکرێت، من بەراستی ئەڵێم ئەوە کەمو کورتیەکە هەیە تاکو ئێستا کە فورم بە عەرەبی پێشکەش دەکرێت، من بەدڵنیاییشەوە هەندێك خانەهەیە کە بەعەرەبی هەیە رەنگە بەشێکمان لەعەرەبییەکەش تێنەگەین، ئۆمید دەکەین ئەم مەسەلە یەک لایی بکەینەوە بۆ ساڵی ئایندە فۆرمەکە بەزمای کوردی بێتە بەردەستمان.

بەمەبەستی بەرچاووروونیو تاوتوێکردنی بودجەی خەملێنراو رۆژی2008/3/30 لەگەڵ وەزارەتی وەرزشو لاوان کۆبوونەوەو ڕۆژی 2008/4/6 یش لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری، لەهەردوو کۆبوونەوەکاندا بەڕێزان وەزیرانی رۆشنبیریو وەرزشو لاوان ئامادەبوون. بەهەمان مەبەستو بۆ دیاریکردنی سەرنجو پێشنیارەکانمان سەبارەت بە هەرسێ وەزارەتی ناوبراو ڕۆژی (2008/4/27) جارێکی تر کۆبوونەوەو ئەوەی خوارەوەش راپۆرتی پوختەی سەرنجو پێشنیارەکانمانە:

1- ئێمە لە لیژنەکەمان پشتگیری تەواوی پێشنیاری کردنەوەی پێشینەی خانووبەرەو، دامەزراندنی سندوقی نیشتەجێکردنو بایەخدان بە کارەباو سامانی کشتوکاڵیو، ئاژەڵیو، بەرهەمهێنانو، کەرتەکانی پەروەردەو خوێندنو تەندروستی دەکەینو داواکاریشین مووچەی پێشمەرگەو پۆلیسو فەرمانبەران لەگەڵ هی سەرتا سەری عێراق یەکبخرێ.

2- پێویستە سیاسەتی ئابووریی حکومەت ڕوونترو ئاشکراتر بێو تایبەتمەندیی بوارە زۆر پێویستەکان لەبەرچاوبگیرێ، نەک تەنیا هاوسەنگ کردنی نێوان داهاتو خەرجی بێت، ئەوەی ئێستا زیاتر مەبەستە هاوسەنگکردنە، نەک چۆنیەتیو دیاریکردنی ئامانجی خەرج کردن، دیارە مەبەستمان لەیۆ بێگومان هەرێمی کوردستان داهاتێکی هەیەو خەرجیشی هەیە، ئایە مەبەستی ئێمە بەراستی ئەوەیە ئەو داهاتەی هەمانە شوێنی بۆ بکەینەوە ولەخانەکان دایان بنەین یان سیاسەتە ئابوریەکەمان راست بێت یان ئەو خانانەی کە پریان دەکەینەوە ئامانج داربێت بەئامانج پڕیاندەکەیەوە.

3- پێمان وایە لەبەر هەر هۆیەك بێ لە خەملاندنی بودجەی وەزارەتەکان پشت بە لێکۆڵینەوەو نەخشەو داتای زانستی نەبەستراوە.

4- تێکەڵیو پێکەڵیەك لە پڕکردنەوەی خانەکانی فۆرمی بوودجەدا هەیەو، دەبینرێ هەندێ لە وەزارەتەکان هەندێ خانەیان پڕکردۆتەوە تیایدا داوای بڕێك پارەیان کردووە کە ئەو خانانە هیچ پەیوەندیان بەو وەزارەتانەوە نییە، هەمووتان لەبەردەستانە وئەو مەسەلەیە باش دەزانن.

5- ئەوی جیێ سەرنجە هەموو ئەو خانانەی کە بەناوی بۆ خەرجی تر، بێگومان خەرجی ترهاتووە خانەیەکی ئاساییە لە فۆرمەکەدا هاتووە، بەڵام هەموو ئەوانە، چاککردنەوەی تر، تێچوونی تر، کاری تر واتا کاروبارو پێویستیە لاوەکیەکان هەموویان پڕکراونەتەوەو تەنانەت هەندێك جار هەندێ خانەی شتی

لابەلا بڕێکی زیاتری لەخانەی شتە جێگیرەکان تیادا نووسراوە وپێم وایە ئەوە پێویستی بەروونکردنەوەیە جەنابی سەرۆك.

6- بەشێوەیەکی گشی خەرجیەکانی لابەلاو بەردەستی وەزارەتەکان زۆرنو پێمان وایە دەکرێ بڕێکی زۆری ئەو خەرجیانە کەم بکرێنەوەو بخرێنە سەر کەرتو، بوارە پێویستیەکانی تری وەك کارەبا، خوێندن، تەندروستی، کشتوکاڵ، من تەنها نموونەیەك دێنمەوە هەموو وەزارەتەکان ئەگەر کەمێك لە سووتەمەنی بەردەستیان کەم بکەنەوە بێگومان دەکرێت بەشێکی زۆر پارە کوبکرێتەوەو بخرێتە سەر بوارەکانی تر.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك ئاریز ئەگەر ئیجازەم بدەی، ئەو راپۆرتەت زۆر باشە، بەڵام ئەوە لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی دارایی یەك دەگرێتەوەو موناقەشە کرا، مولاحەزەکانت ئەغڵابی لەلیژنەی دارایی بوو بڕاوەتەوە، دەنگمان بۆ داوە، هەر لەبەر ئەوە تەئکید بکەوە سەر هەرسێ وەزراەتەکەی خۆت بیخوێنەوە، تکام وایە.

بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

تازە ناکرێت من لەیەکی بکەمەوە، کەمیش ماوە، وابزانم یەك خانەی ماوە.

7- تێبینیمان لەسەر ئەو شێوازە کارکردنەی وەزارەتی دارایی هەیە، ئەوە تێبینی بەینی خۆمانە لەوێ، ئێمە دەبینین بەزۆری ئەو بڕە پارەی لەلایەن وەزارەتێك بۆ هەر مەبەستێك دیاریکراوە لەلایەن وەزارەتی دارایەوە یەکسەر کەم کراوەتەوە، بەبێ ئەوەی کاریگەری ئەو کەم کردنەوانە لەسەر رێڕەوی کاری ئەو بوراە لێکبدرێتەوە، لێرەدا ئەگەر وەزارەتی دارایش پاساوەکانی کەم کردنەوەی راست بن، بۆ نموونە کە بودجە دەرحەق دێتن، دەبینین وەزارەتەکانی تر بێ لێکدانەوە یاخود، بێ پاساوی رەوا ئەو بڕیان نووسیووە، ئایا وەزارەتەکانی تر دەزانن وەزارەتی دارایی هەرلێیان کەم دەکاتەوە، بۆیە پتر دەنووسن، یان مەبەستیان زیاتر راکێشانی پارەیە بۆ بەردەستی خۆیان؟ پێمان وایە هەردوو ئەگەرەکە خراپنو پێویستە چارەسەری ئەو گیروگرفتە بکرێ کە بەلگەی بێ پلانیو پشت نەبەستنە بە داتاو لێکۆڵینەوە زانستیەکان.

وەزارەتی رۆشنبیری.

1. سەرەڕای ئەوەی ئەو وەزارەتە لە شارە جیاجیاکانی کوردستان خاوەنی چەندین خانووبەرەیە، پێویستی بە روونکردنەوەیە جەنابی سەرۆك، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەلایەن هەندێ لایەنی تـرەوە داگیرکراون بەناچاری وەزارەت خانووی بۆ فەرمانگەکانی خۆی بەکرێ گرتووە، ئێمە داوا دەکەین بەزووترین کات ئەو خانووانە بدرێنەوە وەزارەتی ناوبراو بۆئەوەی ئەو پارەیەی دەدرێتە کرێ خزمەتو کاری تری پێ بکرێت لە وەزارەتی رۆشنبیری.

2. وەزارەتی رۆشنبیری داوای بڕی (3250) سێ ملیارو دووسەدو بەنجا ملیۆن دیناری کردووە بۆ کڕینی ئامێڕی (SNG) واتا پەخشکردنی راستەوخۆی تەلەفزیونی نەورۆز، بەڵام ئەو بڕە پارەیە لەلایەن وەزارەتی دارایەوە کراوە بە (250) لەکاتێکدا کەمترین نرخی یەك ئۆتۆمبێلی ئەو ئامێڕی (SNG)ە زۆر

لەوە پتڕەو ناشکرێ ئامێرەکە نیوەی بکڕدرێو نیوە کەی تـر نـەکڕدرێ. لێـرەدا ئێمـە پرسـیار دەکـەین ئایـا چۆن وەزارەتی دارایی ئەو بڕە پارەیەی کەم کردۆتەوە؟ یەعنی بۆ یەك شتە، چۆن دەکرێت کەم بکرێتەوەو لەسەر نیوە بکرێت؟ دوو: بێگومان، ئەگەر توانای دارایی نەبێ دەکرێ بۆ ئەمسالْ هەر نەکڕدرێ، بەلاّم نەك بەم شێوەیە هەندێك پارەی بۆ تەرخان بکرێ، چونکە پێمان وایە لە کۆتاییدا ئەو بڕە پارەیـەش سـوودی لێ وەرناگیرێ.

3. خەرجیەکانی تر واتە ئەو خەرجیانـەی خانـەی جێگیریـان لـە لیسـتی خەرجیەکانـدا نییـە بریتییـە لـە (1450) یـەك ملیـارو چـوار سـەدو بـەنجا ملیـۆن دینـار، پێمـان وایـە دەکـرێ بڕێکـی بـاش لـەو پارەیـە بـۆ مەبەستی تر بەکار بهێنرێ، چونکە ئەگەر لە کڕینـی ئامێرێـك رەچـاوی نرخـی بـازاڕو پێویسـتی نـەکرابێ پێشمان وانییە ئەو بڕە خەرجیانەش زانستیانە خەملێنرابن.

4. ژێرخانی رۆشنبیریو هونەر هێشتا بـاش نییـەو پێویسـتی زۆری بـە هـۆلّو بینایـەو کتێبخانـەو شـانۆو پێویستیەکانی وەك کتێبو کۆمپیوتەرو ئامێری مۆسیقایی و شتی تر هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەین ئەمسالْ لەحیاتی ڤیستیڤالّو ئاهەنگـو سەردان پـارەی دیـاریکراو لـەو بوارانـەدا خـەرجبکرێو ژێرخـانی هونـەریو رۆشنبیری پێ ئاواو ئاوەدان بکرێتەوە، ئەوە پێویستە وپێمان وایە حکومەت زیاتر رەچاوی بکـات و لـە بـەر چاوی بێت.

5. لەوەزارەتی رۆشنبیری بڕێکـی زۆری پـارە بـۆ سـەنتەرو رێکخراوەکـان تـەرخانکراوە، بـەلاّم بـەم شـێوەیە پارەکە باش جێگەی خۆی ناگرێ چونکە:

1- هەندێ سەنتەرو رێکخراو هەن پێویستیان بە هاوکاری زیاترە، کاریـان هەیـە، چـالاکیان هەیـە پێویسـتە زیاتر دەستیان بگێرێت بۆ ئەوەی بەرهەمی زیاتر هەبێت.

2- هەندێکیشیان هەن لە ئەرکەکانی خۆیان زیاتر وەردەگرن، واتا ئەوانەی کـە زیاتریـان پـێ دەکرێـت کـەم وەردەگرن، ئەوانەی کەمیشیان پێ دەکرێت زیاتر وەردەگرن.

بۆیە بە پێوستی دەزانین بە زووترین کات:

أ. چاوێك بە سەرجەم سەنتەرو رێکخراوەکاندا بخشێنرێتەوە، ئەوکات کۆمەك بکرێن.

ب. پارەی تەرخان کراوی تریش بۆ هەموو سەنتەرو رێکخراوەکانی تر لەهەر وەزارەتێك بێ بخرێنەوە سەر وەزارەتی رۆشنبیری، چۆنکە هەندێ وەزارەتی تریش هەیە پارەی سەنتەرو رێکخراوو شتی تر وەردەگرن کە تایبەتمەندی وەزارەتی رۆشنبیریە.

وەزارەتی وەرزش و لاوان

1. ئەگەر ئێمە سەیری لاپەڕەی سەرەتای فۆڕمی بودجە بکەین دەبینین خانەی: خەرجیەکانی تر واتە ئەو خانەیەی کە لە لیستی خەرجیە جێگیرەکان نییە بریتییـە لـە (11650) یـازدە ملیـارو شـەش سـەدوپەنجا ملیۆن دینار، ئەوەی وەزارەتی رۆشنبیری یەك ملیار بـۆ یـەك ملیـارو شـتیك بـوو، ئـەوە لێـرە یـازدە ملیـارە هەمان خانەیە کـە پڕکراوەتـەوە، نزیکـەی هێنـدەی هـەموو خانـەکانی تـر، واتـە هەرچـوار خانـە سـەرەکیە

جێگیرەکە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆچی ئەو بڕە زۆرە بۆ خەرجی لابەلا دادەنرێ؟ یازدە ملیارو ئەوەندە، ئەوەی تر سێزدە ملیارە.

ئێمە لەگەڵ ئەوەین بەپێی توانای دارایی حکومەت چەندی دەکرێ بۆ ئەو وەزارەتەش دیاری بکرێ، یەعنی زیاد بکرێت، بەڵام رێو شوێنی خەرجیەکان رووەو ئاشکرابن و لەخانەی خۆیاندا جێگەیان بکرێتەوە.

2. بەهەمان شێوەی وەزارەتی رۆشنبیری داوا دەکەین بڕی هەرە زۆری پارەی تەرخانکراو ئەمساڵ لەبواری ژێرخانی وەرزش و کلتوری خەرج بکرێو خەرجیە لابەلاکان، واتا سەردان و فیستیڤاڵ و ئاهەنگ و میواندارێ، هەموو ئەوانە کەم بکرێنەوە، بەڵکو بۆ پتەوکردنی ژێرخانی ئەو وەزارەتە تەرخان بکرێت.

3. هەندێ تێبینی لەسەر شێوەی پڕکردنەوەی فۆڕمو بڕو چۆنیەتی داواکردنو خەملاندنی لەلایەن وەزارەتی دارایییەوە بە نموونە دەهێنینەوە:

أ. کاتێك ئێمە باسی دیاریکردنی بڕی گەورەی داهات دەکەین، ئەگەر سەیری ل1 بکەین دەبینین وەزارەت داوای (502) ملیۆن دینارێ بۆ میواندارێ کردووە، بەڵام (240) ملیۆن دینار ڕەزامەندی لەسەر دراوە ئایا، بە چ پێوەرێك ئەو بڕە پارەیە دیاری کراوەو، بە چ بنەمایەك بەم شێوەیە کەمکراوەتەوە؟ لەهەمان شوێندا باسی کاروبارێ سەربار کراوە (الاعمال الاضافية) بەعەرەبییەکە کە هاتووە، (113) ملیۆن دینار تەرخان کراوە، ئایا ئەو کاروبارانە چین؟ ئەوە هەر لەبەر ئەوەیە کە داوای (280) ملیۆن کراوە؟ بۆ کارو بارێ سەربار داوای (280) ملیۆن دینار کراوە، یەك سەر (113) ملیۆن بۆی ڕەزامەندی لەسەر دراوە.

ب. ل2 دەرماڵەی لابەلا لە (290) ملیۆنەوە موافەقەتی (125) ملیۆن کراوە، ئایا دەرماڵەی لابەلا چیە؟ بەڵام، لەخانەی دەرماڵەی چاودێری کە خانەیەکی جێگیرە لە (50) ملیۆن (38) ملیۆنی ڕەزامەندی لەسەر دراوە؟ ئەوەی لابەلا دوو بەقەد، سێ بەقەد ئەوەی لابەلایە، ئەوەی کە دیارە خانەی جێگیرە سێ بەقەد ئەوەی تڕە، ئەوانە پرسیارە بەراستی پێویستی بە وەڵام دانەوە هەیە.

ج. لە ل3 (10) ملیۆن بۆ کتێبو (23) ملیۆن بۆ گۆڤارەکان وابزانم (41) ملیۆنیش بۆ چاپە منی، تەرخان کراوە لەکاتێکدا لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بایی کەمتر لە (4) ملیۆن دینار، تەنها (4) ملیۆن دینار کتێب بۆ هەموو کتێبخانە گشتییەکانی پارێزگاری دهۆك کراوە.

د. ل4 خواردەمەنی تر نووسراوە بۆ وەزارەتی وەرزش ولاوان، لاپەڕە نەنوسراوە، ئەگەر سەیری فۆرمەکە بکەین ئەوە بۆ خواردەمەنی قوتابخانەکان، لەهەمان خانە خواردەمەنی تر نوسراوە، ئایا مەبەست لە خواردەمنی تر چیە؟ بۆ وەزارەتی وەرزش ولاوان، لەکاتێکدا لێرەدا (24) ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، یاخود لە ل5 (اللوازم الاخرى) (21) ملیۆن تەرخان کراوە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك شێروان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من ڕێزم هەیە بۆ ئەو ڕاپۆرتە، بەڵام ئەو ڕاپۆرتە موحاسەبە کردنە، ئەو ڕاپۆرتە موناقەشەی میزانیە نیە بەراستی بەو شکڵە، ئەگەر پڕسیاریان هەیە؟ با دە پڕسیار بپرسن بەسەر چاو بەڵام ئەم ڕاپۆرتە، ڕاپۆرتی موحاسەبەو موحاکەمە کردنە بەراستی، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

شەرحی مەکە، تەواوی کە، بەڵام شەرحی مەکە، تکایە بەردەوام بە بەس جەواب مەدەوە.

بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هـ. لە ل6 دەرماڵەی شەوانە (95) ملیۆنو لەهەمان لاپەڕە لە دەرماڵەو ئیفاد جارێکی تر (80) ملیۆن تەرخان کراوەو خەرجی تر (النفقات الاخری) (53) ملیۆنو لەهەمان لاپەڕە جارێکی تر (النفقات الاخری) (30) ملیۆن تەرخان کراوە، ئایا ئەو هەموو دەرماڵەیە چۆنە؟ لەهەمان لاپەڕە تێچوونی سەردان و سەفەر (87) ملیۆن دینار.

و. لە ل9 کۆنگرەو کۆڕ (64) ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە، ئەوە لە کاتێکدا لە خانەکانی سەردانو میواندارێو ئیفادو خانەی تریش پارە بۆ هەمان بوار تەرخان کراوە.

ز. لە ل10 چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکان:

1- بارهەڵگر (46) ملیۆن. 2- ئۆتۆمبیلی کار (40) ملیۆن. 3- هۆیەکانی تر گواستنەوە (42) ملیۆن، ئایا مەبەست لەهۆیەکانی تری گواستنەوە چیە؟ وەزارەتی وەرزشو لاوان چەند ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری هەیە؟ لەکاتێکدا لە ل11 چاککردنەوەی ئامێرو ئامرازەکان (80) ملیۆنی تری بۆ تەرخان کراوە.

ح. لە لاپەڕە 14 دا داوای (500) ملیۆن بۆ باروبوو وهاوکاری کراوەو (490) ملیۆن دینار ڕەزامەندی لەسەر دراوە، ئەوە لەکاتێکدا لەخانە جێگیرەکانی تردا وەزارەتی دارایی هەمیشە لەنیوە شتێك زیاتر یان شتێك کەمتری کەم کردۆتەوە، بەڵام بۆ ئەو بواڕە نادیارو ناجیگیرە تەنیا (10) ملیۆنی کەم کردۆتەوە؟.

گ. لە لاپەڕە 15دا داوای (25) ملیۆن بۆ (مکافئات المخبرین والمتعاونین) تەرخان کراوە، واتا هەواڵ نێرو هاوکارەکان کراوەو، ڕەزامەندی لەسەر (19) ملیۆن دراوە. ئایا مەبەستی وەزارەت لە هەواڵنێرو (المتعاونین) چیە؟ ئەم خانەیە لەلایەن هەندێك وەزارەتی تریشەوە بە بڕی جیاجیا پڕکراوەتەوە، بۆ ئاگاداریتان وەزارەتی تریش هەیە ئەو خانەی پڕکردوەتەوە.

4- سەبارەت بە هەردوو وەزارەتی وەرزشو لاوانو ڕۆشنبیری پرسیارێك دێتە پێشەوە ئایە دوای یەکگرتنەوەیان تێکەڵیەك لە شێوەو جۆرو چۆنیەتی خەرجییەکان دروست نابێو نابێتە هۆی بەفیڕۆ چوونی بڕێکی پارەی تەرخان کراو؟ ئەوە پرسیارە بۆ ئەوەی هەردوو وەزارەتەکە لەبەرچاوی بگرن، لە ئایندەدا.

وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.

لەبەر ئەوەی ئەم وەزارەتە بەدوای کێشەیەکی ستراتیجیدا دەچێ، رەنگە پێویستی بەتەرخان کردنی بڕێکی زیاتری پارە هەبێ، بەڵام بەهەمان شێوەی وەزارەتەکانی تر پارەی تەرخان کراو بۆ خەرجیە لابەلاکان زۆرەو دەتوانرێ بڕێکی زۆری ئەو خەرجیانە کەم بکرێتەوەو پارەکە بخرێتە سەر پارەی بوارە پێویستیەکانی تر، لەگەڵ ڕێزماندا، بەدڵنیایشەوە تەنها پرسیارە ئەوەی ئێمەو بەدواداچوونە، یەعنی لێپرسینەوە لەگەڵ هیچ کەس ناکەین زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس کاك ئاریز، ڕاپۆرتەکەت یەکەم: درێژبوو، دوو: بەشێکی پەیوەندی بەمیزانیەوە هەبوو، بەشەکەی تری پەیوەندی بە کاری لێژنەکەی خۆتانەوە هەبوو، دەبوایە لەگەڵ وەزارەت قسەبکەن، بەشێکیشی کاری چاودێریە، دیوانی چاودێریە بەراستی، چونکە ئەو ئیشە ئیشی وەزارەتی مالییە کاتێ کە موناقەشەی بودجەی وەزارەت دەکات، وەزارەتی مالییە موناقەشەی ئەو میزانییەی لەگەڵ دەکات، ئێوەیش پێش ئەوەی ڕاپۆرتەکە بنووسن مەفروزە جەوابەکە لای ئێوە بێت، ئێمە لەئێوە پرسیار بکەین نەك ئێوە ئەو پرسیارانە ئاراستەی ئەندامانی پەرلەمان بکەن، ئێوە ئەبێت بەدوای ئەو تەفسیلاتانە بچنەوە، لە وەزارەت بپرسن، خەڵك لە ئێوە بپرسێ و ئێوە جەواب بدەنەوە، لە ڕاپۆرتەکاندا فەقەت دوو، سێ شتی وەکو موقتەرەح هاتووە، ئەوەیش ئەوەیە بایەخدان بە ژێرخانی وەزارەتەکان لەجیاتی پارە سەرف کردن بۆ فیستیڤاڵ و کۆنفراس و ئەوانە، ئەوانە وەکو موقتەرحێك پێشنیاری وەزارەت بکەن، چونکە ئەوەیش پێشنیارێکی جیاوازی هەیە، ئەهەمیەتی کامیان باشە، من پێم وایە هەردووکیان ئەهەمیەتیان هەیە، ئەگەر پارەنەبوو بۆ هەردووکیان، ئەوە خۆی تەقییم دەکات، وەزارەت تەقییم دەکات، ئیشی حکومەتە، ئێمە لێرەدا ئەو پارەیەی کە دانرایە، دوێنی سۆزان خان قسەیەکی زۆر ڕاستی کرد، وتی موهیم نیە چەندە پارەکە، موهیم ئەوەیە چۆن سەرف دەکرێت، چۆن سەرف کردنەکە ئەوە بەپێی ڕێنمایەیەك دەبێت، بەپێی قەوانینێك دەکرێت، بەپێی تەعلیماتی وەزارەتی مالییەیە، دواتریش لەژیر چاودێری دیوانی چاودێری دارایییە، هەموو خۆ ئەوە نیە بنووسێتیش دەرماڵەی جیا، دەرماڵی جیا وا نانووسرێت، بنووسرێت لە 10٪ دەرماڵەی جیا غێر ڕێنمایەی وەزارەتی دارایی و ئابووری جێ بەجێدەکات، ئەو ڕێنمایانە دیاری دەکات چ دەرماڵەیەك دەبێت، دوایی ئەگەر دەرماڵەی جیا بدات ئەوەیش بەگوێرەی ڕێنمایی دەبێت، ڕێگا هەیە بۆ ئەوە یان نا؟ جا لەبەر ئەوە من پێم وایە ڕاپۆرتەکەتان بدەنە وەزارەتەکانی تایبەتمەند و وەزارەتی دارایی بۆ ئەوەی بەهەندی وەربگرن ودیراسەتی بکەن، من پێم وایە ئەگەر مولاحەزاتان نەبێت یەك سەر دەیخەینە دەنگدانەوە، مولاحەزاتان هەیە؟، د.کمال فەرموو.

بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لێژنەکان کە ڕاپۆرت دەنووسن ئیمزای لەسەر ئەکەن، بەڵام لەئەسنای خوێندنەوەو تەقدیم تەوزیحاتی تر ئەدرێتن ئەوە ئیعتێبار ناکرێت لەسەر ئەو ڕاپۆرتە، چونکە ئەو قسانەی ئەو بەڕێزە دەیکات ئەو برادەرانی

تر ئیمزایان لەسەر نەکردووە، لەبەر ئەوە من داوا ئەکەم غەیری راپۆرتەکە قسەکانی تر لەپرۆتۆکۆلەکە سەحب بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك اخر فەرموو.

بەڕێز ئاخر جمال انور:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پرسیارەکەم ئاراستەی لیژنەی رۆشنبیریە، من پشتگیری لەبۆچوونەکانی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەکەم، کە ئەبوایە لیژەی رۆشنبیری بەدوای ئەو سەرفانە چووبوایە یان ئەو تەخسیسانە چووبوایە، بچووایەتە وەزارەتی رۆشنبیری لەوێ یەکە یەکە پرسیاری بکردایە، بۆ ئەوەی ئێمە لێرە کە پرسیار لامان دروست ببوایە، پرسیارمان لە ئەوان بکردایە، ئەو سەرفە بۆ چیەو ئەو سەرفە بۆ چیە، پرسیاری دووهەمم بەنیسبە وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمە، پارەکە زۆر کەمە پێنج ملیار پارەیەکی وانیە بۆ وەزارەتێك، بۆیە ئەبوایە ئەو پارە زیاد بکرێت، نەك لێی کەم بکرێتەوە یان بخرێتە سەر خەرجییەکانی تر وەکو پێشنیاری لیژنەی رۆشنبیری، پرسیاری سێهەمیشم ئەوەیە نازانم هەموو برادەرانی لیژنەی رۆشنبیری ئەو راپۆرتەیان ئیمزا کردووە یان ئەو راپۆرتەیان نووسیوە یان رەئی هەموویان موتەفەق بوو لەگەڵ کاك ئاریز یان نە؟ یان رەئی خۆیەتی، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك ئارام فەرموو.

بەڕێز ئارام رسول مامەند:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

دوای ئەوەی کە راپۆرتەکە خوێنرایەوە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیرییەوە، ئێمە کە چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەکان و نوێنەری وەزارەتەکان کردووە سەبارەت بە موناقەشە کردن لەسەر بودجەی پێشنیارکراوی بۆ ساڵی 2008، لەسەر ئەو ئەساسە بووە کە ئێمە پشتگیری لەکارو چالاکییەکانی ئەو وەزارەتانە بکەین و پشتیوانیان لێ بکەین بۆ ئەوەی کە ئەو بودجەی بۆیان دەست نیشان کراوە لەلایەن وەزارەتەوە کەمەو ئەگەر بکرێت زیاد بکرێت بۆ ئەوەی کاروچالاکییەکانیان زیاتربێت، ئیتر هەندێ شتی بەشێوەی پرسیار هات ئەوە بۆیە من پێم خۆشە وەکو ئەندامێکی ئەو لیژنەی ئەو روونکردنەوە بەدەم، ئەمە یەکەم، دووهەم، سەبارەت بەناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، دیارە ئەم بەیانیە ئێمە چەند ئەندامێکی لیژنەی رۆشنبیری لەگەڵ نوێنەرایەتی وەزارەت دانێشتین، من حەزەکەم لێرە لەسەرەتای قسەکانی برادەرانی لیژنەی دارایی باس لەوە کرا کە وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بودجەی ئیستیسماری نیە، ئەوە ئەوان بە ئێمەیان وتووە بۆساڵی 2008، (17835) حەفدە ملیارو هەشت سەدو سێ و پێنج ملیۆن دینار پرۆژەیان تەقدیم کردووە، ئەمە وەکو خاڵێك، دووهەم بودجەی ساڵی 2007، وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ئەوەی کە لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش کراوە و لەلایەن

پەرلەمانەوە پەسەند کراوە شەش ملیارو چل ملیۆن بووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی هەندێ کات بەڕێزتان و برادەرانیش ئەزانن کە ئەوە وەزارەتە، ئیتر بەپێی ئەوەی کە چاودێری زیاتری جێ بەجێ کردنی مادە 140 ی دستوری هەمیشەیی عێراق دەکات، وە فەترەیەکیش بەهۆی کۆمولێك کێشەو گرفت لە حکومەتی مەرکەزیەوە بۆ ماوەیەك ئەو وەزارەتە کاری نەبوو، بۆیە لەساڵی 2007 ئەوان تەنها (650) شەش سەدو پەنجا ملیۆن دیناریان لەبودجەی دەست نیشان کراوی خۆیان سەرف کردووە، بەڵام بۆ ساڵێ 2008 کە ئێستا کاریان زۆر بووە و کۆمەڵێك ئیشیان هەیە، یەکەم ئەوان بەردەوام سەردانی بەغدا دەکەن چ وەکو وەزیر چ وەکو لیژنەکانی وەزارەت، دووهەم: کۆمەڵێك نووسینگەیان لەناوچەکانی پەیوەند بە مادەی 140 هەر لە شنگار لە زەمار لە بەعشیق لە مەخمور لە شێخان لە کەرکووك و ناوچەکانی تابعی کەرکووك وخانەقین و مەندەلی و کۆمەڵێك نوسینگەو فەرعیان کردوەتەوە، کۆمەڵێك ئەرك و ئیشی لابەلایان بۆ دروست بووە، هەر لەچاودێری کردنی سیجلاتی نفوسی ئەو ناوچانە، بۆیە بەتەئکید ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵیان دانیشتوین وە ئەوان داوا دەکەن ئەوە بڕە بودجەیەی کە بۆ ئەو وەزارەتە ئەمساڵ دەستنیشان کراوە کەمەو پێویستی بە زیاد کردن هەیە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، من حەز دەکەم لێرە تەئکید لە خاڵێك بکەمەوە، بەڕێزان دەزانن لەدوێنێوە بۆ هەر وەزارەتێك کە ئێمە موناقەشەمان کردووە دوای خویندنەوەی راپۆرت و رەئی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەوە بووە میزانیەی یاخود بودجەی وەزارەت زیاد بکرێت، ئەمە حەقیقەتێك دەردەخات بەراستی ئەو بودجەیەی بۆ هەرێمی کردستان دەست نیشان کراوە کەمەو بەش ناکات، بۆیە زۆربەی وەزارەتەکان مەشاریعەکانیان ئەبێ کەم بکەنەوە، ئەبێ کارەکان وەکو پێویست نەتوانن جێ بەجێ بکەن من داوا لە بەڕێزتان دەکەم دوێنێ بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش ئیشارەتی پێی دا، لەچوار چێوەی ئەو پێویستی و داوا کاریانەی پەرلەمان کردوویەتی بۆ بودجەی ساڵی 2008، من داوا دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت، ئێمە بەرەسمی داوا لە حکومەتی مەرکەزی بکەین بودجەی حکومەتی هەرێم زیاد بکات لەو رێژەی 17٪ کەهەیە، یاخود بودجەیەکی ئیزافی بەپەلەبنێرێت بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بەراستی لێرە کاروباری وەزارەتەکان پێ جێ بەجێ بکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

من لێرە دوو قسەم هەیە، یەکەم ئەوەیە کە کردم، بەڵام جارێکی تر دەیکەمەوە ئەو راپۆرتە راپۆرتێکی باشە، بەڵام دەبوایە ئەو راپۆرتە روو بە رووی ئەو سێ وەزیرە کرابوایە لەلیژنەکان، نەك لێرە وە جەوابیان بدایەتەوە، دووهەم: بەنیسبەت پرسیاری د. کمال و کاك اخر، کە ئەوە رەئی هەموو لیژنەکەیە و ئیمزایان کردووە، بەڵام ئەو رەئیەی کە خۆی دای نەك کە هاتووە لە راپۆرتەکە، شەرح ئەکات ئەوە رەئیی خۆیەتی، بەڵام راپۆرتەکە هین هەموو لیژتەکەیە، کاك رەشاد فەرموو.

بەڕێز رشاد احمد إبراهيم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

مولاحەزەیەکم هەیە لەسەر شێوەی موناقەشە کردن، مەسەلەی بودجە تەخمینیە، حەقیقی نیە، مەفروزە ئەو بودجەیە کە کاری پێ دەکرێت شەش مانگ بەسەریدا چوویایە لیژنەکان بە پێی تایبەتمەندی خۆیان هەر کەس سەردانی وەزارەتی خۆی دەکات بزانێ چێ جێ بەجێ کردووە لەو بودجەیە، ئەو رەقەمەی هاتووە شەرت نیە وابێت، ئێمە داخیلی وردە کاری بین، وابزانم شتێکی زیادە لەبەر ئەوەی ئەو وردەکاریانە ناکرێت لێرە باس لەوانە بکرێت، بودجەیش تەخمینیەو حەقیقی نیەو، زۆر زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك محمد حکیم فەرموو.

بەڕێز محمد حکیم جبار:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سەبارەت بەراپۆرتەکەی لیژنەی پەیوەندییەکان من بەحەقیقەت دوور لەو راپۆرتە هەموومان دزانین هەدری ئەموالی عام هەیە لەکوردستاندا، ئەوە حەقیقەتێکە بۆ ئێمە سەرەرای ئەوە کە ئەرکی ئێمەیە چاودێری دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم دەکەین، بەڵام داوایش دەکەین وەکو ئەندامێکی پەرلەمان داوا دەکەم کە وەزارەتی دارایی و حکومەتی هەێم چاوێك بەو مەسروفاتە لا بەلایانەو ئەوانەی کە جێ بوجێ ناکرێت و زۆر جار کە ئەدرێتە خەڵك و هەر ئەو خەڵکەیش گلەیی دەکەن لەو حکومەتە، پارەی چاکیان دەدەێتی و دوایش گلەیی دەکەن، نەیان دەیتێ گلەیی دەکەن، کەمیان دەیتێ گلەیی دەکەن، ئەو پارەیە هەموومان دەزانین ئەوەندەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەر ئەوە نیە کە کاك ئاریز باسی کرد، رۆژنامەکان هەر هەمووی باسی گەندەڵی ئەو وەزارەتە دەکەن، زۆرتریش پەرلەمانی کوردستان باسی گەندەڵی ئەو وەزارەتەی پێچایەوە، سەبارەت بە وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، من ئەو پرسیارەم هەیە ئایا ئەوەی وەزارەتە تەنها عیلاقاتیە؟ یان لە کێشەکانی ئەو ناوچەیانە دەگوڵێتەوە ولەڕێگای ئەو کێشەکانی ئەو ناوچانە چارەسەر دەکرێت؟ هەر شاروچکەیەك، ئێمە لێرە تەنها بەبۆنەی کاك غفور مەخموری رەنگە تەنها گوێمان لەکێشەکانی مەخمور بێت، بەڵام لە خانەقین تاکو سنجار بەحەقیقەت کیشەیان هەیەو گرفتیان هەیەو زۆر لەو شارانە، یەعنی شارێکی وەکو دوزخورماتوو ئەو هەموو خەباتەی هەیە، بەڵام تاکو ئێستا ئاوی خواردنەوەی نیە، حەتا مەشروعی ئاوەکەی تەواو نەبووە، ئێستا نیوەی شارەکە ئاوی خواردنەوەی نیە، ئایا ئەرکی ئەم وەزارەتەیە، ئەگەر ئەرکێتی حەقە بودجەکەی زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

چرۆ خان فەرموو.

بەڕێز چرۆ علی حەمە امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی من لە شێوازی موناقەشەکەیا نەقدم زۆرە، ئەویش ئەوەیە کاتێک کە راپۆرتی لیژنەکان لەگەڵ رێزما بۆ راپۆرتەکانیان، کاتێک دەخوێنرێتەوە کەئەنەهو وەزیری موختەس لێرە دانیشتووەو موحاکەمەی دەکرێت، یان موحاسەبەی دەکرێت، بەڵام بەراستی ئەم راپۆرتانە ئەبوایە پێشتر حەتا پێش هاتنی موازەنەیش، بۆ ئیلا لەکاتی موازەندا ئێمە بیرمان بکەویتەوە ئەم خەلەلانە؟ پێش هاتنی موازەنەیش با هەر لیژنەیەك موراقەبەی خۆی بکردایە، مادام ئێمە حکومەت حکومەتی خۆمانە، لەگەڵ حکومەتیشا خۆمان بە موتەکافئ دەزانین، ئەبێ بەهەردوو لا ئێمە موحاوەلە بکەین بۆ ئەوەی گەندەڵییەکان نەهێلێن و شتەکانی تر چارە سەر بکەین، کەواتە ئێمە هەر یەکێك لە خۆمان لە لیژنەکانمان ئەگەر موراقەبەی ئەو حاڵەتانە بکەین وبچین لەگەڵ وەزیرەکانا قسە بکەین و خەلەلەکانیان پێشان بدەین و نەقدەکانمان بخەینە بەر چاویان، ئەو کاتە ئەوانیش چارەسەری خۆیان دەکەن، ئێمەیش ئەوەی خۆمان ئەمانەوێ تیێ دەگەین، نەك لەگەڵ رێزما هەموو راپۆرتێکمان، هەموو قسەیەکمان، هەموو شتێکمان بۆ ئەو کاتە کۆبکەینەوە یان کە موازەنە دێت یان لە پێش کامیرەدا ئەو قسانە بکەین ودەریخەین کە ئێمە کەسی پاکین و کەسی گەندڵ نین، واللە ئەگەر بێ و حکومەت ناجیح نەبێت زەنبی ئێمەیشی تیدایە، ئەو کاتە ئێمەیش گەندەڵین، ئەگەر نەچیەوە هۆی کێشەکانەوە وبەراستەوخۆ لەگەڵ وەزارەتەکانا حەلی نەکەین، نەك تەنها لەپێش چاوی کامیرەدا دەریخەین، دوای ئەویش پشت گوێی بخەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك حاتم فەرموو.

بەڕێز حاتم محمد جان حسن:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من ویستم کۆمەڵێك خاڵ باس کەم، بەڵام یەك، دوانی باس کرا، تەنها لەسەر وەزارەتی وەرزش لاوان یەك، دوو کەلیمەیەکم هەیە، بەحەقیقەت وەزارەتی وەرزش لاوان هەرچەند وەزراەتێکی نوێیە وەئەرکێکی قورسیشی لەسەر شانە، ئەوە ئێمە ئیبینین رۆژانە لەسایتەکان، لە رۆژنامەکان، لە مقابەلە تەلەفیزیۆنییەکان، لاوانی وڵاتی ئێمە گلەییەکی زۆریان هەیە لەسەر چوونە دەرەوەیان، لەسەر بێکاریان، لەسەر ئەوەی کەخەم خۆریان یەقەی خۆی ناکرێت، بۆیە من لە لای خۆمەوە بودجەی وەزارەتی وەرزش لاوان بەکەم دەزانم و حەقە زیاتر بکریایەت بۆ ئەوەی کە بتوانن کێشەی لاوان و گەنجی وڵاتی ئێمە کەم بکاتەوە، دووهەم بەنیسبەتی ئەوەی راپۆرتی لیژنەی رۆشنبیری بەحەقیقەت هەمان رەئی کاك اخرم هەیە، ئەبوایە ئیشارەت بەخاڵەکان بدریایە کاتێ کە وەرزەکە ئامادە بوایە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

د. رمضان فەرموو.

بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا؛

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پێشەکی دەست خۆشی لەلیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکان دەکەم بۆ ئەو ماندوو بوون و وردەکاریەیان کە کردوویانە، چونکە بەر چاو روونیەك بوو بۆ ئێمە لەبەر ئەوەی ئەو کوڕاسەی بودجەیە لەبەر دەستماندا نەبوو، بەراستی هەموو وەزارەتێك و هەموو دامودەزگایەك کۆمەڵێك چالاکی سابتی هەیە کە دیارن، مەفروزە بودجەی تەرخان کراو لەوچالاکیە دیارو بەرچاوکراوانەدا زیاتر بێت لەو شتانەی ناوی چالاکی تر، شتەکانی تر کە هاتوون و نادیارن، ئەوەی کە پێویستیشە پرۆژەی نیشتەجێبوون، پرۆژەی ئیستیسماریمان هەبێ بۆ لاوان لەوە باشترە کە ئەو خەڵکەمان فێری پارە پێدان کردووە و تەمبەڵمان کردوون، وامان لێ کردوون هەر چاوەڕوان بن، بۆیە دەست خۆشیان لی دەکەین وە هیوادارین بۆ دواتریش بەدواداچوونی خۆیان هەبێ و لێکۆڵینەوەی زیاتر و کەمکردنەوەی گەندەڵی کە دەزانین بنەبڕناکرێت، بەڵام بەمەبەستی کەمکردنەوەی، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن؛

کاك زرار فەرموو.

بەڕێز زرار طاهر امین؛

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەراستی من پێم خۆشە لەسەر سیاسەتی بودجە هەندێ قسە بکەم و بەڕێزان گوێم لی رابگرن، ئەمشەو برادەرێکم لە هۆڵەنداوە قسەی لەگەڵما کرد کە لە پۆڵی پێنجی عیلمی بەیەکەوە بووین، دەست خۆشی لەپەرلەمانی کوردستان کرد، بەراستی باسکردنی ئەو بودجەیە، نەك هەر لەناو هەرێمی کوردستان لەدەرەوەیش دەنگی داوەتەوە، من نازانم بۆچی ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان بەپەلەن لەپەسەند کردنی بودجە؟ ئێمە چەند قسە لەسەر بودجە بکەین خزمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەین، پێمی راگەیاند وتی لەهۆڵەندا هەموو سێهەم سێ شەممەی مانگی نۆ، لەساڵی 2006، 9/16 کردووە، ساڵی 2007، 9/18 کردووە بودجە بێتە ناو پەرلەمانی هۆڵەندا، سەدو دوو رۆژ، سەدو سێ رۆژ موناقەشەی لەسەر دەکرێت، ئەگەر نەیشیان توانی پەرلەمان لەو سەدو چەند رۆژە بودجە پەسەند بکەن، ئەوە وەزیری دارایی، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە چوار لەسەر دوازدە، کە دەکات یەك لەسەر سێ، بودجەی هۆڵەندا سەرف بکات بۆ هەموو وەزارەتەکان تا ئەو کاتی کە پەسەندی بودجەکەیان دەکەن و بڕیاری لەسەر دەدەن، ئیمە ئەوە هەمووی شەش دانیشتنە، بۆچی راپۆرتێك وردەکاری تێدابیت بێ ئەوەی بزانین وردەکاریەکان تەواون یان نا تەواون یەکسەر چەند ئەندام پەرلەمانێکمان هەڵدەسین و دەڵێین ئەوە وانیە، ئەوە هێرش کردنە، بەڕێزان خۆ ئێمە ئەگەر لە وەزارەتێك گەندەڵی هەبێت بەحکومەتی رابگەیەنین، ئێمە خزمەتی حکومەت و خزمەتی میللەتەکەمان دەکەین، خۆ ئەگەر حکومەت بڕۆخی ئێمەش دەڕۆخێین، کە واتا ئەوانەی بەدوادا چوونی تەواو دەکەن موخلیسی ئەم وڵاتەن و موخلیسی حکومەتەن، وەئێمە وەکو ئەندام

پەرلەمانی کوردستان، ئەوانەی کە لەداراییا شارەزاییان هەیە، ئەوانەی کە بەدواداچوونیان هەیە، چەند وردەکاری بکەین، بەڵام بەدوادا چوونەکەمان لەپێناوی رۆخاندن نەبێت، بەدواداچوونەکەمان بۆ ئەوە بێت بودجەی هەرێمی کوردستانی پێ دەوڵەمەند بێت ئەوە شتیکی زۆر باشە، من لێرەوە سوپاسی ئەو برادەرەی خۆم دەکەم لەهۆڵەندا کە ئەو زانیارانەی پێ راگەیاندم، کە ئەویش خالید رەزایەو، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

واللە کاك زرار منیش لەشوێنێکا ئەو شتەم خویندوەتەوە، بەڵام هەر ولاتێك ئەزموونی خۆی هەیە، تەجروبەی خۆی هەیە، ئەگەر کوردستانیش ئیستقراری خۆی هەبێت، سەرچاوەی خۆی هەبێت، دەتوانین، ئەگەر موستەقر بێن و دەوڵەت بین، لەمانگی شەشیش بودجەی دووسالیش مونافەشە بکەی، زۆر موشکیلە نیە تۆ خوتەیەکە دایدەنەیت، مەعاشەکانت دیارە، میلاکاتت دیارە، پڕۆژەکانت کە دای دەنەیت دیارە، بەڵام ئێمە خۆمان دەزانین لەعێراقدا وەزنمان چۆنە، لەبەر ئەوە تەجروبەی خۆمان تەنها خۆمان لێی تێدەگەین، لەبەر رۆشنایی دونیا ناتوانین تەجروبەی دونیا بێنین، زۆر جار مەقالێك دەنووسرێت دەڵێت لەپەرلەمانی سویدی وایە، بۆ ئێوە وانین؟ یەکێکی تر دێت دەنووسێت ئەڵمانیا وایە بۆ ئیوە وانین؟ یەکێکی تر دێت دەنووسێت هۆڵەندا وایە بۆ ئیوە وانین؟ ئێمە حەزئەکەین ئیستیفادە لە هەر ولاتێك بکەین، بەڵام ناتوانین باز بدەین لەسەر واقیعی خۆمان، واقیعی خۆمان تەجروبەیەکی تایبەتە، سارا خان فەرموو.

بەڕێز سارا خضر پیرۆت:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەردوو وەزارەتی رۆشنبیری و وەرزشی لاوان لەو پەرلەمانە کە یاساکانیان دەرهات بەشێکی گرنگیان تەرخان کرابوو لەئامانجەکانیان کە هوشیارکردەوە بێت، بەڵام ئێمە تێبینی دەکەین بارودوخێکی زۆر سەخت هەیە لەکوردستان بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی کێشەی ژنان کەپێویستی بە هوشیار کردنەوەیەکی زۆر هەیە، من وا دەبینم کە جێدەستی ئەو وەزارەتە دەرهەقی هوشیار کردنەوەی ئەو توێژە کە کەم و کوڕی تێدایە، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین کە هەم ئەو دوو وەزارەتە لەلایەکی کەوە لەبودجەی تەکمیلی هەرێمی کوردستان بڕێکی دیاری کراو تەرخان بکرێت بۆ مەسەلەی ژنان، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین ژنان وەزارەتی تایبەتی خۆیان نیە، وەزارەتی هەرێمیان هەیە بۆ کاروباری ژنان، بەڵام بەداخەوە ئەگەر وەزارەتیان هەبوایە لەوانەیە بودجەیەکی زیاتر بۆ ئەو مەسەلەیە تەرخان بکرایە، لەبەر ئەوە من لێرە بە پێویستی دەزانم کە گرنگی زیاتر بەو بوارە بدرێت، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووهەم، پشتیوانی لە راپۆرتی لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندیەکان دەکەین بەتایبەتی ئەو خاڵەی کە باس لە بەفیڕۆدانی پارەو بودجەی وەزارەتەکە دەکرێت لە ئاهەنگ وفیستیڤاڵ، ئێمە ناتوانین بڵێین گرنگنین ئەوانە، بەڵام پێویستی بە چاو بەسەرخشاندنەوە هەیە، هیوا خوازبووم کە زۆربەی راپۆرتەکانی ئەو وەزارەتانە بەو شێوە

وردەکاری تێدابوایەو زۆر ئاساییە کە پەرلەمان بەدواداچوونی هەبێ بەدوای بودجەی وەزارەتەکان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك پیر خدر فەرموو.

بەڕێز خضر خلیل سلیمان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەز خۆم ئەندامێکی لیژنەی رۆشنبیریمە وکەیفامن گەلەك دهێت کە کاك ئاریز خۆ ماندوکر پێ ژمارە چ و پێ بابەتا چ، بەس بیرا من هات تە ئیمزا نەکردیە وەکو دوو نامە وی فەرقە، ئەو پێت گەڕێت و دفێت زانیاریا کۆمکەتن، وە ئەم ژی لگەل بەس هەر تشتەکی، ئاخفتنەکی وەختی خۆی هەی، سێ وەزارەتێت گرنگ، وەزارەتە روشنبیریە، کە چەند سەنتەرێت روشنبیری وسنتەرێت رێکخراوی سفیل پێڤەت گرێدانە ،وەزارەتا وەرزش ولاوانا کەرتی لاوان کە پاشا رۆژا میللەتی مە بو وان رێگردایە، لەسەر سنگێ وا نگرێدا پشتەڤانی لێ بکەین، یادی وەزارەتێ سێ وەزارەتا دەڤەرێت ڤەڤەتیایە ژ هەرێمێ کوردستانێ، ئەگەر ئەم بودجایا بڕین پرسیارمن بۆ جەنابێ وەزیرێ پلاندانان هەیە ئەرێ ئەرکی ئەو وەزارەتە تەنێ هەر ئەوە دوا چوونا ماددا 140 یان ژی وەك حکومەتا تەنگا ڤیایە گەل حکومەتا هەرێما کوردستانێ کوخزمەتگوزاریا زۆر فەروپێتڤیت بکگهیتە وان دەڤەرێت پشتا ڤەڤەتیای ژ کوردستانێ، ئەگەر وەك حکومەتا تەنگاڤیایە بو دجیای گەلەکا کێمە، دێینە سەر خالا خۆ وەك لێژنا رۆشنبیری، ئەم گەل کاك ئاریزن بس وەکی جەنابێ تە، ئەرکێ مە وەك ئەندامی پەرلەمانی دیارە، دوو چونا بچینە وەزارەتا گەل وان رووینین وەزارەتا پەیوەندیدار پەروەردە، گەل وەزارەتا رۆشنبیری رووین گەل وەزارەتا خۆ نەدانووسانا جیان بین ڤان کێماسیا، گەل وان پرسیار بکەین پرسیارێت ڕەوانە، لینە جێوان هیرە بوون، دەبوایە گەل وا رێنین، ئەگەر دەنگ مەڤە نەهاتن ئەم ژی سەرۆکاتیا پەرلەمانێ داخواز کەین، بژین وەزیری وەرزش ولاوان بلا بهێتە پەرلەمانی، بومە دەعوەت بکەنە پەرلەمانی، وەزیری رۆشنبیری بومە دەعوەت کەنە پەرلەمانی، مەگەلەك پڕسیار ژی هەینە ئەم ڤی رەنگی ئەڤ راپۆرتە ئیمزا نەکر ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك هیوا فەرموو.

بەڕێز هیوا صابر احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەڕاستیا من هەر لەپێشتر راو بۆچوونی خۆم لەبارەی بودجە وتووە، بەلام ئیتر ناچارین قسە بکەین، ئاماژە بە ئەرکی پەرلەمانتار کرا، ئەرکی پەرلەمانتار ئەوەیە لەسەر ئەم قەزیانە قسە بکات، ئەرکی پەرلەمانتار کادیرێکی حیزبی نیە، ئەوەی لەسەرۆکی بەسەریا ئیملا دەکریت جێ بەجێ بکرێت، من دەست خۆشی لەو

راپۆرتە دەکەم، وابزانم لە زۆربەی ئەو راپۆرتانەی کەپێشتر گۆێبیستی بووین وردتر بوو، هەرچەند شەرح و بۆچوونی خۆیشی هەیە، مافی خۆیەتی دەری ببڕێت، سێهەم من لێرە گرفتەکە لەوە ئەبێنم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بۆیە ئەم راپۆرتانە لەوانەیە بۆ ئێمە موستەفیز بێت، چونکە قەرارە ئێمە سەلاحیەتی دەست کاریکردنی ئەو رێژانەمانە نێە کە دیاری کراوە، بەلام لە ئەسلا پێویست بوو ئەوە وەکو موقتەرحێکی وەزارەتی دارایی بێتە بەردەستی پەرلەمان بلێ خەملێنراوی بۆدجەی فلان وەزارەت ئەوەیە پەرلەمان رای چیە؟ لیژنەکان قسەی لەسەر بکەن، لەسەر ئەنجامی ئەوە بڕیاری لەسەر بدرێت، بەلام ئێوە ئێستا بڕیارتان داوە، ئێمە لەبازنەیەکی داخراوا موناقەشەمان پێ دەکەن و دوایی دەچێتە سەر ئەوەی کەبڕیار دراوە، بۆیە لێرە مەسەلەن راپۆرتی لیژنەکان هیچ واتایەکی نامێنیت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، جەنابتان بە گوێرەی یاسای موتەبع لەپەڕلەمانا، هەر چەند پەرلەمانتارێك داوای کرد پێویستە بخرێتە بەر باسەوەو دەنگی بۆ وەربگیرێت، ئێمە چەند پەرلەمانتارێك داوای ئەوەمان کردووە کە پێویستە وەزیری پەیوەندی دار لە هەندێ ولاتا سەرۆکی حومەتەکە دێت، جێگرەکەی دێت، ئێمە نامانەوی ئەم یاسایە تێپەڕێنین، ئەمانەوێ بیکەیەنە ویستگەیەك لە بابەتی بودجە دەست بخەینە سەر هەندێ بواری گەندەڵی، رێگە لە گەندەڵی بگرین، گەورە ترین مەترسی لەبەردەم کێشەکانی ولاتانا تەنها گەندەڵیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك هیوا دوێنێ شەرحمان کرد لەنیزامی داخیلیماندا نیە هەموو وەزیرەکان حازر بن لێرە، تەنها وەزیری دارایی و ئابووریە، بەلام هەر تیکرار دەکەیتەوە، من جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە و تەماشای نیزامی داخیلی خۆمان دەکەم، ئەوەتا نووسراوە موازەنە دێتە پەرلەمان بیدایەتی تشرینی یەکەم، پێش کۆتایی سالّ، ئەوە یەك، دوو: موازەنە دەدرێتە لیژنەی مالی و ئیقتیسادی وە مەشروعی قانونی موازەنەی عامە، مادەیەکی تر دەڵێت لیژنەی مالی راپۆرتی خۆی دەنووسێت دەربارەی موازەنە و لەماوەی سی روژدا لەو رۆژەی کەبۆی دێت، مادەی دواتر دەڵێت بۆ هەر لیژنەیەك هەیە مولاحەزاتی خۆی لەسەر ئەو بەشەی کە پەیوەندیدارە پێی بدات وەکو ئێستا دەیکەین کە ئیختیساسی خۆیەتی بۆ ئەوەی بیداتە لیژنەی دارایی، بەلام ئێمە وتمان و دوێنێیش شەرحمان کرد بۆ چێ ئەوە نەکراوە لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری بەسەردا هات، لەبەر ئەوەی میزانیەی تەکمیلی هات، راپۆرتیان نووسیبوو، فریا نەدەکەوتین راوەستین جارێکی تر بیست رۆژی تر جارێکی کە کۆبووینەوە، خستمانە ئێرە، ئەوە پشتگیری داواکاریەکەی تۆ زیاتر دەکات، لەجیاتی ئەو هەموو تەفسیلاتە لەلیژنەکە باس بکەن، بێن لێرە بڵێن بێ موناقەشە بڕوات، ئێمە تەفسیلاتمان لێرە داوە ولێرە موناقەشە کراوە، بەلام تەنها ئەو داوا کاریەت کە وەزیر بێتە ئێرە، شتی وا نیە، کاك غفور فەرموو.

بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەنیسبەت ئامادە بوونی وەزیرە پەیوەندیدارەکان، بەراستی بەرەئیی منیش ئیجاب ناکات ئامادە بن لەبەر ئەوەی وەزیری پلاندانان لێرە وجودی هەیە و ئامادەیە لە دانیشتنەکە و لیژنە تایبەت مەندەکانیش هەموویان ئامادەن، ئەو لیژنە تایبەتمەندانەی پەرلەمان دەبێت ئەو سەرنج و پێشنیارانە کۆ بکەنەوە بۆ بەدواداچوونی ئیشوکارەکانی خۆیان وسەرۆکایەتی ئاکاداربکەنەوە کە ئەو نیقاشانە کراوە بە داوکاری پەرلەمانتاران بووە، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو کارانە، ئەوە وەکو تێبینیەك، بۆ ئیشەکانی تریش من دێمەوە سەر مەنتقەی مەخمور جارێکی تر بەراستی لەبەر ئەوەی ئەو مەنتقەیە زۆر زۆر مەغدورە، بەنیسبەت وەزارەتی رۆشنبیری من پێشنیار دەکەم هەرچەند من هەقم لە کەمی و زۆری بودجەکە نیە لەبەر ئەوەی بەڕێز وەزیری دارایی راپۆرتەکەی خوێندەوە لەراپۆرتی وەزارەتی دارایی هەموو شتەکانی خستەڕوو و ئەو بودجەیش کە دانراوە بۆ وەزارەتەکان، تەنها من ئەوە دەخەمە روو کە ئەو ئەولەویاتانە هەیە، ئەو کارانە هەیە دەبێت گرنگی پێ بدرێت، مەسەلەن لە مەخمور تا ئێستاکە هۆلێك نیە بۆ کۆرو کۆبوونەوەکان، بۆ چالاکی هونەری، بۆ چالاکی رۆشنبیری، من پێشنیاری ئەوە دەکەم لەبودجەی وەزارەتی رۆشنبیری بڕیك تەرخان بکرێت، کۆمەلگایەکی هونەری بەهۆلێکی گەورەی هونەری و رۆشنبیریشەوە لەمەخمور درەست بکرێت و، لەهەمان کاتدا لە ساڵی 1991 وە کتیبخانەی گشتی لەمەخمور نەماوە، لەکاتی راپەڕین دوای ئەوەی کە بەرەی کوردستانی لە ناوچەکە نەما، حکومەتی عێراقی رووخاو هاتەوە ناوچەکە، کتیبخانەی تاڵان کرد، زۆر بەی دەزگاگانی تری مەخموریشیان تاڵان کرد، تا ئێستاش کتیبخانە دانەمەزراوەتەوە، بۆیە پێویستی بە دامەزراندنی کتیبخانەی گشتیە لەمەخمور، بەنیسبەت وەزارەتی وەرزش ولاوانیش، من داوا کارم یاریگایەکی مۆدێرنی وەرزشی لەو شارە دروستبکرێت وە لەهەمان کاتدا مەلەوانگایەکی هەبێت، چونکە کە لەو روانگەیەیش و هیچی بۆ نەکراوە لەو رووەوە، بەنیسبەت وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی کوردستانیش بەراستی ئەو بودجەیەی کە بۆی ترخان کراوە هەقە هەندێك پرۆژەی ئەگەر کاتیش بێت بەتایبەت بۆ گوندەکان لەو بڕە پارەی ئەو وەزارەتە تەرخان بکرێت و ئیهتیمامی تەواو بەو ناوچانە بدرێت، لەبەر ئەوەی وەك وتم من مەخمور وەکو شوێنێکی کوردستان و هەر پەرلەمانتارێکیش ئەلێرە کە خەڵکی شوێنێکە دەبێ ئێمە هەوڵ بدەین هەر کەس گرفتەکانی ناوچەکەی خۆی بخاتە روو، بۆ ئەوەی بەدوای چارەسەری و بەدوای دابینکردنی پێداویستەکانیانە بین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك هیوا فەرموو.

بەڕێز هیوا صابر احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

حەزەکەم ئەم شتانە ئیجابی وەربگرن، واللە من دیفاع لە پەرلەمان و مەوقیعی پەرلەمان و سومعەتی پەرلەمانتاران دەکەم، جۆریك ناعەدالەتی دەبینم لەشێوازی خیتابەکەدا، ئێمە هەڵدەسین جەنابتان لائیحە ئێمە دەرئەهێنن، بەگوێرەی لائیحە پەیوەستم دەکەن، سوپاست دەکەم، من ئەبێ ملکەچی لائیحە بم، بەڵام لەدنیا نیە با ئێمە لیژنەیەکی تەحکیمی بێنین بۆ باسی ئەم بودجە لەکوێی دنیایە بودجەیەك هاتبێ قەراری موسبەقی لەسەر درابێت، لەبەر ئەوە هەموو شتەکان پۆچەڵ دەبێت، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەم مەوزوعە با لیژنەیەك بێت لەبودجە شارەزایی هەبێت، قەرارێکی موسبەق بێتە پەرلەمانەوە بڵێت پەرلەمانتاران موناقەشەی بکەن، هەر ئەبێ ئەوەیش بێت، کابرا وەتەنی ئەخۆی کەرۆشك هەر کەرویشکمان هەیە، ناخۆی کەرۆشك هەر کەرۆشك هەیە، لەبەر ئەوە من ئیعتیراز ئەکەم لەسەر ئەم شێوازە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

تۆ حەقی خۆتە ئیعتیراز بکەی، حەقی خۆتە دەنگیش نەدەی، ئەوە حەقێکی تەبیعیە، وەکو ماڤێکی ئەندام پەرلەمان بۆت هەیە رەئی خۆت بڵێیت، بۆت هەیە ئیعتیراز بگریت، بۆت هەیە دژی بێت، بۆت هەیە تەئییدیشی بکەی، بەڵام بۆشت نیە تۆ رەئێکت هەیە بتەوێ رەئیەکەت فەرز بکەی لەسەرمان، تاکو ئێستا کە هیچ ئەندامێکی پەرلەمان تەئیدی جەنابتی نەکرد بۆ ئەوەی تەئجیل بکرێت، ئەگەر ئێستاش کەسێك هەیە لەئەندامانی پەرلەمان تەئیدی ئەوە دەکات بودجە تەئجیل بکرێت، وەزیر بە وەزیر بانگی بکەن با دوو کەس قسە بکات، بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگ دانەوە، ئێمە چوار، پێنج رۆژە موناقەشەی دەکەین، تەنها جەنابت وا دەلێیت، لەبەر ئەوە ناتوانم تەنها لەبەر جەنابت، ئەگەر دوو، سێ کەس بڵێت دەبێتە موناقەشە، کەسێك تەئییدی نەکرد بڵێت واللە ئێمە دەمانەوێ وەزیری تایبەتمەند بێت، با دوا بکەوین و با موناقەشەی نەکەین، دواییش زوڵمێکی گەورە دەکەی لەئێمە، ئێمە لەبەر رۆشنایی داوا کاری ئێوە کۆمەڵێك قەرارمان دا لەسەر قانونەکە، کۆمەڵێك قەراراتی باشمان دا لەبەرژەوەندی گەلدابوو، سولفەی عەقارە، چاکردنەوەی مووچەی فەرمانبەرانە، چاکردنی مووچەی خانەنیشینە، رووبەروونەوەی وشکە سالیە، راپۆرت تەقدیم کردنی وەزارەتی دارایی شەش مانگ جارێکە، کۆمەڵێك شتی ترە، یەعنی ئێمە باسمان کردووە، پێشتریش سولتەی داد وەری میزانتیە تایبەتی خۆی هەبێت، ئەمانە هەمووی تۆ کەئەنەهو هیچ نەکراوە، هەموو جار تۆ بەتاقی تەنها ئەوە دوو جارە، سێ جارە ئەتەوێ رەئیەکەت فەرز بکەیتە سەر ئێمە، واللە ئەوە زۆر زوڵمە لەسەر ئێمە دەیکەیت، کاك فتاح فەرموو.

بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پێم وایەی شێوازی موناقەشەکەمان دۆزنێیش عەرزم کرد لەناو ئەو جەلسەیە زۆر بەتێکەڵی ئەیبینم، جارێ من وا تەسەور ئەکەم لە هەندێ موداخەلەی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز کەئەنەما ئێمە پەرلەمانێکی موعارەزەین، ئەو حکومەتەی کە ئێمە هەمانە پێك هاتووە لەو پێکهاتانەی ناو پەرلەمانا، حەقە ئێمە هەر هەموومان ئەگەر گەندەڵیمان هەیە، بەحەقیقەت هەمانە، بەڵام گەندەڵیەکی عام هەیە،

با ئەو گەندەڵیانە پەنجەی بخەینە سەر، نەك بەشێوازی موناقەشە لەدونیادا دەنگ بداتەوە لەسااڵحی ئێمە نیە، پێم وایە شێوازەکە بگۆڕین باشە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك سەردار فەرموو.

بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

مـن نوقتەیـەکی نیـزامیم هەیـە لەسـەر سـەرۆکایەتی، بیـزات جـەنابت، یـەعنی بـەپێی پـەیڕەوی نـاوخۆ و ئەعرافی پەرلەمانی، ئەندامانی پەرلەمان کە داوای گفتوگۆ دەکـەن ناویـان دەنووسـرێت، پـاش نـاو نووسـین حەق نیە جارێکی تر مەجال بدرێت، یەعنی من مولاحەزەم کـردووە ئەنـدام بەرلەمانـەکانمان لەسـەر یـەك بابەت دوو، سێ جار قسە ئەکەن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

واللە ئەم جارە بوو کاك هیوا بۆ، ئەویش لەبەر ئەوەی تیکراری داواکەی دەکات و ئیلحـاح دەکـات بـۆ ئـەوەی لای هـەمووتان روون بێـت، ئـەو ئیلحـاح کردنـە فەقـەت هـین ئـەو بـووە، کەسـێکی تـری ئەنـدام پەرلـەمان تەئکیدی لەسەر قسە کـانی ئـەو نەکردۆتـەوە، مـەجبور بـووم روو بـەرووی بەکەمـەوە و قسەیشـی بـدەمێ، قسەیش بکات، کوێستان خان فەرموو.

بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەرچـەند بـەناوی نوقتـەی نیزامیـەوە کـاك فتـاح هەنـدێ لەقسـەکانمی روون کـردەوە، مـن ئەمـەوێ روون کردنەوەیەك بدەم، ئێمە هەموومان ئەم حکومەتـەمان دروسـت کـردووە، حکومـەت حکومـەتی لایـەك نیـە، حکومەتی هەموومانە، بە هێزکردنی ئەرکی هەموومانە، یەعنی ئەوە نیە یەکێك خۆی بکات بـە مـودافیعی حکومەت و یەکێك موعارەزە بێت، هەموومان شەریکین لەو حکومەتەدا کە رەخەنیشی لێ دەگرین بۆ ئەوە نیە بڕووخێنین یان خوا نە خواسە ئیسائەی پێبکەین، بۆ ئەوەیە بەهێزی بکەین، یەعنی ئەم موناقەشـانە لەمەسڵەحەتی حکومەتدایـە، ئەگـەر حکومـەت ئیشـی بـاش بکـات و خـەڵك لێـی رازی بێـت لەمەسـڵەحەتی حکومـەت و ئێمەدایـە، ئێمـە بـۆ ئـەوە موناقەشـە دەکـەین، بـۆ ئـەوەی ئەگـەر کـەم و کورتیـەك هەیـە ئـەم حکومەتـە بـەهێزبێ و خـەڵك لێـی رازی بێـت، ئێمـە لەموناقەشـەکانی حەفتـەی پێشـوومان بەسوپاسـەوە حکومەت و وەزارەتی دارایی وبرای وەزیری هەرێم بۆکاروباری دارایی و وەزیری پلاندانان بەئێشەکانیانەوە چوونەتەوە وکۆمەڵێ دەست کەوتی زۆر گرنگیـان پێشکەش کـردووە وهـەمووی لەسـەر پێشـنیارو داواکـاری ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی بووە، کە ئەمە دەست کەوتێکە ئێمە کردوومانە، پەرلەمان کردوویـەتی بۆ ئەوەی حکومەت پێی بەهێز بێت، خەڵك لێی رازی بێت، ئەبێت ئێمە بەو روحیەتە ئەم رەخنانە قەبوڵ بکەین، ئێمە ئەمانەوێ حکومەت لەئاستی داواکاری وپێشنیارەکانی خەڵکدا بێت، ناکرێت ئێمە ئەگـەر قسـە

بکەین بۆ ئەوە بێت بیرووخێنین، وەکو باسم کرد ئێمە هەموومان شەرێکین لەو حکومەتە، ئەم مەسەلەیە کە هەیە لە وەزارەتی رۆشنبیری، من پێم وایە لە زۆر وەزارەتی تریش وایە، یەعنی تەسەور ئەکەم وابێت ئەمە وەکو ئیشارەتی پێدرا ئەمە بەهەدەربردنی ئەو بودجەیە، ئەو بودجە زۆرەیە کە دێتە هەرێمی ئێمە، کە لە بودجەی زۆر ولاتانی دەرهاوسێ زۆر ترە، کە بە داخەوە لەبەر بەهەدەربردنی بەم شێوە لەهەندێ لە وەزارەتەکانا ناتوانین کێشەی ئاوەڕوو و کێشەی ئاو و کێشەی سووتەمەنی پێ چارەسەر بکەین، کە ئەکرێت پێی بکەین ئەگەر بەم شێوەیە هەدەرنەبرێت، راستە ئەمە، ئەم مەسەلەیە وارۆیشتەوە، رەنگە ئەمە پێویستی بەوە هەبێت ئالیەتێکی تازە بدوزینەوە پێویستی بەوە بێت ئەو پەیڕەوەی خۆمان بگۆڕین، پێویستی بە شتێکی کە هەیە کە ئێمە لەسالّی داهاتوودا کەوەزیری پەیوەندیدار لەگەڵ وەزارەتی دارایی دائەنیشێ لیژنەی پەرلەمانیش دابنیشی، بۆ ئەوەی بەم شێوەیە پارەی بودجە بەهەدەر نەدرێت، بۆیە ئەبێت ئالیەتێکی تازە بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەك بودجەکەمان رێك بخەین، شەرت نیە هەر وەزارەتێك داوای بودجەی زۆری کرد بۆی دابنرێت، وەك هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد هەموو لیژنەیەك بڵێت پێویستە بودجەی ئەم وەزارەتە زیاد بکرێت، بۆی زیا بکرێت، ئەبێت هەندێکی کەم کەینەوە هین وەزارەتی کارباو هین شارەوانی و پەروەردەی پێ زیاد کەین، یەعنی ئالیەتێك بدۆزینەوە ئەمە رێك خەین، ئەم تەوسیاتانە من تەئکیدم 100٪ سالّێکی کە حکومەت بەرچاوی ئەگرێت، جارێکی کە بودجەکە بەشێوەیەکی باشتر دائەڕێژێتەوە کە لەئاستی داوا کاریەکانی خەڵکدا ئەبێت، بۆیە وا پێویستە بودجەی ئەمسالّ لەمانگی یازدە بێت، بۆ ئەوەی ئێمە باشتر لەسەری دابنیشین، لیژنە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ وەزیرە پەیوەندیدارەکان ولەگەڵ وەزارەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی ئەو کاتە ئەبێتە یەك وەزارەت، یەعنی یەك وەزارەتی داراییمان دەبێت موناقەشەی بکەن بەشێوەیەك ئەو داواکاری و پێشنیارەی کۆمەڵانی خەڵك رووبکاتەوە کەبەبەهێزکردنی حکومەت و ئێمەیش، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

قسەکانت بەجێیە، ئێستا ئێمە سێ سالّمان بەسەردا چووە، هەموومان ئەزموونمان زیاترە، خێرەمان وەرگرتووە، پەیڕەوی ناوخۆشمان پڕۆژەیەکمان هەیە بۆ هەموارکردنی، چ موقتەرحێکتان هەبو لە چەند حەفتەی داهاتوو دەیخەینە بەردەمتان و ئەگەر موافەقەتان کرد بەپێی ئەو پەیڕەوە دەڕۆین، بەڵام ئێستا ناتوانین لێی جیابینەوە. کاك عثمان فەرموو.

بەڕێز عثمان احمد حمه امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەراستی ئەگەر چاودێرێکی شارەزا لەزانستی بودجە تەماشاکات، تەماشای بودجەی هەرێمی کوردستان کات، ناهاوسەنگیەکی تیدا ئەبینێت، ئێمە بودجە لەکوردستان دیاری دەکەین کە لە جەلەساتەکانی رابردووی پەرلەمان و بەردەوام لە زەینێ هەر یەك لە ئەندامانی پەرلەمان باس لە ناوچەی گەرمیان و هەڵەبجەی شەهیدو باقی ئەو ناوچانەی تەواو وێران بوون و کارەساتی گەورەیان تێدا رووی داوە، لەوەدوا ئەگەر

زانستێەکی شارەزا لە بودجە تەماشاکات ناهاوسەنگی لەوەدا دەبێنێت، جا من پرسیارەکەم لێرە دایە، مەسەلەن ناکرێت و ئینکاریش ناکرێت کە ئەهمیەت و گەورەیی وەزارەتی رۆشنبیری وەورو رۆڵی لەخزمەت کردندا، بەڵام ئەو بودجەیەی کەبۆی دیاری کراوە (56974) پەنجاو شەش ملیارو نۆ سەدو حەفتاو چوار ملیۆن دینار، کە لە 1,2٪ دەکات، بەڵام ئەوەی بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن دابینکراوە (62095) شەست و دوو ملیارو نەوەت و پێنج ملیۆن دینار کە دەکات لە 1,38 ٪، تەقریبەن شەش ملیاری فەرقە، یەعنی مەبەستم ئەوەیە بودجەی ئەم ساڵ ناهاوسەنگییەکەی لەوەدایە ئەولەویەتی تێدا دیاری نەکراوە، ئەولەویەت لەوە دیاری نەکراوە مەسەلەن وەزارەتێکی وەکو ئاوەدانکردنەوە ونیشتەجێ کردن ئێستا هەزاران خەڵکی کوردستان وشوێنە وێران کراوەکان، مەسەلەن خەون و خەیاڵی خۆیان بەستوەتەوە دیاری کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەو وەزاراتانەی کەوا بودجەیان بۆ دیاری دەکرێت، ئایە لێرەدا نەبوونی ئەو لەویەت مەسەلەن وەختی کەدیاری دەکرێت، یەعنی وەزارەتی رۆشنبیری لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە شەش ملیاری تەقریبەن فەرقە، ئایا ئەوە ناهاوسەنگی نیە و نەبوونی ئەو ئەولەویەتە نابێ وەزارەتی دارایی بەلایەنی کەمەوە بۆ ساڵی ئایندە بەئەهمیەتی لەبەرچاو بگرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك د. نوری فەرموو.

بەڕێز نوری جمیل تاڵەبانی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەر وەکو ئاگادارن کەوا هەمیشە مواخەلەکانم زۆر کورتە، بەڵام هیوادرام ئەمڕۆ تۆزێك رێگەم پێبدەن کەوا هەندێك رووناکی بخەمە سەر ئەو خاڵەی کەوا ئەمڕۆ زۆر باسی لەسەر کرا بۆ شێوەی تاوتوێ کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان، لە هەموو ولاتانی دیموکراتیدا لەکاتی هەڵبژاردنا ئەو حیزب و کۆمەڵگایانە، ئەو گروپانەی کەوا بەشداری لەهەڵبژاردن ئەکەن، کۆمەڵێك کەوا هەوڵبدەن کە ئەو خەڵکە قەناعەت بکەن بۆ ئەوەی دەنگیان پێ بدەن، لە ئاکامی هەڵبژاردندا ئەو حیزبەی یان ئەو حیزبانەی کەوا بەشی زۆری دەنگەکان بەدەست دێنن لەناو پەرلەماندا داوایان لێ دەکرێت کەوا کابینەی نوێ دروست بکرێت، حکومەتیش ناچار دەبێت کەوا پڕۆگرامێك بخاتە بەردەست، واتا بەرنامەی کارکردنی لەو ماوەی کەوا لەسەر کاردا ئەبێت، ئەو بەرنامەیە چۆن جێ بەجێ دەکرێت لەرێگەی بودجەوە، هەر وەکو لە 23ی ئەم مانگەدا ئەلێرەدا وتم پڕۆسەی تاوتوێی بودجە بەقەت پڕۆسەی متمانەدان بە حکومەت گرنگە، چونکە هەموو ساڵێك کەوا بودجەی ئەو حکومەتە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان، پێویستە ئەندامانی پەرلەمان مافی ئەوەیان هەبێت بتوانن لەهەموو رووەکان بپێچنەوە، ئەو حکومەتە لەو بەرنامە چی جێبەجێ کردووە، چی جێبەجێ نەکردوە، وهۆیەکانی چیە هەتا پێکەوە بە هاوکاری یەکەوە بتوانن ئیشەکانیان جێ بەجێبکەن، کاك زرارو جەنابتیش ئاماژەتان بۆ ئەوە کرد کەوا لەهۆڵەنداوە وای وتوە، پێویست ناکات بچی

بۆ هۆلەندا، بەڵام لەسەر دەمی حکومەتی پاشایەتیدا پێش ساڵی 1958 من خوێندکاربوم لە کۆلێژی حقوق لە بەغدا، تەنها کۆمەڵێك لە ئەندامانی پەرلەمان کە ئەوانەی پێیان دەوترا موافچ، قەت قسەیان نە دەکرد، چەند ئەندام پەرلەمانێك بە دوورو درێژی چەند رۆژێك راو بۆچوونی خۆیان دەخستە بەردەستی پەرلەمان ورۆژی دووهەم ئێمە خوێندکاربووین ئەچووین رۆژنامەکانمان دەکڕی تاکو بۆچوونەکانی ئەوان بخوێنینەوە، چونکە سوودمان لێ وەرئەگرت، کەسانی شارەزابوون وەکو صادق بسام، حسن عبدالرحمن، عبدالرحمن جلیلی و زۆر کەسانی تریش، پێویست ناکات درێژی بەوە بدەم، ئێستا لێرە دا باس لە بودجەی وەزارەتی ناوچە دابڕاوەکان کراوە، کە کەمترین پارەی بۆ تەرخان کراوە، وابزانم هۆی ئەوە دوو شتە، یەکەمیان: ئەوەیە کەوا ئەم وەزارەتە چەند ساڵێکە دروست کراوە، دووهەمیش ئەوەیە کە وا پێویست بوو ئەم وەزارەتە لەجیاتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ئەو پارانەی کەوا تەرخان دەکرێت بۆ ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بدرێت بەو وەزارەتە ئەو سەرۆی بکات بەهاوکاری لەگەل ئیدارەکانی ئەو ناوچەدا، بەداخەوە لەپاش رزگارکردنی کوردستان لەڕێگای حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە ئەو پارە لەو ناوچانە سەرف کراوە، بەڵام بۆ مەبەستی حیزبایەتی تەسك، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو پارەی لەڕێگای حیزبەکانەوە تەرخان دەکرێت لەو ناوچانە و کارێکی زۆر زۆر پێویستە دەبێت لەڕێگای ئەو وەزارەتەوە سەرف بکرێت بۆهاوکاری کردن تاکو بزانن داواکاریەکانی ئەو ناوچانە چیە، هەتاکو ئەو سەرۆی بکات، چونکە سەرف کردنی ئەو پارەیە لەڕێگای حیزبەکانەوە ئاکامی خراپی لێ بوەتەوە، یەکێك لەوانە بوونی دوو دەزگای پەروەردە، یەکێك لەوانە بوونی دوو دەزگای پاراستن و هەر وەها ئەوەیش ئاکامی خراپێ لێ بوەتەوە و، تکا کارم کەوا بیرلەوە بکرێتەوە، ئەوە وەزارەتە، وەزارەتێکی رەسمیە تەرخان کراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو ناوچانە لەپاڵ جێ بەجێ کردنی مادەی 140 پێویستە هەر هاوکاریەك بەو ناوچانە دەکرێت لەرێگەی ئەو وەزارەتە بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، هیوادرام ئەم جارە لێمان رازی بێت کاك دکتۆر بۆ وەختەکە.

سۆزان خان فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن

لەو موداخەلاتانەو موناقەشاتانەی کە دەکرێت ئەوە چەند رۆژە لەسەر بودجە، ئێمە ئەبێ هەردوو بەڕێز وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانانیش تێبگەن کە بۆشاییەك و خەلەلێکی زۆر گەورە هەیە لەو پڕکردنەوەی ئەو فۆرمانەی کە هەیە، کە پێی ئەوترێ بۆ بودجەی تەشغیلی، یەعنی بابی وای هەیە من دەست خۆشی لە لیژنەی رۆشنبیری دەکەم، یەعنی ئێمە هەموومان بینیومانە وابزانم منیش ئاماژەم پێی دا، حەقە ئیتر بیر بکەنەوە لەوەی ساڵی داهاتووا فۆرمەکە بەشێوازێکی کەبێت، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووهەم: لە دابین کردنی میزانیە و جێگیرکردنی میزانیە، مەفروزە ئاگادارمان کەنەوە وەکو پەرلەمانتار

بۆ ئەوەی ئێمەیش لەگەڵ ئەو وەزارەتانەیا دابنیشین بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارەیەی کە بەداخەوە من سەیرم لێی دێت زۆر لەو بەڕێزانەی، ئەندام پەرلەمانەی داوا لەوە دەکەن با داوا بکەین لە حکومەت، دەبا بەشەکەمان زیاد بکرێت، لەسەدا حەفدەکە بازیاد بکرێت، بەشتی عاتفی نابێت، نابێت ئێمە بەشێوازێکی عاتفی بیربکەینەوە، ئەم بودجەیە کە ئەمڕۆ هاتوەتە هەرێمی کوردستانەوە لەحەیاتی هەرێمی کوردستان ئەو بودجەیەی بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەوە هەردوو بەرێز وەزیری داراییش ئەگەر من هەڵە نەبێتم، قەت ئەو بڕە پارەیە نەهاتووە، بەڵام من جارێکی تر تیکراری دەکەمەوە چۆنێتی سەرف کردنی من هەر لێرەدا ئەمەوێ رووبی کەمەوە سیاسەتی وەزارەتەکان بەهیچ شێوەیە رەنگی نەداوەتەوە لەناو ئەم بودجەیا، ئێمە لە موناقەشەی هەموو وەزارەتێك کە هاتووە وەزیر باسی لەئامانجی وەزارەتەکەی کردووە، یەك دنیا خاڵی باس کردووە، کە چی کە دێتە سەر بودجە ئەبینی شێوازی دانانی بودجەی هیچ لەکام وەزارەتەکان فەرقی نیە، ئەو، سپێشاڵەتی تێدا نیە، یەعنی من تێناگەم چۆن لەلایەن هەردوو وەزارەتی مالیەوە ئەو پارەیە بەو شێوەیە دابەش بکرێت، و بەهەدەربدرێت من هەمان قسەی کاك عوسمان ئەکەمەوەو، بەداخەوە من لەدوای ئەو هەڵدسام، بەڵام هەر لێرەیشدا یاداشتم کردووە، ئێمە ئەم هەموو داوایەمان کردووە، دوێنێ لە وەزارەتی ئاوەدانکرنەوە داوامان کرد جادە رێگاو بانمان بۆچاك کات، پردمان بۆ دروست کات، شوێنی نشتەجێکردنمان بۆ دروست کات، مع العلم ئەوەی کە بۆ ئەومان داناوە شتێی وای فەرق نیە لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری، ئیدی با بزانین وەزارەتی رۆشنبیری چی لێ داوا بکەین، ئەبێ چیمان بۆ دروست بکات، ژێرخانی کلتوری و رۆشنبیریمان ویرانە، تێناگەم بۆ لە بودجەی ئیستیسماریا باس نەکراوە یاخود باس نەکراوەو لەتەقریرەکەدا ئاماژەی پێ نەدراوە، دروست کردنی کتیبخانەی گشتی و هەموو شوێنێ ئاوەدان بکرێتەوەو، ئەوەی کەباس دەکرا خەوو خەیاڵێك بوو، ئەوەی کە لەسەر حەقیقەتە شتێکی کەیە، بۆ دەسەڵاتی داد وەری، کۆما 42 تەرخان کراوە، بۆ وەرزش و لاوان کۆما 43 تەرخان کراوە، برادەرینە ئێمە جارێکی تر داوا دەکەینەوە لەسااڵی ئایندە هەمان گرفتمان تووش نەبێ و هەمان موناقەشە نەکەینەوە، دەبێ بودجەی هەرێمی کوردستان سیاسەتی رەوانی حکومەت و وەزارەتەکانی تێدا روون بکرێتەوە، ئەگینا سااڵی داهاتوویش بەهەمان شێوە موناقەشە دەکەینەوە، زۆر سویاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك بکر فەرموو.

بەڕێز بکر فتاح حسین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من لەپێشەوە ئەو قسانەی کە لەجەلسەی یەکەمدا باسمان کردن، دوو بارەی ئەکەمەوە کە بەراستی بودجە ئەهمیەتی موناقەشەکردنی بودجە ئەرکی سەرشانی هەموو ئەندام پەرلەمانێکە، واجیبیشەو حەقی خۆیشێتی ئەندامی پەرلەمان بەشداری بکات لەگفتوگۆکردن لەسەر بودجە، چونکە ئەوە خۆتان ئەزانن هەم پێشکەوتنی ولاتەکەمان، هەم ئەرکی خەڵکی پێوە بەسراوە، حەزیش ئەکەم ئەوە دوو بارە بکەمەوە کە

ئەوەیە ئەندامانی پەرلەمان، هەموو ئەم ئەندامانەی کە لێرەن هەموویان لەو حیزبانەیا کار دەکەن کە بەشێکن لە حکومەت و کەسیشی موعارەزە نیە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەبێ دایمە لەو چوار چێوەوە موناقەشەی ئەو شتانە بکەین کە ئێمە بەشێکین لەو حکومەتە و ئامانجیشمان ئەوەیە کە کەم و کۆرپەکانی حکومەت کەم کەینەوە وبتوانین حکومەتێکی وابێ کە فیعلەن خزمەتگوزاری باش بۆ خەڵك دابین بکات و، رەئی ئەو ئەندام پەرلەمانانە رەنگە ئیجتیهادی شەخسی خۆیان بێت، بەڵام من پێم وایە موساهەمەیەکی باشی کردووە لەدەوڵەمەند کردنی پرۆژەکەمان بۆیە من بە باشی دەزانم هەرچەند موناقەشەی زیاتر بکەین باشترە بۆ ئەوەی بتوانین کەموکوریەکانی ئەم مەشروعە یاسایە کەم کەینەوە، ئەوەێ کە ئەمەوی باسی بکەم نەمەزانی لە چی شوینێکا باسی بکەم، بەراستی بودجەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، چونکە ئێمە لێژنەیەکمان هەیە پێی دەڵێن لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکانی دەرەوە وەتاکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەری نیە لە دەرەوە بەرەسمی، رەنگە تەنها دوو نوێنەری هەبێ، بەڵام تاکو ئێستا ئێمە نەمان توانیوە لەکوێوە ئەو بودجەیە تەرخان بکەن، بۆ ئەوە ئەگەر لەئەم ساڵە وابڕیارە نوێنەرایەتی هەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە و بودجەکەی لەکوێوە و لەسەر چی وەزارەتێك حیساب بکرێت، ئەوە حەقە دەست نیشان بکەین لەئێستاوە، نوقتەی دووهەم کە ویستم باسی لێ بکەم لەراپۆرتەکەیشا باس کراوە، هەندی بودجە تەرخان کراوە بۆ رێکخراوو سەنتەری رۆشنبیری و هەندێ رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی، من لە سەرەتای باسکردنی بودجەیا باسی ئەوەم کرد کە بودجەیەك تەرخان بکەین و پەرلەمان سەر پەرشتی بکات بۆ دەعم کردنی مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی، لەبەر ئەوەی ئەوانە سەر بەحکومەت نین و بۆ ئەوەی مونەزەماتەکانیش موستەقیل بن وە لەو رێگەیشەوە دەتوانین ئەو مونەزەماتانەی کە سارا خان و برادەرانی تریش باسیان کرد کە چۆن بتوانین مونەزەماتی لاوان و مونەزەماتی ژنان و ئەوانەی تر دەعمیان بکەین، تەنمیەیان بکەین، بەڵام بودجەیەکی موستەقیلیان هەبێ، جا هیوادارم وەڵامێکم بدرێتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

شیرین خان فەرموو.

بەڕێز شیرین عبدالرحمن دێنو:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پرسیارێکم هەیە بۆ سەرۆکی لیژنەی، رۆشنبیری، وەختی راپۆرتی خۆی هاتیە خویندن، ئیشارەتەدا زیادکردنا موچەیە پێشمەرگەی وە چارەسەریا کێشەیە سووتەمەنیا، ئەز نەزانم ڤیرێ چ عیلاقەتا لیژنەیا یان وەزارەتا رۆشنبیریا یان بە وەزارەتا تر هەیە بۆ مووچەی پێشمەرگەی، یادوێ هیڤیدارم لێرە مەبلەغێك تەخسیسکرن ئەهمیەتێك گرنگ بۆ پاراستنە کەلتوری هەرێمەو هەر مەنتەقەیەکی ئەسەریە وە دەبینین چ قەڵای هەولێر بێت یان لەزاخۆو چەندین جارە ئەز داخوازە کریە بێتە پاراستن، چونکە وەختا ئەز زاخۆ بەبینن وە رۆخاندنەیا چەندین جارا ئێمە داخواز کردیە بۆ ئەوی بێتن چارەسەریەك بێتن، چونکە

ئەمەبێت، قەڵای هەولێر بێت ئەڤە وەکو بێژن هەبوونە گەلی ئێمەیە، هەبوونە گەلی کوردستانەیە، دەلیل وناونیشانا خەڵکە ئەم ولاتەیە، ئەوانەی لێرە ژیاینە، ڤێرێ چەندین جارە تەلەب کردینە، حەتا نوکە خەبیرنینە، نەزانم خەبیر عەجەبا حەتا نوکە شارەزانینە لەکوردستانێ، ئەڤ رێکخراوی هاتینا دامەزراندن، بۆ چی هاتینا دامەزراندن مادام نەتانن چارە سەری مەنتەقەیە ئەسەری بکەن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك جمال فەرموو.

بەڕێز جمال محمد قاسم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەحەقیقەت من وای تێئەگەم ئەگەر لیژنەی رۆشنبیری وەردەکاری کردبێت ودەسنیشانی هەندێ خاڵی کردبێت، وا ئەزانم مەبەست لە رووخاندنی حکومەت نیە، تەبیعی لە ناو حکومەتە لەناو وەزارەتەکانا لەم رۆژانەدا لەشوێنێك دانیشتوبووین لەگەڵ چەند وەزیرێك، یەکێك لە وەزیرەکان وتی ئێمە شتێکمان پێویست بوو کڕیبوومان بڵێین بە هەزار دۆلار، وتی کە موحاسیبەکە وەسڵەکەی بۆ هێنام دوو هەزار دۆلاری نووسی بوو، منیش پێیم وت بۆ چی دوو هەزار دۆلارت نووسیوە ئێمە هەزار دۆلارمان سەرف کردووە، وتی ئێمە بۆ هەزار، دوو هەزار دەنێرین ئەوان هەزارمان بۆ دەنێرنەوە، مەعنای وایە حیسابەکەمان تەواو دەبێت، وتی پێیم وت ئاخر نابێت، وتی نا ئێمە با ئەمە تاقی بکەینەوە، وتی دوو هەزارمان نارد کە جەواب هاتەوە سەیرەکەین یەك هەزار دۆلار هاتەوە وکابرای موحاسیب وتی ئەوە هەزار دۆلارە، مەعنای وایە ئیتر نوقسانمان نابێت، ئێمە مەبەستمانە کە ئەم مەوزوعە لێرە باس کران، مەبەستمانە وردەکاری بکرێت لە فۆرمەکانا، وردەکاری بکرێت لە شێوەی حیسابات و شێوەی دارشتنی میزانیە، وردەکاری بکرێت بۆ ئەوەی ئەم حکومەتە بپارێزرێ، دڵسۆزی خۆمان پیشان بدەین بەرامبەر بەحکومەت، ئەمە گرنگە ئەگەر ئێمە لەبەر ئەوەی کە شت بشارینەوە مەعنای وایە غەدرمان لەخۆمان کرد و غەدرمان لە حکومەت کرد، ئێمە مەفروزە بەراستی ئیشەکانمان لەپێناوی پاراستن و پەرەپێدانی حکومەت بێت، میزانیە، دڵسۆزی کردن لە دەرخستنی بەعزێك نوقات و هەڵە زۆر زۆر گرنگە کە ئێمە وردەکاری لە گەڵا بکەین، پێویستمان بە وەزارەتەکان نیە بە وەزیرەکان نیە لێرە بن، ئیمڕۆ جەنابی هەردوو وەزارەتی دارایی لێرەن، با میکانیزمێکی رێك و پێکی ئەکتیف دابنێن لەداهاتووا بۆ پڕکردنەوەی ئەو فۆرمانە، بۆ ئەوەی تووشی ئەم مەشاکیلانە نەبێن و سبەینێ میزانیەی دەوڵت بەشێوەیەك بێت بتوانرێت خزمەتی جەماوەری کوردستان بکات، من بەداوای لێبوردنەوە دەڵێم هەر تەنها بڕکردنەوە نیە، پروسەی پێادەکردن و جێ بەجێ کردنی کارەکان زۆر خاووخلیسکە، یەکێك لەوەزیرەکان بە ئێمەی وت ئێمە پڕۆژەیەکمان هەیە یەك فلسی ناوێ حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرفی کات، تەنها موافەقەتی ئەوێت، چوار مانگ ئەمێنیتەوە بۆ ئەوەی موافەقەتەکە بێت کە زۆر زۆر پێویستی ئەم کوردستانەیە، لەبەر ئەوە رجا ئەکەم با فراوانتر بیر بکەینەوە، ئێمە بیر لەوە بکەینەوە کە میکانیزمێکی رێك وپێك لە

ئیشەکانا هەبێ بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتی میلەتی کوردستان بکەین و خەڵکی کوردستانیش پشتیوانی ئێمە بکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس موناقەشەکان تەواو بوون، پێویست بە جەواب ناکات کاك جمال بەراستی، من دوو، سێ مولاحەزە ئەدەم و تیکراری ئەکەمەوە داوای لێبوردنیش ئەکەم، هەندێك کەسیش گلەیی لەمن دەکەن و دەڵێن تۆ زۆر تەدەخول دەکەی لە قسەکانا، لە گەڵ ئەوەیش دا عوزرم هەیە کە فایدەی نیە، ئعتیزار دەخوازم بۆ ئەو قسەیەی کە دەیکەم زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان قەراری داوە کە قسەیەك بکات چەندین جاریش بۆی روون دەکەینەوە کە ئەو قسەیە جێی ئێرە نیە، داوای لێدەکەین، رجای لێدەکەین کە لەشوێنی خۆیدا ئەو قسەیە دەکرێت، مومکینە مانگێکی تر ئەو قسەیە بکرێت، ئێمە چەندین جار وتمان لەو تەوەرا قسە بکەن کە باسی لێدەکرێت، ئەو وەزارەتانەیە، دەتوانم بڵێم 70٪ قسەکان پەیوەندی بەو تەوەرەوە نەبوو، بەو راپۆرتەوە نەبوو کە خوێنراوە، راپۆرتەکەیش خۆی زۆر زیاد بۆ لەوەی کە بۆی تەرخان کرا بوو، ئێستا تەبعەن ئەو قسانە دەکەم بۆ ئەوەی کۆتایی بە موناقەشەکە بێنم، چونکە 70٪ کە رەبتی نەبوو بە تەوەرەکە، ئێستایش موناقەشە بکەین ئەوە بەردەوام دەبین بەو شێوەیە، رجا دەکەم بۆ تەواو کردنی ئەوە تەئکید بکەن لەسەر خودی مەسەلەکە قسە بکەن، باسکردنی گەندەڵی، ئێرە نیە، ئێمە ناتوانین بە قسەی یەکێك یان قسەیەك لە جەریدەیەکدا دەنووسرێت ئێتیهامی وەزارەتێك بکەین بە گەندەڵی ئیتر لیژنەی تایبەت بۆ دروست کراوە هەر لیژنەیەك لەلیژنەکانی ئێوە راپۆرت بنووسێت، دەلیل پێشکەش بکات، دەست نیشانی گەندەڵیەك بکات، لێرەدا ئێمە بانگی وەزیری پەیوەندیدار دەکەین و روو بەرووی دەکەینەوە، بەڵام رەوشەن بیریەك نەبێت بەعام، مەسئولیەتێکی گەورەیە روو بەرووبونەوەی گەندەڵی، تەنها ئێمە مەسئول نین، هەموو هاوولاتیەك مەسئولە، تەنها یەك نموونەیەك دێنمەوە لەبەر ئەوەی ئاماژەی پێ کرا، ئەگەر هاوولاتی هەستی نەبێت بەو مەسئولیەتە مێژوویە بۆ روو بەرووبونەوەی گەندەڵی ناتوانین چارە سەری بکەین، لیژنەی موشتەرەیات لەهەر شوێنیکا دەچێت کە ئەو وەسڵەی باسی کرد هەزار دۆلار، یان دوو هەزار دۆلار ئەگەر ئەو هاوولاتیە مەسئولیەتی هەبێت بەو لیژنەیە بلێت یان بەو کەسە بلێت من شتی وات بۆ ئێمزا ناکەم ئەوە خیانەتە، ناوێرێت ئیتر یەقەی بگرێت، چێشتخانە خواردن دەنێرێت بۆ فەرمانگایەك یان بۆ وەزارەتێك ئەگەر موافەقەت نەکات وەسڵەکەی بۆ ئیمزا بکات بە 500 دولار زیاتر نیوەی بۆ ئەو نیوەی بۆ ئەوی تر ئەو گەندەڵیەیش رادەوەستێت، وەکو ئەوورپا بۆ چی توانیەتی رووبەرووی گەندەڵی ببێتەوە؟ لەبەر ئەوەی خەڵك هەستی بەقانون هەیە، دەسەڵاتی قانون خەڵك هەستی پێدەکات، ئلتیزامی هەیە بە قانون، هەر تەنها پۆلیسی مرور نیە موخالەفاتی سەیارەکان دەگرێت، هەموو هاوولاتیەك خۆی بە پۆلیسی مرور دەزانێت، خۆی بە پیاوی ئەمن دەزانێت، هەر دیاردەیەك ببینیت لە شوێنێکدا خەتەرێك هەیە تەلەفونێك دەکات بۆ ئاسایش دەڵێت گومانم لەو سەیارە هەیە کە لێرە راوەستایە، سەیارەیەك موخالیف بڕوات هاوولاتیەك رەقەمەکەی دەگرێت و دەیداتە پۆلیس

و دەڵێت ئەو سەیارە موخالیف بوو، لە وڵاتی ئێمەدا پێویستیمان بە ئەوە هەیە، ئینجا ئێمەیش کە مەسئولین پێویستیمان بە ئەوە هەیە کە بە واجیبی خۆمان هەڵبسین، دیوانی چاودێری پێویستی بەوەیە بە واجیبی خۆی هەڵبسیت، دەسەڵاتی دادوەری پێویستی بەوە هەیە بە واجیبی خۆی هەڵبسیت، بەڵام هەر یەکێك لەشوێنی خۆی، ناکرێت من بچم جێگای چێشتخانەیش بگرمەوە، جێگای چاودێریش بگرمەوە، جێگای مەحکەمەیش بگرمەوە، تێکەڵاوی دەبێت لەو قسانەدا ئەو راپۆرتەو ئەو پێشنیارانە دەیخەینە بەردەم وەزیرە پەیوەندیدارەکان و ئەو مولاحەزەیەیش کە ئاماژەی پێکرا، پێشنیار دەکەین بۆ وەزارەتی رۆشنبیری، بۆ وەزارەتی وەرزش ولاوان کە بایەخ بدەنە بابەتی ژێرخانی دروست بکەن، دیراسەتی ئەوە بکەن پارە سەرف کردن بۆ فیستیڤاڵ و کۆنفراس ئەگەر پێویست نەبێت بیری لێ بکەنەوەو کەمتر سەرفی بکەن، ئەمە مولاحەزەی زۆر لەئەندامانی پەرلەمان بوو، ئێستایش بە ئیجازەی ئێوە وەزارەتەکان دەخەمە دەنگدانەوە یەکە، یەکە، کێ لەگەڵ بودجەی وەزارەتی رۆشنبیریە؟ تکایە دەستی بڵندکات، فەرموون، دوو کەسی لەگەڵدا نیە.

وەزارەتی وەرزش ولاوان کێ لەگەڵیایە؟ دەستی بڵندکات تکایە، فەرموون، سێ کەس لەگەڵدا نیە.

وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەروەی هەرێم کێ لەگەڵ بودجەکەیەتی؟ دەستی بڵندکات تکایە، فەرموون.

مولاحەزەی ئەخیریشم ئەوەیە کە موناقەلە لە وەزارەتێك بۆ وەزارەتێکی تر بەو شێوە دەکرێت کە پێشتریش کراوە ولەنیزامی داخلیش نووسراوە، دەبێ لیژنەی دارایی لە گەڵ وەزارەتی دارایی پێشتر باسی بکات، یەعنی هەر لیژانەکانی تر موقتەرەحیان هەبێت لەسەر ئەو مەسەلەیە، دەبێت پێشتر بێت لێرە باسی بکەین، تووشی هەڵە دەبین، ئیحتیمالە ئەگەر زۆرینەیش دەنگ بدات تووشی هەڵە بێین، لەبەر ئەوەی نازانین بنەماکەی چیە؟ وەزارەتەکە لێرە نیە، بۆ سااڵی ئایندە ئەزموونمان زیاترە انشاء الله ئەو بابەتەیش تەواو دەکەین، فەرموو کاك ئاریز بگەڕێوە شوێنی خۆت، راپۆرتەکەی لیژنەی رۆشنبیری کە ئیمزا کرایە لەلایەن سەرۆکی لیژنە، ئەیدەینە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

لیژنەی تەندروستی فەرموون، چەند وەزارەتە راپۆرتەکەت؟

وزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کۆمەڵایەتی و وەزارەتی ژینگە.

کاك کریم فەرموو.

بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجییەکانی کار پێکردنی وەزارەتی تەندروستی (231475) دوو سەدو سی و یەك ملیار و چوار سەدو حەفتاو پێنج ملیۆن، کە دەکاتە 4،87٪، خەرجییەکانی کار پێکردنی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی (64350) شەست و چوار ملیارو سێ سەدوپەنجا ملیۆن، دەکات 1,35٪، خەرجییەکانی وەزارەتی ژینگە (6103) شەش ملیارو سەدو سێ ملیۆن، دەکاتە 0,13٪.

بەڕێز احسان عبدالله قاسم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجی پرۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی تەندروستی (103667) سەدو سێ ملیارو شەش سەدوشەست و حەفت ملیۆن دینارە، خەرجی پرۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی (17334) حەفدە ملیارو سێ سەدو سی و چوار ملیۆن دینارە، وەزارەتی ژینگە هیچ خەرجی بۆ پرۆژە سەرمایەکانی نیە.

بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ڕاپۆرتی لەسەر بودجەی 2008، لەسەر هەر سێ وەزارەتەکە، لە ڕاستیا دەمەوێ هەندێ قسە بکەم پێش ئەوەی کە ڕاپۆرتەکەمان بخوێنینەوە، ئەگەر سەروکایەتی لێم ببورێ، ئەم ڕاپۆرتەی ئێمە بریتیە لە ڕاپۆرت لەسەر بودجەی تەرخانکراوی هەر سێ وەزارەتی تەندروستی و کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و ژینگە، لەڕاستیا ئێمە ناچینە وردەکارییەکانی کە تەرخان کراوە، لە ڕاستیدا ئەم بودجەیە ئەبوایە پێشتر قسەی لەسەر بکرایە، من پێشنیار دەکەم هەر وەك لە ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقیشا هاتووە، لە یەکێك لە پێشنیارەکانیانا ئیشارەتی پێ ئەدەم کەوا ئەڵێت: لەسەرۆکی لیژنەی دارایی مەجلیسی نوابی عێراقی بەم نەصە هاتووە پێم وایە ئێمەیش دەتوانین سوودی لێ وەربگرێن لەسااڵی داهاتوومانداا، ئەڵێت: توصي اللجنة ان تشاور الجهات المعنية ان تعقد جلسات مع مجلس النواب قبل وضع الموازنة لعام 2009، سيما الجانب الاستراتيجي منها وبشكل تفصيلي، لەبەر ئەوە لەڕاستیا، ئێمە دەتوانین سوود لەم بۆچوون و پێشنیارانە و تێبینیانەی خۆمان وەربگرین بۆ ساڵی داهاتوو پێش ئەوەی کەوا میزانیەی هەرێم بێتە پەرلەمانەوە قسەی لەسەر بکرێت، لیژنەکانی تایبەتمەند لەگەڵ وەزارەتەکان، لە گەڵ وەزارەتی دارایی قسەی لەسەر بکرێت لەبەر ئەوەی هەرقسەیەك ئێستا دەکرێت لەڕاستیا ئێمە دەزانین جێگەیەکی زۆر ناگرێت، بەڵام سوودی لێ وەرئەگرین بۆ داهاتوومان و ئەو قسانەیش کەواکرا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پێم وایە سوودێکی زۆری هەبووە، وەکو سەرۆکایەتی چەند جارێك هێمای پێ داوە، من نامەوێ دووبارەی بکەمەوە، وەختان لێ بگرم، لەبەر ئەوە ئێمە ڕاپۆرتەکەمان بریتیە لە چەند تێبینیەك لەوانیە بۆ ئەم ساڵ زۆر سوودی نەبێت، بەڵام سوودی دەبێت بۆ ساڵی داهاتوو هەرچەند هەندێ پێشنیاریشمان هەیە لەوانەیە لە بودجەی تەکمیلی داهاتوودا کە لەچەند مانگی داهاتوودا بڕیاری لەسەر دەدرێت لە حکومەتی عێراقەوە وە بودجەی تەرخانکراوی هەرێم دیاری دەکرێت، لەوانەیە سوودی لێ وەربگیرێت بۆ ئەو کەلێنانەی کە ئێمە ئیشارەتمان پێی داوە و هەندێك قسەشمان هەیە لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی وەزارەتی دارایی پێشکەشی کرد لەم دواییا.

لێژنەکەمان چەند کۆبوونەوەیەکی سازداوە بۆ تاوتوێ کردنی بودجەی 2008 ، دوا کۆبوونەوەمان رۆژی 2008/4/16 بووو, و پاش کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ڕۆژی 2008/4/16 و گفتوگۆ کردن لەگەڵ هەریەك لە بەڕێزان وەزیری تەندروستی و وەزیری ژینگە ئەم تێبینی و راسپاردە و پرسیارانەمان هەیە:

1- پێویستە دەستەیەکی پسپۆڕدابنرێت لە بواری ژمێریاری وئابووری بۆ سەر پەرشتی کردنی داهاتەکانی حکومەتی ناوەند تا بەشی کوردستان بەرووڕی دیاری بکرێت.

2- پشت بەستن بە ناوەندی شارەزا بۆ چاك کردنی پلان و پرۆگرامە ئابووریەکان لە هەرێمدا.

3- بڕەو دان بە سامانی مرۆیی، لەراستیا ژمارە تەرخانکردن گرنگ نیە بەوەی کەوا چەندجار برادەرانیش ئەندامان جەختیان لەسەر کردەوە، کەوا چۆن سەرف دەرکرێت و بەچی ئالیەتێك و توانای وەزارەتەکان لە حکومەتی هەرێمدا چیە؟ (الثروة البشرية) وە بەرز کردنەوەی ئاستی زانیاری تا توانای ئەندامانی جێ بە جێ کار بەرز بکرێتەوە لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا کە ئەمە یەکێکە لە هۆکاری کەم و کوڕی لە پرۆژە سەرمایە گوزاریەکاندا کە پێی دەوترێت (المشاريع الاستثمارية والخدمية).

4- کەم کردنەوەی خەرجیەکان لە بواری بەڕێوەبردندا (التشغيلية)بە تایبەت ئەوەی دەچێتە خانەی بە فیڕۆدانی داهاتی حکومەت.

5- ڕەخنەیەکە لەخۆمان، دەبوایە پەرلەمان میزانیەی خەملێنراوی خۆی دابنایە، کە سەرۆکی پەرلەمان ئیشارەتی پێداوە، بەڵام ئێمە لە ڕاپۆرتەکەمانا هاتووە بۆیە باسی دەکەین.

6- پێویست بوو وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی تیشکیان بخستایەتە سەر هەندێك بواری خەرج کردنی ئەو بودجەیەی کە بۆیان تەرخانکراوە ، کە بریتیە لە 19.6٪ بودجەی هەرێم.

7- پێشنیار دەکەین وەزارەتی دارایی لە ساڵی 2009 دا پێش دانانی بودجە دانیشتن ساز بکات لە پەرلەمان لەسەر بودجە و خشتەی خەرج کردنی خەرجیەکان و بخرێتە بەردەم پەرلەمان تا بە هەماهەنگی هەردووڵا تاوتوێ بکرێت.

8- دەبوایە وەزارەتی تەندروستی بودجەی تەرخان کردبا بۆ بڕەو دان بە توانای پزیشك و کارمەندان و پەرستیاران و دەبوایە وەزارەتی دارایی ڕەزامەندی بدایە لەسەر خەرج کردنی ئەو دەرماڵەیەی ساڵی پار لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراقەوە پەسەند کرا بە ناوی (خطورة) بە پیی نووسراوی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق کە 2007/10/31 دەرچووە, هەروەك دەزانین وەزارەتی تەندروستی یەکێکە لە وەزارەتە هاوبەشەکان لەگەڵ حکومەتی فیدرالڵ، بۆیە دەبوایە ڕەچاوی ئەوەبکرایە و لە هەمان کاتدا پێویستە موچەی هەموو موچەخۆرانی عێراق لە هەموو ئاستەکاندا بەکوردستانیشەوە یەکسان بێت هەروەك لە بڕگەی 14 ی دەستووری عێراقی فیدرالڵدا باس لە یەکسانی بوونی هەموو عێراقیەکان دەکات لە مافەکانیاندا بە بێ جیاوازی.

9- بودجەی وەزارەتی تەندروستی تەرخانکراو پێویستیەکانی بەرەو پێش بردنی بواری تەندروستی پێ دابین ناکرێت لە بواری تەندروستی کۆمەڵ و توانای هونەری پەرستیاران و پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی، بۆیە داوادەکەین بەپێی توانا بەتایبەتی لەکاتی ڕووبوونەوەی بودجەی هەرێم لەمیزانیەی تەکمیلی عێراق ڕەچاوی ئەوە بکرێ کە بودجەیەکی وا تەرخان بکرێت کە وەزارەت بتوانێ بە ئەرکەکانی خۆی هەستێت.

10- لەبارەی پرۆژەکانی وەزارەتی تەندروستی پێشنیار دەکەین ئەو سێ خەستەخانەیەی لە سلێمانی دروست دەکرێن لە یەك باڵەخانەدا دروست بکرێن. بۆ ئاسان کاری بەڕێوەبردن و لەم سەردەمەدا لە جیهانی پێشکەوتوودا کەمتر بایەخ ئەدرێت بە جیا کردنەوەی بەشە پزیشکیەکان.

11- پێویستە بودجەیەکی تایبەت تەرخان بکرێت بۆ پێگەیاندنی ژمارەیەکی گونجاو لە پزیشك و کارمەندانی بە توانا بە پێی پرۆگرامێکی ڕێك و پێك بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ بەڕێوەبردنی خەستەخانە تازەکان.

12- لەبەر زۆری ژمارەی بنکە تەندروستیەکان یەکێکە لە هەڵەکان، وا باشە چاو بخشێنرێتەوە بەو چەند بنکە تەندروستیەی کە ئەمساڵ دروست دەکرێن وە ئەوەی پیویست ناکات دروست نەکریت، تەبیعی هەر بۆ بەڕێزتان، ئەمەوی بڵێم کە وا ژمارەی بنکە تەندروستییەکان لەهەر سێ پارێزگاکە بریتیە لە حەفت سەدو پەنجاو دوو بنکەی تەندروستی کە زۆربەیەکی زۆریان بەراستی ناتوانرێت کە ئێستە بەرین بەرێوە، لەبەر نەبوونی کادری پزشکی بەتوانا، جا لەبەر ئەوە، سەرباری ئەوە ئێستا دوو بارە پێشنیارکراوە بنکەی تریش دروست بکرێت.

13- داواکارین لە موازەنەی تەخمینی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەو بڕە پارەیەی کەدانراوە بۆ تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی کە بریتیە لە (39535) سی و نۆ ملیارو پێنج سەدو سی وپێنج ملیۆن دینار، بکرێت بە (150) سەدو بەنجا ملیار دینار، لەبەر ئەوەی کە بودجەی تەکمیلی یان مەجال ئەبێت یان نا؟ بەراستی ئێمە نامانەوێ قسەی لەسەر بکەین لەمە زیاتر.

14- داواکارین وەزارەتی ژینگە بودجەیان بۆ تەرخان بکرێت بۆ هوشیاری ژینگەیی لە سلێمانی و دهۆك هەروەك لە هەولێرەیە لەسەر بودجەی پارێزگاکان کە (400,000,000) (چوارسەد ملیۆن دینار) یان بۆ تەرخان کراوە، لە راستیا ئەمە لە هەولێر تەرخان کراوە لە دهوك و سلیمانیا نەکراوە، وەزارەتی ژینگە وەکو هەموومان دەزانین وەزارەتێکی تازەیە و ئەرکێکی گەورەی دەکەوێتە سەر بۆ پاکو خاوێنی ژینگەی کوردستان، لەبەر ئەوە بەراستی پێویستە ئەهمیەتی پێبدرێت.

15- پێشنیار دەکەین قەرز بدرێت بەو هاوواڵتیانەی پرۆژەی بەرهەمهێنەر دەکەنەوە (وەك لە عێراق هەیە کە 30ملیۆن دیناره)، تەبیعی ئەمە پەیوەندی بەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیەوە هەیە، بۆیە باسی ئەکەین.

16- پشتگیری وەزارەتی ژینگە ئەکەین بۆ تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت لەبەشی وەبەرهێنان (الاستثمار)لەبودجەی وەزارەت بەمەبەستی ئەنجامدانی ئامارو رووپێوی تایبەت بەو ناوچانەی کەبە چەکی کیمیایی بۆردومان کراون، هەروەها بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی کە پێشکەشیان کردووە وەك تاقیگەی ژینگەیی بۆ ئاوو هەواو خاك.

17- ئەو قەرزانەی وەزارەتی دارایی داویەتی بەوەزارەتی پێشمەرگە ساڵی 2007 گەر هات وحکومەتی هەرێم قەربوو کرایەوە پێوستە پەرلەمانی لێ ئاگادار بکرێتەوە .

18- وەك لە یاسای بوجەی عێراق دا هاتووە کە خەرج کردنی بڕە پارەی خەرجی مسروفاتی حاکمە پێوستە بە ڕاویژبێت لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراق ووەزارەتی دارایی هەرێم، بەڵام هیچ میکانزمێك دیار نیە بۆ ئەنجام دانی ئەم ئەرکە، لەبەر ئەوە پێویستە لەراستیا ئەمە قسەی لەسەر بکرێت و ئەمە نەك هەر ئەرکی وەزارەتی دارایییە، ئەرکی سەرۆکاتی کوردستانە بەراستی لەگەڵ سەرکردەکانی عێراقدا.

19- لەڕاپۆرتی وەزیری دارا یدا هاتووە کە هەتا مانگی 2007/2 چوار جار عێراق دەستکاری بوجەی کردووە، بۆیە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ووەزارەتی دارایی هەرێم ئەبێ هەوڵ بدەن ئەمە دووبارە نەبیت لە 2008 .

20- لەبەر ئەوەی رێژەی مووچە خۆرانی هەرێم زۆر بەرزە کە 40.2٪ بودجەی هەرێم پێك ئەهێنێ، ئەبی هەوڵبدرێت دامەزراندن لەم وەزارەت ودەزگایانەدا کەم بکرێتەوە وەك ناوخۆ، ئاسایش، شارەوانی، ئەوقاف ودامەزراندن تەنها بۆ دەرچوانی زانکۆکان و ئەوپسپۆرو شارەزایانە بن کە پسپۆری و توانایان زۆر بەسوودن بۆ کارەکانی حکومەت، لەراستیا نامەوی بچمە سەری، بەڵام وەکو دەردەکەوێ وەزارەتی ناوخۆ هەرچەند بەتەنها ئەرکەکەیان زۆر زۆر گرانە نیزیکەی سەد هەزار مووچە خۆریان هەیە لە هەردوولا.

21/- پێوستە نەفەقاتی حاکمە وسیادی روون بکرێتەوە ولەسەری رێك بکەون وبەکورتی پێوستە پێناسە(تعریف) بکرێت.

ئەمەیە بەکورتی راپۆرتی ئێمە لەبارەی بودجەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس کاك د. فؤاد بۆ ئەو راپۆتە، تەبعەن راپۆرتەکە هەمووی پێشنیارن و پێشنیاری بەجێیشن روو بەرووی وەزارەتی تەندروستیش دەبنەوە زوریان، یەك شت هەیە ئێمە ناتوانین بودجە لێرە زیاد بکەین، ئەو پارەی تەرخان کراوە لەوێ تەرخان کراوە قەت زیادناکرێت، ئەگەر کەسێك ئیقتراحی کرد کەمی بکەینەوە ئەوە مەوزوعی بەحسە، ئەوە دەکرێت هۆیەکانی دیاربکات، بۆیە مادام کەم کردنەوەی تێدا نەبێت، یەعنی موافەقەت کراوە لەسەر ئەو بڕە پارەیەی کە تەرخان کراوە، ئەوە یەك، دوویش، ئەوەکانی تر هەمووی پێشنیارن بۆ ئایندە، پێشنیارن بۆ ئەو بودجە تەکمیلیەی ئەگەر مەجال هەبێت ئەوە وەزارەتی دارایی و ئابووری وپلاندانان هەردوکیان لێرەن گوێیان لەو پێشنیارانە دەبێت کە لە لایەن لێژنەکانەوە

دەنێردرێت بۆ تەرخانکردنی بڕیك پارەی زیادتر بە پێی ئیحتیاجات و بە پێی ئەو پارەیەی کە دەگات، بەپێی ئەولەویات رەچاوی بکەن، ئەگەر کەسێك قسەی لەسەر نیە یەك بە یەك دەیخەمە دەنگدانەوە.
فەرموو سۆزان خان.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

دەستخۆشی لە لیژنەی تەندروستی ئەکەم، بەڵام من یەك پرسیارم هەیە ئەوان بەس تەنها باسی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتیان کردووە، من ئەمەوێ چونکە لەبەرنامەی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی هاتووە کە شێڵتەری پاراستنی ژنانیش لەلای ئەوان بکرێتەوە، پرسیارەکەی من بۆ ئەوان ئەوەیە ئایە لەناو بودجەکەیا پارە تەرخان کراوە بۆ ئەو کارە یاخود نە؟ شێڵتەری ژنان، چونکە بڕیار دراوە لەسەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

د. هالە فەرموو.

بەڕێز د. هالە سهیل وادی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پشتگیری ڕاپۆرتی خۆمان دەکەم، بەڵام دەمەوێ باسی شتێکی زۆر گەورە بکەم کە ئەمڕۆ هەڕەشەیەکی زۆر گەورەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان، ئەو هەڕەشەیەش هەڕەشەی خۆراکەو هەڕەشەی دەرمانە کە بەبێ مواسەفات و مەوادی تر لەگەڵ خۆراکەکە دێتە کوردستان، ئێستا دەزگایەك هەیە سەر بەهیچ وەزارەتێك نیە بەراستی نە تەندروستی و نە بازرگانی و هیچ وەزارەتێکی تر نیە کە دەزگای کوالەتی کۆنترۆڵە و چارەسەری ئەو کێشەیەیش لای ئەو دەزگایەیە و گەورەترین کێشەی ئەو دەزگایە ئەوەیە کە بودجەی تایبەتی نیەو ناتوانێت وەکو پێویست بەئەرکی خۆی هەڵبستێ، من لێرە حەزدەکەم داوا لەبەڕێز وەزیری مالییە بکەم کە زۆر ئەتیمام بەو دەزگایە بدرێت، بەراستی ئێمە ئەو کێشەیەمان پێ حەل ناکرێت و کێشەیەکی زۆر گەورەیەو رۆژ بەرۆژ بۆمان دەر ئەکەوێ ئەو خواردنانەی کەلەبازار هەیە زۆربەی مەوادی موستەنعی تێدایە بەنسبەیەکی زۆر گەورەیش، کێشەی تریش هەیە، کێشەی حەزانە، داینگە کە سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیە، بەراستی وەك پێویست ئەتیمام بە حەزانە نادرێت، هەر ژنێك بیەوێ لەدەرەوەی مالێ کار بکات یەکەم پرسیار ئەوەیە کە منداڵەکەی لەکوێ دابنێت، ئەو داینگانەی کە ئەمڕۆ هەن مەساحەیان زۆر گچکەیە، ژمارەیان زۆر کەمە، ژمارەی منداڵەکانیان زۆر زۆرە کە ناتوانن وەکو پێوست خزمەتی منداڵەکان بکەن وە ئێمە ژنانی زۆر پسپۆڕمان هەیە کە ناتوانن کار بکەن لەبەر کێشەی منداڵ و داینگە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس د. هالە، دەبوایە ئەو داواکاریانە لەلیژنەکە بکرێت و بنووسرێت، چونکە ئەوانە لەراستیدا هەمووی پێشنیارن، زۆر سوپاس. صبریە خان فەرموو.

بەڕێز صبریە غفار امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەتوانم بڵێم بەشێکی وەکالەتە، چونکە من پشتگیری لیژنەی خۆمان دەکەم و راپۆرتەکەی ئەکەم و بەڕێز تافگە خان وەکو مەلەفی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی و منداڵان کە مەلەفی تایبەتی لا هەیە دوو، سێ داوا کاری هەبوو دەیخەمە بەر دەستی جەنابتان کە بەراستی ئێمەیش لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ودانیشتن لە گەڵ بەڕێز جەنابی وەزیرا ئیشارەتمان بەو خەلەلە گەورە کرد.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، لەزۆربەی وڵاتانا وەزارەتی کاروکاروبای کۆمەڵایەتی مەنفەزێکی وەبەر هێنانە، یەعنی زۆرێك لەو وڵاتانە بەشێك لە داهاتی میللەت و وڵات لە وەزارەتێکی وەك کاروکاروبای کۆمەڵایەتی بۆی دێت، ئەوەی ئێمە هەمووی ئیستیهلاکە، لەکاتێکدا کە ئیستیهلاکەو سەرف دەبێت ودەڕوات، ئەتوانین بڵێین شێوازی تەوزیعەکەی دیار نیە بۆ نموونە ئەمساڵ ئەوەی داوا کاری وەزارەتی کاربووە سەبارەت بە پێداچوونەوەو بوونی سەنتەرات و مەراکیزی کۆمەڵایەتی تایبەت کە جارێکی تر بنیادی تاکی کۆمەڵگەی کوردی دروست بکاتەوە بەدی ناکرێت و بەشێکی چاك سازی کۆمەڵایەتی هەر بەدی ناکرێت، ئەوەی د. هالە ئاماژەی پێی کرد کە بوونی حەزانەو رەوزە بەدی ناکرێت وە ئەوانەی پێداویستیە تایبەتییەکان، من نموونەیەك بۆ جەنابتان ئەهێنمەوە، لە هەڵەبجە خێمەیەکیان هەڵداوە سێ ساڵە داوای بوونی شوێنێك دەکەن کە خۆیانی تیا ببینەوە تاکو ئێستا بۆیان دابین نەکراوە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس صبریە خان، بەڵام بەراستی ئەوە حەق نیە هەردووکتان ئەندامی لیژنەی تەندروستین و راپۆرت بەتەواوی خوێنرایەوەو وەختان وەرگرت، دەبوایە لەوێ ئەو مولاحەزاتانەتان بنووسن، کاك جعفر فەرموو.

بەڕێز جعفر مصطفی معروف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پێشنیارێکم هەیە بۆ وەزارەتی دارایی کە پشتیوانی تەواو لەو سێ وەزارەتە بکات، لەبەر ئەوەی زۆر زەرورن و یەك، دوو پێشنیارم هەیە بۆ وەزارەتی پلاندانان، یەکەم بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی لە کوردستان هیچ بەرنامەیەکیان هەیە؟ دووهەم بۆ پاراستنی ژینگە هیچ شتێك کراوە؟ سێهەم بۆ بەرگری لە هێنانی ئەو هەموو دەرمانی ئێکس پایەرە هیچ پلانێك هەیە کە بەرگری لێ بکرێت؟ بۆ ئەوەی نەیەتە کوردستان،

شتێکی کەیش هەیە من جارەکەی تر حەقی قسەم نەبوو، منیش ئەمەوێت، بەراستی داوای لێبوردن ئەکەم کە ئەو قسە ئەکەم زۆر بەداخەوە بۆ هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە دەچنە باسی هەندێ موزوعەوە لەبەر خاتری جەریدەو تەلەفزیۆن و ئەو کەسانەی کە لێرەوە ئەو قسانە دەکەن ئەبێت زۆر چاك بزانن حکومەتەکە پەنجا بە پەنجایە تاکو ئێستا، ئەگەر گەندەڵی هەبێت لەحکومەت و لە حسەکانایە، تاکو نهایەتی ساڵی 2007 میزانیە بەش کراوە، ئەوە هەردوو لایەنیان مەسئولن، هەردوو وەزارەت هەر مەسئولن ئەمە یەك، دوو وەزارەتی دارایی مەسئول نیە لەسەر گەندەڵی کوردستان، هەر وەزارەتێ خۆی مەسئولە لەو میزانییەی کە بۆی تەخسیس کراوە، وەزارەتی دارایی بانقێکە پارە دەداتە ئەو وەزارەتانەو ئەوان مەسئولن لەسەرف کردنی، لەبەر ئەوە برادەران وا قسە ئەکەن کە ئەوان هەموو پیاوی چاکن و ئەم تەرەف پیاوی خراپن، وانیە هەموومان موشتەرەکین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ڤیان خان فەرموو.

بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

برسیارەکەم ئاراستەی وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتیە، بەڵام لەرێگای وەزارەتی مالیەوە، کە لێرە وەزارەتی کاروباری ژنان وەزارەت نیە، بەڵام نوسینگەیە، هیچ میزانیەکی نیە بۆ کاروباری ژنان وەکو سندوقێکی پاڵ پشتی ژنان و ئافرەتان، لێرە داوا کارین لە وەزارەتی مالیە کەوا سەندوقێکی پاڵپشتی و پشتگیری بۆ کارو باری ژنان تەرخان بکرێت، چونکە بودجەی تەرخان کراوی نیە ئەوە لێرە دەیگرێتەوە، پێشتر ئاماژەیان پێی کرد، بەڵام دەچێتە ئەو بابە لێرە، خاڵی دوهەمیشم دوو بارە بۆ وەزارەتی مالیە، ئایا وەزارەتی مالیە هیچ پلانێکی هەیە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی بێ کاری وەکو ئەوەی کە لەبەغدا هەیە کە ئەمەیش لەرێگای پشتیوانی کردن وقەرزدانە بەکەرتی تایبەتی و یان رەخساندنی هەلی کارکردن بۆ خەڵکەکە؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك ئارام فەرموو.

بەڕێز ئارام رسول مامند:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەبەر رۆشنایی ئەو راپۆرتانەی کە دەخوێنرێتەوە و هەروەزارەتێك کە ئێمە موناقەشەی بودجەکەی دەکەین، دەبێنین ئەمە تیکرار دەبێتەوەو هەموو لیژنەکان داوا دەکەن ئەو بڕە بودجەیەی کە بۆ وەزارەتەکە دانراوە زیاد بکرێت، جارێکی تر دەمەوێ تەئکید لەو خاڵە بکەمەوە کە پێویستە پەرلەمان لە راپۆرتی خۆیدا داوا بکات حکومەتی فیدرالێ بڕی میزانیەی هەرێم زیاد بکات یاخود میزانیەکی ترمان بۆ بنیرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك ئارام ئەو قسانەت تیکرارە، دوێنێ د. کمال باسی کردو جەنابتیش باست کرد، خۆتیش باشتر دەزانێت بودجە لەبەغدا ئێستا کە سالێکی بەسەردا رۆیشتیە، چۆن دەبێت زیاد بکرێت؟ هەر زیاد ناکرێت، میزانیەی تەکمیلی هەرچەند زیاد بکرێت هەر 17٪ دا زیاد دەکرێت، بۆ سالّی داهاتوو دەبێت خەبات بکەین ئەو وەختە کەرکووك دێتە سەری انشاء الله، خانەقین دێتە سەری، سنجار وناوچەکانی تر دێتە سەری، ئەو کاتە دەکرێت ئەم خەباتە ئێستا ناکرێت، راپۆرتی لیژنەی تەندروستی بۆ وەزارەتەکانی تریشە.

کاك غفور فەرموو.

بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەنیسبەت وەزارەتی تەندروستی، لێرە من داوا دەکەم لە بودجەی خۆیدا نەخوشخانەیەك بۆ مەخمور دروست بکات.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك غفور دەرچووی لە مەوزوعی سەرەکی،ئێمە باسی میزانییەك دەکەین کە دانراوە، مەخمور کە هاتە سەر هەرێم ئەو کاتە میزانیەی خۆی لەگەلّ خۆی دەهێنێت بایەخیشی زیاتر پێ دەدرێت، وەکو پێویستێتی، وەکو ئەو زەرەرەی کەپێی کەوتووە لەسالّانەی لەئێمە، فەرموو جەنابت دانیشە.

لە جێ بەجێ کردنی میزانیە جەنابی وەزیری دارایی و وەزیری تەندروستی هەر وەها پارێزگاری هەولێر گوێی لە ئێمەیە، پێی دەلّێین ئاگادار بێت ئەوەی پێی بکرێت بۆ پشتگیری کردنی داواکاری خەلّکی مەخمور بیکات.

ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەلّ بودجەی وەزارەتی تەندروسیە؟ دەستی بلّندکات، کێ لە گەلّیا نیە؟ بە کۆی دەنگ قەبۆلّ کرا.

کێ لەگەلّ بودجەی وەزارەتی ژینگەیە؟ دەستی بلّندکات، کێ لە گەلّیا نیە؟ بە کۆی دەنگ قەبۆلّ کرا.

کێ لەگەلّ بودجەی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلّایەتی یە؟ دەستی بلّندکات، کێ لە گەلّیا نیە؟ بە کۆی دەنگ قەبۆلّ کرا.

بچن بۆ خوێندنەوەی بودجەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال.

بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجییەکانی وەزارەتی شهیدان و ئەنفال (278627) دوو سەدو حەفتاو هەشت ملیارو شەش سەدو بیست و حەفت ملیۆن دیناره، دەکات 5,87٪ .

خەرجییەکانی کارپێکردنی وەزارەتی مافی مرۆڤ (4983) چوار ملیارو نۆ سەدو هەشتاو سێ ملیۆن دینارە، دەکاتە 1,1٪.

بەڕێز احسان عبدالله قاسم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجی پڕۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی شەهیدان وئەنفال کراوەکان (3666) سێ ملیارو شەش سەدو شەست شەش ملیۆن دینارە. وەزارەتی مافی مرۆڤ هیچ خەرجی پڕۆژە سەرمایەکانی نیە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، کە واتە راپۆرتی هەردوو وەزارەتی مافی مرۆڤ و شەهیدان کاك محمد فرج سەرۆکی لیژنە دەیخوێنێتەوە، فەرموو.

بەڕێز محمد فرج احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ

سەرەتا ئێمە بۆ مافی مرۆڤ هیچمان نەنووسی، یەکەم زۆر کەمە باسەکەی، دووهەمیش کەوتوەتەوە ڕێزبەندی وەزارەتی تردوە، لەبەر ئەوە زۆر لەسەری نەڕۆیشتین، تەنها لەسەر وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوەکان ئێمە قسەمان کردووە، کۆبوونەوەیەکی کرد بۆ تاوتوێکردنی پڕۆژە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2008 تابیەت بە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، لە کۆبونەوەکەدا بەڕێز وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ئامادە بوو، لە کۆبوونەوەکەدا دوای گفتوگۆو بیروراگۆڕینەوە لەسەرتاپای پلانی وەزارەتەکەبۆ ساڵی 2008 ، وەکو لیژنە پێمان باشە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە وەزارەت لە پلانی ساڵی2008 دا جەختی لەسەردەکات کە بڕە پارەیەکی ئەبێ بۆ تەرخان بکرێت:

1. بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ بکرێت:

ئێوە ئەوە دەزانن لە کوردستانا چوار کەیس هەیە پێویستی بە دادگایی کردنە، تەنها یەکێکیان تەواو بووە ئەوەیش کە ئەنفالە، سێ کەیسی تر ماوە، ئەمانە پێویستیان بە بڕێ پارە هەیە، یەعنی لەناو ئەم وەزارەتە بۆی تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی وەکو ئەنفالی لێنەیەت، یەعنی بینیمان ئەو موحامیانەی کە لەو بوارەدا ئیشیان دەکرد کومەڵێك گرفتیان بۆ دروست بوو، لەبەر ئەوە جێگەی خۆیەتی ئەم وەزارەتەیش بەیوەندی بە کۆمەڵێ تویژەوە هەیە زۆر حەساسن، یەعنی ئەوانە کە گیانی خۆیان بەخت کردووە، چ شەهیدی سەنگەر بێت چ ئەوانەی کە لەو کارەساتە گەوردا رۆیشتن، بەراستی پێویستیان بە وە هەیە کە زیاتر بە دەمیانەوە بین و ئەویش کە کراوە، شتی باش کراوە، بەڵام لە ئاستی پێداویستەکانی ئەوانا نیە، ئەم مەسەلانە پێویستی بەلا لێکردنەوە هەیە، ئەم کەیسانە ئێمە ئەگەر بەجدی بچینە پێشەوە دوو شتی زۆر موهیم بۆ ئێمە دروست دەکەن، یەکەم: هەر بڕیاری لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دەردەکرێت، ئەوە ئەبێتە بنەمایەکی زۆر مەحکەم بۆ ئەوەی ئێمە بەناساندنی جینوساید کاری لەسەر بکەین، چەند خاڵێکی تر هەیە زۆر گرنگە ئەمەیش پێویستی بە بڕێك پارە هەیە ئەبێ وەزارەتی مالیە ئەگەر لێرەیشا ناکرێت لەتەکمیلیا ئەمەیان بۆ تەواو کات، چارەسەرکردنی نەخۆشی کەس و کاری شەهیدانی کیمیاباران و ئەنفال،

لا یزال گرفتێکی زۆر گەورەیە، ئەڵێن رۆژانە چەندین کەس دێن موراجەعەی ئێمە دەکەن، دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و هێنانەوەیان بۆ زێدی خۆیان دیارە ژمارەی ئەمانە ژمارەیەکی زۆر زۆرە کە ئەم وەزارەتە بە ئەمەی کە ئێستا هەیەتی ناتوانی هیچ بکات، دروستکردنی مۆنۆمێنتێك کەرەمزی جینۆسایدی گەلی کوردستان بێت، جگە لەوەی کە لەشوێنەکاندا دروست دەکرێت، بەڵام جێگەی خۆیەتی ئێمەیش وەکو هەر میللەتێکی تر، هەر نەتەوەیەکی تر رەمزێکی گەورە لەجێگایەکا ببێت کە خەڵکی بڵێن ئەمە رەمزی ئەساسی ئەوەیە، پێنجەم: کردنەوەی بنکەی مەشق و راهێنانی پیشەیی بۆ کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، ئەمە ئێستا هەیە بەشێوەیەکی زۆر بیدائیە، ئەویش ئەو رێکخراوو مونەزەمانە دەیکەن، مەسەلەن وەکو کۆریەکان لەدەورو بەری هەولێر نەبێت دەرناچن بۆ شوێنی تر، بەڵام ئێمە دەزانین قورسایی قوربانیانی کیمیاباران و ئەنفال لەکوێیە، ئەوە پێویستی بە میزانیەکی نوێیە بۆی بکرێت، ئێمەیش وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ چەند پێشنیارێکمان هەیە بۆ ئەم وەزارەتە:

1. هاوکاری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لەگەڵ ئەو رێکخراوانەی کەلە هەندەرانن کە تایبەت مەندیان هەیە لە بواری کیمیاباران هەڵەبجەو ئەنفالدا کاردەکەن، کۆمەڵێك رێکخراو هەن ناتوانن کار بکەن پێویستیان بەهاوکاری هەیە، پێویستیان بە پارە هەیە، ئەوانە ئیشی زۆر باش ئەکەن لەناساندنی ئەم کارەساتە بەئەنفال، لەبەر ئەوەی زۆر جار جێگەی خۆیەتی ئەم وەزارەتە یارمەتی وکۆمەکیان بکات، ئەم وەزارەتەیش نیەتی، لەبەر ئەوە ئێمە داوا ئەکەین لەمیزانیەی تەکمیلی ئەمە چارەسەرێکی بۆ بدوزرێتەوەو وەزارەتی مالییە کاری بۆ بکات

2. وەزارەت بەدواداچوونی یاسایی تەواوی ئەو کۆمپانیانە بکات کەچەکی کیمییاییان داوەتە رژێمی پێشوو، من شتێکتان بۆ بگێڕمەوە، ئەو برادەرانەی کە لەهۆڵەندان، هانزرات بۆ جاری دووهەم ویستی بە کەیسەکەی خۆیا بچیتەوە، پارێزەری گرتبوو ئەوایش داوایان کرد، ئێمەیش داوامان کرد لە سەرۆکایەتی هەرێم وئەوانیش بەسوپاسەوە داوایەکی زۆر کەم بوو داوای 5000 هەزار دۆلاریان کرد، توانیان موحامیەك بگرن جارێکی تریش هانزرات بدەنە زەویاو نەهیلن ئەو کەیسە بباتەوە، ئەمە پێویستی بەلاکردنەوەیەك هەیە، ئەگەر وەزراەتی مالیە ئەمە لەبەر چاو نەگرێت بۆ تەکمیلێکە ناتوانێت ئەم شتانە بکات و ئەمە شتێکی زۆر زەروریشە بەراستی0

3. بڕێ لە بودجەی تەکمیلی تەرخان بکرێت بۆ کەس وکاری شەهیدانی هەڵەبجەو ئەنفالکراوەکان، یەعنی ئەمانە بەردەوام داواکانیان بەڕێوەیە بەردەوام، لەبەر ئەوە ئەگەر بەموتەقەتعیش بێت پێم وایە باشە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، مامۆستا تەواو وانیە؟ ئێستا تەسویتی دەکەین لەبەر ئەوەی داوای زیادە دەکات، نەسرین خان فەرموو.

بەڕێز نەسرین محمد صالح:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەو بودجەیەی کە بۆ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوەکان تەرخان کراوە زۆر کەمە لەئاست و داخوازی و کێشەکانی بنەماڵەکانـدا نیـە، ئەگـەر بودجەکـە زیابوایـە ئـەوە مووچـەکانیان زیـاد دەکـرا، ئەگـەر ئـەو بودجەی دانراوە لەمە زیاتر بوایە مووچەکانیان زیاتر ئەبو وە ئەو زەویانەیش، زۆربـەی ماڵـە شـەهیدەکان زەویان وەرگرتووە، ئەو زەویەی کە وەریان گرتووە ناتوانن بیکەنە خانوو، ئەگەر ئەم بودجەیـە زیـاد بوایـە یارمەتیەکیان بدرایە لەلایەن دەزگای شەهیدانەوە لەگـەڵ پێشـینەی خانووەکـە دەیـانتوانی بیکەنـە خـانوو وهەندێ بنەماڵە هەیە زۆربەیان نەخۆشـن، بـەڵێ ئێمـە خەسـتەخانەمان هەیـە لـەناو هـەرێمی کوردسـتانا، بەڵام هەندێکیان پێویستیان بەدەرەوەی وڵاتـ هەیە، ئەوەیش ئەگەر بودجەکە زیـاد بوایـە هەنـدێك لەوانـە دەنێریتە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەرکردنی نەخوشێکانیان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك جمال فەرموو.

بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەحەقیقەت من ئەوەی پێشنیار دەکەم، ئەگەر بکرێت موناقەلەی ئەو بۆدجە بکرێت بۆ موقازاتی کۆمپانیا بیانییەکانی دەرەوە، ئەوانەی چەکی کیمیاویان دروست کردووە و دژی خەڵکی کوردستانیان بـەکار هێنـاوە، جەنابتان ئاگادارن کە ئەو کۆمپانیانە چەکی کیمیاویان دروست کردوەو دایانە بەحکومەتی عێراقی بەکاری هێناوە دژی خەڵکی کوردستان، بودجەیەك هەبێت بۆ موقـازاتی کۆمپانیـا بیانییـەکان، هـەر زمـنی وەزارەت خۆی، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك عادل فەرموو.

بەڕێز عادل محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەگەل پشتگیریم بۆ داواکەی کاك محمد، منیش ئەو بودجەیە بەکەم دەزانم، لەبەر ئەوەی ئێمە هەرخۆمان لێرە دوو قانونمان دەرکرد، قانونی مافی کەس و کاری شەهیدوئەنفال، وەزارەت نەیتوانی جـێ بـەجێی کـات، لەبـەر ئـەوەی بودجەکـەی نـەبوو، یـەعنی تـاکو ئێسـتا بـەپێی قانونەکـە مووچـەی کـەس و کـاری شـەهید بەتایبەتی ئەنفال بەپێی ئەوە نەیتوانیە ئیشکات، بۆیـە بەراسـتی منـیش بەکـەمی ئـەزانم جگـە لـەقانونی سـەندوقی یارمـەتی کـەس و کـاری شـەهید و ئـەنفالمان هەیـە، بۆیـە منـیش پشـتگیری ئـەو رایـە دەکـەم کەپێویستە ئەو بودجە تەشغیلیەی وەزارەتی شەهیدان وئەنفال زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێوە داوای زیاد کردن دەکەن، من پشتگیریتان دەکەم، بەڵام عەرزم کردن وتم زیاد کردنەکە سێ ڕێگای هەیە یان دەبێت بە عەجز بێت و بە عەجز شتێکی باش نیە، شتێك زیاد بکەێت، ئان ئەبێت لە میزانیەی تەرەفێك کەم کەیتەوە کە ئەوەیش بۆ ئەغەڵەب میزانییەکان داوای زیادەتان کردووە، ئەوەیش ناکرێت، تەنها ڕێگا ئەوەیە میزانیە تەکمیلێکەیە، ئەویش زۆر بواری لەپێشە، زۆر شت هەیە، مەسەلەی وشکە سالّی لەپێشە، زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەرانی لەپێشە، تەرخان کردنی پارەیە بۆ سەلفەی عەقار، بەڵام لەگەڵ ئەویشدا داواکاریەکان حەقن روو بە رووبان دەکەینەوە، چەند ئیهتیمام بە شەهیدان بدرێت کەمە، واجیبە لەسەر شانمان و هیچ منەتیشی نیە، پێویست ناکات بیخەینە دەنگدانیشەوە، هەموو دەزانم پشتگیری ئەوەن، چەند ئیهتیمام بەئەوان بدرێت و بودجەیان بۆ تەرخان بکرێت وە ئەگەر ئەو مەحکەمەیەیش کە هاتە پێشەوە بایی ئەوەندە مەساریفی موتەفەریقە هەیە بتوانین لێی دەربێنین کە بکرێتەوە، ئەگەر شتێکی تایبەت نیە و هەر پشتگیری کردنە ئەوە هەموومان پشتگیری دەکەین، تکام وایە قسەکان تێکەڵ مەکەن، هەرجی دەڵێن موئەیدن وهەموشتان موئەیدن، ئێستا بودجەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوەکان دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی؟ تکایە دەستی بڵند کات، زۆر سوپاس.

بودجەی وەزارەتی مافی مرۆڤ دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی؟ تکایە دەستی بڵند کات، فەرموون بەکۆی دەنگ هەردووکی قەبوڵ کرا، بۆ وەزارەتی ئەوقاف و شئونی دینی.

کاك کریم فەرموو.

بەڕێز کریم محمد شریف(جوتیار):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجییەکانی کارپێکردن بۆ وەزارەتی ئەوقاف وکاروکاروبای دینی (69400) شەست و نۆ ملیارو چوارسەد ملیۆن دیناره، دەکات 1,46٪.

بەڕێز احسان عبدالله قاسم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجێ پڕۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی ئەوقاف وکاروکاروبای ئاینی یەك ملیارو حەفتاو هەشت ملیۆن دیناره.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك سعد الدین فەرموو.

بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن

لەگەل ئەوەی کە لەگەڵ جەنابی وەزیری ئەوقاف دانیشتنمان کردو لەگەڵ بەڕێوەبەری وەزارەتی ئەوقاف دانیشتنمان کرد، تەبیعی ئەو بڕە پارەیەی کە پێی دەوترێت نەفەقاتی ئیستیسماری کە دانرایە بۆ وەزارەتی ئەوقاف کەم کرایەتەوە، ئەو کەم کردنەوەیش لەبەر هۆیەکە دیارە خەڵکێکی زۆر چاوی لەوەیە

که مزگەوت دروست دەکات، یەعنی ئەو مەشاریعە ئیستیسماریانەی کە لە وەزارەتی ئەوقاف ئەنجام دە دریّت زیاتر خەڵکێکی خێر خواز پێی هەڵدەسێت، لەسەر قسەی وەزیری ئەوقاف دەڵێت ئێمە ئێستا کە شەست و حەفت مزگەوتمان هەیە کە وا خەڵکێکی خێر خواز تەقدیمی کردووەو دروستی دەکات، جا ئەوە لێرە ئیشکالێك هەیە ئێستاکە، یەعنی ئیشکالێك هەیە لە مابەینی خەڵکەکەو لەبەینی وەزارەتی ئەوقاف.

جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەوەی کە وترایە لە راپۆرتەکە تەقریبا لەگەڵ ئەمە یەك دەکاتەوە، تەنها دوو خاڵ نەبێت، خاڵی یەکەم ئەوەیە لەمەشروعی ئیستسماری کەم کرایەتەوە، لەبەر ئەو هۆیەی کە باسمان کرد، دووهەمیش ئەو نوقتەیە کە ئەبێ ئێمە روونی بکەینەوە، ئەوەیە کە قەزیەی حەجە، قەزیەی حەجیش کە لێرە مام ڕەشاد باسی کرد وەکو سەرۆکی شارەوانی ئەوەیە کە موساعەدەی خەڵکەکە دەکات لەبۆ ئەوەی کەچوونە حەج، لێرەش چوونە حەج ئەوە پەیوەندی بە وەزارەتی خاریجیەوە هەیە، لە ئیختیساساتی وەزارەتی خاریجیە و ئێمەش وەزارەتی خاریجیەمان نیە وئەوان ئیشەکە جێ بەجێدەکەن و ئەوەندەیە ئیشەکە زیاتر نیە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

پرسیار کرا بۆیە منیش دەپرسم، فەقەت ئەو پرسیارە هەیە نەك ئێستا پێشتریش مەسرەفی حەج یا ئەو پارەیە لەبودجەی هەرێم دەعم دەکرێت یان نە، هەندێك کەس پێیان وایە ئەو دەعمە پێویست ناکات، هەندی ئەندام پەرلەمان قسەی وایان کرد، ئەو دەعمەی حەج دەکرێت لەبودجەی هەرێمە یاخود لە ئیتیحادیە، کاك سەرکیس فەرموو.

بەڕێز سەرکیس اغا جان/وەزیری دارایی وئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەزمنی خەرجییەکانی حاکیمەیە کە ئێمەیش 17٪ مان هەیە، بەڵام ئەگەر بێت و خەرجییەکانی حاکیمە بۆ ساڵێکی کە هاتە سەر میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کاتە دەتوانن بڕیار بدەن کە ئەو خەرجیە نەمێنێت، بەس ئێستا لەسەر حاکیمەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

لەبەر ئەوەی مادام حاکیمیە، ئەو مەوزوعە لێرە موناقەشە کردنی باش نیە، دواییش نابێت قەرارێك بۆ سەر تاسەری عێراق درابێت ناکرێت ئەو فەرقە هەبێت، لێرە خەڵکانێك پێویستی بە پارەی زیاتر بێت بۆ چوونە حەج و لە بەغدا هەرزان تر بێت، ئەوە پێم وایە دەبێ قەرارێکی عام بێت بۆ هەموو عێراق، بۆیە من میزانیەکەی وەزارەتی ئەوقاف وەکو هەیە دەیخەمە دەنگەوە، فەموو کاك فتاح.

بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من ئەمەوێ باس لەخاڵێك بكەم كە پەیوەندی بە وەزارەتی ئەوقافەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە من پێم وایە رەئی حكومەت وایە كەوا مزگەوت نەكرێت، لەو شارو شوێنانەی كە مزگەوتیان هەیە، بۆیە منیش لەگەڵ ئەو رەئیەم كە لەو شوێنانەی كە مزگەوتیان هەیە جێی خۆیەتی كە مزگەوت نەكرێت، بودجەكەمان بڕوات بۆ ئەو شتانەی كە ئەوڵەویاتیان هەیە لەگەڵ ئەوە دام، بەڵام ئێمە پێویستان بە ئاوەدان كردنەوەی دێهات هەیە، یەكێك لە ئەركی حكومەت، وەزارەتی ئەوقاف ئەوەیە كە هەندێ دێهات هەیە، (70) ماڵە، (100) ماڵە مزگەوتی نیە، بۆیە من داوا ئەكەم لەوەزیری دارایی لەو بودجەیەی كە دانراوە بۆ وەزارەتی ئەوقاف ئیعازێك بدرێت بەڵكو ئەودێهاتانەی كە زۆر زەرورە مزگەوتیان بۆ بكرێت، داوام وایە مزگەوتیان بۆ بكرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، بەڵام دەمەوێ شتێكت بۆ روون كەمەوە، حكومەت قەراری نیە مزگەوت دروست نەكرێت، بەڵام رێنمایی هەیە بۆ چۆنێتی دروست كردنی مزگەوت، بۆ چەندی مەسافە، بۆ بەینی مزگەوتێك و مزگەوتێك چەند بێت، لەشوێنێكی وەكو هەولێر رەنگە رێنمایەكان رێگا نەدەن ئێستا مزگەوتی تازە دروست بكرێت، بەڵام قەراری وا نیە ومن پشتگیری رەئیەكەت دەكەم بۆ ئەو دیهاتانەی كە مزگەوتیان نیە وماڵیان زورە بۆیان دروست بكرێت بە پێی پێویست، دەیخەمە دەنگەوە كێ لەگەڵێتی؟ دەست بڵندكات، بەكۆی دەنگ قەبوڵ كرا، فەرموون.

بۆ وەزارەتی دارایی، پێم وایە پێشتر موناقەشە كرایە، فەرموو كاك كریم بیخوێنەوە.

بەڕێز كریم مجید شریف (جوتیار):

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

خەرجییەكانی وەزارەتی دارایی، (933773) نۆ سەدو سی وسێ ملیارو حەفت سەدو حەفتاو سێ ملیۆن دینارە، دەكات 19,66٪.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

هیچ مولاحەزەتان لەسەری هەیە؟ موناقەشەتان كردووە، نەخێر دیوانی ریقابەی مالی جیاوازە، میزانیەی جیاوازە، كوێستان خان فەرموو.

بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

من دوو مولاحەزەم هەیە، یەكەم: ئەو بودجەیە بەراستی زۆر زۆرە لەسەدا 19,66 زۆرە، سەیرە ئەو بودجە زۆرە بۆ دانراوە بۆ ئەو دوو وەزارەتە، دووهەم: دوێنیێش ئێمە وا بڕیار بوو ئەو دوو وەزارەتەی ناوخۆو هەرێم بەیەكەوە بخەینە دەنگەوە، ئەمڕۆ هیچ موبەڕیرێك نیە ئەو دوو وەزارەتە بەیەكەوە نە خەینە دەنگەوە، بودجەی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی هەرێم بۆ كارو باری دارایی، چونكە هەموو

ئیشەکانیان بەیەکەوەیە راپۆرت بەیەکەوە دەنووسن ئیشەکانیان بەیەکەوەیە، پێویستە ئەمڕۆ بەیەکەوە بیخەینە دەنگەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

لیژنەی داراییش وای وت هەر ڕەقەمەکەیشی بەتێکڕا خوێندیەوە، کاك محمد فەرموو.

بەڕێز محمد حکیم جبار:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

حەقی خۆیەتی کە باسی وەزارەتی دارایی دەکرێت شتێك باس بکەین کە مەسەلەی بودجەی حیزبەکانە، ڕاستە ئەوە یاسای بودجەی حیزبەکان خوێندنەوەی بۆ کرا، بەڵام من دڵنیام لەبەر پڕی کاری پەرلەمانی کوردستان ناتوانین لە 2008 تا وتووێژو موناقەشە لەسەر ئەو یاسایە بکەین، بۆیە من داوا ئەکەم لێرەوە کە لەبەردەستی سەرۆکی حکومەتی کوردستان و جێگری وە هەروەها داوام لە خوشك و برایانی هەردوو فراکسیۆن ئەوەیە کە ئێمە لەموناقەشەی میزانیەی ساڵی پێشوشدا جەنابت وەکو تەوسیە بۆ حکومەتی هەرێم نووسیت، من داوام وایە کە چیتر هەست بەو مەزڵۆمیەت و غوبن و ئەو زوڵمە لەئێمە وەکو حیزبێك دەکرێت دیارە هەموو حیزبەکانی تریش هەر کەس قسەی خۆیان هەیە، بەڵام ئێمە بەحەقیقەت لێرەوە ئەیڵێینەوە وچاوەڕوانی پەسەند کردنی بودجەی هەرێمی کوردستانین، حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپەلە ئاورێك لە بودجەی حیزبەکان بەتایبەت بودجەی ئێمە بداتەوە و ئەو غوبن و مەزڵومیەتە لەسەرمان هەڵبگرێت، جگە لەوەی کە پشتگیری لە پێشنیارەکەی کوێستان خان دەکەم کە ئەو دامو دەزگا وەزارەتانەی کە بەدوو شێوە هاتوون لە سلێمانی و هەولێر ئەوە یەك بخرێنەوە وئێمە تەکریسی ئەو دابەش بوونەیش نەکەین و بەیەك ناو دەنگیان بۆ بدەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس کاك محمد حکیم، منیش ناچارم لەمەوزوعەکە دەربچم، بەڵام ئەو داواکاریە باس کراوە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی، ئیشی تریش باس کراوە پێش ئەوەی موزەکەرەکەی کاك غەفور پێمان بدات، ئێستاش لەسەر موزەکەرەکە هەندێ تەوزیحاتمان بۆ هاتووە لەسەر ئەوە کەسانەی کە ئیمزایان کردووە وتەوزیحاتیان داوە لەرۆژی دیاری کراودا موناقەشەی دەکەین، بەڵام ئەو داواکاریەی ئێوەو یەکگرتوو وحیزبەکانی تریش موناقەشە کراوە و هەر وەها لە ئەنجومەنی سیاسی بە ئامادە بوونی لێپرسراوی یەکەمی حیزبەکان لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی باس کراوە، ئێمە داوامان لێکردوون پێش هەموو شتێك تەوحید بکرێت ئەو یارمەتیە و ئەگەر بێت و بە پێی پێویست ئەوەی کە تۆ ناوی دەنەێت مەزڵومیەت، من دەڵێم بەپێی پێویست، بەپێی پێویست بودجەی تایبەت بۆیان تەرخان بکرێت،

چونکه پێم وایە مەزڵومیەت نیە خوانەخواستە، حکومەت زوڵم لەکەس ناکات، بەڵام پێداویستی ئەو حیزبانەی کە بەشدارن لە حکومەدا، بەشدارن لە پەرلەمانا حەقە دابین بکرێت، من پشتگیری ئەو داواکاریە دەکەم بەتەواوەتی و بەردەوامین لەگفتوگۆ لەگەڵیان و دانیشتنیش لەگەڵ ئێوە دەکەین، د. نوری فەرموو.

بەڕێز نوری جمیل تاڵەبانی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەرووی قانونی لەسەر ئەرزی واقیع دوو وەزارەتی دارایی هەیە، ئەوەیش درێژە پێدانی ئەو واقیعە تاڵەیە کەوا پێشتر هەبوو، ئەوەیش بەو ماعنایە دێت کەوا ئێستا هەر یەکە لەو دوو وەزارەتە بودجەی خۆیان هەیە، ئەوەی ئێمە دەمانەوێ بزانین، پرسیارەکەم ئاراستەی هەردوو بەڕێز وەزیری دارایی دەکرێت ئەوەیە: لەسەر چ بنەمایەك ئەو بودجەیە دابەش کراوە، پێشتر باس لەوە دەکرا رێژەیەکی تایبەتی بو ئیدارەی سلێمانی و رێژەیەك بۆ ئێرە، ئێستایش هەر هەمان شتە؟ یان شتێکی تر، تکا کارم ئەوەیش روون بکەنەوە کەوا ئەو دەمەی هەردوو وەزارەتەکە لەسەر چ بنەمایەك ئەو دوو هزارەتە بودجەکەیشیان یەك دەخرێتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك زرار نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

بەڕێز زرار طاهر امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەراستی دیوانی چاودێری سلێمانی و دیوانی چاودێری هەولێریش پەیوەندیان بە لیژنەی داراییەوە هەیە، دەتوانین لێرە تەواوی دەکەین یەکسەر، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ڤیان خان فەرموو.

بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من دوو پرسیارم هەیە بۆ جەنابی وەزیری مالیە، ئایا کوردستان بەشی هەیە لەو تەحویلاتی حکومیەی کە ئەو هەموو یارمەتیە وئەو مینحە ئیدارییانەی کە لە دەوڵەت دامەزراوە جیهانی و نیۆدەوڵەتییەکان بۆ عێراق دێت ئایا بەشی هەیە کوردستان؟ ئەوە پرسیارێکم، ئەوەی تریشم دانانی سیاسەتی باجی گومرگ، ئایا ئەو سیاسەتەیان دەستی پێ کردووە بۆ رێگرتن لەو کالایانەی کە بە هەمان کوالێتی دێتە کوردستان؟ بەڵام بە شێوەیەکی زۆر هەرزان دەفرۆشرێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەو پرسیارەی کاك نوری و ڤیان خان ئەگەر جەواب بدەنەوە کاك سرکیس، فەرموو.

بەڕێز سرکیس اغاجان/وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەخۆی بودجەکە لەنەتیجەی موناقەشاتی هەر وەزارەتێك ئامادە کراوە، بەپێی پێداویستی، وەزارەتی دارایيش بەهەمان شێوە ئامادە کراوە، ئینجا وەزارەتی دارایی و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی، بودجە زۆرەکەیشی لەبەر ئەوەیە ئیحتیات لەزمنی وەزارەتی داراییە کە زیاتر لە 35٪ ئەو بودجەیە فەقەرەکەی ئیحتیات عامەیە کە لێی پێکهاتووە، وەزارەتیش کە بەڕێز د. نوری باس دەکات، هەر کاتێك هەردوو وەزارەتیش بوون بەیەك، یەعنی هەموو مەساریف دەبێتە یەك، ئەو کاتە دابەش کردن نیە کە بڵێین لەسەر نسبەیەك دابنرێت وبەش دەکرێت، ئەوەی مینحە کە باسیان کرد بەنیسبەت مینحە، مینحە داخلی بودجەی هەرێمی کوردستان نابێت، بەڵام هەر وەکو پێشتر عەرزمان کردن بەپێی یاسای بودجەی ئیتیحادی فیدراڵی لە عێراق 17٪ لەقەروزو مینەح دەبێت بدرێتە هەرێمی کوردستان، تەنها ئەوانە نەبن کە بۆ مەشروعێکی ئیستراتیجی موحەدەد تەرخان دەکرێت، ئەوەی بەنیسبەت موختەبەرات، ئێمە لە نوقاتە سنووریەکان هەوڵمان داوەو هەوڵ دەدەین و دڵنیام ئەمساڵ بە هەوڵ و تەقەلای وەزارەتی پلاندانان زۆر پێشکەوتن دەبێت لەو مەجالەو رێکتر دەبین، نە تەنها ئەو مەوادانەی کە خرابن داخیل بن، بەڵکو شروت و زەوابتیش دادەنرێت، حەتا لە مەنشەئەوە، کام مەنشەئی بێت ئەو مەوادانە دادەنێتن، ئەگەر نە ئێستا بەردەوام موصادەرە دەکرێن و لەناو دەبرێن ئەو نەوعە مەوادانە ناهێڵین داخیلی بازاڕبن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك شێخ بایز پرسیارێك کرا دەڵێت ئەو زیادانە چیە؟ هین هەردوو وەزارەت، ئەگەر تۆزێك بۆیان شەرح بکەی بڵێیت ئەو پارەیە لەکوێ شەرح دەکرێت، فەرموو.

بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەراستی ئەوە وەزارەتی مالیە هەر بە تەبیعەتی ئیشەکەی ئەمەیە، ئەبێ پارەی ئیحتیاتی هەبێت، ئەبێت پارەی هەبێت بۆ رۆژی تەواری، بۆ فەیەزانات، بۆ ئەنواعی شتی تر، ئەوە ئەمساڵ وشکە سااڵێە، حەتا بەعزی حیسابات هەیە دێتە کایەوە غەیر مەنزورەیە، یاخود بەعزێك حیساباتی عەرزی هەیە دێتە کایەوە، ئەمانە هەمووی لەزمنی وەزارەتی مالیەوە سەرف ئەبێت، مووچەی تەقاعودی ئێستاکە لەزیادو کەمایە، تاکو ئێستا ئەو پارەیەی کە عێراق بۆ ئێمەی تەرخان دەکات بۆ ئەوەی فەرقی مووچەی پێ بدەین یاخود فەرقی تەقاعودی پێ بدەین، خۆ ئەو پارەیە لە 17٪ ، جارێ یەکەم قەت 17٪ ناگاتە دەستی ئێمە، یەعنی ئێمە ئێستا ئەمەمان کردووە لەدەم لە 17٪ و لە 17٪، ئەوە دوای حاکیمەو سیادیە، ئەو نیسبەتەی کە دەگاتە ئێمە، ئەسڵا ئێمە ئەبێت دەعمیشی بکەین ئەوجا پارەی تەقاعود بدەین، دعمی بکەین ئەوجا پارەی مووچە بدەین و بەتایبەتی ئێستا ئەو موخەسەساتانەی کە دانراوە ئێستا ئێمە بیدەین و

بڕیارتانیش لەسەر داوە، بڕیارتان لەسەر مووچە داوە، یەعنی ئەوەی لەعێراق بێت ئەبێ ئێمە لێرەتەنفیزی بکەین، لەبەر ئەوەی ئەو پارانە هەمووی لەوشوێنانە دەر ئەچێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێستا وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری کە بودجەکەیان بە تێکەڵاوی خوێنرایەوە لەلایەن لیژنەی دارایی، دەیخەمە دەنگەوە کی لەگەڵێتی؟، فەرموون، کێ لەگەڵی نیە؟ بەزۆربینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ پاشی ئەوە. کاك کریم فەرموو راپۆرتی وەزارەتی، کارەبا و پیشەسازی و سامانە سروشتییەکان بخوێنەوە.

بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجییەکانی کارپێکردنی وەزارەتی پیشەسازی (19141) نۆزدە ملیارو سەدو چلویەك ملیۆن، دەکاتە لەسەدا 0,40٪. خەرجییەکانی کارپێکردنی وەزارەتی کارەبا، (409200) چوار سەدو نۆ ملیارو دوو سەد ملیۆن، دەکاتە 8,62٪.

خەرجییەکانی کارپێکردنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، (29956) بیست و نۆ ملیارو نۆ سەدو پەنجاو شەش ملیۆن، دەکاتە 0,63٪.

بەڕێز احسان عبدالله قاسم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجی پرۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی پیشەسازی (25875) بیست و پێنج ملیارو هەشت سەدو حەفتاو پێنج ملیۆن دینارە.

خەرجی پرۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی کارەبا (507803) پێنج سەدو حەفت ملیارو هەشت سەدو سێ ملیۆن دینارە.

خەرجی پرۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان (3392) سی سێ ملیارو نەوەت و دوو ملیۆن دینارە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك بارزان فەرموو.

بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

راپۆرتی لیژنەی پیشەسازی بۆ ساڵی 2008

لیژنەکەمان دوای زنجیرەیەك کۆبوونەوەو پەیوەندی لەگەڵ هەر یەك لەوەزارەتی کارەباو پیشەسازی وسامانە سروشتییەکان بەمەبەستی تاوتوێکردنی بودجەی ساڵی 2008، چەند سەرنج و پێشنیارێکمان

هەیە دەیخەینە بەردەستی بەڕێزتان، سەبارەت بە بودجە بەشێوەیەکی گشتی پشتیوانی لەراپۆرتەکەی لیژنەی دارایی دەکەین و ئەم پێشنیارانەی خوارەوەمان هەیە.

1- دروست کردنی هەیئەتێکی بسپۆڕی بواری ئابووری بۆ پەرلەمان کەلەسەر جەم کێشە ئابوورییەکاندا هەڵوێستەی یاسایی خۆی هەبێت بۆ ئەوەی بە کەمو کورتیەوە بەسەر پەرلەماندا تێنەپەڕێت و ئاگایشی لەوداهاتە غەیرەی نەوتیانەی عێراق هەبێت وەکو قەرزو مینەح و باج و گومرگ و رسومات و خولی راهێنان وزەمالەی دیراسی زانکۆ جیهانییەکان و یارمەتی تەکنەلۆجیاو سەمادو تۆپ و کۆمپیوترو هەتا دوایی، کە بەداخەوە حکومەتی هەرێم کوردستان وەك پێویست ئاگای لەم بڕگانە نیە و عێراقیش زۆر بە وریاییەوە بودجەی هەرێمی کوردستانی لەو سەرچاوانە بێبەش کردووە.

2- داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە سیستمێکی داتاو زانیاری بۆ هەرێم دروست بکات کە هاوکاری زۆر لەکێشە قورسەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستانەو پێویستە بودجەیەکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکرێت.

3- پێویستە حکومەتی هەرێم لە رێگاری بودجەوە گرنگی بەزیاد کردنی بەرهەمی نەتەوەیی و چارەسەری کێشەی بێ کاری و هەڵاوسان بدات و پلانی تۆکمەی ئابووری بۆ دارپێژێت هەر وەك لەعێراقدا بۆ هەر یەك لەوانەی سەرەوە پلانی لە 10٪ لەبودجەی ساڵی 2008 بۆ دیزاین کراوە، بۆیە زۆر پێویستە بودجە بەشێوەیەك ئاراستەو دابەش بکرێت کە لە سەر بناغەی گەشە پێدانی ئابوری بێت نەك دابەش کردنی ژمێریارانە بەسەر کەرتەکانی ئابووریدا.

4- کەم کردنەوەی بودجەی تەشغیلی بەسیستەمێکی زیرەك بەشێوەیەك کە کاریگەری نەهێنی نەبێت لەسەر بودجەی وەبەر هێنان، ئێمە دەست خۆشی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین و وەزارەتی پلاندانان کە ئەمسالّ بودجەی تەشغیلی بەشێوەیەکی باش کەم بۆتەوە، بەڵام ئێمە مەبەستمان لەسیستەمێکی زیرەك ئەوەیە کە کاریگەری نەبێت، هەزاران دەرچوی کۆلێژو پەیمانگاکان بەتالّ ئەسووڕێنەوەو بواری دامەزراندنیان نیە لەدام ودەزگاکانی حکومەتدا، بۆیە زۆر گرنگە بەنیزامێکی زۆر جوان ئەوە بکرێت و هەلی کاریان بۆ بدۆزرێتەوە.

5- هاوکاری کەرتی تایبەتی کوردستان چونکە باشترین ئەدای ئابووری ولّات بەگشتی وکەرتی وەبەر هێنەر بەتایبەتی و باشکردنی گوزەرانی تاکەکانی کۆمەلّ و کەم کردنەوەی هەڵاوسان ودیاردەی بێکاری تا ئاستێکی زۆر دەکەوێتە ئەستوی ئەم کەرتە لەکوردستاندا، بۆیە زۆر گرنگە بودجەیەك دیاری بکرێت بۆ دەعمی ئەم کەرتە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێمە لەزۆربەی راپۆرتی وەزارەتەکاندا ئاماژە بەوە درا کە هەموو داوای زیاد کردنی بودجە دەکەن، لەکاتێکدا ئێمە سەرچاوەی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دیاری کراوە ولەوە زیاتر نیە، بەراستی توانای جێ بەجێ کردنی سەرجەم ئەو هەموو داواکاری و زیاد کردنی بودجەیەی نیە، بۆیە زۆر گرنگە

زۆربەی ئەو ولاتانە کە تووشی ئەزمە بوون پەنایەکیان بۆ ئالیەتێك بردووە کە ئەویش راکێشانی سەرمایەی خۆمالّی و بیانیە بەشیوەیەك کە بەشداری بکات لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو بنیادنانەوە ژێرخانی ئابووری کوردستانە، من حەزەکەم ئەگەر بوارم بدەیت گرنگی کەرتی تایبەت بخەمە روو بەچەند خالّێك.

1-کارکردن بۆ کەمکردنەوەی تەزەخومی ئیداری لەهەرێمدا کە زۆربەی بودجەی هەرێمی کوردستانی بۆ تەرخان کراوە، لەرێگەی گەشە پێدانی کەرتی تایبەتەوە دەبێت.

2- سەدان ملیۆن دۆلار لای کەم لەکون و قوژبنی مالاّندایە بواری خستنە گەڕی بۆ نەرەخساوە، بەراستی لەکاتی بووژانەوەی کەرتی تایبەتدا ئەکرێت بوار بۆ ئەو پارانە بڕەخسێت کە بەشداری بکات لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا.

3- لەهەمووی گرنگ تر کەبەلای هەموومانەوە گرنگە، چونکە لەهەموو کۆمەلگایەك پێویستیمان بە دیموکراتی کردن کۆمەلگا هەیە، یەك لە هۆکارەکانی دروست بوونی رێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی لەسایەی گەشەکردنی کەرتی تایبەتا دەبێت، چونکە هەیمەنەی حکومەت بەسەر ئیرادەی تاکەکانی کومەلگاوە نامێنێت، لەبەر ئەوەی لەجیاتی حکومەت خەلّك بژێنێت هەروەك ئێستا لەکوردستانا بەراستی بەداخەوە هەیە، خەلّك حکومەت دەژێنێ، لەم کاتەدا رێکخراوکانی کۆمەلگای مەدەنی دروست دەبن کە لەڕووی تەمویلی ماددییەوە سەربەخۆبن و ئەمە یەك لە هەرە جوانترین خەسەلەت و سیماکانی دیموکراسیەتە.

4- دانانی بودجەیەکی تایبەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەلّەبجەو ناوچە کارەسات بەسەر هاتووەکانی ئەنفال و کیمیا باران هەر وەك چۆن لەمادەی 102 دستوری هەمیشەیی یاسای بودجەی فیدرالّیدا هاتووە سەرە رای رێژەی دانیشتوان وەك بنەمایەکی سەرەکی بۆ چۆنیەتی دابەش کردنی بودجە بەسەر ناوچەکاندا، بەڕەچاوی مەحرومیەت و زەرەر مەند بکرێت، بەداخەوە بەڕەنگدانەوەی ئەو مادە دستوریە لەبودجەی 2008ی هەرێمدا بەدی ناکرێت، بودجە یاسایە هەر خەرقێك لەیاسا بەراستی ئەوە خەرقێکی یاساییەو ئەو یاسایەیش لەهەرێمدا نابێت پێچەوانەی دەستوری هەمیشەیی بن، کە ئەوە مادەی دستوری هەیە بۆ ئەوە، بودجەی پارێزگامان پێویستە لەیاسای هەرێمی 2008 دا وەك مادەیەکی سەر بەخۆ ئاماژەی بۆ بکرێت، من پرسیارێکم لەجەنابی وەزیری پلاندانان هەیە لەعێراقدا لە 60٪ بودجەی تەنمیەی عیقاری زیادی کردووە بۆچی لەکوردستاندا لە 25٪ زیادی کردووە؟ هۆکاری ئەم کەم کردنەوە چیە؟.

سەبارەت بە بودجەی وەزارەتی کارەبا، بودجەی ئاسایی هەموارکراو کە لەلایەن وەزارەتەوە بەبڕی تریلیۆنێك و چل وسێ ملیار دینارە ئەو بڕە لە 70٪ کە دەکاتە 108 ملیار دینار بۆ کرینی پێداویستییەکان و خزمەتگوزاری و چاکسازیە، سلەعی و خەدەمی وصیانە، بەلاّم وەزارەتی دارایی تەنها رەزامەندی لەسەر چوار سەدو نۆ ملیار دینار داوە کە دەکاتە لە 35٪ی بودجەی هەموار کراوە، بۆ زانیاری بەڕێزتان لەفەسلّی (سلەعی و خەدەمی وصیانە) پێشنیاری بڕی 558 ملیار دینار کراوە بو کڕینی

سووتەمەنی بو دەزگاکانی 500 میگاواتی هەولێر و 29 میگاواتی و 10 میگاواتی دهۆك و سلێمانی و هەولێرو موەلیدەو ئامێرەکانی تر، بەڵام وەزارەتی دارایی رەزامەندی تەنها لەسەر 193 ملیار دینار داوە لەکاتێکدا بۆ ئیشپێکردنی ئیزگەی 500 میگاواتی هەولێر کە ئێستا دوو یەکەی ئامادەیە بۆ ئیشکردن تا 2008/8/1، پێویستی بە (203) ملیۆن لیتر گازوایل هەیە کە نرخەکەی 150 ملیار دینارە جگە لەکرێنی کارەبا لەویزگەی ناو براو کە هین کەرتی تایبەتەو (150) ملیار دینار پێشنیار کراوە، بەڵام وەزارەتی دارایی رەزامەندی لەسەر (55) ملیار دینار داوە، بەراستی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان حەق نەبوو وەزارەتی دارایی بەو شێوە تەعامول لەگەل بودجەی ئاسایی وەزارەتی کارەبا بکات، چونکە ئەو لەزمنی بودجە پێشنیار کراوە بڕێکی زۆری ئەتوانم بڵێم لە60٪ بۆ کڕینی سووتەمەنیە، یەعنی مساوەمە کردن لەسەر ئەو کڕینە نە ئەبوو بەو شکڵە تەعامول لەگەڵ وەزارەتی کارەبا بکرایە، چونکە ئەگەر سوتەمەنییەکە دابین نەکرێت، بێگومان تەولیدیش نابێت و ئەزمەیەکی کارەبایش بەشێوە دروست دەبێت وچارەسەر ناکرێت، بەنیسبەت بودجەی پلانەوە، ئێمە دەست خۆشیان لێ دەکەین، وەزارەتی کارەبا پێشنیاری بڕی تریلیۆنێك و دوو سەدو پەنجا ملیار دیناری کردووە بۆ جێ بەجێکردنی پڕۆژەکانیان، بەڵام وەزارەتی پلاندانان رەزامەندی تەنها لەسەر (507) ملیار دینار داوە، کە دەکاتە نزیکەی لە 20٪ ی بودجەی وەبەر هێنانی هەرێم، بەڵام لەو بڕەی کە رەزامەندی لەسەر دراوە (298) ملیار دیناری بۆ جێ بەجێکردنی پڕۆژە بەردەوامەکانە، واتا ئەو پڕۆژانەی کە ساڵانی 2006 و 2007 بڕیاریان لەسەر دراوە، بەڵام یان تەواو نەبوونە یان دەست بەجێ بەجێ کردنیان نەکراوە بە هۆی دواکەوتنی بودجەی ساڵی 2007وە، واتا تەنها (209) ملیار دینار بۆ پڕۆژەکانی ساڵی 2008 دانراوە، لەکاتێکدا بەستنەوەی وێزکەی (750) میگاواتی چەمچەماڵ بە تۆڕی کارەبای هەرێمەوە بڕی (85) ملیۆن دۆلاری تێدەچێت، کە دەکاتە نیوەی بڕی تەرخانکراو بۆ پڕۆژەکانی ساڵی 2008، بۆیە ئێمە وەك لیژنە ئەم پێشنیارانە دەخەینە بەردەست بەڕێزتان.

1-لەبەر رۆشنایی پێشنیاری وەزارەتی کارەبا وپشتگیری لیژنەکەیشمان بۆ ئەو پێشنیارە داوا لەوەزارەتی دارایی دەکەین کە ئەو بڕە پارەیەی لەبڕی کارەبا لە هاوواڵتیان وەردەگیرێت تەرخان بکرێت بۆ وەزارەتی کارەباو جێ بەجێکردنی پڕۆژەکانیان بەتایبەت لە بواری چاکسازیدا.

2- لەبودجەی تەکمیلی کە بڕیارە بەگوێرەی مادەی 24 بودجەی فیدرالێ لەناو راستی ساڵی 2008 بخرێتە بەردەستی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ پەسەند کردنی و رێژەی لە 17٪ بۆ هەرێمی کوردستانە، بڕی (600) ملیۆن دۆلار بۆ وەزارەتی کارەبا تەرخان بکرێت بۆ جێ بەجێکردنی پڕۆژە پێشنیارکراوەکانی ساڵی 2008 و پڕۆژە بەردەوامەکانیان.

3- پارەی مدەوەری ساڵی 2007 وەزارەتی کارەبا جارێکی تر تەرخان بکرێتەوە بۆ جێ بەجێکردنی هەمان ئەو پڕۆژانەی لەساڵی 2007دا بڕیاریان لەسەر دراوە.

4- وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدرالێ تەخویلی وەزارەتەکانی کە گرێبەست واژوو بکەن بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی گرنگ و خەرج کردنی سلفە بەبڕی لە 25٪ نرخی تێچوونی پروژەکە، بەمەرجێك لەسەر پرۆژەی ساڵی 2009، حیساب بکرێت، ئێمە لەجەنابی وەزیری دارایی حکومەتی هەرێم دەپرسین کە ئایە حکومەتی هەرێم ئەو مافەی هەیە کە داوای ئەو سلفەیە لەوەزارەتی دارایی حکومەتی فیدرالێ بکات؟ چونکە لەسەر بودجەی ساڵی 2009 حیسابیان کردووە کە بودجەی 2009 لە 17٪ بۆ هەرێمی کوردستانە، ئەگەر وەلاّم بەلێیە، داوای ئەوە دەکەین ئەو تەخویلە بەوەزارەتی کارەبای هەرێم بدرێت بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی گرنگ بەمەبەستی جێ بەجێکردنی پلانی درێژخایەنی وەزارەتەکەیان، ئەخیر پێشنیارمان، پێشنیار دەکەین دوای پەسەند کردنی یاسای بودجەی ساڵی 2008 لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لەکاتی خۆیدا وەزارەت لەبودجەی پەسەند کراویانا ئاگادارېکرێتەوە، چونکە ئەگەر بەشێوەی سالی 2007 ئاگادار بکرێتەوە، ئەوە زۆربەی بودجەکەیان مەدەوری بۆ سالی داهاتوو دەگەڕێتەوە و ئەوەندە کاتیان بە دەستەوە نابێت بۆ ئەوەی پرۆژەکانیان جێبەجێ بکەن، چونکە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان زۆربەی پرۆژەکانی کارەبا کاتی زۆریان دەوێت بۆ جێ بەجێکردن، سەبارەت بە بودجەی وەزارەتی پیشەسازی ئەم پێشنیارانە دەخەینە روو، ئەو (110) ملیۆن دینارەی کە وەزارەتی پیشەسازی داوای کردووە بۆ کڕینی هەندێ کەرستەو ئامێری تاقیکردنەوەی سەیتەرەی نەوعی، وەزارەتی دارایی رەزامەندی لەسەر نەداوە، پێشنیار دەکەین ئەو بودجەیە تەرخان بکرێت بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە، چونکە ئەهمیەت و گرنگی سەیتەرەی نەوعی هەموو لایەك دەیزانین و ئەو بڕەیش کە پێشنیاریان کردووە (110) ملیۆن دینار بڕێکی رەمزیە وەئەکرێ موافەقەتی لەسەر بکرێت، دووهەم: ترخان کردنی بڕی (75) ملیۆن دینار لەبودجەی تەکمیلی بۆ هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم بۆ مەبەستی بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی لەهەرێمدا تەنمیەی صناعی وەپێدانی ئەو برە بەو هاوولاّتیانەی خاوەن کارگە بچووك و مامناوەندییەکان لەهەرسێ پارێزگاکەدا لەرێگەی بەنکێکی پیشەسازیەوە، هەر چۆن وەزارەتی پیشەشازی عێراق لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا لەبودجەی سالێ 2008 ئەم پلانە جێ بەجێ دەکات، چونکە بووژانەوەی ئەم کەرتە لە کوردستان هەلێکی کاری باش دەرەخسێنێت و تائەندازیەك بێ کاری کەم دەکاتەوەو کاریگەری ئیجابیشی دەبێت لەسەر بووژاننەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان، سێ: تەرخان کردنی بودجەی پێویست بۆ جێ بەجێکردنی ئەو یازدە پرۆژەیەی کە وەزارەتی پیشەسازی پێشنیاری کردووە بۆ ساڵی 2008، بەلاّم وەزارەتی پلان تەنها لەسەر یەك پرۆژە رەزامەندی داوە کە ئەویش دروستکردنی بەردی مەرمەڕو گرانێتە لەماوات کەهێچ گرنگیەکی ئابووری وپێچەوانەی سیاسەتی ئابووری حکومەتی هەرێمیشە کەلەسەر بنەمای خەسخەسە و بازاڕی ئازاد دارێژاوە.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.من وەك جیۆلۆجیەك حەزئەکەم لەسەر ئەم کارگەی بەردە یەك دوو تەوزیح بدەم بۆ جەنابی وەزیری پلان، بەلێ من مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەکرێ یان موناقەلەیەك بیگورێت بە پرۆژەیەکی تر، چونکە من وەك جیۆلۆجیەك قسە ئەکەم وبەرپرسیارم بەرامبەر بەقسەکانم کە مەنتیقەی

جوگرافی زۆر گرنگە، یاجەدوای ئیقتیسادی ئەو پڕۆژانە زۆر گرنگە، ئەو پرۆژەیەی کە جێ بەجێدەکرێت، بەداخەوە هیچ جەدوایەکی ئیقتیسادی نیە وهەر وەك جەنابی وەزیری دارایی ئیشارەتی پێدا پلانی حکومەت دوورکەوتنەوەیە لە کارگە حکومییەکان، بەراستی و بەرەو خەسخەسەو بازاڕی ئازاد دەڕوات و زۆربەی کارگەکانیش حکومەتی کوردستان فرۆشتێتی بە کەرتی تایبەت، ماوات یەك نەوع بەردی تیایە پێی ئەوتری بەردی متەحەول، ئەم بەردە دوو رەنگی هەیە، رەنگی سپی و سەوزی کاڵ و لەرووی مەسحی جیۆلۆجیەوە ودیراسەتێکی وا نەکراوە لەلایەن ئەندازەییەکەوە کە ئەو بڕە پێداویستی ئەو مەعمەلە دەکات یان نا، لەکاتێکدا پێنجوین کە چەند کم لەماواتەوە دووە سێ نەوع بەردی تێدایە، بەردی متحەولە، بەردی ناری تێدایە، وە بەردی رسوبی، زیاتر لە هەشت نەوعی هەیە، نەوعێکی هەیە تاوکسلیکەیتی پێ دەڵێن کە ئەوە لەمستوای بەردی عالەمیدایە وە لە مەقلەعەکانی هەورامان و بەرزنجەو شوێنەکانی تر نزیکن، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین یان ئەو پڕۆژەیە لەشوێنێکی تر دروست بکرێت کە وەسەت بێت بۆ هەموو شوێنەکانی هەرێم، یان ئەگەر دروست نەکرێت وبگۆڕێت بە شتێکی تر بە پەسەندی دەزانین، بۆ مەعلوماتی بەڕێزیشتان لە کۆی ئەو 12 پڕۆژەیە کە دراوە وەزارەتی پێشەسازی بۆ وەزارەتی دارایی یان پلان رەفعی کردوون بۆ جێ بەجێ کردن چوار پڕۆژەیان بۆ گەرمیان و هەڵەبجەیە لەسەر تەوسیەتی بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ ئەو شوێنانە، بەڵام بەداخەوە ئەو پڕۆژانە هیچیان تەبەنی نەکراون لە ئەو بەردە دروست دەکرێت، کە ئێمە وەك رەئیی خۆمان ئەوە هیچ جەداویەکی ئیقتیسادی نیە، هەر وەك هەموو لایەك دەزانین کە کێشەی سووتەمەنی یەکێکە لەو کێشانەی کە بەردەوام کاری گەری خراپی لەسەر ژیانی هاوڵاتیانی هەریم دروست کردوە، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم پلانی پەلەو خێرای هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە درێژ خایەنە بۆ ئەم مەبەستە لە راپۆرتی لیژنەکەماندا کە لە ماوەی رابردودا ئامادە کراوە سەبارەت بەدوادا چونمان بۆ دووزینەوەی چارەیەکی بنە رەتی گونجاو بۆ جارەسەرکردنی ئەم قەیرانە لە هەرێمدا، پێشنیاری دامەزراندن ودروست کردنی عەمباری گەورەی سووتەمنیمان کردووە، بۆیە بەرەئی ئێمە ئەو پری سێ وسی ملیارەی لەبودجەی وەزارەتی پلان رەزامەندی لەسەر دراوە بۆ جێ بەجێکردنی پڕۆژەکانی سەرچاوە سرشتییەکان زۆر کەمەو چارەسەری کێشەکانی سووتەمەنی ناکات، پێشنیار دەکەین کە بودجەیەکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکرێت و لە ئەولەویەتی کارەکانی وەزارەت دابنرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

هەموو راپۆرتەکان کە خوێنرانەوە دەنێنرێن بۆ وەزارەتە پەیوەندی دارەکان، بۆ ئەوەی دیراسەتی بکەن، بۆ ئەوەی ئەگەر دەتوانن جێ بە جێی بکەن بە نەزەری ئیعتیباری وەربگرن، ئەگەر مەعلومەکە ومیزانیەکە پێویستی کرد بە موناقەلەکردن ئەوە بەینی ئەقسامەکانەو بەپێی یاسای خۆی دیاری کراوە بەڕێگای وەزارەتی داراییەوە داواکردنی ئەو موناقەلەیە دەکرێت تەنها لە میزانیەی پەرلەمان و ئەنجومەنی قەزا نەبێت وە هەروا وا بزانم سەروکایەتی هەرێمیش و ئەوانەیش بۆ خۆیان دەسەلاتیان هەیە، بۆیە

لەبەر ئەو راپۆرتەی کە کاك بارزانیش خوێندییەوە لەسەر ئەو سێ وەزارەتە پێشنیاری بودجەی تێدا بوو لەسەر بواری کارەبا لەسەر بواری سامانە سروشتییەکان، هەروەها لەسەر وەزارەتی پیشەسازی، ئەویش وەکو راپۆرتەکانی تر دەنێرین بۆ ئەوەی بەهەندی وەربگرن، کوێستان خان فرموو.

بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پشتگیری تەواوی راپۆرتەکەیان دەکەم، دیارە جەنابیشت ئیشارەتت پێی دا لەسەر مەسەلەی زیادکردنی بودجەی کارەباو ئەوانە، ئێمە لێرە حەقە پێداگیری بکەین لەسەر ئەوەی کە بودجەی وەزارەتی کارەبا زیاد بکرێت، ئێمە ئەوەی ئاگایی هەیە زۆر نارازیە لەم بودجەیە پێیشی وایە ئەم بودجە کەمە کێشەی کارەبا چارەسەر ناکات لە هەرێمی کوردستان، هەموشمان هەموو ساڵێك بەڵێنی ئەوە ئەدەین کە ئەم ساڵ کێشەی کارەبا بۆ کۆمەڵانی خەڵك چارەسەر دەکەین، بۆ ئەوەی بەڵێنەکەی ئەم ساڵیشمان وەکو بەڵێنەکانی پێشووی لێ نەیەت پێویستە لێرە بڕیار بدەین کە ئەو بودجەیە زیادبکرێت، مەسەلەی سووتەمەنی ئەویش یەکێك بوو لەخاڵەکانی راپۆرتەکەی، یەکێکە لەو کێشانە کە کێشە زۆر سەرەکییەکانی کۆمەڵانی خەڵك کە پێویستە ئەویش چاوی پێدا بخشێنرێتەوە، چونکە ناکرێت لەزستانێکی سەختدا وەکو سلێمانی ساڵی پار تەنها سێ بەرمیل نەوت دراوەتە هاوڵاتیان، ئەعنی ئەمە وای کردوە خەڵك زۆر کێشەی هەبێت کە سەعاتی کارەبای هەیەو سێ بەرمیل نەوتی ئەدەیتێ، ئەمە ئەبێ چارەسەر بکرێت، ئەمەوی شتێك لەڕێرە بیری هەموومان بخەمەوە، ئەوەیش ئەوەیە، ئێمە لەمانگی دوو کۆمەڵێك راپۆرتمان ئامادە کرد لەسەر کێشەکانی خەڵك کەسەرەکیترینیان کارەباو سووتەمەنی بوو لەهەردوو راپۆرتەکەدا کە دیارە لیژنە پەیوەندیدارەکان و زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی پەرلەمان سەرقاڵی ئەو مەسەلانە بوون، دیارە دواکەوتنەکەی بە بونەی بودجەوە بۆ دوای ئەم بودجەیەیش حەتمەن ئەوانەیش ئەکەونە بەرنامەی کارەوە، من ئەمەم بۆیە هێنایەوە ئێمە لەهەموو ئەو راپۆرتانەدا ئیشارەتمان بەوە داوە کە پێویستە بودجەی وەزارەتی کارەباو بودجەی سووتەمەنی زیاد بکرێت بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشانە بکەین، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئێمە لێرە بڕیاری ئەوە بدەین ئەگەر لەبودجەی تەکمیلیش بێت ئەو دوو بودجەیە زیاد بکرێت بۆ ئەوەی کارئاسانیەك بۆ کۆمەڵانی خەڵك بکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێمە داوا لە وەزارەتی داریی و ئابووری و وەزارەتی پلاندانان دەکەین کە ئیهتیمامێکی زۆر بدەن بە وەزارەتی کارەبا کە رەچاوی کۆمەڵی خەڵکە، هەر وا سووتەمەنیش بۆ ئەوەی لەمیزانیەی تەکمیلیش بڕێکی بۆ تەرخان بکرێت، کاك عثمان فەرموو.

بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەو خاڵانەی کاك بارزان خوێندیەوە هەندێك ئیشکالی هەیە لەلای ئێمە، خۆی ئیجمالی مەشروعەکان کە ئێستا لەژێر تەنفیزدایە کە ئەگەر بێت و موافەقە لەسەر ئەو بودجەیە بکرێت کۆی هەمووی دەکاتە (924) ملیار دینار، ژمارەکە دووبارە دەکەمەوە (924) ملیار دینار، خۆی (701) ملیاری ئەم ساڵە کە دەکەوێتە ژێر تەنفیزەوە وە (223) یشی لەپرۆژە بەردەوامەکانە، بەڵام موخەسەس (507) ملیارە لەبەر ئەوەی ئیمکانیەتی وەزارەتی کارەبا بۆ تەنفیز کردن لەمودەی ساڵێکدا تەوەقوعەکەمان سەرف کردنی (507) ملیارە ئەوە گلەیەکەی لەوەدایە، یەکێك لەگلەیەکانی وەزیری کارەبا لەوەدایە، خۆی مەجموعی مەشروعەکانی (110) مەشروعە، هیچ لەو مەشروعانە بۆ ئاگاداری تۆیش و بۆ وەڵامی کوێستان خانیش هیچ لەو مەشروعانە پەیوەندی بە تەولیدەوە نیە، تەنها مەحەتەی پەنجاویەك میگاواتێکە نەبێت، چونکە هەردوو مەحەتەی کارەبا لەلایەن کاك احمد اسماعیل و ماس جوردن دروست دەبێت و دەکرێت لەناو ئەو بودجەیەدا نیە، ئەوە تەنها پەیوەندی بە تەولیدەوە نیە پەیوەندی بەتەوزیع ونەقڵەوە هەیە، یەعنی ژێر خانی کارەبایە، تەولیدی کارەبا نیە رەغمی مولاحەزاتی تایبەتیم لەسەر وەزارەتی کارەبا، بەڵام ئیمکانیەتی وەزارەتی کارەبا بەتەسەوڕی من ئەوەنەیە، سەرباری ئەوەیش ئێمە لەقەرزی یابانییەکە بەئیتیفاقی ئێمە و وەزارەتی تەخطیطي عێراقی بەحزوری وەزیری کارەبای هەرێمی کوردستان وە وەزیری شارەوانیش (300) ملیۆن دۆلار تەخسیس کراوە بۆ وەزارەتی کارەبا، ئەمە سەرباری ئەو پارەی بۆیان تەخسیس کراوە و لەبودجەی تەکمیلییەکە، ئێمە بڕیارە یەعنی بەشێکی زۆری دوای موحافەزات دەدرێتە سەکتەری کارەبا و ئاو، ئاو بە هەردوو بەشێوە ئاوی خواردنەوەو ئاودێریش، یەعنی ئەمە تەرکیزەکەیە کە لەسەر ئەوە، یەعنی کارەبا گرنگیەکی زۆری هەیە موعالەجەکردنی وەختی دەوێت، بەڵام وەزارەتی کارەبا تاکو ئێستا تەولیدی چاك نەکردووە نەك تەوزیع و نەقڵ، ئێستا خەریکی تەوزیع ونەقڵن و ئەو پارە زۆرەی تەخسیس کراوە بۆ تەولیدو نەقڵ نەك بۆ تەولیدی کارەبا، مەسەلەی یەکێك لەقسەکانی کاك بارزان کە باسی مەعمەلی ماوات دەکات، ئێمە داخیلمان نەکردووە، چونکە سیاسەتی ئێمە وازیحە، ئێمە هیچ مەعمەلێك داخیل ناکەین، ئەم مەعمەلە لەساڵی 2005 وە دەستی پێکراوە و، ئەو مەعمەلە عەقدی بۆ کراوە گونجاوە یا نەگونجاوە، ئێمە تێیدا بەر پرس نین، ئیقتیسادیە یان ئیقتیسادی نیە، چونکە بەشێك لەراپۆرتەکەی لیژنەی دارایی تەئکید دەکاتەوە کە مەعامیل دروست بکرێت، خۆیشی داوای کرد وتی کۆمەڵێك مەعامیل دروست بکەن لە گەرمیان، لەشارەزورو لەوانە، کەمن خۆم بۆحاڵی خۆم لە گەڵ ئەوەدا نیم هیچ مەعمەلێك لەلایەن حکومەتەوە دروست بکرێت، مەعمەل پێویستە ئێمە لەرێگەی بانقەکانەوە هاوکاری، ئاسانکاری لەرێگای ئیستسمارەوە بۆ کەرتی تایبەت، بۆ موستەسمری ئەجنەبی بۆ ئەو مەعمەلانە بکرێ، وەسەبارەت بە مەسەلەی داتاو زانیاری کە باسی کرد، من لەسەر مەسەلەی داتاو زانیاری قسەکەی لیژنەکە زۆر زۆر راستە بەبێ بونی داتاو زانیاری پلانی توکمە دانارێژرێت، بۆیە ئێمە لەوەزارەتی پلاندانان سەنتەرێکمان کردووەتەوەو دەتوانین دەعوەتی هەموو برادەرانیش بکەین کە سەنتەرێکی زۆر زانیستیە و لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا بە سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، بە سێ شێواز داتا

پیشاندەدات، خۆم دەعوەتی لیژنەی ئابووریشم کرد کە بێن سەردانمان بکەن بەداخەوە دیارە مەجالیان نەبوو بێن سەردانمان بکەن، کە هەرچەند ئیمکانیاتمان کەمە، ئیمکانیاتی فەنی، ئیمکانیاتی مالی، بەڵام رەغمی ئەوە بەجهودی چەند کادیرێکی باشەوە توانرا سەنتەرەکە دروست بکرێت کە ئەبێت بۆ هەموو هاوواڵاتیەك، بۆ هەموو موستەسمرێك، بۆ هەموو وەزارەتێك، هەموو داتاکان کۆدەکریتەوە لەوێ بەشێوەیەکی زانستی بڵاودەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

د.ناصح فەرموو.

بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پێشەکی دەست خوشی لەکاك بارزان و برایانی لیژنەکەیان دەکەم بۆ ئەو راپۆرتە بەهێزە، دەربارەی ئەو تێبینیەی کەوا پێشانیدا کارگەی بەرد لەماوەت، من سەد لەسەد پشتگیری پێشنیارەکەی کاك بارزان دەکەم پشتکیری لیژنەکەیان دەکەم، بەڵام بەداخەوە جەنابی وەزیری پلاندانان ئەلێت ئێمە حەقمان بەوەوە نیە لەبەر ئەوی پێشووتر دانراوە، ئەگەر ئیجابیە یان ئیجابی نیە، باشە یان خراپە، نەخێر ئێمە واجیبمان ئەوەیە ئەوەی کە باشە لەخزمەتی گەلەکەماندایەو، لەخزمەتی وڵاتەکەماندایە، ئێمە پشتگیری ئەوە بکەین ئەوەیشی خراپە مەفروزە ئێمە ئیلغای بکەینەوە، پێویست نیە ئیدامە بە شتێك بدرێت کە بزانین ئێمە زەرەر مەندین تیایدا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کوێستان خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

دیارە مەسەلەی تەولید کە جەنابی وەزیر باسی کرد ئەوە هی کەرتی تایبەتە، هین حکومەت نیە، ئێمە ئەگەر کێشەی تەولیدمان هەیەو پێمان چارەسەر ناکرێت، جارێ ئەبێت کێشەی تەوزیع چارەسەر بکەین، ئەوەی کە هەیە بە توانانی وەزارەتی کارەبا بە خۆی ئەگەر تەولیدیش چارەسەر بکەین، دوایی کێشەکەی گەیاندنمان ئەبێت، ئەی ناکرێت ئێمە کێشەی گەیاندن چارەسەر بکەین، با وردە وردە ئێمە بێین کێشەی گەیاندن چارەسەر بکەین، ئەگەر تەولیدەکەیش چارەسەر بکەین دوایی پێمان ناگەیەنرێت، زور سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك محمد فرج فەرموو.

بەڕێز محمد فرج احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من هەر لەسەر ئەم داتایە لێرە کە وەزارەتی کارەبا داینـاوە، مەسـەلەن بودجـەی سـاڵی 2006، (96211) نـەوەت و شەش ملیارو دووسەدو یازدە ملیۆن دیناری خەرج کردووە، لە سـاڵی 2007، (106163) سـەدو شەش ملیارو سەدو شەست و سێ ملیۆن دیناری خەرج کردوە، ئێستا چەندی بۆ دانراوە (409200) چـوار سەدو نۆ ملیارو دوو سەد ملیۆن دینار، سەیربکەین یەعنی ئەو جیاوازیەی لەبەینی سـاڵی 2006 و 2007 زۆر نیە، نـەوەدو شەش بە سـەدو شـەش، مەسـەلەن چـەندی ماوەتـەوە چـەند بـۆ خـۆی (402999) چـوار سەدو دوو ملیارو نـۆ سـەدو نـەوەد و نـۆ ملیـۆن، یـەعنی بڵـێ چـوار سـەدو سـێ ملیـار لەسـاڵی 2007 بـۆی تەرخان کراوە، سەدو چواری لێ خەرج کردووە، یەعنی کەوابوو وەزارەتەکە پلانێکی وازیحی نـەبووە ئیشی لەسەر بکات، ئەمەیش کە ئێستا هەر ئەڵێن ئەم کارەبایە، پیاوێکی وەکو احمد اسماعیل توانیوێتی (1200) میگاوات کارەبا بەبەرهەم بێنی، ئەگەر هەندێ گـرفتی نـاخۆ نەبوایـە وەکـو سـەرۆکی حکومـەتی کوردسـتان باسی کرد، هەر لەساڵی 2007 تەواوی دەکرد، ئایا حکومەت ناتوانێت بەم میزانیە زۆرەوە، یـەعنی (403) ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە ساڵی 2007 سەدو سەش ملیاری خەرج کردووە کـە هـیچ بەرهـەمێك دیـار نیە، وەختی دێیت لێرەوە سەیر دەکـەی دوازدە هـەزارو کەسـرێك کرێکـاری هەیـە، مـن یـەك نموونـە دەدەم لەسەر کرێکار ئەو مەحەتەی بیست و نـۆ میگاواتیـە ئەوانـەی کـە دایاننـا هـاتن و خۆیـان دروسـتیان کـردو هێنایان لێرە دایان نا لە هـەرێمی کوردسـتان وتیـان ئەمـە 45 کرێکـاری دەوێـت، ئێسـتا بـرۆ ئـەبینی 300 کرێکاری زیاتری لێیە، یەعنی گرفتەکە ئەوەیە کە دەڵین پارەی زیاتری بۆ دابنرێ لەوانەیە هەر لەم شتاندا ئەڕوات، یەعنی لەخەرج و لەموچەدا ئەڕوات، بەڵام وەکو پلانێـك یـەعنی مـەعقول نیـە پیاوێـك بتوانێـت ئەمە دروست بکات، بەڵام وەزارەتێك ناتوانێت بیکات، پلانەکە دیار نیـە، جـارێکی تـر دووبـارەی ئەکەمـەوە ساڵانی 2006، 2007 ئەو لـەوێ نـەوەد و شەشـی خـەرج کـردووە، وەلـەوی سـەدو شەشـی خـەرج کـردووە بەشەرتێك حکومەت میزانیەکی باشی بۆی تەرخان کردووە، (403) ملیار دیناری بـۆ دانـاوە تـەنها (106) ملیاری لێ خەرج کردووە، لەبەر ئەوە داوا دەکەم، یەعنی هەم وەزارەتی پلاندانان، هەم وەزارەتی کارەبا ئەم کێشەو گرفتە هەم لەکۆڵی خۆیان بکەنەوە، هەم لەکۆڵی هاووڵاتیش، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك بکر فەرموو.

بەڕێز بکر فتاح حسین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

منیش با نەڵێن هەر کەسێك دیفاع لەناوچەی خـۆی دەکـات، مـاوەت و قـەڵادزی ومـەخمور، مـن دیفـاع لـەو شتانە ناکەم، بـەڵام باسـی ئـەو پڕۆژەیـە کـرا، مـن نـەختێك ئاگـاداری وردەکـاری ئـەو پڕۆژەیـەی مەعمـەلی مەڕمەڕم لەماوات هەیە، باسی ئەو کراو، بۆیە حەزم کـرد روون کردنەوەیـەك بـدەم، ئـەو مەشـروعە پـێش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی سلێمانی و هەولێر لەسەر بودجەی ئیدارەی سـلێمانی ئـەو کاتـە دانـراوە،

ئەوە یەك، دوو: مەجموعەیەك خوبەرا لەمەجالی جیۆلۆجی كە لەمەجالی مەڕمەڕو ئەو شتاندا چوونەتە مەنتەقەكە و لە مەنتەقەی پێنجوین، لەماوەت، لەقەڵادزی، لەهەموو ئەم مەنتەقاندا ئەو بەردانەیان دۆزیوەتەوە كەلەو پڕۆژەیە بەكاردەهێنرێت، دیارە لەمەنتەقەی ماوەتا رەنگە ئەو كەسانەی خەڵكی شارباژێڕبن زۆر شارەزاییان هەبێت لەوەی كەمەنتەقەیەكی فراوان هەیە كە ئەو نەوعە بەردەی تێدایە كەبۆ ئەو كارە بەكاردێت وە پێشم وایە گوایە ئەوە جەدوای ئیقتیسادی هەیە یان نیەتی ئەوە شتێكی تر، مەسەلەیەكی تر، بەڵام بعتیبار ماوەت كەوتوەتە بەینی قەڵادزی و پێنجوین وە نیزیكیشە لەسلێمانی، بۆیە ماوەت تەرخان كراوە، ئەگینا لەبەر شتێكی تر نەبووە وە پێشم وایە پڕۆژەكە جەدوای ئیقتیسادی هەیە، لەبەر ئەوە حەزم كرد ئەو روون كردنەوەیە بدەم و جەنابی وەزیری پلاندانانیش كاك عثمان دیارە روون كردنەوەی خۆی دا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

ئەگەر هەر پشتگیری لە پێشنیارەكانە پێویست ناكات، بەڵام هەر كەسێك دەیەوێت میزانیەكە كەم بكاتەوە، میزانیەی كارەباو ئەوانە قسە دەدەمە ئەو، كێ دەیەوێ میزانیە كەم بكاتەوە، كەس هەیە؟ رووبكردنەوەمان ناوی تەنها كەم كردنەوە، بەراستی روون كردنەوە تاخیرمان دەكات و وەختیشمان لێ دەكوژێت، فەرموو كاك جمال.

بەڕێز جمال محمد قاسم:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

من پێشەكی پشتیوانی داواو داخوازییەكانی لیژنەی پیشەسازی دەكەم، ئەمە یەك، دووهەم: بەحەقیقەت مەسەلەی كارەبا گرنگەی پێ دراوە، سوپاسی وەزارەتی دارایی دەكەم كە خستیانەتە ئەولەویاتەوە لەكاتی ئەگەری تەرخانكردنی 17٪ خەرجییەكانی حاكیمە گرنگی بەكارەبا بدرێت، لەبەرچی، لەبەر ئەوەی كە موشكیلەی كارەبا هەر دروست كردنەكەی و بەرهەم هێنانەكەی نیە، گواستنەوەیەتی، دابەس كردنێتی، صیانەیەتی، تەئمینێتی، ئامادە كردنی پێویستیەكانێتی، ئەمانە هەمووی پارەی دەوێ، بەنیسبەت ئەو پڕۆژەیەیش من لەگەڵ رێزم بۆ تێبینی وەزیری پلاندانان، عادەتەن پڕۆژەیەك كە لەشوێنێك دادەنرێت مەجموعەیەك موقەومات هەیە كە ئەبێ بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، یەكەم ناحییەی جوگرافی، دووهەم ناحییەی ئەیدی عامیلە، ئێستا تۆ پڕۆژەیەك لەشوێنێك ئەكەیتەوە پێنج مالّی تێدایە ئەیدی عامیلە لەكوێ ئەهێنێت؟ هەموو رۆژێك ئەبێت نیوەی ئینتاجەكەی بدرێت بە هێنان و بردنی ئەیدی عامیلە، لەبەر ئەوە زۆر زەروریە ئەم پڕۆژەیە ئەگەر ئیتیفاقی لەسەر كراوە لەشوێنێ بكرێت، لەشوێنێك دابنرێت بتوانرێت ئیستیفادە لەبەردی پێنجوین و چوارتاو قەرەداغ و هەموو ناوچەكان بكرێ نەك تەنها لەیەك شوێن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

كاك عادل ئەگەر قسەكانت وەكو كاك جمالە مەجال نادەم بەحوا، بەڵام مادام پرسیارە فەرموو.

بەڕێز عادل محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەزانم، بەراستی ئەو تەحمولەی تۆ هەیتە، سەبری ئەیوبە، بەراستی لەو هەموو قسەیەی کە ئێمە دەیکەین، من پرسیارێکم هەیە، لەئیدارەی سلێمانی پڕۆژەیەکی بەرهەم هێنانی کارەبا هەبوو، لەمونزریە بۆ کەلار، ئەوە شەش سەد هەزار دۆلاری بۆ تەرخان کرابوو، ئێستا بەپێی مەعلوماتی من مەوادی ئەو پڕۆژەیە کە ئەکا (28) تاوەر لە مونزریەوە بۆ کەلار نزیکەی سەد تا سەدو پەنجا میگاوات کارەبا دەتوانێت بێنێت، ئایە لە پلانی وەزارەتی کارەبا دانراوە ئیشی بۆ بکرێت؟ کە پێم وایە بڕێکی باش کارەبا دابین دەکات، ئەوە پرسیاری یەک، پرسیاری دووهەمم: کارەبا بەرهەم هێنان، گواستنەوە، دابەشکردن، ئایا وەزارەتی کارەبا بڕە پارەیەکی تەرخان کردووە بۆ ئەوەی مقیاسێك دابنێ بۆ خەڵك چۆن کارەبا بەکار بێنێت؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، دەبوایە پێشتر لە رێگای لیژنەکانەوە ئەو پرسیارانە ئاراستەی وەزیری کارەبا بکرایە، کاك شێخ الله فەرموو.

بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من هەر لەسەر مەوزوعی کارەبا کە مەوزوعێکی زۆر گرنگە، ئەو شەریکاتانەی کە هێنانی غازیان بە ئەستۆ گرتووە، من دوو مانگی رەبەقە بە پردێ و ئێرەدا دێم و ئەچم، بۆرییەکان دانرایە و زەوییەکە هەڵکەنرایە، نازانم ئەوە چەند شەریکەیەکن، لەبەرچی هەتا ئێستا ئەو بۆڕیە نەبەستڕایە؟ چونکە ئەگەر ئەو بۆڕی غازە نەیەت موستەحیلە بتوانن بەگازوایل ئەو کارەبایە ئیش پێ بکەن، ئەوەیش لەئەستۆی حکومەتە، نازانم ئەو پرسیارەم ئاراستەی وەزارەتی مالیەو پلاندانان دەکەم، ئەو شەریکانە گەیشتنە کوێ؟ تاکەی هەروا چاوەڕوان بین؟ ئەو خەتە کەی تەواو دەبێت؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك عثمان شوانی فەرموو.

بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من تەنها جەوابێکی کاك عادل دەدەمەوە بۆ مەسەلەی مەشروعی گەیاندنی کارەبا لەئێرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان، سالّی رابردوو ئێران موافەقەتی کردووە موزەکەرەیەکی تەفاهومی لەگەڵ حکومەتی عێراقی ئیمزا کردووە کەیەك ملیار دۆلار بەقەرز بداتە عێراق بۆ جێ بەجێکردنی پڕۆژەکان و ئەو پڕۆژانەیش راستەوخۆ بە فائیدەیەکی زۆر زۆر کەم و جوزئی بە مودەی (40) سالّ ئەو پارەیە دەدرێتەوەو تەنها خۆیان پڕۆژەکان جێ بەجی دەکەن، ئێمە لەگەڵ وەفدەکەی حکومەتی عێراقا کە بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.

بەرهەم سالح بوو، من و كاك هوشیار سوەیلیش كە وەزیری كارەبایە بەشداری وەفدەكەمان كرد، لەوێ چوار پڕۆژەمان داخیل كردووە، ئەوە لەبیرم كرد ئەو مولاحەزەیە بدەم، دوو پڕۆژەیان گەیاندنی كارەبایە لە هەردوو خەتی هەورامان وسەید سادیق و خەتی دووهەمیان لە مەهابادوە بۆ سۆران، ئەم دوو پڕۆژەیە كە بایی (84) ملیۆن دۆلارە ناردوومانە بۆ پەرلەمانی عیراقی بۆ موافقە لەسەر كردنی وئیمزای لەسەر بكرێت، هەردوو خەتەكەیش لەسەر قەرزەكە جێ بەجێ دەكرێت، بەتایبەتی گەیاندنی جانبی، یەعنی لایەنی داخیلی خەتی كوردستانی عێراقەوە دەركرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

بەراستی راپۆرتی لیژنەكە ئاراستەی وەزارەتە پەیوەندیدارەكان دەكەین، ئێستا بودجەی وەزارەتی پیشەسازی دەخەمە دەنگەوە كی لەگەڵێتی؟ دەستی بەرزكاتەوە تكایە، فەرموون، بەكۆی دەنگ قەبوڵ كرا.

كێ لەگەڵ بودجەی وەزارەتی كارەبایە؟ با دەستی بەرزكاتەوە تكایە، فەرموون، بەكۆی دەنگ قەبوڵ كرا.

كێ لەگەڵ بودجەی وەزارەتی سامانە سروشتیەكاندایە؟ با دەستی بەرزكاتەوە تكایە، فەرموون، بەكۆی دەنگ قەبوڵ كرا. ئیستا راپۆرتی وەزارەتی عەدل و ئەنجومەنی قەزا، لەبەر ئەوەی راپۆرتەكەیان لەلایەن ئەنجومەنی قەزاوەیە، جیاجیایە، بەڵام هەردووكی پێكەوە دانراوە، كاك كریم فەرموو.

بەڕێز كریم مجید شریف(جوتیار):

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

خەرجییەكانی وەزارەتی داد (28787) بیست و هەشت ملیارو حەفت سەدو هەشتاوحەوت ملیۆن دینارە، دەكاتە لە 0,19٪.

خەرجییەكانی ئەنجومەنی كارپێكردنی دادوەری (19954) نۆزدە ملیارو نۆسەدو پەنجاوچوار ملیۆن، دەكاتە لە 0,42٪.

بەڕێز احسان عبدالله قاسم:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

خەرجی پڕۆژە سەمایەكانی وەزارەتی داد دوو ملیارو حەفتا ملیۆن دینارە.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

هیچ راپۆرتان هەیە كاك شێروان؟ كاك كریم فەرموو.

بەڕێز كریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

دوا بەدوای راپۆرتمان ژمارە (41) لە 8 / 4 / 2008 سەربارەت بە پرۆژە یاسایی بودجەی گشتی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2008 ، كەلە پەرلەمان خویندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە لەبڕگە (8)ی دا پێشنیازمان

کردبـوو بڕگەیـەکی تایبـەت بەبودجـەی دەسـەڵاتی دادوەری تیـا زیادبکرێـت ، و دوای ئـەوەی لیژنەکـەمان لەگـەڵ نوێنـەری ئەنجومـەنی دادوەری وشـاندی یـاوەری کۆبـۆوە کـەپێك هـاتبوو لـە سەرپەرشـتیاری دادی وژمێرکارەکـانی ئەنجومـەنی دادوەری، چـاوی بەهـەردوو بودجـەی ئەنجومـەنی دادوەری و وەزارەتـی داد خشاندەوە و ئەمەی خوارەوەش تێبینیەکانیەتی لەسەر بودجەکانیان:

یەکەم: دەسەڵاتی دادوەری:

ئەو بودجەی کەلە دواجار تەرخان کراوە بۆ ئەنجومەنی دادوەری و خراوەتە نێو بودجـەی گشـتی هـەرێمی کوردستان بەم جۆرەی خوارەوەیە:

أ ـ بڕی داواکراو لەلایەن ئەنجومەنی دادوەریەوە: (53,749,000,000) دینار

ب ـ بڕی پەسەندکراو لەلایەن وەزارەتی داراییەوە: (19,954,000,000) دینار

ج ـ ڕێژەی تەرخانکراو لەچاو بودجەی گشتی (0,42 ٪).

دووەم: وەزارەتی داد:

دوای ئەوەی بودجەی ئەنجومەنی دادوەری لەنێو بودجەی وەزارەتی داد جودا کرایـەوە، بودجـەی وەزارەتـی داد بەم جۆرەی خوارەوەی لێهات:

بـەڕێز سـەۆکی ئەنجومـەن، لەبـەر ئـەوەی لەبیدایـەت بودجـەی وەزارەتـی داد هـاتبوو، دوایـی ئـعتیراز گـیرا لەلایەن لیژنەی یاسـایی وپەرلەمانـەوە ە بـۆ بودجـەی دەسـەڵاتی دادوەری وەك ئـەوەی لەیاسـای دەسـەڵاتی دادوەری هاتبوو کە دەبێ بودجەکەی سەر بەخۆ بێت ڕەوانە کرایەوەو لەدوای ئەوە وەزارەتی دارایی لەگەڵ وەزارەتـی داد ڕێککـەوتوون لەگـەڵ ئەنجومـەنی دادوەری لەسـەر سـەر لـەنوێ دارشـتنەوەی، بۆیـە بەراسـتی جـۆرە تێکەڵاویـەك لـە بودجەکـەدا بـەدی دەکرێـت، ئێمـە دوو ژمارەمـان لەپێشـە، لێـرەدا لەلایـەن لیژنـەی دارایەوە بە (28) ملیار خوێنرایەوە کە چی لەلای ئێمە، لەلیژنەی ئێمە بە (8) ملیار دینار هاتووە ئەوەی دادوەری، کە بەو شێوەیە.

أ ـ بڕی داواکراو لەلایەن وەزارەتی دادەوە: (20,335,000,000) دینار.

ب ـ بڕی پەسەندکراو لەلایەن وەزارەتی داراییەوە: (8,833,000,000)دینار.

ج ـ ڕێژەی تەرخانکراو لەچاو بودجەی گشتی: (0,19 ٪).

لێرەدا تێبینی دەکرێت کە:

1- جیاوازی هەیە لـە نێـوان بـڕی داواکـراوو بـڕی پەسـەندکراو. ئەمـەش شـتێکی ئاساییە. چـونکە شـتێکی سروشتیە کە وەزارەتی داد وئەنجومەنی دادوەری پلانی بەپێز دابڕێژن و بری پێویست لە بودجە داوابکەن بۆ ئەوەی پلانی فەرمانگەکانیان جێبەجێ بکەن. هەروەها وزەراتی دارایـیش بـەپێی ئـەو بـڕە پارەیـەی لـە بودجـەی گشـتی هـاتووە لـە داخـوازی وەزارەت وفەرمانگـەکان کـەم بکاتـەوە بـۆ ئـەوەی بـە پێـی ڕێژەیـەکی دیارکراو هیچ لایەنێك لە بودجە بێبەش نەکات.

2ـ بودجەی ئەنجومەنی دادوەری لەفۆرمێکی کۆنی ساڵی (2007) پڕکراوەتەوە و تەنها بەرگ و لاپەرەی یەکەمی ساڵی (2008) لەسەر نووسراوە.

3ـ بودجەی دادگاکانی استئناف لەنێو بودجەی وەزارەتی داد ماوەتەوە کە پێویست بوو بخرێتە سەر بودجەی ئەنجومەنی دادوەری وشپرزەییەکی زۆری پێوە دیارە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە:

أ ـ جاری یەکەم بودجەی ئەنجومەنی دادوەری پشت گوێ خرابوو، دوای ئەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی رایسپارد کە بودجەیەکی سەربەخۆی بۆ دابین بکرێت ، زۆر بەپەلە ئەم فورمە ئامادە و ڕەوانە کراوە.

ب ـ تائێستا ئەنجومەنی دادوەری بەپێی یاسای دەسەلاتی دادوەری دانەمەزراوە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کارەکانی دەسەلاتی دادوەری وەکو پێویست نەڕوات بەڕێوە، نەلەرووی کارگێریەوە و نەلەرووی دادوەریەوە.

بۆیە ئێستا دەسەلاتی دادوەری تەنها بەڕوالەت جیایە ، ئەگەرنا لەرووی کارمەندو کارگێڕی و تەلار و فەرمانگەکانەوە لەگەڵ وەزارەتی داد لە زۆر رووەوە تێکەڵاوە.

بۆیە پێشنیاز دەکەین سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی جەخت لە سەر لایەنە پەیوەندارەکان بکاتەوە کە بەزووترین کات ئەنجومەنی دادوەری دابمەزرێت .

سێیەم: پێشنیاز دەکەین دوای ئەوەی بودجەی گشتی پەسەندکرا، وەزارەتی دارایی بە پێی مادەی شەشەمی ئەم یاسایە, بودجەی سەرۆکایەتیەکانی إستئناف لەبودجەی وەزارەتی دادەوە جیاکاتەوەو بیخا تەوە ناو بودجەی ئەنجومەنی دادوەری، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس بۆ ڕاپورتەکەتان، زۆربەی شەرح بوو و ئەو وەزعەیشتان کە شەرح کردەوە جێی خۆیەتی، لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی دادوەری تازەیە، لەبەر ئەوە کەم و کوڕیی تێدایە شتەکانیان، بەڵام لێرە لەبەر ئەوەی قانونی دەرچووە، دەبوایە جیابکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو جیا کردنەوە دەبێتە هێزێکی تر بۆ جێ بەجێکردنی یاساکە بۆ ئەوەی خۆیان پێی هەڵبسن و ئێمە تەنها پشتگیریان لێ دەکەین، پێم وایە بیخەمە دەنگەوە باشترە، دەی کاك دوو محامی قەدیم باقسە بکەن، کاك شێروان و کاك عمر، فەرموون.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خۆی خیلافەکە لەکوێیە بەراستی، خیلافەکە خۆی لەتەئخیر بوونی هاتنی میزانییەی سولتەی قەزائیە بۆ پەرلەمان، بەنیسبەت وەزارەتی عەدل (28) ملیار دینار دانرابو هەر وەکو ئیشارەتیان پێی دا برادەران، دوایی هێن سولتەی قەرزائی هات، هێن سولتەی قەزائی (19954) نۆزدە ملیارو نۆ سەدو پەنجاو چوار ملیۆنە، ئیلتیباسەکە لێرەیە عەجبەن ئەو (19954) نۆزدە ملیارو نۆ سەدو پەنجاو چوارە لەمیزانیەی وەزارەتی داد دەرچووەو هاتووەتە ئێرە، یان میزانیەتی وەزارەتی داد وەکو خۆی دەمێنیتەوە دوایش هێن سولتەی قەزائیش ئیزافە بکرێت، کە ئیزافە کرا مەعنای وایە ئەرقامەکان هەمووی دەبێت دەسکاری بکرێت، ئەگەر جەنابی وەزیر تەوزیحاتێکمان بداتی زۆر مەمنوون دەبین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

خۆی دەبێت ئەو بەشی تەشغیلیە، دەبێت قەتع بکرێت لەوەزارەتی عەدل، ئەوە بەتەئکید وایە، کاك سرکیس فەرموو .

بەڕێز سرکیس اغاجان/وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەر وەکو بەڕێزتان فەرمووتان، ئەمانە دەوائیرن، ئەوانەی تەشغیلی، لەسەر میلاکی وەزارەتی عەدل بووە کە ئێمە میزانیەکی جیا دروست دەکەین بۆ مەجلیس قەزا، دەبێت هەموو ئەو نەفقاتە بگوازرێتەوە ئەگەر نا موکەرەر دەبێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك عمر فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

منیش پێم وایە ئەوەی کاك شێروان باسی کرد، ئەو (28) ملیارەی کە دانراوە بۆ وەزارەتی عەدل، ئەو پارەی کە ئێستا دانراوە بو مەجلیسی قەزا دانراوە پێی دەچێت ئەو 0,61 کە تەوزیع کرابێت بە دوو بەشەوە لە کاتێکدا لایەزال وەزارەتی عەدل لە زۆر لەشوێنەکانا بینای بەکرێ گرتووە، عەقدەکان لایزال بەناوی وەزارەتی عەدلەوەیە، یەعنی نەفەقات و مەساریفی زۆر لەسەر وەزارەتی عەدل ماوە، باشە مەحکەمەی ئیستئیناف کە وەکو لیژنەی یاسایی باسی کرد لایەزال لەسەر وەزارەتی عەدل ماوە، ئەمە جگە لەدەوائیرەکانی تر کە سەر بەوەزارەتی عەدلن وەکو قاسرین، وەکو کاتب عەدل، وەکو تەنفیز، وەکو دائیرەی تاپۆ، من پێم وابوو باشتر وایە هەرچەند یاسای دادواران لەمانگی یازدەدا لە لای جەنابی سەرۆکی هەرێمەوە هاتووەتەوە، یەعنی دەکرا میزانیەکی تایبەتی بۆ دابنرێت بە تەئکید، چونکە ئێمە بڕیارمان دا کە ئەو سولتەیە جیابکرێتەوە، کە جیامان کردەوە میزانیەکی جیاوازمانیش بۆ دانا، ئەکرا ئەو فەترەیە هەتا مانگی چوار کە ئەو میزانیە هاتووە میزانیەکی بۆ تەحدید بکرایە بۆ مەجلیسی قەزا، تەبیعی مەجلیسی قەزا بەتەئکید ئەویش دەسەلاتێکە کە هیچ گرنگی لەدەسەلاتەکان وداموددزگاکانی تر کەمتر نیە، بە عەکسەوە ئەوەندە گرنگی خۆی هەیە ئەگەر قیاسی کەین بە هەردوو ئاسایشی گشتی لەهەرێم، لەهەولێرو لەسلێمانی و وەزارەتە ناوخۆکان، دەسەلاتی دادوەریە کە دەتوانێت ئیستقراریەت و ئاسایش وئەمن بپارزێت لە ولات و بیباتە پێشەوە بە هەموو نەوعێکی، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی کە ئەو بڕە پارەی کە بۆ دەسەلاتی داد وەری دانراوە، پێم وایە ئەوە لەگەڵ رێزما بۆ هەموو وەزیفەکانی ترو مەنسبەکانی کەو هەموو کارمەندانی ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێم وایە ئەو بڕە میزانیە کەمەو گونجاو نیە ئەگەر قیاسی کەین بە دەرەجەی حاکمەکان هەر لەدەرەجە چوارو سێ و دووەوە کە ئەیگرێ، لەبەر ئەوە پێم وابوو باشتر وابوو ئەگەر وەزارەتی مالیە بیتوانیبایە لەسەر ئەو لە 20٪ کە بۆ هەردوو

وەزارەتی مالیە دانراوە بڕێك میزانیەی تەخسیس بکردایە بۆی، هەرچەند دەسەلاّتی موناقەلەی فەسلّ و گواستەنەوەی هەیە وە لە کاتی میزانیەی تەکمیلیا نەیتوانی تەکمیلەی میزانیەکی باشتر بکات بۆ مەجلیسی قەزا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس بۆ مولاحەزەکانت، هەندێکی جەواب دراوە وەهەندێکیش ئاراستەیان دەکەین.

بودجەی وەزارەتی داد دەخەمە دەنگەوە کێ لەگەلّێتی؟ با دەستی بلّندکات، کێ لەگەلّیدا نیە؟ فەرموون.

بەکۆی دەنگ وەرگیرا. کێ لەگەلّ بودجەی دەسەلاّتی قەزایە، بادەستی بلّندکات تکایە؟ کێ لەگەلّدا نیە؟

بەکۆی دەنگ قەبوولّ کرا. بودجەی هەردوو دیوانی چاودێری لە هەولێرو سلێمانی، کاك کریم فەرموو.

بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار).

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجییەکانی کارپێکردنی دیوانی چاودێری و دارایی (8960) هەشت ملیارو نۆ سەدو شەست ملیۆن دینارە، دەکاتە 0,19٪.

بەڕێز احسان عبدالله قاسم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجێ پڕۆژە سەرمایەکانی دیوانی جاودێری و دارایی هیچ نیە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

پێم وایە ئەوە هیچ موناقەشەی ناوێت، لەبەر ئەوەی قانونێکی بۆ دەرچووە بەیەکەوە دەنگی بۆ دەدەین، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەلّێتی؟ دەست بلّند کات، فەرموون، کێ لەگەلّدا نیە؟ یەك کەس لەگەلّدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

وەزارەتی بازرگانی، کاك کریم فەرموو.

بەڕێز کریم مجید شریف (جوتیار).

خەرجییەکانی کارپێکردنی وەزارەتی بازرگانی (26179) بیست و شەش ملیارو سەدو حەفتاو نۆ ملیۆن دینارە، دەکاتە 0,55٪.

بەڕێز احسان عبدالله قاسم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجی پڕۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی بازرگانی هیچ نیە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

وەزارەتی بازرگانیش وەکو دیوانی چاودێری وایە، هیچ شتێکی نیە موناقەشە بکرێت، موقتەرەحەکە کە لیژنەی دارایی پشتگیری لێ کردووە، دەیخەمە دەنگەوە.

بودجەی وەزارەتی بازرگانی کێ لەگەڵێتی؟ با دەست بڵندکات تکایە، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیـە؟ فـەرموون، بەکۆی دەنگ وەرگیرا. بۆ وەزارەتی پلاندانان، کاك کریم فەرموو.

بەڕێز کریم مجید شریف (جوتیار).

خەرجییەکانی کارپێکردنی وەزارەتی پلاندانان (17525) حەفدە ملیارو پێنج سەدو بیست وپێنج ملیۆن دینارە، دەکاتە 3,37٪.

بەڕێز احسان عبدالله قاسم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجی پرۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی پلانـدانان دەکاتـە (7542) حـەفت ملیـارو پێـنج سـەدو چـل و دوو ملیۆن دینار.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئـەوەیش لـەو وەزارەتانەیـە کـە نایـەوێت موناقەشـە بکرێـت. دەیخەمـە دەنگـەوە کـێ لەگـەڵێتی؟ بـا دەسـت بڵندکات تکایە، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ وەرگیرا. وەزارەتی گەشـت وگـوزار، کـاك کریم فەرموو.

بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار).

خەرجییەکانی کارپێکردنی وەزارەتـی گەشـت وگـوزار (1402) چـواردە ملیـارو دوو ملیـۆن دینـارە، دەکاتـە 0,29٪.

بەڕێز احسان عبدالله قاسم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجی پرۆژە سەرمایەکانی وەزارەتی گەشت وگوزار (5800) پێنج ملیارو هەشت سەد ملیۆن دینار.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

مـن داواکـارم ئەتیمـامێکی زیـاتر بـە وەزارەتـی گەشـت وگـوزار بـدرێت بەراسـتی، دەیخەمـە دەنگـەوە کـێ لەگەڵێتی؟ با دەست بڵندکات تکایە، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا.

بۆ وەزارەتی دەستەی وەبەرهێنان، کاك کریم فەرموو.

بەڕێز کریم مجید شریف (جوتیار):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجییەکانی کارپێکردنی دەستەی وەبەرهێنان (3115) سێ ملیـارو سـەدو پـازدە ملیـۆن دینـارە، دەکاتـە 0,7٪.

بەڕێز احسان عبدالله قاسم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خەرجی پرۆژە سەرمایەکانی دەستەی وەبەرهێنان (240) دوو سەدو چل ملیۆن دینار.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

پەخشان خان فەرموو.

بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خۆیان داوای (35483) سی وپێنج ملیارو چوار سەدو هەشتاو سێ ملیۆن دیناریان کردووە، نازانم ئەو ڕەقەمەی لای من ئەوەی کە نووسراوە موتفق علیە راستە؟ سێ ملیارو قسور، باشە خۆیان داوای (35) ملیاریان کردووە، یەعنی زۆر زۆری فەرقە، یەعنی ئەوانی کە ڕەنگە ئینسان تەسەوری بکات لەسەد چلە، لە سەدا نیوە، بەڵام ئەمە زۆر زۆری فەرقە، ئەوانی کە سولسە، لەسەدا بیست و پێنجە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەونجومەن:

ئەغلەبی وایە، دوێنێ وابزانم تۆ لێرە نەبووی باسمان کرد، کۆی بودجە کە دراوەتە وەزارەتی دارایی وئابووری، کە خەملێنراو لەلایەن وەزارەتەکانەوە سیازدە ملیارو قسور دۆلار بووە، کە چی ئێمە هەموو بودجەمان پێنج ملیارو قسورە، لەبەر ئەوە هەمووی کەم بووەتەوە بەو ڕێژەیەی کە پێویستە.

بودجەی هەیئەی وەبەر هێنان دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی؟ با دەست بڵندکات تکایە، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا.

ئەوە بەشی دووهەمی گرنگی گفتوگۆکردن لەسەر بودجە تەواو بوو، بەشی یەکەمی وتمان ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری بوو ئەمە بەو ڕاسپاردانەو بڕیارانە کۆتایی هات، بەشی دووهەمی تاوتوێکردنی بودجە یان خوێندنەوەی خەملێنراو بۆ بەشەکان وەزارەتەکان، ڕاسپاردەی لیژنەکان ئاراستەی ئەوە کراو دەنگی بۆ درا، تەنها بابەتی سێهەمی گرنگ ماوە ئەویش یاساکەیە، یاساکە ئەگەر باوەڕتان هەبێت من قەناعەتم وایە دەتوانن بە نیوسەعات تەواوی بکەن، لەبەر ئەوەی یاساکە خولاسەی ئەو شەش، حەفت جەلسەیەیە کە دانیشتین بۆی، هەمووی حازرەو ڕەقەمەکانیشی و مادە کانیشی، کاك زرار فەرموو.

بەڕێز زرار طاهر امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی من ئەوە پرسیارە دەیکەم، ئایا ئەو پێشنیارانەی کە بڕیارمان لەسەری داوە هەموو پشتیوانیتان لێکردو بەتایبەتی جەنابتان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و تێکڕای وەزیرە بەڕێزەکانیشە ئەی نابێت بخرێتە دەنگ دانەوە؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك زرار عەفوم کە، من جار جار داوای لێبوردن دەکەم، زۆر مەسەلە دێتە شەرح کردن، دێتە باس کردن، ئەوەی کە بوو بە بڕیار مەسەلەی ئەنجومەنی قەزا کە نەبووەتە بڕیار، ئەوە دەنگی بۆ دراو تەواو، نەك هەر دەنگی بۆ درا هەندی شتی قانونیە پێویست ناکات بیخەینە دەنگدان، ئەوە قانونیە، ئەوەی تر کە ڕەئی ئێوەیە دەچێتە ناو قانونەکە، لەوی وەکو بڕیارە، وەکو ئەحکامی قانونی دەچێتە ئەوێندەر، ئەوەی ڕاپۆرتی کە پێشنیار دەکەن بودجە زیاد بکرێت بۆ کارەبا، بۆ تەندروستی، ئەوانە پێشنیارن و ڕاپۆرتەکان دەدرێتە

لایەنە پەیوەندیدارەکان، وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ ئەوەی لەبودجەی تەکمیلی رەچاوی بکەن، ئینجا نازانم کاك شێروان رەئیتان چیە لیژنەی قانونی؟

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

هەر وەك جەنابت ئیشارەتت پێی دا ئەوە هەمووی ئەرقامە، ئەرقامەکانیش هەمووی موناقەشە کرایە قانونەکەیش حازرە وە ئەو تەوسیاتەیش کە ئێمە تەبعمان کردووە ئەوەیش هەر حازرە، ئەوەی کە مەسرەفی عەقاریە ئەوەی موچەی فەرمانبەرانە، هین خانە نشینە حازرە، من پێم وایە ئیستمرار بکەین لەسەری زۆر چاکەو شتێکی تەبیعی و ئیعتیادیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

دوو شت هەیە من لەبەر ئەوەی بەیانی یەکی ئایارە، جەژنی کرێکارانی دنیایە لەدنیادا، پیرۆزباییان لێ دەکەین، ئومێدەوارین رۆژێکی خۆش ببەنە سەر، داوا کارییەکانیان جێ بەجێ بکرێت و ئاواتیان بێتەدی، بەڵام ناکرێت ئێمە سبەی کۆبوونەوە بکەین، دوو سبەیش عوتلەیە، سێ سبەیش عوتلەیە، من بەحەقیقەت پێم خۆش نیە ئەوەندە دوای بخەین و بڵێین بودجە لەمانگی پێنج پەسەندکرا، یەعنی لەبەر ئەوە دەبێت ئەمڕۆ بەسەندی بکەین و تەواوی بکەین وە هیچیشمان نەماوە، یان ئێستا یان سەعاتی پێنج بێینەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە کێ دەیەوێت ئێستا تەواوی کەین با دەستی بڵندکات؟ بەئەکسەریێتی موتڵەق تەواوی دەکەین، ئەوە قابیلی موناقەشە نیە، لەبەر ئەوەی خولاسەی موناقەشاتی پێشووە یەك، دوویش ئەرقامە مادە بە مادەیە تەنها ئەحکامی خیتامی نەبێت، لەبەر ئەوەی لەبەردەستی ئێوەیە ئەویش سیاغەکەیەی کە کەسێك ویستی کەلیمەیەك زیاد بوو یان کەم بوو مانیع نیە، کاك کریم فەرموو.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پێشنیارمان کردووە سەبارەت بە دیباجەکە بگۆڕێت، چونکە ئەو پڕۆژەیە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە هاتووە، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، لێرە لەدیباجەکە نووسراوە کە لەسەرۆکایەتی هەرێمەوە هاتووە.

یاسای ژمارە ( ) بۆ ساڵی 2008، یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق، بۆ ماوەی 2008/1/1، تاکو 2008/12/31.

ماددەی یەکەم:

گوژمەی (7628783) تەنیاحەوت ترلیۆن و شەش سەدو بیست و هەشت ملیارو حەوت سەدو هەشتاو سێ ملیۆن دینار دادەنرێ بۆ خەرجییەکانی ساڵی دارایی 2008 و بەم جۆرە دابەش دەکرێ:

یەکەم: گوژمەی (2879079)تەنیا دوو ترلیۆن و هەشت سەدو حەفتاو نۆ ملیارو حەفتاو نۆ ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی پڕۆژە سەرمایەدارایییەکان.

دووەم: گوژمەی(4674842)تەنیا چوار ترلیۆن و شەش سەدو حەفتاو چوار ملیارو هەشت سەدو چل و دوو ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی بەکارخستن.

سێیەم: گوژمەی(54908)تەنیا پەنجاو چوار ملیارو نۆسەدو هەشت ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی ئەنجومەنی نشتمانیی کوردستان – عیراق.

چوارەم: گوژمەی(19954)تەنیا نۆزدە ملیارو نۆسەدو پەنجاو چوار ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی دەسەڵاتی دادوەریی خەرج دەکرێت.

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

قانون رقم ( ) لسنة 2008

قانون موازنة أقليم كوردستان ـ العراق للفترة من 2008/1/1 لغاية 2008/12/31

المادة الاولى: يرصد لنفقات السنة المالية 2008 مبلغ قدره (7628,783) فقط (سبعة ترليون وستمائة وثمانية وعشرون مليار وسبعمائة وثلاثة وثمانون مليون دينار) ويوزع كالآتى:

أولاً: مبلغ قدره (2879079) فقط (ترليونان وثمانمائة وتسعة وسبعون مليار وتسعة وسبعون مليون دينار) لنفقات المشاريع الراسمالية .

ثانياً: ملبغ قدره (4674842) فقط (اربعة ترليون وستمائة واربعة وسبعون مليارو ثمانمائة واثنان واربعون مليون دينار) للنفقات التشغيلية .

ثالثاً: مبلغ قدره (54908) فقط (اربعة وخمسون مليار وتسعمائة وثمانية مليون دينار) لنفقات المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق.

رابعاً: مبلغ قدره (19954) فقط (تسعة عشر ملياراً و تسعمائة واربعة وخمسون مليون دينار) لنفقات السلطة القضائية.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەوە مەزبوتە رەقەمەکانی جەنابی وەزیری دارایی؟ باشە ئەو مادەیە، مادەی ئەرقامە دەیخەمە دەنگەوە کە پشتگیری کراوە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە، کی لەگەڵێتی؟ با دەستی بڵندکات، کێ لەگەڵێدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا، كاك بارزان فەرموو.

بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

تەنمیەی ئەقالیم جەنابی سەرۆك ئەمسالّ لە چوارچێوەی بودجەی هەرێمی کوردستاندا دانراوە، لە بودجەی پلان، ئێمە ئەگەر شێوەی سەرف کردنی، ئێمە یاسایەك نیە بۆ پارێزگاکان، ئەگەر لێرە وەك مادەیەکی سەر بەخۆ ئیشارەتی پێنەرێت خازعی رەقابەی پەرلەمانی نابن بەگۆیرەی ئەو یاسایەی کە مەجالیسی موحافەزاتی لەسەر هەڵبژێرراوە، ئەوان خازعن بۆ مەجلیسی موحافەزە، موراقەبەی تەنفیزی خوتەکە ئەکات و موحافیز بڵێین ئیعدادی خوتەکەیان بۆ ئەکات، ئەگەر ئێمە لێرە بە یاسایەکی سەر بەخۆ

ئیشارەتی پێنەدرێت بەراستی بەدەر ئەبن لە رەقابەی پەرلەمان، بۆیە من پێشنیار دەکەم بەمادەیەکی سەربەخۆ ئیشارەت بە بودجەی تەنمیەی موحافەزات بدرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

خازیعە بۆ قانونی ریقابەی پەرلەمانی، خۆمان ئەو رۆژەی کەباسمان کرد، خازیعن بۆ ئەوە، ئەگەر ئێمە لێرە ئاماژەی پێ بکەین، جگە لەوەیشە ئەگەر سەر بە حەتا مەسروفاتی ئیتیحادیش بێت خازیعە بۆ ریقابەی مالی عێراقی و هین ئێمەیش تەبعەن، کاك عثمان فەرموو.

بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

میزانیە ئەمسالْ بەیەك وەحدە هاتووە، میزانیە لە عێراقدا حەتا سالّی 2007 یش تەنمیەی ئێمە هەر سێ موحافەزەکە ئێمە لەگەلْ میزانیەی عێراقدا دەهات، بەلاّم ئەمسالْ نەهاتووە، ئەمسالْ بۆتە بەشێك لەمیزانیەی ئیستیسماری هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی کە دیاربێت، خۆ ئەوانیش بەشێکن لەناو ئەم مەوزوعەدا بە (495) ملیار بۆمان داخیل کردوون، فەقەرەیەکە لەزمنی ئەو دوو (879) یەدا ئەوەیشی تێدایە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك سرکیس لەزمنی ئەو پارەیە کە تەرخان کراوە بۆ موحافەزات داخیلی میزانیەی ئێمە کراوە لەبەغدا یان بە تەنها هاتووە؟.

بەڕێز سرکیس اغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەموو داخیلی میزانیەی ئێمە کراوەو لەزمنی پلان حیساب دەکرێت، بودجەی پلانی گشتی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەو سەد لە سەدەی کە لێرە دانرایە، ئەوە جوزئێکە لەوە؟ ئێستا تێگەیشتین، بۆیە دەنگمان بۆ نەدا لەبەر ئەوەی نەخراوەتە سەر میزانیە، بەلاّم دەستکاری ناتوانین بکەین وەکو مینحە دراوەتە تەنمیەی موحافەزات، لەزمنی پارەکەیە کە لەمادەی یەکدا دیاری کراوە، ئێستا زۆر رووبە لامان، کەواتە خازیعی ریقابەیە، بەلاّم دەنگمان بۆ نەدا، لەبەر ئەوەی دراوە بیگۆڕین، ناتوانین بیگۆڕین، نە ئەتوانین کەمی کەین نە ئەتوانین زیادی کەین، بەلاّم لە زمنی مەجموعەکەیە، کاك بارزان فەرموو.

بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

دەست کاری کراوە، من پرسیارەکەم ئاراستەی جەنابی وەزیری پلان و جەنابی وەزیری دارایی کرد، لە 60٪ لەعێراقدا زیادی کردووە، ئێمە کەم کراوەتەوە، لە 60٪ بووەتە 25٪ دا، چۆن دەستکاریمان نەکردووە؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ناتوانن کەمی کەن و ئەوەتا دەڵێن دەستکاری نەکراوە، ئەگەر لەبەغدا کەم کرابێتەوە لێرە دەستکاری نەکراوە، فەرموو کاك سركيس.

بەڕێز سرکیس اغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەگەر بێیتەوە لەسەر ژمارەی دانیشتوان حیساب بکەین ئەو کاتە لەبەینی 13 بۆ 14 لە سەد دەبێت، یەعنی ئەگەر بەو سیستمەی عێراق دابەش بکرێت لەسەر موحافەزات، ئێمەش هەمان سیستەم بەکار بێنین لێرە لەسەر ژمارەی دانیشتوان، ئەو کاتە هەمووی کەمتریش دەبێت نەك زیاتر، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بۆ ماددەی دووهەم.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی دووەم: داهاتەکانی بودجەی هەرێمی کوردستان سالّی 2008 لە سەرجەم خەرجییەکانی بودجەی فیدراڵی تەنها (6580784) شەش ترلیۆن و پێنج سەدو هەشتا ملیار وحەوت سەدو هەشتاو چوار ملیۆن دینار دەخەملێنرێ.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

دەیخەمە دەنگەوە مادەی دوو، کێ لەگەڵێتی؟ با دەستی بڵندکات، کێ لەگەڵێدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا، تکایە ماددەی سێ یەم.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

ماددەی سێیەم: وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان – عیراق پارەی حساباتی وەزارەتەکان و فەرمانگەکان بەپێی داهاتە دارایی دەگرێتە ئەستۆ.

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة الثالثة: تتولى وزارة المالية لإقليم كوردستان - العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد المالية المتاحة.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەوە تەبیعیە لیژنەی یاسایی پشتگیری لێ دەکات، کێ لەگەڵێتی؟ بادەست بڵندکات، فەرموو، کێ لەگەڵێدا نیە؟ فەرموو، بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا.

بۆ مادەی دواتر.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی چوارەم: سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عیراق بۆی هەیە گوێزانەوە لەناو بودجەی تایبەت بە ئەنجومەنی نیشتمانی بکات.

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

المادة الرابعة: لرئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بالمجلس الوطني.

کێ پشتگیری دەکات دەستی بڵندکات؟ کی نایکات؟ فەرموون، بە کۆی دەنگ وەرگیرا.تکایە ماددەی پێنج.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی پێنج:

یەکەم: دەسەڵات بە وەزیری دارایی دەدرێت گوێزانەوە لەنێوان پارە تەرخانکراوەکانی یەك دەروازەدا بکات جگە لە بەشی مووچەکان، کە دەشێ بۆی بگوێزرێتەوە و نابێ لێی بگوێزرێتەوە.

دووەم: نابێ گوێزانەوە لە نێوان پارە تەرخانکراوەکانی گەشەپێدان لە نێوان پارێزگاکاندا بکرێ.

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة السادسة:

أولاً/ يخول وزير المالية صلاحية المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد بأستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولا يجوز النقل منه.

ثانياً/ لايجوز اجراء المناقلة بين تخصيصات التنمية بين المحافظات.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

كاك محمد فرج فەرموو.

بەڕێز محمد فرج احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من سەرم سوڕماوە لەبەینی ئەم دوو یاسایە، لەبەینی یاسای عێراق لەگەڵ یاسای هەرێمی کوردستان، یەعنی دوو شتی زۆر جیاوازە مع العلم میزانیەی هەردووکیان یەك شتە، هەر واریداتەکە نەوتە زۆربەی، ئینجا ئەوەی کە ئەخەملێنرێ وەك بووەتە ئەساسێك بۆ هەمووی، ئەم دوو شتە زۆر جیاوازە لێرە کۆمەڵێك شتی

جیای هەیە، مەسەلەن ئێمە لێرە لەمادەی یەك شتەكانمان وردكردوەتەوە، هاتووین لەمادی دووداد دەڵێین ئەمە داهاتەكەیەتی، داهاتمان ئەمەنەیە لەسەرەوە وردمان كردوەتەوەو لەخوارەوە داهاتەكی دەڵێن، دوو لێرە تەخسیساتی ئەلئیزافیە، هەندێ شتی وتووە، مەفروز وایە ئێمەیش بیڵێین، مەسەلەن هین حاڵەتی تەواری دیاریكردووە، هین ئەو تەخسیسەی كە دەدرێتە موحافەزەكان، كەلێرە دیاری كردووە (40) ملیار، چل ملیار دینارە بۆ موحافەزەكان بەپێی نفوس و ئەولەویەت، ئینجا ئەمانە كەئێستا صلاحیەتی وەزیرە پێویستی بە ئەحكامی وزاریە، یەعنی مەفروز وایە لێرەدا باس بكرێت، ئێستا ئێمە نازانین ئەم مینەح و شتانە كە دەدرێت لەهین وەزارەتی مالیە هیچ ئیشارەتی بۆ نەكراوە، یەعنی لە داتاكەدا كە دیاری كردووە لەئەساسا تەوزیعەكەی بەپێی ئەبواب و فصول هیچ ئیشارەتێكی بە مینەح نەكردووە، هیچ ئیشارەتێكی بە ئوخرا نەكردووە، مع العلم لە هەموو وەزارەتێكدا ئەوە هەیە، لێرە ئیشارەتی پێ كردووە، لەبەر ئەوە پێم وابوو، یەعنی زۆر دوورن لەیەكەوە ئەم دوو یاسایە، داوا دەكەم رێكخستنێكی هەبێت بۆ ئەوەی لێی تێبگەین، ئەم هەمووی داوە بە شەرح، یەعنی ئەم یاسای میزانیەی هەرێمی كوردستان هەمووی داوەتە شەرح، ئەوە هین وەزیری بێت، مع العلم ئەحكامی خیتامی دەتوانیت بە كورتی باسی بكەیت، بەڵام ئەساسەكان پێویستە بەراستی لێی بكۆڵینەوە،زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

زۆر گرنگ نیە ئیلا دەبێت لەوێ چۆنە لێرەیش دەبێت وابێت، زۆر بابەت هەیە جیاوازە، ئێمە پارەكەیش هەر وا رۆیشت و سالی 1993، و 1994 یش وا رۆیشت، ئەگەر شتێكت هەبێت، نەفەقات پێش داهاتە، ئەوە تەبیعیە نیزامی داخیلی خۆمانیش وادەڵێت كە نەفەقات پێش داهات موناقەشە دەكرێت، تەبیعی هاتووە، كاك سەردار فەرموو.

بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

خۆی تەحسیل حاسلە، یەعنی ئەو بودجەی تەنمیەی پارێزگاكان خازعی دیوان ریقابەی مالیە، بەڵام لە بۆ تەئكید كردن لەسەر پێشنیارەكەی كاك بارزان دەكرێت بڵێین: لایمكن اجراء المناقلة بین تخصیصات التنمیة بین المحافظات والتي تكون خاضعة لرقابة دیوان الرقابة المالیة، بۆ تەئكید، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

لەقانونی دیوانی ریقابەی ماڵییە نەمان نووسیوە؟ نووسراوە كە لەوی نووسرابوو، یەعنی خەڵاس، كە لە ریقابەی مالی و رێكخراوكانیش كە لێرە ناویشیان نەهاتووە هەموو رێكخراوەكان، سەنتەرەكان هەموویان خازیعن، كاك شێروان فورموو.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ئەو پارەیەی تەنمیەی موحافەزات لە زمنی موازەنەیە، موازونەیش بالکامل خازیعی ریقابەیە، یەعنی لەزمنێتی ئەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك احسان فەرموو.

بەڕێز احسان عبدالله قاسم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وابزانم ئەگەر تەحسیل حاسیل بێت، ئەنجومەی دادوەریش ئەو دەسەلاتەی هەیە گوازراوە لە ناو بودجەی تایبەتی خۆی بکات لەلایەك بۆ لایەکێ تر، وەکو دەسەلاتێکی سەربەخۆ ئەو حەقەی هەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك محمد رفعت فەرموو.

بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەگەر ئیشارەتێك بدرێت بە میقداری پارەی موحافەزات لەو بوارەدا باشە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك عونی فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەنیسبەت مولاحەزاتی کاك احسان، مادە (39) لەسولتەی قەزائی موعالجەی کردووە، تحدد رواتب ومخصصات قضاة محکمة التمییز والقضاة الاخرین بقانون، پێی ناوێت لێرە ئیشارەتی پێ بکەین، زرۆ سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

چی دەڵێت، دەڵێت موناقەلە، وناقەلە وەکو دەسەلاتی سەرۆکی پەرلەمان، ئەویش دەسەلاتە حەقی خۆیەتی راستە، با ئەوە ئیزافە بکرێت، سەرۆکی دەسەلاتی قەزا با بخرێتە مادەیەك بۆی هەیە موناقەلەبکات، بیخە مادەی پێنجەم، یان دەکرێت مادەی چوارەم بکرێتە دوو فەقەرە، ئێستا دەیخەینە پێش هەموو شتێکەوە، سەرۆکی ئەنجومەنی قەزا بۆی هەیە گوێزانەوە لەناو بودجەی تایبەتی بە ئەنجومەنی قەزا بکات، کی لەگەڵێتی؟ دەستی بڵندکات تکایە، کێ لەگەڵدا نیە، ئەوە دەبێتە مادەی پێنجەم، لەبەر ئەوەی مادەی پێشتر دەنگمان بۆ دا، ئێستا ئەو مادەی پێنجەم کە بووەتە مادەی شەشەم خوێندتانەوە بە دوو فەقەرەیە، فەقەرەی یەکەم بۆ وەزیری دارایی دەسەلاتی ئەوەی هەیە گوێزرانەوەی بۆ بکات لەنێوان پارە تەرخان کراوەکانی یەك دەروازە جگە لەفەسلی موچەکان کە دەشێ بۆی بگوێزرێتەوە ونابێت لێی بگوێزرێتەوە،

دووهەم نابێت گوێزانەوە لە نێوان تەرخان کراوەکانی گەشە پێدان لە نێوان پارێزگاکاندا بکرێت، ئەویش هەر وەها شتێکی تەبیعیە، قسە کراو هەر ئەوەندە بوو وتیان ریقابەی مالی، ئایا موعەرەزە بۆ ریقابە مالی؟ بەڵی موعەرەزە، پارەکەیشی دیاری کراوە لەویندەر، کێ لەگەڵ ئەو مادەیەیە دەستی بڵندکات؟ تکایە، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قەبۆڵ کرا.

ئەوە تەبعەن دەبێتە مادەی شەش، ئەوەی کە دەنگمان بۆیدا، مادەی شەش دەبێتە مادەی حەوت ئێستا، بیخوێنەوە، فەرموو.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی حەوتەم:

وەزیری دارایی بۆی هەیە گوێزانەوە لە نێوان پارەی تەرخانکراوی دەروازەکانی بودجەدا بکات بە مەبەستی فەراهەم کردنی توانای خەرج کردن بۆ ئەو فەرمانگانەی کە بڕیاری لێکردنەوەیان لە وەزارەتێك هەیەو دەخرێتە سەر وەزارەتێکی تر، وەزیری پەیوەندیداریش بۆی هەیە گوێزانەوە لە چوار چێوەی یەك فەسڵێك و ناو بەشێك و یەکەیەکی خەرجکردنەکەدا بکات.

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادە السابعە: لوزیر المالیة اجراء المناقلة بین اعتمادات ابواب المیزانیة لاغراض توفیر امکانیات الصرف للأدارات التی یتقرر فك ارتباطها من وزارة والحاقها بوزارة اخری، وللوزیر المختص اجراء المناقلة ضمن الفصل الواحد و وحدة الصرف الواحدة.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

فەرموو کاك رەشاد.

بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هین تەنمیەی موحافەزات دەنگی بۆ درا (499) ملیار دینارە، بەس لێرە شی کرایەتەوە هەر موحافەزەیەك بە جیاوازی، دەکرا بەجیاجیا تەسبیت بکرایە، بەنیسبەت هەولێر (180) ملیار دینارە، سلێمانی (200) ملیار دینارە، دهوك (115) ملیار دینارە، ئەمە بەکۆی گشتی دەنگمان بۆی دا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

خۆی دیاری کراوە بەکۆی دەنگیش دەنگی بۆ دراوە، کێ لە گەڵ ئەو مادەیەیە کە خوێنرایەوە؟ دەستی بڵندکات، کێ لەگەڵدا نیە؟ مادەی حەوتەمیش تەواو، بۆ مادەی هەشتەم.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی هەشتەم:

وەزیری دارایی دەسەڵاتی پێ دەدرێت بۆ بەسەرخستنی پارەی تەرخان کراوی گشتی پەسەندکراو کە لە بودجەی سالی دارایی 2008 دا بە ڕێژەی 1٪ سەر جەم تەرخانکراو پەسەند کراوەکانی بودجە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

یەکەم: تەرخان کردنی گوژمە پارەی پێویست بۆ بودجەکانی فەرمانگە لە نوێ دامەزراوەکان لە ماوەی سالی دارایی 2008دا.

دووەم: تەرخانکراوی نوێ بخاتە سەر بودجەی وەزارەت و فەرمانگەکان بۆ حاڵەتە ناکاوییەکان کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة الثامنة: يخول وزير المالية اضافة الاعتمادات الاجمالية المصدقة للميزانية للسنة المالية 2008 بنسبة (1٪) من اجمالي الاعتمادات المصدقة للميزانية للأغراض التالية:

أولاً: اعتماد المبالغ اللازمة لميزانيات الادارات المستحدثة خلال السنة المالية 2008.

ثانياً: اضافة اعتمادات جديدة في ميزانيات الوزارات والادارات للحالات الطارئة والتي يقررها مجلس الوزراء.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەوە لەبەغدایش وایە، کاك بارزان فەرموو.

بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

کولفەی موچەی پەسەندکراوەکان کام موچەیە؟ مەبەست ئەوەیە خۆی گۆڕانکاری بەسەر موچەدا دێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بودجەی پەسەندکراوەکان لەزمنی ئەوانە بودجەی وەزارەتی دارایی و ئابووریە، سەدا یەکی دەتوانێت فەرمانبەری تازە دروست دەکرێت و ئەوانە ناکرێت راوەستین تا ساڵێکی تر میزانیەی بۆ دابنرێت، میزانیەکی موئەقەتی بۆ دادەنەین، وەزارەتی دارایی سەڵاحیەتی هەیە لەچاوی بودجەی فرەوان کە موتەفەریقەی تێدایە دەتوانێت موناقەلەی تێدا بکات، بەشەرتێك لە سەدا یەك تەجاوز نەکات لە عمومی میزانیە بۆ ئەو شتە تازانەی، کاك طلعت فەرموو.

بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پرسیارێکم هەیە، ئایا دەکرێت، ئێمە ئەو عەجزەی کە لەمیزانییەی کوردستانا هەیە ئیشارەتی لێرە پێبدەین لەو یاسایە یان نا؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

نەخێر عیلاقەی نیە، کە تو واریداتەکەت تەرح کرد لە نەفەقاتی، ئەوە عەجزەکەی بۆت دەردەکەوێت.

دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵێتی دەستی بڵندکات؟ کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا.

بۆ مادەی دواتر، مادەی نۆیەم.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی نۆیەم: وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەدا وردەکاری میلاکەکانی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان – عیراق بۆ ساڵی دارایی 2008 ڕێك دەخات و لەبەر ڕۆشنایی تێچوونی مووچە پەسەند کراوەکانی بودجە پەسەندیان دەکات.

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة التاسعة: تتولى وزارة المالية بالتنسيق مع الوزارات الاخرى اعداد مفردات ملاكات جميع الوزارات لاقليم كوردستان - العراق للسنة المالية 2008 والمصادقة عليها وعلى ضوء كلف الرواتب المصدقة في الميزانية.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

دەیخەمە دەنگەوە ئەو مادەیە کێ لەگەڵێتی؟ دەستی بڵندکات تکایە، فەرموون، کێ لەگەڵێدا نیە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا. تکایە ماددەی دەیەم.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی دەیەم: دەبێ وەزیری دارایی ڕێنمایی پێویست دەربچوێنی بۆ دانانی سنووڕێك بۆ دەسەڵاتی خەرجکردن بۆ فەرمانگەکانی حکومەت لەماوەیەك کە دوو حەفتە لەمێژووی دەرچوونی ئەم یاسایەوە تێنەپەڕێت.

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة العاشرة: على وزير المالية اصدار التعليمات اللازمة لتحديد صلاحيات الصرف للادارات الحكومية خلال فترة لاتتجاوز اسبوعين من تأريخ إصدار هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

كاك عثمان شوانی فەرموو.

بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:

بەڕێز سەرکی ئەنجومەن.

على وزير المالية اصدار التعليمات اللازمة لتنفيذ الموازنة، لەباتی تەحدید سلاحیەت سەرف، دوو بارە حەسری دەکەنەوە، بە تەحدیدی سەلاحیاتی سەرف، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

كاك سركيس فەرموو.

بەڕێز سرکیس اغاجان/وەزیری داریی وئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وەزیری دارایی بۆی هەیە کە رێنەمایی جێ بەجێکردنی بودجە دەربکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

جا ئەو مادەیە پێم وایە زیادە لێرە، ئەو مادەیە زیادە لەبەر ئەوە لەوێ عیلاجی دەکات، ئەو مادە زیادە دەیخەمە دەنگەوە بۆ ئەوەی ئیلغا بکرێت، کێ لەگەڵ ئیلغاکردنیەتی با دەستی بڵندکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ ئیلغا کردنیا نیە؟ فەرموون، فەرموو کاك دلێر.

بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوێس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی وئابوری پێشنیازمان کردبوو فەقەرەیەك بۆ ئەو مادەیە زیادبکرێت، وەکو ئەوەی وەزیری دارایی هەر سێ مانگ جارێك راپۆرتێك سەبارەت بە دارایی پێشکەش دەکات.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەوە رەبتی بە ئەوەوە نیە، ئەوە لە ئەحکامی خیتامیە، ئەحکامی موتەفەریقەیە، ئەحکامی کۆتایی چەند مادەیەکە یەکێك لەوانە ئەوەیە سیاغەت کراوە، ئێستا مادەی دە دیسان لەبەر ئەوەی ئەوە ئیلغا کرا، دەگەڕێینەوە سەر مادەی دەیەم ئەسڵی.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی دەیەم:

یەکەم: وەزیری پەیوەندیدار دەسەڵاتی خەرج کردنی گوژمەیەکی هەیە کە لە (150) سەدو پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر حاڵەتێك هەیە، بۆی هەیە دەسەڵات بە سەرۆکەکانی ئەو فەرمانگانە بدات کە سەر بە وەزارەتەکەیەتی گوژمەیەك خەرج بکەن کە لە (50)پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

دووەم: سەرۆکی ئەو فەرمانگانەی کە نەبە ستراون بە وەزارەت، دەسەڵاتی خەرج کردنی گوژمەیەکیان هەیە کە لە (60)شەست ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر حاڵەتێك لەگەڵ رەچاو کردنی نەچوونە ناو هیچ ئیلتیزامێك کە پشتیوانەی تەرخانکراوی لە بودجەدا نەبێت.

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة العاشرة:

أولاً: للوزير المختص صلاحية الصرف بما لايزيد على(100) مئة مليون دينار عن كل حالة وله تخويل رؤساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف مالا يزيد على (50) خمسون مليون دينار.

ثانياً: لرؤساء الدوائر غير المرتبطة بالوزارة صلاحية الصرف بما لا يزيد على (60) ستون مليون دينار لكل حالة مع مراعاة عدم الدخول بالتزامات دون وجود اعتمادات فى الموازنة.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

جا لە کوردێکەی 150 ملیۆنە بە عەرەبێکەیشی بیکە 150 ملیۆن دینار، بەڵام ژمارەیەك لەئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد کە دەسەڵاتی وەزیر زیاد بکرێت بۆ دوو سەدو پەنجا، بەڵام وەزیر وتی لە بەغدا نازانم چەندە، پێنج سەدە؟ دەزانم رەئیتان وایە لە 250 کەمتر نەبێت لێرەیش، موافیقن جەنابی وەزیر؟ باشە 250 باشە، کاك دلێر فەرموو.

بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوێس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی پێشنیازمان کردبو لەبڕگەی یەکەمدا دەسەڵاتی سەرف کردنی وەزیر بکرێت بە 250 ملیۆن دینار، لە بڕگەی دووهەمیشا کە شەست ملیۆنەکە بکرێت بە 100 ملیۆن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بۆ (250) کە جەنابی وەزیر موافەقەتی کرد، بۆ (60) تەکە رەئیتان چیە؟ کە بکرێتە سەد ملیۆن کاك سرکیس، بۆ ئەویش مانیع نیە بیکەنە (100) ملیۆن ئەویش، فەرموو سۆزان خان.

بەڕێز سۆزان شهای نوری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە باسی سەرف کردنی دەسەڵاتی وەزیرمان کرد، بەڵام بڕگەی دووهەم ئەوەی: ولە حق تخویل رؤوساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف مالایزید عن خمسین ملیون دینار، ئەگەر ئەوە ئێمە بمانەوێ گەشە پێدانێك بدەین بەو سیستمی ئیداریەو جۆرە لامەرکەزیە، ئەبێت ئەو پەنجایەیش زیاد بکرێت، ئەلێرەدا بەقانون دیاری بکرێت، یەعنی لەقانونەکەدا باسی لێ بکرێت، ئەوەمان کردووە بە (250) ملیۆن، ئەبێت ئەوەی تریش بکرێت بە (100) ملیۆن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

شەرت نیە خۆ وەزیر خوا نەخواسە نەمردووە نا، نا (50) ملیۆەکە زۆر زۆر مەعقولە، کاری رۆژانەیە، ئەوەی تر کە بووە پڕۆژەی گەورە پێویست دەکات لە ناو وەزارەتا، وەزارەتی دارایی وەزارەتێکی تری لەناو دایرەی خۆیەتی، نازانم رەئی ئێوە چیە؟ جەنابی وەزیر، کاك زرار فەرموو.

بەڕێز زرار طاهر امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێستا کە دەنگی لەسەر درا ئەوە کۆتایی دێت، بەراستی ئێمە لەپێشنیارەکەی خۆمانا بڕیارمان دا بۆ ئەوەی زیاتر بکرێت لەبەر ئەوەی هەندێك پڕۆژە هەیە کەدەچێتە لای وەزیری پەیوەندیدار ئەگەر سەلاحیەتی هەبێت جێ بەجێکردنەکەی زۆر ئاسانە، ئێمە هەدەفمان ئەوەندەیەو، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێستا ئێمە هەنگاوێك چوینەتە پێش، پێشتر (150) ملیۆن بوو ئێستا بووەتە (250) ملیۆن، با قەفزە نەکەین، لەهەموو شتێکا قەفزە باش نیە، دوایيش میزانییەی وەزارەتەکەت هەیە وەکە وەزارەت، خۆی بەرنامەی خۆی هەیە لەبەر رۆشنایی ئەو میزانییە و بەرنامەو خوتەی خۆی، ئەگەر سنووری سەرفەکە (150) ملیۆن بێت ئەوە خۆی سەرفی دەکات، ئەگەر زیاتربێت، ئەوە وەزارەتی مالییە خۆنالێت رادەگرم، مەشاریعەکان رادەگرم یان سەرفی ناکەم خۆا نەخواستە، کاك خلیل فەرموو.

بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە نەچوینە پێش وابزانم، چونکە میزانیەی پار قانونی سالی 2007، مادەی 10، (250) ملیۆن دینار سەلاحیاتی سەرفی دانا، (100) ملیۆن بۆ وەزیر، بۆ تەخویلیش (100) ملیۆن، دانرایە، وەبۆ رؤوساء الدوائر غیر المرتبطة، (150) ملیۆنی داناوە، ئەوەی پار، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەگەر وابێت (50) ملیۆنەکە، خۆ دەڵێت: مالا یقل عن خمسین ملیون دینار، بیکەنە (100) ملیۆن دینار، ئەوەیش بیکەنە (100) لەسەر داوای سۆزان خان، مالا یزید عن (100) ملیۆن، سۆزان خان فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە هەرچی وەزیرێکمان بینیوە داوای زیاد کردنی سەلاحیاتی سەرف کردنی کردووە، کەواتە موقەسیر لێرەدا بەڕێزان وەزیری مالیەکانن کە لەو رێنمایەی پاش ئەوە دەریان کردووە، لە پارا ئێمە (250) ملیۆن سەلاحیەتمان داوەتە وەزیر، هەرچی وەزیرێك دیارە پێیان رانەگەیاندوە کە (250) ملیۆن دینار سەلاحیەتی هەیە، لەبەر ئەوە هەموو جار چاویان بە ئێمە کەوتووە وتوویانە تکاتان لێدەکەین سەلاحیەتی سەرفەکەمان بۆ زیادبکەن، ئەی کەواتە ئێمە لێرە یاسا بۆچی دەرئەکەین؟ کە بەپێچەوانەی ئەوەوە کاربکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەوە ئێمە کەقانونێکمان دەرکرد، قانونەکە صادر بوو، ئەوە هەموو لایەك مولزەمن پێی، ئەو قانونەی لە وەقائیعی کوردستان باس بکرێت وە لەجەریدە بلاو دەکرێتەوە و وەزیر ئەو حەقەی خۆی تێدەگات وسەرفی کردووە بە قانون، کاك شێخ بایز فەرموو.

بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی وئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بەراستی من پێم سەیرە خوشکە سۆزان بەم نەوعە قسە دەکات، ئەو قانونەی کەدەرچوو قانونی موازەنە تەوزیع نەکرا بەسەر هەموو وەزارەتا؟ هەموو وەزیرەکان نەیاخویندوەتەوە؟ وفیعلەن من وەزیر هەیە تەلەفونی بۆم کردووە پێیم وتووە ئەوە قانونەکە بخوێنەوە، ئەوەتا لە لاتە، قانونەکەیان لەلایە واریدە کراوە بڕۆون بزانە قانونەکەیان واریدە کراوە یان نا؟ کە ئەوان خۆیان دەسەڵاتی خۆیان نەزانن چۆن دین بەم نەوعە قسە ئەکەن، زۆر سۆباس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

وەڵامێکی باشە ئەفهەمەتنا، زۆر سوپاس، کە واتە با وەکو پاری لێ بێت، (250) ملیۆن دینار بە (150) ملیۆن دینار، باشە (ما لایزید عن 250، بما لایزید عن 100، بما لایزید عن 150)

المادة العشرة:

1 ـ **للوزير المختص صلاحيات الصرف بما لايزيد على 250 مليون دينار عن كل حالة، وله تخويل رؤساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف مالا يزيد علة 100 مليون دينار.**

2ـ **لرؤساء الدوائر غير مرتبطة بالوزارة صلاحيات الصرف بما لايزيد على 150 مليون دينار لكل حالة مع مراعات عدم دخول بالتزامات دون وجود اعتمادات في الموازنة.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کوردیەکەی خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ ئەویش قەبوڵ کرا، بۆ ماددەی 11، كاك كريم فەرموو.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی یازدە: گوژمەی پارەی پیتاکەکان کە لە وەزارەتەکان و لایەنە نەبەسترواوەکان بە وەزارەت بەخشراون دوای ئەوەی کە لە لایەن وەزیری داراییەوە قەبوڵ دەکرێن بە داهاتێکی کۆتایی بۆ بودجەی گشتی تۆمار دەکرێن، بە مەرجێك وەزیری دارایی لە پشتیوانەی تەرخانکراوی وەزارەت بە لایەنە نەبەسترواوەکان بە وەزارەت بۆ ئەو مەبەستەی کە لە پێناوی دا بەخشراوە خەرج بکرێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

محمد فەرموو.

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة الحادية عشرة: تقيد مبالغ التبرعات الممنوحة للوزارات والجهات غير المرتبطة بالوزارة بعد قبولها من قبل وزير المالية ايراداً نهائيا للميزانية العامة على ان يقوم وزير المالية بتقليصها من اعتمادات الوزارة أو الجهات غير مرتبطة بالوزارة لصرفها على اغراض التى منحة من اجلها.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێستا پێش ئەوەی بچینە سەر ماددەی 12 کە دەڵێت وەزیری دارایی ڕێنمایی پێویست دەردەکات، چەند ئەحکامێك لەبەر ڕۆشنایی قسەکانی ئێوە ئیتیفاقی لەسەر کراوە، داوامان کرد، باشە ماددەی 11 دەنگمان بۆ نەداوە، دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە دەستی بڵند بکات؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ قەبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە، ئەحکامی خیتامی گرنگە لەبەر ڕۆشنایی داواکاری ئێوەیە، کە حکومەت موافەقەی لەسەر کردووە، بە نوێنەرایەتی هەر 4 وەزیر لێرە، کاك عثمان فەرموو.

بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

تەنها ئەو فەقەرە، ئەگەر بێتو بگوترێت (لوزیر المالیة اصدار التعلیمات اللازمة لتنفیذ احکام هذا القانون)، گوتم ئەوەی کە لەسەرەوە لە ماددەی 9 دارشتنتان بۆ کردەوە (مده الاسبوعین) با لێرە دووبارە بکرێتەوە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك بارزان فەرموو.

بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وەك نەریتێك لە زۆربەی یاسای وڵاتاندا پەیڕەو دەکرێت، تەحدیدی سەلاحیاتی سەرف و زەوابتی سەرفی بودجەی هەر چوار دەسەلاتەکە بە یاسا ڕێك دەخرێت، من پێشنیار دەکەم کە برگەیەك ئیزافە بکرێت بۆ ئەوە، تەحدیدی سەلاحیات و زەوابتی سەرفی بودجەی هەر چوار دەسەلاتەکە، مەسەلەکە ئەوەنیە کە کەس گومانی هەبێت لە جەنابتان یان سەرۆکایەتی پەرلەمان یان هەر دەسەلاتێکی تر، بەڵام وا باشترە کە یاسایەك ڕێك بخرێت، تەحدیدی ئەو سەلاحیاتە لە بودجەی فیدراڵی داهاتووە؟.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێمە ئێستا کە بودجە دەردێنین، ئەمە خۆی تەحدید کراوە، بۆ هەر وەزارەتێك، هەروەها سەلاحیات دراوە بە وەزیری دارایی، دەسەلاتەکان دیارە ئەوەش بە ماددەیەك دەسەلاتی سەرفی وەزیرێك بۆ خۆی تەرخان کراوە، زیاتر لە زمنی میزانیەکە داوای وەزارەتی مالیە دەکات، بۆچی داوای وەزارەتی مالیە دەکات؟ بۆ ئەوەی وەزارەتی مالیە فلتەرێکە بزانێت ئەوە زمنی میزانیەیە، زمنی ئەو پارەیەیە کە تەرخانکراوە، تەجاوزی تێدایە یان تێی دانیە؟ پلاندانان پێویستە لە زمنی بەرنامەی خۆی ئیستسماریە یان ئیستسماری

نیە؟ پێویست ناکات بەوەی کە جەنابت دەفەرمووی، کاك عونی دەڵێت ئەوەی تۆ دەیڵێی لە زمنی ئەوەیە، بەڵی کاك عونی فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە، لە راپۆرتی ئەوەڵی خۆمان کە دەڵێین (المادة 13) (یصدر قانون تنفیذ قانون الموازنة لتنظیم صلاحیات الصرف).

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەوە وا نابێت، (لتنفیذ قانون) نابێت، فەرموون با بچینە ئەحکامەکان، بە عەرەبی سیاغە کراوە، کاك کریم فەرموو.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەسەر ئەو پێشنیازو داواکاریەی ئەندامانی پەرلەمان، دوێنێ لیژنەی یاسایی لەگەڵ بەڕێزان وەزیرانی دارایی گەیشتینە ئەو سیغەیەی کە ئێستا بە زمانی عەرەبی بە ئەحکامی موتەفەرقە داندراوە، دەیخوێنمەوە، ئەو ماددەیەیەی کە دەستی پێ دەکەین لە دوای ماددەی 11 ، دەبێت بە ماددەی 12.

المادة الثانية عشرة:

على وزارة المالية رصد المبالغ اللازمة ضمن الميزانية العامة للاقليم لتسليف مواطني كوردستان السلف العقارية.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

على وزارة المالية رصد المبالغ اللازمة، لتسهيل تسليف المواطنين لمنح سلفة العقار وفق نظام ، کاك شێخ فەرموو.

بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

منح نابێت، کە گوتت مەنح هیچی لێ وەرناگیردرێت، دەبێت تەسلیف بێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەو مەنحەیە کە هیچی لێ وەرناگیردیت، چی بڵێین کاك شێخ؟

بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

قوربان، هەر سلفەکە بێت، یەعنی سولفەی عەقاریە ئەوە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

باشە (لتسليف السلفه العقاريه)، کاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خۆی وەزیر ئەو دەسەڵاتەی هەیە، بەڵام مادام کە داخلی موازەنە بوو، ئەو سیغەیە بەمن باشە، ئەگەر بە ئێوەش باش بێت، (اطلاق صرف السلف العقارية للمواطنين في الاقليم وفق ظوابط يحددها الوزير المختص).

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سۆزان خان فەموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەگەڵ هەموو ڕێزم ئیتلاقی سەرف ناتوانی بکەی، لەبەر ئەوەی لە ئیدارەی پێشووی ئێرە لە مالیەکەدا نەبووە، تەنها لە سلێمانی دراوە، ئیتلاقی سەرف نا، ڕەسدی مەبالغ بێت، بەڕێزان ئێمە لەو هەموو موناقەشەیە نەگەیشتینە ئەنجام، ناشمانەوێت بکەوێتە بەر دەستی ئەوەی بڕیار بدرێت چەندەو چەند نیە، ئەوەی گوێمان لێی بوو لەو بەڕێزانە 18 ملیۆن، ئێمە لە ئیدارەی پێشووی سلێمانی 18 ملیۆنمان پێش 3 ساڵ داوە، 18 ملیۆنەکە ئێستا زیادی کردووە، دەبێت تەحدیدی بکەین چەند ملیۆنە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

موناقەشەمان کردووە و تەحدیدیشمان کرد، ئەوە وەزارەتی مالیەیە و پارەی تەرخان دەکات و ڕێنمایی تایبەتیش دەردەکرێت، ئێمە مەبدەئەکە دیاری دەکەین، کاك زانا فەرموو.

بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وەڵڵا منیش پرسیارەکەم لەسەر بڕی سلفەکە بوو، چۆن دیاری دەکرێت؟ ئایا سعری فایدەی لەسەر دەبێت یان نا؟ چونکە ئێمە پێمان باشە حکومەت فایدە وەرنەگرێت لە میللەت، لەبەرئەوەی ریبایەو حەرامیشە، هەروەها باڕێکی قورسە بۆ میللەت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك شێردڵ فەرموو.

بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من بەڕاستی ئەوەی کاك شێروانم پێ باشە، چونکە ئیحتیمالە وەزارەتەکی تر بیکات، مومکینە وەزارەتی موختەس ئەوان خۆیان لیژنەی موختەسیان هەیە، کولفەی بازاڕی دەزانن ئەوجا قەراری لەسەر دەدەن، هەر باشە وەزارەتەکە بیکات و تەواو.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

كاك زرار فەرموو.

بەڕێز زرار طاهر امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بەڕاستی میکانیزمی دیاری کردنی بڕی پارەکە، ئێمە ناتوانین ئێستا دیاری بکەین، چونکە تۆ نازانی چەندت پارە هەیە، دەبێت وەزارەتی دارایی دیاری بکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك شێخ بۆ پێتان وایە مەنحەکە هینە؟ مەنحی قەرزە، مانای وانیە قەرزەکە بۆ خۆی دەبات، ئەو دەیگەڕنێتەوە، کە گوتت مەنحی سولفەی عەقار، کەواتە دەگەڕێتەوە پێویستی بە تەسویەیە. کاك شێخ فەرموو.

بەڕێز شێخ بایز تالەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کارەباری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێمە هەر دەڵێین تەئمینی مەبالغی لازم بکرێت، بۆ ئەوەی تەسلیفی موەزەفین و مواتنین بکات، مواتنی لەگەڵ دایە یان هەر موەزەفە؟ (تسلیف الموظفین والمواطنین) لەو حاڵەتەدا (منح القرض العقاری)یان (منح سلف) موشکیلەمان نیە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کەواتە کاکە ماددەکە بەو شێوەیە ئیقتراح کراوە، (منح سلفة العقار للموظفین والمواطنین فی الاقلیم وفق ضوابط یحددها وزارة المالیة).

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

منح ئەو پارەیەیە کە ناگەڕێندرێتەوە، بەینەما سولفەی عەقاری دەگەڕێتەوە، کەواتە سولفە بێت دەگەڕێتەوەو منحە بێت ناگەڕێتەوە، من ئەوەندەی لێی بزانم وایە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك عثمان فەرموو.

بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە کە باسمان کرد بە دوو شێوە، یاخود سولفەی عەقاری یان سندوقی ئیسکان، ئێوە یەکسەر بڕیارەکەتان دەرکرد بە قەرزی عەقاری، ئایا ئێمە گوتمان قەرزی عەقاری؟ چونکە بەشێك لە برادەران گوتیان سندوقی ئیسکان، کە لەوانەیە مەفهومێکی تری هەبێت جیاواز بێت لەگەڵ سولفەی عەقاری، حەقە ئەوە روون

بکەینەوە، چونکە دوێنێ لەکۆبوونەوەی ئیستسمار دا باسی سندوقی ئیسکانیان کردووە، یەعنی من نازانم نەتیجەکەی چۆن دەبێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك ناصح فەمرموو.

بەڕێز ناصح غفور رمضان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

لە ناو هینەکە هاتووە سلفەی عەقار بۆ موزەفین و مواتنین، خۆی موزەفیش هەر مواتنە بڵێین (للمواطنین کافة).

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

جوابی کاك عثمان دەدەمەوە دواتر هین دەکەم، ئێمە لێرە ڕاستە باسی سەندوقمان کرد، بەڵام مەبەستمان سەندوق نیە، چونکە سەندوق کاتی دەوێت، پرۆژەی دەوێت، هەنگاوی دەوێت، ئێمە مەبەستمان سولفەی عەقارە، سەندوق دابندرێت باشە، بەڵام بڵێی سەندوق ئەوە نادرێت، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە لەو میزانیەیە سولفەیەك تەرخان بکرێت بۆ سولفەی عەقار، ئەوە یەك، دوو: بە تەئکید دەبێت بە پێی ڕێنماییەك بێت لە لایەن وەزارەتی دارایەوە، ناکرێت خۆ ڕێنماییەکە لێرە دانانرێت، لەبەرئەوە (اعطاء سلفة العقار للمواطنین وفق ظوابط یحددها وزارة المالیة) یان (صرف سلفة العقار للمواطنین فی الاقلیم وفق ظوابط یحددها وزارة المالیة)، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا، کاك کریم فەرموو.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة الثالثة عشرة: علی وزارة المالیة تاجیل استیفاء اقساط السلف الزراعیة الممنوحة للاقلیم للسنة الحالیة واعفاء الفوائد القانونیة للمدة المذکورة اعتبارا من تاریخ نفاذ هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

جەنابی وەزیرو وەزیری هەرێم بۆ کارەباری دارایی، ئەوەش داواکاریەك بوو لەلایەن لیژنەی کشتوکاڵیەوە هاتبوو، کە ئەو ساڵ وشکە ساڵە ئەو سولفە کشتوکاڵیەی کە لەسەر فەلاح دا هەیە دوا بخرێت، مادام موافقن دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە تکایە دەستی بڵند بکات؟ بە کۆی دەنگ ئەو ماددەیەش پەسەند کرا، بەڵێ بۆ ساڵێك کە گوتمان وشکە ساڵی، یەعنی تەنها بۆ ساڵێکە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك کریم فەرموو.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة الرابعة عشرة: لوزارة المالية رصد المبالغ لازمة لمعالجة أثار الجفاف للموسم الحالى من ميزانية الطوارىء.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە؟ بە کۆی دەنگ ئەو ماددەیەش قەبوڵ کرا، بۆماددەی دواتر کاك کریم فەرموو.

المادة الخامسة عشرة: على وزارة المالية تحقيق مبدء العدالة فى مساوات رواتب و مخصصات العاملين والمتقاعدين السابقين والحاليين في الاقليم مع أقرانه في بقية اجزاء العراق.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

دەقیقە عەدالەتەکەی یان کەلیمەی تری دەوێت؟ (على وزارة المالية تعديل رواتب الموظفين اسوة برواتب الموظفين في جميع انحاء العراق وفق التعديلات الاخيرة من قبل مجلس النواب العراقى)، کاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

(تعديل نسب الرواتب) نسبەکەی دیاری بکرێت، وە (تثبيت ذالك في الملاك)، هەروەکو جەنابت باست کرد، بەس نسبەکی ئیزافە بکە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

جەنابی هەردوو وەزیر رەئیتان چیە؟ چ سیغەیەك موناسبە بۆ ئەوە؟ فەرموو کاك سرکیس.

بەڕێز سرکیس اغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە هەر موساوەتەك بیت و عەدالەت بیت موشکیلەمان نیە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بەو شکلەی لێ دێت (تعديل نسب الرواتب والمخصصات للعاملين فى الاقليم بما يحقق المساوات مع اقرانه في بقية اجزاء العراق) ، دەیخەمە دەنگدانەوە، جەنابی وەزیر لەسەر ئەو سیغەیە موافقن؟ فەرموو کاك سرکیس فەرموو.

بەڕێز سرکیس اغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بەڕاستی پێویستە باس لە موچە بکرێت، نەك لە دەرماڵە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك شێخ تۆ رەئیت چیە؟

بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێستا مەسەلەی دەرمالّە نابێت وجودی هەبێت، چونکە زۆربەی شەریحەکانی ئێستا ئێمە دەرمالّەیان دەدەینێ و لەوێ نایاندرێتێ، لەبەر ئەوە تەنها باسی مووچە بکرێت باشترە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کەواتە فعلەن دەرمالّەکە ئەسبابی جیاوازی هەیە، واتە دەبێتە (تعديل نسب الرواتب للعاملين فى الاقليم بما يحقق المساوات مع اقرانه في بقية اجزاء العراق)، دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ بە کۆی دەنگ ئەوەش پەسەند کرا، بۆ ماددەی تر تکایە ماددەی خانەنیشین.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەرچەندە ماددەکە دەنگمان بۆی دا، بەڵام لەنگ بوو، دەبێت بڵێین (تعديل الموظفين والمتقاعدين). لێژنەی یاسایی داوا دەکات ئیعتیبار بکرێت دانگدانەکەی پێشوو نەکراوە، لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە زۆر خوێندرایەوە، کە دەڵێین عاملين ڕەنگە خەڵکی بێگانەش بگرێتەوە کە لێرە ئیش دەکەن، شمولی قیتاعی خاسیش دەگرێتەوە، ئەوەی ئیزافە دەکرێت (للعاملين في مؤسسات حكومة الاقليم). سیاغەکەی دواتر چاکی بکەن، مەفهومەکە دەنگتان بۆی داوە،سیاغەکە بۆ لیژنەی قانونی دادەنێین باشترە، دەنگ بدەن بۆ ئەوەی کە ئەو جوملەی ئیزافە مان کرد سیاغەی بکات، کێ لەگەڵ ئەوەیە لیژنەی قانونی چاکی بکات؟ بە کۆی دەنگ با چاکی بکات، (تعديل رواتب المتقاعدين في الاقليم بما يحقق المساوات مع اقرانه في بقية اجزاء العراق) یان (بما يحقق العدالة والمساوات)، كاك شێخ فەرموو.

بەڕێز شێخ بایز تالّەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

صرف الرواتب التقاعدية حسب ماورد في قانون تقاعد العراق الجديد.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر چاکە ئەوە بنووسن و بیکەن بە ماددیەك، لە جیاتی سەرف تەعدیل بنووسن، ئەوە ئێستا ماددەی 16 دەبێت سیاغەکەی وەکو ئەوەی پێشوو بێت، (تعديل نسب الرواتب والمخصصات للعاملين فى الاقليم بما يحقق المساوات مع اقرانه في بقية اجزاء العراق)، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە دەستی بڵند بکات؟ بە کۆی دەنگ ئەوەش قەبوڵ کرا، فەرموو بۆ ماددەی دواتر، كاك كريم فەرموو.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة السابعة عشرة: على وزارة المالية رصد التخصيصات اللازمة لتنفيذ ما جاء في المواد 13،12، 14، لتخصيصات الميزانية التكميلية.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

نا، ئەوە وانابێت، ئەوە تەوسیاتە، پێویست ناکات لێرە بگوترێت، تەوسیاتە، چونکە تەوسیاتێکی زۆر هەیە لەلیژانەکانەوە لەراپۆرتەکانیان وە دراوەتە وەزارەتی مالیە وە خۆێشیان لێرە گۆێیان لێی بووە، بزانە جارێ ئەو میزانیەی تەکمیلیە چەندە، پێش هەموو شتێك دەبێت بەشی زیاد بوونی رەواتبەکان لێی دەردەچێت، بەشی زیاد بۆنی تەقاعودی لێدەردەچێت، بەشی ئیستیسماری لێ دەردەچێت، تەرخان کراوە، کاك عثمان فەرموو.

بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

هەر ئەسڵەن پارەکە تەخسیس کراوە بەس بۆ مەشاریع، یەعنی ئەوە لەهەموو عێراقدا نە تەنها لێرە، بۆیە بۆ ئەوە نیە کە ئێوە دەڵێن واللە، ئەوە تەخسیس بکەن بۆ راتبی ئەوە، ئـەوە دەبێت لـەئیحتیاتی کـە لـەلای وەزارەتی مالیە دانراوە لەوە سەرف بکرێت، چونکە ئێمە ناتوانین بەو شێوە ئەوە بکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

من زیانیاریم هەیە میزانیەی تەکمیلی ئەوەی کە باس کراوە وە ئیقرار کراوە، کۆتایی پێ نەهاتووە، ئەوەی باس کراوە راست دەکەی بۆ ئیستیسمارە، بەڵام ئەو زیادەی راتب کراوە، داوا کراوە میزانیەکی ئیزافی بدرێت بۆ ئەو زیادەی رەواتبە، ئەویش لێرە تەکمیلیـە، ئەگـەر، بەهـەر حـاڵ دەکرێـت جوملەکـە بڵێـت: علـى وزارة المالية، ئەو مادە هەر زیادە بەخۆی بەپێی ئەهەمیەتی هەموومان وتومانە زیادە پێویست ناکات، ئـەوەی تـر کاك کریم فەرموو.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێمە لەلیژنەی یاسایی سەرف نەزەر لەو مادەیە دەکەین، ئەوەی تازە خۆێنرایەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

چاوم لەکاك شێروان و کاك عونی و هەموو لیژنەی یاساییە، هەموویان موافیقن، فەرموو بۆ مادەی شازدە.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة السادسة عشرة: على وزارة المالية تقديم تقرير دوري عن الوضع المالي للاقليم كل ستة اشهر الى المجلس الوطني لكوردستان -العراق.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کێ لەگەل ئەو مادەیە؟ کە موقتەرەحی خۆتانە، موقتەرەحی لیژنەی دارایی بـوو کـە شـەش مـانگ جارێـك بێت، بادەستی بڵندکات، کێ لەگەڵدا نیە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قەبول کرا.

سێ مانگ هەردوو وەزیر وتیان ئیمکانیەت نیە بە سێ مانگ تەقریر پێشکەش بکرێت، جارێ ئێمە بڵێین سێ مانگ، ئەوە ئێمە دەچینە مانگی پێنجەم، هیچ نەکراوە هەر دەبێت شەش مانگ بێت تۆزی مەنتقیشە، بۆ مادەی دواتر.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەو مادەی پێشتر خوینرایەوە ژمارەی مادەکە حەفدە بوو، ئەو مادەی کە ئێستا دەخوێنینەوە ژمارەی هەژدەیە،

بەڕێز کریم بحری عبدلله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی هەژدەیەم: وەزیری دارایی بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربچوێنێ بۆ ئاسانکاری حوکمەکانی ئەم یاسایە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك سەردار فەرموو.

بەڕێز سەردار صباح ژۆ هەرکی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە بەکۆی دەنگ مادەی نۆمان لادا کە دەڵێت: خلال فترة لايتجاوز اسبوعين من تاريخ اصدار هذا القانون، یەعنی پێش نیار دەکەم ئیزافە بکرێت لەسەر مادەی هەژدەهەم کەبڵێت: لوزير المالية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون خلال فترة لايتجاوز اسبوعين من تاريخ اصدار هذا القانون، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەوەی کە ئێمە ئلغامان کرد تەحدیدی سەلاحیەتی سەرف بوو، بەڵام ئەو تەعلیماتە بەبەردەوام مومکینە تەعلیمات بدەینە وەزارەتی مالیە، بۆیە ناکرێت حەتا دوو حەفتە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك طلعت فەرموو.

بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لەکاتی خۆی وە جەنابتیش ئیشارەتت پێیدا، بەڕێز جەنابی وەزیری مالیەییش ئیشارەتی پێیدا لەکردنەوەی بانکی زیراعی، یان تەتویر کردنیان، یان پارەی زیاتر بۆ دروستکردنی، ئێستا لێرە نەهاتووە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەوە تەوسیاتە کاك طلعت، توسیاتە کە دەیان دەینی، ئەو راپۆرتەی ئێوەو هەموو تەوسیاتەکان دەچێتە لایان دیراسەتی دەکەن و بەپێی پێویست، کاك عادل فەرموو.

بەڕێز عادل محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێمە ئەو ئیرادات و نەفەقاتانە، ئەو جەدوەلانەی کە هەبوو، هەمووی دەنگمان بۆیدا، من پێشنیاردەکەم لێرە مادەیەك زیاد بکرێت بەم شێوە: تعتبر جداول الایرادات والنفقات الملحقة بهذا القانون جزء لایتجزء منه، یەعنی بەشێکە لەقانونەکە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

مەعلومە بەشێکە لەقانونەکە، ئەوە بەدیهیە، تێیدایە لە دواییا، خۆمان رەقەمەکەمان داناوە، لەمادەی یەکەمدا رەقەمان داناوە، لەمادی دووهەمدا رەقەمان داناوە، کاك زرار فەرموو.

بەڕێز زرار طاهر امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

باشە ئێمە قانونی موازەنەی هەرێمی کوردستان – العراق بۆ ماوەی 2008/1/1، هەتا 2008/12/31، ئەو شتانەی کە ئێستا نووسیومانە مادە بە مادە، لە قانونەدا دامان ناوە، مەسەلەن زیادکرنی راتب وەکو حکومەتی فیدرالی لێ بێت، ئایا تەنها بۆ ساڵێ 2008 تە؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

جارێك پێش هەموو شتێك لەکۆتایی مانگی شەشەوە جێ بەجێ دەکرێت دوایی تەبعەن میزانیەکە بۆ ساڵێ 2008 تە، بەڵام بۆ ساڵێ 2009، کە تۆ میزانیە دادەنەیت مەعاشە تازەکە دادەنێی، خۆ مەعاشی کۆن دانانەیتەوە، ئەوە مەعلومە، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی؟ بادەست بڵندکات، کێ لەگەڵدا نیە، فەرموون، بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا، بۆ مادەی دواتر، ئێمە داوا لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەین بەبێ ئەوەی قانونەکە بپرسین پێویستە ئەو قانونە لەخیلال دوو حەفتەدا دەریبخەن، بۆ ئەوەی ئیشی وەزارەتەکان راوەستاوە، با گلەیی لێتان نەکەن، کاك عثمان فەرموو.

بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

حەقە تەحدید بکرێت بە دوو حەفتە، لەبەر ئەوەی دوو حەفتە تاکو ئەمە دەردەچێت، تاکو دەچێتە سەرۆکایەتی هەرێم، تاکو دێتەوە ئەوێ، لەمالیە ئەم جارە هەتاکو دەینێرێتەوە، خۆ دەبێت تەحدید بکرێت، مودەیەك هەبێت بۆ ئەوەی ئیشپێکردن بەمیزانیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەمە تازە تەسویتمان بۆی کرد، بەڵام وەزارەتی دارایی پێویست ناکات کە راوەستێت بۆ دەرچوونی ئەم یاسایە لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە، با حازری کات کەی دەرچوو بیداتە تەبع و شتی وا، خۆ باوەڕ ناکەم عەرقەلەی بکەن، یان بێگەڕێننەوە، خۆیان پەلەیانە، کاك عونی فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

تەوزیحێکم هەیە لەسەر قسەکانی کاك سەردار، مادەی ئەخیر لەقاونەکە دەڵێت: ینشر هذا القانون في الجریدة الرسمیة ویعتبر نافذا اعتبارا من 2008/1/1، وەئەمە مانای ئەوەیە ساریە قانونەکە حەتا ئەگەر تەعلیماتیش دەرنەچێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

باشە کاکە مادەی دواتر کاك کریم بیخوێنەوە.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی نۆزدەم:

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

وەزیری دارایی پۆی هەیە رێنمایی بدات، دەنگمان بۆی داوە، کاك عونی فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەوە لەراپۆرتی لیژنەی قانونی هاتووە، مادەیەکی موزافە، موقتەرەحی لیژنەی قانونیە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

تۆ خوت بیخوێنەوە کاك عونی.

بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفیذ احکام هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەو مادەیە دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵێتی؟ دەستی بڵندکات، کێ لەگەڵدا نیە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ ئەوەیش قەبوڵ کرا، بۆ مادەی دواتر کاك کریم فەرموو بخوێنەوە.

بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی بیستەم:

ئەم یاســـایە لە رۆژنامـەی فـەرمی(وەقـایعی کوردســـتان) بلاوەدەکرێتـەوەو لـە رۆژی (1/1/ 2008)ـەوە کاری پێدەکرێ.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵێتی؟ دەستی بڵندکات، کێ لەگەڵێدانیە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ.

یاساکە هەمووی، یاسای بودجە دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ یاساکەدایە؟ دەستی بڵندکات، کێ لەگەڵێدانیـە؟ یەك کەس، کاك هیوا لەگەلیدا نیە، فەرموون، بەزۆرینەی دەنگ قـەبوڵ کـرا، زۆر سـوپاس ئومێـد دەکـەین، تەبعەن من سوپاسی هەمووتان دەکەم هەموو ئەنـدامانی بـەڕێز، سوپاسـی بـرا وەزیرەکان دەکـەم، وەزیـری دارایی دەکەم کە لەگەڵمان ماندوو بوون ئەو چەند رۆژە، سـەبریان هـەبوو، پـێم وایـە ئەمسـاڵ هـەنگاوێکی زۆر چووینە پێش لەچۆنێتی موناقەشەی بودجە و دەوڵەمەندکردنی، وەرگـرتنی وپێشـنیارکردنی پێویست بـوو بەرژەوەنـدی کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـتان، نـاتوانم بڵـیم 100٪ رازیـن، بـەڵام تاحـەدێکی زۆر بـەرەو پێشەوە رۆیشتین، کـاری باشمـان کـردووەو ئومێـد دەکـەم سـاڵی داهـاتوو سـاڵێکی باشـتربێت، یەکـەم بودجـە لەوەختی خۆێدابێت وەکو لەنیزامی داخیلی خۆماندا هـاتووە، دووهـەم شـەفافیەتی لـەوەی ئـەم سـاڵ زیـاتر بێـت وە ئێمـەیش ئـەزموونمان زیـاتر بێـت وە نیـزامـی داخیلـی خۆمـان، پـەیڕەوی داخیلـی خۆمـان ئەگـەر تەعدیل کـرد لەبـەر رۆشـنایی ئـەوە موناقەشـە بکـەین، ئەگـەر نـەمان کـرد بـۆ سـاڵێ داهـاتوو تێگەیشـتنی باشمـان هەیـە، خۆمـان باشـتر حـازر دەکـەین، وەئومێـد دەخـوازم حکومەتەکـەمان سـەرکەوتوو بێـت لـەجێ بـەجێکردنی ئـەو پارەیـەی تـەرخان کـراوە بـۆ هـەموو وەزارەتـەکان، هـەموو فـەرمانگاکان، وەدابـین کردنـی پێداویسـتییەکانی خـەڵك بەتایبـەتی خزمـەت گـوزاری وەهـەر بـژێن ئێـوەیش، کۆتـایی بەدانیشـتنەکەمان دەهێنم ئەلێرە، ئەگەر قسەیەك نەبێت لە لایەن جەنابی وەزیرەوە، کاك سرکیس فەرموو.

بڕێز سرکیس اغا جان/وەزیری دارایی وئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمەیش سوپاسێکی زۆری بەڕێزتان و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەکەین، بەراسـتی ئـەو موناقەشـاتانەی لەو ماوەیـەدا کـرا تەجروبەیـەکی باش بـوو کـە ئێمـە بتـوانین بەرنامـە بـۆ دانـانی بودجـەی سـاڵی 2009 دابنەین، بۆیە لەئێستاوە ئێمە دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە کاتێ بودجـەی سـاڵی 2009، دەمانـەوی ئامـادە

بکەین لیژنەی دارایی وئابووری پەرلەمان موشارەکەمان بکات نوێنەرێکیان یان دوو نوێنەر، هەر وەزارەتێکیش ئەگەر موناقەشەی لەگەڵ بکرێت بەرەئیی من ئەندامێکی لیژنەی مەعنی لەپەرلەمانی کوردستان، بەلای کەمەوە ئەندامێك ئەگەر ئامادەبێت لەکاتی گفتوگۆیەکاندا زۆر زۆر باش دەبێت، هەم لەنیزیکەوە ئەندامانی پەرلەمان زانیاریان دەبێت لەسەر شێوەی ئامادە کردنی بودجە کە بەچی شێوەیەك موناقەشە دەکرێت، ئەرقام چۆن تەسبیت دەکرێت، وە هەم کاتی پەرلەمانیش زۆر ناگیرێت وە زۆر وازیح وروونتر دەبێت هەم بۆ ئەوان و هەم بۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی، زۆر زۆر سوپاستان دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس کاك سرکیس کە لەجیاتی هەموو برا وەزیرەکان قسەت کرد، من دەمەوێ جارێکی تر سوپاستان بکەم، یەکەم بسوتان درێژبوو لەگەڵمان وە بەراستی وئەو شەرحانەی کە کردتان کار ئاسانی کرد بۆ ئەوەی موناقەشەکانمان بەرەو پێشەوە بجن، هەر وەها موافەقەتکردنتان بۆ داواکارییەکانی ئەندامانی پەرلەمان لەو مەسەلانەی کە بوو بە بەشێك لەقانونەکە، ئەمەیش جیگای دڵ خوشییە کە پەرلەمان و حکومەت هەردوکیان هاوکارن بۆ چاکردنی وەزع، بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان، هەروا دەمەوی سوپاسی راگەیاندنی جۆراوجۆر بکەم لەگەڵماندا لەو چەند رۆژەدا مابوون، ئەوانیش سەبریان هەبوو، بەتایبەتی ئەوانەی کە بەدائیمی لەگەڵمان بوون، چ لەتەلەفزیۆنەوە موتابەعە دەکەن، ئینجا شتی مەوزوعی دەنووسن لەگەڵ ئەوانەی کە کارمەندی تەلەفیزیۆنەکانن وا لەسەروە دانیشتوون، تەبعەن دەست خۆشیان لێ دەکەم و ئومێدەوارم کە نموونەیان زیاد بێت وە داواکارم موزوعیەت لەباسکردنی پەرلەمان و باسکردنی حکومەت و دەستنیشان کردنی کەم و کوڕییەکان وخستنەڕووی راستەقینە بۆ خەڵك بەردەوام بێت و زیاتربێت و نموونەی ئەوانەی کە تەنها فەقەت تەرکیز دەکەنە سەر سلبیات، ئومید دەکەم کەم ببێتەوە نالێم تەبعەن تەواو بێت، هەر دەمێنێت، بەڵام دەستخۆشی لەهەموومان دەکەم، ئەوانیش حەقی خۆیانە هەندێ کەس هەیە تەنها ئیشی ئەوەیە جانیبە سلبیەکان دەربخات، کەیفی خۆیەتی، بەڵام سۆپاسیان دەکەم، دانیشتنی داهاتوومان رۆژی دووشەمە سەعات یازدە دواتر پێتان دەڵێم بەرنامەکە چێ ئەبێت، زۆر بەخێربین، زۆر سوپاس.